# ڕۆژئاوای کوردستان

هەندرێن شێخ راغب

بەرگی یەکەم
٢٠١٩

ناوی کتێب: **ڕۆژئاوای کوردستان**

نوسەر: **هەندرێن شێخ ڕاغب**

تایپو هەڵەبڕ: **نووسەر**

دیزاین : **نیگار مەحمود**

ساڵ: **٢٠١٩**

چاپخانە: **کارۆ**

نرخ: **٧٠٠٠ هەزار دینار**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی

(      ) ی ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە

# با هەموو جیهان بزانێت کوردەکانی سوریا تیرۆریست نین

(مایک پۆمپیۆ) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا

پێشکەشە بە باوکم...

چەندین جار لەژیانیدا مرد بۆ ئەوەی ئێمە بژین

## ناوەڕۆک



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| **کتێبی یەکەم** | |
| بەشی یەکەم: کورد لە چوارچێوەی سوریا | ١١ |
| بەشی دووەم: : ڕاپەڕینەکەی قامیشلۆ | ١٥ |
| بەشی سێیەم: سوریا..گرێکوێرەی بەهاری عەرەبی | ٢٠ |
| بەشی چوارەم: ڕاگەیاندن سەبارەت بە ڕەوشی کوردانی سوریا | ٤٩ |
| **کتێبی دووەم:** | |
| بەشی یەکەم: تورکیاو ڕۆژئاوای کوردستان | ٦٩ |
| بەشی دووەم: سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان | ١٣٣ |
| بەشی سێیەم: ئەمریکاو ڕۆژئاوای کوردستان | ١٦٣ |
| بەشی چوارەم: ڕوسیاو ڕۆژئاوای کوردستان | ٢٣٣ |
| بەشی پێنجەم: ئەوروپاو ڕۆژئاوای کوردستان | ٢٥٦ |
| بەشی شەشەم: دیمەنی دیکەی بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان. | ٢٨١ |
| **کتێبی سێیەم: لەساتەوەختی خۆی** | |
| ١-ئەمریکا هەم ڕوخانی ئەسەدی دەوێت هەم شتی تریش! | ٣٣٣ |
| ٢-دیمەشق دڵی عروبەیە | ٣٣٥ |
| ٣- داواکاریەکەی ئێران و گەمەکانی! | ٣٣٨ |
| ٤- گواستنەوەی توندوتیژی | ٣٤١ |
| ٥- تورکیا کراسەکەی ئەسەدی پۆشیوە | ٣٤٣ |
| ٦- شەڕە هێلکە نیە! | ٣٤٦ |
| ٧- فیدراڵی بۆ ڕۆژئاوا | ٣٤٩ |
| ٨- ڕوسیا تەلە دڕکاویەکە | ٣٥٦ |
| ٩-گۆڕان لەسوریاو داهاتووی کورد | ٣٥٩ |
| ١٠- ئاوازێکی کۆنی ناخۆش | ٣٦٢ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١١- پاپا ڕاست دەکات | ٣٦٤ |
| ١٢- چۆنە ئێستا ئاوا باسی دەکەن! | ٣٦٦ |
| ١٣- نیگەرانی نەیارەکانی ئەسەد | ٣٦٨ |
| ١٤- دیمەنەکانی سوریا | ٣٧٠ |
| ١٥- پێیەکانی ئێران لەسوریا درێژن | ٣٧٢ |
| ١٦- مەگەر ناتۆ بێت! | ٣٧٦ |
| ١٧-شۆڕشی سوریا دزراوە | ٣٧٨ |
| ١٨- زیاد لە بیست دەوڵەتی عەرەبی؟ | ٣٨٠ |
| ١٩- دیموکراسیو خوێن کامیان؟ | ٣٨٢ |
| ٢٠- بۆچونەکەی ئۆپۆزسیۆن | ٣٨٤ |
| ٢١- ئاخیری خێر بێت | ٣٨٦ |
| ٢٢- بۆ ئەمریکا؟ | ٣٨٨ |
| ٢٣- بۆ قولایی | ٣٩٠ |
| ٢٤- کوشتن بۆ هەموانە | ٣٩٢ |
| ٢٥- پرسی کەمایەتیەکان | ٣٩٤ |
| ٢٦- وتەبێژەکانی ئەسەد | ٣٩٧ |
| ٢٧- سوریا ئاشێکەو هەر لایەو باراشی خۆی لێدەکات | ٣٩٩ |
| ٢٨- سوریا..وانەیەکی ئەبەدی | ٤٠١ |
| ٢٩- هەنگاوەکان لەخزمەت ئەسەدن | ٤٠٢ |
| ٣٠- گەڕان بەدوای شوناسدا | ٤٠٥ |
| ٣١- خولانەوە بەدەوری ئێراندا | ٤٠٦ |
| ٣٢- حکومەتی کاتی سوریا | ٤٠٨ |

**پێشەكی:** ئەزموونی ئێستای رۆژئـاوای كوردستان، درێژكراوەی رووداوەكـانـی سـوریـایـە. رووداوەكـانـی سـوریـاش درێـژكـراوەی رووداوەكانی بەهاری عەرەبین. لەساڵی ٢٠١١ەوە دەوڵەتو خاكی سوریا سەر ئاوەڵایە. دەتوانین قسە لەسەر هەموو شتێك بكەین. هەموو سیاسەتو هەموو بەرژەوەندیەك. پاكتاوی بەرژەوەندیو ململانێی نێودەوڵەتیو ئیقلیمی لەسەر خاكی سوریا ئەنجام دەدرێت. رێگای كوردیش پێچاوپێچو پڕ قۆرتە. ئەزمونێك بەناوی ئیدارەی رۆژئاوای كوردستانو كانتۆنات دروست بووە. بۆتە جێگای قسەو لێوردبوونەوەی دۆستو دوژمن. تێكۆشانو قورسایی بەرپرسیاریەت لەسەر شانی كورد زۆر سەختە. گەلی كورد قوربانیەكی زۆری داوە تاوەكو ئێستا. دواهەمین پێگەی تیرۆریستانی داعش لەسەر دەستی هێزە كوردیەكان كۆنترۆڵ كرا. بەڵام دواتر پادداشتی كورد چیە؟. نازانین كام گۆشەی سوریا بگرینو قسەی لـەبـارەوە بكەین بۆ داهاتووی كورد. سنورەكان كراوەنو ئەجێنداكان ئاسان دەپەڕنەوە بۆ ناو سوریا. كەواتە ئاساییە ئەگەر بە شێوەیەكی بەر فراوان مشتومڕی رووداوەكانی ناو سوریاو رۆژئاوای كوردستان بكەین. لەم كتێبەدا

هەوڵم داوە بە چەند دیمەنێک قسە لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان بکەم، پشتم بەوە بەستووە کە لەسەرەتای دروست بوونی ڕووداوەکانی ناو سوریا ساڵی ٢٠١١، لە دۆخی سوریا دانەبڕاوم‌و چاودێریکی خراپ نەبووم. بەردەوام وتارو شیکردنەوەو بابەتی خۆشم هەبووە لەسەر کۆی دۆخی سوریاو ڕۆژئـاوای کوردستان. بۆ کارکردنی زیاتر لەسەر ئەزمونی ڕۆژئاوا ئەم کتێبەم کردە بەرگی یەکەم. کە لەسەر بەرگی دووەمیش بۆ داهاتوو کارکردنم بەردەوام دەبێت. وە دابەشم کردووە بەسەر سێ تەوەرو ناوەڕۆک کە بە سێ کتێب پۆلێنم کردوون. کتێبی یەکەم ریشەو ئاریشەو ڕاستینەی کوردم لە سوریا باس کردووە. کتێبی دووەم کارم لەسەر دۆخی نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمی کردووەو ڕوبەری زۆرم داوەتێ‌و دەستکاری ناوەڕۆکی بابەتەکانم زۆر نەکردووە. لە کتێبی سێیەم وتارو بیروڕاو لێکدانەوەکانی خۆم خسۆتە ڕوو. کە هەر لەسەرەتای ڕووداوەکـانی ناو سوریا کارم لەسەر کردوە. ناوم ناوە ساتەوەختی خۆی، کە مەبەستم ئەوەیە ئەم وتارو بابەتانە ڕاستینەی ساتەوەختی ڕووداوەکانی ناو سوریان.

دەخـوازم خزمەتێکم بۆ ئەزمونی کـوردو ڕۆژئـاوای کوردستان پێشکەش کردبێت‌و سودی خۆی هەبێت.

# کتێبی یەکەم

بەشی یەکەم: کورد لە چوارچێوەی سوریا
بەشی دووەم: : ڕاپەڕینەکەی قامیشلۆ
سەرەتای سەردەمێکی تازە بۆ کورد لە سوریا
بەشی سێیەم: سوریا..گرێکوێرەی بەهاری عەرەبی
بەشی چوارەم: ڕاگەیاندن سەبارەت بە ڕەوشی کوردانی سوریا

**سەرەتا:**

بەم بەشە لە کتێبەکەم کە ناوم ناوە )کتێبی یەکەم(، چەند لایەنێکی بنەڕەتی سوریاو کورد لەسوریام لەبەرچاو گرتووە، ئینجا قسەمان لەسەر ئەم ستۆپەی بەهاری عەرەبی کردووە کە لەسوریا توشی بوو، بۆچونم وایە دۆخی سوریا خاڵی وەستانی رووداوەکانی بەهاری عەرەبی بوون‌و گرێکوێرەیەکی توندبوو، دواتر راپۆرتێکی باشمان وەکو خۆی بڵاوکردۆتەوە لەسەر دۆخی کورد لەسوریا کە زیاتر خزمەت بەلایەنەکانی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەکات. دەخوازم کارێکی جێگای رەزامەندیمان ئەنجام دابێت. رەنگ بێت ئەوەی جێگای لێکدانەوەی جیاواز بێت لەسەر بۆچونەکانی ئێمە، بەشێوەیەکی سەرەکی تەنها ئەوە بێت کە شیکاری ئەمرۆی سوریا بۆ سبەینێی سوریا هیچ راست نیە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەردەوام سیاسەت‌و رووداوەکانی ناو سوریا گۆڕانکاری هەمەلایەنەی جیاوازیان بەخۆیانەوە گرتووە، هەر بۆ نمونە سەرەتای رووداوەکانی ناو سوریا بەردەوام قسە لەسەر شێوەی لابردن‌و لەسێدارەدان‌و بگرەو بکوژەی بەشار ئەسەدو بەعسیەکان دەکرا، بەڵام ئێستا دەبینین قسە لەسەر شێوەی تازەی مامەڵەکردن لەگەڵ رژێمەکەی بەشار ئەسەدو چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ لای ئەسەد دەکەن. ئەمەش کەموکورتی نیە لە شیکردنەوەی رووداوەکان، بەڵکو ئاستی هەیمەنەو ئامادەیی هێزە زلەکان‌و هێزە نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمیەکان و خۆجێییەکان وایکردووە سوریا بەمجۆرە بێت، بۆیە هەر قسەکردنێک لەسەر دۆخەکە خزمەت بە گۆشەیەکی دیاریکراو دەکات‌و جێگای خۆی دەگرێت. ئێمەش بەم ئومێدە دەستمان داوەتێ.

# بەشی یەکەم: کورد لە چوارچێوەی سوریا

دەوڵەتی سوریا: سوریا لە (١٤) پارێزگا پێکهاتووە، شاری دیمەشق پایتەختەکەیەتی، ناوی دەوڵەتەکە بەپێی دەستورەکەی (کۆماری عەرەبی سوریا)یە؟؟. دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو دەکەوێتە رۆژئاوای ئاسیا. لەباکوری دەوڵەتی تورکیایە، لەرۆژهەڵاتی دەوڵەتی عێراقە، لەباشوری دەوڵەتی ئوردنە، لە رۆژئاوای فەلەستین‌و دەوڵەتی لوبنانە، لەگەڵ دەریای سپی ناوەڕاست. روبەری سوریا (١٨٥١٨٠) سەدو هەشتاو پێنج هەزارو سەدو هەشتا کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. بەپێی نوێترین سەرژمێری‌و خەمڵاندنی نەتەوەیەکگرتوەکان لەساڵی ٢٠١٧، دانیشتوانی سوریا (١٨،٢٧٠) هەژدە ملیۆن‌و دووسەدو هەفتا هەزار کەسە. سوریا لەچەندین نەتەوەو پێکهاتەو ئاینی جیاواز پێکهاتووە بەمجۆرە:

**عەرەبی سوننە ٦٣٪**

**عەرەبی عەلەوی ١٢٪**

**مەسیحی ١٠٪**

**دروز ٣٪**

**ئیسماعیلیون ١٪**

**کەمایەتی دیکە ٢٪**

بەپێی زانیاریەکان کورد لە ١٠٪ سوریا پێکدەهێنێت، لەرووی پێکهاتەی دینیەوە زۆرینەی موسوڵمانی سونەیە، بەشێکی دیکەیان ئێزیدین. وە بەشێکی دیکەی کورد مەسیحیو عەلەوین، بەپێی هەندێک سەرچاوەی فەرمی ژمارەی کورد لە سوریا بۆ (٦،١) تا(٥،٢) ملیۆنێکو شەش سەد هەزار بۆ دوو ملیۆنو نیو دەخەمڵێنرێت( بەڵام من لەگەڵ چەند کوردێکی نیشتەجێی شاری رەققە قسەم کرد، گوتیان ئێستا واتا ساڵی (٢٠١٧) ژمارەی کورد لەهەموو سوریا ئەگەر کوردانی نیشتەجێی دیمەشقیش هەژمار بکەین، ئەوا نزیکەی (٥) پێنج ملیۆن کورد هەیە لە تەواوی سوریا، بۆ سەرچاوەش گەڕام، بەڵام راستیەکەی سەرچاوەی فەرمیم دەست نەکەوت، ئەگەر بێتو لەساڵانی داهاتوو سەرژمێریەکی رێکوپێک بکرێت، ئەوا رونو دروست ژمارەی کوردی سوریامان بۆ دەردەکەوێت). دانیشتوانی کورد زۆرینەیان لە شارەکانی حەسەکە، قامیشلۆ، تل تمر، کۆبانێ، عەفرین، دەژین. زاراوەی سەرەکی کوردانی رۆژئاوا کرمانجییە، بەشێکی کەمیان بەعەرەبیو سریانی قسە دەکەن.
لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢ بەپێی مەرسومی ژمارە (٩٣) لەرێکەوتی ٢٤ی ئابی ساڵی ١٩٦٢ حکوومەت هەستا بەسەرژمێری کردنی پارێزگای حەسەکە، کە بووە هۆی بێبەشکردنی (١٢٠) سەدو بیست هەزار کورد لە ناسنامەی سوریو مافەکانی هاوڵاتی بوون.
ئەم سیاسەتی بێبەشکردنی کورد لەمافەکانی مەدەنی لە ساڵەکانی داهاتوشدا بەردەوامی هەبوو، هەروەها دەبوو ئەو کوردانە راگوێز بکرێن لەگوندو ناوچەکانیانو عەرەب لە شوێنەکانیان نیشتەجێ بکەن.
لەراستیدا دامەزراندنی ئەوەی کە ناو دەبرا بە (پشتێنی عەرەبی- الحزام العربي) لەجزیرە کە تایبەتیش بوو بەجێنشین کردنی عەرەب بەتەنها سیاسەتی جیاوازی رەگەزپەرستی «ئاپارتید» دێنێتەوە یادمان.
لەساڵی ١٩٥٧- ١٩٥٨ جموجۆڵی سیاسیو حزبی لەنێو کوردانی

رۆژئاوای کوردستان نەشونمای کردوو پێداگیریان لەسەر وەرگرتنی رەگەزنامەی سوری دەکرد بۆ هاوڵاتیانی کورد.
دوای دەستپێکردنی رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەدەوڵەتی تونس‌و میصر، چالاکوانەکانی سوریا لە رێکەوتی ٤ی فەبرایری ٢٠١١ بەناوی رۆژی غەزەب» یوم الغضب» لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک هەڵمەتێکی سەرتاسەریان راگەیاند دژی رژێم، لەباکوری سوریا چەندین کەس رژانە سەر شەقامەکان‌و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.
دوای دەستپێکردنی رووداوەکانی سوریا ساڵی ٢٠١٢ ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا(المجلس الوطني السوري) دروست بوو، کوردێکیان بەناوی عبدالباست سەیدا کردە سەرۆک. لەدوایدا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی (المجلس الوطني الكردي) دەستی بەکارەکانی کردو دیارترین کەسایەتی صالح موسلیم بوو لە رووداوەکاندا، بەتایبەت دواتر یەپەگەو پەیەدە ناوچە کوردستانیەکانی ناو دەوڵەتی سوریای کۆنترۆڵ کردو ئیدارەی رۆژئاوایان دروست کرد.
سەرەڕای رێگەدان بە رێکخستن‌و دەربڕینی فەرهەنگی کوردی لەسەردەمی دەسەڵاتی فەرەنسا، کاتێک دەسەڵاتی فەرەنسا کۆتایی هات‌و سوریا سەربەخۆیی بە دەستهێنا فەرەنسیەکان هیچ گرانتییەکیان بۆ مافەکانی کەمینەی کورد لەسوریا مسۆگەر نەکرد. لە ئاکامدا دوابەدوای کشانەوەی فەرەنسا کوردەکان تووشی گەلێک سنور بوون کە فێرکردن‌و فێربوونی کوردییان نایاسایی دەکرد. بەهۆی سنورەکانی سەر بەکاربردنی کرمانجی، زۆر لە کوردەکانی سوریا دوو زمانەن‌و بەکرمانجی‌و عەرەبی دەپەیڤن، بەڵام کرمانجی لەناوچە کوردییەکانی باکوری سوریا وەک زمانی باڵادەست ماوەتەوە، لەم ناوچانەدا زۆرجار شارەزایی لەعەرەبی بەرچاو ناکەوێت، چونکە زۆربەی کوردان بەر لەتەمەنی پێنج ساڵی دەست بە فێربوونی عەرەبی ناکەن، بەپێچەوانەوە ئێستا لە دیمەشق زۆر لە دانیشتوانی کوردی ئەو شارە بە عەرەبی گەورە دەبن.
ئەفسەر موحەمەد تالاب هیلال، لە نۆڤمبەری ١٩٦٣ سەرۆکی ئەمنی

ناوخۆی پارێزگای حەسەکە، ئەم ئەفسەرە راپۆرتێکی نهێنی بەناوی «خوێندنەوەی باری سیاسی، کۆمەڵایەتیو نیشتمانی پارێزگای جزیرە» (دیراسات عەن موحافیزات ئەلجزیرە مینەلنەواحی ئەلقومیە و لئیجتماعیە وە لسیاسیە) بلاوکردەوە. لە راپۆرتەکەدا هیلال کورد بە تۆموری کوشندە ناو دەبات کە لەناو لەشی نەتەوەی عەرەبدا گەشەی کردبوو، وە پێشنیاری کرد لەناوچەکە دەربکرێن لەرێگەی پلانێکی دوانزە خاڵییەوە کە بریتی بوون لە:

١- دەرکردنی کوردان لەخاکی خۆیان.

٢- رێگەنەدان بەخوێندن بۆ کوردەکان.

٣- گەڕاندنەوەی کوردە داواکراوەکان بۆ تورکیا.

٤- رێگەنەدان بەدەرفەتی دامەزران بۆ کوردەکان.

٥- شاڵاوی پڕوپاگەندەی دژە کورد.

٦- جێگۆڕکێکردن بە مەلایانی ئاینی کوردزمانی خۆجەیی لەگەڵ مەلایانی عەرەب.

٧- رێبازی « لێکیان کەرەوەو تێکیان بەرەوە» لەناو کۆمەڵگای کوردیدا.

٨- نیشتەجێکردنی عەرەب لەناوچە کوردییەکاندا.

٩- دامەزراندنی ناوچەیەکی سەربازی عەرەبی بەدرێژایی سنوری تورکیا.

١٠- دامەزراندنی کێڵگە گەلی هەرەوەزی بۆ نیشتەجێبووانی عەرەب.

١١- نکۆڵیکردن لە مافی دەنگدانو گرتنە دەستی پلەو پایەی حکوومی هەر کەسێک کە عەرەبی نەزانێت.

١٢- نکۆڵیکردن لە مافی هاوڵاتی سوری بوون لەو نا عەرەبانەی کە دەخوازن لەناوچەکەدا بژین.

رەفتاری دواتری دەوڵەتی سوریا لە دیمەشقەوە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە بوو، نەوەکو پڕوپاگەندەی ئەوەی کە گوایە ئەم راپۆڕتە تەعبیر لە سیاسەتی رژێم ناکات.

# بەشی دووەم: ڕاپەڕینەکەی قامیشلۆ

## سەرەتای سەردەمێکی تازە بۆ کورد لە سوریا

لەمانگی ئازاری ٢٠٠٤ لەزۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی سوریا، خۆپیشاندانی بەرفراوانی گەلی کورد لەدژی ڕژێمی سوریا دەستی پێکرد. وەک جەزیرە، عەفرین(جبل الاکراد)، کۆبانێ (عین العرب)، حەلەب، لە دیمەشقی پایتەخت. کە خۆپیشاندانی وا بەر فراوان لەمێژووی کوردی سوریا وێنەی نەبووە. ئەگەر بەپێی هەندێ زانیاری ناوخۆی سوریا پشت ببەستین، ئەوا تەواوی سوریای گرتۆتەوەو خۆپیشاندانەکە هەموو کوردێکی هێنایە سەرخەت. ڕووداوەکانی قامیشلۆ سنوری سوریای بڕیو لە ئەوروپاو ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی دەرەوەی سوریا، هەواڵەکانی بڵاوکرایەوە. لەپارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەشارو شارۆچکەکان هاوخەمیو پشتیوانی بۆ ڕووداوەکانی قامیشلۆ دووپات کرایەوە، تەنانەت ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتیان لەم بارەیەوە بڵاوکردەوەو ڕوبەرێکی فراوانی لە ڕای گشتی داگیرکرد.

ڕاپەڕینەكەی قامیشلۆ هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی یاریەكی تۆپی پێ لەنێوان یانەی جیهاد لە قامیشلۆو یانەی الفتوه العربی لەشاری دێرەزوور، لەبەرواری ٢٠٠٤/٣/١٢، كە سەرچاوەكانی ناو ڕووداوەكان جەخت لەوە دەكەنەوە ئاستی ڕووبەڕووبونەوەی جەماوەری هەردوو یانە لەناو یاریگا، لەژێر كۆنترۆڵ دەرچوو بوو، كە كەش‌و هەوایەكی سیاسی بەخۆیەوە گرتبوو.

**گرنگترین هۆكارەكانی ڕووداوەكانی قامیشلۆ:**

**یەكەم**: ئامادەبوونی ژمارەی هێزە ئەمنیەكان‌و پۆلیس زۆر كەم بوو، كە توانای كۆنترۆڵكردنی ڕووداوەكانیان نەبوو.

**دووەم**: پشكنین‌و وردبوونەوە لەهاتنە ژوورەوەی جەماوەر زۆر لاواز بووە، كە چۆن دەكرێ ئەم خەڵكە بەم هەموو چەكەوە بێنە ناو یاریگا.

**سێیەم**: هەر زوو جەماوەری ناو یاریگا لەبری هاندانی یانەكانیان دروشمی سیاسییان گوتەوە، بەشێك لە عەرەبەكان دروشمیان بۆ پاڵپشتی صەددام حوسێن دەگوتەوەو بەشێكی كوردەكانیش دروشمیان بۆ جۆرج دەبلیۆ بۆشی سەرۆكی ئەمریكاو سەركردە كوردەكان دەگوتەوە وەك ئۆجەلان‌و تاڵەبانی‌و بارزانی.

**چوارەم**: لەرادیۆو ڕاگەیاندنەكانی ناو قامیشلۆ، هەواڵێكی درۆ بڵاوبوویەوە كە گوایە سێ منداڵ لەناو یاریگا بەهۆی پاڵەپەستۆی ڕووبەڕووبونەوەی هاندەران گیانیان لەدەست داوە. ئەمەش خەڵكی قامیشلۆی بەرەو ناو یاریگا هاندا.

**پێنجەم**: كاردانەوەی هێزە ئەمنیەكان‌و پۆلیس ناسروشتی بوو، لەجیاتی هێمن كردنەوەو ڕووبەڕووبونەوەی یاسایانەی بەیەكدادانی هاندەران‌و خەڵك، لەجیاتی بەكارهێنانی گازی فرمێسك ڕێژو ئاو ڕژێن، بە گوللەو تەقەكردن دەستیان بە ڕێ‌و شوێنی خۆیان كرد. كە بەهۆی تەقەكردن‌و بەكارهێنانی چەك ئاستی توندوتیژی‌و ڕقی خەڵك زۆر جۆشا.

سەرچاوە ئەمنیەكان دەیانگووت لەناو یاریگاو شەقام‌و شۆستەكانی ناو

قامیشلۆ کوردەکان چەکیان پێ بووەو تەقەیان کردووە، وە دروشمی سیاسیان گوتۆتەوە. بەڵام سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن‌و شاهیدەکان‌و خودی کوردەکانیش ئەم تۆمەتەی دەزگاکانی ئەمنیان ڕەتکردەوەو دەیانگوت ئێمە دوای تەقەکردن‌و توندوتیژی هێزە ئەمنیەکان، وەک وەڵامدانەوەیەک بەفراوانی بەدروشمی (بژی کوردستان) گردبوونەوەمان ئەنجام داوە، تەنانەت خودی حکوومەتیش گوتنەکەی دەزگا ئەمنیەکانی پشت ڕاست نەکردەوە.
بۆ ڕۆژی دواتر ٢٠٠٤/٣/١٣، بەهەزاران کەس لەخەڵکی قامیشلۆ ڕژانە سەر شەقام بۆ بەشداری کردن لە ناشتنی شەهیدەکانی ڕووداوەکە کە تاوەکو ئەوکاتە (٩) نۆ شەهید هەبووە، سەرجەم حزب‌و لایەنە کوردیەکان بڕیاریاندا بەمەراسیمێکی گەورە شەهیدەکان بنێژن. شەوی پێش ناشتنەکە حزبە کوردیەکان‌و دەوڵەت ڕێککەوتنێکیان ئەنجامدا، کە بەپێی ڕێککەوتنەکە بەشێوەیەکی هێمن، دوور لە دروشم‌و هوتاف، کردەوەی توندوتیژو چالاکی نواندن، یان کاری ئاژاوەگێڕی‌و هەرجۆرە ڕووبەڕووبونەوەیەک پێویستە شەهیدەکان بنێژرێن، لەبەرامبەریشدا دەسەڵات واتە دەوڵەت بەهیچ شێوەیەک تەداخولی خەڵک‌و مەراسیمەکە ناکات‌و دوور دەبێت. سەرەتای مەراسیمەکە زۆر هێمن‌و سەرکەوتوو بەڕێوەچوو. بەڵام دواتر ڕووداوەکان قڵیشانەوە. وێنەی بەشار ئەسەد بەرد باران کرا، هوتاف بۆ ئەمریکا گوترایەوەو دەگوترا بۆش باوکی ئازادی. بژی کوردستان.ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە، بەیەکادان دروست بوو، بارەگای حکومی‌و حزبی هێرشیان کرایە سەرو هەندێک شوێن تێک‌و پێکدران. شارەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان خرۆشان، هاتنە ناو ڕووداوەکان، دەوڵەت دەستی کرد بە ڕەشبگیری‌و ئازاردانی زۆری هاوڵاتیانی کورد.
یەکێکی دیکە لەگرنگترین بابەتەکانی پشتی ڕووداوەکانی قامیشلۆ، کە زۆر بەجددیەوە قسەی لەسەر دەکرا، ئەوەبوو کە ئەم ڕاپەڕین‌و خرۆشانەی دەرەنجامی ململانێی توندی نێو خودی دەسەڵاتی دەوڵەت

بوو. ململانێی نێوان دەزگای هەواڵگری‌و خەڵکانی دەوروبەری بەشار ئەسەد بوو. کە لەدوای هاتنە سەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠٠٠ بەولاوە، تەواوی دەزگای هەواڵگیری فەرامۆش کردبوو، ئەسەد دەستیکرد بەجێبەجێکردنی بەرنامەیەک بەناوی چاکسازی لەدەزگاکانی دەوڵەت، زۆربەی ئەم چاکسازیانە بەر دەزگای هەواڵگیری (موخابەرات) ی دەوڵەت کەوت، تەنانەت زۆربەی لقەکانی ئەم دەزگایەی هەر داخست. بۆیە دەگوترێت دەرهێنەرو سیناریستی ڕووداوەکانی قامیشلۆ خودی دەزگای هەواڵگیری بوو. کە بیەوێت ئەم پەیامە بداتە دەوڵەت‌و خودی سەرۆک کۆمار کە زەرورەتی دەزگای هەواڵگری ئەولەویەتەو بایەخی زۆری هەیەو دەبێت دەزگاکە گرنگی پێ بدرێت، قوربانی ئەم شانۆو بەزمەش کورد بوو.

لەحوزەیرانی ٢٠٠٥ ساڵێک دوای هەستانە جەماوەریەکەی قامیشلۆ، خرۆشانی دیکەی جەماوەری کوردی لە قامیشلۆ ڕووی دایەوە، کە کوردەکان بە ڕاپەڕینی دووەم وەسفیان دەکرد، هۆکارەکەی گیان سپاردنی شێخ خەزنەوی بوو، کەسایەتی ئاینی، کە نوێنەرایەتی جۆرێک لە ئیسلامێکی کراوەی دەکرد، لەسەر ڕوخساری خەباتی نەتەوایەتی بۆ دەستەبەری مافەکانی گەلی کورد. بەپێی سەرچاوەکان چەند هۆکارێک هەبوون کە ڕژێمی سوریا مەترسی لە کەسایەتی خەزنەوی هەبوو:

١- بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی ئاینی ناسراوی هەبوو.دەکرا ببێتە کاریزمایەکی گەورەی خەڵک‌و لەژێر فەرمانی ئەو خەبات بکەن.

٢- پەیوەندیەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپی بەستبوو. کە ئەم پەیوەندیەی بۆ چارەسەری کێشەی کوردو مافەکانی کورد بەکاردەهێناو سەردانی هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیاو سویدو بەلجیکای کرد.

٣- لەگەڵ یەکێک لەبەهێزترین ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی دیمەشق پەیوەندیی‌و نزیکایەتی هەبوو کە ئیخوان موسلمین بوو. لەمردنی شێخ خەزنەوی دەزگای هەواڵگری ڕۆڵی زۆر گێڕاو هەر خۆشیان

جەنازەکەیان دایەوە کەسوکارەکەی.
لەراپەڕینو خرۆشانەکەی قامیشلۆ، تاوەکو هەنوکە ئامارێکی تەواو لەسەر کوژراو بریندارو دەستگیرکراوەکان لەبەردەست نیە، بەپێی هەندێ سەرچاوە (٣٢) سیو دوو کەس کوژراون، زیاتر لە (١٧٠) سەدو هەفتا کەسیش بریندار بوون، (٢٠٠٠) دوو هەزار کەسیش دەستگیرکراون. بۆ نمونە لە ٢٠٠٥/٣/٣٠ دوای ساڵێک لەرووداوەکانی قامیشلۆ، بەشار ئەسەد لێبوردنێکی گشتی دەرکردو بەهۆیەوە (٣١٢) سێ سەدو دوازدە کەس لەدەستگیرکراوەکانی قامیشلۆ ئازاد کران.
ئەوەی پێویستە لەیادی نەکەین ئەوەیە کە خرۆشانو راپەڕینەکەی قامیشلۆ لەمێژووی خۆ سەلماندنو بەرگری لە شوناسی کوردی پڕشنگدارو جێگای رێزو یادکردنەوەیە، لەنێو شەوەزەنگی سیاسەتی شۆڤێنی بەعسیەکانی سوریا. رووداوەکانی قامیشلۆ مێژوویەکی رۆشنو قارەمانانەیە لەمێژووی گەلی کورد.
وە پێویست دەکات لەهەموو لایەنە جیاوازەکانیەوە، کوردانی رۆژئاوای کوردستان چەندین کتێبو توێژینەوەو کۆڕو سیمیناری ساڵانە بۆ خرۆشانەکەی قامیشلۆو حەقیقەتی کێشەی کورد لە سوریا بنوسنو ئەنجام بدەن. وەک ئەوەی لە کۆبانێ لەدژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی داعش، گەلی کورد ئەفسانەی سەدەی خوڵقاند لە ئازایەتیو بەرگریو رەوایەتی کێشەکەیدا.

# بەشی سێیەم

## سوریا..گرێکوێرەی بەهاری عەرەبی

دواجار بێ دەنگیەکەی سوریاش کۆتایی هات، روداوەکانی بەهاری عەرەبی سەر قەپاغی وولاتی سوریاشی هەڵدایەوە. خرۆشانی نەتەوەو پێکهاتەو شوناسە جیاوازەکانی سوریا شەقام وجاددەو کۆڵانەکانی تەنی. هاوار بۆ مەرگی دیکتاتۆرێکی دیکەی رۆژهەڵات بەرونی بەرز بۆوە. ئەوەی لەسەرەتاوە دەسەڵاتدارانی سوریا پێشبینیان دەکرد، تەواو پێچەوانە دەرچوو، چونکە دەسەڵاتدارانی سوریا بەمتمانەوە دەیانگووت ئێمە لە لیبیاو میصرو تونس ویەمەن ناچین وشتێک روو نادات! بەڵام بینیمان چۆن سوریا تەقیەوەو بەخەست وخۆڵی هەولّی گۆڕانی ریشەیی دەدرێت لە دەسەڵاتەکەی دیمەشق. بەڵام خۆشبینیەکەی ئۆپۆزسیۆن وگەلانی سوریاش لەجێگای خۆیدا نەبوو، چاوەڕێ دەکرا بەشار ئەسەد زوو بڕوات، دەسەڵاتی بەعس لەدیمەشق زوو بکەوێت. بەڵام بینیمان چۆن رژێم بەئاگرو ئاسن کەوتە پەلاماردانی شۆڕشگێڕان وراپەڕیوان. بەراستی سوریا ستۆپێکی بە بەهاری عەرەبی کرد..جارێ لە جێگای خۆیدا وەستاندوویەتی. سوپا

بێ لایەن نەبوو، بەشێوەیەکی فراوان بەرگری لە رژێم کرد. هەندێ جیابوونەوەو کەرت بوون لەریزی سوپا رویاندا بەڵام نەیانتوانی درزی گەورەو یەکلاکەرەوە لەریزەکانی سوپا دروست بکەن. پێ دەچێت هەموو ئەو چەک وچۆڵەی رژێم کڕیویەتی لە سەر گەلەکەی تاقی بکاتەوە، لەساڵی ١٩٧٣ ەوە دوای ئەوەی بایی چوار ملیار دۆلار چەکی لەروسیا کڕیوەو بەردەوامیش بووە لە کڕینی زیاتر، هەمووی بەدەستی ئەم سوپایەیە کە وەکو گورگ بەر بووە گیانی گەلەکەی. ئەم هەموو چەک و چۆڵەی گوایە بۆ جەنگ بەرامبەر ئیسرائیل کڕاوەو بەئومێدی ئەوەی جۆلان ئازاد بکات، هەمووی رووی کردە سنگی هاوڵاتی سوری وبەم چەکانە منداڵی پاکیزەو فریشتە ئاسای پێ بۆردومان دەکرێ ودەکوژرێت.

لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن رژێمەکەی ئەسەدەوە، چاوەڕێ دەکرا سیناریۆیەکی وەکو لیبیا جێبەجێ بکرێت، لانی کەم شوێنێکی ئارام بۆ گەلی سوریا دروست بکەن، بۆ ئەوەی بەم رادە ترسناکەی ئێستا رووبەروی کوشتن وتوندوتیژی نەبنەوە، بەڵام بینیمان کۆمەک نەبوو، بڕیار نەبوو، هەڵوێست نەبوو، ئەوەتا رۆژانە سەدان کەس لە سوریا دەکوژرا(تەنها تورکیا داوای ناوچەی ئارام دەکات ئەویش بۆ لەناوبردنی کیان‌و کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان نەک کاری مرۆڤایەتی‌و هاوکاری خەڵکی سوریا)، تەرمی منداڵ لەژێر داروپەردووی روخاودا کەوتووە، پۆل پۆل بەوپەڕی زەحمەتی وتراژیدیەوە، هاوڵاتیان ئاوارەی وڵاتان دەبن. بەکردەوەش دەرکەوت نەبوونی کۆمەکی راستەوخۆی نێو دەوڵەتی بۆ نەیارانی رژێم، کاتی زۆری بەخشیە رژێم وتەمەنی درێژکردەوە. بەراستی چاوەڕێ نەدەکرا سوریا ببێتە بابەتێکی هێندە ئاڵۆز لەناو ئەنجومەنی ئاسایش، چاوەڕێ نەدەکرا ئەمریکا هێندە خاوەن سەلیقە بێت وبەرگەی ئەم هەموو چاوەڕوانیە بگرێت. بەڵام ئەوەتا دەبینین ودیمەنەکان پێمان دەڵێن لەناوخۆی سوریا گەل لەگەڵ سوپای ئەسەد شەڕی کۆڵانەو کۆلان دەکات. بەبێ پشتیوانیەکی ئەوتۆ ! ئەوەی زیاتریش

تەمەنی بەشار ئەسەدی درێژکردەوە، پەرتەوازەیی ونەبوونی متمانە بوو لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ونەیارانی رژێم. ناکۆکی ودژایەتی نەیارانی بەشار ئەسەد بە بەردەوامی جەستەی شۆڕش دەخوات، ئەگەر رژێمی بەعسیش بڕوخێ و بەشار ئەسەدیش نەمێنێ، ناکۆکیەکان ودوژمنایەتی نێوان نەیارانی رژێم دەمێنێت وهیچ گومانم نیە لەوەی قەیرانی زۆر گەورە روبەروی سوریا دەبێتەوە. بەشار ئەسەد پەندی نەکەوتن وڕووخانی چوار دەسەڵاتی دەوروبەری وەرنەگرت. پێی وابوو رەوشی سوریا شتێکی دیکەیە..بەلام لەراستیدا جیاوازیەکە تەنها لەجوگرافیادایە، سوریاو لیبیاو یەمەن لەروی جوگرافیەوە راستە جیاوازن ولەیەک ناچن، بەڵام لەفەزای سیاسی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وئیداری وحوکمڕانیەوە پەیوەندی قوڵ ولەیەکچوویان گەلێک زۆرە، بەشار ئەسەد لەوە تێنەگەیشت بەهاری عەرەبی تەنها روی لەیەک دەوڵەت نیە، بەڵکو کۆی سیستەمی حوکمڕانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە، بەرژێمەکانی باکوری ئەفریقاو هەموو ئەم دەوڵەتانەی لەدەوڵەتەکانی رۆژهەڵات دەچن. ئەگەر بەهاری عەرەبی بۆ یەک دەوڵەت بوایە، ناوی عەرەبی پاشگری نەدەبوو! بەڵکو دەگوترا بەهاری تونس، یان بەهاری میصر...هتد، بەڵام گەلانی ولاتە عەرەبیەکان هەموویان لەبازنەیەکی دیاریکراودا دەخولێنەوەو بونیادی حوکمیان تەواو لەیەکتر دەچێ، بۆیە هاوسۆزو هاوباوەڕو هاوچارەنووس دەستیان داوەتە راپەڕین وشۆڕش. سوریا ئەزموونی ئیجابی لەکەوتنی رژێمەکانی پێش خۆی وەرنەگرت، بەڵکو ئەزموونێکی خوێناوی ودڕندانەی توندی لێوەرگرتووە، بۆیە دەبینین بەئاگرو ئاسن گەلەکەی هەلا هەلا دەکات، تا ئێستا ملیۆنان هاوڵاتی وڵاتەکەی مال وحاڵیان جێهێشتووەو سەرگەردان بوون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بەشار ئەسەد ماوەیەکی زۆرە خەریکی ئامادەسازیە بۆ روبەروبونەوەی هەر راپەڕین وشۆرشێک ئەگەر روبەروی ببێتەوە، بەکردەوەش دەرکەوت لەئامادەسازی دا بووە. ئەو ئەگەرانەی رژێمەکەی خۆی بۆ ئامادەکردبوو، بوون بەواقیع. بۆ مامەڵەکردنیش

لەگەڵ ئەم واقیعەدا بەشار ئەسەد پەنای بۆ دیالۆگ، چارەسەری سیاسی، دیموکراسی نەبرد..پەنای بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەبرد. بەڵکو بەتانک وسەربازو فڕۆکە دەیەوێت روبەروی ئەم واقیعە ببێتەوەو لەدەسەڵات بمێنێتەوە. بەهاری سوریا زوو بکاتە پووشەڵان وبەرەو گەڵاریزانی بەرێ. بێگومان فکری شۆڤینی و دیکتاتۆری و بەعسی لەهەموو کاتەکاندا توندوتیژی بەرهەم دەهێنێتەوە. بونیادی دیموکراسی لەئایدیۆلۆژیاکەیدا نیە، لە بەرنامەکەیدا ئەوی بەرامبەر حسابی بۆ ناکرێ، بۆیە شتێکی سەیر نیە کاتێک دەبینین رژێمی بەعس لەسوریا تانک وفڕۆکەو سەرباز ئاراستەی سنگی هاوڵاتیەکانی دەکات و بێ سڵەمینەوە هەموان دەکوژێت، ئەگەر دیموکراسی وئازادی و دیالۆگ و چارەسەری سیاسی هەبوایە،هەرگیز بەهاری عەرەبی روی نەدەدا. لەم پنتەوە دەشێ بڵێین بەهاری عەرەبی گەڕانە بەدوای دیموکراسی. ئەگەر هێزە دینی ونەتەوەیی وحزبیە بەرتەسکەکان بەهارەکە نەدزن، ئەوا گومانم لەوە نیە بەهاری عەرەبی لەدوای دیموکراسی دەگەڕێت.

## شەڕ لەسەر دیمەشق

رژێمی بەعسی سوریا بەهەموو هۆکارو تواناکانیەوە، تەنانەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وقەدەغەکراویش، دەیەوێت لەسەر کورسی دیمەشق بمێنێتەوە. شەڕی مان ونەمان لەسەر دیمەشق دەکات، بۆیە دەبینین توندوتیژی گەیشۆتە چڵەپۆپە. هیچ ئەخلاقێک! لەم جەنگەی سوریا بەکارناهێنرێت ئەوەتا ژن ومنداڵ وپیر بەکۆمەڵ لەسەرەی کڕینی نان لەنانەواخانە کۆمەڵکوژی دەکرێن. منداڵ لەسێدارە دەدرێ، ئەخلاق لای بەعسی سوریا نیەو هەموو چەکەکانی تاقی دەکاتەوە لەکوشتنی هاوڵاتیانی، بەرامبەر بەوە ئۆپۆزسیۆن و هێزە نەیارەکانی رژێم و گروپە چەکداریەکان هەموو شەڕکردنێکیان بۆ گرتنی دیمەشقە،(سەری مارەکە).گرتنی پایتەخت مانای کەوتنی رژێم، بۆیە کۆی پلان وبەرنامەو کۆبوونەوەکان لەسەر ئەوەیە

بەجێبەجێکردنی کام نەخشەیە دەتوانرێت دیمەشق بگیرێ و رژێم کۆتایی بێت. کێشەکە هەر لێرەدا ناوەستێ، بەڵکو دیوی مەترسی ئەم کێشەیە ئەوەیە وەک چۆن رژێمی بەعسی سوریا دەیەوێت دیمەشق ناوەندی بڕیارو بیرکردنەوەوچەقی دەسـەڵاتو بەڕێوەبردن بێت، لای ئیسلامیەکان‌و گروپە چەکدارەکان‌و قەومیەکان‌و عەلمانیەکانیش هەمان شێوەی بیرکردنەوە هەیە. بەکورتی گۆڕینی دەوڵەتێکی مەرکەزی بە دەوڵەتێکی مەرکەزی دیکە! لێرەدا ئامانجەکانی شۆڕشی سوریاو گەنجە راپەڕیوەکان وەکو میصر دەکەوێتە ناو کەندولەندو قۆرتـی گـەورە!. ئـەگـەر لەجیاتی دەوڵەتێکی نـاوەنـدی عـەلـەوی، دەوڵەتێکی دینی مەرکەزیمان دروست کرد، مانای وایە نەمانتوانیوە دنیایەکی نوێ‌و کراوەو فیدڕاڵ ودیموکراسی دروست بکەین. یان عەلمانیەکان هەمان دەوڵـەتـی مـەرکـەزی توند دروسـت بکەنەوە، مانای وایە تەنها دەموچاوی بەشار ئەسەد گۆڕاوەو دیموکراسی‌و مافی گەلانی سوریا، مافی پێکهاتەو قوربانیەکان ئێوە خۆش!..دەبێ دەسەڵاتەکان هەمووی لەدیمەشق کۆنەبنەوە، مۆدێلی بەعس‌و بەشار ئەسەد دووبـارە نەکەنەوە، سوریا ئازادو دیموکراس بێت، فیدراڵی بێت. ئەگەر بـەکردەوە فیدراڵی لەسوریا نەچەسپێ ئـەوا خوێن‌و جەنگ‌و توندوتیژی بەرۆکی سوریا بەرنادات. مۆدێلی دەسـەڵاتێکی مەرکەزی کە هەموو بڕیارەکان لەپایتەخت دەربچن‌و گروپێک دەوڵەت بەم جۆرە بەڕێوەبەرێت، هۆیەکی بنەڕەتی دروست بوونی بەهاری عەرەبیە، بۆیە ناشێ هەمان مۆدێل بە بەرگێکی دیکە لەدوای کەوتنی ئەسەد دووبارە ببێتەوە، هەرچەندە مرۆڤ کاتێک دیقەت لەگوتاری ئۆپۆزسیۆن‌و نەیارانی رژێـم دەدات، هەست بە غەمگینی دەکات لەشێوەی بیرکردنەوەو رەتکردنەوەی بەرامبەر. سوریا فرە نەتەوەو مەزهەب و تایەفەو گروپە، بۆیە دەسەڵاتێکی مـەرکـەزی شکست دەهێنێت، تەنها فیدڕاڵی‌و دابەشکردنی دەسەڵات‌و بەشداری بڕیار، گرەنتی یەکپارچەیی سوریایەو زەمینەی دروست کردنی وڵاتێکی ئارامە. سەردەمی پەراوێزخستن‌و پشتگوێ خستنی مافی نەتەوەو

پێکهاتەو گروپەکان تێپەڕیووە، تەنها هەندێ دەوڵەت و لایەن ماون لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەدنیای مۆدێرن تێنەگەیشتوون‌و عەقڵی سیاسی‌و دەوڵـەتداری‌و بەڕێوەبردنیان ژەنگی لەسەر نیشتووەو ستۆپ بووە. دەبێ وریای ئەم جۆرە عەقڵیەتە بین‌و، ئەگەر شەڕی دیمەشقیش سەرکەوت، بەم جۆرە دنیا بینیە پایتەختیان نەدرێتە دەست. پێویستە دیمەشق پایتەختی گشت هاولاتیانی سوریا بێت، چەتری نیشتمانی بێت، نەوەکو هەر دیمەشقەکەی سەردەمی ڕژێمی بەعس‌و بەشار ئەسەد، کە ئینتمای کوشتووەو منداڵ‌و ژن‌و پیر پۆل پۆل دەکوژێت. شەڕی دیمەشق هێجگار گرنگە، بەلام سەرکەوتن لەدیمەشق لەئێستا نیە، بەڵکو دوای بنیاتنانەوەی سوریای نوێ‌و داڕشتنی دەستوری تازە بۆ وڵات دەردەکەوێت، سەرکەوتن چیەو چۆنەو گەلانی سوریا کەوتوون بەسەر چ واقعێکدا؟

## مەلەفی ئیسرائیل

بۆ دەوڵەتی سوریا هەمیشە ئیسرائیل مەلەفێکی گرنگە، ئەگەر ڕژێمی ئێستا بمێنێتەوە؟ یان هەر ڕژێم ودەسەڵاتێکی دیکە بێتە سەر کورسی دەسەڵاتی دیمەشق، ناچارە زۆر بەگرنگیەوە مامەڵە لەگەڵ مەلەفی ئیسرائیل بکات. ئەم هاوکێشەیە بۆ ئیسرائیلیش ڕاستە..ئەگەر ئەم ڕژێمە بەدیکۆرێکی دیکە بمێنێتەوە یان هەر گروپێک‌و سیستەمێکی دیکە بێتە سەر کورسی دەسەڵات لەدیمەشق بەلای ئیسرائیلەوە جێگای بایەخەو ناچارە گرنگی پێ بدات. ئەوەی ئێستا لەتابلۆی شۆڕش‌و شەڕی سوریا دەیخوێنیتەوە ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان ئیسرائیل بەدوژمن وێنا دەکەن، لەگوتاری هەمواندا ئیسرائیل دوژمنی عەرەب‌و ئیسلام وسوریایە! ئەگەر دوای بەشار ئەسەد سیستەمێکی سونی ئیسلامی سەلەفی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی‌و دەوڵەتی ئیسرائیل دروست دەکات..ئەگەر عەلمانیش بێت ئەوا ناتوانێت لەگرێکوێرە سەختەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەربازی ببێت، بۆیە هەر جۆرە حکومەتێک لەئیسرائیل دروست ببێت

ناچارە مەلەفی سوریا بەگەرمی وەربگرێت. لەسوریاش بەهەمان شێوەو ئێستا ئەوانەی سۆزیان بۆ بەشار ئەسەد هەیە، زیاتر وا دەڕواننە هەڵوێستەکانی ئیسرائیل کە خەریکی پیلانگێڕیەو وا وێنای دەکەن کە ئیسرائیل هەوڵ دەدات سوریا پارچە پارچە بکات. واتە ئیسرائیل دەوڵەتێکی سوری بەهێزی ناوێتو دەیەوێت پارچە پارچەو بڵاو بێتو خاوەنی سوپایەکی یەکگرتوی بەهێز نەبێت، ئیسرائیل کار بۆ ئەوە دەکات سوریا ئارام نەبێتەوەو لەناوخۆیدا بەدەست چەند کێشەیەکی گەورەوە بناڵێنێت. خوێندنەوەی جیاواز بۆ هەڵوێستەکانی ئیسرائیل دەکرێو بەشێوەیەکی جیاواز ڕووبەڕوی هەڵوێستەکانی ئەم وڵاتە دەبنەوە.

بەبۆچونی من بۆ داپۆشینی هەندێ کێشەوقەیرانی ناوخۆی سوریا لەداهاتوودا ئیسرائیل بەهانەیەکی باشە، بە وروژاندنی کەیسی جەوەلان(جۆلان)و رەوشی فەلەستینیەکان سوریا قەیران لەگەڵ ئیسرائیل دروست بکاتو بەمجۆرە کێشە ناوخۆیەکانی بە ئیسرائیل هەڵبواسێ، بۆیە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەوانەی بەکردەوە دەیانەوێت قەیرانە گەورەکانی دوای بەشار ئەسەد چارەسەر بکەن، پێویستە زۆر بەراشکاوی و جورئەتەوە بۆ گەلانی سوریا هەڵوێستو واقعیەتی ئیسرائیل ڕۆشن بکەنەوەو نەهێڵن گەمەی چەواشەکاری ونادیموکراتی بەناوی ئیسرائیلەوە بکرێت.

تاوەکو ئێستاش دەوڵەتی سوریا لە لیستی ئیسرائیلدا، لەم دەوڵەتانە هەژمار دەکرێ کە مەترسی ستراتیژین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەتی جولەکە. سوریا دەوڵەتێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل. لایەنگرانی بەشار ئەسەد زۆر بە توندیو راشکاوییەوە ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەوەی ئێستا لەسوریا دەگوزەرێ پیلانی راستەوخۆی جولەکەیە. لەبابەتێکدا لایەنگرێکی رژێمی سوریا دەنوسێ کە ئیسرائیلو ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاو تورکیا(بەبێ عەرەب) کۆبوونەوەیەکی زۆر تایبەتو نهێنیان کردووە بۆ دانانی نەخشەی جەنگو پارچەپارچەکردنی سوریا. واتە ئەوەی کە ئێستا لەسوریا روو

دەدات جێبەجێکردنی نەخشەی ئەم ڕێککەوتنەیە لەنێوان ئەم لایەنانەی کە ناومان هێنان. بێگومان ئەم نوسینە کاتێک دەڵێ بە بێ عەرەب! ئەوا مەبەستی روونە، دەیەوێت کار لەسەر سۆزی عروبەیی ناوخۆی سوریا بکات، بۆ ئەوەی بەرامبەر رژێم شۆڕش نەکەن، یان بەشداری هەر چالاکیەک نەکەن کە زیانی بۆ رژێم هەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە وروژاندنی سۆزی عەرەبە لەسەرجەم وولاتانی عەرەبی و دەوڵەتانی دیکەی دنیا. بەڵام بەڕای من ئەمە کارتێکی سوتاوەو بە رۆژی روناک دیارە گەلانی سوریا چۆن هاواری ئیرحەل دەکەن، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی سوریا رایگەیاند بەهەموو چارەسەرێک رازین، بەڵام بەبێ ئەسەد. بەکورتی خەڵکی سوریا لە دیکتاتۆریەتی بەعس و سەرۆکەکەی راپەڕیون و ئازادییان دەوێت. رۆژانەش سەدان کەس خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ ئەم ئامانجە. دیوێکی دیکەی مەسەلەی ئیسرائیل ئەوەیە کە پێویستە هەم رژێمی بەعس لەدیمەشق و هەمیش ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی رژێم وانە لەمێژووی رابردوو وەربگرن. ناتوانن ئیسرائیل لەناوبەرن، یان لاوازی بکەن. بۆیە ئەم دروشمانەی بەرامبەر ئیسرائیل هەڵیانگرتووە جگەلە دووبارەکردنەوەیەکی بێ مانای سیاسەتی دیکتاتۆریانەو چەواشەکارانە شتێکی دیکە نیە، سوریا ئەگەر بیەوێت لەقەیرانە قوڵەکانی دەربازی بێت ئەوا یەکەمجار پێویستە ئەم دنیابینیەی لەسەر دەوڵەتانی دراوسێی ئیسرائیل کۆتایی پێ بهێنێت، چونکە هیچ خزمەت بە گوتاری سوریا ناکات و بەڵکو لەجێگای خۆی دەیوەستێنێت. ئەولەویەتی سوریەکان بریتی یە لە بونیادنانەوەی سوریاو دروستکردنەوەی کەرامەتی مرۆڤی سوریا، دەبێت لەناخەوە زۆر بەوریایی و هەستیاری مامەڵە لەگەڵ سوریای دوای کۆتایی هاتن بەم دۆزەخی شەڕو خوێنە بکەن. ئەگەر سوریا بەرەو دیموکراسی بڕوات، دۆستی زۆری دەبێت، بەڵام ئەگەر دیکتاتۆریەتی مەزهەبی و نەتەوەیی شۆڤێنی وەکو بەشار ئەسەد وەک رابردوو دروست بکاتەوە، ئەوا پێش هەموو شتێک سوکایەتی گەورەیە بە خوێنی ئەم هەموو منداڵ و ژن و گەنج و پیرەی رۆژانە بەدەستی دیکتاتۆر دەکوژرێن و

جەستەیان هەلاهەلا دەبێت. ناشێ لەرووی ئاسایشی نەتەوەیی‌و دەوڵەتیەوە ئیسرائیل بکرێتە وەهمێکی گەورەو هەنگاوی ئاشتی‌و دیموکراسی لەسوریا ئیفلیج بکات. تانک‌و سوپاو فڕۆکە دەرەقەتی ئیسرائیل نایەن، بەڵکو دیموکراسی‌و ئاشتی‌و دەوڵەتێکی ئازادو کراوە دەتوانێت گرەو نەک هەر لە ئیسرائیل، لەزەمەنیش بباتەوە.. بەم جۆرەش عەرەبەکان دەتوانن بگەنەوە نەخشەی تازەی دنیاو بەهرەمەندبن لەوەی ئێستا دەگوزەرێت، عەرەبەکان ماوەی سەدەیەکە بەدەست رژێمی سەرکوتکەرو دیکتاتۆرەوە دەناڵێنن، دەچەوسێنەوە، بۆیە لە تونسەوە تەقینەوەی ناخیان دەستی پێکردو بەردەوامەو نەوەستاوە؟؟ تۆ بڵێی عەرەبەکان مێژوو دووبارە بکەنەوە؟.

## تورکیا چی دەوێ؟

یەکەم رۆژی دەستپێکردنی نارەزایەتیەکانی ناو سوریا، یەکەم تەقەی شۆڕشگێڕو گەنج‌و خەڵکی سوریا، یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی رووبەرووبونەوەی رژێمی بەشار ئەسەد، پەیوەندی نێوان تورکیاو سوریا زۆر بەخێرایی گۆڕانی گەورەو چاوەڕوان نەکراوی بەخۆیەوە بینی، هەر زوو دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا هێرشی توندیان کردە سەر رژێمی سوریا. سوریاش زۆر بە توندی وەڵامی تورکیای دایەوە، بە بۆچونی من پێویستە زۆر بەوردی دەوری تورکیا لە رووداوەکانی سوریا شرۆڤە بکەین، تورکیا ژەهرێکی ترسناکی ناو جەستەی شۆڕشی سوریایە، راستە تورکیا دەرگای بۆ هەزاران هەزار پەنابەرو ئاوارەو سەرگەردانی خەڵکی سوریا کردەوە، راستە شاری ئەستەمبول بووە پێگەی کۆکردنەوەی سەرجەم لایەن‌و گروپ‌و ئۆپۆزسیۆنی سوریا..بەڵام تورکیا یەکەم دەوڵەت بوو مەسەلەی تایەفەگەری، نەتەوەیی، کەمینەکانی ناو سوریای وروژاند، هەر زوو هەڕەشەی پەلاماری سەربازی کرد بۆ ناو خاکی سوریا ئەگەر بێت‌و کورد لەسوریا هەرێمێکی کوردی دروست بکەن. ئەم هەڵوێستە نیەتی تورکیا دەردەخات لەوەی کە هیچ راستگۆ نیە بەرامبەر بەم دروشم‌و

بەڵێن‌و قسانەی بۆ شۆڕشی سوریاو داهاتووەکەی دەیکات. وە ناو هێنانی کورد لەسوریا بۆ خۆی مانای درزخستنە ناو ئۆپۆزسیۆن‌و پێکهاتەکانی ناو سوریایە. بەدژایەتی کردنی کورد لەسوریا، تورکیا دەرگای کێشەیەکی گەورەی بەڕووی ئۆپۆزسیۆن‌و نەیارانی بەشار ئەسەددا کردەوە. ناکۆکی خستە ناو بەرەی شۆڕشەوە، تورکیا شۆڕشی گەلانی سوریای زۆر ماندوو کردو کاتی زۆری بەخشیە هێزەکانی بەشار ئەسەد بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بکوژن. تورکیا نەک هەر بەهەڕەشەکردن نەوەستا، بەڵکو جموجۆڵێکی دبلۆماسی‌و سیاسی زۆری دەستپێکرد دژی کورد لەسوریا. وەزیری دەرەوەی تورکیا هاتە هەولێر چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە کوردیەکان ئەنجام دا، هەوڵی دا هێزو لایەنە کوردیەکان لەناو سوریا لە قالب بدات، چالاکی کورد سنوردار بکات. دوای ئەوە هانای بۆ ئەمریکاو ناتۆ برد، هێزە کوردستانیەکانی ناو سوریای بە تیرۆریست وەسف کرد، تورکیا بەشێکی زۆر سەرەکی ناو شۆڕشی سوریای بە تیرۆریست وەسف کرد هەر بۆیە بەشار ئەسەدیش رایدەگەیەنێت کە شەڕی تیرۆر دەکات..ئەوە لە تورکیای وەرگرت!. تورکیا رایگەیاند کە هێزی پەکەکە لەناو سوریایەو حوکمی ناوچە کوردستانیەکان دەکات. هەر تورکیا بوو هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی گەورەی دەستپێکرد دژی پەکەکەو پەیەدە لە سوریا، بەوە تۆمەتباریکردن کە لەگەڵ رژێمی بەشار ئەسەد رێککەوتن‌و کورد ئامادە نیە شەڕی رژێمی دیکتاتۆری سوریا بکات. ئەمەش هەوڵێکی دیکەی تورکیا بوو بۆ ئەوەی سوپای ئازادی سوریاو کورد بەشەڕ بدات‌و درزی گەورە لەناو گەلانی سوریا دروست بکات. لەلایەکی دیکەوە تورکیا بڵاویکردەوە کە ئێران هاوکاری کوردەکان دەکات. ئەم تۆمەتەی بۆ ئەوەبوو رای گشتی سوریا هەمووی بکاتە دژی کورد لە سوریا، لەدەرەوەش سەرنجی ئەمریکاو یەکیەتی ئەوروپا رابکێشێت بۆ ئەوەی پەیەدەو لایەنە کوردیەکان بخاتە لیستی تیرۆرو بەرەی ئێران. بەهەمان شێوە کاریکرد لەسەر ئەوەی پەیوەندی باشوری کوردستان‌و رۆژئاوای

کوردستان تێکبداتو خەونی کورد بۆ یەکگرتنەوەو سەربەخۆییو ئازادی پارچە پارچە بکاتو سنورەکان تۆختر بکاتەوە، بەمجۆرە هەڵسوکەوتانە تورکیا خزمەتێکی زۆری بە بەشار ئەسەد کرد.
لەلایەکی دیکەوە، جارێکی دیکە بۆ پارچە پارچەکردنی سوریاو هێزەکانی شۆڕش، تورکیا هەوڵێکی دیکەی خستەگەڕ، ئەویش چەکدارکردنو گەورەکردنی مەسەلەی تورکمانەکانی ناو سوریایە، بابەتی کوردو تورکمانەکانو سونەو شیعە لەلایەن تورکیاوە ڕەواجی زۆریان پێدرا. ئەگەر ئەوەش خیانەتێکی گەورە نەبێت لە یەکڕیزی گەلانی سوریا ئەدی چی ترە؟ هەموو لایەک لەسوریا باسی ئەوە دەکەن چۆن لەدەست خوێنڕێژێکی وەک بەشار ئەسەد ڕزگاربن، چۆن لەژێر ستەمکاری بەعس بێنە دەرەوە، کەچی تورکیا دێت مەسەلەی تورکمان دروست دەکات، هەڕەشە لەکورد دەکات. ئەمەش جگەلە خزمەت بە ڕژێمی بەعسی سوریاو سەرۆکەکەی هیچی دیکە نیە..هەوڵێکی دیکەی تورکیا ئەوەبوو لایەنە ئیسلامیە توندڕەوەکانی ناو بەرەی ئۆپۆزسیۆن دژی کورد هاندا، کە جێگای مەترسیەو دروستبوونی شەڕی ناوخۆیە لەسوریا. بۆیە با عەرەبەکانو تورکمانەکانو کوردان ڕۆشنتر لەهەڵسوکەوتی تورکیا بڕوانو لایەنەکانی بێننە بەرباس بۆ ڕای گشتی ڕوون بکەنەوە کە تورکیا نیەتیەکانی چینو چی دەوێ؟
ڕاستە ئەمڕۆ تورکیا پشتگیری ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سوریا دەکات، ئاوارە سوریەکانی لەئامێزگرتووە، ناوەندێکی چالاکی ئۆپۆزسیۆنی سوریایە، بەڵام ڕۆڵە مەزنەکە ئەوکات تەواو دەبێت کە دوای بەشار ئەسەد بەنیەتێکی دیموکراسیو ئەخلاقیو مێژوویەوە لەگەڵ ئازادی سوریا مامەڵە بکاتو بۆمبی کەمینەو نەتەوەییو مەزهەبیو ئاینیو توندڕەوی نەتەقێنێتەوە، هەوڵبدات دیموکراسیو پێکەوەژیان لەسوریا بەرقەرار بێت، نەوەکو ببێتە گۆمەخوێنێکی دیکە، وەکو نمونەکەی عێراق لەدوای کەوتنی صەددام حوسێن. ئەگەر ڕەوشی عێراقو سوریا خراپن، بێگومان بۆ ئاسایشی تورکیا مەترسیدارە. چۆن دەکرێ تورکیا دوو دەوڵەتی نائارام و خوێناوی لەدراوسێی خۆی قبوڵ بێت؟

ئەگەر دیموکراسی‌و ئازادی‌و بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی دەوێت، ئەوا گرنگە نیەتی باش‌و راوێژکارێکی بەمتمانە بێت.
ئەمڕۆ کێشەی ژمارە یەک‌و دووژمنی یەکەمی گەلانی سوریا بەشار ئەسەدە، خەتیبی سەرۆکی ئیتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا رایگەیاند، ئێمە لەسوریا یەک ریزو یەک دەستین‌و نامانەوێت گەشەی برایەتی‌و هاوسۆزی سوریایی‌و نیشتمانیمان کەس گرەوی لەسەر بکات. وە دووپاتی کردەوە بەشار ئەسەد دووژمنی هەموانەو تاکە ئامانجی شۆڕشی سوریایە. بەڵام لای تورکیا پێدەچێت دووژمنە سەرەکیەکە کوردو کێشە رەواکەی بێت. تورکیا هەوڵ دەدات گەمارۆیەکی زیرەکانەی پرسی کورد بدات لەنێوان ناوخۆی وڵاتەکەی‌و عێراق‌و سوریا. ئەوکاتەی لەکوردی عێراق نزیک دەبێتەوە، لەسوریا خەریکی پیلانگێڕییە. ناکۆکی کورد لەباشوری کوردستان‌و رۆژئاوای کوردستان، مانای جێبەجێکردنی راستەوخۆی ئەجێندای تورکیایە. زۆر بە ستراتیژەوە کار لەسەر ئەوە دەکرێت دابڕانێکی گەورە لەنێوان کوردانی سوریاو عێراق دروست بکەن. ناکۆکی بخەنە ریزی هێزە کوردیەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا درێغی ناکات، بۆیە رۆڵی تورکیا لەم گۆشە نیگایانەی باسمان لێوەکرد، نا ئەخلاقی‌و نا ویژدانی‌و نامرۆڤایەتیە.

**لەلاپەڕەکانی داهاتوودا بەشی تایبەت لەسەر تورکیاو رۆژئاوای کوردستان دەخوێنیتەوە.**

## بۆ دۆزەخی دیکەش هەیە؟

دوای ئەوەی کوفی ئەنان نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان‌و کۆمکاری عەرەبی بۆ ڕەوشی سوریا دەستی لەکارکێشایەوە، ئەخزەر ئیبراهیمی شوێنی گرتەوە. ئەم پیاوە بە ئەزموونگەرێکی دبلۆماسی ناسراوە، لەوەتەی دەست بەکاربووە، بە دۆخی سوریاوە ماندووە، بەترس‌و غەمگینیەوە لەسەر بارودۆخی سوریا قسە دەکات، باش ئاگاداری ئەم خوێن‌و کاولکاریەیە کەرۆژانە سوریا پێیدا تێپدەپەڕێت. پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠١٢ دوای ئەوەی چوو بۆ روسیاو سوریاو هەندێ لایەنی دیکەشی بینی، لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەگەر بارودۆخ بەمجۆرە بەردەوام بێت ئەوا سوریا وەک سۆماڵی لێ دێت. دواتر گوتی یان چارەسەری سیاسی یان بەرەو دۆزەخ. پێداگیری لەسەر چارەسەری سیاسی کردوو دەیەوێت سیناریۆیەک لە سیناریۆکان جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی دۆخی سوریا بەم خوێن‌و توندوتیژیە نەمێنێتەوەو لایەک بە لایەکدا بخات. بەڵام نیشانەکانی ڕەوشی سوریا ئاماژەی ئەوە دەدەن کە ئەم پیاوەش ناتوانێت لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو بێت، چونکە کێشەی سوریا لەدەستی کەس‌و لایەن‌و هێزەکان دەرچووەو بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی‌و ئەجێندای نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمی. ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە بەکارهێنانی وشەی دۆزەخ بوو لەلایەن ئیبراهیمی. ئەو گوتی بەرەو دۆزەخ؟ بەڵام ڕاستیە کە بەرەو دۆزەخ ناچین، بەڵکو دەمێکە سوریا لەناو دۆزەخ دایە. ئایا کۆمەڵکوژی منداڵ‌و ژن‌وپیرو گەنج لەسەرەی نانەواخانەو تێکەڵبوونی خوێن‌و نان‌و پارچەی جەستە دۆزەخ نیە؟ ئایا ئەم هەموو ئاوارەبوون‌و ماڵوێرانی‌و خوێنڕشتنە دۆزەخ نیە؟ بەزستان‌و ساردو سەرما بە بێ نان‌وسووتەمەنی لەدەرەوەی خاک‌و وڵات لەناو چادرو خێمەدا بژی دۆزەخ نیە؟ شەڕو کوشتار بەرۆکی هەموو کەسێکی گرتووە ئەی ئەگەر ئەوە دیمەنێکی دۆزەخی نەبێت چیترە؟

کوفی ئەنان‌و ئیبراهیمی لەلایەن بەشێکی زۆر لە چالاکوان‌و

ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا رووبەرووی رەخنەی زۆرو هەمەلایەنە بوونەتەوە، بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە هیچ وەزیفەیەکیان نیە تەنها نامەبەری نەبێت، واتە کاریان ئەوەیە تەنها راوبۆچونی زلهێزەکان‌و دەوڵەتانی عەرەبی‌و ئیقلیمی بۆ یەکتر دەگوازنەوەو نامەبەری نێوان وولاتان دەکەن‌و بەس. لەراستیدا کێشەی سوریا گەورەو قوڵ‌و خوێناوییە، پڕبووە لەجەمسەرگیری نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمی، بۆیە ئاسان نیە چ ئەنان‌و چ ئیبراهیمی بتوانن لەرێگای توانای تاکەکەسی خۆیانەوە قەیرانی خوێناوی سوریا کۆتایی پێبهێنن‌و رەوشەکە یەکلایی بکەنەوە، دەبێ راستگۆبین مەسەلەی سوریا بەخودی رژێم‌و بەخودی ئۆپۆزسیۆن‌و شۆڕشگێڕانیشەوە ناتوانرێت بڕیاری کۆتایی چارەسەری لێ بدرێت. بۆ چارەسەریکردنی کێشەی سوریا زۆر هاوکێشە هەن دەبێ شیتەڵ بکرێن، زۆر بەرژەوەندی سیاسی‌و جیۆستراتیژی هەن دەبێ یەکلایی بکرێنەوە. وە زۆرشتی دیکەش هەن دەبێ تێکبدرێن بۆ ئەوەی نەبنە رێگری چارەسەری!.
ئیبراهیمی ناتوانێت هەموو دەوڵەتانی ناو کۆمکاری عەرەبی بگەیەنێتە بیرورایەک، دەرەقەتی ئەم دابەشبوونە عەرەبیە نایەت کە بەهۆی بەهاری عەرەبی‌و قەیرانی سوریاوە دروست بووە. ئیبراهیمی بەتەنیا ناتوانێت کۆی ئەندامانی ناو نەتەوەیەکگرتوەکان لەسەر پڕۆژەیەکی دیاریکراو رازی بکات. بەکورتی جیهان بەم پیاوەو بەزۆری دیکەش رازی ناکرێ. هەوڵی ئەمریکی_روسی هەیە لەسەر پرسی سوریا، لەوانەیە زلهێزەکان دواجار بتوانن شتێک بکەن، بەلام وەلامی سوریەکان بەرامبەر بەمجۆرە لەیەک نزیک بوونەوە نێودەوڵەتیە توندو رەتکەرەوە بوو، زۆرینەی لایەنە سوریەکان رایانگەیاند چارەسەری دەرەکیان ناوێت‌و نایانەوێت هیچ هێزێکی بیانی بێتە ناو سوریاوە، رەتکردنەوەی هێزی دەرەکی لەلایەن سوریاوە ئەم هەولانە شکست پێ دەهێنێت کە دەیەوێت راستەوخۆ کۆمەکی سەربازی‌و چەکدارکردنی شۆڕشگێڕان‌و ئۆپۆزسیۆن بکات.
لەگەڵ جموجۆڵە بەردەوامەکانی ئیبراهیمی‌و دەوڵەتانی ناوچەکەو

روداوەکانی ناوخۆی سوریا، هەندێ شتی تازە دێنە بەرچاو، بۆ نمونە لە لێدوانێکی تازەدا رووسەکان رایانگەیاند ئەوان گرنگی بە داهاتووی سوریا دەدەن نەوەکو داهاتووی بەشار ئەسەد. رووسەکان دووپاتیان کردەوە لای ئەوان سوریا ئەولەویەتە نەوەکو سەرۆکەکەی. لێرەدا ناشێ هەروا بە ئاسانی بڕوا بەم جۆرە لێدوانەی روسیا بکەین‌و بەهەڵوێستێکی جیاواز لە هەڵوێستەکانی رابردوویان وەسف بکەین. چونکە روسیا چارەنووسی سوریای بەئەسەدو رژێمەکەی بەستۆتەوە، ئەوە روسیایە ناهێڵێت پڕۆژە بڕیارو پێشنیارەکان جێبەجێ بکرێن. ئەوە هەڵوێستەکانی روسیایە رۆژ بەرۆژ تەمەنی رژێم‌و سەرۆکەکەی درێژدەکاتەوە، بەردەوامی دۆزەخی سوریا بەشێکی سەرەکی‌و هێجگار زۆری دەکەوێتە ئەستۆی روسیاو چین‌و ئێرانەوە لە هەڵوێستە نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمیەکانیان، دۆزەخی سوریا بەمجۆرە بەردەوام نابێت، لەگەڵ خۆی خەڵکی دیکەو هێزودەوڵەتی دیکە دەسووتێنێت، بەڵام کەی و چۆن؟ ئەوا تەنها دەبێ چاوەڕێی کات بکەین‌و چاوەڕێی رەوشی ناوخۆی سوریا بکەین بۆ ئەوەی بە لایەکدا بکەوێ، ئەوکاتە ئاگری دۆزەخەکەی سوریا خامۆش نابێت‌و لەجەستەی زۆر لایەنی دیکە دەئاڵێ‌و بەرەو ناوەوەی خۆی کێشی دەکات. دۆزەخی سوریا بەردەوام دەبێ‌و هیواشم ئەوەیە بۆچونەکەم هەڵە بێت‌و چارەسەری سیاسی‌و ئاشتی ئاگری جەنگەکان بکوژێنێتەوە.

## زمانی بەیاننامەکان

یەکێک لەدیاردەو بابەت‌و هەڵوێستەکانی شەڕی سوریا لەنێوان رژێم‌و ئۆپۆزسیۆن‌و گروپە چەکدارەکان، ناوەڕۆکی بەیاننامەکانە. بە لێشاو بەیاننامەی جۆراوجۆر لەسەر بابەتی جیاواز لە سوریا دەرچوونەو بڵاوبوونەتەوە، ئێستاش بابەتەکە نەوەستاوەو داهاتووش پڕیەتی لە بەیاننامە. دەیەهاو سەدەها سەرنج‌و توێژینەوەو رای جیاواز لەناو بەیاننامەکاندا، لەناوەڕۆک‌و زمان‌و ئاراستەکانیاندا دەدۆزرێتەوەو دەتوانرێت سودی لێوەربگیردرێت، زمانی بەیاننامەکانی سوریا زۆر

جێگای غەمگینیو نائومێدین، چونکە ئەگەر بەیاننامەی کۆی لایەنو گروپو پێکهاتەکان بخوێنینەوە، زۆر لایەنی ناکۆکمان بۆ دەردەکەوێ، کە خزمەت بە دیموکراسیو پێکەوەژیانو ئازادی ناکات. بۆ نمونە بەیاننامەی کوردەکان تەعبیر لە سیاسەتی هێزە کوردیەکانو بەرژەوەندیو ئامانجە کوردیەکان دەکات، ئینجا لەناو کوردیش هێزو بەرژەوەندیو لایەنی جیاواز لە یەکتر هەن، بۆیە بەیاننامەکان کێشەو بۆچونو گرفت بۆ هێزەکانو لایەنو گروپەکان دەخولقێنێت، لە هەمانکاتدا کاتێک کورد بەیاننامەی خۆی بڵاودەکاتەوە، ئەوا پێکهاتەی عەرەبی، تورکمانی، مەسیحی، یاخود گروپە ئیسلامیو توندڕەوەکان کاردانەوەیان دەبێو زۆرجار زمانی بەیاننامەو نوسراوەکان توندو مەترسیدارە. بەهەمان شێوە بەیاننامەی گروپە سەلەفیو ئیسلامیە توندڕەوەکان هەمیشە مەترسی لای هێزە عەلمانیو لیبراڵو گروپە مەدەنیەکانو قەومیەکان دروست دەکات. هەندێ بەیاننامە هەن لۆگۆو ئیمزای گروپو هێزو لایەنی سوریایان پێوەیە، بەڵام زمانەکەی تورکیە؟. یان ئێرانیە.؟ یان ئەمریکیو روسیە..؟ ئیدی هەموان لەڕێگای گروپەکانی نزیک لەخۆیان زۆرشت دەڵێنو زۆرشت دەخەنەڕوو. دیوێکی دیکەی بەیاننامەکان ئەوەیە کە لەڕێگای خوێندنەوەیان ئاستی وشیاری سیاسیو ڕۆشنبیریو گیانی ئازادی ڕاستەقینەی ئەم هێزو گروپو لایەنانەت بۆ دەردەکەوێت کە خاوەنی بەیاننامەکەنو بەیانی دەبنە ژمارەیەکی سەرەکی پرۆسەی سیاسیو دەسەڵاتداریەتی سوریا لەدوای نەمانی بەشار ئەسەد یان مانەوەو ڕێککەوتن لەگەڵ دیمەشق. لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکان هەست ناکرێ ڕێز هەیە بۆ جیاوازیەکان، بەڵکو کار لەسەر سوریایەکی یەکگرتوو یەک پارچە دەکرێ کە لەسەر کوشتنی زۆر پرۆژەی کرانەوەو دیموکراسی بە سلبی دەشکێتەوە، بەیاننامەکان ئاستی بروا بوون بە دیموکراسی لەلایەن ئەم هێزو گروپو لایەنانە ڕۆشن دەکاتەوەو دەتوانێت ڕادەی قەناعەتە دیموکراتیەکانیان لەناو دێڕەکانی بەیاننامەو نوسراوەکانیان باش درک بکەین، لەلایەکی دیکەوە ڕادەی شارەزاییو ممارەسەی

سیاسیو ململانێی دژوار لەلایەن ئەم هێزانەوە لەرێگای زمانی نوسینی بەیاننامەکان دەدۆزیەوە، بۆیە لە زۆر روانگەوە بەیاننامەکانی سوریا کۆمەکمان دەکەن بۆ ئەوەی روبەری وشیاری سیاسیو دیموکراسیو ئازادیو پێکەوەژیان لەم هێزانەدا بدۆزینەوەو بزانین تا چ ئاستێکە. هەندێ بەیاننامە هەن وا هەست ناکەی گروپو هێزێک نوسیویەتی کە دژی دیکتاتۆریەتو فکری بەعسیە، بەڵکو رێک دەڵێی بەعسیەکان نووسیویانە، تەنها لەرێگای لۆگۆو ناوو ئیمزاکەیەوە جودای دەکەیتەوە، بەڵام بە زمان بەعسیانە قسە دەکات. لایەنێکی دیکەی بەیاننامەکانی هێزو گروپو لایەنو ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئەوەیە کە لەرێگای خوێندنەوەی بەیاننامەکانیان، رادەی سەربەخۆییو خاوەن ئیرادەی ئەم هێزو لایەنانەو گروپانەت بۆ دەردەکەوێ، یان رادەی پەیوەستبونو نزیکیان لەیەکێک لە دەوڵەتان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نمونە هەندێ بەیاننامە هەن هەست دەکەی لەسەفارەتی فەرەنسا نووسراوە، یان وەک باسم کرد دەڵێی تورکیا نوسیوویەتی.
دەخوازرێت پێداچوونەوەیەکی ورد بە ناوەڕۆکو دنیابینیو وشەو ئاراستەی بەیاننامەکاندا بێتو هەوڵ بدرێ لە رێگای نوسینو بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکان، جەخت لەسوریایەکی نوێو دیموکراسو ئازادو پێکەوەژیان بکرێتەوە. هەوڵ بدرێ لەناو بەیاننامەکاندا هەستی شۆڕشێکی راستەقینە بدۆزرێتەوە، پێویستە بەیاننامەکان گیانی متمانەو خۆشەویستی نێوان پێکهاتەکانی ناو سوریا قوڵو بەهێزو پتەو بکات. نەوەکو کەلێنەکانو مەترسیەکان زیاتر زەق بکاتەوە. بەیاننامەکان دەتوانن لە پێکدادانو هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆی هێزەکان رۆڵی مەترسیدار ببینن، بۆیە پێویستە ئەم لایەنە زۆر بەهەند وەربگیردرێت، بۆ ئەوەی لەدوای نەمانی دیکتاتۆر، یان هەر گۆڕانکاریەک لەسوریا، کولتوری دوێنێی خراپو دیکتاتۆریش نەمێنیو لاواز بێت.

## ئەڵقە زنجیرەکانی پێی ئەمریکا

دوای ئەوەی رۆژی ٢٠١٣/١/٦، بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا لە دیمەشق وتارێکی پێشکەش کرد، چەندین کاردانەوەی ناوخۆییو ئیقلیمیو نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا. زۆر لایەنی وتارەکەی سەرۆکی رژێمەکەی سوریا جێگای قسە لەسەرکردنە، دەشێ لەشوێنی دیکەو بابەتی دیکەدا بگەڕێینەوە سەری. یەکێک لە قسەکانی بەشار ئەسەد ئەوەبوو کە سوپاسی روسیاو چینو ئێرانی کرد لەوەی هاوکاریان کردووەو پشتگیری دەکەن. ئیدی ئەم قسەیەی بەشار ئەسەد هیچ گومانو دوو دڵیەکی نەهێشتەوە لە بەشداری ئەم دەوڵەتانە لە کۆمەڵکوژی ناو سوریا، کاتێک دەگوترا ئەمریکاو ئەوروپا ناتوانن راستەوخۆ بێنە مەیدانەکەو چارەنووسی بەشار ئەسەدو رژێمەکەی یەکلایی بکەنەوە. ئەوا دەگوترا ئەمریکا لەبەرئەوەی بەرژەوەندی لەسوریا نیە، یان راستگۆ نیە، یان درۆ لەگەڵ گەلانی راپەڕیوی سوریا دەکات، زۆر قسەو تۆمەتیان بۆ ئەمریکاو ناتۆو ئەوروپا هەڵدەبەست، بەڵام وتەکەی بەشار ئەسەد راستی هەڵوێستەکانی ئەمریکای دەرخست، چونکە ئەمریکا ئەگەر لەسەرەتاوە بەشداری بکردبوایە، یان ئێستاش بەشداری کردبا، ئەوا شەڕی لەگەڵ بەشار ئەسەد نەدەکرد، بەڵکو دەکەوتە شەڕ لەگەڵ ئێرانو روسیاو چین. بەکورتی گەلانی سوریا دەکەوتنە ژێر چەپۆکی جەنگێکی جیهانی یەکجار ترسناکەوەو سەرباری کوشتنو ئاوارەبوونو ماڵوێرانی رۆژانەیان، ئەم دۆخە نێودەوڵەتیەشیان بۆ زیاد دەبوو. ئەمریکا ئەڵقەی زنجیری زۆری لەپێ ئالاوە لەسەر رەوشی سوریا، چونکە وەک چۆن ئێرانو روسیاو چینو گروپی دیکە هەن پشتگیری لە رژێمی بەشار ئەسەد دەکەن، ئەوا گروپو هێزو لایەنی ئۆپۆزسیۆنو نەیاری رژێمیش هەن مەترسیان لە ئێرانو روسیاو چین کەمتر نیە، بۆ نمونە رێکخراوی قاعیدە، سەلەفیەکان، جیهادیەکان، واتە ئەمریکا لەهیچ لایەنێکەوە خۆشەویستو رەزامەند نیە، هەم بەرەی رژێمو هەم بەرەی ئۆپۆزسیۆنو نەیارانی رژێم..تەنها کورد دەیتوانی کۆمەکی گەورە بەئەمریکا بکات وەکو نەتەوەو رەگەزێکی کاریگەری

ناو سوریا، بەڵام ئەمریکا هەڵەی ستراتیژیو مێژویی خۆی بەرامبەر کورد دووبارەکردەوەو هەمان مامەڵەی سیاسیو گەمارۆدانی کورد پەیڕەو دەکات. ئەوەی لەگەڵ کوردی تورکیا دەیکات، بەکاریگەری تورکیا خەریکە پشت لە کوردی سوریاش دەکات، هەڵەکانی بەرامبەر کوردی تورکیا دووبارە بکاتەوە کێشەی بۆ متمانەی خۆی دروست دەبێت، ناشێ مامەڵەی دوێنێی لەگەڵ کوردانی ناو تورکیا بەرامبەر کوردانی ناو سوریا دووبارە بکاتەوە، خۆشبەختانە لەناو ناوەندی بڕیارو سیاسەتی ئەمریکا دەنگی باش هەن کە خواستیان ئەوەیە ئەمریکا پشتیوانی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد بێت.
ئەمریکا گرفتی گەورەی لەگەڵ واقیعی سوریا هەیە، بۆ نمونە ئەگەر هێزەکانی نەیاری بەشار ئەسەد چەکدار بکات، ئەوا قاعیدەو گروپە تەکفیریو جیهادیەکان دەبنە خاوەنی چەکی پێشکەوتووی ئەمریکاو مەترسی گەورە بۆ ئاسایشی ئیسرائیلو ئەمریکا دروست دەکەن، چونکە لەتەنیشت ئاسایشی ئەمریکاوە ئاسایشی ئیسرائیلیش هەیە. ئەگەر ئەمریکا هاوکاری ئۆپۆزسیۆنو گروپو پێکهاتەکانی نەیاری ڕژێمی ئەسەد نەکات، ئەوا لەداهاتوو کاتێک گۆڕانێکی گرنگ لەسوریا ڕوودات زمانی کورت دەبێ لەوەی کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی تازەی سوریا دابنێو لانی کەم ڕۆڵێکی باش بگێڕێت. وە ئەگەر کۆمەکی ئەم شۆڕشگێرو گروپو نەیارانەی سوریا بکات، ئەوا ڕوسیاو ئێرانو چین قبوڵی ناکەن، ئەمەش هەر دۆخێکی دژوارە بۆ ئەمریکا. ئێستا ئەمریکا لەگەڵ ڕوسیا بەنیازە گفتوگۆی دیکە بکات لەسەر داهاتووی سوریاو کۆتایی هێنان بە جەنگی خوێناوی چەند ساڵەی ئەم دەوڵەتە، ئەمەش پێگەی هاوبەرامبەری ڕوسیا دەردەخات بەرامبەر هێزی ئەمریکا! واتە ئیدی ئەمریکا یەک جەمسەرو تاکە دەسەڵات نیە، بێ ڕوسیا ناتوانرێت بڕیار لەداهاتووی سوریا بدرێت. ئەگەر ئەمریکاو ڕوسیا پێکەوە بگەنە هەر ڕێککەوتنێک، ئەوا لەداهاتووی سوریا بەشی ڕوسیا هەمان بەشی ئەمریکا دەبێت، کاریگەریەکانو دەستکەوتەکان نیوە بەنیوە دەبن، ئەمەش بۆ ئەمریکا

نەک هەر جێگای قبوڵ نیە، بەڵکو پاشەکشەیە. دانیشتن لەگەڵ ڕوسیا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە یەکلاییکردنەوەی دۆخی سوریا، هەم دانپێدانانە بەتوانای ڕوسیا لە ئێستاو هەم لەداهاتووشدا. نەخشەی سیاسی سوریا دوای بەشار ئەسەد تەنیا ئەمریکاو ئەوروپاو تورکیاو سعودیەو قەتەرو فلان‌و فیسار...شەریک نین تێیدا، بەڵکو ڕوسیاو هاوپەیمانەکانیشی پشکی گەورەی خۆیان‌و شەریکەبەشی خۆیان بەردەکەوێت. ئەمریکا بەقسەو گوتارو لێدوانە ڕەسمیەکانی دژی بەشار ئەسەدەو بەتەواوی لەگەڵ گۆڕانە لەسوریا، بەڵام مەرج نیە ئەوەی دوای بەشار ئەسەد دێت دیموکراسی‌و مەدەنی‌و خاوەن سیستەمێکی کراوە بێت، بەڵکو گرفتی گەورەی سیاسی بەڕێوەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتەقنەوە. بەتایبەت ئەم فکرەی گروپە جیهادی‌و تەکفیری‌و چەکداریەکان هەیانە، بەهەمان شێوە گروپی عەلەوی‌و سونە، کوردوعەرەب‌و تورکمان، مەسیحی‌و ئەرمەنی‌و....هتد، هەموو ئەمانە ئەڵقەیەکی دیکەی ئاریشەن بۆ نەخشەی داهاتووی سوریاو ئەمریکاش لەهەموو لایەنەکانەوە گوشاری گەورەی لەسەرەو لەبەردەم بەرپرسیاریەتی گەورەدایە. هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەمریکا سەرکەوتوو نەبوو لەهەوڵەکانی بەرامبەر بەتەقینەوەی ڕوداوەکانی سوریاو نەیتوانی وەکو میصر بکات، چونکە ئەم سەرچاوانە زانیاری ئەوە دەخەنەروو کە ئەمریکا ڕۆڵی زۆر گەورەی هەبوو لەوەی سوپای میصری بێ لایەن کرد کە بەرگری لە ڕژێمی موبارەک نەکات‌و وە بەرگریش لەخەڵکی ڕاپەڕیو نەکات‌و تەواو بێلایەن بێت. هەر ئەمریکا فشاری خستە سوپای میصر لەکاتی گواستنەوەی دەسەڵات ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت‌و نەهێڵێت خوێن بڕژێت. بۆیە چاوەڕێ دەکرا ئەمریکا زوو فشاری خستبووایە سەر سوپاکەی ئەسەد بۆ ئەوەی بەمجۆرەی ئێستا بەرگری لە ڕژێم نەکات. بەڵام دوایی بەشار ئەسەد لەوتەکەی دا سوپاسی ئێران‌و ڕوسیاو چینی کرد. ئیدی ئەم ڕاستییە دەرکەوت واقعی میصرو سوریا زۆر لەیەک جیاوازن‌و سوریا بەرەیەکی هێجگار نێودەوڵەتی گەورەو

ئیقلیمی ئاڵۆزکاوە. ئەگەر زوو کاریگەری لەسەر سوپای سوریا دروست بکردبا بێلایەن کرابوایە، زۆر دەمێک بوو بارودۆخی سوریا کۆتایی پێهاتبوو. ئەم هەموو خوێنڕشتنو ماڵوێرانیو ئاوارەییو سەرگەردانیە دروست نەدەبوو، ڕاستە ئەمریکا ئەڵقەی زنجیری زۆر لەپێیە بەرامبەر دۆخی سوریا، بەڵام ئەمریکاش بەتەنیا نیەو هەم یەکیەتی ئەوروپاو فەرەنساو بەریتانیاش وەک دوو زلهێزی گەورەو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ ئەو هاوکارو لەیەک بەرەن. خواستیان ئەوەیە بەشار ئەسەد بڕوات، تەنانەت دەمێک پێش ئێستا فەرەنسا ڕاستەوخۆ داوای کرد ئۆپۆزسیۆنی سوریا چەکداربکرێتو بە ڕاستەوخۆیی ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیاش بێنە ناو پرۆسەکەوەو چارەنووسی ڕژێمەکەی ئەسەد یەکلایی بکەنەوە، وە فەرەنسا داواشی کرد بەزوویی حکومەتی کاتیش دروست بکرێت. ئەمەش وا دەکات نەک کاریگەری ئەمریکاو ئەوروپا نابێت بە لاوازی تەماشا بکرێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە سوریەکان زۆر باشتر ورد ببنەوە لە پڕۆژەو بەرنامەو پلانو ستراتیژەکانی ئەمریکاو ئەوروپایەکان. ئێستا ئەوەی لە سوریاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕوو دەدات، پەنجەی بەرپرسیاریەتیەکەی بۆ ڕووی ئەمریکا بەرز دەکرێتەوە، واتە جەخت لەوە دەکەنەوە ئەم بەهاری عەرەبیەو کەوتنی ئەم ڕژێمانە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێیە، کە ئەمریکا خاوەنیەتی. بێگومان ئەمەش بابەتێکی دیکەیە. ئەم هەموو قسەکردنە جیاوازەش لەسەر ئەمریکا، مانای وایە لەهەر ڕێگایەکەوە بۆ داهاتووی سوریا بڕۆین کاریگەریەکانی ئەمریکاوئەوروپا لەسەر ڕێگامانە.

**لە بەشی ئەمریکاو ڕۆژئاوای کوردستان زیاتر هەڵوەستە لەسەر ئەمریکاو ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین.**

## گەڕان بەدوای چارەسەردا

هـەمـوو سیناریۆکان بۆ چـارەسـەری قەیرانی سـوریا شکستیان خواردووە، بەرنامەکان‌و پێشنیارو فشارەکانیش نەیانتوانیوە بستێک چیە بگەنە چارەسەری. هەر کاتێک دەنگی جیاواز بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا زۆر دەبن، ئەوا پێکدادان‌و مەترسی‌و بەکارهێنانی هەڕەشەکانیش زۆر دەبن. هەتا دەگەنە رێککەوتنێک، دوو رێککەوتن هـەڵدەوەشـێـنـەوە. هـەم رژێـمـی سـوریـاو سـەرۆکـەکـەی، هەمیش ئۆپۆزسیۆن‌و نەیارەکانی رژێم، بەردەوام پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن لەچارەسەری سوریایی بەولاوە هیچ پرۆژەیەکی دیاریکراوی دەرەکی قبوڵ ناکەن. خاڵی هاوبەشی رژێم‌و ئۆپۆزسیۆن لەوەدایە هەمیشە لەگوتاریاندا جەخت لەچارەسەری سوری دەکەنەوەو رایدەگەیەنن چارەسەر لەسەر دەستی سوریەکان خۆیانە نەوەکو دەستی دەرەکی. لەراستیدا ئەگەر سەیری روداوەکانی رۆژانەی سوریا بکەین، ململانێی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتی بخوێنینەوە، ئەوا زۆرباش تێدەگەین دەمێکە چارەسەری لەدەستی سوریایەکان نەماوەو، سوریا بۆتە گۆڕەپانێکی گەورەی شەڕی نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمی، لە زۆر ئاستی جیاجیادا هەر بۆ نمونە ئاستی ئاینی وەکو شەڕی سونەو شیعە، ئەوکاتەی بەشار ئەسەد لەوتارەکەیدا جەختی لە سوپای نیشتمانی دەکردەوە هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە پێنج هەزار سەربازی حزب اللەی لوبنانی هاتونەتە سوریا بۆ بەرگریکردن لە رژێم. لەهەمان کاتدا (٤٨) دیلی ئێرانی بە دوو هەزارو سەدو سی دەستگیرکراوی ناو سوریا ئاڵوگۆڕیان پێکرا. بەراستی ئەمەیە پرۆژەو چارەسەری ناوخۆیی؟ ئێستا هەموو لایەک لەسەرخەتن بۆ ئەوەی بارودۆخی سوریا بەلایەکدا بخەن، رژێم داوای چارەسەری دەکات، ئۆپۆزسیۆن‌و نەیارانی رژێم داوای دەکەن، ئەمریکاو ئەوروپاو ئێران‌و دەوڵەتانی عەرەبی‌و لەولاشەوە روسیا داوای چارەسەری دەکەن. هەموو لایەکیش پرۆژەی خۆیان دەخەنەروو، بۆ چارەسەرکردنەکە، بەڵام جەوهەری کێشەکە ئەوەیە کەس بە چارەسەری کەس رازی نیەو پرۆژەکان بێ ئەندازە ناکۆک بەیەکن. کاتێک بەشار ئەسەد داوای چارەسەری کرد، ئۆپۆزسیۆن

رایانگەیاند بەهەموو چارەسەرێک رازی دەبن بەڵام بەمەرجی ئەوەی بە هیچ شێوەیەک بەشار ئەسەد لەدەسەڵات نەمێنێتو بڕواتو نابێت بێتە ناو هیچ گفتوگۆیەکەوە، لایەنی رژێمیش بە پێچەوانەوە هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی بەشار ئەسەد لەدەسەڵات بمێنێتەوە. لێرەدا هەندێ لایەن هەیە جێگای بایەخە لای لێ بکەینەوە. بە بۆچوونی من نوکتەیەو وە گاڵتەپێکردنیشە بەخەڵکی سوریا کاتێک دەبینین گفتوگۆ لەسەر ئەم پڕۆژە چارەسەریانە دەکرێ، چونکە رژێمێک رۆژانە لەسەر زەوی‌و ئاسمانەوە بە ئاگرو ئاسن بەربۆتە گەلەکەی، هەزاران کەسی کوشتووە،ماڵو حاڵو وڵاتی خاپورکرد، چۆن دەکرێ چارەسەرێکی لەگەڵ بدۆزینەوەو تازە بەتازە باسی چاکسازی‌و هەمواری دەستورو هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکات. بەهەزاران‌و نزیکەی ملیۆن ئاوارەی وڵاتان بوون، منداڵی بچوک لەناو خێمەو چادرەکاندا لەسەرمان‌و برسان رەق بوونەوەو مردن، کەچی دێن‌و ئومێد دەبەخشنەوە بە بەشار ئەسەدو باسی چارەسەری سیاسی‌و دبلۆماسی‌و ئاشتیەوایی دەکەن. رژێمی بەعسی سوریا هەموو هێڵە سورەکانی بەرامبەر گەلەکەی بەزاندووە، بۆتە مۆتەکەیەک هیچ جۆرە متمانەیەکی لای گەلەکەی نەماوە، تەنها سوپا خوێنخۆرەکەی لەپشتیەتی، ئەگینا لەناو کۆمەڵگاو رۆحو هەستو دڵوبیرکردنەوەی گەلەکەی دەمێکە کۆتایی پێهاتووە. بۆیە دەبینین ئەم گەڕان‌و سوڕانەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک دەکرێ، هەمووی لەبەرژەوەندی رژێمەکەی سوریا کۆتایی پێهاتووەو کاتی زیاتری پێدەدرێت. رژێمی سوریا بە فڕۆکەو ناپاڵمو دەبابەو دۆشکاو بەرمیلی پڕ تەقەمەنی کۆمەڵکوژی گەلەکەی دەکات. کەچی رایدەگەیەنێت نابێت گروپەکانی سوریا چەکداربکرێن‌و کۆمەکی سەربازیان پێ بکرێ. ئەمەیە تێگەیشتنی ئەسەد بۆ چارەسەری؟ دوای بەرێکردن‌و بەفیڕۆدانی ئەم هەموو رۆژوکاتە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە چی دیکە بەرامبەر بەم گۆمەخوێنەی رۆژانەی سوریا جیهان‌و ناوچەکە بێ دەنگ نەبێتو هەڵوێستەکان‌و فشارو میکانیزمەکان رێکبخرێن، بۆ ئەوەی هەرچی زووە بارودۆخی

سوریا بەلایەکدا بکەوێت. بەتایبەت کە هێزەکانی سوریای دیموکرات دواهەمین پێگەی داعشی تیرۆریستیان لەسوریا کۆتایی پێهێنا، بۆیە ئێستا کاتی چارەسەری قەیرانی سوریاو پادداشتی کوردە.

## مەترسیەکانی تیرۆر

مەلەفێکی هەستیارو چەند جەمسەری قەیرانی سوریا مەسەلەی تیرۆرە، جددیترین بابەت بۆ سوریا تیرۆرە لە ئێستاو داهاتوو. هەتا گروپە تیرۆریستیەکان پێگەیان مابێت ئاسایشی سوریا بەرقەرار نیە، سیاسەتی خراپی هەندێ دەوڵەتی ناوچەکەش کۆمەکی گەورە دەکەن بۆ مانەوەی نائارامی ناو سوریاو مەترسی تیرۆر، وەک تورکیا. کە بەوپەڕی ناویژدانیو نائەخلاقیو دوژمنکارانە هەموو کەناڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی کورد لەسوریا لەناوبەرێت بەتایبەت پارتی یەکیەتی دیموکراتی کوردی لەسوریا واتە پەیەدە، پەلاماری عەفرینیداو داگیریکرد. فشاری زۆر دەخاتە سەر ئەمریکاو ناتۆ بەوەی قەناعەتیان پێبهێنێت تاوەکو پەیەدە بەناوی باڵێکی پەکەکە لەسوریا وەکو هێزێکی تیرۆریست مامەڵە لەگەڵ گەورەترینو بەکاریگەرترینو جەماوەرترین پارتی کوردی بکرێت. کۆندۆلیزا رایس وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە دەبێ کوردەکان وریابن تورکیا دەیەوێت فێڵیان لێبکات. یەکێکی دیکە لەبابەتی تیرۆر هەبوونی هێزەکانی قاعیدەیە، سەرچاوەکان پشت راستیان کردۆتەوە لەبەرامبەر رژێمی بەعسی سوریا ئێستا قاعیدە لەناو سوریا شەڕ دەکات، هێزی هەیە. ئایا دەتوانرێت دوای مانەوە یان گۆڕانکاری لە رژێمەکەی دیمەشق، تەواوی ئەم گروپو هێزو کەسایەتیانەی قاعیدە لەسوریاو بەروبوومی شۆڕشەکەی فڕێبدەیتە دەرەوەو لەبەرچاوی نەگری. ئەمە بابەتێکی سەختە بە نسبەت سوریەکانو ئەمریکیەکانو ئەوروپیەکان. گروپی توندڕەوی چەکداری لە سوریا گەلێ زۆر بوونە، بەناوی صەددام حوسێنو قاعیدەو سەلەفیو جیهادی، ئەمانە چەکدارنو زۆر توند مامەڵە دەکەن، ئایا دەشێ ئەمانە سوپای

نیشتمانی سوریای داهاتوو بن؟ ئەم مەلەفە لەئێستاوە شرۆڤەو پلانو ڕێکخستنی دەوێت، چونکە دوای بەشار ئەسەد یان مانەوەی، پرۆسەی سیاسیو ئاوەدانکردنەوەو ئاشتی کۆمەڵایەتی بەدی نایەت، ئەگەر ئاسایشو سەقامگیری بەردەست نەبێت، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەم پێم وایە هەڵەنابێت ئەگەر بارودۆخو نمونەی عێراق بخەینە بەرچاو. ئەولەویەت ئاسایشو ئارامیو سەقامگیریە، بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی دیکە زوو بێنە ناو واری جێبەجێکردنەوە، بۆیە مەلەفی ئەم گروپە چەکدارانە جێگای هەڵوەستەکردنە. بابەتی دیکەی تیرۆر هەبوونی هەزاران چەکداری گروپی حزب اللەی لوبنانە، ئایا دەشێ حکومەتی سوریای دوای بەشار ئەسەد یان مانەوەی، ئاوا بە ئاسانی لەهەموو شتێکی حزب اللە چاوپۆشی بکەن، ئایا سوریا داوای چونە دەرەوەی ئەم گروپو هێزانە دەکات؟ بەلای ئەمریکاو ئەوروپاو ئیسرائیلەوە بابەتی ئەم گروپانەو هێزو چالاکیان لەناو سوریا جێگای بایەخە، ئەمەش مەلەفی داهاتووی ڕێکخستنەوەی کاروباری سوریا دەبێت، لەناوەوەی دەوڵەت کێشەیەو لەناو بارەگاکانی یەکێتی ئەوروپاو نەتەوەیەکگرتوەکانو کۆنگرەو کۆنفرانسەکان مشتومڕی بەرچاو دروست دەکات.

## چەکی کیمیاوی

ڕۆژ نیە ئەمریکاو ئەوروپاو ئیسرائیل لێدوانێک لەسەر چەکە کیمیاویەکانو دۆخی سوریا نەدەن، هەواڵو زانیاری جۆراوجۆر لەسەر ئەم بابەتە بڵاودەبێتەوە، بۆ نمونە دەگوترێ بەشار ئەسەد وەسیەتی کردووە ئەگەر کوژرا ئەوا بەچەکی کیمیاوی بۆردومانی ئیسرائیل بکەن. یان دەگوترێ لە حەلەبو ناوچە شەڕگەیەکانیدا ڕژێم دژی نەیارانی چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە. واتە لەپاڵ چیرۆکەکانی شۆڕشو جەنگو وێرانکاری ڕۆژانە، چیرۆکی چەکی کیمیاویش هەیە، ئێستا گومان دەکرێ لەوەی ڕژێم چەکە کیمیاویەکانی دابێتە حزب اللە و ئێران. هەر بۆیە ئەمریکا بەزوویی کەوتە سۆراغی ئەمەو هێشتا

لێکۆڵینەوە بەردەوامە. بەڵام لێرەدا با ئێمە واز لە ڕژێمی بەشار ئەسەد بهێنین‌و سەرێک لە ئەنجومەنی ئاسایش بدەین‌و ڕاشکاوانە بپرسین ئەرێ بێ زەحمەت ئەمریکاو ڕوسیاو فەرەنساو بەریتانیاو چین، ئێوە پێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی دنیاو ئەنجومەنی ئاسایش! بۆچی دەهێڵن ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆیانە وا بەم ئاسانیە ببنە خاوەن چەکی کیمیاوی؟ چۆن دەکرێ نەتەوەیەکگرتوەکان‌و ئەنجومەنی ئاسایش ئەوەندە دەستەوەستان بێت بەرامبەر چەکە کیمیاویەکانی سوریاو دەوڵەتە دیکتاتۆریەتیەکانی دیکە، ئەوەی ئێستا هەیە بریتی یە لە سیاسەتی چەوتی زلهێزەکانی جیهان، ئەوان هۆکاری سەرەکین کە ئەم دەوڵەتانە بەم ئاسانیە ببن بەخاوەنی چەکی کیمیاوی، بۆیە بۆچونی من وەهایە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەبوو ئەمریکاو ئەندامەکانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش، لەگەڵ نەتەوەیەکگرتوەکان هەڵمەتێکی گەورەیان دەست پێبکردبوایە بۆ قەلاچۆکردنی چەکی کیمیاوی وە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەرێگای یاساو سزاو فشارو کەناڵی جۆراوجۆرەوە، بەهەموو توانایەک ڕێگایان لە بڵاوبوونەوەو هەبوونی چەکە کیمیاویەکان بگرتبا، بەڵام بەداخەوە بەرژەوەندی ئەم زلهێزانە هەمیشە برێکی زۆر نا مۆڕاڵی دەکەوێتەوە، ئێستاش لەدوای ئەزموونی بەشار ئەسەد دەرفەت‌و ڕاستی‌و مەترسیەکی دیکەی بەرچاو لە گۆڕێیە، کە پێویستە لەئاستی نێودەوڵەتی بەخەمخۆری‌و هەوڵێکی زۆرەوە کار لەسەر بابەتی چەکی کیمیاوی بکرێت‌و زۆر ئەرکێکی ئەخلاقیە ئەم ڕژێمە چەوسێنەرو مرۆڤکوژو ژیانکوژانە بەهیچ شێوەیەک چەکی لەمجۆرەیان نەکەوێتە دەست.

## فکری شۆڕش

بەشار ئەسەد لەوتارەکەی هێرشی کردە سەر نەیاران‌و ئۆپۆزسیۆن‌و گروپە چەکدارەکان، گوتی ئەوانە تیرۆریستن، شۆڕشگێڕنین. شۆڕش فکری هەیە. لەپشتیەوە فکرێک ئاراستەی دەکات، بەڵام ئەوانەی نەیاری ئێمەن هیچ فکریان نیەو تەنها شەڕ دەکەن. لەراستیدا

هەڵسوکەوتوو بەیان‌و قسەی چەکدارانی سوپای ئازادی سوریاو گروپە چەکدارەکان‌و هەندێ کەسایەتی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کۆمەکی زۆر بەم قسەیەی بەشار ئەسەد دەکەن. بەشار ئەسەد باش چاودێری سلوکی سیاسی‌و خەبات‌و جەنگی نەیارەکانی دەکات‌و لەوێستگەی ئاوادا بەمجۆرە قسەیان دەربارە دەڵێ..بەڵام پرسیار دەکەین‌و دەڵێین زەحمەت نەبێت نەک لە سوریا بەڵکو لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێستا جەنگەکان جەنگی فکرین‌و فکر هەیە؟ ئەم شۆڕشانەی دەکرێن خەڵکی پەراوێز دەیکەن‌و بوعەزیزی موفەکیر نەبوو؟ عەرەبانچیەکی هەژاربوو، بۆ نان‌و کەرامەتی خۆی سوتاندو شۆڕشی کرد. ئەوانەی شۆڕش لەناو ئەم کۆمەڵگاو رژێمە داپلۆسێنەرانە دەکەن، خەڵکە پەراوێزو بەشمەینەتەکەن، نەوەکو موفەکیرو بیرمەندەکانی. سوریا نمونەیەکی باشە بۆ ئەوەی قسەیەک لەسەر داهاتووی ئەم ناوچەیە بکەین، ئایا ئەم شۆڕشانە دەبنە خۆراکی دەسەڵاتی کام ئایدۆلۆژیا؟ هەندێ نیشانەی دەرکەوتوون کە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی یە. بەڵام لە میصر ئەم واقیعە دەرکەوت کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە ئیسلامیە قۆرت‌و هەناسە تەنگی‌و کورتبینی زۆری تێدایە. سوریاش هەمان داهاتوو چاوەڕێی دەکات. ئەوەتا گروپێکی چەکداری بەهێزی ناو نەیارەکانی بەشار ئەسەد بەفەرمی رایگەیاند دوای نەمانی بەشار ئەسەدو روخانی رژێمەکەی ئامانجمان دروستکردن‌و راگەیاندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە. بەم رەنگە دەبێ چاوەڕێ بکەین گەلی سوریا دوای نەمانی رژێمەکەی ئەسەد، جەنگێکی دیکە بەرۆکی بگرێت لەسەر دەستورێکی عەلمانی‌و قەومی یان ئیسلامی‌و ئوصوڵی؟ نیشانەکانی ئەم جەنگە دیارن، بەڵام جەنگەکە لەبەر جەنگی روخانی بەشار ئەسەدو یان بەرگریکردن لەمانەوەی جارێ دەست پێ ناکات.

ئەوانەی دوای بەشار ئەسەد دێنە سەر حوکم، گرنگترین شت شێوەی بیرکردنەوەیانە، نەک بۆ ناوخۆی سوریا، بەڵکو بۆ ناوچەکە بەگشتی‌و ئیسرائیل بە تایبەتی، چونکە روداوەکانی ناوخۆی سوریا لە لوبنان بێ کاریگەر نابن. لە ئیسرائیل‌و تورکیاو ئێران‌و عێراق بێ

شوێنەوار نابن. لەوانەیە جەنگی نوسینەوەی دەستوری سوریایەكی تازە، بۆ خۆی وزەی شۆڕشێكی بوێت. بەرپرسەكانی داهاتووی سوریا بەرپرسیاریەتی هێجگار گەورەیان لەسەر شانە، دەربارەی هێزو وزەی ئەم بیركردنەوەیەی ڕۆحی سیستەمی سیاسی وڵات پێك دەهێنێت. داهاتوو لەبەردەم ململانێیەكی سەخت داین سەبارەت بە دارشتنەوەو نوسینی دەستورێكی تازە بۆ سوریا.

## ڕاگەیاندنەكانو واقعی سوریا

هەر لە دەستپێكی شۆڕشو دروستبوونی ناڕەزایەتی بەرامبەر بەشار ئەسەد، قسەی جدیو زۆر لەسەر كاریگەری ڕاگەیاندنەكان بەهەموو جۆرەكانیەوە دەكرا. بەرامبەر ئەوەش ڕاگەیاندنەكانیش قسەی جدیو زۆریان لەسەر سوریا هەبوو، بەڵام لەم بوارەدا زۆربەی لایەنەكان توشی كورتبینی گەورە هاتن، زۆربەی ڕاگەیاندنەكان پێشبینی ئەوەیان نەدەكرد كە بەشار ئەسەد ئەوەندە خۆی بگرێتو لەدەسەڵات بمێنێتەوە، بەگشتی لەواقعی سوریا دوو جۆر ڕاگەیاندن هەیە، ڕاگەیاندنی یەكەم هی دەوڵەتەو بەهەموو هێزێكیەوە بەرگری لە دەسەڵاتی دیمەشق دەكات، شۆڕشگێڕو ئۆپۆزسیۆنو گروپە نەیارەكان وەكو تیرۆریست وێنا دەكاتو بەتەمەنكورتو تێكشكاو بەكرێگیراو وەسفیان دەكات، بەهەموو توانایەوە ڕایدەگەیەنێت بەشار ئەسەدو ڕژێمەكەی لەم تەنگەژەیەدا سەركەوتوو دەبنو ئەم دەسەڵاتە دەمێنێتەوە، ئەم ڕاگەیاندنە سەرۆكو ڕژێمەكەی وەكو پاڵەوان دەناسێنێتو نەیارەكانیشی بەدۆڕاوو بەزیوو بەكرێگیراو باس دەكات. بەرامبەر ئەوە ڕاگەیاندنی دووەممان هەیە كە هەر لەسەرەتاوە بڵاویان كردەوە بەشار ئەسەد بەچەند هەفتەیەك خۆیو ڕژێمەكەی لەسوریا دەكەونو شۆڕش سەردەكەوێت، هێزو توانای گەلو نەیارەكانی بەعسی دەسەڵاتدار، بە پاڵەوانو ئازاو شۆڕشگێڕ وەسف دەكردو دەیكات، بەرامبەر ئەوەش هەموو ترسنۆكیو خراپیو بەكرێگیراویەك بە بەشار ئەسەدو دارودەستەكەی دەبەخشێت.

راگەیاندن لەئاستی نێودەوڵەتیو هەرێمیش بەجۆرێک لەجۆرەکان لەژێر سۆزو کاریگەری ئەم دوو جۆرە راگەیاندنەیە کە باسمان کرد. لەراستیدا بە بۆ چونی من روداوەکانی رۆژانەی سوریا ئەم راستیەی دەرخست هەر دوو جۆر لە راگەیاندنەکە لە واقعی سوریا باش حاڵی نەبوونەو دیقەتو تێگەیشتنی وردیان بۆ سوریاو روداوەکانی نیە. دەتوانم بڵێم بەهەردوو جۆرەکەیەوە بێ ئەندازە خەڵکی سوریاو ناوچەکەو جیهان لەسەر واقعی سوریا چەواشە دەکەن، لەم جۆرە سیاسەتو پەیامی چەواشەکاریەش تا هەنوکە درێغی ناکەن. وەک چۆن رەخنەی زۆر توند لەهەندێ لایەنو دەزگاو ناوەند دەگرێت، بەهەمان شێوەش پێویستە رەخنەی زۆر توند لەناوەندەکانی راگەیاندن بکرێت، هەندێ جار قوربانیدانو خوێنو ئازایەتی سوریا لەلایەن هەندێ کەناڵو راگەیاندنەوە ئیهانەی گەورەیان پێکراوە، یان لەزۆر حاڵەتدا راگەیاندنیش رۆڵی گەورەی لەتۆخکردنەوەو قوڵبونەوەی شەڕو ناکۆکیو بەردەوامی خوێن رشتندا بینیوە. بەڵام دیوی دیکەی هێجگار مەزنو شکۆمەندانە هەن کە هەندێ راگەیاندن بینیویانە لە وروژاندنو ئاراستەکردنی رای گشتی بەرامبەر بە فرمێسکی بێنازی چاوی منداڵە گەشەکانی بێ نانو ئاوی سوریا، کە تۆزو خۆڵو باروتی تەقینەوەو شەڕو کوشتنو ماڵوێرانیان لەسەر روخسارو جەستەو رۆحیان بووە، دەکرێ رەخنەی زۆرمان لەسەر راگەیاندن هەبێت، بەبێ ئەوەی دیوە شکۆدارەکەی لەکەدار بکەین.

## بەشی چوارەم: ڕاگەیاندن سەبارەت بە ڕەوشی کوردانی سوریا

ئەم بیست ساڵەی ڕابوردوو لێشاوێکی فراوانی لێکدانەوەو ڕێککەوتنی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بەخۆوە دیوە، لەهەمان کاتدا حکومەت لەدوای حکومەت لە پێناوی مانەوەی خۆیان‌و خۆپەرستیاندا ئەو مافانەیان بەجۆرێک پشتگوێ خستووەو ستەمکارییەک دژ بەتاک‌و کۆمەڵگە ئەنجام دراوە، کە زیاتر بۆ سەدەی هەژدەم گونجاوەو زۆرجاریش لەلایەن دراوسێکانی خۆیانەوە بووەو بەئاسانی لەهاوشێوەی ڕەشترین سەدەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بووە. مرۆڤ لەوە سەرسام دەبێت تۆ بڵێیت ئێمە بە شێوەیەکی سەرسەختانە بەرەو دڕندایەتی نەگەڕێینەوە.

نکۆڵیکردن لە ئازادی یەکێکە لەلایەنەکانی ئەم دەستدرێژییە. زیندانیکردن بەهۆی سیاسەتەوە کە دیاردەیەکی جیهانی بوو، هێشتا لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان شتێکی تەواو ئاساییە. بەڵام ڕۆژگارێک هەبوو کە دیموکراتخوازانی جیهان تا ڕادەیەکی باش ئەم شتانەیان بە پێشێلکاری دادەنا بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە ئەمڕۆ بەرچاو

دەکەوێت. زیندانیکردنی سەرکردە نەتەوەخوازەکان یەکێک بوو لەو بەڵگانەی کە دیموکراتخوازەکان دژ بە ئیمپریالیزم بەکاریان دەهێنا. بەڵام نەتەوەخوازەکان هەر هێندەی هاتنە سەر کورسی دەسەڵات ئیدی دەستیانکرد بە لاساییکردنەوەی گەورە داگیرکەرانیان بگرە لە وانیشیان تێپەڕاندووە.
هێشتا توندوتیژی ئاشکراگەلێک زیاتر بووەتە شێوازی ئەم سەردەمی روناکبیرییە. تۆ بیری(نازی) بخەرە لاوە، ئێمە هێشتا بڕوامان وایە هیتلەر یەکێک بووە لە گومڕایانی مێژوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەردەمە مێژووییەی کە لە ئابی ١٩٤٥دا بە لەناوبردنی پتر لە (١٠٠٠٠) دە هەزار ژاپۆنی سڤیل دەستیپێکرد، لانی کەم دوو کوشتاری سەرەکی دیکەی بەخۆوە دیوە کە ئەویش کوشتاری هاوبەشی موسوڵمانوسیخو هیندۆسە لەهیندستان، هەروەها لەناوبردنە سیستماتیکییەکەی دوو ساڵ لەمەوبەری کۆمۆنیستەکانی ئیندۆنووسیا بوو. ئەمە تەنیا تۆماری بیست ساڵە، بەڵام خراپترین بەشی پرۆسەیەکی بەردەوامی دڕندایەتی لە ئێستادا ئەوەیە کە تاڕادەیەک وەک شتێکی ئاسایی پەسەند کراوە.
لەڕاستیدا سەرسوڕمێنترین شت سەبارەت بەو دڕندایەتیە روودانەکەی نییە بەڵکو پەسەندکردنەکەیەتی. ئەو ویژدانە ئازادەی، کە سی ساڵ یان تەنانەت بیست ساڵ لەمەوبەر تا ڕادەیـەک چالاک بوو، ئێستا پێشێلکراوە بەو پێیەی ئەو شتانەی کە ئەوسا دەیانوروژاندو دەبووە کرداری تووڕەیی ئێستا بە ئاسایی وەردەگیرێت. نەوەد ساڵ بەر لە ئێستا سیاسەتوانێکی ئەوروپایی توانی بەرەو رووی وڵاتەکەی ببێتەوە لەسەر دڕندایەتیەکان لە بولگاریا، کەچی دڕندایەتیەکانی پار لە ئیندۆنووسیا زۆر بەکەمی رۆژنامەکانی جیهان یان سیاسەتوانەکانی خەریککرد.
گەلێک لە خەڵکی ئاسایی پشتگیری لەکارەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان ناکەن لە ڤێتنام، لەڕاستیدا هەر بە تەواوی لێی بێزارن، بەڵام چەند لەوان هەوڵ بۆ گۆڕانی دەدەن.
ئەو جیهانەی رۆژێک لە رۆژان گازی وەک چەکێکی نامرۆییانە قەدەغە

کردبوو، ئەو قەدەغەکردنەش ڕێگربوو تا ئەوکاتەی ئەمریکا لە ڤێتنام‌و میسر لەیەمەن‌وعێراق لە کوردستان دەستیانکرد بە بەکارهێنانی. ئێستا باس لە نابەجێی چەکە ئەتۆمیە بەهێزەکان یان ناپاڵم دەکرێت، بەڵام تەنیا دە خولەک بەفیڕۆ نادرێت بۆ قەدەغەکردنیان، وەک بەڵگەیەک بۆ ئەوەی کە بەکارهێنانیان هەڵەیە. چەند کەس بەتەنگ ئەو جینۆسایدەوەیە کە لەباشوری سودان روو دەدات، یان هەر بیستوشیانە؟ چەند لەوانەی کە دژ بەرەگەزپەرستین بەڕاستی‌و بەشێوەیەک لەشێوەکان جووڵەیەکیان کردووە بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی ئەفریقای باشوور؟

بەدەر لەچەند بەڕێزێک، ئێمە گەیشتووینەتە ئەوەی بەکارهێنانی توندوتیژیی دژ بە گەلان‌و دژ بە تاکە کەسانمان پێ پەسەند بێت. ئەشکەنجەدان، کوشتن، زیندانیکردن لەسەر سیاسەت، سەرکوتکردنی بەکۆمەڵ، بۆ گشت ئەوانە بە نائومێدییەوە دەڵێین بوونەتە ڕاستیەکانی ژیان.

کێشەی کوردانی سوریا یەکێکە لەو گشت کێشە بێشومارانەی کە لەجیهاندا هەن، کەمینەیەکی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەسی کە ١٠٪ی دانیشتوانی سوریا پێک دەهێنن‌و بەتەواوی لەسێ ناوچەی کوردنشیندا لە باکووری سوریا( جەزیرە، کورداغ‌و عەین ئەلعەرەب) دەژین‌و زۆرینەیەکی تەواو پێک دەهێنن. کوردەکان گەلێک لەمێژەوە لەخاکی خۆیاندا نیشتەجێ بوون بەر لەوەی عەرەبەکان بەرەو سوریاو میسۆپۆتامیا کۆچ بکەن. ئەوان نکۆڵی لە زمان‌و کەلتوورو رۆشنبیری و کارکردن‌و ڕێکخراوو ئازادی دەربڕینیان دەکرێت. ئەوان جیاکارییان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت‌و لە هاونیشتمانێتی بێبەش دەکرێن‌و بەکۆمەڵ رادەگوێزرێن‌و بە زۆرەملێ دەتوێنرێنەوە. ئەو سەرکوتکارییانەی حکومەتی سوریا پێچەوانەی گشت ئەم کۆمەڵە ڕێککەوتننامەو جاڕنامە نێو دەوڵەتیانەن:

١- ١٩٦٦ ڕێککەوتننامەی مافە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و کەلتووریەکان.

٢- ١٩٦٦ ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان.

٣- ١٩٦٢ بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە ڕێگرتن‌و لەناوبردنی جیاکاریی رەگەزپەرستانە، هەروەها دەمارگیریی نەتەوەیی‌و ئایینی.
٤- ١٩٦٠ جاڕنامەی مافی نەتەوەکان بۆ خۆ بڕیاردان لە چارەنووس.
٥- ١٩٦٦ ڕێککەوتننامەی لەناوبردنی گشت شێوەکانی جیاکاریی رەگەزی.
٦- ١٩٥٩ ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی(ILO) سەبارەت بە جیاکاری لەدامەزراندندا لەسەر کارو پیشە.
٧- ١٩٥٩ جاڕنامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ مافەکانی منداڵ.
٨- ١٩٤٨ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.
٩- ١٩٤٨ ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن لە تاوانی جینۆسایدو سزادانی.
١٠- ڕێککەوتننامەو ئامۆژگاری یونیسکۆ دژ بە جیاکاری لە پەروەردەدا.
١١- رەشنووسی بنەماکانی مافی هەر مرۆڤێک کە دوور بێت لە گرتن‌و دەستبەسەرکردن‌و دوورخستنەوە (نفی) ی ستەمکارانە.
١٢- رەشنووسی ڕێککەوتننامەو رەشنووسی جاڕنامەی ئازادی زانیاری.
بەڵام ئایا نەتەوەیەکگرتوەکان‌و کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ‌و کۆمسیۆنە لاوەکییەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ڕێگرتن لە جیاکاری‌و پاراستنی کەمینەکان، یان رای گشتی زۆربەی جیهان لەو رووەوە هیچیان کردووە؟ ئێمە گومانمان هەیە.
وا دیارە دەشێت ئەوە باشتر بێت بۆ جیهان کە نەتەوەیەکی بچووکی وەک کورد لەناو ببرێت. هەر هیچ نەبێت ئەوە کێشەیەک کۆتایی پێدەهێنێت. ئیدی گرنگ نییە ئەوە بە چ شێوەیەکی دڕندانەو بێبەزەییانەو ناڕەوا ئەنجام دەدرێت.
خودی کوردەکان لەسوریا ناتوانن بەرەنگاری چەوسێنەرەکانیان ببنەوە لە ڕێی شۆڕشی چەکدارییەوە، یان دایەلۆگی مەدەنیەوە ....

بزاڤێکی لەوجۆرە دەشێت لەلایەن حکومەتی سوریاوە وەک بیانوویەک بەکاربهێنرێت تاوەکو بە ئاشکرا کورد بنبڕ بکات لەبری ئەوەی بەزۆر بیانتوێنێتەوە.
لەکاتێکدا ئەم داواکارییە دەخەینە بەر ویژدانی جیهان، لەوەش دڵنیاین کە هیچ شتێکی ئەوتۆ ناکرێت، بەڵام هێشتا هەر بە هیوای فشاری بەردەوامین لەلایەن میهرەبانە خاوەن ئاکارەکانەوە، ئەوانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان بە مرۆڤانە هێشتۆتەوە تاوەکو ئەوە پیشانی شۆڤێنیە هەرزەکارەکانی حکومەتی سوریا بدەن کە هەرگیز هەموو شتێکیان بۆ ناچێتە سەر.
ئەوەی سەیرو سەمەرەیە لەرەوشی کوردانی سوریادا ئەوەیە کە ئەوان بەخراپترین شێوە گیرۆدەن بەدەست ئەوەی کە بەناو پێی دەگوترێت حکومەتی سۆشیالیستی پێشکەوتنخواز. ئێمە ئەوە دەدەینە دەست خوێنەرە بابەتیەکان کە لەرێی ئەم گێڕانەوە کورتانەی ئەو چەندین ستەمکارییانەی کە دژ بە کورد کراون، لەنێویشیاندا ئەو بابەتەی کە لە رۆژنامەی حیزبی حوکمڕانی سوریادا بلاوکراوەتەوە، بڕیار لەوە بدەن ئاخۆ ئەوانە بەهیچ جۆرێک پەیوەندیان بەهیچ نیشانەیەکی بیروباوەڕو ستاندەرەکانی سۆشیالیزمەوە هەیە بەدەر لە سۆشیالیزمی نەتەوەیی. سەبارەت بەوەی کەخۆیان بەهەڵگری پرەنسیپە سۆشیالیستەکان دادەنێن، ئێمە تەنیا ئەم دەقە وەرگیراوەی لینین دەهێنینەوە (ئێمە بڕوامان وایە ئەوان زۆرجار خۆیان وەها پیشاندەدەن کە پەیڕەوکاری ئەون)، ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی ئەو دەمامکە لەسەر روویان داماڵرێتو کردارە فاشییەکانیان ئاشکرا بکات: « ئەو سۆشیالیستەی کە سەر بە نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتەو پشتگیری لەمافی نەتەوە چەوساوەکان نەکات بۆ جیابوونەوە نە لەکاتی ئاشتیو نە لەکاتی جەنگدا، ئەوە نە سۆشیالیستەو نە ئینتەرناشنالیستە، بەڵکو شۆڤێنییە».
لە ڕاستیدا، ئەوە رۆژێکی ناخۆش بوو بۆ گشت عەرەبە نەتەوە پەروەرە نموونەییە دانپیادانراوەکان، کاتێک ئەو نەتەوە پەروەرییە

بەو جۆرە فراوانبوو کە نەتەوەپەروەری‌و کەلتوورو مافەکانی مرۆڤی کورد قووتبدات. ئەگەر عەرەبەکان بڕوایان بەمافی سروشتی خۆ بڕیاردان لەچارەنووس بۆ گشت گەلان هەیە، ئەوا چۆن بەشێوەیەکی ئاکاری پاساو بۆ ئەو کارانەی حکوومەتی سوریا دەهێننەوە؟

ئەوەی خوارەوە کورتە باسێکی ئەو چەندین دڕندایەتیانەن کە دژ بە کورد کراوە لەلایەن حکومەتە جۆراوجۆرەکانی سوریاوە لەنێوان ١٩٥٩-١٩٦٧ دا .

ا- لەهاوینی ١٩٦٠ دا حکومەتی سوریا زیاتر لە (٧٠) نیشتمانپەروەری کوردی گرت، کە زۆربەیان ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کورد بون، بەبێ هیچ هۆیەک بەدەر لە دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردییەکان‌و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو نامیلکە کوردییە نهێنیەکان. ئەو گیراوانە ماوەی شەش مانگ ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی ناڕەوابوونەوە. بەرلەوەی کە بە ئاشکرا دادگایی بکرێن. لەهەمانکاتدا سەدان کورد خۆیان لەکێڵگەو چیاکان‌و گوندەکاندا شاردبووەوە تاوەکو خۆیان لەدەست چەوساندنەوە ڕزگار بکەن.

ب- نزیکەی دە نیشتمانپەروەری کورد لەسەرەتای ١٩٥٩ تاوەکو کۆتایی ١٩٦١ بەبێ دادگایی کردن لەزینداندا مانەوە بەهۆی بڕوابوونیان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

ج- لەنێوان مانگی ئەیلوولی ١٩٦١و کانوونی یەکەمی ١٩٦٢دا پتر لە پێنج سەد کورد، کە لەناویاندا (١٠٠) قوتابی منداڵ هەبوون، گیران‌و خرانە بەر ئەشکەنجە بەبێ هیچ تۆمەتێک‌و بەبێ دادگایی کردن.

د- لەساڵی ١٩٦٢ بەدواوە، ساڵانە سەدان کورد دەگیرێن لە ٢١ی ئازاردا، کە ڕۆژی نەتەوەیی کوردو ڕۆژی جیهانی لەناوبردنی جیاوازی ڕەگەزییە.

ە-لەهاوینی ١٩٦٢دا، سیاسەتێکی جیاکاریی بێبەزەییانە لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێکرا پلانی ورد داڕێژرا (واتە پشتێنەی عەرەبی) و دەبێت لەلایەن هەر حکومەتێکی سوریاوە پەیڕەو بکرێت کە دەسەڵات دەگرێتە دەست بۆ تواندنەوەی کورد بەشێوەی زۆرەملێ لەڕێی

راگواستنی بەکۆمەڵو ڕەگەزنامە لێسەندنەوەو دابەشکردنی زەوی بەسەر عەرەبەکاندا، بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو پلانەش لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا سەرژمێریێکی گشتی دانیشتوان بۆ ناوچە کوردییەکان (تەنیا لەجەزیرە) ئەنجامدرا.

رژێمی بەعس، ئازاری ١٩٦٣

-لەکاتی شاڵاوەکەی بەعسەوە دژ بە کوردانی عێراق(حوزەیرانی ١٩٦٣)، حکومەتی بەعس لەسوریا کارێکی کرد کە ئیدی دانیشتوانی کورد لەسوریا نەتوانن ژیان ببەنەسەر، کاتێک کە لەرێی یاسای باری نا ئاساییەوە ماڵان دەپشکنن‌و لەهەر کاتێکی رۆژو شەودا خەڵکی دەگرن‌و دەتۆقێنن.

- هەر منداڵێکی کورد کە لەدایک دەبێت رەگەزنامەی پێ نادرێت ئەگەر ناوەکەی ناوێکی عەرەبی نەبێت.

-هەر کوردێک ئەگەر کتێبێکی کوردی هەبێت یان هەر کتێبێک سەبارەت بە کورد بێت بەهەر زمانێک، تەنانەت ئەگەر کتێبێکی (ئەلفوبێ)ش بێت، ئەو کەسە سزا دەدرێت‌و لانی کەم بۆ ماوەی یەک ساڵ زیندانی دەکرێت.

-کرێکارانی کورد لەکارەکانیان دەردەکرێن و وەک ئەندام لە یەکێتییە بازرگانیەکاندا وەرناگیرێن لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوان عەرەب نین.

- لەساڵی ١٩٦٦دا پتر لە ١٥٠ کورد داواکارییان پێشکەشکرد بۆ ئەوەی لە خوێندنگەی پێگەیاندنی مامۆستایان وەبگیرێن، هیچ کام لەوانە وەرنەگیران لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوان عەرەب نین.

-خوێندکارانی کورد لەریزی یەکێتی خوێندکارانی نیشتمانی سوریادا وەک ئەندام وەرناگیرێن، بۆ نمونە لە حەسەکە (٢٨) داواکاریی بە ئەندام بوون بۆ یەکێتی خوێندکاران رەدکرایەوەو هێڵی سوریان بەسەردا هێنرا لەبەر کوردبوونیان.

-بەخشینی کورسی خوێندن بۆ خوێندکارانی کورد رەد دەکرێتەوە.

-کوردەکان تەنانەت رێی ئەوەشیان پێنادرێت بچنە قوتابخانەی

سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و ئامادەییەکانیان.
-جوتیارە کوردەکان رێیان پێنادرێت ببنە ئەندام لە رێکخراوەکانی جوتیاراندا.
-رێ بە کوردەکان نادرێت لە بۆنە کەلەپووری‌و نەتەوەییەکانیاندا ئاهەنگ بگێڕن، خۆ ئەگەر بە نهێنیش ئەوە بکەن، ئەوسا بەسەدانیان لێ دەگیرێت.
-کوردەکان لە کۆلیجە سەربازییەکان وەرناگیرێن‌و ئەوانەشیان کە خۆیان ئەفسەربوون دەرکراون. گەلێک حالەتی دەرکردن هەیە لە پلەکانی خوارەوەی سوپادا بە پلە تایبەتیەکانیشەوە بەبێ بوونی هیچ هۆیەک بێجگە لە کورد بوون.
- گەلێک فەرمانبەری کورد کە لە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی حکومەتدا دامەزرێندراوبوون دەرکراون‌و ئەو ژمارە زۆر کەمەی کە ماون بۆ ناوچە جیاجیاکانی سوریا دوور خراونەتەوە.
-لەساڵی ١٩٦٣ وە تاوەکو ئێستا ژمارەیەک بۆ دامەزراندنی مامۆستا بە توانا کوردەکان لەلایەن حکومەتەوە بوونی نیە هەر چەندە بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی ئەو مامۆستا بە توانایانە زیادیکردووە.
-ناوچە کوردییەکان بەدەستی ئانقەست پشتگوێخراون‌و هیچ پلانێکی گەشەکردنیان نییەو دانیشتوان خراونەتە بەر هەڕەشەی برسێتی‌و نەخۆشی‌و خراپترین بارودۆخی ژیان.
-جوتیارانی کورد بێبەشکراون لە سوودەکانی سیستەمی چاکسازی کشتوکاڵ. ئەوان لە گوندەکانیان دەرکراون کە هەندێکیان لەرێی یاسای چاکسازی زەوی ساڵی ١٩٥٩ دا بەدەستهاتبوون.
-لەشوباتی ١٩٦٤دا، لەشاری (عەین ئەلعەرەب) ی کوردی سەد کورد بەبێ هیچ بنەمایەک گیران‌و لەزیندانی ناوخۆدا بەشێوەیەکی ترسناک ئەشکەنجەدران‌و قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەلایەن سوپاوە راگەیەندرا بە بیانووی ئەوەی گوایە کوردەکان راپەڕینیان کردووە، بەهاندانی هەواڵگرانی خۆیان. لەو ١٠٠ کەسەی کە گیرابوون زۆربەیان چەند هەفتەیەک دواتر ئازادکران لەکاتێکدا ئیبراهیم عەبدۆو محەمەد مستەفا

بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ لەزینداندا مانەوە.
-لە شوباتی ١٩٦٤دا، لەگوندی (میراتێ) کە دانیشتوانەکەی کوردن، مامۆستایەکی عـەرەب هەبوو، بەناوی (سەمیر جابری) ەوە. ئەو مامۆستایە بارودۆخی ژیانی خۆی لە قوتابخانەی ئەو گوندە بچووکە پێ خۆش نەبوو، رۆژێک دەچێتە بنکەی پۆلیسی گوندەکەو پێیان دەڵێت گوایە لەلایەن گوندنشینەکانەوە هێرشی کراوەتەسەر (بەو هیوایەی کە بگوێزرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر) . لەراستیدا شتێکی لەوجۆرە روونەدابوو، ئەفسەری پۆلیسەکەی ئەوێ لەبری ئەوەی لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکات دەچێتە ناو گوندەکەو بەشێوەیەکی رەمەکی دەستدەکات بە لێدانی هەر کەسێک کە تووشی دێتو هەرچی وشەی بێرێزیو ناشارستانیانەش هەیە پێیان دەڵێت. پاشان دوان لەژنەکان دەهێنێت بۆ ماڵی موختاری گوندەکەو لەبەردەم گوندنشینەکانی تردا بەشێوەیەکی دڕندانە دەست بە لێدانیان دەکاتو بە شوڵک دەکێشێت بە بنی پێیاندا.

### سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی( الحزام العربی)

ئـەم سیاسـەتە لـەلایـەن ئـەو حکومەتەوە دەستپێکرا کە لـەدوای لێکدابڕانەکەی سوریاو میسر لە ئەیلوولی ١٩٦١دا فەرمانڕەوایی گرتە دەست. ئامانجی ئەم سیاسەتە داڕشتنی پلانێک بوو کە دواتر لەلایەن گشت حکومەتەکانی دوای خۆی لەسوریا پەیڕەو بکرێت. بۆ توانەوەی زۆرە ملێی کوردەکانو لەناوبردنیان لەرێی راگوێزانیان بە کۆمەڵو لێ سەندنەوەی رەگەزنامەو دابەشکردنی زەویو زارەکانیان بەسەر خێڵە عەرەبەکانداو کۆچکردنی ئەوانی دیکەیان بۆ ناوچە نیمچە بیابانەکان لەناوەوەی سوریا.
لە ١٩٦٢/٦/٢٣ دا، ئەم حکومەتە بڕیاری یاسای ژمارە ٩٣ی دەرکرد بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریکی نا ئاسایی تەنیا لەناوچەی کوردنشینی جەزیرە. ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ دروستکردنی ئامارێک بوو بۆ جێبەجێکردنی پلانی (پشتێنەی عەرەبی).

تاقمە حوکمڕانەکەی ئەمڕۆ ئەنجامە ساختەکانی ئەو سەرژمێرییەی خستووەتە کار. سەرەتا لەڕێی دەرکردنی بڕیارێکی تایبەتەوە لە ١٩٦٦/٤/١٠ دا بۆ دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان. دووەم، پتر لە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کورد لە رەگەزنامەکان بێبەشکران لەبەرئەوەی کە ئەوان لە تۆمارگە مەدەنییەکانی بەر لە ساڵی ١٩٢٤دا تۆمار نەکرابوون. سێیەم، سەپاندنی ئابڵووقەیەکی ئابووری لەسەر ناوچەکە، چوارەم، گرتنی هەڕەمەکی کوردەکان بەبێ هیچ هۆیەک بەڵکو هەر تەنیا بۆ ترساندنیانو ناچارکردنیان بۆ ئەوەی سوریا بەجێبهێڵن. ئەوەبوو لە ١٩٦٦/٨/٢١دا (١٥٠) کورد لە گشت پیشەو توێژێک، بۆ زیاتر لە نۆ مانگ بە بێ هیچ تۆمەتێکو بەبێ دادگاییکردن زیندانیکرانو ئەشکەنجەدران.

زۆربەی کوردەکانی ئەم ناوچەیە وەک (بیانی) یان(پەنابەر) راگەیاندرانو گەلێک خێزان لێکدابڕان. ئەم کەیسانەی لای خوارەوە بەشێوەیەکی رەمەکی هەڵبژێردراون چونکە هەزاران لەو کەیسانە هەن: بۆ نمونە:

حوسەین داود خەڵکی (حەرام حەسەن) هاونیشتمانیە، بەڵام باوکو دایکو براکانی بە بیانی لە قەڵەم دراون. ئەحمد شۆسی خەڵکی (قامیشلۆ) هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەی بە بیانی لەقەڵەم دراون. هەندێک لە کوڕانی مەلا تاهیر بە بیانی دانراون، لەکاتێکدا خۆی رەگەزنامە سورییەکەی پارێزراوە. گەلێک کەس لەوانەی کە لەهێزەکانی سوپادا خزمەتیان کردووە یان گەلێک لەوانەی خوێندنی دواناوەندییان واز لێهێناوە بە بیانی دانراون. بۆ نمونە جەمیل میکران پارێزەرەو مامۆستای قوتابخانەی شەو لەیەکێک لە لیژنەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٦٢ دا کاری کردووە، ئەو لەرەگەزنامەکەی بێبەشکراوەو بە بیانی دانراوە. هەندێکجار تەواوی دانیشتوانی گوندێک لە رەگەزنامە بێبەشکراون، بۆ نمونە گوندی (حاجی حەسار) نزیکەی( ٥٠٠) کەس، گوندی( هیلالی) نزیکەی(١٥٠٠) کەس، هەندێک گوند لە (غەزالکە) (هۆزی سپی) و هەندێکی دی لەنزیک (قامیشلۆ) بۆ تورکیا دەرکران.

بەڵام کاربەدەستانی تورکیا ڕێیان پێنەدان لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوانە هاووڵاتی ئەو نین.
لەراستیدا سەرژمێرەکە ئەوەی پیشاندا کە ڕێژەی ئەو عەرەبانەی کە لە ساڵی ١٩٢٤دا تۆمارنەکراون، گەلێک زۆرترن لەو کوردانەی تۆمار نەکراون. بەڵام حکومەت بڕیاری بەردەوام بوونی لەسەر پلانە پیسەکەی داوەو دەڵێت لە لیژنەکانی سەرژمێرییەکەدا فەرمانبەرانێک هەبوون کە لەگەڵ کوردەکاندا هاوسۆز بوون. لە ١٩٦٦/٨/٢٨دا ئەوەیان راگەیاند کە وەزارەتی ناوخۆ خۆی لێکۆڵینەوە لە لیستەکان دەکات. ئەوەش بووە هۆی وەرگرتنەوەی رەگەزنامە لە (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار کوردی تر.
ئەمانەی خوارەوە ئەو ڕووداوانەن کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن حکومەتەوە هاندەدران بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی:
-شێخ دەحام ئەلهادی سەرۆک هۆزی شەممەر بە پشتیوانی حکومەت، ئەم سێ گوندەی کوردەکانی بەزۆر لە خاوەنە یاساییەکانی داگیرکرد( شەبەک، ئابراو کافردینا) و چوار جوتیاریان کوشتو چواریشیان بریندار کرد بە بێ ئەوەی سزا بدرێن یان تەنانەت لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا بکرێت.
-حکومەت هۆشداری داوەتە دانیشتوانی ١٠٠ گوندی کوردنشین لەسەر سنوور (شریتێکی ١٥ کیلۆمەتری) کە گوندەکانیان چۆڵ بکەن. بەڵام حکومەتە شۆشیالیستەکە!!هێندە بەخشندەش نەبوو پێیان بڵێت بۆ کوێ بچن؟ یان چۆن؟ هەروەها بەبێ ئامادەکردنی کامپی پەنابەران بۆیان هەرچەندە دووریش بێت.
-جوتیارەکانی گوندی (عەلی فەرۆ) لەلایەن کۆمسیۆنی چاکسازی زەوییەوە ڕێیان پێنەدرا زەوییەکانیان بکێڵن چونکە گوندەکەیان (پشتێنەی عەرەبی) دەیگرێتەوە.
-لەساڵی ١٩٦٧ دا حکومەت زەوی لەجوتیارە کوردەکانی گوندەکانی (تەل جیمال) و (گرکافک) و(گر زیارەت) سەندەوە. ئەو زەوییانە لەساڵی ١٩٥٩دا بەپێی یاسای چاکسازی زەوی بەسەریاندا دابەشکرا

بوو،دواتر حکومەت زەوییەکانی دا بە شێخێکی دەرەبەگی عەرەب.
-لەمانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٧ دا جوتیارە کوردەکانی گوندی (خەراب کورت) نزیک قامیشلۆ زەوییەکانیان لێ قەدەغە کرا لەبەرئەوەی (پشتێنەی عەرەبی) دەیانگرێتەوە، پاشان زەوییەکانیان لەلایەن خاوەن زەوییەکی گەورەی عەرەبەوە (جۆرج زیرینب) لە کۆمسیۆنی چاکسازی زەوی بەکرێگیرا. لەکاتێکدا ئەو کۆمسیۆنە قاییل نەبوو پێشوازی لە نوێنەرانی جوتیارەکان بکات.
مرۆڤ سەری لەوە سوڕ دەمێنێت ئاخۆ دەبێت ئەمە چ جۆرە سۆشیالیزمێک بێت کە پشتگیری لە دەرەبەگەکان دەکات دژ بە جوتیاران.
گەلێک گوندی دیکەی هاوشێوە هەن کە خاوەنە یاساییەکانیانی لێ بێبەش کراون‌و زەوییەکە لە لایەن کۆمسیۆنی چاکسازیی زەویشەوە بەکارناهێنرێت. ئەو زەوییانە یان بەکرێ دراون بەخاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان، یان بە بەیاری هێڵراونەتەوە، لەکاتێکدا جووتیارە کوردە هەژارەکان بە برسێتی ماونەتەوەو لەبارودۆخێکی مەترسیداردا دەژین.
- لە ١٩٦٦/١٢/٢٥ دا جووتیارە کوردەکان شاندێکیان نارد بۆ ئەوەی چاویان بە سەرۆک کۆمار بکەوێت‌و سکاڵا لەدەست ئەو مامەڵە رەق‌و ناڕەوایە بکەن، کە رووبەڕووی دەبنەوە. سەرۆک قایل نەبوو بیانبینێت‌و تەنانەت سکاڵانامەکەشیان لێوەرنەگیرا.
- لەساڵی ١٩٦٥ دا بەڕێوەبەری ناحیەی (جەل ئاغا) کە شارۆچکەیەکی کوردنشینە ژمارەیەکی زۆری لە جووتیارەکان گرت(لەناویشیاندا هەندێک ژن هەبوون) بەڕووتی پێکەوەیان بەستنەوەو دڕندانە دەستیان بە لێدان‌و ئەشکەنجەدانیان کرد.
- لە ١٩٦٦/٦/٧دا بەڕێوەبەری ناحیەی (ئامودا) لە دەمەو بەیاندا بە بیانووی گەڕان بەدوای قاچاغچیدا هەڵیکوتایە سەر چەندماڵێک‌و دەرگاو پەنجەرەکانیان شکاندن‌و بەقیژەو هاواریان منداڵانیان تۆقاند، پاشان ئەم کەسانەی بەخۆیان‌و هاوسەرەکانیانەوە گرت: ( عیزەدین

جەلی، بەشیر جوان، خەلیل کالکەن، محمد عەلی باشی، محەمەد سەبوحە) و بردنیان بۆ زیندانی شارەکەو لەوێ پێکەوە خستنیانە بەر ئەشکەنجە، پاشان سەری ژنەکانیان تاشی.

– هەر لە دەوروبەری ئەو رۆژەدا، لەساڵی ١٩٦٦ دا، ئەفسەری گومرگ ژنێکی لە (دەرباسیە) کوشت، لەکاتی پشکنینی ماڵەکەیدا، دوای ئەشکەنجەدانی بە خراپترین شێوە.

نوێترین پێشهاتەکان تا ئەیلوولی ١٩٦٧:

–سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی فراوانتر کرا، بەجۆرێک کە ناوچە کوردییەکانی (کورداغ)و (عەین عەرەب)و شارۆچکە کوردەکان بگرێتەوە.

–لەحوزەیرانی ١٩٦٧دا، رۆژنامەی (الثورة) بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی بڵاوکردەوە دەربارەی گۆڕینی ناوی سێ گوندی کوردنشین بۆ عەرەبی، بەو پێیە:

(تەل جیهان) کرا بە (تل جهاد)

(شۆرک) کرا بە ( الیرموک)

(چاغر بازاڕ) کرا بە (حطین)

(بێگومان ئەوە دەستکەوتێکی مەزن بوو بۆ نەتەوەی عەرەب!)..

– خێزانە جووتیارەکان دەستیانکردووە بە کۆچکردن بۆ تورکیا، بۆ نموونە خالید بەدر، هەروەها موسلیمو هیلۆو بۆسۆ دودکی (سێ بران) لە گوندەکانی دەوروبەری (سەری کانی) و حاجی محمد سەعدو خەڵکی (تەل عەبود) نزیک دەرباسیەو ئاکاش (هۆبکانلی) نزیک (ئەفرین).

– ئەو نووسینگە نوێیەی کە بۆ بەرژەوەندییە کشتوکاڵیەکان لە حەسەکە لەلایەن کۆمسیۆنی چاکسازی زەوییەوە پێکهێنراوە، دەستیکردووە بە کێڵانی ئەو زەوییانەی کە دەستیان بەسەردا گیراوە لە سنووری (پشتێنەی عەرەبی) دا، هەروەها زەوییە (بەیار)ەکانیشی کێڵاوە بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە لەوەرگەیان بۆ ئاژەڵەکانیان نەبێتو واز لە ئاژەڵداری بهێنن کە ئەوە بۆ بژێوییان پێویستیەکی گرنگە.

**بابەتەکەی رۆژنامەی (الثورة):**
ئەمەی لای خوارەوە دەقی ئەو بابەتەیە کە لەناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری ١٩٦٦دا لە ژمارە (١١)ی رۆژنامەی (الپورە )دا بەناوی وتەبێژی سەرکردایەتی نێودەوڵەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بڵاوکراوەتەوە. خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات کە بەعسیەکان وەک هەوڵێکی نا ئومێدانە بۆ خستنەڕووی سیاسەتە رەگەزپەرستانەکەیان بەجۆرێک کە تا ئەوپەڕی لەلای خەڵکی پەسەند بێت، سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی وەک (پێشنیاری دامەزراندنی کێڵگەکانی دەوڵەت لە جەزیرە) ناو دەبات.
**دەقی بابەتەکە:**
**(پێشنیاری دامەزراندنی کێڵگەکانی دەوڵەت لە جەزیرە)**
ئەو مەترسیانەی کە لە رابردووداو لە ئێستاشدا هەڕەشەن لەسەر نەتەوەی عەرەبمان لە باکووری عێراق لەچەند ساڵی پێشوودا هەمووی لە پارێزگای حەسەکە کۆبووەتەوە. ئەو مەترسیانە(هەڕەشانە) ئیمپریالیزم دروستیکردوون. ئەوە شتێکی گەلێک پێویستە کە چارەسەری ئەو کێشەیەی ئەوێ بکرێت کە لەلایەن حکومەتەکانی پێشووەوە پشتگوێ خرابوو، نەشیانتوانیبوو چارەسەرێکی ریشەیی بۆ بدۆزنەوە. لەبەرئەوە ئێمە ئەو راپۆرتەی نووسینگەی نیشتمانی جوتیاران دەخەینەروو سەبارەت بەو رێکارانەی کە جێبەجێکراون‌و ئەو ئامۆژگارییانەی کە بۆ داهاتووی نزیک کراون:
لەنێوان ١٣-٢٩/ ١٩٦٦/١١ هەڤاڵ نەعیم جمعە لەلایەن نووسینگەی نیشتمانی جوتیارانەوە نێردرا بۆ پارێزگای جەزیرە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی راپۆرتی لقی حیزب لەجەزیرە سەبارەت بە هێڵە سەرەکیەکانی دامەزراندنی کێڵگەکانی دەوڵەت لەجەزیرە لەگەڵ سەرکردایەتی ناوخۆیی‌و هەڤاڵ پارێزگار وەک بەرپرسی دامودەزگای کارگێڕیەکان. لەدوای گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتەکە ئەوە ئاشکرا بوو کە گەلێک گرنگە لە ١٩٦٦-١٩٦٧دا زەوییە دەستبەسەر داگیراوەکان‌و موڵکەکانی دەوڵەت سوودیان لێوەربگیرێت.

راپۆرتەکە بەردەوام دەبێت لەسەر ئەوەی کە بیرۆکەیەک سەبارەت بە لایەنە سروشتیو بەرهەمهێنەریو کۆمەڵایەتیو سیاسی پارێزگاکە پێشکەش بکات.

**لایەنە سیاسییەکانی پارێزگاکە:**

دەرەبەگایەتی دیاردەیەکی ئاشکرایە لەم ناوچەیەداو پەیوەندی هەیە لە تەک ئیمپریالیزمدا، هەروەها لەبەرئەوەی شوێنەکانی ناوچەکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوانەی تێدا نیشتەجێن کە عەرەب نین، بە تایبەتیش کورد کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر سنوری باکوورمان بەپشتگیری ئیمپریالیستەکان، هەروەها دەشێت پیلانگێڕیو سیخوڕی بە ئاسانی روو بدەن بەهۆی سروشتی سنورەکەمانەوە، بەهۆی ئەوەشەوە کە ئەو ناوچانەی لەعێراقو تورکیاوە پێوەی نووساون کوردیان تێدا نیشتەجێیە، ئێمە تاوەکو ئەوپەڕی بە پێویستی دەزانین کە ناوچەکە (بەعەرەب بکرێت)و ئەوەش تاکە رێکارێکی ئەمنییە بۆ پاراستنی سنورەکانمانو لەرێی ئەوەشەوە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت. بەگشتی مرۆڤ دەتوانێت بەدڵنیایەوە پێداگیری لەسەر ئەوە بکات کە بە ئاسانی هاتنە ناوەوە لەسنووری نێوان ئێمەو تورکیاوە، دەبێتە هاندەر بۆ سیخوڕیو کۆچکردنێکی زۆرتری کوردەکان لەتورکیاوە، هەروەها لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە لەتورکیاشدا کوردی تێدا نیشتەجێیە ئەوە دەبێتە هەڕەشەو مەترسیەکی بەردەوام لەسەر نەتەوەی عەرەبی مەزنمان بەتایبەتی ئەو ناوچەیە تەواو لەرووی کشتوکاڵیەوە گرنگە، هەروەها لەرووی پیشەسازیشەوە لەدوای دۆزینەوەی نەوت.

**ئەو رێکارانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆو حیزبەوە لەم دواییانەدا گیراونەتەبەر:**

١- هەڤاڵ بەرپرسی سەرەکی کارگێڕی (پارێزگار)، بەر لە وەرزی زەوی کێڵانو تۆوچاندن، هۆشدارییەکی بۆ دانیشتوانی پشتێنەکە دەرکردووە کە نابێت زەوییەکان بەکاربهێنن.

٢- نووسینگەی دەستبەسەراگرتنی زەوی‌و موڵکەکانی دەوڵەت لەناوچەی پشتێنەکەدا نەخشە روو پێویەکانی کێشاوە کە دەبێت بدرێن بە سەرکردایەتی نیشتمانی حیزب.
٣- نووسینگەکانی چاکسازی زەوی پلانەکان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی (٤٠٠٠) خێزان لەپشتێنەکەدا گوندەکانیان چۆڵ بکەن، بۆ ئەو شوێنانەی کە لە دەرەوەی پشتێنەکەن. ئەوەش دەتوانرێت بە ئاسانی و بەبێ کێشە ئەنجام بدرێت. هەروەها نزیکەی (٥٠٠٠) خێزان کە خاوەنی خانووبەرەن‌و ناتوانرێت بە بێ قایلکردن‌و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی لەلایەن حکومەتەوە رابگوێزرێن. (٢٥٠) هەزار بیانیش هەن(بەپێی دەرەنجامی سەرژمێریی ١٩٦٢). بیروڕای حیزب‌و دەسەڵاتدارانی ناوخۆ سەبارەت بەو بیانییانە ئەوەیە کە بە گشت شێوەیەک هەراسان بکرێن‌و کێشەیان بۆ دروست بکرێت، بۆ رێگریکردن لە نیشتەجێبوونیان لەنزیک سنووروو توندوتیژیان لەدژ بەکاربهێنرێت‌و کاریان بۆ دابین نەکرێت‌و وەک رێپێدراوی نیشتەجێی کاتی تۆمار بکرێن، کە بەرە بەرە ئەو رێپێدانە هەڵبوەشێندرێتەوە بۆ ئەوەی لەماوەی پێنج ساڵدا ناچار بکرێن کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی سوریا.
٤- حیزب‌و یەکێتی جووتیاران هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی ئەو عەرەبانە بدۆزنەوە کە بەپەرۆشەوە بڕوایان بە نەتەوایەتی عەرەب هەیە، تاوەکو لە پشتێنەکەدا وەک چەکدار کار بکەن.
٥- رێکخستنی سیمنیاری گشتی تاوەکو ئەوە بۆ دانیشتوان روون بکەنەوە، کە بڕیارەکە ژیرانەیە. هەروەها سەبارەت بەو هەڕەشانەی کە لەناوچەکەدا دەبنە مەترسی لەلایەن دەرەبەگایەتی‌و ئیمپریالیزمەوە.
لەدوای ئەو لێکۆڵینەوانەی لای سەرەوە، نووسینگەی نیشتمانی جوتیاران ئەم شتانەی لای خوارەوە رادەگەیەنێت:
ا- هەرچەندە ئەو هۆشدارییەی کە کاربەدەستانی ناوخۆ داویانە بە دانیشتوان، ئەرکەکەیانی ئاسانکردووەو بیروبۆچوونیان وەهایە کە خاوەن زەوییەکان قەرەبوو بکرێنەوە، لەڕێی گۆڕینەوەی ئەو

زەوییانەی کە موڵکی حکومەتن لەجەزیرە، لە بەرامبەر بەو گوندانەدا کە موڵکی تایبەتن. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو گوندانەی دەستیان بە سەردا گیراوە (٣١٩) گوندن و ئەو گوندانەی کە موڵکی حکومەتن تەنیا (٦٦) گوندن، دەشێت ئەوە گەلێک کێشە دروست بکات. بۆیە ئێمە وەک نوسینگەی نیشتمانی جووتیاران ئەم پێشنیارانە دەکەین:

١- دەرکردنی بڕیارێکی حکومەت بۆ ئەوەی گشت ناوچەکە دەستی بەسەردا بگیرێت و حکومەت ئەو زەوییانە بەکاربهێنێت بەهەر شێوەیەک کە پێی گونجاو بێت، چونکە بارودۆخەکە بەمجۆرەی ئێستا راناگیرێت و ناشبێت ئەو گوندانەی کە موڵکی حکومەتن بگۆڕدرێنەوە بەو گوندانەی کە موڵکی تایبەتن بەتایبەتی ئەو گوندانە هی کەسانێکن کە عەرەب نین.

٢- گۆڕینی سروشتی نیشتەجێی ناوچەکە لەرێی راگوێزان و گۆڕینی ریشەیی سروشتی نا عەرەبی ئەو ناوچەیەی کە نووساوە بەسنوورەوە.

تێبینی لەسەر بابەتەکە:

پێویست بەوە ناکات بابەتەکە سەرکۆنە بکرێت، چونکە خۆی خۆی سەرکۆنە دەکات بەهۆی ئەو گشت راستییە شێوێنراوە حاشا هەڵنەگرانە کە تێیدایە:

- لەگشت مێژووی سوریادا یەک تاکەکەسی سیخوڕی لەناوچەکەدا بۆ هیچ هێز یان دەوڵەتێک نەبووە.

- لەساڵی ١٩٥٤ەوە سروشتی سنووری نێوان سوریاو تورکیا یەکێک بووە لە پارێزراوترین شوێنەکان بۆ رێگرتن لەجموجۆڵی دانیشتوان و لە پەیوەندی نێوان کوردانی هەردوو دیوی سنوور. ئەو سنوورە یەکێکە لەپتەوترین سنوورەکانی جیهان، لەبەرئەوەی هەر لە ساڵی ١٩٥٤ەوەو بەدرێژایی سنووری نێوان سوریاو تورکیا سێ هێڵی تەلی دڕکاوی دانراون، لەنێوانیشیاندا لوغم چێندراوە، بۆیە هەڵخەڵەتاندن سەبارەت بە سیخوڕی و کۆچکردنی کورد بۆ سوریا تەواو بێ بنەمایە.

- هێندەی کە پەیوەندی بەو تۆمەتبارکردنە سەمەرەوە هەیە، کە

دەڵێت کوردەکان هەمیشە پەیوەندییان بە ئیمپریالیزمەوە هەیە، هەموو بەوجۆرە گوتانەی حکومەت ئاشنابووین کە هەرکات سیستەمەکەی بێ توانابوو یان سیاسەتەکانی سەرکەوتوو نەبوون یان رژێمەکەیان بێ برەو بوو هەوڵی ئەوە دەدات قوربانی گونجاو بدۆزێتەوە.

- راستییە سادەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی حکومەتی سوریا پێکدێنن رەگەزپەرستن‌و زۆریش پێ دەچێت کە نەخۆشی ئەقڵییان هەبێت.

لەکۆتایدا ئێمە ئومێدەوارین کە هەرکەسێکی خاوەن بیری دیموکراسی لەجیهاندا، دەنگی خۆی بخاتە پاڵ کوردانی بێچارەی سوریا، بۆ رێگرتن لەو هێرشە رەگەزپەرستە دڕندانەیەی دەکرێتە سەر مافەکانیان، یارمەتیشیان بدەن بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانەی کە لە راستیدا لەم سەردەم‌و رۆژگارەدا کەمترین ئاستی مافەکانی مرۆڤن، وەک لەناوبردنی جیاکاریی رەگەزو نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بلاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی‌و خوێندن بەزمانی کوردی لەو ناوچانەدا کە کوردان لێی نیشتەجێن‌و، ئازادی سیاسی‌و مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کەمترین رادەی مافە مرۆیی‌و نەتەوەیی‌و کەلتوورییەکان.

**پەنابەرانی کورد لە سوید**
**١٠/کانوونی یەکەمی ١٩٦٧**

**(بیستەم ساڵیادی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ‌و یەکەم رۆژی ساڵی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ)**

# كتێبی دووەم

بەشی یەكەم: توركیاو رۆژئاوای كوردستان
بەشی دووەم: سوریاو رۆژئاوای كوردستان
بەشی سێیەم: ئەمریكاو رۆژئاوای كوردستان
بەشی چوارەم: روسیاو رۆژئاوای كوردستان
بەشی پێنجەم: ئەوروپاو رۆژئاوای كوردستان
بەشی شەشەم: دیمەنی دیكەی بارودۆخی رۆژئاوای كوردستان.

**سەرەتا:** روداوەکانی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان خێران، بەسەر یەکدا کەوتون، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ زلهێزەکانی جیهان‌و دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان لەناو کێشەکەدان‌و خەریکی ڕستنی خوری بەرژەوەندیەکانیانن. کورد لەهەر چوار دەورەکەی سیاسەتی بەرامبەر دەکرێت، کەوتۆتە ناو تەونێکی ئاڵۆزی سیاسی. هەورازەکان سەختن، بەڵام بۆ ئیرادەی مانەوە مەحاڵ نین. لەم بەشەدا بەشێکی بەرچاو لە دیدو تێڕوانین‌و هەواڵ‌و ڕاپۆرت‌و چاوپێکەوتن‌و ڕاپۆرتی چەندەها ماڵپەڕو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنم خستۆتە ڕوو، هەوڵیشم داوە کەمترین دەستکاریان بکەم، مادام ناوەڕۆکی بابەتەکەی من ڕۆژئاوای کوردستان بێت، بابەتەکانیش هەمویان سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان بن، کەواتە بۆچی دەستکاری زۆری ناوەڕۆکیان بکەم. ئومێد دەکەم کۆمەکێکی باش بە خوێنەر بکەم سەبارەت بەم زانیاریانەی لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان کۆم کردوونەتەوەو بەش لەدوای بەش پۆلێنم کردون و لەیەکترم جیاکردوونەتەوە بەمەبەستی ناسینەوەی سیاسەت‌و هەڵوێستی هەر دەوڵەت‌و لایەنێک وەکو خۆی.

# بەشی یەکەم: تورکیاو رۆژئاوای کوردستان

## «لەگەڵ پوتین پرسی عەفرین تاوتوێ دەکەم»
## ئەردۆغان: دەبێ روسیا و ئەمەریکا لە سوریا بکشێنەوە

**٢٠١٧/١٣/١١**

**خەندان- خۆشناو حسێن**

رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند لە سەردانەکەی بۆ روسیا باسی چارەسەری قەیرانی سوریا دەکات و بابەتی عەفرینیش تاوتوێ دەکەن، جەختیشدەکاتەوە ئەگەر چارەسەری سوریا سەربازی نییە دەبێ روسیا و ئەمەریکا سەربازەکانیان لەسوریا بکشێننەوە.

ئەردۆغان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا پێش سەردانی بۆ روسیا لەفڕۆکەخانەی ئاتاتورک لەئیستانبوڵ وتی «لەگەڵ ڤلادیمێر پوتن سەرۆکی روسیا قەیرانی سوریا و چارەسەری دۆخەکە تاوتوێ دەکەین و نەک تەنیا پرسی پارێزگای ئیدلب، بەڵکو بابەتی عەفرین کە

لە ژێر کونترۆڵی یەپەگە و پەیەدەیە تاوتوێ دەکەین».
ئاماژەی بەوەشکرد کە پێشتر چەندین بەڵێندراوە کە دەبێ یەپەگە لە ڕۆژئاوای فورات لەمەنبەج بکشێتەوە، بەڵام جێبەجێنەکراوە.
لەبارەی بەیاننامەی هاوبەشی ئەمریکا و روسیا کە لە لایەن دونالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و ڤلادیمێر پوتن سەرۆکی روسیا لە ڤێتنام واژۆکرا کە تێیدا راگەیەنرابوو چارەسەری قەیرانی سوریا سەربازی نییە بەڵکو سیاسیە، ئەردۆغان وتی «ئەگەر سەربازی نییە دەبێت روسیا و ئەمەریکا سەربازەکانیان لەسوریا بکشێننەوە».
وتیشی «نەمانویست ئەمەریکا بچێتە عێراق، بەڵام چوون وتیان لە عێراق نامێنینەوە، بەڵام چۆڵیان نەکرد، دونیا گەمژە نییە بەداخەوە هەندێک راستییەکان بەشێوەیەک دەوترێ و بە شێوەیەکی تر جێبەجێدەکرێت».
بەوتەی ئەردۆغان، ئەمەریکا پێنج فڕۆکەخانەی لەباکوری سوریا هەیە بەپاساوی شەڕی رەققە، هەشت بارەگای جیاوازی تری هەیە لەوێ واتە ١٣ بارەگای سەربازی و روسیا پێنج بارەگای هەیە.
ئەوەشی خستەڕوو «تەنیا ئەمەریکا تا ئێستا ٣ هەزار و ٥٠٠ بارهەڵگر چەک و زرێپۆش و ئۆتومبێلی سەربازی ناردووە بۆ سوریا ئەگەر ئەمە چارەسەری سەربازی نییە واتە چییە؟ ئەو چەک و زرێپۆش دەنێرێتە بارەگاکانی یان دەچێتە دەستی یەپەگە».

## ئەردۆغان: ناهێڵین دەوڵەتێکی «تیرۆریستی» کوردیی لە باکووری سووریا دابمەزرێت

**٢٠١٧/١٢/٥**

سەرۆکی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند، ئەنقەرە رێگە بە ئەمریکا نادات، «دەوڵەتێکی تیرۆریستی» کوردیی لە باکووری سووریا درووستبکات. ئەردۆغان لە بەردەم ئەندامانی حزبەکەی لە پەرلەمانی تورکیا، لە وتارێکدا رایگەیاند، «ئێمە لەو بڕوایەداین پلانی

ئەمریکا دژی ئێمەیە. سەرقاڵی دروستکردنی ڕێڕەوێکی تیرۆریستین لە باکووری سووریا. بۆچی چەکی ئەمریکا دەگاتە ئەوێ، لەکاتێکدا هیچی لێ نەماوە و داعش کۆتایهاتووە؟ دژی کێ بەکاری دەهێنن؟ دژی ئێران، تورکیا یان رووسیا؟».
هەروەها گوتی: «ئێمە هەروا بێدەنگ نابین لە هەمبەر هەوڵی هەندێک لە ئەمریکا کە دەیانەوێت دەوڵەتێکی تیرۆریستی لە باکووری سووریا دابمەزرێنن و ببێتە دراوسێمان». ئەوەشی گوت: «تورکیا بە وریاییەوە مامەڵە دەکات بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی دۆستی تورکیان لە سووریا زیانیان بەرنەکەوێت». سەرۆکی تورکیا جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، «بەم نزیکانە بە تەواوی زاڵدەبین بەسەر لقەکانی رێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە لە باکووری سووریا».
هەر لەو بارەیەوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغلۆ، رایگەیاندبوو، کە سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوانیاندا، ئەردۆغانی دڵنیا کردووەتەوە، کە چیدیکە چەک و تەقەمەنی بۆ کوردی سووریا رەوانە ناکات. بەڵام ئەو لێدوانەی مەولوود چاوش ئۆغلۆ لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە پشتڕاست نەکرایەوە و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا رەتیانکردەوە هیچ فەرمانێکیان لەو بارەیەوە پێ گەیشتبێت.
جگەلە تورکیا هیچ دەوڵەتێکی دیکەی جیهان، بە پەیەدەو یەپەگە ناڵێت تیرۆریست، تۆ بڵێی هەموو جیهان هەڵە بێتو تەنها تورکیا راست بکات؟ بێگومان روونە تورکیا هەڵەیە، کێشەی کورد کێشەی رەوای گەلێکی ئازادی خوازو خاوەن کەرامەتە، ئەوەی رەفتاری تیرۆریستی بەرامبەر کورد بنوێنێت، دواجار دەردەکەوێت کێ زیانمەندی کۆتایی دەبێت.

**تورکیا: شاندێکی ئەمریکا بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی شاری منبجی سوریا**

## سەردانی ئەنکەرە دەکەن

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بڵاویکردەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم نزیکانە گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا دەکات سەبارەت بە دۆخی شاری منبج کە لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە یەپەگە بەڕێوە دەبرێت.

هامی ئاکسوی وتەبێژی وەزارەتـــی دەرەوەی تورکیا ئ بە ڕۆنامەنووسانی ڕاگەیاند، بەم نزیکانە لێپرسراوانی ئەمریکا سەردانی تورکیا دەکەن بە مەبەستی هەماهەنگی و کاری هاوبەش لە سوریا.

لە دوای چوونە ناوەوەی سوپای ئەمریکا بۆ ناوخۆیی سوریا بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە دژی داعش، یەکێک لەو شوێنانەی کە هێزی سەربازی خۆی تێدا جێگیر کردووە شاری منبج بووە بۆ هاوکاریکردنی یەپەگە، ئەوەش بووەتە مایەی نیگەرانی و بێزاری ئەنکەرە.

ئەوەش لە کاتێکدایە دوای ئەوەی تورکیا چەند ئۆپراسیۆنێکی لە سنوری وڵاتەکەی بە ئاڕاستەی ناو خاکی سوریا لە دژی یەپەگە دەستپێکرد، دوای داگیرکردنی شاری عەفرین لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا هەڕەشەی فراوانکردنی ئۆپراسیۆنی سەربازی وڵاتەکەی کرد بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری منبج، ئەوەش مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان سوپای تورکیا و ئەمریکای لێدەکرا.

ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی تورکیا بۆ شاری عەفرین بووە مایەی زیانگەیاندن بە هاوپەیمانی نێوان ئەنکەرەو واشنتۆن، جگە لەوەش ئەمریکا بەردەوام داوای دانبەخۆداگرتنی لە تورکیا دەکرد، چونکە پێی وابوو فراوانکردنی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان لە ناوخۆی سوریا، زیان بە بەرەی دژی داعش دەگەیەنێت.

nrttv.com

**تورکیا: یەپەگە دەیەوێت ناوچەکە داگیربکات**

## تورکیا یەکینەکانی پاراستنی گەل تۆمەتبار دەکات و بە هەوڵدان بۆ داگیرکردنی ناوچەکە ناویان دەبات.

پێنج شەممە ٢٠١٧/١١/١٦، مەولوود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، رایگەیاند: «ئەو پێشڤەچوونانەی لە شاری رەقەی سووریا روویداوە، دەریدەخەن، یەکینەکانی پاراستنی گەل «یەپەگە» کار بۆ داگیرکردنی ناوچەکە دەکات، نەک شەڕکردن لەگەڵ چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش».

تورکیا بەردەوام نیگەران بووە لەو هاوکاریی و کۆمەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشکەشی یەپەگە و هێزەکانی سووریای دیموکراتی کردووە لە جەنگی دژی داعش، یەکێک لە هۆکارەکانی خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتن بۆ ئەو پرسە دەگەڕێتەوە. چونکە تورکیا یەپەگە بە بەشێک لە هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» دەزانێت. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەچووەتە ژێر باری داخوازییەکانی تورکیا و بەردەوامە لە کۆمەکی سەربازی یەپەگە و هەسەدە و ئەو هەنگاوانەش نیگەرانی زیاتری تورکیای لێکەوتووەتەوە، کە بەردەوام داوا دەکات واشنتن هاوکارییەکانی رابگرێت.

**ئەردۆغان: رێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نادەین**

رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا دوپاتیدەکاتەوە، رێگەنادەن دەوڵەتێکی کوردی لە باکوری سوریا دروست بکرێت و دەڵێت «رێگە بە دامەزرانی دەوڵەتێکی وەها نادەین».

پێشنیوەڕۆی ٢٠١٦/١٢/٢٤ ئەردۆغان لە وتەیەکیدا لە ئیستانبوڵ وتی «ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئەوەمان وتووە کە داوایەکمان هەیە بەناوی «ناوچەیەکی ئارامی داماڵڕاو لە تیرۆر». ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر نەبێت هەموو کات هەڕەشە لەسەر عەنتاب، کلیس و ئورفا دەبێت. ئەوان خەمی چییانە؟ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە باکوری

سوريا. دەبێت بزانن كە ئێمە رێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتێكی لەو شێوەیە نادەین».
سەرۆک کۆماری تورکیا، ئەو دەوڵەتەی باسی دەكات لە باكوری سوريا مەبەست لێی دەوڵەتێكی كوردییە و زیاتریش وتی «لەوەتەی ئەم ٧٨٠ هەزار مەتر چوارگۆشەیە نیشتمانمانە، بەزەییان پێماندا نەهاتووەتەوە. ئەگەر تەماشایەكی ١٠ ساڵی پێش دامەزراندنی ئەم كۆمارە بكەین، لە دوو ملیۆن بۆ سێ ملیۆن كیلۆمەتر چوارگۆشەوە كەمكراینەوە بۆ ٧٨٠ هەزار كیلۆمەتر چوارگۆشە. دواتر سیڤەریان بەسەرماندا دا و بە لۆزان رازی بووین. ئایا ئێمە شایانی ئەمەین؟ بیری لێ بكەنەوە، لە سەدەی ١٧ و ١٨دا یەكەم دەوڵەتی ناوچەكە بووین، ئەمەی ئێستامان ماوەتەوە».
بەڵام ئەردۆغان ئەمەی لەبیرچووە، هۆكاری ئەمە گەلی كورد نیە، بەپێچەوانەوە كورد قوربانی یەكەمە، بۆچی گەلی كوردو خاكی كوردستان باجی ئەم گرێدەروونیەی توركیا بدات، كورد داوای خاك‌و مافی خۆی دەكات، هیچی تر نا..

## برێت مەكگۆرك: ڕێكەوتنەكانی واشنتۆن و ئەنقەرە لەبارەی منبجەوە سەركەوتووبووە

نێردەی سەرۆكی ئەمریكا بۆ شەڕی دژی داعش ڕایگەیاند، هەماهەنگیی و ڕێكەوتنەكانی واشنتۆن و ئەنقەرە لەبارەی شاری منبج لە سوریا بە سەركەوتوویی بەڕێوەدەچێت. برێت مەكگۆرك، نوێنەری ترەمپ بۆ شەڕی دژی داعش رایگەیاند، لە ماوەی ڕابردوودا هاوكارییەكانی نێوان توركیا و ئەمریكا پێشكەوتنی ئەرێنیان بەخۆوە بینیوە. مەكگۆرك وتیشی، شانازی بە كاركردنیانەوە دەكەن لەگەڵ هاوبەشەكانیان لە هاوپەیمانی ئەتڵەسی و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە پێناو كەمكردنەوەی نیگەرانییەكان لەناوچەكەدا بە تایبەت لەمنبج .باسی لەوەشكردووە، لەگەڵ توركیا نەخشە رێگای منبجیان داناوەو گفتوگوكانیان لەگەڵ توركیا بەرهەمداربووەو بەردەوامیش دەبن

لەسەر ئەو هاریکارییەی نێوانیان.
جەختیشی کردەوە، لەگەڵ هاوبەشەکانیان بەردەوام دەبن لە ڕووبەڕووبونەوەی داعش تا پاککردنەوەی تەواوی سوریا و عێراق لەو ڕێکخراوە.

## بێدەنگبوونی مۆسکۆ پەیامێکی سیاسییە
## ستراتیژیی ڕوسیاو ئەمریکا بەرانبەر لەشکرکێشی تورکیا

**sharpress.net**

**٢٠١٨/٠١/٢٥**

**شارپرێس: ڕاپۆرتی شیکاری**

**وەرگێڕان: هاوکار ڕەفیق ڕەحمان**

سوپای تورکیا لەژێر ناوی (ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتوون)، بەهاوکاری چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سوریاو بەپاڵپشتی فڕۆکەو تۆپبارانی چڕی تورکیا هێرش‌و پەلامارەکانیان بۆسەر شاری عەفرینی خۆرئاوای کوردستان دەستپێکردووە دەستپێکردووە.
شاری عفرین ناوەندی کانتۆنی عفرینە لەخۆرئاوای کوردستان، کە بەدەست یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەوەیە، کە بەرگرییەکی توند لەکانتۆنەکە دەکەن، بەو هۆیەشەوە هێرشبەرەکان هیچ پێشڕەوییەکی ئەوتۆیان نەکردووە. لەم جەنگەشدا شەرڤانانی یەپەگە بەتەنیا بەرگری دەکەن ئەمریکاش هەتا ئیستا هەلوێستێکی لەبەرژەوەندیان دەرنەبڕیوە، ڕوسیاش بەڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا تۆمەتبارە، ڕێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکانیش، هەر لەدورەوە تەماشا دەکەن‌و بیدەنگیان نەشکاندووە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە دانیشتنە نائاساییەکەیدا، کە لەسەر داوای فەڕەنسا سەبارەت بە لەشکرکێشیەکەی تورکیا بۆ سەر عفرین بەڕێوەچوو، بێ هەڵوێستی‌و بێدەنگی هەڵبژاردو تەنانەت بەیاننامەیەکی هاوبەشی بۆ ئیدانەکردنی دەرنەکرد.

## ئەمریکا: عەفرین ناکەوێتە پرۆسەکانی هاوپەیمانانەوە

دوای ئـەوەی هاوپەیمانەکەی ئەمریکا، یەکینەکانی پاراستنی گەل، بەسەر ڕەقەدا سەرکەوت لە ئۆکتۆبەری پارساڵدا، ئێستا لە گۆڕەپانی جەنگدا، بەتەنیا دژی لەشکرکێشی تورکیا بەرگری دەکەن، ئەمریکاش لەم بارەوە هەڵوێستێکی شەرمنانەی هەیە، نوسەر و ڕۆژنامەنوسی سەربەخۆ، (فلادیمیر ڤان ویلجنبرگ)، «پێیوایە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەڕەشە و لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ عەفرین دەبینێت، بەڵام ئەمریکا باش تێدەگات لـەوەی ئەم پرسە کێشەی ڕوسیایە نەک ئەمریکا». هەر لەم چوارچێوەیەدا وتەبێژی سوپای ئەمریکا لە ناوچەکە، وەڵامـی چەند پرسیارێکی دایـەوە و ئەوەی خستەڕوو» کە هاوپەیمانی نێوەدەوڵەتی، بە سەرکردایەتی ئەمریکا، نیگەرانە لەو هێرشانەی کە تورکیا لە دژی کوردەکانی عەفرین ئەنجامی دەدات، سەرباری ئەوەی پێی وایە»عەفرین ناکەوێت ناو پرۆسەکانی هاوپەیمانانەوە».(ئەمەش پاساوی یارمەتینەدانە و لەلایەکی دیکەشەوە شەرعیەت دەدات بە لەشکرکێشی تورکیا).

## عەفرین ڕەقە نییە

لە حوزەیرانی ٢٠١٧دا، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە تایبەتی ئەمریکا، نیگەران بوو دەربـارەی ئۆپەراسیۆنی چاوەڕوانکراوی تورکیا، کە ویستی تێکشکاندنی ئۆپەراسیۆنی ڕەقەی هەبوو، ئەوەی لە هاوینی ساڵی پـاردا کۆتایی هات، سەرباری ئـەوەی تـەواو شپرزە دەبوو، دەربـارەی هەر شتێک کە ویستی ئـەوەی هەبوایە تەرکیز لەسەر ڕزگاری ڕەقە پەرت بکات (لەمەوە گرنگی ڕەقە بە نیسبەت ئەمریکاوە دەردەکەوێت)، لەم ماوەیەدا سوپای سوریایی دیموکرات، هەڕەشەی کشانەوەی دەکرد لە ئۆپەراسیۆنی ڕەقە، لە پێناو بەرگریکردن لە عەفرین، بەڵام ئەمریکا پشتگیری یەپەگەی نەکرد، تەنیا لە جەنگی دژ بە داعشدا نەبێت لە دێـرەزور. (نیکۆلاس هیراس)، توێژەر لە ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا لە واشنتۆن، پێی وایە» ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا وای دادەنێت عەفرین کیشەی ڕوسیایە لە ئێستادا، هەروەها سوپای ئەمریکا چووتە قۆناغێکی جیاوازەوە، ئەرکی ئەو لە سوریا گرنگیدانە بە بنیاتنانی سەقامگیری لە ڕەقە، بە درێژایی ناوچەی فوراتی ناوەند، هەر بۆیە بە تێڕوانینی ئەمریکا عەفرین دەکەوێتە ناوچەی (سوککردنی بارگرژی) لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا،ئەمەش واتای ئەوەیە عەفرین کێشەی نێوان ڕوسیا و تورکیا و ئیرانە، بە واتایەکی دیکە عەفرین لە سوریا پێشینەی ستراتیژییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیە، بە پێچەوانەی ڕەقەوە».

**بەرپرسیارییەتی عفرین لە ئەستۆی ڕوسیایە**

توێژەرێکی دیکە بەناوی (ئارۆد لەوند)، پێی وایە» ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرگیز لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە عەفرین کاری نەکردووە، چونکە هەستی کردووە بە ڕووبەڕووبونەوەی نێوان هێزەکوردییەکان و سوپای ئازاد، ئەوانەی لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکران، لە ناوچەی قەڵغانی فورات، کە ئەم ناوچەیەش لەژێر کۆنترۆڵی تورکیادایە». ئاماژەی بەوەشکردووە « کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا عەفرین بە بەرپرسیارێتی خۆی نازانێت،هەروەها بایەخێکی زۆر بەوە دەدەن، کە ڕوسیا بەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخە لە عەفرین هەڵدەگرێت، ئەمریکا دەزانێت کە هاوپەیمانەکانی (هێزەکانی سوریای دیموکرات) لەژێر هەڕەشەی لەشکرکێشی تورکیادان(هەروەک چۆن بینیمان ڕوویدا)، بەڵام ناتوانن لەم بارەیەوە هیچ شتێک بکەن، ئەمەش لەبەر خاتری تورکیانیە، چونکە ئەمریکا ئەوەندەی کێشە لەگەڵ ئەردۆگان هەیە کە بەس بێت».

**گڵۆپی سەوز لەلایەن ئێرانو ڕوسیاوە**

فەرهاد باتیف نوێنەری پەیەدە لە مۆسکۆ ڕایگەیاندووە» تورکیا بەلایەنی کەمەوە پێوستی تەنیا بە یەک لایەنە پشتگیری بکات، ئەمریکا بێت یان ڕوسیا، ئەم پشتگیرییەش بۆ دەسپێکردنی جەنگ بەس

دەبێت، کەواتە مەحاڵە ڕۆڵی ئەمریکا لەم دۆسییەدا کەم بکرێتەوە» بەدڵنیاییەوە، لەکاتی هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لە لایەن ڕوسیا و ئێران و ڕژێمی ئەسەدەوە بۆ تورکیا، بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین، جەنگەکە زۆر گشتگیر و فراوان دەبێت و تەنیا لە سنوری عەفریندا ناوەستێت سەرباری ئەوەی تەمەنی ئەم جەنگەش کورت نابێت. لەم چوارچێوەیەدا تەیمور ئاخمیتوف، توێژەر لە کاروباری ناوچەکە، لە ئەنجومەنی کاروباری نێودەوڵەتی ڕووسی، پێی وایە» ڕوونە کە ڕوسیا لەسەر ئەم ئۆپەراسیۆنە ڕازیبووە، لەهەمان کاتیشدا تورکیاش ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی ڕوسیا بواری ئاسمانی سوریا بەکاربهێنێت، وەک ئەوەی لە ئۆگەستی ٢٠١٦ و لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتدا ئەنجامیدا، لەم باوەڕەدانیم ئەمە ڕووبدات چونکە ئەم پرۆسەیە دەبێت زیاتربوونی گرژیی و ئاڵۆزییەکان، لە هەمانکاتدا کوردەکان ئەم ڕەزامەندییەی ڕوسیا بە نیشانەیەکی نەرێنی دادەنێن».

## شاری بابو عفرین دوو چیرۆکی جیاواز

لەم چوارچێوەیەدا زۆرینەی شیکەرەوانی تورکیا پێیان وایە، ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژ بە یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین بەبێ ڕەزامەندی ڕوسیا نابێت، چونکە سوپای ڕوسیا لە سوریادا بونێکی گەورەی ئاسمانی و وشکانی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پیوستە ئەوە بزانین سروشتی ئێستای عەفرین جیاوازە، پێشتر ڕوسیا و تورکیا دەربارەی شاری باب ڕێکەوتن، ئەمەش ویستێکی نێودەوڵەتی هاوبەشی لەسەربوو، چونکە مەسەلەکە کۆتایی هاتنی داعش بووە، لەمەوە ڕێگە بە تورکیا درا بۆردومانی بکات، بەڵام عەفرین چیرۆکیکی جیاوزتری هەیە. ڕۆژنامەیەکی ڕووسی بەناوی (تیمور ئەخماتوف) پیێ وایە، پۆلیس و سەربازی ڕوسی هەتا ئێستا لە عەفرین بوونی هەیە، بەڵام گواستراونەتەوە بۆ شوێنێکی دوور لە ناوچە سنورییەکانی عەفرین، بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە بۆردومانی تورکیا. سەرباری ئەوەی سوپای سوریا ئامادەیی تێدایە بۆ

کۆنترۆڵکردنی عەفرین. ئەمەش واتای ئەوەیە ڕوسیا ڕێگەی بە تورکیا داوە بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین، بۆ ئەوەی فشار لە کوردەکان بکات شارەکە ڕادەستی حکومەتی ئەسەد بکەن.

**بێدەنگبوونی ڕوسیا پەیامێکی سیاسییە**

بێدەنگبوونی ڕوسیاش دەربارەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا بۆ عەفرین، هیچ نیە بێجگە لە گەیاندنی پەیامێک بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل وەک ئاماژەی کۆتاییهێنان بە کارکردنی کوردەکان لەگەڵ ئەمریکا لە سوریادا، لە لایەکی دیکەشەوە کردنەوەی دەروازەکانە بەڕووی سوپای ئەسەددا، کە ئەمەش تەنیا بە داگیرکردنی دەبێت لەلایەن تورکیاوە.(تەل ڕەفعەت، باشترین هێڵی ئاسایشە بۆ دزەکردنی سوپای ئەسەد بۆناو عەفرین). بەڵام زۆرێک پێیان وایە ئەردۆگان ویستی ئەوەی هەیە فشار لە کوردەکان بکات بۆ ئەوەی ڕادەستی ئەسەد و ڕوسیایان بکات، زیاتر لەمەش ویستی ئەوەی هەیە ڕژێمی ئەسەد کۆنترۆلی سەرجەم ناوچەکانی سوریا بکات، بە تایبەتی سنوری تورکیا، چونکە دواتر لەم بارەوە کێشەی نابێت لەگەڵ ڕژێمی سوریا (لە زۆر ڕەهەندەوە دراوسێیەکی وەک ئەسەد لای ئەو لە کورد باشترە).

**تورکیاو ئێران. دوژمنو ئامانجی هاوبەش**

بە ئاراستەکەی دیکەش ئێران لاری نیە لە هێرشکردن بۆ عەفرین، کە لە ئێستادا وەک هێزێکی کاریگەری سوریا دەردەکەوێت، هاوشێوەی تورکیا ناکۆکە بە خواستەکانی کورد لە سوریا، ئەمەش واتای بوونی ئامانج و دوژمنی هاوبەش، کە بەدڵنیاییەوە بە کەمکردنەوەی ڕۆڵی کوردەکان دەبێت لە سوریا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هێرشە باجەکەی بۆ تورکیا زۆر دەبێت، زیاتر لە تەنگژەی باب درێژە دەکیشێت، سەرباری ئەوەی ئەمە ڕێگە دەدات بەهێنانەوەی ڕژێی ئەسەد بۆ سەرسنور. (هەرچەندە تورکیا، لە ژێر فشاری ئێران و ڕوسیا ڕەزامەندە بەم دۆخە).

## تورکیا لە نێوان شکستو سەرکەوتندا

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (ستراتفۆر) تورکیا خوازیاربوو ئەمریکا دوای شکستپێهێنانی داعش لە ناوچە کوردییەکان بکشێتەوە و یارمەتییەکانی بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل ڕابگرێت. لە لایەکی دیکەوە تورکیا ویستی ئەوەبوو نفووزی خۆی لەناو ئۆپۆزیسیۆن وەکو کارتێکی فشار بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی رووسیا گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵبکات، لەبارەی هێرشی سەر ناوچە کوردییەکان. وەک دەبینین تورکیا لە هێنانەدی لەئامانجی یەکەمدا شکستهێنا چونکە نەیتوانی وابکات ئەمریکا یارمەتییەکانی بۆ کوردەکان ڕابگرێت، ئەمەش هەڵگەڕانەوەی زیاتری تورکیایی لێکەوتەوە لە سوریا بەرامبەر بە ئامریکا، بەڵام لە ئامانجی دووەمدا سەرکەوتوو بوو، بەوەی کەوتە بەرەی ڕوسیا و ئێرانەوە بێ هیوایی خۆی بەرامبەر بە ئەمریکا بە ڕێکەوتنی ڕوسیا و ئێران قەرەبووکردووە.

## گەڕانەوەی ئەسەد بۆ عەفرین هێڵی سورە

هەرچەندە وادەردەکەوێت ڕوسیا ویستی ئەوەیە دەسەڵاتی ئەسەد بۆ عەفرین بگەڕێنێتەوە، لەڕێگەی لەشکرکێشی تورکیاوە، بەڵام پەیامی واشنتن بۆ ئەنقەرە ئەوەیە کە «داوایان لێدەکەین چەند دەکرێ ئەو هێرشە سنووردار بێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی بدرێت کە ئۆپەراسیۆنەکە لەڕووی کاتەوە دیاریکراو و سنوورداره. دەمانەوێ دڵنابین هیچ لایەنێک ڕێگەنەدات رژێمی درندەی ئەسەد بگەڕێتەوە عەفرین». ئەمەش واتای ئەوەیە ئەمریکا ئۆپراسیۆنی تورکیا ڕەتناکاتەوە، تەنانەت لە سنورێکی دیاریکراویشدا قبوڵیەتی، ئەوەی لای ئەمریکاش هێڵی سورە نەگەڕانەوەی سوپای ئەسەدە بۆ عەفرین، بەڵام پێدەچێت ئەم پرسە لای تورکیا هێڵی سور نەبێت، ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە گەڵ ڕوسیا ڕێکەوتنی لەبارەوە کراوە.

## ئایە پەراویزخستنی کوردەکان، بژاردەی داهاتووی ئەمریکایە؟

هەروەها (پاتریک کۆکبێرن)، لە ڕۆژنامەی ئیندپێندنتی بەریتانی هەڵسەنگاندنی بۆ هێرشەکەی تورکیا کردووە بۆ عەفرین، ئەو پێی وایە یەپەگە هێزێکی چەکداری کاریگەر و بەتوانایە، دەتوانێت گورزی کەمەرشکێن لە سوپای تورکیا بدات، هەروەها لە وتارەکەیدا دەپرسێت ئایە ئەمریکا دوای شکستی داعش بەردەام دەبێت لە پشتیوانیکردنی یەپەگە؟ یان لە سوریا پاشەکشە دەکات و ئەو هێزە بەتەنیا جێدەهێڵێت؟ یەن هەر لە سوریادا دەمێنێت بەبێ یارمەتیدانی یەپەگە؟

هەر دەربارەی ئەم بابەتە ماڵپەڕی مۆنیتەر نوسیویەتی» ئەو ئاستەنگەی مۆسکۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چۆنیەتی تێکنەچوونی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل و ڕژێمەکەی ئەسەد، کە هەردووکیان ناڕازین بە بوونی تورکیا لەسەر زەمینی سوریا. هەر بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی ئەم ماڵپەڕە، تورکیا هەتا ئیستا هاوبەشی یەکینەکانی کورد و ئەمریکای قبوڵکردووە، بەڵام دوای پڕچەککردنی چەندبارە و هەوڵی دروستکردنی سوپایەکی ڕێکخراوی ٣٠هەزار کەسی بۆ پەیەدە، وای کرد تورکیا بەڵێنەکانی بەرێتەسە، پرسیار ئەوەیە ئایە ئەمریکا پشتگیری کوردەکان دەکات، یان ئەم پشتگیرییە هەتا کۆتایی هاتنی داعش بوو، پێدەچێت ئەمریکا ڕێگە نەدات یان ویستی نەبێت کوردەکان ببنە خاوەنی کیانێکی شەرعی، بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان، چونکە لیدوانەکانی ئەم دواییەی سەرکردە باڵاکانی ئەمریکا ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا پێداچوونەوە بە بژاردەکانی دەکات لە سوریا و بەتایبەتیش لەگەڵ کوردەکان.

## بەرپرسی راگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات: ئەوەی لەعەفرین رودەدات بەرگریکردنە لەئامەد، هەولێر، سلێمانیو مەهاباد

مستەفا بالی، بەرپرسی راگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات ”هەسەدە“ ئاماژە بەوە دەکات کە پاش شانزە رۆژ بەسەر هێرشی سوپای تورکیادا بۆ سەر عەفرین، بۆ دۆستو دوژمن ئاشکرابو کە

بەهۆی خۆڕاگریو بەرگری قارەمانانەی شەرڤانانەوە سەرکەوتن بۆ گەلی عەفرین بوە، ئەو دەڵێت "ئەوەی لەعەفرین رودەدات بەرگریکردنە لەئامەد، هەولێر، سلێمانیو مەهاباد".
مستەفا بالی لەچاوپێکەوتنێکی تایبەت بەئاوێنەدا رایگەیاندوە "٤٥ هەزار سەربازو چەتەی چەکدار لەم هێرشەدا بۆ سەر عەفرین بەشدارن"، ئەو وتی "لەعەفرینو دەوروبەری نزیکەی هەزار گوند هەیە، کەچی تورکیا دوای ١٦ رۆژ باسی کۆنترۆڵکردنی ١٦ گوند دەکات، بەمەرجێک ئەو گوندانەی باسیان دەکات کەوتونەتە ناوچەی قەدەغەکراوەوە لەسەر سنوری تورکیا".
وتیشی "تورکیا دەیەوێت شکستی خۆی لەشەنگالو کۆبانێو لەتەواوی رۆژئاوا لەعەفرین قەرەبو بکاتەوە. خۆی وەک سەرکەوتو لەکەرکوک دەبینێت، بۆیە دەیەوێت لەعەفرینیش هەمان کار بکات. ئەردۆغان دەیەوێت ئەو کۆمەڵکوژیەی لەشەنگال رویدا لەعەفرین دوبارە ببێتەوە. ئەوان تەرمی شەرڤانێکیان کەوتە دەست ئاوا سوکایەتیان پێکرد، ئەی ئەگەر ژنو کچی کورد بەزیندویی بکەوێتە دەستیان چی دەکەن؟ بۆیە بۆ ئەوەی جارێکی دی مێژوی شەنگال بەسەر ژنانو کچانی عەفرین دوبارە نەبێتەوە، بەهەمو توانامان بەرگری لەعەفرینو گەلی عەفرین دەکەین، عەفرین دەکەین بەسیمبولی سەرکەوتنی تەواوی گەلی کورد. ئەوەی لەعەفرین رودەدات بەرگریکردنە لەئامەد، هەولێر، سلێمانیو مەهاباد".

### بەسەرپەرشتی تورکیا کۆبوونەوەیەک دژی کورد بەڕێوەچوو

بە سەرپەرشتی تورکیا کۆبوونەوەیک دژی کورد بەڕێوەچوو زانیاریەکان ئاماژە بەوە دەکەن «بەرپرسێکی باڵای گروپە تیرۆریستیەکانی کە دەستی لەدوو کۆمەڵکوژی گەلی کورددا هەیە، بەشداریی ئەو کۆبونەوەیەی کردوەو پێشنیازی کردوە پەلاماری کورد بدرێت».
ئاژانسی «هاوار نیوز»ی نزیک لە پەیەدە بڵاویکردۆتەوە،

«لەناوچەیەکی نزیک جەرابلوس لەنێوان تورکیاو ڕۆژئاوای کوردستان، کۆبونەوەیەکی مەترسیدار لەدژی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەچوە و تیایدا تەواوی گروپە توندڕە و تیرۆریستیەکانیش بەشداریانکردوە و کۆبونەوەکەش لەلایەن تورکیاوە سەرپەرشتیی کراوەو ئاڵای تورکیاش لەکۆبونەوەکەدا هەڵواسراوە.
ئاژانسەکە ئاشکرایدەکات «لەو کۆبونەوەیەدا پیلانی داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان داڕێژراوە و سەرجەم ئەو گروپە چەکدارییە توندڕەوانەش کە بەشداریانکردوە، تورکیا سەرپەرشتیان دەکات و لەکۆبونەوەکەدا باسیان لەوەکردوە، چۆن و بەچ ڕێگەیەک دیموکراتی ڕۆژئاوای کوردستان تێکبدەن و پەلاماری شەڕڤانانی یەپەگە بدەن».
ئاماژە بەوەش دراوە لەو کۆبونەوەیەدا کە بەسەرپەرشتی تورکیا بەڕێوەچوە، بەدەیان سەرکردەی باڵای گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان بەشدارییکردوە، لەناو ئەوانەشدا (عەبدولجەبار عگێلی) بەشداریکردوە کە بۆخۆی سەرپەرشتی هەردوو کۆمەڵکوژی (تل ئەران و تل هاسل)ی لەڕۆژئاوای کوردستان کردوە.

## بەهۆی ناڕازیی بوونی تورکیا لە بەشداربوونی پەیەدە، کۆنگرەی گەلانی سوریا دواخرا

ماڵپەڕی حوریەت دەیلی نیوزی تورکی بڵاویکردەوە، کۆنگرەی گەلانی سوریا کە بریار بوو لە روسیا بەڕێوەبچێت، بە هۆی نارازیبوونی تورکیا لە بەشداری پێکردنی پەیەدە، دواخرا.
ئیبراهیم کالن، وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا رایگەیاند، بە هۆی ئەوەی تورکیا ناڕازی بووە لە بەشدارییپێکردنی پەیەدە لە کۆنگرەی گەلانی سوریا، کۆشکی کرملین پەیوەندی بە بەرپرسانی تورکیاوە کردووەو بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەی بۆ کاتێکی تر دواخستووە. وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا ئەوەشی راگەیاندووە، روسیا بەڵێنی بە بەرپرسانی تورکیا داوە کە پەیەدە بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە نەکات.

ئەو لێدوانەی ئیبراهیم کالن لە بارەی دواخستنی کۆنگرەی گەلانی سوریا لەکاتێکدایە، کە بڕیار بوو لە سەر بانگهێشتی روسیا و بۆ چارەسەری قەیران و ئاڵۆزییەکانی سوریا ئەو کۆنگرەیە بە بەشداری پەیەدە بەرێوەبچێت. پێشتر سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی روسیا رایگەیاند تەواوی هێز و لایەنەکانی سوریا بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە کراون و پلانێکی بەهێزیان بۆ چارەسەری قەیران و کێشەکانی سوریا هەیە.

**پارەیەکی زۆر لەدژی کورد خەرجدەکرێت..**

لەدژی هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ شەڕڤانانی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان، تورکیاو قەتەر هاوپەیمانێتیەکی نوێیان پێکهێناوەو قەتەر چارەکە ملیارێک دۆلار بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان تەرخاندەکات، هاوکات ئەو دوو وڵاتە دەیانەوێت ڕێگربن لەوەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەیەک بگەنەوە، وەکو چۆن ئێستا کورد هەوڵی بۆ دەدات.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی نیاز حەمید ڕۆژنامەنوس و چاودێری سیاسیی بڵاویکردۆتەوە باس لەوەدەکات، ئێستا لەناوچەی شەهبا، تورکیا بەهاوکاریی مادی قەتەر، دەستیداوەتە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەی شەهباو لەو ڕوەشەوە زیاتر لە ٧٠ گوندی کوردانی لەماوەی یەک هەفتەدا وێرانکردوەو خەڵکەکەشی دەربەدەرکردوە. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی ئاشکراکراون، ئەو ڕێکەوتنە لەنێوان ئەحرارشام و بەرەی نوسرە (کە نوێنەری تورکیان) لەگەڵ ئێرانییەکان و حزبوڵڵا بوەو گەیشتونەتە ڕێکەوتن لەسەرئەوەی، دانیشتوانی (کەفریاو فوعە) کە شیعەن بگوازرێنەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدو دانیشتوانی (مەزایەو زەبەدانی)ش لەنزیک دیمەشقەوە بگوازرێنەوە ناوچەی شەهبا بۆ ناوچە کوردیەکان و گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی.

ئەوەش ئاشکراکراوە، سەرجەم تێچوی ئەو ئاڵوگۆڕەو

بەتەعریبکردنەکەی شەهباشەوە، قەتەر بودجەی بۆ تەرخانکردوە کە دەگاتە ٢٣٠ ملیۆن دۆلار.
لەلایەکی تریشەوە ڕۆژنامەی یەنی شەفەقی سەر بەڕەجەب ئەردۆغان چەند ڕۆژێک پێش ئێستا باسی لەو ڕێکەوتنە کردوەو نوسیویەتی، ((ئەم ڕێکەوتنە بۆ تێکدانی پلانی کوردە بۆ گەیاندنی کانتۆنەکان بەیەکترو هەروەها بۆ تێکدانی پلانی ئەمریکایە بۆ ئەوەی چیتر هاوکاریی کورد نەکات و هەوڵنەدات کانتۆنەکانیان بۆ بگەیەنێتەوە بەیەکتر)).
ڕۆژنامەنوسەکە ئەوەشی ئاشکراکردوە، «پاش ئازادکردنی ڕەققەو دێرەزور، ئەوکات نۆرەی ناوچەی شەهبا دێت، هەندێ زانیاریش باس لەڕێکەوتنی ڕوسی ئەمریکیی دەکەن بۆ گەیاندنی کانتۆنەکان بەیەکتر، لەبەرامبەر بەشداریکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات بۆ ئازادکردنی ئیدلب تا سەر دەریا».
لەو ڕوەشەوە بۆچونی وابوە، «ئەگەر ئەو پلانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا پیلانەکانی دژی کورد فەشەل پێدێت بۆ گۆڕینی دیموگرافیای سروشتی ناوچەکە».

**پەیەدە: بێدەنگبوون، واتە بەشداربوون لە کۆمەڵکوژییەکانی تورکیا**
پەیەدە ڕایگەیاند، هەموو ئەو هێزانەی لە بەرانبەر کۆمەڵکوژییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بێدەنگن، هاریکاری کۆمەڵکوژییەکانن.
**پێنجشەممە، Feb ٢٠١٨،**
ئەنجومەنی گشتیی پارتیی یەکێتیی دیمۆکراتی - پەیەدە دەربارەی هێرشەکانی سوپای تورکیا و چەتەکانیان لەسەر عەفرین، کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لە بەردەم ناوەندی پارتییەکە لە قامیشلۆ ساز کرد.
لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەدا، ڕاگەیەندراوێک لە لایەن جوان مستەفا، وتەبێژی پەیەدە خوێندرایەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە؛ نزیکەی ٢ هەفتەیە «بەرخۆدانی سەردەم» لە عەفرین بەردەوامە. ئەم بەرخۆدانەی کە لەگەڵ بەرخۆدانی شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە بووە بە یەک و بە تەنها لە بەرانبەر دڕندایەتی وەستاوەتەوە.

ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە، لەو کۆمەڵکوژییانەی سوپای تورکیا لە تەک ٢٥ هەزار چەتە و تیرۆریستی ئەلقاعیدە، جەبهەت ئەلنووسرە و داعش لە دژی هاوڵاتیانی سیڤیل ئەنجام دەدرێن، هەموو جۆرە تەکنەلۆژیایەکی سەربازی بەکاردێت و چەکی قەدەغەکراوی وەک ناپاڵم و «بۆمبی گۆشی»-ش بەکارهێنراون.

«داگیرکەر لە هێرشەکانی خۆیدا، مزگەوت، کەنیسە، نەخۆشخانە، فێرگە و بیناکانی هەرێمەکە دەکاتە ئامانج. هەتا ئێستا بە سەدان هاوڵاتیی سیڤیل شەهید و بریندابوون کە زۆرینەیان ژن و منداڵن. زۆرینەی قوربانیان پێشتر لە ناوچە جیاجیاکانی سووریا ئاوارەی عەفرین بووبوون. سوپای تورکیا دەیەوێت هاوڵاتیانیی سیڤیل بترسێنێت و هەموو شێوازەکانی ئاساییشی عەفرین تێکبدات. هەروەها ئامانجیانە ڕێکخستنی داعش کە ڕووی دووەمی ڕژێمی تورکیایە، سەرلەنوێ زیندوو بکەنەوە و بە دەستی ئەوان گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافی لە هەرێمەکە بەدی بێنن.»

### سوپای تورکیا و داعش یەکن

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، ڕژێمی تورکیا و داعش بە هەمان زیهنیەت ڕەفتار دەکەن و هەمان ڕێبازیش بەکاردێنن. چەتەکانی داعش زۆر دەڤەری شوێنەواری مێژوویی وەک پالمیرایان هەڵوەشاند، سوپای تورکیای داگیرکەریش قەڵای هۆری، قەڵای سامانێ و پەرستگەی ئەندارێی دێرین دەکاتە ئامانج کە زیانێکی زۆریان بەو شوێنەوارە مێژووییانە گەیاند. داعش و تورکیا هەمان ڕێبازەکانی نیرۆن و هیتلەر بەکاردێنن.

بێدەنگبوون، واتە بەشداربوون لە کۆمەڵکوژییەکانی تورکیا

ئەنجومەنی پەیەدە وێڕای ستاییش کردنی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین، ڕەخنەی لە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گرت و ڕایگەیاند، بێدەنگی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە بەرانبەر درندەیی سوپای تورکیا و تیرۆریستەکانی بە توندی ئیدانە دەکەین.

«ئەگەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەردەوام بێ لە بێدەنگی، بەو مانایە دێت کە بەشدارن لە کۆمەڵکوژییەکاندا. ئەگەر ئەو بێدەنگییە نەبوایە، قەت دەوڵەتی تورکیا نەیدەتوانی بەها نێونەتەوەییەکان پێشێل بکات.»
لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەی پەیەدەدا، داوا لە هەموو هێز و لایەنە کوردستانییەکان، هێزە دیمۆکراتیخوازەکانی سووریا و جیهان کراوە هاریکاریی عەفرین بکەن، لەبەرئەوەی دۆسیەی عەفرین، دۆسیەی گشت پێکهاتەکانی سووریایە و بە تایبەتی دۆسیەیەکی کوردی، نیشتیمانیی دیمۆکراتیی سووریایە.
«لەبەرئەوەی پرۆژەی چارەسەریی دیمۆکراتیانە گرێدراوە بە فیدراڵیی دیمۆکراتی، هەرە زێدە ئەوە ڕژێمی فاشیستی تورکیا و گشت سیستەمە دەسەڵاتدارەکان دەترسێنێت. ئیدی کاتی گۆڕین هاتووە و پێویستە هەموو پێکهاتەکان ئازادیی خۆیان بەدەست بێنن.»
لە کۆتاییدا، پەیەدە ڕایگەیاندووە؛ «بەشی بەرخۆدانی عەفرین، سەرکەوتنە»

## تورکیا: یەپەگە دەیەوێت ناوچەکە داگیربکات

Kurdistan24

**تورکیا یەکینەکانی پاراستنی گەل تۆمەتبار دەکات و بە هەوڵدان بۆ داگیرکردنی ناوچەکە ناویان دەبات.**

پێنج شەممە ٢٠١٧/١١/١٦، مەولوود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند: «ئەو پێشهاتانەی لە شاری ڕەقەی سووریا ڕوویداوە، دەریدەخەن، یەکینەکانی پاراستنی گەل «یەپەگە» کار بۆ داگیرکردنی ناوچەکە دەکات، نەک شەڕکردن لەگەڵ چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش».
تورکیا بەردەوام نیگەران بووە لەو هاوکاریی و کۆمەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشکەشی یەپەگە و هێزەکانی سووریای دیموکراتی کردووە لە جەنگی دژی داعش، یەکێک لە هۆکارەکانی خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتن بۆ ئەو پرسە

دەگەڕێتەوە. چونکە تورکیا یەپەگە بە بەشێک لە هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» دەزانێت.
بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەچووەتە ژێر باری داخوازییەکانی تورکیا و بەردەوامە لە کۆمەکی سەربازی یەپەگە و هەسەدە و ئەو هەنگاوانەش نیگەرانی زیاتری تورکیای لێکەوتووەتەوە، کە بەردەوام داوا دەکات واشنتن هاوکارییەکانی رابگرێت.

**تورکیا: یەپەگە داهاتووی سووریا دەخاتە مەترسییەوە**

2016-09-29

تورکیا هۆشداری دەداتە هێزی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بەوەی ئەگەر یەکینەکانی پاراستنی گەل «یەپەگە» بەشداری شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری رەقە بکات ئەوا داهاتووی سووریا دەخاتە مەترسییەوە.
مەولود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا لەمیانەی ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، رایگەیاند هێشتا بەشێک لە شەرڤانانی یەپەگە لە منبج ماونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی بۆ چەندین جارە ئەنقەرە داوای لێکردوون کە بۆ رۆژئاوای فوڕات بکشێنەوە و ئەمریکاش بەڵێنی بە تورکای داوە کە یەپەگە لەو ناوچەیە دەکشێنەوە.
هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا رەخنە لە هەمەهەنگی نێوان واشتنن و یەپەگە دەگرێت و دەڵێ ئەمریکا چیدیکە ناتوانێت کۆنترۆڵی یەپەگە بکات.

**تورکیا: بە ڕوسیامان وتوە نابێت پەیەدە بەشداریی گفتوگۆکانی ئاشتی بکات**

مەولود چاوش ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایدەگەیەنێت: ناسنامەی ئەنجامدەری هێرشەکەی سەر یانە شەوانەکەی ئەستەنبوڵیان دیاری کردوە، لەبارەی دۆخی سوریاشەوە دەڵێت: ڕوسیایان ئاگادار کردوە کە نابێت پەیەدە بەشداریی گفتوگۆکانی

ئاشتی بکات لە ئەستانە...
وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ستافی ئاژانسی ئەنادۆڵ، ئاماژەی بەوەکرد: دەزگا ئەمنییەکانی وڵاتەکەی، توانیویانە ناسنامەی هێرشبەری سەر یانە شەوانەکەی ئەستەنبوڵ دیاری بکەن، بەڵام هیچ زانیارییەکی دیکەی لەوبارەیەوە ئاشکرا نەکرد.
لەبارەی دۆخی سوریا و گفتوگۆکانی ئاشتی دەربارەی ئەو وڵاتەوە، چاوش ئۆغلۆ وتی: ئەگەر پێشێلکارییەکانی ئاگربەستەکە لەلایەن حکومەتی سوریا و چەکدارانی حزبوڵاوە ڕانەگیرێن، ئەوا لەوانەیە گفتوگۆکانی ئەستانە کێشەیان تێ بکەوێت.
ئاماژەی بەوەش کرد: ئەوان ڕوسیایان ئاگادارکردوەتەوە لەوەی کە نابێت پەیەدە بەشداریی گفتوگۆکانی ئاشتی بکات لە ئەستانەی کازاخستان و لایەنی ڕوسیاش، تێگەیشتنیان بۆ ئەو بابەتە هەبووە.
٢٠١٧/١/٤

**تورکیا داوا دەکات هێزە کوردییەکان بکشێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات**

**ئەردۆگان داوا دەکات هێزی ئەمریکی-تورکی لەڕۆژئاوای کوردستان جێگیر بکرێت**

میدیاکانی تورکیا ڕایدەگەیەنن کۆبونەوەی ریکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرکەوتو بوە، ئاشکراشیدەکەن ئەردۆگان داوا دەکات هێزی ئەمریکی-تورکی لەڕۆژئاوای کوردستان جێگیر بکرێت. هەرچەندە کۆبونەوەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانو ریکس تیلەرسن، دور لەچاوی کامێراکان بوە، بەڵام میدیاکانی تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن ئەنجامەکەی ئەرێنی بوە، ئاشکراشی دەکەن تورکیا پێشنیازی جێگیرکردنی هێزی هاوبەشی ئەمریکی- تورکی لەڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئەمریکا کردوە.
هەروەها تورکیا داوای کردوە هەمو هێزە کوردییەکان بکشێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فوراتو لەشوێنیان سوپای هاوبەشی تورکیاو ئەمریکا ناوچەکەو ڕۆژئاوای فورات بپارێزێت، ئاماژە بەوەش دەکرێت

لەئێستادا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خەریکی تاووتوێکردنی پێشنیازەکەی ئەمریکایەو روداوەکانی چەند رۆژی داهاتوش دەرخەری ئەنجامی کۆبونەوەکە دەبێت.

## تورکیا واز لە دوژمنایەتی گەلی کورد ناهێنێت

تورکیا هۆشداری دەداتە وڵاتانی ناتۆ و دەڵێت پێدانی چەک بە پەکەکەو یەپەگە «هەڵەیەکی گەورەیە».

لەوتارێکدا لەکۆبوونەوەی پەرلەمانی ناتۆ کە لەشاری ئەستەنبوڵ بەڕێوەچوو، مەولود چاوش ئۆغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیا رەخنەی لەوڵاتانی ئەوروپا گرت، رایگەیاند»هەوڵی ئەوەدەدرێت پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێت».

چاوش ئۆغڵو وتیشی»ئەمڕۆ لەژێرناوی ئەوەی کە شەڕی داعش دەکەن پێدانی چەک بۆ رێکخراوەکانی وەکو یەپەگەو پەکەکە هەڵەیەکی گەورەیەو پێویستە ئێمە شەڕی هەموو رێکخراوێکی تیرۆریست بکەین‌و نامانەوێت دۆستەکانمان هەڵەی ستراتیژی لەم شێوەیە بکەن».

وەزیری دەرەوەی تورکیا تەئکیدی کردەوە، داعش بە هێرشی ئاسمانی لەناو ناچێت، «ئێمە ئەوەمان پیشاندا کە چۆن داعش بە ئۆپەراسیۆنی زەمینی لەناو دەچێت‌و هەزارو ٧٠٠ کیلۆمەترمان لەداعش پاککردەوە لەناو سوریا».

سوپای تورکیا سنوری خاکی سوریای بەزاندو بۆ پشتیوانی لەهێزەکانی سوریای ئازاد دەستی بە ئۆپەراسیۆنکرد دژی رێکخراوی داعش‌و تائێستا چەند ناوچەیەکی لەو رێکخراوە پاککردۆتەوەو لەئێستاشدا نزیکی شاری باب بووەتەوە.

لەبارەی ئۆپەراسیۆنی شاری باب کە دەکەوێتە باکوری حەلەب، فیکری ئیشیک وەزیری بەرگری تورکیا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، کێشەو بیروبۆچوونی جیاواز لە نێوان تورکیاو هەریەک لەروسیاو ئەمریکا هەیە لەبارەی باب‌و دەیانەوێت بە رێگای گفتوگۆ ئەو کێشانە چارەسەر بکەن.

ئیشیک وتـی» فڕۆکـە جەنگیەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵـەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا هاوکارییان راگرتووە لەبواری هەواڵگری، هـەروەهـا هێزەکانی سـەر بە پەیەدە لـەلایـەکو هێزەکانی رژێمی سوریاش لەلایەکی دیکە بەرەوە شاری باب دەجوڵێن».
سوپای تورکیاو سوپای سوریای ئازاد لەچوارچێوەی قەڵغانی فوراتدا ٢ کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری باب-ەوە دوورن.
هاوکات سوپای تورکیا لەراگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە ٨٨ مۆڵگەی داعـشو ٦ مۆڵگەی پـەیـەدەو یەپەگەیان لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات بۆردومانکردووە، «لەئەنجامدا ١٢ ئەندامی یەپەگەو ٨ ئەندامی داعش کوژراونو دوو ئەندامی سوپای سوریای ئازاد لە شەڕ و پێکداداندا کوژراونو دوو تانک بە موشەکی داعش زیانیان بەرکەوتووە».
ئـەوەش لەکاتێکدایە سـوپـای تورکیا هێزێکی زۆر کـە لـە تانکو زرێپۆش پێکهاتوون لەناوچەی ئیسلاحیەی سەر بە پارێزگای عەنتاب، بەرەو سنوری سوریا جوڵاندوەو هەندێکیشیانی بەرەو شاری باب گواستووەتەوە.

http://www.xendan.org

هەموو ئەم چەواشەکاریانەی تورکیا لەکاتێکدایە، کە تەواوی بەڵگەکان لەبەردەست تورکیا هاوکارو دامەزرێنەرێکی سەرەکی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەو هەر روسیا خۆی چەندین بەڵگەی رونو ئاشکرای لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە کە تورکیاو داعش نەیاری یەکتر نین؟.

## تورکیا: ئەگەر پەیەدە بەشداری ئۆپراسیۆنی منبج و ڕەقە نەکات ئەوا هێزەکانی ئێمە بەشداری دەکەن

تورکیا نیگەرانە لەبەشداریکردنی یەپەگە لە ئۆپراسیۆنی منبج و ڕەقە و وتەبێژی حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند، ئەگەر یەپەگە بەشداری نەکات ئەوا ئەوان بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری دەکەن.
ڕۆژی ٢٠ی ئازاری ٢٠١٧ نومان کورتوڵموش، جێگری سەرۆک

وەزیران و وتەبێژی حکومەتی تورکیا دوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیـران راشیگەیاند «ئێستا ئەمریکا و ڕوسیا هیچ بڕیارێکی دیاریکراویان لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانی رەقە و منبج نییە و بژاردەی جیاواز لەبەردەم هەردوو وڵاتدا هەیە».

کورتولموش باسی ئۆپەراسیۆنی رەقە و منبجی کرد و وتی «ئەگەر پەیەدە بەشداری نەکات ئەوا تورکیا ئامادەیە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پاککردنەوەی ناوچەکە لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بکات، ئەمەشمان هەم بە رووسییەکان و هەمیش بە ئەمریکییەکان گوتووە».

ئەوەش لەکاتێکدایە سیپان حەمۆ، فەرماندە لە یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە ئاشکرایکرد، ئەوهێرشەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی دەکات بۆ دەرکردنی داعش لە شاری ڕەقە، لە سەرەتای مانگی نیسانی داهاتوودا دەستپێدەکات، ئاماژەی بەوەشکرد سەرباری ناڕەزایەتییەکانی تورکیا هێزەکانی ئەوانیش بەشداری ئۆپراسیۆنەکە دەکەن.

حەمو وتوویەتی «یەکینەکانی پاراستنی گەل بە هاوبەشی لەگەڵ شەڕکەرە عەرەبەکان لە هێزەکانی سوریای دیموکراتی، بەشداری هێرشکردنە سەر شاڕی ڕەقە دەکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد، لە ٢٥٪ی کۆی ئەو هێزەی کە ئامادەکراوە بۆ هێرشکردنە سەر رەقە، لە «شەڕوانە زۆر ڕاهێنراوەکانی» یەکینەکانی پاراستنی گەلە، کە شارەزاییان هەیە لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا.

لەبەرامبەر جیف دەیڤس، وتەبێژی وەزارەتـی بەرگری ئەمەریکا ڕایگەیاند، تا ئێستا بڕیاری تەواوەتی نەدراوە سەبارەت بە هێرش بۆسەر ڕەقە، کەبەشێکە لە هێرشێکی دوولایەنە بۆ هەڵاوەشاندنەوەی خەلافەتەکەی داعش کە لە عێراق و سوریا لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕایگەیاندووە.

بەپێی زانیارییەکان لە ئێستادا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لەناو شاری ڕەقەدا ماونەتەوە و لەو بڕوایەشدا بەشێکی زۆری سەرکردەکانی

ڕێکخراوی داعش لەناوشارەکەدان.
پێشتریش فکری ئیشک وەزیری بەرگری تورکیا ڕایگەیاندووە، ئێمە وەک تورکیا هێڵی سوورمان لە منبج، نەمانەوەی ئەندامانی پەیەدەیە لە شارۆچکەکە. یەکەم کاری لە پێشینەی ئێمە وەدەرنانی پەیەدەیە لەوێ، ئەمە ئەنجام دەدەین، لەو پێناوەشدا یەکەم کارمان لەسەر ئاستی دیپلۆماسی دەبێت.

**تورکیا بەم هەنگاوە ڕێگری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات**

ڕۆژنامەیەکی ڕوسی بڵاویکردۆتەوە بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان بەنیازی ئەنجامدانی هێرشێکی فراوانە بۆ سەر ناوچە کوردیەکان.
ڕۆژنامەی »ئیزڤیستیا«ی ڕوسی لەراپۆرتێک بڵاویکردۆتەوە کە سوپای تورکیا بەمەبەستی ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی فراوان لە باکوری سوریا دەستی بەئامادەکارییەکی گەورە کردووە، کە ئامانجیش لەهێرشەکە بۆ ڕێگرییە لەدروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەو ناوچەیە. ڕۆژنامەکە ئەوەی ئاشکراکردووە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر هەردوو شاری ڕەققە و شارۆچکەی مەنبەج دەبێت، کە بەدەست هێزە کوردییەکانەوەیە، بۆ ئەوەش پشتی بەقسەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا بەستووە کە ووتی هاوشێوەی ئۆپەراسیۆنی «قەڵغانی فورات» بۆ سەر مەنبەجو ڕەققە ئەنجامدەدەن، ئەوەش بۆ ڕێگری لەهەوڵە سەربازییەکانی هێزە کوردییەکان.
ڕۆژنامەکە باسی لەوەش کردووە تورکیا دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەباکووری سوریا بەمەترسی بۆ سەر ئاسایشی خۆی دەزانێت، بۆیە لەڕێگەی سەربازییەوە هەوڵی ڕێگری لەدروستبوونی دەدات.

http://speemedia.com

## تورکیا لەسەر کورد لە روسیاش نیگەرانە

لەسەر بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەکی شەڕڤانانی رۆژئاوای کوردستان و سەربازە رووسیەکانی سوریا، تورکیا نیگەرانی خۆی دەگەیەنێتە روسیا.

حسێن موفتو ئۆغڵو وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دیپلۆماتێکی روسیای بانگهێشتکردو نیگەرانی وڵاتەکەی لەبڵاوبونەوەی وێنەی سەربازانی روسیا لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگە لەجەژنی نەورۆزدا راگەیاند.

میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە رۆژی پێنجشەممە ٢٣-٣-٢٠١٧حسێن موفتو ئۆغڵو وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەپرێس کۆنفرانسی هەفتانەی وەزارەتەکەدا رایگەیاند، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، جێبەجێکاری کارەکانی باڵیۆزخانەی روسیا لەئەنقەرەی بانگهێشتکردو پێیڕاگەیاند: بڵاوکردنەوەی وێنەی سەربازانی روسیا شانبەشانی شەڕڤانانی یەپەگە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مایەی قبوڵکردن نییە.

ئەو لێدوانەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەکاتێکدایە کە لەجەژنی نەورۆزدا وێنەی چەند سەربازێکی سوپای روسیاو چەند شەڕڤانێکی یەپەگە بڵاوکرانەوە کە لەئاهەنگی نەورۆزدا لەڕۆژئاوای کوردستان گرتبویان.

## راوێژکارێکی ئەردۆغان: بە پشتیوانیی رووسیا چووینە نێو عەفرین

**هێمن عەساف ٢٠١٨/٣/٣١**

**رووداو - ئەنقەرە**

گەورە راوێژکاری سەرۆککۆماری تورکیا رایدەگەیێنێ، بە پشتیوانیی رووسیا چوونەتە نێو عەفرین و، رووسیا دەیەوێت دۆستایەتی و بایەخی تایبەتی خۆی بۆ تورکیا بسەلمێنێت.

لە هەڤپەیڤینێکدا ئیلنوور چەڤیک، گەورە راوێژکاری رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لەبارەی عەفرین رایگەیاند:»بە

پشتیوانیی رووسیا چووینە نێو عەفرین. ئەگەر رووسیا کایەی ئاسمانی عەفرینی والآنەکردبایە، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانیشمان بۆیان نەبوو بفڕن».

چەڤیک راشیگەیاند: «لەم قۆناخانەی دواییدا، رووسیا دەیەوێت دۆستایەتی و بایەخی تایبەتی خۆی بۆ تورکیا بسەلمێنێت. رووسیا بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە تورکیا دەکات».

لەبارەی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و سووریاش چەڤیک رایگەیاند: «کوالیتی بیناسازیی تورکیا باشترینە. لە عێراق زۆرترین کاری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەمان ئەنجامدا. هەر لە دروستکردنی فڕۆکەخانەی سلێمانی تاوەکو بچووکترین پڕۆژە. هەمووی بە چیمەنتۆ و ئاسن و شیشی تورکیا کراوە. تەنانەت ئاوەدانکردنەوەی موسڵیش لەلایەن کۆمپانیاکانی تورکیاوە ئەنجامدەدرێت».

**سەرۆک وەزیرانی تورکیا: لەگەڵ کورددا بەشداری شەڕی رەقە ناکەین**

**٢٠١٦/١٠/٢٩**

**وێستگە نیوز**

سەرۆک وەزیرانی تورکیا دووپاتیکردەوە کە گەر کوردەکان بەشداری بکەن، وڵاتەکەی بەشداری پڕۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری رەقەی سوریا ناکات. بینالی یەڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاتد کە وڵاتەکەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداری شەڕی ئازادکردنەوەی شاری رەقەی سوریا ناکات، گەر کوردەکان بەشداری بکەن.

بینالی یەڵدرم وتی: «تورکیا بەشداری شەڕەکە دەکات، بەڵام گەر ئەو گروپانەی وەک رێکخراوی تیرۆریستی پۆلێن کراون لە نموونەی پارتی یەکێتی دیموکراتی و یەکینەکانی پاراستنی گەل، بەشداری بکەن، ئێمە بەشداری ناکەین».

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پارتی یەکێتی دیموکراتی و یەکینەکانی پاراستنی گەل بە کاراترین هێز لە شەڕ دژی رێکخراوی دەوڵەتی

ئیسلامی ناسراو بە داعش دادەنێت و پێشتر رایگەیاندووە کە ئەو هێزە کوردییە بەشداری پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری رەقە دەکەن.
بەڵام ئەنقەرە پێیوایە کە پارتی یەکێتی دیموکراتی و یەکینەکانی پاراستنی گەل سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانن کە چەند دەیەیەکە لەگەڵ حکومەتی تورکیا لە شەڕدایە.
سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند، چاوەڕێن ئیدارەی نوێی ئەمریکا کۆتایی بە پڕچەککردنی هێزە کوردیەکان بهێنێت لە سوریا و ڕەخنەی لە ئیدارەی ئۆباما گرت لەسەر هاوکاریە سەربازیەکانی بۆ ئەو هێزانە.
بینالی یلدرم، لە کۆبونەوەی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتەکەی لەپەڕلەمان لەسەر هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ هێزە کوردیەکانی رۆژئاوای کوردستان ڕەخنەی لەو وڵاتەگرت و وتی« ئەمە لەگەڵ دۆستایەتی گونجاو نیە».

**«ئەمریکا چەک دەداتە یەپەگە و پەیەدە، بۆ ئەوەی زیاتر فەوزا لە تورکیا ڕوبدات و زیاتر تیرۆر هەبێت»بینالی یلدرم وای وت.**

هەروەها وتی، ئەوان ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەبەرپرسیار نابینن «چونکە ئیدارەی ئۆباما یەپەگەی پرچەککردوە». سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئاشکراشیکرد، وڵاتەکەی چاوەڕێی ئیدارەی نوێ ئەمریکا دەکات کە کۆتایی بە پڕچەککردنی هێزە کوردیەکان بهێنێت و بە «شوورەیی» وەسفیکرد.
ئەمریکا تائێستا چەند جارێک هاوکاری سەربازی گەیاندۆتە یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات لە رۆژئاوای کوردستان، بەپێی ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی، بەشێک لە هاوکاریەکان لە هەولێرەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان دەگوازرێنەوە.
هاوکاریە سەربازیەکانی ئەمریکا، بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە، بەشێکی لە ڕێگای فڕۆکە بارهەڵگرەکانی ئەو وڵاتـەوە لە فرۆکەخانەی ڕمێلان-ە وەدەگاتە رۆژئـاوای کوردستان و لە لایەکی تـرەوە لە ڕێگای زەمینی لە هەولێرەوە «بە دەیان» بارهەڵگری چەک و تەقەمەنی و لە سنوری هەرێمی کوردستانەوە گەیشتونەتە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەیەدە.

عەمید تەلال سلو، وتەبێژی هێزەکانی سوریای دیموکرات پێشتر ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە، ئەوان چاوەڕێی بڕیاری ئەمریکان تا ئاستەنگەکان کەمبکرێتەوە بۆ پڕچەککردنی ئەو گروپە چەکدارانەی ئۆپوزسیۆن کە لە سوریا شەڕدەکەن تا لێی سودمەندببن و موشەکی دژە فڕۆکەیان بە دەستبگات.
سلۆ، جەختی لە پشتیوانی ئەمریکا کردبویەوە بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات و ئەو وڵاتەی بە هاوپەیمانی«ژمارە یەک»ی خۆیان ناوبردبوو.
http://www.xendan.org

## سوپای تورکیا بە ٢٥ هەزار سەربازەوە هێرش دەکاتە سەر کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان

٢٠١٧-٨-١١

سوپای تورکیا دەیەوێت هێرش بکاتە سەر چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای کوردستانو بۆ ئەوەش ٢٥ هەزار سەربازی ئامادەکردووە. بەپێی زانیاریەکانی ڕۆژنامەی "یەنی شەفق"ی تورکیا، سوپای ئەو وڵاتە ئامانجییەتی هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی "گرێ سپی، عفرین، مەنبەج، تەل رفعت"" لەڕۆژئاوای کوردستان.
ڕۆژنامەکە بڵاویشیکردووەتەوە، سوپاکە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکان بۆ ئەو ناوچانە ٢٥ هەزار سەربازی ئامادەکردووە، ئەمە جگە لەپشتگیری هێزی ئۆپۆزسیۆن لەسوریا.
ئەم هەنگاوەی تورکیا لەکاتێکدایە لەزۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمریکا هاوکاری یەکینەکانی شەرڤانانی یەپەگە دەکات، ئەوەش بۆ شەڕی داعش.
ڕۆژنامەکە بڵاویشیکردووەتەوە، ئەو ئامادەکارییەی تورکیا لەچوارچێوەی نیگەرانییەکانییەتی، کە لەسەر یەپەگە هەیەتیو ترسی هەیە ئەو هێزە لەباکووری سوریا زیاتر فراوان بێت، کە وەک هێزێکی سەر بەپارتی کرێکرانی کوردستان پەکەکە سەیریدەکات.
http://www.awene.com

## «گەورەترین هەڵەیە ڕێگە بەبەشداریی یەپەگە بدرێ بۆ شەڕی ڕەققە»

## کارزان گلی

**٢٠١٦/٩/٢٧**

هەردوو وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و تورکیا لە ئەنکەرا کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی ناوچەکە کرا، بەتایبەتی شەڕی ناوەخۆی سووریا و عێراق. هەروەها باس لە چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە گروپی تیرۆریستی داعش کرا.

مەولود چاوشئۆغلو لە کۆبوونەوەکەدا گلەیی لە ئەمەریکا کرد، کە بەهیچ شێوەیەک بەڵێنەکانی نەبردووەتە سەر لەبارەی ئۆپەراسیۆنی مەنبەج، کە هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەنجامیان دا و زۆربەی ئەو هێزەش سەر بە چەکدارانی یەپەگەن. ئەو باسی لە بەڵێنێکی ئەمەریکا کرد، کە داوای لە تورکیا کرد ڕێگە بدات یەپەگە بە ڕۆژئاوای فوراتدا تێپەڕێ بۆ ڕزگارکردنی مەنبەج، پاشان بەڵێن بێت یەپەگە مەنبەج چۆڵ بکات و بیداتەوە دەست ئەنجوومەنی سەربازی شارۆچکەکە. چاوشئۆغلو ئاماژەی دا کە ئەمەریکا بەڵێنەکەی نەبردە سەر، ئەوەتا مەنبەج ڕزگار کرا و یەپەگەش هەر لە ڕۆژئاوای فورات و مەنبەجدا ماوەتەوە.

ئەو دەڵێ ئێمە لە ئەمەریکا بە باراک ئۆباما و جۆ بایدنمان گوتووە کە بۆچی بەڵێنەکەتان نەبردە سەر و پێمان گوتن یان ئەوەتا یەپەگە گوێ بە قسەی ئێوە نادات و ناکشێتەوە، یاخود ئێوە خۆتان حەز ناکەن لە ڕۆژئاوای فورات بکشێنەوە. لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەش کرد کە بۆ ئۆپەراسیۆنی ڕەققە ئەمەریکا گەورەترین هەڵە دەکات ئەگەر یەپەگە بەشداری پێ بکات، چونکە یەپەگە سەلماندی کە بە گوێی ئەمەریکا ناکات و بچێتە هەر شوێنێک وەکو داگیرکاری داگیری دەکات.

بە گوێرەی بۆچوونی ئەو ئەگەر یەپەگە بچێتە ناو ڕەققەوە، ئەوکات شەڕێکی دیکەی گەورە لە ناوچەکە بەرپا دەبێت و مەترسی گەورە لە ناوچەکە ڕوو دەدات، بۆیە پێویستە ئەمەریکا بیر لەو هەڵەیە

نەکاتەوە. ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەوان وەکو تورکیا بە هەموو شێوەیەک دژی ئەوەن یەپەگە بەشداری شەڕی ڕەققە بکات و پێیان باشە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەی سووریا بەشداری ئەو شەڕ بکات، چونکە بە رزگارکردنی رەققە کێشە و شەڕی دیکە بەرپا نابێت.

## میدیاکانی تورکیا: ئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا لە سوریا گەیشتووەتە ئاستی پێکدادان

هاوکات لەگەڵ بەردەوامی هێرشەکانی سوپای تورکیا و گروپە هاوپەیمانەکانی بۆ سەر کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، میدیاکانی تورکیا ئاماژە بە زیادبوونی ئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا دەکەن تا ڕادەی پێکدادان.

ڕۆژنامەی حوڕیەتی تورکی بڵاویکردەوە، ئاڵۆزییەکانی نیوان هێزەکانی سوپای تورکیا و ئەمریکا و هاوپەیمانان لە منبج بەرەو هەڵکشان دەچێت و ئەگەری پێکدادانی سەربازی لە ناوچەکە لە ئارادایە. ئەوە لە کاتێکدایە ژەنەڕاڵ پۆل فۆنک فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە میانی سەردانەکەی بۆ شاری منبجی سوریا ڕایگەیاند، بوون و مانەوەیان لە شارەکە بۆ دڵنیاییدانە بۆ بەزاندنی داعش لە ناوچەکە.

ئەو ژەنەڕاڵە سوپای ئەمریکا متمانەی خۆی نیشاندا بەسەرکردایەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات و ئاماژەی بەوەشکرد، لە کاتێکدا هیچ هێزێک نەیدەتوانی کۆنترۆڵی شاری ڕەقە بکاتەوە لە دەستی داعش، بەڵام ئەم هێزە کردی ئەوەش توانای ئەوەیان دەداتێ کە کورد ڕۆڵیان لەسەر مێزی گفتوگۆکان هەبێت.

لە بەشێکی تری وتەکانیدا فۆنک جەختیکردەوە،سەرباری ئاڵۆزییەکان لەگەڵ تورکیا، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە، بوونی هێزەکانی ئەمریکاش لە باکوری سوریا بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانە.

ئەو وتانەی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربارەی

مانەوەیان لە منبج لە کاتێکدایە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا، داوای لە ئەمریکا کرد هێزەکانی لە منبج بکشێنێتەوە، چونکە ئەنکەرە بە نیازی فراوانکردنی ئۆپراسیۆنەکانییەتی لە ناوخۆیی سوریا.

کەمال کلێچدار ئۆغلۆ سەرۆکی پارتی کۆماری گەلی تورکیا لە لێدوانێکدا بۆ میدیای وڵاتەکەی هۆشداری دایە حکومەت لەسەر ئۆپراسیۆنی عەفرین ڕایگەیاند، هیچ پێویست نییە لەوە زیاتر پێشڕەوی بکەن لە سوریادا، چونکە ئەوە هەڵەیەکە و زۆر نیگەرانن بە لە دەستدانی ژمارەیەکی زیاتر لە سەربازانی تورکیا.

لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی خەبەر تورک کلێچدار ئۆغلۆ وتی «من بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابم بە هێرش بۆ سەر ناوەندی شاری عەفرین، چونکە نابێت ئۆپراسیۆنەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکە بێت».

**میدیاکانی تورکیا: ئەردۆغان لە ڕووسیا بەڵێنی داوە بەبێ ڕەزامەندیی ئەسەد هێرش نەکاتە سەر یەپەگە**

**٢٠١٧-١١-٢٤**

میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لە دانیشتنەکەیدا لەگەڵ پوتین و ڕۆحانی بەڵێنی ئەوەی داوە بەبێ ڕەزامەندیی ئەسەد هێرش نەکاتە سەر یەپەگە، ئەوەش لەپێناو گەڕانەوەی سیادەی سوریا بۆ ئەسەد. میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، لە دانیشتنە سێ قۆڵییەکەی ڕووسیا لە نێوان ڤلادمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا و حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان قسەیان لەسەر ئەوە کردووە کە دەسەڵاتی ئەسەد لە سوریادا زیاتر بکەن و هاوکاریی بکەن بۆئەوەی کە وا نیشانبدرێت ئەسەد کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سنوورەکانی سوریادا هەیە.

ئاماژە بەوەش کراوە، لەو دانیشتنەدا ئەردۆغان بۆ گەڕانەوەی سیادەی سوریا بۆ ئەسەد بەڵێنی داوە کە سوپای دەوڵەتەکەی بەبێ

ڕەزامەندیی ئەسەد هێرش نەکاتە سەر یەپەگە.
ئەوەش خراوەتەڕوو، پوتین و ڕۆحانی و ئەردۆغان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بە هیچ شێوەیەک بەبێ ڕەزامەندیی ئەسەد دەستێوەردان لە سوریادا نەکرێت.

## نهێنیەکانی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین

### توێژەری سیاسی: جەزا ئەحمەد فارس

تورکیا هێرشی سەربازی دەستپێکردوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی عەفرین لەبەر ئەوەی عەفرین پێگەیەکی ستراتیجی گرنگی هەیە و لە ئایندەدا پرسی سوریا لە عەفرینەوە یەکلایی دەکرێتەوە.
بیانوەکانی تورکیا بۆ پەلاماردان و هێرشکردنە سەر عەفرین بریتیە لە بوونی یەکینەکانی پاراستنی گەل وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی سنورەکانی بەڵام ئەم هێرشە تەنیا پەیوەندی بەوە نیە بەڵکو هاوکێشەیەکی هەرێمی و نیودەولەتی تەحەکومی پێوە دەکەکات کە خۆی دەبینێتەوە لە ململانێکانی روسیا و ئەمریکا لە پێناو زیاتر هەیمەنە کردنیان لە سوریادا.
دورکەوتنەوەو ئاڵۆز بوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر هەڵکردنی گلۆپی سەوز لە لایەن رووسیاوە بۆ دەستکردن بەم ئۆپراسیۆنە بە ئامانجی ئەوەی لە ئایندەدا تورکیا دوربکەویتەوە لە هاوپەیمانی ئەمریکا و بچێتە چوار چێوەی هاوپەیمانی روسیاوە بەمەش روسیا دەیەوێت کە پرسی سوریا لە بەرژەوەندی خۆی یەکلای بکاتەوە.
لەپاڵ ئەو ململانێ نێو دەوڵەتی و هەرێمەی کە لەسەر عەفرین هەیە کورد خاوەنی هێزێکی سەربازی تۆکمە و بەهێزە لە رۆژئاوا و تەواوی سوریا بەناوی یەکینە کانی پاراستنی گەل کە رۆلی گرنگی یەکلا کردنەوە ئەبینن لەم ململانێدا بەو پێیەی ئەم هێزە تێکشکێنەری داعش و پارێزگاری یەکەمی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستانە.
ئەمەی خوارەوە توێژینەوەیەکی کورت و پوختە لە سەر (عەفرین لە

بەردەم داگیرکاری تورکیادا) کەبەم شێوەیەی خوارەوە دابەشمانکردووە لە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین، گرنگی پێگەی عەفرین، ئامانجی تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفرین چیە، بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی تورکیا لەلایەن YPG ەوە، کاریگەری ململانێکانی روسیاو ئەمریکا لە هێرشکردنە سەر عەفرین، کاردانەوەی وولاتان سەبارەت بەم هێرشە.

## هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین

سوپای تور کیا لە (٢٠١٨/١/٢٠)ەوە دەستیان کردوە بە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی لە ژێرناونیشانی (چڵە زەیتوون) کە ئامانج لێی بریتیە لە چونە ناوخاکی سوریاوە بە قوڵای (٣٠)کم لە سنوری عەفرینەوە.
تورکیا بە بیانووی پاراستنی سنورەکانی لە هێرشی هێزەکانی سوریای دیموکرات کە یەکینە کانی پاراستنی گەل بەشێکی سەرەکی پێک دەیەنن و لە لایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە دژی داعش کە ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات دروست کراون و پشتگیری دەکرێن دەستی کردووە بەم ئۆپراسیۆنە.
تورکیا هەمیشە یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەشێکی سەرەکی هێزە کانی سوریای دیموکرات پێکدەیەنن بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئەوان بەشێکن لە پارتی کرێکارانی کوردستان کە پارتێکی کوردییە و لە قۆناغی خەباتی رزگاری نیشتیمانیدایە دژی تورکیا ئەمە لە کاتێکدا یەکینەکانی پاراستنی گەل ئاماژەبەوەدەکەن کە ئەوان هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ پارتی کریکارانی کوردستان نیە.
تورکیا بۆ ئەم هێرشە پشت بە چەکدارانی سوریای ئازاد و گروپە توندرەوەکان دەبەستێت کە لەماوەی رابردودا راهێنانیان پێکردون، ئەم گروپ و هێزە توندرەوانە بە ئاڵای تورکیاوە پەلاماری عەفرین دەدەن. دوا بەدوای هێرشی تورکیا پارتی یەکێتی دیموکرات داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات کە تەداخول بکەن، روسیاش بەوە تۆمەتبار دەکات کە ناپاکی لێکردوون و ئەو هێزەی روسیا کە لە عەفرین بوون پێش دەست کردن بەم ئۆپراسیۆنە کشێنراونەتەوە.

## گرنگی پێگەی عەفرین

ناوچەی عەفرین کە چیای کوردانیشی پێدەگوترێ، دەکەوێتە ئەوپەڕی باشووری خۆرئاوای کوردستان‌و ڕێک دەکەوێتە ناوچەی سنووری نێوان سوریاو تورکیا. عەفرین ناوچەیەکی شاخاوییە، ڕێژەی چیاکانی مام ناوەندییەو لەنێوان (٩٦٢-١٠٠٧) مەتردایە، چیای گەورە کە بە (گرێ مەزن) دەناسرێ‌و بەشێکە لەچیای (تۆڕۆس) کە بەرزترین لووتکە چیایە لەناوچەکەدا. بوونی کورد لەناچەکە دێرینەو بۆ سەردەمی میتانی‌و هۆرییەکان دەگەڕێتەوە کە (٣٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر لەو ناوچەیەدا ژیاون. عەفرین لەرووی ئیدارییەوە سەر بەشاری حەلەبەو (٣٦) کیلۆمەتر لەحەلەب دووره، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (٥٠) هەزارە، کە خەڵکە رەسەنەکەیەتی، بەڵام ئێستا ژمارەکەی زۆر گۆڕاوەو زیادبووە؟؟. حەوت ناحیەش لەناوچەکە سەر بە عەفرینن کە ئەمانەن: (شەڕان، شێخ حەدید، جەندریس، راجۆ، بولبول، مەرکەز، مەعبەتلی) لەگەڵ (٣٦٠) گوندیش کە سەر بەشارەکەن. کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە (٤٥٢٧١٤) کەسن. لەرووی کشتیارییشەوە چەندین جۆرە سەوزەو میوە لەناوچەکەدا دەچێنرێت، بەڵام عەفرین پتر بە زەیتون بەناوبانگەو (٣١) ملیۆن دار زەیتون لەناوچەکەدا هەیە.

**ئەم زانیاریانەم لە گۆڤاری (ئاسۆی مندالان) وەرگرتووە، شوباتی ٢٠٠٥.**
**www.efrin.com**

عەفرین ناوچەیەکی شاخاوییە کە روبەرەکەی نزیکەی ٣٨٥٠ کم چوار گۆشەیە کە دەکاتە لە ٢٪ خاکی سوریا سنورێکی فراوانی لەگەڵ تورکیادا هەیە.
ژمارەی دانیشتوانی بەهۆی ئاوارە بوونی خەڵکی ناو چەکانی ترەوە بەرز بۆتەوە بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن کەس، گرنگی عەفرین لەوەدایە کە ئەو ناوچانە لەیەکتری دادەبڕێت کە لە ئۆپراسیۆنی تورەیی فرات ئەو هێزانەی نزیکن لە تورکیا کۆنترۆلیان کردوە مەبەست لێی جەرابلوس و بابە

ئەعزازە لە ڕۆژهەڵاتی عەفرین وە پارێزگای ئیدلیبیش لە لەڕۆژئاواوە. کۆنترۆڵککردنی عەفرین لە لایەن تورکیاوە بەواتای بەستنەوەی سەرجەم ئەو ناوچانەی کە هێزە چەکدارەکانی نزیک لە تورکیا کۆنترۆڵیان کردووە لە سەر سنور، و گەشتنە بە دەریای ناوەڕاست.

عەفرین یەکێکە لە گرنگترین کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا کە لە ٢٠١٢ ەوە دوای ئەوەی سوپای سوریا ئەو ناوچەیان لەدەستدا یەکینەکانی پاراستنی گەل ئەرکی پارێز گاریکردنی ئەم ناوچەیان گرتۆتە ئەستۆ و لە ٢٠١٤ ەوە وەک کانتۆنێکی ڕۆژئاوا ڕاگەیاندراوە.

عەفرین پێشتر لەلایەن بەرەی نوسرە و داعش و حکومەتی سوریا وە چەندین جار هەوڵدراوە کۆنترۆڵ بکرێت و هێرشکراوەتە سەری بەڵام یەکینەکانی پاراستنی گەل پاراستوویانە.

یەکێک لە گرنگییەکانی تری عەفرین بریتیە لەوەی کە خاڵێکی گرنگی بەستنەوەی کوردەکانی ڕۆژئاوایە بە باکوری کوردستانەوە کە کوردەکانی ئەم دووبەشەی کوردستان زۆر نزیکیان لە گەڵ یەکتری هەیە بە شێوەیەک کە تەنانەت هەردووکیان بەهەمان شێوەزاری کوردیش قسە دەکەن.

لەپاڵ هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد عەفرین پێگەیەکی گرنگی جیۆستراتیجی هەیە بەو پێیەی دەروازەیەکە بۆ گەشتنی کورد بۆ سەر دەریای ناوەڕاست کە دەکرێت لە ئایندەدا ببێتە خاڵێکی گرنگی کرانەوەی ڕۆژئاوای کوردستان بەروی جیهاندا لە ڕووی بازرگانیکردنەوە و هەوەها سوردی گرنگیشی هەبێت بۆ باشوری کوردستان لە بەر ئەوەی هاوسنورە لە گەڵ ڕۆژئاوادا. عەفرین چۆن گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کوردەکان بە هەمان شیوە وەک شوێنێکی ستراتیجی گرنگ دادەنرێت بۆ تورکیا چونکە تورکیا نایەوێت کورد سود لە دەریای ناوەڕاست ببینێت بەمەبەستی کرانەوە بەڕووی جیهاندا و هەروەها دەیەوێت ئەو ناوچانەی سوریا کە لە لایەن گروپە توندڕەوەکان و سوپای سوریای ئازادەوە کۆنترۆڵ کراون بگەیەنێتەوە بەیەک.

## ئامانجی تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفرین چیە؟

تورکیا رایگەیاند کە ئەوان ئامانجیان لەم ئۆپراسوێنە چونە ناوخاکی سوریایە بە قولای ٣٠ کم بەمەبەستی پاراستنی سنورەکانیان و دروستکردنی ناوچەی ئارام لە نزیک سنورەکەیان چونکە ئەوان بوونی هێزی یەکینەکانی پاراستنی گەل بەهەڕەشە دەبینن بۆ سەر ئاسایشی تورکیا لەبەرئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل لقێکن لە پارتی کرێکارانی کوردستان هەروەها ئەوان نیگەرانن لە پشتگیری کردن و پڕچەککردنیان لە لایەن ئەمریکاوە. لەراستیدا تورکیا ئامانجی سەرەکی بریتییە لە بچراندنی پەیوەندی نێوان کوردەکانی رۆژئاوا و باکور لە لایەک و لە لایەکی ترەوە نایەوێت کوردەکانی رۆژئاوا بگەنەوە سەر دەریای ناوەڕاست لەبەرئەوەی لە ئایندەدا سوردی زۆری دەبێت بۆیان.

تورکیا بەهێرشکردنە سەر عەفرین و کۆنترۆڵ کردنی دەیەوێت رۆژئاوای کوردستان ئابلۆقە بدات و تەوقیانبدات بەشێوەیەک هیچ دەروازەیەکیان بۆ نەهێڵێتەوە بۆ پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە چونکە لەحاڵەتی گەشتنی کورد بـەدەرەوە ئەوە کوردەکان دەست دەکەن بە بازرگانی و لایەنی ئابوری ئەم هەرێمە کوردیانە دەست دەکات بە بووژانەوە کە ئەمەش لە بەر ژەوەندی تورکیادا نیە.

بەکۆنترۆلکردنی عەفرین تورکیا دەیەوێت کە ئەو ناوچانەی کە چەکدارە توندەرەوەکان داگیریان کردن لەگەڵ سوپای سوریای ئازاد کە نزیکن لێیەوە بگەیەنێت بەیەکتری و وەک قەڵخانێک بۆ پاراستنی تورکیا بەکاری بیەنێت و بشیانخاتە شەرەوە لەگەڵ کانتۆنەکوردییەکانی تر.

یەکینەکانی پاراستنی گەل بەرپەرچی هێرشی تورکیا دەدەنەوە

یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەشێکی سەرەکی هێزەکانی سوریای دیموکرات پێک دەهێنن لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی دژی داعشەوە پڕچەک کراون و مەشقیان پێکراوە بەتوندنی بەر پەرچی هێرشەکانی تورکیایان داوەتەوە بۆ سەر عەفرین.

تورکیا بە ئاسانی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە هێرشەکانی هەرچەندە

لەڕوی چەک و هێزی سەر بازییەوە نا بەرامبەرییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان سوپای تورکیاو یەکینەکانی پاراستنی گەل بەڵام وەک پێشتر لە کوبانی و زۆر ناوچەی تر بینیمان یەکینەکانی پاراستنی گەل هێزێکن بە ئاسانی تەسلیم نابن و تا کۆتای شەر دەکەن بەمەش پێویستە چاوەری شەرێکی قورس بکەین.

لەدوای هێرشەکانی تورکیا بۆسەر عەفرین خۆبەرێوەبەری دیموکراتی عەفرین داوای لە سەر جەم خەڵکی ناو عەفرین و پلەباڵاکانی کردووە کە چەک هەڵبگرن و دژی داگیرکارییەکانی تورکیا بوەستنەوە و جگە لەوە داوا لە کۆمەڵگای نێو دەولەتی دەکەن کە بێدەنگ نەبن.

هەموو پێشهاتەکان ئاماژەی ئەوەمان پێدەدەن کە شەڕێکی قورس چاوەڕوانی تورکیا دەکات لەبەر ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل ماوەی چەندین ساڵە خۆیان بۆ ئەم شەرە ئامادەکردوە و و ئەزموونێکی باشیشیان لە شەردا هەیە بەو پێیەی بەتێکشکێنەری داعشن لە رۆژئاوا و تەواوی سوریادا. لەپاڵ بانگەشەی خۆبەڕێوبەری دیموکراتی عەفرینیش هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی فیدرالی باکوری سوریا داوای لە سەرجەم کوردان و پارتە سیاسیەکان کرد کە دژی داگیر کاری تورکیا بوەستنەوە بۆ سەر عەفرین.

رۆڵی ململانێکانی ئەمریکا و رۆسیا لەهێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین ئەمریکا پێی وایە کە ترسی تورکیا لە ئاسایشی نەتەوەکەی شەرعییە بەڵام دەبێت تورکیا کۆنترۆڵی خۆی بکات و وە پێویستە کە جوڵە سەربازییەکانی سنوردار بێت و قوربانی لێنەکەوێتەوە بە تایبەتی هاوڵاتیانی مەدەنی نەبنە قوربانی، بەڵام تورکیان نیگەرانە لە رەفتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەو پێیەی کە ئەمریکا پشتیوانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکات .

دوای ئەوەی کە ئەمریکا رایگەیاند لە (٢٠١٨/١/١٣)یارمەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەدات بەمەبەستی دروستکردنی هیزی ئاسایشی سنور لە کە ژمارەیان لە ٣٠ هەزار شەرکەر پێک دێت و ئەمریکا راهێنانیا پێدەکات، نیگەرانی تورکیای لێکەوتەوە لە بەر ئەوەی نیوەی

ئەم هێزە لە هێزەکانی سوریای دیموکرات پێک دێت ئەردۆغان ئەم هێزەی بە سوپای تیرۆر ناو برد.
ئەمریکا مەبەستی سەرەکی لە دروست کردنی ئەم هێزە نوێیە بەناوی هێزی ئاسایش سنور بریتییە لە وەستاندنی هاتنی تیرۆرستانی داعش لە تورکیا و عێراقە وە بۆ سوریاو هەروەها مەبەستێتی ئەم هێزە ببێتە بەر بەست لە بەر دەم هەیمەنەی روسیاو تورکیادا بۆیە رۆسیا بریاری کشانەوی سەربازەکانی خۆیدا لە عەفرین و لەگەڵ کشانەوەی سەربازانی روسیا لە عەفرین تورکیا دەستی کرد بەهێرشکردنە سەر عەفرین لە ژێر ناوی ئۆپراسیۆنی(چڵە زەیتون).
بەر لە کشانەوەی سەربازانی روسیا لە عەفرین، دوو بژرادەیان خستۆتە بەردەم کوردەکان کە ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە واز لە عەفرین بیەنن بۆ حکومەتی سوریا کە مەبەست لێی حکومەتی بەشار ئەسەدە یان دەبێت رووبەرووی سوپای تورکیا ببنەوە.
پەیوەندییەکانی رۆسیاو تورکیا لە نزیکبونەوەدان لەگەڵ یەکتری لەدوای دروستبوونی ناکۆکی و ئاڵۆزی لەنێوان ئەمریکا و تورکیادا بە تایبەت دوای ئەو پشتگیریانەی کە ئەمریکا دەیکات بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل .
ئاڵۆز بوونی پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا هانی بەرووسیاوە ناوە کە گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا هەڵبکات بەمەبەستی هێرشکردنە سەر عەفرین بە هیوای ئەوەی کە لە ئایندەدە تورکیا دەستبەرداری ئەمریکا ببێت و ببێتە هاوپەیمانی روسیا لەناوچەکەدا.
کەواتە ئەوەی لە عەفرین روو ئەدا بەشێکی دەرئەنجامی ململانێی دوو وولاتی زلهێزی گەورەی وەک روسیاو ئەمریکایە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەشێوازی جیاجیا لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هێزو وولاتانی جیهانیان پێکدا کێشاوە.
کوردەکان زۆر جار رۆسیا بە ناپاک وەسف دەکەن لەبەر ئەوەی کە گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکردوە لە دوای کشاندنەوەی سەربازەکانی لە عەفرین، بێدەنگی ئەمریکاش سەبارەت بە داگیر کاری تورکیا بۆ عەفرین

لەوە وە سەرچاوە دەگرێت کە عەفرین وەک بەشێک لە ستراتیجی ڕوسی سەیر دەکەن بەڵام دوور نیە لە ئایندەدا ئەم کانتۆنەش وەک کانتۆنەکانی تر ببێت بە بەشێک لە ستراتیجیەتی ئەمریکی.

**کاردانەوەکانی وڵاتان سەبارەت بە داگیرکاری تورکیا بۆ سەر عەفرین**

وڵاتانی ئەوروپا بە شێوەی جیاجیا لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەیانەوە ڕای خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین . فەرەنسا داوادەکات کە دەست بەجێ شەرکردن بوەستێنرێت و هاوکاری مرۆی بگەیەنرێتە لێقەوماوانی شەڕ، ئەوەی کە خاڵی زۆر گرنکە لە سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا سەبارەتە بە عەفرین بریتیە لە داواکردنی فەرەنسا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین را بگرێت ئەمە لەکاتێکدا یە وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغلۆ پێی وایە کە بردنی ئۆپراسیۆنی تورکیا بۆ ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن فەرەنسا یان هەر وڵاتێکی ترەوە بێت بەبەرژەوەندی تیرۆرستان کۆتای دێت کە مەبەستی یەکینە کانی پاراستنی گەلە.
لەپاڵ فەرەنساش وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاش ڕای گەیاند دوای هێرشی تورکیا بۆ سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل مەترسیەکان پێشبینیکراو نین و ئەم هێرشەی تورکیا نیگەرانی کردون، چونکە دوای ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر داعش بەدەستهێنا پێویستە ئاشتی بێتە کایەوە نەک شەرێکی تر چونکە سەرجەم خەڵکانی سوریا بە دەست شەرەوە قوربانیان داوەو دەناڵێنن.
میصریش وەکو یەکەم وڵاتی عەرەبی لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی ڕایگەیاند کە ئەوان هێرشی تورکیا بۆسەر عەفرین کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای سوریاوە ڕەتدەکەنەوە چونکە ئەمە بەواتای بەزاندن و هێرشکردنە سەر سەروەی سوریا دێت وە ئەم هێرشە کاریگەری ئەبێت لەسەر هەوڵەکانی لەناو بردنی تیرۆر لە سوریادا.

**دەرئەنجام**

–قوربانی یەکەم لە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بریتی دەبێت لە هاوڵاتی مەدەنی، کە زیاتر لە یەک ملوێن هاوڵاتی مەدەنی لە عەفرین دەژیی لە ئێستادا.

–ئەوەی لە عەفرین روودەدات بریتیە لە پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی روسیاو ئەمریکا کە هەریەکەیان هەوڵی زیاتر کردنی هەیمەنەی خۆی دەدات لە ناوچەکەدا.

–تورکیا ناتوانێت سەرکەوتنی گەورە بەدەست بیەنێت لەم ئۆپراسیۆنەدا لەبەر ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەهێزترین هێزی چەکدارن لە سەرجەم سوریادا بڕیاریاندەوە کە بەتوندی دژی تورکیا بوەستنەوە.

–بەبیانوی پاراستنی سنورەکانی تورکیا دەستی کردووە بە ئۆپراسیۆنی سەربازی بە ئامانجی داگیر کردنی عەفرین بۆ پێکەوە بەستنەوەی ئەو ناوچانەی کە هێزەکانی نزیک لە تورکیا کۆنترۆڵیانکردووە.

–بەهەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن رۆسیاوە بۆ تۆرکیا کورد زیاتر لە ئەمریکا نزیک دەبێتەوە بەمەش دوور نیە هاوکێشەی سیاسی سوریا بەبەرژەوەندی ئەمریکا یەکلای ببێتەوە.

## نیگەرانە لەهاوکاریکردنی یە پەگە

## تورکیا بۆ باشتر دژایەتیکردنی کورد دەچێتە بەرەی روسیاوە

**شارپرێس:**

لەسەر هاوکاریکردنی کوردەکان لەلایەن ئەمریکاوو هاوپەیمانانەوە تورکیا دەچێتە بەرەی روسیاوە. بەپێی راپۆرتێکی بی بی سی ئینگلیزی پشتیوانیکردنی هێزە کوردییەکان لە سوریا لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە بەتەواوەتی تورکیای نیگەران کردوەو دەیەوێت بیر لەرێگایەکی نوێ بکاتەوە بۆ دژایەتیکردنی ئەو هاوکاریکردنە. لەراپۆرتەکەدا باس لەوە کراوە تورکیا چەندین جار ئەمریکای ئاگادار کردوەتەوە کە هاوکاری هێزە کوردیەکان نەکات، بەڵام ئەمریکا گوێی بۆ نەگرتووە. هەروەها کەناڵەکە باسی لەوەشکردوە کە تورکیا بەنیازە واز لە یارمەتیدانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بهێنێت لەشەڕی دژی داعشداو بچێتە بەرەی روسیاوە.

## هێزەکانی تورکیا لەدەروازەی عەفریندان

## ئەمەریکاو روسیا گەورەترین خیانەتیان بەرامبەر بەکورد کردەوە

سوپای تورکیاو گروپە چەکدارە هاوپەیمانەکانی لەسوریا تەنیا چەند کیلۆمەتریکی کەمیان ماوە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی گەمارۆی شاری عەفرین-ی رۆژئاوای کوردستان بدەن. کورد نیگەرانن لەوەی جارێکیتر ئەمەریکاو روسیا خیانەتیان لێکردو کردیانیان بەقوربانی بەرژەوەندیەکانیان.

**ئا: ئاوێنە**

هێزەکانی تورکیاو هاوپەیمانە سوریەکانی لەشاری عەفرین نزیک بونەتەوە، ئەم پەرەسەندنەش پاش ئەوە دێت کە هێزەکانی تورکیا لەدەوروبەری گوندی (کەفەرجنە)وە دەستیان کرد بەپێشڕەوی بەرەو شاخی (قەرزیحل)، هاوشانی ئەوەش لەدەوروبەری شارۆچکەی (جندرێس)ەوە بەدرێژایی ئەو دۆڵەی دەگاتەوە دەوروبەری شاری عەفرین لەباشورەوە پێشڕەویان کرد. ئەوەش هاوکات بو لەگەڵ

گەیشتنی پشتیوانی نوێی سوپای تورکیا بۆ لیوای ئەسکەندەرون‌و ویلایەتی (کلیس). لەبەرامبەردا لێدوانی رون لەلایەن (یەپەگە)وە لەبارەی دۆخی مەیدانی شەڕەوە نابیسترێت.
هێزەکانی تورکیا بەکۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی (جندرێس) کە شارۆچکەیەکی ستراتیژییە لەباشوری کانتۆنی عەفرین، پێشڕەوییەکی بەرچاویان کرد. (جندرێس) بەگەورەترین شارۆچکە دادەنرێت لەناوچەی عەفرین کە لەئۆپەراسیۆنەکەیدا، سوپای تورکیا توانیویەتی دەستی بەسەردا بگرێت.

**پێشڕەوی تورکیا چ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵوێستی مۆسکۆو واشنتۆن دەبێت؟**
پێشڕەوی خێرای هێزەکانی سوپای تورکیاو گروپە چەکدارەکان‌و نزیکبونەوەیان لەناوەندی شاری عەفرین، چەند پرسیارێک دەوروژێنێت لەبارەی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانەی کە لەلێدوانەکانیاندا خۆیان لادەدا لەدەربڕینی هەڵوێستی رون لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیاوە. ئایا پێشڕەوی تورکیا بەرەو ناوەندی شاری عەفرین شتێکی تێدایە کە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە بەتایبەت زلهێزەکان لەسوریا بگۆڕێت؟
شارەزای سەربازی، عەمید ئەحمەد رەحال پێیوایە پێشڕەوی خێرای هێزەکانی تورکیا لەمیحوەرەکانی (بلبلێ، شێخ حەدید، جندرێس‌و رەسایاو شەران)، هیچ دەرفەتێکی لەبەردەم هیچ هێزێکدا نەهێشتۆتەوە کە خوازیاری هەڵوێستێکی نارەزایەتی بێت بەرامبەر بەئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا.
ئەو ئاماژەی بەوەشداوە کە پاش دەستگرتن بەسەر ئەو بەنداوەی کە ئاوی خواردنەوەی عەفرین–ی لێوە دابین دەکرێت‌و هەروەها کۆنترۆڵکردنی چەند گوندێکی گرنگی دەوروبەری عەفرین، ئەو وڵاتانە هیچ جوڵەیەکیان نییە بۆ رزگارکردنی یەپەگەو دەرفەتی ئەوەش نەماوە، بەڵکو لەبری ئەوە لەئێستادا لێکتێگەیشتن هەیە لەنێوان روسیاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا لەسەر پشتکردنە یەپەگە لەناوچەی عەفرین‌و تەنانەت وەک باسدەکرێت لیژنەیەک لەگەڵ

ئەنکەرە پێکهێنراوە بۆ تاوتوێکردنی دۆسیەی منبج.
لەبارەی دۆخی منبج، ڕەحال وتویەتی "منبج ناوچەیەکی تەواو جیاوازە لەعەفرین، چونکە ئەوێ ناوچەیەکی عەرەبییەو تەنیا شەڕڤانی کوردی تێدایە".
بەبڕوای ڕەحال چەندین هۆکار کاریگەریان لەسەر هەڵوێستی هێزە گەورەکان لەسوریا هەیە، بەڵام هیچ لەو هۆکارانە پێناچێت ببنە مایەی ناڕەزایەتی ئەو وڵاتانە لەسەر کۆنترۆڵکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە. ڕوسەکان لەئێستادا زیاتر سەرنجیان لەسەر هێرشەکەیانە بۆ سەر غۆتەی ڕۆژهەڵات، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا ڕەنگە لەدواجاردا ئەوە بێت کە هاوکاری یەپەگە نەکات وەک بینیمان.
لەسەر ئاستی ئەورووپاش، ئەوە ڕون بۆتەوە کە ئەورووپییەکان پشتیوانی یەپەگە دەکەن "لەپێناو بازرگانیکردن بەپرسی کوردەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان". بەڵام بەگشتی ڕوسیا، ئەمریکاو ئەورووپییەکان گرنگ نییە بەلایانەوە لەگەڵ کوردو دژ بەتورکیا بوەستن.
شەڕی تورکیا لەعەفرین بەرەکانی باکوری سوریای هەژاندوە
ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دودڵ بو لەوەی لەڕوی سەربازییەوە روبەڕوی تورکیا بوەستێتەوە، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکا وەک (موتلو سەیفیر ئۆغلۆ)، شیکەرەوەی کاروباری کورد لەواشنتۆن دەڵێت، ڕەنگە ئیرادەی کوردیان بەهەند وەرنەگرتبێت لەبەرگریکردن لەعەفرین. ئەو شیکەرەوەیە باسی لەوە کردوە کە بەشێکی زۆری سەرکردە دیارە سیاسیو سەربازییەکانی کورد خەڵکی عەفرینن، عەفرین لەنێو دڵو مێشکی کورددایەو بەشێکی جیانەکراوەیە لەڕۆژئاوای کوردستان.
نیکۆلاس دانفۆرس، شارەزا لەکاروباری تورکیادا لەواشنتۆن ڕایگەیاندوە کە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بوە هۆی دروستکردنی تەنگژە لەپەیوەندییەکانی نێوان کوردو ئەمریکادا. ئەوەش شتێکە ئەردۆغان دەتوانێت پاش سێ ساڵ نزیکایەتی نێوان کوردو واشنتۆن، وێڕای ناڕەزایەتییە توندەکانی ئەنکەرە، وەک سەرکەوتن ئاماژەی بۆ

بكات.
هێزەكانی سوریای دیموكرات كە لەلایەن ئەمریكاوە پشتیوانی دەكرێن‌و یەپەگە پێكهێنەری سەرەكی ئەو هێزانەیە، رایانگەیاند كە ١٧٠٠ شەڕڤانیان لەهێڵەكانی پێشەوەی دژ بەداعش پاشەكشە پێدەكەن بەرەو عەفرین بەمەبەستی بەرگریكردن لەناوچەكە لەبەرامبەر هێرشەكانی توركیادا. لەهەمان كاتیشدا وەزارەتی بەرگری ئەمریكا رایگەیاند كە هێزەكانی هاوپەیمانان بەسەرۆكایەتی ئەمریكا ئۆپەراسیۆنەكانیان دژ بەداعش لەسوریا راگرتوە.
"ئابڕوچونی ستراتیژیەتەكەی ترامپ" لەسوریا: "خیانەتكردن" لەكورد نوسەر، بی جۆش رۆجین، لەوتارێكدا لەرۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" نوسیویەتی كە ستراتیژی ئەمریكا لەباكوری سوریا نمونەیەكی بەرچاوە لەسەر ئەوەی كە ئیدارەكەی سەرۆك ترامپ هێشتا خاوەنی ئیرادەو فشارێك نییە بۆ چارەسەری قەیرانی سوریا، یاخود تەنانەت بۆ بەرگریكردن لەبەرژەوەندییەكانی واشنتۆن لەو ناوچەیە.
ئەو نوسەرە ئاماژەی بەوەشداوە كە وەزیری دەرەوەی ئەمریكا رێكس تیلەرسن، بەشێوەیەكی دروست ئەو ئاڵنگاریانەی دەستنیشانكردون كە روبەڕوی ئەمریكا دەبنەوە پاش كەوتنی داعش لەسوریا، كە دیارترینیان روبەڕوبونەوەی هەڕەشەی تیرۆری بەردەوامو هەژمونی ئێران‌و دەستدرێژی دڕاندنەی بەشار ئەسەد-ن.
بەراگەیاندنی مانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لەباكوری سوریا، ئەو وەزیرەی ئەمریكا دانی بەوەدانا كە هەژمونی مەیدانی ئەمریكا پێویستە بۆ روبەڕوبونەوەی ئەو ئاڵنگاریانەو هێنانەدی ئامانجەكان.
لەگەڵ دەستپێكی هێرشەكەی توركیا بۆ سەر عەفرین، ئیدارەكەی ترامپ ژێر بەژێر پشتیوانیكردنی ئەو ئۆپەراسیۆنەی توركیای هەڵبژارد. ئەوەش ئەو شتەیە كە بێرنارد هێنری، نوسەرو بیرمەندی فەرەنسی بەخیانەتی ئەمریكای لەو كوردانە نابردوە كە دژی داعش بەپشتیوانی واشنتۆن لەماوەی چەند ساڵی رابردودا شەڕیان كرد.
ئەو پێشی وایە كە دەستبەرداربونی ئیدارەی سەرۆكی پێشوو

سەرۆکی ئێستای ئەمریکا لەبەرپرسیاریێتیو سەرۆکایەتیکردنی کێشەی سوریا، کەلێنێکی گەورەی دروستکرد بۆ دەستوەردانی روسیاو ئێرانو تورکیا.
ئاماژەی بەوەشداوە کە بەرژەوەندی ئەمریکا لەوەدایە پشتیوانی کورد بکات کە دڵسۆزە بۆ ئەمریکا، نەک پشتیوانی ئەردۆغان کە هیچ دڵسۆز نییە. رێگەدانی ئەمریکاشی بەتورکیا بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین بە"ئابڕوچون" ناوبردوە.
دەنگی بۆردومانەکان لەعەفرینو مانەوەی کورد بەبێ هیچ پشتیوانییەک لەو شەڕەدا لەلایەکو دەنگۆی بونی رێککەوتنی ژێر بەژێر لەلایەکی دیکەوە، پێدەچێت کارتی کوردەکانی لەهاوکێشەکانی سوریاو ناوچەکەدا لاواز کردبێت، پاش ئەوەی بەسەر ناوچە کوردنشینەکانی باشوردا هات لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمو ١٦ی ئەکتۆبەرەوە.
وەزیرێکی تورک رایگەیاندوە کە وڵاتەکەی کار دەکات بۆ ئەوەی ئەمنیەتی سنورەکانی لەدەریای ناوەڕاستەوە تا ئێران بپارێزێت. وەک ئاشکرایە سەرتاسەری ئەو سنورە ناوچەی کوردنو هەر لەشکرکێشییەک بەرامبەریان بۆ لێدان دەبێت لەکوردو ئەو دەسکەوتانەی لەچەند ساڵی رابردودا بەدەستیانهێناوە.

## ترسی کوردەکان لەخیانەتی دۆستەکانیان

پاش هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین کورد دەترسن جارێکی دیکە دۆستەکانیان دەستبەرداریان بنو خیانەتیان لێبکەن، ئەو هەستەیان دوبارە لا دروست دەبێتەوە کە "جگە لەچیاکان هیچ دۆستێکیان نییە".
نوێنەری بەڕێوەبەرێتی خۆسەری دیموکراتی رۆژئاوای کوردستان لەواشنتۆن، سینەم محەمەد ئەو ترسەی نەشاردۆتەوەو بەرۆژنامەنوسانی راگەیاندوە "لای ئێمە پێویستە ئەمریکا وەک پابەندبونێکی ئەخلاقی بەرگری لەدیموکراتیەت لەرۆژئاوای کوردستان بکات. ئێمە لەوێ جۆرێک لەدیموکراسیەتی فیدرالیمان دامەزراندوە کە هیوابو بۆ سوریایەک کە نوقمی کوشتارو کێشمەکێشی خوێناوییە".

## روسیاو دەستبەرداربون لەکورد

ئەردۆغان سودی لەنەبونی ناڕەزایەتی لەلایەن ڕۆژئاواو روسیاوە بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین بینی. ڤلادیمێر پۆتین بڕیاری نزیکبونەوەی لەتورکیا داوە بۆ شکاندنی تەوقی ناتۆ لەملی روسیادا، ئەو پلانەشی لەبەشی باشوری تەوقەکەی ناتۆوە دەستپێکردوەو پاشان بەبەدیهێنانی پرۆژەی ڕاکێشانی تۆڕی بۆری غاز بەناو تورکیاداو دەوردانەوەی بۆ ئەوروپا درێژەی پێدەدات.

روسیا وەک هاوبەشێکی تورکیا لەئۆپەراسیۆنی عەفریندا دەرکەوت، ئاسمانی ئەو ناوچەیە بۆ موشەکەکانی تورکیا دەکاتەوەو دایدەخات. بەوتەی بەرپرسێکی ڕۆژئاوایی کە بەم دواییانە چاوی بەبەرپرسێکی روسیا کەوتوە لەتورکیا، سێ هۆکاری دیکە هەن کە وای لەڤلادیمێر پۆتین کردوە پشتیوانی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین بکات. یەکەمیان ئەوەیە کە کورد بەردەوامبون لەسەر هاوکاریکردن لەگەڵ ئەمریکییەکان پاش تێکشکاندنی (داعش) لەرۆژهەڵاتی فوڕات وێڕای ئەوەی بەڵێنی ڕاگرتنی هاوکارییان لەگەڵ ئەمریکا دابو. دوەمیشیان ئەوەیە کە کورد دەستبەرداری ئەو لێکتێگەیشتنە بون کە لەنێوان سیپان حەمۆ، فەرماندەی یەپەگەو وەزیری بەرگری روسیاو سەرۆک ئەرکانی ئەو وڵاتەو یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتبوە ئاراوە کە لەمۆسکۆ چاوی پێکەوتبون. لەو لێکتێگەیشتنەدا هەردولا ڕێککەوتبون لەسەر ئەوەی پۆلیسی سەربازی روسیا بچێتە نێو کێڵگەکانی (العمر)و (کۆنۆکۆ) لەرۆژهەڵاتی دێرەزور بۆ ئیدارەدانی ئەو کێڵگانە. هەروەک ڕێکیشکەوتبون لەسەر ئەوەی کە ئیدارەی ڕۆژئاوا، بەڕێوەبردنی گواستنەوەی ٧٥ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی کێڵگەکانی (رومەیلان) بۆ کوردستانی عێراق بداتە دەست بازرگانێکی روسی نزیک لەسەرۆک پۆتین. جگە لەوەش کارکردن لەلەسەدا ٥٠ی بیرە نەوتەکانی رومەیلانیش بدەنە دەست هەمان بازرگان.

روسەکانو کوردەکان هەریەکەیان ئەوی دی تۆمەتباردەکەن

بەجێبەجێنەکردنی رێککەوتنەکە. کوردەکان، روسەکان تۆمەتباردەکەن بەوەی لەژێر فشاری تورکیادا ئەو رێککەوتنەیان جێبەجێ نەکردوە، بەڵام روسەکان دەڵێن کوردەکان لەژێر فشاری ئەمریکییەکاندا پاشگەزبونەتەوە لەرێککەوتنەکە. سێیەمیش ئەوەیە کە یەپەگە پێشنیارێکی سوریاو روسیای رەتکردۆتەوە بۆ بەرگرتن لەشەڕی عەفرین کە ئەویش ئەوە بوە سوپای سوریا بچێتە ناوچەکەو یەپەگە عەفرین جێبهێڵێت.

ئەو هێزە چەکدارانەی کە لەلایەن سوپای سوریاوە پشتیوانی دەکرێن‌و نێردران بۆ عەفرین، دوا هیوای کورد بون بۆ راکێشانی دیمەشق بۆ نێو روبەڕوبونەوەی تورکیا، بەڵام لە٤ هەزار چەکداری ئەو هێزانە کە کوردەکان چاوەڕوان بون دیمەشق رەوانەی عەفرینیان بکات، تەنیا ٣٠٠ چەکدار نێردران‌و لەوانەش ٦٤ چەکداریان لەهێرشی ئاسمانی سوپای تورکیادا بۆ سەر (کەفرجنە) کوژراون.

بەرپرسێکی کورد وتویەتی "دیمەشق بەڵێنی دا بەخستنەکاری تۆڕێکی بەرگری ئاسمانی لەدەروبەری رۆژئاوای حەڵەب‌و رۆژهەڵاتی ئیدلب، بۆ بەرەنگاربونەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا"، بەڵام هێشتا ئەوەشی نەکردوە. بەپێی قسەی ئەو بەرپرسە کوردە روسەکان زۆر فشاریان لەدیمەشق کردوە بۆ ئەوەی رێگری بکەن بێتە ناو عەفرین.

کۆتاییەکانی شەڕی عەفرین هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەوە نوسرابون‌و ئەویش چیرۆکی شەڕێکی راگەیەندراو بو، بەڵام کوردەکان زۆر درەنگ تێگەیشتن کە جۆرێک لەکۆدەنگی لەنێوان تورکیا، سوریا، ئێران‌و روسیاو تەنانەت ئەمریکاشدا لەسەر ئەو ئۆپەراسیۆنەی تورکیا هەیە. ئەمریکییەکان کاتێک هەوڵیان دەدا تورکیای هاوپەیمانی مێژوییان نەچێتە باوەشی روسیاوە، تێگەیشتنیان بۆ داخوازییە ئەمنییەکانی تورکیا لەعەفرین نیشان دا، بژاردەکەش بۆ ئەمریکا لەنێوان یەپەگەو سوپای تورکیادا کە چوارەم سوپای بەهێزی ناتۆیە، کارێکی سەخت نەبو.

## وەزیری دەرەوەی تورکیا: رێگا نادەین پەکەکە قەندیلی دووەم لەشەنگال دروست بکات

وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند لەچەند بوارێکدا بەشدارییان لەئۆپەراسیۆنی موسڵدا کردووەو تائێستا هێزەکانیان لەباشیک ١٧ چەکداری داعشیان کوشتووە، تەئکیدیش دەکاتەوە رێگە بە پەکەکە نادەن قەندیلی دووەم لەشەنگال دروست بکات.

ئـەوان ئاسایشی عیراق بە ئاسایشی خۆیـان دەزانــنو لەچەند ناوچەیەکی جیاواز لە عیراقەوە ئەندامانی پەکەکە دەچنە ناو تورکیاو هێرش دەکەنە سەریان، هەربۆیە رێگا نادەن پەکەکە قەندیلی دووەم لە شەنگال دروست بکات.

لەکۆنگرەیەکی رۆژنـامـەوانـیدا لـەگـەڵ ژانـمـارک ئـایـرۆ وەزیـری دەرەوەی فەرەنسا، مەولود چاوش ئۆغلۆ لەبارەی شەڕی موسڵەوە وتی»لەچەند بواردا بەشداریمان لەئۆپەراسیۆنی موسڵدا کردوەو ئەو هێزەی پێشمەرگە کە ئێمە لەباکوری عیراق(هەرێمی کوردستان) پەروەردەمان کردوەو ئەو هێزی خۆجیی(هێزی نەینەوا) کە لەکامپی باشیک مەشقمان پێکردوە بە شێوەیەکی کارا لە ناو ئۆپەراسیۆنی موسڵدا بەشدارن«.

بەوتەی چاوش ئۆغلۆ»چوار فڕۆکەی جەنگیی جۆری ئێف ١٦ی تورکیا بەشدارن لەئۆپەراسیۆنەکەداو هێزەکانمان لەباشیک ١٧ تیرۆریستیان کوشتووە لـە ئەنجامی بۆردومـانـی تۆپخانەکانو تانکەکانیانو لەسەرەتاوە تائێستا ٧٠٠ داعش کوژراون«.

تورکیا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عیراق ناکۆکی قوڵیان هەیە لەسەر هەبوونی سوپای ئەو وڵاتە لە باشیکو نزیک موسڵ، کە تیایدا مەشقی بەهەزاران ئەندامی هێزە ئەمنییەکان کردووە.

هاوکات عیراق جموجوڵەکانی سوپای تورکیا لەسەر خاکەکەی بەبێ رەزامـەنـدیو ئـاگـادارکـردنـەوەو رێکەوتنێک لەسەر موسڵ، بەپێشێلکردنی سەروەری عیراق وەسفدەکاتو چەندینجار حەیدەر عەبادی، دوای لەتورکیا کردووە هێزەکانی لەعیراق پاشەکشە پێبکات،

بەڵام تورکیا ئەوەی ڕەتکردووەتەوە.
«ئاسایشی عیراق وەک ئاسایشی خۆمان گرنگە، لەناوچەی جیاوازی عیراق ژمارەیەکی زۆر پەکەکە دێنە وڵاتەکەمانو هێرش ئەنجامدەدەن و ئێستاش دەیانەوێت لە شەنگال قەندیلی دووەم دروست بکەن، ئێمە لەمەبەدوا لە عیراق بە شێوەیەکی چالاک لەدژی پێکهاتەکانی پەکەکە دەوەستینەوەو ڕێگەیان پێنادەین پێگەیەکی تر دروست بکەن»وەزیری دەرەوەی تورکیا وای وت.

## وردەکاری بەزاندنی خاکی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە

ئەنقەرە بەردەوامە لە بەزاندنی سنوری ڕۆژئاوای کوردستان. یەپەگەش بەردەوامە لە هەڕەشەی ڕاگرتنی ئۆپراسیۆنی ڕەقە، لەم نێوەندەدا چیرۆکی بەزاندنی سنور درێژە دەکێشێت. لە نوێترین پێشهاتدا، هێزێکی سوپای تورکیا لە ڕۆژئاوای کانتۆنی کۆبانێ سنوری بەزاند و ٢٠ مەتر چووە ناو گوندی سفتک و بوبانێ و هێزەکەی جێگیرکرد کە ١٣ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای کۆبانێ وە. لە بەرامبەر ئەو هەڕەشەیەی تورکیادا لە کانتۆنی کۆبانێ، یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە ڕایگەیاند، ئەگەر ئەو هێزە نەگەڕێتەوە سنورەکانی خۆیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ئەو هەنگاوە نوێیەی تورکیا، زنجیرەیەکە لە سنور بەزاندن و بۆردومانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەت لە هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین، بە جۆرێک سیپان حەمۆ فەرماندەی گشتی یەپەگە بە ئاشکرا ڕایگەیاند، ئەگەر تورکیا بەردەوام بێت لە هێرشکردن بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوا شەڕڤانەکانیان لە ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەقە دەکشێننەوە و ئەو هەڵوێستەشیان بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش گەیاندووە و وەڵامی هاوپەیمانانیش ئەوە بوو کە ئەگەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان زیاتر بوو، ئەو کاتە هیچ مانایەک بۆ ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەقە نامێنێتەوە.
لە ماوەی چەند مانگی ڕابردووشدا بە بەردەوامی سەربازانی ئەمریکا

هەوڵی کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان یەپەگە و سوپای تورکیایان داوە و چەند جارێکیش هێزی ئەمریکی سەربازانی خۆیان بردووەتە سەر سنور و ناوچە ئاڵۆزەکان، بەڵام دیارە لەگەڵ بەردەوامی قەیرانی سوریادا، ئەمە دواین بەزاندنی سنوری ڕۆژئاوای کوردستان نابێت لە لایەن تورکیاوە.

## وەزیری بەرگری تورکیا: پەکەکە و یەپەگە و پەیەدە لە کوێبن دەبنە ئامانجمان

**٢٠١٧/١١/٢٢**

نورەدین جانیکلی، وەزیری بەرگری تورکیا ڕایگەیاند، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافییان هەیە و پەکەکە و یەپەگە و پەیەدە، لە هەرشوێنێک بن «مەترسیە بۆ سەر تورکیا و دەبنە ئامانجی ئێمە».
لەوتارێکدا لە کۆبوونەوەی لیژنەی پەرلەمان لە باری بودجەی وەزارەتی بەرگری ساڵی ٢٠١٨ نورەدین جانیکلی وەزیری بەرگری تورکیا جەختیلەوەکردەوە، کە «مەترسییەکی ڕاستەقینە لە عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە و دەبێت ئەو مەترسییە لەناوببرێت (مەبەست لە یەپەگە و پەیەدە)».
ئاماژەی بەوەشکرد، هێزەچەکدارەکانی تورکیا خاڵی چاودێری سێیەم-یان لە پارێزگای ئیدلیب لە سنوری عەفرین تەواوکردووە، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافییان هەیە و پەکەکە و یەپەگە و پەیەدە، لە هەرشوێنێک بن «مەترسیە بۆ سەر تورکیا و دەبنە ئامانجی ئێمە».
وەزیری بەرگری تورکیا ئەوەشی خستەڕوو، دوای هەوڵی کودەتاکە سەربازییەکەی مانگی تەموزی ساڵی ڕابردوو ١٥٠ جەنڕاڵ و چوار هەزار و ٦٣٠ ئەفسەر و ٨ هەزار و ٥٧٠ سەرباز لە سوپای تورکیا دەرکراون.

## ئامینە ئەردۆگان ئەی فرمێسکەکانت بۆ عەفرین!

**عەلی فەتحی**

ئامینە ئەردۆگان هاوسەری ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیایە. ئەو چەند مانگێک پێش ئێستا وەک مرۆڤ دۆستێکو خەم خۆری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ وەفدێکی تورکیدا ڕۆیشتە بۆرماو لەوێ بەچاوی فرمێسکاویەوە خۆی پیشانی میدیاکانداو وەک خەمخۆرێک بۆ گەلی ستەملێکراوی بۆرما خۆی پشانی جیهاندا.

ئامینە ئەردۆگان بەفرمێسکەکانی ئازارو مەینەتیەکانی بۆرمای پشانی جیهانداو بەفرێسکەکانی دەیویست خۆی وەک مرۆڤ دۆسترین مرۆڤی دنیا پشانبدات. بەڵام تەنها چەند مانگێک دوای ڕشتنی ئەو فرمێسکانە بۆ بۆرما هاوسەرەکەی بووە هۆی ڕشتنی فرمێسک لەچاوی هەزاران دایکو باوکو منداڵی کورد لەڕۆژئاواو عەفرین. بەڵام تەنها چەند مانگێک دوای ئەوە دەرکەوت کە فرمێسکەکانی ئامینە ئەردۆگان تەنها دەوربینینێکی سیاسی بووەو بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی بۆرماو سپیکردنەوەی ڕوی ڕەشی تورکیا بووە.

ئامینە ئەردۆگان ئەگەر مرۆڤێکی مرۆڤ دۆستو میهرەبان بوایە دەبو ئێستا هەر وەک چۆن فرمێسکی بۆ گەلی بۆرما ڕژاند فرمێسکی بۆ ئەو هەموو دیمەنە هەژێنەرانەی عەفرین برژاندایە کە ناخی هەمو مرۆڤێکی خاوەن هەست ویژدان دەهەژێنێت.

ئامینە ئەردۆگان ئەگەر خاوەنی ویژدانێکی باڵای مرۆڤانە بێت دەبێت بینینی دیمەنی شەهیدکردانی سەدان پیاوو ئافرەتو منداڵی بێ تاوان ئەو والێبکەن کە هاوسەرەکەی ڕازی بکات بەوازهێنانی لەو ستەمەی بەرامبەر خەڵکی بێ تاوانی ڕۆژئاوا ئەنجامی دەدات.

ئامینە ئەردۆگان ئەو کەسەی دوێنێ لەبۆرما خۆی وەکو کەسێکی خاوەن ویژدان و میهرەبان پشاندا بەڵام ئەمڕۆ هاوسەرەکەی بۆتە پیاوێکی دیکتاتۆرو بۆتە دڕندانەترین مرۆڤ بۆ کوردانی ڕۆژئاواوو عەفرینو بەبێ تاوان موشەکبارانیان دەکات و خوێنی سەدان مرۆڤی ڕشتووە. ئێوە کە خاڵین لەهەمو هەستێکی مرۆیی‌و دورن لەبەها

باڵاکانی ویژدانو مرۆڤایەتی نەک فرمێسک نارژێنن بۆ گەلی کوردی ستەملێکراو لەڕۆژئاوا بەڵکو ئێوە چێژ لەبینینی دیمەنی ستەم و کوشتنی مرۆڤی کوردو بۆمبباران کردنیان دەبینن‌و بەرهەمهێنەری ڕقو توندڕەوییو دڕندەین نەک هەستو یژدانی مرۆڤایەتی.

**ئەردۆغان لەسەر هێزە کوردییەکان بە توندی وەڵامی هیلاری دەداتەوە**

**١٢-١٠-٢٠١٦**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەخنەی توند لە هیلاری کلینتۆن دەگرێت سەبارەت بە وتەکانی لەبارەی هاوکاریکردنی هێزە کوردییەکانەوە ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمریکا.

هیلاری کلینتون کاندیدی دیموکراتەکان لە نوێترین دیبەتدا لەگەل دۆناڵد ترەمپ کاندیدی کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو، بەردەوام دەبن لە هاوکاریکردنی هێزە کوردییەکان لە سوریا و عیراق (مەبەست یەپەگە و هێزی پێشمەرگە) و بە «هێزی خۆمان» ناوبرد.

ئەردۆغان لە کۆبونەوەی لەگەڵ دادوەر و داواکاری گشتی تورکیا بە توندی وەڵامی وتەکانی هیلاری کلینتۆنی دایەوە و وتی «کلینتون دەڵێت ئێمە بەردەوام دەبین لە پشتیوانی یەپەگە، ئەم لێدوانە جێگەی داخە و من سیاسەتی بەمشێوەیە بە ناشارەزایی دەبینم، بەو چەکانەی ئێوە ٦٠٠ هەزار کەس گیانی لە دەستدا و لە ئاسمانەوە بۆمبەکان دەبارین، ئێوە لە خەمی ئەواندا نین چونکە ئەوانەی دەمرن خەڵکی موسڵمانن». وتیشی «ژمارەی چەکدارانی بیانی داعش لە سوریا ١٠ هەزار کەس دەبن و ٦٣ وڵات لە هاوپەیمانی نێودەولەتی ناتوانن لەناویان ببەن، دەچن داوا لە یەپەگە و پەیەدە دەکەن بو ئەوەی داعش لەناو ببەن...ئەمریکا ئێستا لە باکوری سوریا چەک دەدات یەپەگە و پەیەدە».

پرسی پاڵپشتیکردنی یەپەگەو پەیەدە لەلایەن ئەمریکاوە بەردەوام جێگای ناکۆکی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن بووە، بەو پێیەی ئەنقەرە ئەو هێزانە وەکو دوژمنی و خۆی و بەبەشێک لە پەکەکەیان دادەنێت.

ئەردۆغان ئاماژەی بەوەشکرد، ئەمریکا بە هەمان شێوە لە ساڵی ١٩٩٩ عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکەی ڕادەستی تورکیا کرد، لە هەمانکاتدا فەتحوڵا گولەنی برد بۆ لای خۆی «ئەمە یارییەکی زۆر نهێنیە».

**یەڵدرم: نیگەرانین لە پشتبەستنی ئەمەریکا بە هێزە کوردییەکان لە سوریا**

بینالی یەڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ٧ ئازاری ٢٠١٧ نیگەرانی خۆی دەربری سەبارەت بە پشت بەستنی واشنتن بە هێزە کوردییەکان لە شەڕی دژی داعش، وەک ئاماژەیەک بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە.

ئەو وتانەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، دوای کۆبوونەوەیەکی سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی تورکیا و ئەمەریکا و روسیا بووە لە شاری ئەنتالیای تورکیا، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی دوا گۆرانکاری و پێشهاتەکانی ناوچەکە. هاوکات سوپای تورکیا دەربارەی کۆبوونەکە ڕایگەیاند، گفتوگۆکان تایبەت بووە بە گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکان لە ناوخۆی سوریا و عێراق.

لەلایەکی ترەوە سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئاماژەی بەوەکرد، مەترسی سەرهەڵدانی پێکدادان و شەڕ هەیە، ئەگەر هەماهەنگی تەواو نەبێت.

ئەوە لێدوانانەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەکاتێکدایە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاندبوو، ئامانجی داهاتووی ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا لە ناوخۆی سوریان شاری منبج دەبێت، کە لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتی و ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا کۆنترۆڵکراوە.

جیف دیڤیس وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ٦ ئازاری ٢٠١٧ ڕایگەیاند، سوپای ئەمەریکا ژمارەیەکی کەم لە هێزەکانی خۆی لە ناوەوە و دەرەوەی شاری منبج بڵاوکردووەتەوە.

وتەبێژی پنتاگۆن ئاماژەی بەوەکرد، ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانەی وڵاتەکەی بۆ دڵنیاییە لەوەی کە هێزە جیاجیاکان هێرش نەکەنە

سەریەکتر و ڕووبەڕووبوونەوە روونەدات، بەڵکو هەموو تواناکان بخرێتە گەر بۆ دژایەتیکردنی داعش. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا جەختیکردەوە بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانە «ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ بەرپەرچدانەوە و دڵنیایی». بڵاوکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کاتێکدایە، ئەنجومەنی سەربازی منبج ڕاگەیاند، لە ئێستادا شارەکە لەژێر کۆنترۆڵ و پاراستنی هێزەکانی هاوپەیماناندایە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرۆکایەتی دەکات.
ئەنجومەنی سەربازی منبج جەختیکردەوە، بڵاوکردنەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان دوای زیادبوونی هەڕەشەکانی تورکیا بوو لەسەر شارەکە.
ئەو پێشهاتە نوێیانەی شاری منبج لە کاتێکدایە، پێشتر حکومەتی تورکیا ڕایگەیاندبوو، ئامانجی داهاتووی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی قەڵغانی فوڕات شاری منبج دەبێت، کە بەهاوکاری ژمارەیەک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا چەند مانگێکە دەستی پێکردووە.

## ئوردوغان: عەفرین لە یەپەگە پاکدەکەینەوە

سەرکۆماری تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند: ‹‹لەئێستادا ئێمە پێویستە لەسەرمان کە عەفرین لەرێکخراوی تیرۆریستیی پەیەدە و یەپەگە پاک بکەینەوە. ئەمە شتێکە کە هەر لە سەرەتاوە گوتوومانە». ئاژانسی ئەنەدۆڵ بڵاویکردەوە رەجەب تەیبب ئەردۆغان لەمیانی ‹کۆبوونەوەی فراوانکراوی لێپرسراوی لقەکانی ئاک پارتی لە پارێزگاکان کە ١٧ ی تشرینی دووەم سازکرا، وتی « ‹‹لەئێستادا ئێمە پێویستە لەسەرمان کە عەفرین لەرێکخراوی تیرۆریستیی پەیەدە و یەپەگە پاک بکەینەوە. ئەمە شتێکە کە هەر لە سەرەتاوە گوتوومانە. بەتایبەت لەو خاڵانەی چاودێریی لەوێ (ئیدلب)، ئێمە وەک پێکهاتەی باڵادەست دەمێنینەوە. ناچارین ئەمە ئەنجامبدەین. ئەگەر بێتو ئێمە پێکهاتەی باڵادەست نەبین لەوێ، ئەوکات رێکخراوە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان دێن و هەوڵی داگیرکردنی دەدەن››.

ئۆردوغان بەبێ ناوهێنانی ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتەو وتی « ئەوەی داعشی دامەزراند پەیەدەشی درووستکردووە. ئەوەی کە پەیەدەی درەوشاندۆتەوە هەر ئەو کەسەیە کە دەیەوێ بە پەلکێشکردنی ئیدارەی باکووری عێراق بۆ سەربەخۆیی ناسەقامگیری عێراق قوڵتر بکاتەوە. بەدڵنیاییەوە پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەمان ئەو هێزانە فەتۆیان لەنێو قەڵغانی خۆیاندا پاراستووە و بەردەوامن لە بەخێوکردن و گەورەکردنی».
سەرکۆماری تورکیا رایگەیاند: «لە ئێستادا ئەمریکا لە باکووری سووریا پێنج بنکەی ئاسمانیی هەیە، هەشت بنکەی ئاسایی هەیە. ئێستاش لە رەققە دانەیەک دادەمەزرێنێت، چەند دەکات، ١٤ دانە. هەموو ئەمانە راستیی زانراون و لە ئارادان. ئاخۆ ئێوە لە دووری ١٢ هەزار کیلۆمەترەوە بۆچی دێن بۆ سووریا؟ ئایا ئەو پرسیارە ناکرێت؟».
رەجەب تەیب ئەردۆغان ئاماژەی بەوەکرد کە ئەمریکا بەڵێنەکانی پەیوەست بە قەیرانی سووریای بەجێنەگەیاندووە و رایگەیاند: «ئەوەی کە ئەمریکا زۆرینەی هەرە زۆری ئەو بەڵێنانەی بەجێنەگەیاندووە کە لەدەستپێکی قەیرانی سووریاوە داونی، لەلای ئێمە بێئومێدییەکی زۆری دروستکردووە. ئێستا نامانەوێت بچینە نێو هەمان گەمەوە لە عەفرین. ئەو کێشە بچووکەی کە دەکرا لە چوارچێوەی پەیوەندیی هاوپەیمانێتییدا زۆر بە ئاسانی چارەسەری بکەین، بەداخەوە لە لایەن ئەمریکاوە بە پێداگرییەوە بە بنبەست گەیەنراوە. رووداوی رەققە بەم جۆرەیە و منبج بەم جۆرەیە و دێرازۆر بەم جۆرەیە».
ئەردۆغان ئاشکرایکرد بڕیاری کشاندنەوەی ئەو سەربازانەی سوپای تورکیایان داوە کە بڕیاربووە لە مانۆڕێکی هاوپەیمانیی ناتۆدا لە کەنەدا بەشداریی بکەن و رایگەیاند:
« لە نەرویج دۆخێک هاتووەتە ئاراوە. لەو وڵاتە دیمەنێکیان بە ناوی وێنەی دوژمن داناوە. لەنێو وێنەکەدا لەلایەک وێنەی ئەتاتورک و لەلایەکی دیکە ناوی بەندە هەیە. ئەمانە ئامانجن. کاتێک ئەم هەواڵە

گەیشت، سەرۆک ئەرکانی سوپا و وەزیری کاروباری یەکێتیی ئەورووپا لە حکوومەت، کە لەرێگە بوون بۆ کەنەدا، پەیوەندییان بە ئێمەوە کرد. گوتیان کە ‹دۆخێکی بەمجۆرە هەیە. ئەم مانۆڕەش مانۆڕی ناتۆیە. ٤٠ سەربازمان هەیە لەو مانۆڕەدا، ئێمە بڕیاری کشاندنەوەی ئەو سەربازانەمان داوە و دەیانکشێنینەوە›. ئێمەش پێمان گوتن ‹بەدڵنیاییەوە، هیچ مەوەستن و دەستبەجێ بیانکشێننەوە. ئەگەر بێتو ئەو ئامانجانەش هەڵبگیرێن، ئێوە ئەو ٤٠ سەربازەمان بەخێرایی بکشێننەوە›. هاوپەیمانێتییەکی لەوشێوەیە و هاوپەیمانبوونێکی لەو جۆرە رێگەی تێناچێت››.

## ئەردۆغان: عەفرین خاپور دەکەین

هاوکات لەگەڵ سەردانی شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ خۆرئاوای کوردستان، سەرۆک کۆماری تورکیا هەڕەشەی خاپورکردنی شاری عەفرین بەسەر هێزە کوردییەکاندا دەکات ئەگەر پاشەکشێی لێ نەکەن.
لە بەرانبەر پشتگیرییەکانی ئەمریکا لە هێزەکانی سوریای دیموکرات و پڕچەککردن و مەشقپێکردنیان و هەنگاونانی بە دانپیادانانی دیبلۆماسی بە قەوارەی کورد لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات، ئەنقەرە ئابلۆقەدانی کانتۆنی عەفرینی زیاترکردووە.
تۆپخانەکانی تورکیا لە خاکی ئەو وڵاتە و ناوچەکانی کەمکردنەوەی ئالۆزییەکان لە پارێزگای ئیدلبەوە ٣٦ جار ناوچەکانی باسوفان، جیندەرەس، دێر بەلت و راجۆی سەربە عەفرینیان تۆپبارانکرد..
ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، پێشتر لە ڕێگەی ئۆپراسیۆنی قەڵغانی فوراتەوە توانیان وەک چەقۆ ڕێڕەوی نێوان هەردوو کانتۆنی عەفرین و کۆبانێ ببڕن، دواتریش لەڕێگەی ئۆپراسیۆنی سەربازیی ئیدلبەوە ڕێڕەوی نێوان عەفرین و دەریای سپیان پچڕاند..
ئەردۆغان بێزاری خۆی لە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ

شەڕڤانان نیشاندا و وتی، ئەمەریکا تا ئێستا چوار هەزار و ٩٠٠ بارهەڵگر و بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنی بۆ یەپەگە ناردووە..
بەڵام لە بەرانبەردا ساڵح موسلیم بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تەڤدەم و هاوسەرۆکی پێشووی پەیەدە هۆشداریی دایە تورکیا و وتی ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر عەفرین، ئەوا شەڕەکە دەپەڕێتەوە بۆ تورکیا.
وتیشی هیچ کام لە هێزە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ هێرشکردنە سەر شاری عەفرین نین و شەڕڤانانیش هاوشێوەی کۆبانێ بۆ هەر ڕووبەڕووبونەوەیەک لە ئامادەباشیدان.
چاودێران پێیان وایە بەو پێیەی تورکیا کانتۆنی عەفرینی لە ناوچەکانی تری خۆرئاوای کوردستان دابڕیوە و هیچ بنکەیەکی سەربازی ئەمریکاشی تیایدا نیە، بە هەلی دەزانێت بە پاساوی پاراستنی سنورەکانی هێرش بۆ سەر ئەو کانتۆنە ئەنجام بدات و هەڕەشەی خاپورکردنی بکات..
تورکیا کە دژی سیستمی خۆبەڕێوەبەری کوردی خۆرئاوای کوردستان، چەند مانگێکە زیاتر لە ١٠ هەزار سەربازی سوپای تورکیا و ١٥ هەزار چەکداری سوپای سوریای ئازادی خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و تا ئێستاش نە ئەمریکا و نە هیچ وڵاتێکی تر لێدوانیان لەسەر تۆپبارانکردنەکان و کۆکردنەوەی هێزەکانی تورکیا لە نزیک شاری عەفرین نەداوە.

**NRT...١٤-١-٢٠١٨**

## ئەردۆغان هەڕەشەی داگیرکردنی کوردستان دەکات

**١٥-١-٢٠١٨**

سەرۆک کۆماری تورکیا هەڕەشە لەڕۆژئاوای کوردستان دەکات و ڕایدەگەیەنێت، «وەکو چۆن ڕووبەڕووی پەکەکەو داعش بوینەوە لە ٢٠١٨دا دەچینە ڕۆژئاوای کوردستان و ڕووبەڕووی یەپەگە دەبینەوە».
ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا کۆتا وتاری ساڵی

٢٠١٧ پێشکەشکرد و هێرشی توندی کردەسەر پەکەکەو ڕۆژئاوای کوردستان جەختیکردەوە، «لە٢٠١٨دا سوپای تورکیا دەچێتە باکوری سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان).

ئەردۆغان لەکۆنگرەی لقی پارتەکەی لەناوچەی «قەستمۆن»ی لەباکوری تورکیا وتیشی «بڕیارمانداوە وەکو چۆن پەکەکەو داعش لای ئێمە گروپێکی تیرۆریستین و ڕوبەڕویان بوینەوە، هەر ئاوا دەچینە ڕۆژئای کوردستان و ڕوبەڕوی یەپەگە دەبینەوە».

**لە باکوری سوریا ڕێگە نادەین بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ**

سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، هەرگیز ڕێگە نادەن «ڕێڕەوێکی تیرۆر بە درێژایی سنووری باشووری وڵاتەکەمان دروست ببێت. بەتایبەتی لە باکووری سووریا کە ژمارەیەک نەزان هەن دەیانەوێت هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت بدەن».

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لەمیانەی وتارێکیدا لە لوتکەی ٢٠١٧ ی ئیستەنبولی ئەتڵەنتیک لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان وتی «هەرگیز ریگە نادەین ریڕەوێکی تیرۆر بە درێژایی سنووری باشووری وڵاتەکەمان دروست ببێت. بەتایبەتی لە باکووری سووریا کە ژمارەیەک نەزان هەن دەیانەوێت هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت بدەن. ئەها دەڵێن «نەزان بوێرە» ئەوانیش بە تەمای ئەو کەشەن بەپێی خۆیان ئەنجوومەنی وەزیران و شتی وایان داناوە».

وتیشی «ئێمە بێوەڵام نابین لەبەرامبەر ئەمە و هەرگیز ڕێگە نادەین بە دامەزراندنی دەوڵەت لە باکووری سووریا، چونکە دژی دابەشکردنی سووریایین، لەگەڵ مانەوەی خاکی ئەو وڵاتەین بە یەکگرتوویی».

هەروەها ئەردۆغان ئەوەشی وت کە «ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەردەوامن لە هەنگاوەکانیان بۆ کردنە ئامانجی ئاسایشی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات و ژیانی هاووڵاتیانمان، ماوەی دوو ڕۆژە لە سنوورەکانەوە لە لایەن سووریاوە بە واتایەکی جددی بە هاوەن

هێرش دەکرێتە سەر تورکیا».
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لەبەرامبەر ئەو هێرشانەدا بێدەنگ نابن و چی پێویست بێت دەکەن. وتیشی «ئێمە دەوڵەتێکی یاساییین، مافمان چی بێت ئەمە بەکاردەهێنین و بەردەوامیش دەبین لە بەکارهێنانی».
هەریەکە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم، لەکاتی وتارەکەی ئەردۆغاندا ئامادەبوون و بڕیاریشە ئەردۆغان و نێچیرڤان بارزانی لە کۆشکی (یڵدز مابەین) کۆببنەوە.
ئەوەش لە کاتێکدایە بەرەبەیانی ٢٥ ی نیسانی ٢٠١٧ سوپای تورکیا هێرشی کردە سەر چیای شنگال و ڕۆژئاوای کوردستان و ڕۆژی ٢٧ یش تورکیا چەند ناوچەیەکی لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆردومان کرد. بەهۆی بۆردمانی چیای شنگالەوە لە ٢٥ ی نیساندا، شەش پێشمەرگە شەهیدبوون و ٨ پێشمەرگەی دیکەش برینداربوون.

## یەکەم کاردانەوەی تورکیا دوابڕیاری پێکهێنانی هێزێکی ٣٠ هەزار چەکداری بۆ کورد لەلایەن ئەمریکاوە

تورکیا لە یەکەم کاردانەوەیدا بڕیارەکەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ پێکهێنانی هێزێکی کوردی ئیدانە دەکات و دەڵێت «دژیان دەجەنگین».
ئیبراهیم کالن، وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا ڕایگەیاند لەبری ئەوەی ئەمریکا لەسەر خواستی تورکیا دژ بە پارتی یەکێتی دیموکرات بوەستێتەوە، هەنگاوێک دەنێت کە نیگەرانی لێدەکەوێتەوەو شەرعییەت دەدات بەوەی ئەو ڕێکخراوە بە هەمیشەیی لەناوچەکەدا بمێنێتەوە.
کالن بڕیارەکەی ئەمریکای بۆ دروستکردنی هێزێکی ٣٠ هەزار چەکداریی لە سوریای دیموکرات بەکارێکی قبوڵ نەکراو وەسفکردو جەختیشیکردەوە لەوەی تورکیا بەردەوام دەبێت لە جەنگان دژ بە هەر ڕێکخراوێکی «تیرۆریستی» لەناوەوەو دەرەوەی تورکیا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناو و پێکهاتەکەی.
هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ڕایگەیاند هێزێکی

ئەمنی لە هێزەکانی سوریای دیموکرات دروست دەکەن کە ژمارەیان دەگاتە ٣٠ هـەزار شەڕڤان و دواتریش لە ناوچە سنوورییەکانی سوریایە لەگەڵ تورکیا و عێراق، هەروەها لە نزیک دۆڵی ڕوویاری فورات و بەدرێژایی ئەو ناوچانەی ڕۆژئاوای سوریا جێگیر دەکرێن کە ئێستا لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە کۆنترۆڵ کراون.

**ئەو هێزە چەکدارانە ئاشکرا بون کە لەگەڵ تورکیادا هێرشیان کردووەتە سەر عەفرین**

sharpress.net

٢٠١٨/٠١/٢٥

میدیایەکی بەریتانی ئەو هێزە چەکدارانە ئاشکرا دەکات کە لەگەڵ تورکیادا هێرشیان کردووەتەوە سەر عەفرین.

پێنجشەممە ٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٨ کەناڵی بی‌بی‌سی بەریتانی ناوی سەرجەم ئەو هێزانەی ئاشکراکردووە کەلەگەڵ سوپای تورکیا هێرشیانکردووەتەوە سەر کانتۆنی عەفرین لەگەڵ سوپای تورکیای بۆ داگیرکردنی شارەکە، کەناڵی بی بی سی بەریتانی ئاماژەی بەوەداوە «لە ماوەی حەوت ساڵەی قەیرانی سوریادا چەندین گۆڕانکاری لە مەیدانی سیاسی و جەنگی ئەو وڵاتەدا ڕووی داوە، گروپە چەکدارەکان هەرجارەو مەیلیان بۆ لایەنێک و وڵاتیک هەیە، بەڵام چەند هێزێکی کەم توانویانە بەرگری لە ناو و پەیکەری خۆیان بکەن».

کەناڵەکە ئەوەشی وتووە « لە باکوری سوریا هێزێکی کەم هەیە خۆیان ناو ناوە سوپای ئازاد، ئەم هێزە دوای ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو هاوکارە سەربازییەکانیان ڕاگرتن، تورکیا بۆ مەبەستی خۆی و دژایەتی هێزە کوردییەکان هاوکاری سەربازی کردن».

لەم ڕاپۆرتەدا باس لەو گروپە توندرەوانە دەکەین کە لە ئۆپراسیۆنی ( چڵە زەیتون)ی سوپای تورکیادا دژ بە هێزەکانی سوریای دیموکرات دەجەنگن و دەیانەوێت کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکەن:

**١- لوای سوڵتان موراد:**
ئەم گروپە تورکیا دروستیکردووە و هەموو هاوکاریەکی مادی و سەربازی و لۆجستی پێشکەش کردوون، ئەم گروپە بەهۆی یەک گرتنەوەی لیوای (سوڵتان محمد فاتح) لە ریفی حەلەب و ( لیوای ئەشبال عەقیدە) و لیوای ( زکی تورکمانی ) دروستبووە .
ئەم هێزە چەکدارەکانی زۆرینەی تورکمانن لە ریفی باکوری حەلەب و شاری حەلەب بوونیان هەیە و ئێستا لە پاڵ سوپای تورکیادا دەجەنگن.
**٢-فیرقەی حەمزە:**
ئەم هێزە تورکیا راهێنانی پێکردوون و لە مانگی نیسانی ٢٠١٦ پێکهێنراوە، ئەم گروپەش لیوای سەمەرقەندی تورکمانی پەیوەندی پێوە کردن و ئێستا هێزێکن کە بۆ بەرژەوەندی تورکیا دەجەنگن و لە ساڵی ٢٠١٧دا بە هاوکاری سوپای تورکیا شاری جەرابلوسیان داگیر کرد.
**٣-فەیلەقی شام:**
ئەم گروپە بە فەیلەقی حومسیش ناسراوە، لە ئازاری ٢٠١٤ پێکهێنراون، کە لە ئەنجامی ١٩ گروپی ئیسلامی نزیک لە ئیخوان موسلیمینی سوریا لە حومس و حەلەب حەما دروست بووە، ئەم گروپە لە ٢٦ی نیسانی ٢٠١٥ پەیوەندیان بە فەیلەقی شامەوە کرد و ژووری ئۆپراسیۆنی (فتح حلب) یان بە سەرۆکایەتی یاسر عبدالرحیم پێکهێنا.
**٤ – بزوتنەوەی نورەددین زەنگی:**
بە یەکێک لەو گروپانە دادەنرێت کە تورکیا پالپشتیان دەکات و لە کۆتاییەکانی ساڵی بە سەرۆکایەتی تۆفیق شەهابەددین ٢٠١١ دروست بوون،ئەم گروپە توندرەون و لەسالی ٢٠١٦دا گرتەیەکی ڤیدیۆیان بڵاو کردەوە کە منداڵێکی ١٥ ساڵان سەردەبرن، ئەم گروپە لەگەل فەیلەقی شام ناکۆکیەکانی وەلا ناو هاوپەیمانێتیەکیان پێکهێنا.
**٥ – بزووتنەوەی ئازادی شام ( احرار الشام):**
ئەم گروپە بیروبۆچونیان سەلەفیەو لە سەرەتای شۆرشی سوریادا لە

ئەنجامی یەکگرتنی ( ( کەتائیبی ئەحرا شام و حرکة الفجر الاسلامیة و الطلیعة الاسلامیة و کتائیب الایمان)ـەوە دروست بوون.

ئەم گروپە پشت بە هاوکاریەکانی تورکیاو ولاتانی کەنداوی عەرەبی دەبەستن، دوای کوژرانی سەرکردەکەیان وردە وردە توانا و ژماری ئەندامیان کەم بووە.

**٦- لیوای هەڵۆکانی شاخ ( لواء صقور الجبل):**

ئەم گروپە لە شاری ئیدلب پێکهێنراوە کە لەر استیدا بەشێکن لە لیوای نەوەکانی پێغەمبەر و پاشان پەیوەندیان بە بەرەی شۆرشی سوریاوە کرد، ئەم گروپە چالاکیەکان لە ئیدلب ووە، بەلام دواتر نوسرە هاتو لەوێ دەری کردن.

بەرەی شام: ئەم گروپە لە چەند لایەنێکی چەکداری سەلەفی پێکهاتوە کە چەکدارەکانی ( نورەددین زەنگی، لواو التوحید، جیش المجاهدین، الجبهة الاسلامیة، تجمع فاستقم کا امرت، جبهة الاصالة و التنمیة و بقایة حرکة حزم)ن.

**٧ - جیش النصر:**

کۆمەڵێک چەکداری کەمن کە لە ریفی حەلەب و حەماو لازقیە بڵاوبۆونەتەوە و هەموویان لە گروپێکدا بە ناوی ( الجیش النصر) کۆبوونەتەوە.

# بەشی دووەم : سوریاو رۆژئاوای کوردستان

**بەشار ئەسەد باسی ناکۆکییەکانی نێوان کورد و عەرەب لە سوریادا دەکات**

**٢٠١٦/١٠/١٠**

**وێستگە نیوز**

بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا ئاماژە بە بوونی هۆشیاریی گشتی دەکات لە سوریا لە پاش تێپەڕینی زیاتر لە پێنج ساڵ بەسەر تەنگژەکانی ئەو وڵاتە، دۆخی نالەباری سوریاش بۆ بوونی پیلانگێڕی دەرەکی دەگێڕێتەوە و پێیوایە خۆرئاوا دەیەوێت ناکۆکی لەنێوان کورد و عەرەب لەو وڵاتەدا دروست بکات.

بەشار ئەسەد لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (تاران بۆ توێژینەوەی سیاسی دەرەکی)ی ئێرانی رایگەیاند: «ئەوەی خۆرئاوا و ئەمریکا لە سوریا دەیانەوێت، نەمانی دەوڵەتی سوریا و هێناکایەی دەوڵەتێکی بەکرێگیراوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندا سوریا بکەنە

پارویەک و دەرخواردی تیرۆریستانی بدەن، تا لێوەی ئامانجەکانی خۆیان بەدیبهێنن».
بە وتـەی سـەرۆکی سـوریـا، ئـەوەی ئێستا لـە وڵاتـدا ڕوودەدات، کاریگەریی لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان دەبێت گەر سوریا سەرکەوتوو بێتە دەرەوە و زیاتر بەهێز ببێت، ئەوەش وەک ئەسەد ئاماژەی پێکرد، دەبێتە مایەی بڵاوبونەوەی بیرۆکەی سەربەخۆیی وڵاتان، بەڵام خۆرئاوا لەوە دەترسێت، بۆیە تیرۆر بەکاردەهێنێت.
سەبارەت بە پرسی کوردیش لە سوریا، بەشار ئەسەد وتی: «خۆرئاوا کێشمەکێشی کوردی – عەرەبی لە سوریا دەخولقێنێت وەک پێشتر لە عیراق دروستی کرد، لە قۆناغێکیش لە قۆناغەکاندا ململانێی ئیسلامی- مەسیحی دروست کرد، لانی کەم ترسی لای لایەنێک بەرانبەر بە لایەنەکەی تر دروستکرد، کاتێکیش ئەو ململانێیە دروست دەکەن، ناسنامەکان بچوک و بەرتەسک دەبنەوە و کاریگەرییان نامێنێت، بەو شێوەیە ئامانجەکانی خۆیان دەپێکن».
لە درێـژەی قسەکانیدا، بەشار ئەسەد وتـی: «هـەر ململانێیەک لە ناوچەکەدا بکەین، بەشێوەیەکی راستەوخۆ خزمەت بە ئامانجی خۆرئاوا دەکات، بۆیە پێویستە ئێمە لەسەر ئاستی ئایدیا ململانێ بکەین، چونکە ململانێی فکری لەسەر هەر بابەتێک بکرێت سروشتییە، ناکۆکی لەنێوان مەزهەبەکاندا سروشتییە، بەڵام ناکۆکی مانای ئەوە ناگەیەنێت دیالۆگ نەکەین، پێویستە لەسەر دیالۆگ بـەردەوام بین، هەر لایەنێکیش هەوڵ بدات بە بیرۆکەی خۆی ئەوی تر رازیی بکات، ئەوە کارێکی باشە».
لە کۆتایی دیمەنەکەدا، سـەرۆکـی سوریا وتـی: «ئەمریکاییەکان بەردەوام دەیانەوێت دۆخەکە ئاڵۆز بکەن، چونکە هەرچەندە دۆخەکە ئاڵۆز ببێت، دەتوانن لەسەر جیاوازییەکان گەمەی خۆیان بکەن، چونکە هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکی تورکی/ کوردی، وا دەکات تورکیا پەنا بۆ ئەمریکا ببات تا لە دژی کورد پشتیوانی پەیدا بکات، کاتێکیش ناکۆکییەکان لەنێوان کورد و عەرەبدا دەبن، هەردوولا پەنا بۆ ئەمریکا

دەبەن، ئەوە لۆژیکی ئەمریکایە، ناکۆکی دروست بکە براوەدەبیت، هەریەچەند جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان خەڵکدا دروست بکەن، دەتوانن باشتر یاریی خۆیان بکەن وەک چۆن ئێستا لە ناوچەکەماندا دەیکەن.
لەبارەی دەستوەردانی تورکیاش لە تەنگژەکانی ناوچەکە، بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا وتی: «هاتنەناوەوەی تورکیا دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆزتر دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا تورکیا یاریزانێکی ئەمریکاییە و داشێکە لەو داشەکانی سیاسی ئەمریکایی».

**بۆچونی بەشار ئەسەد لەبارەی سەربەخۆیی رۆژئاوای کوردستانەوە چییە؟**

سەرۆکی سوریا ڕایگەیاند زۆرینەی کوردانی سوریا سەربەخۆییان ناوێت بەڵام پێویستە لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەریەوە لە وڵاتەکەدا ئەو کێشەیە یەکلابکرێتەوە.
بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی کۆسۆمۆلسکایا پراڤدای ڕووسی وتووسەتی « ناکرێت سەبارەت بۆ سەربەخۆیی کورد گفتوگۆ لەگەڵ تەنها لایەنێکی کورد بکەین و بۆچونی کوردانی ناوخۆ و ئەرمەنی و چیچانی و تورک و عەرەب وەرنەگیرێت».
بە بۆچونی ئەسەد هەموو کوردانی سوریا داوای سەربەخۆیی ناکەن بەڵکو بەشێکیان داوایدەکەن.
ئەسەد وتووشیەتی «حکومەتی سوریا بەردەوامە لە گفتوگۆ و پشتگیریەکانی هێزە کوردیەکان لە شەڕی داعشدا».
ئەمە لەکاتێکدایە هەدیە یوسف بەڕێوەبەری ئەنجومەنی سیستەمی فیدڕاڵی لەچاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند بڕیارمانداوە ئەنجومەنی سیستەمی فیدڕاڵی کۆببێتەوە و سیستەمەکەمان لە باکوری سوریا ڕابگەیەنین و دەستوورێک بۆ هەرێمە فیدڕاڵیەکە ئامادەبکەین».
وتیشی» لەم پڕۆژەیەمان ناکشێینەوە بە پێچەوانەوە کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەین و دەستوەردانی تورکیا لە خاکی سوریادا نابێتە ڕێگر لەبەردەمان».

دەستوورەکە بە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت لەلایەن ١٥١ ئەندامی ئەنجومەنەوە کە هەدیە یوسف بەڕێوەی دەبات پەسەند دەکرێت، لە پاشاندا لەسەر ئاستی ناوخۆ هەڵبژاردن دەکرێت و کاردەکرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی هەرێمی ئەنجامبدرێت.
بە گوێرەی دەستوورەکە شاری قامیشلۆ کە دەکەوێتە نزیک سنورەکانی تورکیا بە پایتەختی بە هەرێمە فیدڕاڵیەکە دادەنرێت.
http://www.nrttv.com

**بەرپرسێکی مەسەدە: ئامانجی دانیشتنەکانمان لەگەڵ ڕژێمی سوریا ڕزگارکردنی عەفرینە**

ئەندامێکی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات، ڕایدەگەیەنێت: ئامانجی دانیشتنەکانیان لەگەڵ ڕژێمی سوریا ڕزگار کردنی عەفرینە و هەردولاش کۆکن لەسەر ئەوەی شوێنی تورکیا لە سوریادا نیە.
حەسەن عەلی، ئەندامی دەستەی (مەسەدە)، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی هاوار نیوز ڕایگەیاند، قەیرانی سوریا لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەبێت و بەکارهێنانی چەک تەنها بۆ دژی داعشەو دانوستانەکانیشیان بەردەوام دەبێت.
وتیشی: ئەو ناوچانەی بەخوێن ڕزگاریان کردوون بابەتی بازرگانی نین و ئامانج لەو پڕوپاگەندانەش کە دەڵێن: هەرێمەکە ڕادەستی سوریا دەکەن دروستکردنی ئاڵۆزییە.
ئەو بەرپرسەی مەسەدە ڕاشیگەیاند بۆ چوونی ئەوان و ڕژێمی سوریا ئەوەیە کە تورکیا دەوڵەتێکی داگیرکەرەو عەفرین و ناوچەکانیتری سوریای داگیرکردووە و شوێنی لە سوریادانیە، وتیشی: ئەرکی ئەوان ڕزگار کردنی عەفرینە و لەو بارەیەشەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەوڵەتانی جیهاندا هەیە.

**خوولی دووەمی گفتوگۆی نێوان ئەنجومەنی سوریای دیموکراتیو ڕژێمی بەشار بەڕێوەچوو**

سەرۆکی وەفدی گفتوگۆکاری نێوان ئەنجومەنی سوریای دیموکراتی، ڕژێمی ئەسەد ڕایگەیاند» وەفدێکی ئەنجومەن سەردانی دیمەشقی کردووە لەگەڵ حکومەتی سوریا خوولی دووەمی گفتوگۆکانی ئەنجامداوە».

ڕیاز دەرار لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز ڕایگەیاندووە کە خوولی دووەمی گفتوگۆکان دەربارەی پرسی لا مەرکەزیەت و دەستور بووەو گفتوگۆیەکی درێژبووەو دیمەشق داوای کردووە کە ناوچە کوردیەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەن کە لەسوریا ئەنجام دەدرێت. ئەو بەرپرسەی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات ئاشکرای کرد کە گەڕاونەتەوە باکوری سوریا بۆ گفتوگۆی زیاتر، هەروەها ئەنجومەنی سوریای دیموکرات جەخت لەسەر مانەوەی باکوری سوریا دەکاتەوە بە هەیکەلیت و ئیدارەوە.

دەرار ئاشکرای کرد کە لەسەرپرسی خزمەتگوزاری و گەڕانەوەی متمانەی نێوان هەردوولا گفتوگۆیان کردووە.

وەفدێکی ئەنجومەن سەردانی دیمەشقیان کردوو، هەردوولا بڕیاریان دا چەند لیژنەیەک دروست بکەن و لەسەر پرسی خزمەتگوزاری بگەنە ڕێککەوتن.

بەشار ئەسەد ڕایگەیاند یان هێزەکانی سوریای دیموکرات گفتوگۆمان لەگەڵ دەکەن، یان هێرشیان دەکەینە سەر، ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی سوریای دیموکرات هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمەریکان.

http://speemedia.com

٢٠١٨/٠٨/١٤

## کوردانی ڕۆژئاوا دەبێت لەگەڵ ئەسەد ڕێبکەون

کاتێک رژێم لە شەڕی ئیدلیب تەواودەبێت بێهێزە، گەر کورد ئەم هەلە نەقۆزنەوە دەبێت رازیبن بەمەرجەکانی ئەسەد دوای ئەوەی ئەمریکا سوریا جێدێڵێت

٠٥-٠٩-٢٠١٨

http://hawlati.co

**یاد قوربانی**

هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئەو هێزە میلیشیاییەی یەکینەکانی پاراتسنی گەل (یەپەگە) ڕابەرایەتی دەکات و ئەمریکا پاڵپشتی دەکات لە ئێستادا بوەتە بەشێک لە ڕووبەڕووبونەوەیەکی چارەنوسساز لە نێوان دوو لە بەهێز ترین هێزە سەربازیەکانی جیهاندا: ڕوسیا و ئەمریکا. هێزی سوریای دیموکرات بە ڕابەرایەتی شەڕڤانانی کورد سەرەڕمی شەڕی (داعش)بوون لە سوریا بەڵام لەگەڵ کزبونی ئاگربارانی جەنگ و بێهێزبونی داعش، پرسیار لەسەر داهاتووی ئەم هێزە دێتە ئاراوە. هێزە کوردیەکان دەبێت خۆیان ئامادەبکەن بۆ سوریای دوای کشانەوەی ئەمریکا لەو وڵاتە و گەڕاندنەوەی بەشار ئەسەد بۆ دەسەڵات.

لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین ئەفێرز)ی ئەمریکیی تایبەت بە بابەتە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە کە دوابەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا باشترین بژاردە گەیشتنە ڕێکەوتنە لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدی سەرۆک کۆماری سوریا. گەیشتنە ڕێکەوتن ئاسان نابێت چونکە هێزە کوردیەکان دەیانەوێت دەست بە دەستکەوتە سەربەخۆیی خوازەکانیانەوە بگرن و هاوکات ڕژێمەکەی ئەسەد دەیەوێت دووبارە دەسەڵاتی سێنترالی بەسەر سوریادا بسەپێنێتەوە، ئەم دوو بەرژەوەندیەش دژ یەکن. لەبەر جیاوازیی سەربازیی بەرچاو لە نێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات و هێزەکانی ڕژێمی سوریا و هاوپەیمانەکانی ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی بێ هاوکاری ئەمریکیەکان مەترسیدارە، بە پێچەوانەوە کورد دەتوانێت کارتی فشاری سیاسی بەکاربهێنێت تا بگاتە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی سوریا.

## کات لە بەرژەوەندی کوردەکانی سوریا نیە

(ئارۆن ستاین)ی نوسەری ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری (فۆرین ئەفێرز) پسپۆڕی سیاساتی نێوەدەوڵەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئەندامی دێرینی ئەنجومەنی ئەتڵەسیە، ئەو پێی وایە بارودۆخی جەنگی سوریا لە ئێستادا لەبارە بۆ کوردەکان تا بیقۆزنەوە لە بەرژەوەندیی خۆیان. ڕژێمی سوریاو هاوپەیمانەکانی ئامادەکاری دەکەن بۆ گرتنەوەی پارێزگای ئیدلیب کە بەدوایین پێگەی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی سوری دادەندرێت؛ ئەم هەڵمەتە سەربازیە زۆر دەخایەنێت و دوای شەڕەکە هێزەکانی ڕژێمی سوریا لە ڕووی سەربازیەوە لاوازدەبن، ئەم کاتەش بە کاتێکی نمونەیی دانراوە تا کوردەکان و هاوپەیمانە ئەمریکیەکانیان فشاربکەن و داوای دانوستان بکەن لەگەڵ ئەسەد چونکە کاتێکە کە بەرانبەرەکانیان بێهێزترن لە دۆخی ئاسایی خۆیان. بەڵام گەر کات بدرێت بە هێزەکانی ڕژێم دووبارە ڕیزەکانیان ڕێکبخەنەوە ئەوا کارتە سیاسیەکەی کوردەکان نامێنێت و بەسەردەچێت. بە کورتی، کوردەکان دەبێت بێهێزیی کاتیی ڕژێمی سوری بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان.
ستاین لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت کە هەرچەندە شەڕڤانە کوردەکان لە ڕووی سەربازیەوە بەتوانا و ڕێکخراون و ئەزمونی چەند ساڵەی شەڕی داعشیان هەیە، بەڵام بەرگریکردنیان لە شاری عەفرین ئەوەی پیشانداین کە ئەمە تەنها بەس نیە و ئەوان لە ڕووی سەربازیەوە ناتوانن بەرانبەر سوپای بێشوماری وڵاتان تا سەر خۆیان ڕابگرن و پێویستیان بە دۆستە، دۆستایەتی ئەمریکاش بۆ ئەوان گرنگیەکی زۆری هەیە. هەرچەندە ڕەنگە هێزەکانی سوریای دیموکرات شەڕی بردنەوەیان پێ نەکرێت لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد بەڵام دەتوانن لە کاتی بێهێزی ئەسەدا زیانی سەربازی زۆری پێبگەیەنن، لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەسەد تا بتوانێت نایەوێت لەگەڵ کوردەکان خۆی تاقی بکاتەوە.

بڕیارە لەم رۆژانەدا هێرشی کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگای ئیدلیب لە لایەن ڕژێمی سوریا و هاوپەیمانەکانیەوە دەستپێبکات و شەڕێک

دەبێت کە ڕوسیا و ئێران و تورکیاش تیای بەشدار دەبن. ئیدلیب دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای سوریا و زۆرینەی دانیشتوانەکەی کە بە ملیۆنان کەس دەبن بە نەتەوە عەرەبن و بە هەزاران شەڕکەری سەر بە گروپە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوری لێ نیشتەجێیە. ستاین پێی وایە کە کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگاکە کارێکی قورس نیە بۆ ڕژێمی سوریا بە پاڵپشتی تۆپخانە و فڕۆکەکانی ڕوسیا بەڵام گەڕانەوەی ئاشتی و نەهێشتنی ئەندامانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن زیانی زۆری مادی و گیانی بە سوپای سوریا دەگەیەنێت.
لە سەرەتای جەنگی سوریاوە هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە بە تایبەتی سڵبانکردۆتەوە لەوەی ڕووبەڕووی ڕژێمەکەی ئەسەد ببنەوە و بە پێچەوانەوە ئەسەد شەڕی لەگەڵ نەیارەکانی دەکرد و هێزە کوردیەکانیش سەرقاڵبون بە شەڕی داعشەوە. لە ڕاپۆرتە شیکاریەکەدا هاتوە کە ئەم بەرهەڵستینەکردنەی کوردەکان و هاوکات جەنگان دژی داعش وایکردوە ڕژێمی سوریا واز لە کوردەکان بێنێت شانبەشانی ڕژێم دەسەڵات پەیدابکەن و بە شێوەیەکی گشتی ڕێگری لێ نەکردون، بەڵام بەرەو کۆتایی هاتنی جەنگ دەبێت ڕێکەوتنێک هەبێت لە نێوان ئەسەد و کوردەکان چونکە کوردەکان ئۆتۆنۆمیان دەوێت و ڕژێمیش دەیەوێت حوکمی سێنترالی بەسەریاندا بسەپێنێت.

## ڕێکەوتنەکە چۆن دەبێت؟

بە پێی پێشبینیەکانی گۆڤاری (فۆرین ئەفێرز) هێزەکانی سوریای دیموکرات کە ئێستا فەرمانداری کانتۆنەکانی خۆیان دەکەن لە ڕۆژئاوای کوردستان داوا لە ڕژێمی سوریا دەکەن تا دەسەڵات دابەشبکرێت لە سوریای نوێدا، خۆبەڕێوەبەری بوونی هەبێت و دەسەڵاتدارییەکی سێنترالی نەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕژێمی ئەسەد هەوڵ دەدات تا بتوانێت دەسەڵاتدارییەکی سێنترالی بسەپێنێت و هەموان بهێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. جیاوازیی هێزی سەربازی نێوان هێزە کوردەکان و ڕژێمی سوریا وای کردوە لە ئێستادا کوردەکان

پشت بە ئەمریکا ببەستن تا هاوپەیمانیان بێت و هاوکات لەگەڵ فشاری سیاسی خۆیاندا بیانگەیەنێت بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەسەد، بەڵام ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بڕیارێکی جێگیری نەبوە لەسەر ئەم بابەتە و زیاتر لە ڕوانگەی کێشەی ئێرانەوە تەماشای سوریا دەکات وەک لە کێشەی کورد.

**لە کۆتاییدا کێ دۆستی کوردەکان دەبێت؟**

ستاین لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا پێشبینیەکانی دەخاتە ڕوو و دەڵێت «گەیشتنە دانوستان ئاسان نابێت. ئەسەد و کوردەکانی سوریا بیروباوەڕی تەواو جیاوازیان هەیە لەسەر پێکهاتە و سیستەمی سوریای نوێ دوای تەواوبونی جەنگ. کوردەکان دوای شەڕی ئیدلیب کارتێکی فشاری سیاسیان بەدەستەوە دەبێت کاتێک ڕژێم تەواودەبێت لە شەڕێکی سەخت و بێهێزە، بەڵام کە ڕژێم ڕیزەکانی ڕێکخستەوە کوردەکان ئەم فشارە سیاسییە لەدەستدەدەن. گەر کوردەکان ئەم هەلەشیان نەقۆستەوە ئەمریکا دەتوانێت پێگەی کوردەکان بەهێزتر بکات لەسەر مێزی دانوستان گەر بڕیار بدات پشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات بگرێت. گەر نا، کوردەکان دەبێت ڕازیبن بە مەرجەکانی ڕژێم دوای ئەوەی ئەمریکا سوریا جێدێڵێت، گەر ڕازیش نەبن ڕووبەڕووی شەڕێک دەبنەوە کە پێیان ناکرێت.»

**یان واشنتۆن یان دیمەشق**

**سوریا دوو بژاردەی دەخاتە بەردەم کوردانی رۆژئاوا**

**٢٠١٨-١٠-١٥**

**شارپرێس:**

وەلید موعەلیم وەزیری دەرەوەی سوریا دوو بژاردەی خشتە بەردەم کوردانی رۆژئاوای کوردستان، کە دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرن. وەلید موعەلیم لەمیانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی باسی لەدەسەڵاتی فیدراڵی رۆژئاوای کوردستان کردو رایگەیاند، کە تا کوردانی رۆژئاوا

لەگەڵ ئەمریکا هاوپەیمانبن، گفتوگۆ لەگەڵیان لەلایەن سوریاوە بێ کەڵکە. وەزیری دەرەوەی سوریا راشیگەیاند، کە کورد دوو بژاردەی لەبەردەمدایە، یان دەبێت لەگەڵ ئەمریکا بێت، یان دەبێت رێگەی دیمەشق بگرێتە بەرو گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بکات.
موعەلیم لەبارەی ئەگەری پێدانی فیدراڵی بەکوردانی رۆژئـاوای کوردستان رایگەیاند، کە لەدەستووری سوریا باسی فیدراڵی بۆ هیچ لایەنێک نەکراوە، بۆیە نابێت لەو پرسەدا پێچەوانەی دەستوور هەڵسوکەوت بکەن‌و بڕیار لەو بارەوە بدەن.

**بەشار جەعفەری: هیچ شوێنێک بەناوی ناوچە کوردییەکانی سووریا نییە**

**٢٠١٧/١٢/١**

بەشار جەعفەری، نوێنەری سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە خۆجێیەکانی رۆژئاوای کوردستان وەڵامی پرسیارێکی رووداوی دایەوە

**رووداو - جنێف - زنار شینۆ**

بەشار جەعفەری، نوێنەری سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەڵامی پرسیارێکی نێردراوی رووداودا لە جنێف لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە خۆجێیەکانی رۆژئـاوای کوردستان رایگەیاند: «لە سووریا شوێنێک نییە بەناوی کوردستان و هەر کارێک تاکلایەنانە ئەنجامبدرێت و بە هەماهەنگی نەبێت لەگەڵ دیمەشق، رەتیدەکەینەوە».
رووداو: دکتۆر بەشار، بەوپێیەی باسی دۆخی مەیدانی سەربازی و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی سووریا دەکەیت، ئەمڕۆ لە ناوچە کوردییەکانی باکووری سووریا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە خۆجێییەکان بەڕێوەدەچێت، هەڵوێستتان لەبارەی ئەو هەڵبژاردنەوە چییە؟
بەشار جەعفەری: وەرە بۆچی لەو دوورە وەستاوی لە باکووری سـووریـا، فەرموو بۆ نایەیتە نێوەڕاست، وەرە حومس، سەیرکە ئەزیزم، یەکەم: شتێک نییە بەناوی ناوچەی کوردی لە باکووری سووریا، بەڵکو شتێک هەیە بەناوی ناوچەکانی سووریا، شتێکی دیکە

هەیە بەناوی پێکهاتەی کوردی لە سووریا، دەبێت بەردەوام خەسڵەت و تایبەتمەندی سووریا پێش هەموو شتێک بخرێت، ئێمە دەڵێین سوورییە کوردەکان، ئێمە سووری ئاشووریمان هەن، سووری چەرکەزیمان هەن، بەڵام پێش هەموو شتێک ئەمانە سوورین، بۆیە ئێمە هیچ شتێکمان نییە بەناوی ناوچەی کوردی لە سووریادا، بەڵکو ناوچەی سووریان کە پێکهاتەی کوردی و سووری لێیە، زۆرجار دەستەواژە زۆر گرنگە، تاوەکو هیچ پەیامێکی هەڵە بۆ رای گشتی نەنێرین، ئەمە لەڕووی شێوەکەیەوە، لەڕووی نێوەڕۆکەوە هەر کارێکی تاکلایەنە لەلایەن حکومەتی سووریاوە رەتدەکرێتەوە، لە پایتەخت حکومەت و بنەمای کارکردن هەیە، ئەگەر بیرۆکەت هەیە بۆ حکومەتی سووریا پێشنیازی بکە، ئەوکاتە حکومەتی سووریا هەڵوێستی گونجاو لەوبارەیەوە دەدات، بۆیە هەر کارێکی تاکلایەنە بەبێ هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ پایتەخت بەهەموو شێوەیەک کارێکی رەتکراوەیە، هەر لە ساڵی ١٩٧٣ ەوە ئیدارەی خۆجێیی لە دەستووردا هەیە و شتێکی نوێ نییە، بەڵام سەر بە دەوڵەتە و ئێمە لە سۆماڵ نین، هەر بیرۆکە و پێشنیازێک هەیە پێویستە لە پایتەخت پێشنیاز بکرێت، دواتر ئەنجوومەنی گەل، پەرلەمان و دەوڵەت هەن، دەکرێت چ بیرۆکەیەکت هەیە پێشکەشی بکەیت، بەڵام دوایین مەرجەعییەت پایتەختە، سووریا دووکان نییە، سووریا دەوڵەتە.

## ڕێکەوتنی ڕۆژئاوا و سوریا، هاوپەیمانییەکان دەگۆڕێت

**٢٠١٨/٠٢/٠٣**

**ژیان: سەلاح خدر**

دەوڵەتی تورکیا لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی گەلانی ڕۆژئاوای کوردستان و ئازادکردنی ئەو پارچەییەی وڵات لە ساڵی ٢٠١١ وە بەردەوام لە ڕێی گروپە تیرۆریستییەکان، بەمەبەستی لەناوبردنی دەستکەوتەکانی کورد تا لە داهاتووی نوێی ناوچەکەدا نەبنە خاوەن هیچ پێگەیەک شەڕی ڕۆژئاوای کردووە.

تورکیا نەیتوانی لە رێی چەتەکانییەوە لە رۆژئاوا و باکوری سوریا پیلانەکان سەربخات، بۆیە راستەوخۆی و دوای دانوسانەکانی ئەستانە سوپاکەی ناردە سەر باکووری سوریا و لە ئێوارەی ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ بەرێکەوتنێک لەگەڵ چەتەکانی داعش ناوچەی جەرابلوسی داگیرکرد، لە سەرەتایی مانگی شوباتی ٢٠١٧ شدا بەهەمان رێکەوتن شارۆچکەی ئەلبابی داگیرکرد و پاشان چووە شاری ئیدلبەوە.

تورکیا چەند ساڵە پلانی داگیرکردنی عەفرینی دارشتووە، لەبەرامبەردا کوردان و گەلانی عەفرین ئامادەکاری تەواویان بۆ رووبەرووبوونەوەی کردووە، سوپای تورک لە ٢٠ مانگی رابردوو بەهاوکاری چەتەکان هێرشی کردە سەر عەفرین.

هەوڵە داگیرکارییەکانی تورکیا تەنها بە عەفرینەوە سنووردار نابێت، بەڵکو نیازی تورکیا داگیرکردنی تەواوی رۆژئاوای کوردستان و باکووری سوریا و گۆرینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەردۆغان لەگەڵ رووسیا و ئێران و چەتەکان رێکەوت.

**(رووسیا)**

بەحوکمی هەڵکەوتەی جوغرافیا و دەوڵەمەندی وڵاتەکە هەرچی هێزە جیهانییەکانە هەوڵ دەدەن ببنە خاوەن جێگە و پێگە لە سوریا، مۆسکۆ بەهۆی شەری سارد و ناکۆکییە مێژووی و هەنوکییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا بەتایبەتی لە گۆرانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناویندا و هەوڵدان بۆ پارچەکردنی ناتۆ و بەهێزکردنی هێڵی ئەوراسیا و سەرخستنی ئەجەنداکانی خۆی لەناوچەکە و هۆکار گەلێکی دیکە رێگەی بۆ ئەنقەرە کردەوە عەفرین داگیربکات.

**(ئێران)**

رژێمی ئێران رێکەوتنێکی سەربازی و هەواڵگری و سیاسی لەگەڵ تورکیا هەیە، ئەو رێکەوتنە دوای سەردانی محەمەد حسێن باقری سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران لە مانگی ئابی ٢٠١٧ بۆ تورکیا هات،

داگیرکردنی کەرکوک و هێرشی ئاسمانی تورکیا بۆسەر گەیلاکانی پژاک لە شارباژێڕ و ئۆپەراسیۆنی عەفرین لەو چوارچێوەیەدایە، لەسەر ئاستی سوریاش تورکیا پاش کشانەوەی چەتەکانی لە حەلەب بۆ ئیدلب لە بەرامبەر باب و جەرابلوس ئەمجارەش دەبوو ئیدلب بەرامبەر عەفرین چۆڵ بکات.

ئەردۆغان بۆ لەناوبردنی کوردان لەگەڵ هەموو هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتی و چەتەکاندا ڕێکەوتنی کردووە، ئەمەش کوردی ناچارکردووە بۆ پاراستنی هەبوون و ناسنامەی نەتەوەیی و خاکەکەی ڕێکەوتن لەگەڵ هەرلایەک بکات کە پێویست بێت.

کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەیەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانەکانیەوە تا ئەمڕۆ دروشمی پارچەکردنی سوریای هەڵنەگرتووە، بەڵکو خەباتی بۆ پێکەوە ژیانی ئازاد لە چوارچێوەی فیدارسیۆنێکی دیموکراتیدا کردووە، پێیوایە کە کێشەکان ناوخۆیین و دەکرێت بە ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر ببێت و هەر گەلێک بە ناسنامە و زمانی خۆی جێگە بگرێت، ئەوەشی لەواقیعی کانتۆنەکان و خۆسەری و فیدراڵی باکووری سوریادا سەلماندووە و سەرکەوتوو بووە.

دانوسان لەگەڵ ناوەند (دیمەشق) بۆ پاراستنی سنورەکانی عەفرین ئەو ڕێگەیە بوو کە ئیدارەی ڕۆژئاوا هەڵیبژارد، هەڵبەتە ئەم بژاردە نەخوازراوە لەپێناو پاراستنی هەبوون و ناسنامەی کورد پێویست بوو، چونکە دەسەڵاتەکەی ئەردۆغان بە بیرکردنەوەی کۆنی عوسمانی بۆ تواندنەوەی گەلان و بەتایبەت گەلی کورد و گۆڕینی دیمۆگرافی کوردستان کار دەکات، تا عەفرین بکاتە قوبرس، هەوڵە داگیرکارییەکەی ئەردۆغان بە عەفرینەوە سنوردار نابێت، چونکە ئەو پێیوایە دەرباز بوونی کورد بۆ ڕۆژئاوای چەمی فورات و گەیشتنیان بەسەر دەریا بۆ ستاتۆکەی خۆی مەترسیدارە، هەبۆیە بەنیازە تەواوی دیمۆگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان بگۆڕێت و کورد لە بنەچەوە لەناوچەکەدا هەڵکەنێت، سەدان هەزار چەتە و سیخوڕەکانی خۆی لەجێگای کورد بەجێ بکات، وەک ئەوەی ئێستا لە کەرکوک و

خورماتوو دەگوزەرێت، بەپوختی پیلانی دەوڵەتی تورکیا لەناوبردنی کوردە لەتەواوی کوردستان نەک تەنها لە ڕۆژئاوا، بۆیە کوردیش بۆ پاراستنی خۆی لەبەرامبەر ئەو پیلانە هەرچی پێویستە دەبێت بیکات.
لە ڕۆژئاوای کوردستان شەڕێکی نابەرابەری دژوار بەڕێوەدەچێت تا ئێستا ڕایگشتی جیهان و دەوڵەتان، هەتا هێزە ناوخۆییەکانی سوریاش لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵکوژییەی تورکیا لە عەفرین دەیکات بێدەنگن، هەڵوێستەکان تا ئێستا زۆر پاسیڤ و لاوازن و هیچ کاریگەرییەکیان نەبووە، بەپێچەوانەوە بەبەهانەی پاراستی سنورەکانی ماف دەدەنە تورکیا عەفرین داگیربکات و کۆمەڵکوژی بکات، ئەم شەڕی تورکیا دەیکات تەنها لەبەرامبەر کوردان نییە، ئەگەر لە عەفرین نزیکەی یەک ملیۆن کەس بژین ٤٠٠ هەزاریان لەو عەرەبانەن کە بەهۆی شەڕەکانەوە لە شارەکانی دیکەی سوریا ئاوارەی عەفرین بوون و زۆربەی شەهیدە مەدەنییەکانی ئەم چەند ڕۆژەی بۆردومانی تورکیا ئەوان بوون، واتە هەوڵەکانی ئەردۆغان چەندە داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستانە ئەوەندەش داگیرکردنی سوریا و بنپێکردنی سەروەری ئەو وڵاتەیە، بۆیە لە ڕووی حقوقیەوە سوریا دەبێت ئەو سنوورانە بپارێزێت، سوریا تێگەیشووە کە تورکیا چۆن، جەرابلوس، باب، عەزاز و ئیدلبی داگیرکردووە عەفرین و حەلەبیش داگیر دەکات، بۆ دیمەشق ئاسان نابێت وەک تەماشاکەرێک بمێنێت، هەربۆیە ڕێکەوتنی سەربازی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و دیمەشق بۆ بەرگرتن بە هەوڵەداگیرکارییەکانی تورکیا چەندە بۆ پاراستنی ڕۆژئاوایە ئەوەندەش بۆ پاراستنی سوریا خۆیەتی، هاتنی سەربازانی سوریا بۆسەر سنوری عەفرین بەمانای دەستبەرداربوونی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سوریا لە دیموکراسی خۆی نییە، بەڵکو ستاتۆی خۆبەڕێوبەری دیموکراسی وەک خۆی بەردەوام و لەداهاتوودا دەکرێت دیمەشق دانی پێدا بنێت.
تورکیا و ئێران و ڕووسیا و تا ماوەیەک سوریاش لەناو ڕێکەوتنێکی هاوبەشدابوون دژ بە کوردان، بەڵام بەهێنانی سوپای سوریا بۆ

سنورەکانی عەفرین، سوریا لەو ڕێکەوتنە هێنرایە دەرەوە، بەوەش کورد توانی سەرکەوتوو بێت لە تێکدانی ئەو ڕێکەوتنەیان، بەم شێوەیە سوریاش کە هێشتا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، حکومەت و سوپای سوریا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا فەرمین، دەتوانێت تا ئاستێک سەروەری تێکچووی خۆ بگەڕێنێتەوە.

بەرلەئێستاش چەند ڕێکەوتنێکی ئەمنی سنوردار لەنێوان ڕۆژئاوای کوردستان و حکومەتی سوریا لە چوارگۆشەی حەسەکە و چەند دەڤەرێکی حەلەب هەبوون، بەڵام ڕێکەوتنی ئێستای عەفرین گەورە و ئاشکرا ترە، ئەم ڕێکەوتنە و تەعامول لەگەڵ ئەم دیفاکتۆیە لەبەرچاوی جیهان خۆی لە خۆیدا داننانێکی ڕەسمی حکومەتی سوریایە بە ستاتۆی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ڕۆژئاوای کوردستان توانیویەتی بەم ڕێکەوتنە ڕێگرییەکی قانونی و دەستووری نیشانی تورکیا و جیهان بدات، کە دەتوانێت سنوورەکان بپارێزێت، چونکە لەو ڕوەوە و لەڕووی یاسایی نێودەوڵەتییەوە هێشتا کورد لە ڕۆژئاوا بەشێکە لە سوریا، لەگەڵ ئەوەشدا کورد نکۆڵی لە کورد بوون و کوردستانی بوونی خۆی ناکات، کەواتە لەپاڵ سەربازیدا ڕێکەوتنێکی قانونی و دەستووریش کراوە کە هێرشی تورکیا لە ڕووی جیهاندا وەک داگیرکردنی خاکی وڵاتێک نیشان دەدات، ئەمەش ڕێگا لەبەردەوام کردنەوەی بەرەیەکی هاوبەشی سوریا و کورد دەکاتەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی تورکیا لە باکووری سوریا داگیری کردوون.

ئەم ڕێکەوتنە ئەگەر ئەمەریکا و ڕووسیاشی ڕاستەوخۆ تێدا نەبێت بەڵام بێ ئاگاداری ئەوان نەکراوە، چونکە ئەردۆغان هەرزوو لەوبارەیەوە پەیوەندی بە فلادمێر پوتینەوە کرد کە چی پێویست بێت بۆ بەرگرتن بەو ڕێکەوتنە بیدات بەڵام ئەنجامی بەدەست نەخست، تورکیا کە نەیتوانی لەو ماوە دیاریکراوەی بۆی دانراوە عەفرین داگیربکات، لە پێدانی ئیدلب بە ڕووسیا و ئێران پاشگەز بووەتەوە، ڕژێمی ئێران چەندە خێری کوردی ناوێت ئەوەندەش بەهێزبوونی

توركیایی له سوریا ناوێت، چونكه لەئەنجامدا ئەوان دوو هێڵی دژ بەیەكترن و شەڕی گەورەیان له سوریادا هەیه، هەموو ئەو چەتانەی توركیا دروستیكردوون دوژمنایەتی بەرژەوەندییەكانی ئێران دەكەن له سوریا.

دیوێكی دیكەی ئەو ڕێكەوتنه سەربازییەی ڕۆژئاوا و سوریا دەتوانێت له داهاتوودا كورد بەڕێی دیالۆگ كێشەكانی لەگەڵ حكومەتی سوری چارەسەر بكات، له دیوێكی ترەوه ئەگەری گۆڕینی هاوپەیمانێتییەكانه كه پێدەچێت له داهاتوودا دیمەشق و واشنتۆن لەیەكتر نزیك بكاتەوه.

**كاردانەوەكان لەسەر ریكەوتنی نێوان یەپەگه و رژێمی سوریا**

**٢٠١٨/٠٢/١٢**

**ژیان: جەزا ئەحمەد فارس**

سوپای توركیا له (٢٠١٨/١/٢٠)ەوه دەستیان كردوه به ئۆپراسیۆنێكی سەربازی له ژێرناونیشانی (چڵه زەیتوون)، كه ئامانج لێی بریتیه له چونه ناوخاكی سوریاوه به قوڵای (٣٠)كم له سنوری عەفرینەوه.

تاوەكو ئێستا توركیا نەیتوانیوه وەك ئەوەی پلانی بۆدانابوو پێشرەوی بكات، بەڵام زۆر جار بەهۆی هێرشی ئاسمانیەوه زەرەر و زیانێكی زۆریان به ناوەندی عەفرین گەیاندووه.

یەكینەكانی پاراستنی گەل دوای گفتوگۆ لەگەل رژێمی سوریا، گەشتنه رێكەوتنێك بەمەبەستی رێگه گرتن له هێرشی ئاسمانی و زەمینی توركیا.

روسیا وەك كاردانەوەیەك داوای گفتوگۆی راستەوخۆی نێوان دیمەشق و ئەنقەره دەكات له لایەك و، لەلایەكی تریشەوه به پێویستی دەزانێت كه دیمەشق لەگەڵ كورد لەگفتوگۆدابێت.

توركیاش نیگەرانه لەم ریكەوتنه و ئاماژه بەبەردەوامی ئۆپراسیۆنەكەیان دەكات و، داوا دەكات كه سوریا یەكینەكانی پاراستنی گەل وەردەربنێن له عەفرین.

ئەمریكاش به بیانوی ئەوەی كه ئەوان لەناو عەفرین نین و خۆیان

لەم بابەتە بەدور دەگرن وبەوردی چاودیری بارودۆخەکە دەکەن، هەروەها رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەست بەجێ داوای وەستاندنی شەر دەکات لە عەفرین.

رژێمی سوریا و یەکینەکانی پاراستنی گەل چی جۆرە رێکەوتنێکیان ئەنجامداوە؟

ئەورێکەوتنەی کەلەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و رژێمی سوریا بەسترا رێکەوتنێکی سەربازییە، کە تیایدا یەکینەکانی پاراستنی گەل هاوکاری سوریا دەکەن لە شەرکردن دژی گروپە تیرۆرستیەکان و سوپای سوریای ئازاد لەبەرامبەریشدا رژێمی سوریا سیستمی بەرگری ئاسمانی دادەنێت بۆ عەفرین و سنورەکانی لەگەڵ تورکیا دەپارێزێت لەهەردەستدرێژییەک و دەستوەردانێکی سەربازی.

بەپێی رێکەوتنەکە بەهیچ شێوەیەک سوریا دەستوەردان ناکات لەرووی بەریوەبردنی کارگیری و سیاسی ئەم کانتۆنە کە ئەمە یەکێکە لەخاڵە هەرە باشەکانی ئەم ریکەوتنە، چونکە لە ٢٠١٤ ەوە عەفرین وەک کانتۆنێک ناسینراوە و پیادەی سیاسەتی خۆبەریوەبردنی دیموکراتی دەکات.

نوری مەحمود، وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل رایگەیاند» ئەوان داواین لە رژێمی سوریا کردووە کە سنورەکانیان بپارێزێت».

ئەوەی کە وادەکات کە یەکینەکانی پاراستنی گەل و سوریا گفتوگۆبکەن و بگەنە ریکەوتن لەگەل یەکتری، بریتیە لەوەی کە هەردوو لایان دوژمنی هاوبەشیان هەیە کە بریتیە لە گروپە تیرۆرستیەکان و سوپای سوریای ئازاد کە لەلایەن تورکیاوە بەکار دەهێنرێن.

## کاردانەوەی تورکیا

هەرچەندە دەستوەردانەکانی تورکیا لە سوریا لەسەر ئاستی جیهانی تا ئێستا ئیدانە نەکراوە لەلایەن وولاتە زلهێزەکانی جیهانەوە، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نیگەرانن لە ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سوریا بەتایبەت دوای هێرشی تورکیا بۆسەر عەفرین.

لەگەڵ بڵاو بوونەوەی هەواڵی ڕیکەوتنی نێوان سوریا و یەکینەکانی پاراستنی گەل تورکیا دەستی کرد بە زیاد کردنی ژمارەی سەربازەکانی لەسەر سنوری تورکیا-سوریا وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەم ڕێکەوتنە.
ئیبراهیم کالان، ووتەبێژی سەرۆکایەتی تورکیا ڕای گەیاند «کە ئۆپراسیۆنی چلە زەیتوون بەردەوام دەبێت بۆ بەدیهیانانی ئامانجەکانی».
هەروەها وەزیری دەروەی تورکیاش (مەولود چاوش ئۆغلۆ) ڕایگەیاند»ئەوان بەخێر هاتنی هێزی سوریا دەکەن بۆ عەفرین و ئەوان هەمیشە بەرگریان لە یەک پارچەی خاکی سوریا کردووە و پشتگیری یەکگرتووی سوریا دەکەین».
وەزیری دەروەی تورکیا ئاماژەشی بەوەشکرد « ئەگەر سوریا بۆ پاراستنی یەکینەکانی پاراستنی گەل بێت ئەوە هیچ کەسێک ناتوانێت ئەوان بوەستێنێت لە ئۆپراسیۆنەکەیان».
تورکیا وەک پەیامێکی ناراستەوخۆ داوا لەسوریا دەکات کە کۆنترۆلی تەواوی عەفرین بکات و یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین وەردەر بنێت، کە ئەمەش لەگەڵ واقعی بارودۆخی سوریا لەم قۆناغەدا ناگونجێت.

## کاردانەوەی روسیا

وەزیری دەرەوی روسیا (سێرگی لازرۆڤ) لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە پرسی سوریا ڕایگەیاند»ئەکرێت چارەسەری کێشەی عەفرین بکرێت بە گفتوگۆی ڕاستەو خۆ لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرەدا».
ئیبراهیم کالان، ووتەبێژی سەرۆکایەتی تورکیا وەک وەلامدانەوەیەک بۆ وەزیری دەروەی روسیا لە ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند»ئەوان هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیان لەگەل ڕژێمی سوریا نیەو بەشێوەیەکی ناراستەو خۆ پەیامەکانیان بەسوریا دەگەیەنن».
ماڵپەری (RT)ی روسی لەزاری وەزیری دەروەی روسیاوە ئەوەشی بڵاو کردەوە «روسیا داوا دەکات کە بەگفتوگۆ کێشەکانی سوریا چارەسەر بکرێت و سەرجەم لایەنەکان گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق بکەن و هەروەها پێویستە کە دیمەشقیش لەگەڵ کوردەکان گفتوگۆ

بکات». لاڤرۆڤ رەخنەی توندیشی لە ئەمریکا گرت و ئاماژەی بەوە کرد»ئەمریکا دەیەوێت قەوارەی سەربەخۆی بۆ کوردەکان دروست بکات و بەمەش کێشەکان زیاتر ئاڵۆز دەکات».

## کاردانەوەی ئەمریکا

ئەمریکا وەک یەکێک لەوولاتە زلهێزەکانی کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ناکۆکی و ململانێکانی سوریا هەیە، تا ئێستا بەشێوەیەکی ئاشکرا و بە روونی رای خۆی دەرنەبریوە سەبارەت بە ریکەوتنی نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و رژێمی سوریا.

بەپێی ماڵپەری (The region) هێزەرت ناوێرت وتەبێژی وەزارەتی دەروەی ئەمریکا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندوە «ئەوان کاردەکەن بۆ کەمکردنەوەی توندو تیژییەکان لەناو سوریادا و ئەمریکا پشتگیری سوریایەکی سەربەخۆی ئارام دەکات و ئەوان پشتگیری هچ گۆرانکاریەک لە سنورەکانی سوریا ناکەن».

هێزەرت ناوێرت ئاماژەشی بەوەشکرد»ئەوان هیچ رۆلێک ناگێرن لە عەفرین و ئەمریکا لە ناو عەفریندا نیە و کارناکەن بۆ دروست کردنی ئۆتۆنۆمی بۆکوردەکان لە سوریا».

ووتەبێژەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هیچ رونکردنەوەیەکی نەدا لە سەر ریکەوتنی نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و رژێمی سوریا.

## رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای وەستاندنی شەر دەکات لە عەفرین.

نوێنەری رەسمی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان ستیفان دوجارک «داوای راوەستاندنی شەری کرد لەعەفرین و ئاماژەشی بەوەکرد زۆر پیویستە دەست بەجی ئەم شەر کردنە بوەستێرنێت بۆ ئەوەی کە گەورەتر نەبێت وە ئێمە زۆر هاولاتی مەدەنیمان هەیە کە بەدەست ئەم شەرەوە دەنالێنن». ستیفا ئەوەشی راگەیاند» رۆژ بەرۆژ شەری عەفرین گەورە تردەبێت، وەترسی زیاتر دروست دەبێت لە بەژدرای کردن و بەریەک کەوتنی هێزی تر». ئەم داوایەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدوای رێکەوتنی رژێمی سوریا و یەکینەکانی پاراستنی گەل لەوەوە سەرچاوەی گرتووە،

ئەگەر بێت و لەشکر کێشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بەردەوامی هەبێت ئەوە ئەگەری فراوانبوون و گەورە بوونی ئەم شەرە دەبێت بەشێوەیک کەزۆر وولاتی تر بەشداری تیادا بکەن بەشێوەی جیاوا جیاواز.

/http://zhyan.co

## سوریا ئامادەیی خۆی بۆ دانوستان لەگەڵ کوردانی رۆژئاوا دەربڕی

٢٠١٧-٩-٢٦

وەزیری دەرەوەی سوریا، وەلید موعەلیم رایگەیاندوە کوردەکان دەتوانن لەناو سوریادا مافی خۆبەڕێوەبردنیان هەبێت و سوریا پشتیوانی لە پەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و راشیگەیاندوە کە کوردەکانی سوریا خوازیاری سەربەخۆیی نین.

ئاوێنە، دویچەڤیلە: وەزیری دەرەوەی سوریا، وەلید موعەلیم لە چاوپێکەوتنێکدا رایگەیاندوە کە حکومەتەکەی ئامادەیە لەسەر خۆبەڕێوەبردن لەگەڵ کوردەکانی سوریا دانوستان بکات. بەڵام وەزیری دەرەوەی سوریا رایگەیاندوە کە ئەو دانوستانە پاش تێکشکاندنی داعش و دەرکردنی لەو لەگەڵ کوردەکان دەکات.

جەختی کردۆتەوە کە ئەرکی سەرەکی وڵاتەکەی لە ئێستادا تێکشکاندنی داعشە.

وەزیری دەرەوەی سوریا لەکاردانەوەیدا بەرامبەر بە ریفراندۆمەکەی دوێنێی هەرێمی کوردستان رایگەیاندوە کە وڵاتەکەی پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات.

## شاندێکی ڕۆژئاوای کوردستان داوادەکەن حکومەتی سوریا دان بە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریدا بنێت

٢٠١٨-٧-٢٨

کۆتاییهێنان بە شەڕی سوریا و هاوکاریکردن بۆ لەناوبردنی تیرۆر، دوو بۆچوونی هاوبەشی یەکەم کۆبوونەوەی نێوان شاندی ڕۆژئاوای کوردستان و حکومەتی سوریا بوون.

دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینی لە نێوان هەردوولادا لە دیمەشقی پایتەخت، شاندی ڕۆژئـاوای کوردستان گـەڕایـەوە قامیشلۆ و لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، لەسەر چەند پرسێک گفتوگۆیان کردووە و ژمارەیەک پرسی دیکەش لەڕێی لیژنەی هاوبەشەوە گفتوگۆی لەسەردەکرێت.

**ئەو پرسانەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بریتیین لە:**

– پێکهێنانی چەند لیژنەیەک لەسەر ئاستی ژمـارەیـەک بـوار بۆ پێشخستنی دیالۆگ و دانوستاندن بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ.

– ئەرکی لیژنەکانە نەخشەڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ گواستنەوەی سوریا بۆ دیموکراتی و لامەرکەزی.

هاوکات شاندی ڕۆژئاوای کوردستان، ژمارەیەک داواکاری ئاڕاستەی حکومەتی سوریا کردووە، یەکەم: داننان بە ئیدارەی خۆبەڕێوبەری باکوری سوریا، ئەوەش دوای داننان بە گەڕانەوەی دامەزراوەکانی حکومەت بۆ ناوچە کوردییەکان.

**یەکەم**: شاندی کوردی داوای لە حکومەتی سوریا کردووە دان بە زمانی کوردیدا بنێت وەک زمانێکی فەرمی هاوتای زمانی عەرەبی.

لە بەرامبەر بۆچوونە هاوبەشەکاندا چەند بۆچوونێکی ناکۆکیش هەبوون لە نێوان هەردوولادا کە ئەمانەن. یەکەم: دیمەشق جەختی لەسەر وەرگرتنی دەروازە سنورییەکان کردووە، لە بەرامبەریشدا شاندی ڕۆژئـاوا جەختی لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان کردووە لە قۆناغی یەکەمدا.

**دووەم**: دیمەشق باسی لە لامەرکەزی کردووە بەپێی مەرسومی ساڵی ٢٠١١ و یاسای ١٠٧ کە باسیی لامەرکەزی دەکات، لە بەرامبەردا کورد باسی خۆبەڕێوەبەری کردووە، واتە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری.

لەسەر هەمان پرس هاوسەرۆکی پێشووی پەیەدە، ساڵح موسلیم جەخت لەسەر بوونی لایەنی سێیەم دەکـات لەکاتی گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان کورد و ڕژێمی سوریادا، بەڵام تائێستا ئەو لایەنە دەستنیشان نەکراوە.

بەپێی وتەی چەند سەرچاوەیەکیش، پێش ئەوەی شاندی ڕۆژئاوای کوردستان بچێتە دیمەشق، کورد پرسی ئەنجامدانی دانوستانەکانی لەگەڵ بریێت مەکگۆرک باسکردووە و مەکگۆرکیش کوردی هانداوە دانوستان لەگەڵ دیمەشق بکەن و لە یەکەم قۆناغیشدا جەخت لەسەر خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بکەنەوە.

**کوردانی ڕۆژئاوا کشانەوە لەناوچە عەرەبییەکانی سوریا ڕەتدەکەنەوە**

**شارپریس:**

دەسەڵاتی ناوەندی سوریا لەدیمەشق، دەیەوێت ڕێگری دەسەڵاتی فیدراڵی لەرۆژئاوای باکووری سوریا بکاتو بۆ ئەوەش دەستپێشخەرییەکی خستووەتە بەردەم بەرپرسانی کورد.

دەستپێشخەرییەکەی دەسەڵاتی دیمەشق بەشێوەیەک بووە، کە داوای لەهێزە کوردییەکان کردووە، لەناوچەکانی باکووری سوریا، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی ناوچەی عەرەبین بکشێنەوە، بەڵام کوردانی ڕۆژئاوا ڕەتیانکردووەتەوە. دەستپێشخەرییەکەی سوریا بەشێوەیەک بووە، ئەگەر هێزە کوردییەکان لەناوچەکانی باکووری سوریا بکشێنەوە، کە لەشەڕی داعش کۆنترۆڵیان کردووە، ئەوە دیمەشقیش کار بۆ ئەوە دەکات گفتوگۆ بکات، بۆ دابینکردنی مافی کوردان لەوڵاتەکەی. ئەو دەستپێشخەرییەی دیمەشق لەمیانی چەند کۆبوونەوەیەکی نێوان لیوا عەلی مەملوک بەرپرسی نووسینگەی پاراستنی نیشتمانی سوریاو بەرپرسانی حیزبی پارتی یەکێتی دیموکرات لەرۆژئاوای کوردستان.

هەروەها سوریا لەدەستپێشخەرییەکەی ئەوەی بە بەرپرسانی کوردان وتووە، ئەگەر بەوە ڕازی بن و لەناوچە سورییەکان بکشێنەوە، ئەوە دیمەشق لەدەستووری نوێ بەفەرمی دان بەناوچەی فیدراڵی ڕۆژئاوای کوردستان دەنێت.

سەرچاوەکان باس لەوەش دەکەن، کە کۆبوونەوەکانی نێوان بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستانو سوریا بەردەوامی هەیەو تائێستاش نەگەیشتووە بەهیچ ئەنجامێک.

پێشتر وەلید موعەلیم وەزیری دەرەوەی سوریا رایگەیاند، ئەوان ئامادەن دان بەدەسەڵاتی فیدراڵی رۆژئاوای کوردستانو باکووری سوریا بنێنو بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ کوردان گفتوگۆ دەکەن.

## کوردانی رۆژئاوا یەک لەسەر سێی ئەو نەوتەی دەریدەهێنن رادەستی حکومەتی سوریا دەکەنەوە

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکەرتی نەوتی سوریا ئاشکرایکرد بەپێی رێککەوتنێکی نێوان حکومەتی سوریاو بەرپرسانی کورد لەرۆژهەڵاتی فوڕات، یەک لەسەر سێی ئەو نەوتەی کوردەکان دەریدەهێنن رادەستی حکومەتی سوریای دەکەنەوە.

**ئاوێنە**: ئاژانسی سپوتنیک-ی روسی، لەزاری ئەو سەرچاوەیەوە بڵاویکردۆتەوە بەپێی ئەو رێککەوتنە، کە ماوەی چەند مانگێکە بەندەکانی جێبەجێ دەکرێن، کوردەکان رۆژانە نزیکەی ٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لەهەردو کێڵگەی "رومەیلان"و "جبسە" لەپارێزگای حەسەکە دەردەهێنن و یەک لەسەر سێی رادەستی حکومەتی سوریا دەکەن و دەنێردرێت بۆ پاڵاوتگەکانی "حمس".

هێمای بۆ ئەوەش کردوە بەپێی قسەی بەرپرسانی کورد ئەو بڕە نەوتەی دەمێنێتەوە بەکاردەهێنرێت بۆ پێداویستییەکانی ناوخۆی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی کورددان کە لەپاڵاوتگە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی دەپاڵێورێت. سەرچاوەکە ئەوەشی خستۆتەڕو کە بەر لەشەڕی سوریا ١٦٠ هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لەکێڵگەی رومەیلان بەرهەمدەهات بەڵام لەئێستادا بەرهەمی رۆژانەی دابەزیوە بۆ ٣٨ هەزار بەرمیل. هەروەک بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەی "جبسە" لەئێستادا دابەزیوە بۆ ١٢ هەزار بەرمیل نەوت، لەکاتێکدا بەر لەشەڕ بەرهەمی رۆژانەی زیاتر لە ٣٠ هەزار بەرمیل نەوت بوە.

## هێزەکانی سوریای دیموکرات وەڵامی تۆمەتەکانی ئەسەدی دایەوە کە خیانەتی دابووە پاڵیان

**٢٠١٧-١٢-١٨**

فەرماندەیی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایگەیاند، جێگەی سەرسوڕمان نییە کاتێک بەشار ئەسەد بە خیانەتکار تۆمەتباریان دەکات.

لە بەیاننامەیەکدا هەسەدە ڕایگەیاند، بەشار ئەسەد ئەوان و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەش تۆمەتبار دەکات بە خیانەت، چونکە توانیویانە لە باکوری سوریا پشتی تیرۆر بشکێنن و هەموو ئەو هاوکێشانەشی قڵپکردەوە کە گرەوی لەسەر تیرۆر دەکرد. فەرماندەیی گشتی هەسەدە نووسیویەتی «هێزەکانی سوریای دیموکرات ئەو لێدوانانە جێگەی سەرسوڕمان نییە بۆمان، چونکە هەموو پێکهاتەکانی سوریا لە باکور و خۆرهەڵاتی سوریا ڕاپەڕینی بەرپاکرد لە دژی بەشار ئەسەد و ڕژێمە سەرکوتکەرەکەی و سەرجەم سیستەمەکەشی بە هەموو دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانییەوە لە ناوچەکە دوورخستەوە». ئاماژە بەوەش کراوە جێی سەرسوڕمان نییە خیانەت بداتە پاڵ ئەو هێزانە کە بەشداربوون لە دامەزراندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی، کە بنیاتنراوە لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی، چونکە سیستمە دیکتاتۆری و سەرکوتکەرەکان پێیان وایە داخوازییە جەماوەرییەکان، پلانێکی جیهانییە، بۆیە هەرچییەک لەو جموجوڵە جەماوەرییانەشەوە بەرهەم بێت بە خیانەت ناودەنرێت.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هەسەدە ڕایگەیاندووە، ئەوان بێ هیچ دوودڵییەک ڕووبەڕووی تیرۆر دەبنەوە و پێشیان وایە بەشار ئەسەد و ئەو بەشەش کە لە دەسەڵاتەکەی ماوە، دەبێت دواکەسبن باس لە خیانەت بکەن، چونکە ئەگەر سورییەکان ڕووبەڕووی نەبنەوە، خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە خیانەتەکان کە دەیەوێت سوریا بەرەو دابەشبوون ببات، بۆیە هەسەدە ڕێگە بەو هەنگاوە نادات.

ئەوە لە کاتێکدایە بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا هەموو ئەو هێزانەی

کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێن بە خائین ناوبرد و ڕایگەیاند، هەر کەسێک بۆ وڵاتانی بیانی یان لەژێر سایەی سەرکردایەتی ئەمریکا کاربکات و دژی دەسەڵات و سوپاکەی بێت خائینە.

**هێزەکانی سوریای دیموکراتی ئەو ناوچانەیان لە سوپای سوریا سەندەوە کە کۆنترۆڵیانکردبوو**

هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایانگەیاند، توانیویانە هێزەکانی سوپای سوریا لە چەند گوندێکی پارێزگای دێرەزوری دەوڵەمەند بە نەوت دەربپەڕێنن، کە بۆ ماوەیەک دەستیان بەسەردا گرتبوو.

هێزەکانی سوریای دیموکراتی کە یەکینەکانی پاراستنی گەل بڕبڕەی پێکهێنانییەتی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویانکردەوە، هێزەکانی سوپای سوریا چووبووە ناو ٤ گوندی ڕیفی دێرەزورو کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندبوو، بەڵام دواتر هێزەکانیان هێرشێکی پێچەوانەیان کردووەتە سەر هێزەکانی حکومەتی سوریا و لە ناوچەکەیان دوورخستوونەتەوە و هەر چوار گوندەکەشیان کۆنترۆڵکردووەتەوە.

ئەوە لە کاتێکدایە تا ئێستا هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، چەند جارێک بۆردومانی هێزەکانی سویای سوریایان کردووە، کە ویستوویانە پێشڕەوی بکەن بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات.

دەزگا ڕاگەیاندنەکانی سوریا بڵاویانکردەوە، پێکدادان لە نێوان هێزەکانی سوپای سوریا و هێزەکانی سوریای دیموکرات لە ڕیفی شاری دێرەزوری خۆرئاوا ڕوویداوە و گوایە سوپا ٤ گوندی لە ڕۆژهەلاتی فورات کۆنترۆڵکردووە و هێزەکانی سوریای دیموکراتیش ئەو هەوڵەی سوپای سوریا بە پشتیوانی لە داعش دەزانێت.

ئاژانسی هەواڵی سانای فەرمی سوریا لە زاری سەرچاوەیەکی سەربازییەوە بڵاویکردەوە، دوای پێکدادانێکی سەربازی سوپای سوریا هەر یەکە لە گوندەکانی «جەنینە و جیعە و شەمرەحیسان و

حویەقەی مەعیشیە»یان کۆنترۆڵکردووەتەوە.
لە لایەکی ترەوە کینۆ گابرییل وتەبێژی هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایگەیاند، هێزەکانی سوپای سوریا و هاوپەیمانەکانی بنکە و بارەگای هێزەکانی سوریای دیموکراتیان کردووەتە ئامانج لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات لە ناوچەی ڕیفی دێرەزور.
ئاماژەی بەوەشکردووە، لە کاتێکدا هێزەکانی ئەوان لە ئامادەکاریدا بوون بۆ تەواوکردنی ئۆپراسیۆنی گەردەلوولی جەزیرە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی جەزیرە کە تا ئێستا لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدا ماون و دابینکردنی ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی سوریا، سوپای سوریا دەستکیردووە بە ئامانجگرتنی هێزەکانیان لە ڕیفی دێرەزور لە کەناری ڕوباری فورات، ئەویش بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دەستپێکردنی ئەو ئۆپراسیۆنە.

### ئایا سوریا دەیەوێت لەگەڵ کوردانی رۆژئاوا ئاشتبێتەوە؟

کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان بە هێمنی کاردەکەن، بەڵام سوورن لە سەر دروستکردنی پێگەی دەوڵەتێک کە دەزگای ئەمنی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئەگەر دیمەشق ئەو سیستمەی رەتکردەوە (فیدراڵی باکوری سوریا) و شەڕی هەڵبژارد چی دەبێت؟
لە باکوری سوریا کیانێکی حوکمی ئۆتۆنۆمی هەیە کە لە قامیشلۆ تا حەسەکە و لە گرێ سپی (تەل ئەبیەد) تا کۆبانی و مەنبەج و عەفرین و گەڕەکی شێخ مەقسود لە حەلەب کە هەرچەند بە پراکتیکی پێیەوە نەبەستراوە بەڵام بەشێک لە خۆدەگرێت.
بەپێی پێگەی ئەلمۆنیتۆر، بەرپرسانی رژێمی سوریا باس لەوە دەکەن کە کاری سەرەکی ئەوان لەناوبردنی داعش و بەرەی فەتحولشام و دواتر کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە (مەبەست رۆژئاوای کوردستان) بە بەبێ شەڕ لەگەڵ کوردەکان و بە بێ ئەوەی ڕێگە بەوان بدرێت کە ببنە خاوەن سیستەمێکی فیدراڵی.

ئامانجی کورد لە کۆتاییدا ئەوەیە سوریا ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دان بە ئۆتۆنۆمی ڕۆژئاوادا بنێت لە دەستوری نوێی سوریادا و شەڕ بژاردەی کوتایی کوردەکانی سوریایە و ئەوانیش دەزانن (کورد) لە هەلومەرجی ئێستادا بیر لە دابەشبوونی سوریا یان دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ناکاتەوە.
عومەر عەلوش بەرپرسی پەیوەندی دەرەوەی تەڤگەری کۆمەڵگای دیموکرات (TEV–DEM) کە پێکهاتەی سەرەکی بەڕێوەبەری خۆسەری ڕۆژئاوا و کانتۆنەکانە دەڵێت «ئامانجی تەڤ دەم (TEV–DEM) چەسپاندنی نمونەی ڕۆژئاوا لە گشت سوریایە و ئەگەر ئێمە نەمانتوانی دەوڵەتی سوریا ڕازیبکەین، ئەوکات دەچین بۆ دەنگی گەل (ریفراندوم) لە باکوری سوریا، دەبێت حکومەتی سوریا ئەنجامەکە قبوڵبکات و ئێمە سوورنین لەسەر سیستمی فیدراڵی یان شەڕ، بەڵکو چارسەری نا ناوەندیمان دەوێ لە سوریا و حوکمی ناوەندی و بەعسی قبوڵ ناکەین».
وتیشی «دەرفەت هەیە کە ڕژێم کێشەکانی لەگەڵ پارتی یەکێتی دیموکرات پەیەدە یەکلاییبکاتەوە، بەڵام ڕژێم نایەوێت ئاشتبێتەوە».
کوردانی ڕۆژئاوا هەنگاوی گەورەیان ناوە بەرەو دروستکردنی پەیکەری دەوڵەت لەگەڵ دەستورو ئەنجومەنی دامەزرێنەری سیستمی فیدراڵی و کۆمیتەی گەل و هێزەکانی بەرگری و ئاسایش و دەزگاکانی ڕۆشنبیری و خوێندن، بەڵام ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ڕژێمی سوریا چۆن مامەڵە لە کورد بکات؟ چارەنوسی ڕۆژئاوای کوردستان چی لێدێت ئەگەر تورکیا و سوریا بڕیاری هاوکاری لەگەڵ یەکتر بدەن؟ کورد دەتوانن سەرکێشی بکەن و بڕیاری شەڕی سوپای سوریا بدەن؟، بەپێی ئەلمۆنیتەر.
ئیزو غویریە سەرۆکی پارتی یەکێتی سوری و ئەندامی هاوپەیمانی سوریای دیموکرات وتی «عەرەب و کورد و سریانییەکان داوای خۆیان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بۆ ڕژێمی سوریا گەیاندووە کە دەبێ سوریا بە گشتی بگۆڕێت بۆ سیستمی فیدراڵی».

هەروەها دەڵێت، رژێم لە هەندێک بابەتدا نەرمە وەکو رێگەپێدان بە کورد کە زمانی دایک لە خوێندن بەکاربهێنن و قبوڵیدەکات کە هەموو حیزبەکان بەرپرسیاربن لە ئاسایشی ناوچەکەیان.
بەوتەی غویریە دیمەشق بیر دەکاتەوە کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری خۆجیی فراوانتر بکات و رازین لەوە کە هێزەکانی ئاسایش ببنە پۆلیس خۆجێی و نایانەوێت سیستمێکی ئاسایشی گشتی هاوتەریب لەگەڵ کورد تاوتوێی بکەن، هەروەها هێشتا بابەتی یەپەگە و یەپەژە و هێزەکانی سوریای دیموکرات لەگەڵ رژێم تاوتوێنەکراوە و ئاکتورەکانی رۆژئاوا دەیانەوێت هێزەکانی سوریایی دیموکرات وەکو هێزی پاراستن بمێنێتەوە.
«داهاتوی رۆژئاوا لە سەر هەڵوێستی لایەنەکانی کێشەکە ماوەتەوە و ئەم کێشەیە بە هێزی خۆجیی چارەسەر ناکرێت و بە بێ ئەمریکا و روسیا و ئێران و تورکیا مەحاڵە چارەسەر بکرێت»، غویریە وادەڵێت.
جوان ئیبراهیم فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئاسایشی رۆژئاوای کوردستان پێیوایە، رژێمی دیمەشق هاوشێوەی داعش مەترسیە بۆ ئەوان و تا ئێستا هیچ پەیوەندیەک لە نێوان ئەوان و رژێمی سوریادا نییە و بە رێگای نێوانگیریەکان (سەرۆک عەشایرەکان) کێشەکان لەگەڵ رژێم چارەسەر دەکەن.
ئێستا هێزەکانی ئاسایشی رۆژئاوا ناچنە ناو ناوچەکانی لە ژێر کۆنترۆڵی رژێم و سەربازانی ئەوانیش دوورن لە ناوچەکانی ئەوان «ئەگەر سەربازێک یان پۆلیسێکی سەر بە رژێم بیەوێت لە ناوچەکانی ئێمەدا تێپەڕێت ئەبێ بە جلوبەرگی سڤیل بێت و بێ چەک بێت ئەگینا دەستبەسەریدەکەین»، جوان وادەڵێت.
ژمارەی ئەندامانی ئاسایش لە کانتونی جەزیرە ١٠ هەزارە و لە عەفرین سێ هەزار و لە کوبانێ دوو هەزار ئەندامە.
جوان ئیبراهیم کە خۆشی دایکی کورد و باوکی عەرەبە دەڵێت، نیوەی ئەندامانی ئاسایش لە جەزیرە لە خەڵکی عەرەب پێکهاتووە، لە گرێ سپی ژمارەیەک لە تورکمانەکان لە ناو هێزی ئاسایشدایە و بە گشتی

٣٠٠ تورکمان ئەندامن لە ناو ئاسایش و ڕێژەی ژنان لە سەدا ٣٠ یە لە ناو هێزەکانی ئاسایشدا.
موچەی مانگانەی ئەندامانی ئاسایش ١٢٠ دۆلارە بە بەراورد لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی فەرمی کە دەکاتە ٨٠ بۆ ١٠٠ دۆلار، ئەمەش وادەکات کە خواستی بوون بە ئەندامی ئاسایش زیاد بکات.
«کەس ناتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە کەی گفتوگۆکان لە دیمەشق کوتاییان پێدێت، بەڵام ڕژێم ناتوانێت ڕاستیەکە لە باکوری سوریا پشتگوێبخات، ژمارەیەکی زور کەم لە سورییەکان ئۆتۆنۆمی کوردی قەبوڵ دەکەن، بەڵام هەندێکیش دەڵێن کە ڕژێم دەتوانێت لە ئەزمونی کورد فێرببێت»، بەپێی ئەلمۆنیتۆر.
http://www.xendan.org

## ئەسەد: بژاردەی دانوستان لەگەڵ هەسەدە سەرکەوتو نەبو، بەهێز دەریان دەکەین

بەشار ئەسەد، سەرۆکی سوریا ڕایگەیاند سوپای وڵاتەکەی لەهەمو ناوچە جیاجیاکان پێشڕەوی کردوە و تاکە کێشە کە مابێت هێزەکانی سوریای دیموکراتەو بۆ ئەوەش دو بژاردەیان هەیە یان دانوستان یاخود بەهێز دەریان دەکەن.
بەشار ئەسەد، سەرۆکی سوریا لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (ئارِ تی) روسی ڕایگەیاند پاش ڕزگارکردنی حەڵەب، حمس، دێرەزور و دیمەشق، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کارتەکانی ورد ورد لەدەستدەدات. پێشتر کارتی سەرەکی ئەمریکا بەرەی نوسرە بو کە بە میانڕەو ناویان دەبرد. پاش ئەوەی دەرکەوت نەک میانڕەو نییە بەڵکو بەشێکە لە ڕێکخراوی قاعیدە، بۆیە ئەمریکا بەدوای کارتێکی دیکەدا گەڕا.
بەبڕوای ئەسەد ”ئەو کارتەش ئێستا هێزەکانی سوریای دیموکراتە. ئێمە لەهەمو ناوچە جیاجیاکانی سوریا لە پێشڕەویدان، تاکە کێشە مابێت هێزەکانی سوریای دیموکراتە.“
وتیشی“ئەویش لەڕێگەی دو بژاردەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین: یەکەم

ئەوەیە کە ئێمە دەستمانکردوە بە کردنەوەی دەرگاکان بۆ دانوستان، چونکە زۆربەی ئەم هێزە خەڵکی سوریان، پێویستە وڵاتەکەیان خۆش بوێت و نەبن بە بوکەڵەی دەست بێگانە. ئەگەر ئەم بژاردەیە سەرکەوتو نەبو، پەنادەبەینە بەر رزگارکردنی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستیاندان بەهێز و هیچ بژاردەیەکی دیکەمان نییە، ئیدی ئەمریکییەکان لەوێ بن یان نا. ئەوە خاکی ئێمەو مافی ئیمەیە و ئەرکی ئێمەیە رزگاری بکەین و پێویستە ئەمریکییەکان جێی بهێڵن، لەکۆتاییشدا بەشێوەیەک لەشێوەکان هەر جێی دەهێڵن."

**ئەنجومەنی سوریای دیموکرات و حکومەتی سوریا لیژنەی دانوستانیان پێکهێنا ٢٨-٧-٢٠١٨**

ئەنجومەنی سوریای دیموکرات ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ حکومەتی سوریا لیژنەی هەمەلایەنە دروستکراوە بۆ بەرەوپێشبردنی دانوستانەکان و گەڵاڵەکردنی نەخشەرێگایەک سوریا بەرەو وڵاتێکی دیموکراتیی لامەرکەزی بەرێت.

ئەنجومەنی سوریای دیموکرات(ئەسەدە) لە ڕاگەیەندراوێکیدا کە لە بارەی ئەنجامی کۆبوونەوەی لەگەڵ حکومەتی سوریا بڵاویکردەوە دەڵێت، ئامانجی کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە دانانی بەردی بناغەی گفتوگۆ و دانوستان، بە مەبەستی چارەسەرکردنی تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان.

ئاشکراشیکردووە، پێش کۆبوونەوەکە، چەند گفتوگۆیەکی ئامادەکاری لە نێوان لیژنە لاوەکیەکانی هەردوولاوە ئەنجامدراوە کە باسیان لە بابەتە خزمەتگوزارییەکان کردووە.

ئەم کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەی نێوان کوردانی ڕۆژئاوا و حکومەتی سوریا دوای ئەوە دێت کە لە ١٦ ی ئەم مانگەدا هێزەکانی سوریای دیموکرات کە یەپەگە پێکهاتەی سەرەکیەتی، ڕەزامەندی نیشاندا گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی سوریا بکات لەبارەی داهاتووی ئەو ناوچانەوە کە لەژێر کۆنترۆڵیدایە.

# بەشی سێیەم: ئەمریکاو رۆژئاوای کوردستان

**تا ئێستا ئەمریکا ٧ بنکەی سەربازی لە ڕۆژئاوا کردووەتەوە**

بەپێی زانیارییەکانی فەرماندەیەکی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) تا ئێستا ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان ٧ بنکەی سەربازی و چەند فرۆکەخانەیەکی کردووەتەوە.

بەپێی لێدوانەکانی سیپان حەمۆ فەرماندەی هیزەکانی پاراستنی گەل «ئەمریکا لە حەسەکە دوو فڕۆکەخانەی کردووەتەوە و لە دێرک و قامشلو و کۆبانێش فڕۆکەخانەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە مەنبەج سەرقاڵی پشکنینن بۆ درووستکردنی بنکەیەکی دیکە».

زۆرینەی ئەو بنکە و فڕۆکەخانانەی کە ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان کردوویەتییەوە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتەوە.

**ڕۆبەرت فۆرد: ئێرانییەکان ڕەگیان داکوتاوە لە ناو سوریادا**

**گفتوگۆ لەگەڵ باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە دیمەشق دەربارەی داهاتووی سوریا**

**دیپلۆماتیک مەگەزین**

**٢٠١٨،٠٨،١٥**

باڵوێز ڕۆبەرت ستیفن فۆرد (Robert Stephen Ford)) لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتۆن و پەیمانگەی یەڵس جاکسۆن بۆ کاروباری جیهانیی کاردەکات و خانەنشینە لە وەزارەتی دەرەوی ئەمریکا و ٣٠ ساڵیش خزمەتی کردووە، پاش ئەوەی لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ تا ٢٠١٤ باڵوێزی ئەمریکا بووە لە سوریا.

**پرسیار: تۆ لە بابەتێکدا لە MEIباست لە بنکەی سەربازی ئەلتەنف و ئەو بیرۆکەیە کردبوو کە ئەمریکا پێشنیاری کشانەوە لەو بنکە سەربازیە بکات بە شێوەیەک کە ڕێکەوتنێک هەبێت بۆ کشانەوەی ئێران لە سوریا،لەگەڵ پێشهاتەکانی ئەم دوایانەو هێرشەکانی سەر شاری سوەیدا و کۆبونەوەکانی هێڵسنکی تۆ دەتوانی ئەوەمان پێبڵێت کە چی بەسەر بنکەی تەنف دێت ؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** من دوو بیرۆکەم هەبوو لەسەر ئەوە،ناوچەی تەنف گرنگە چونکە ئەوە ڕێگای بەیەکگەیشتنی نێوان عێراق،ئەردەن،سوریایە،پێموایە ئەمریکا ناتوانێت هیچ شتێک بگۆڕێت،بە بڕوای من ئەو بیرۆکەیەی کە پێیوایە بوونی ئەمریکا لە دەروازەی تەنف پێویستە بۆ داخستنی پردی زەمینی ئێران بە سوریاوە گەمژەییە لەبەر دوو هۆکار،یەکەم :ئێرانیەکان پێویستیان بە پردی زەمینی نیە ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی پردی هەواییەوە هەموو شتێک بکەن و ساڵانێکی زۆریشە ئەو کارە دەکەن، ئەو هێزە ئێرانیانەی کە بونەتە جێگەی نیگەرانی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ریگەی فڕۆکەوە لە تارانەوە هاتوون.

دووەم، ڕێگای تر هەیە کە ئێرانیەکان دەتوانن بەکاریبهێنن لە ئەلبوکەمالەوە بەرەو دێرزور کە پێویست ناکات دەروازەی تەنف بەکاربهێنن،من بۆ خۆم بڕوام وایە کە بیرۆکەی ئیدارەی ترەمپ

لەوەی کە دەتوانن مامەڵە بکەن بە کشانەوەی سەربازە ئەمریکیەکان لە ناوچەی تەنف بەرامبەر کشانەوەی هێزە ئێرانیەکان هەڵە دەرچوو، من دەمەوێت ڕاشکاوانە قسە بکەم،کاتێک من لە ساڵی ٢٠١٣ باسی زیادبونی هەژمونی ئێرانیەکانم لە سوریا لەگەڵ سیناتۆرو بەرپرسانی ئیدارەی ئۆباما و بە تایبەت وەزارەتی دەرەوە کرد.
پێموتن ئەگەر ئێمە سوربین لەسەر ئەو بابەتە دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە بۆ پچڕاندنی پەیوەندی ئاسمانی نێوان تاران و دیمەشق،من وتم دەبێت گوشار بخەینە سەر عێراق کە واز لە ئاسانکاری هاتوچۆی ئاسمانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بهێنێت و یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بدەین کە هێرش بکەنە سەر فڕۆحانەی دیمەشق،بەڵام ئیدارەی ئۆباما ئەم داواکاریەیان پشتگوێخست .

**پرسیار: لە دوای تێکشکاندنی چەکدارارانی ئۆپۆزسیۆن لە دەرعاو قونەیتەرە،پێتوایە شەڕی ناوخۆ لە سوریا بەرەو کۆتای دەچێت لە کاتێکدا (ئەمریکا،تورکیا و روسیا )ئێستا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە باکورو ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** بە بڕوای من شەڕی سوریا کەمێک گۆڕاوە وتوندوتیژیەکان کەمبونەتەوە بەهۆی ئەوەی حکومەتی سوریا ناوچەیەکی زۆری کۆنترۆڵ کردۆتەوە،لەو شوێنانەی کە پێشتر شەڕی تێدا بوو وەکو حومس و دیمەشق و ریفی دیمەشق و دەرعا ئێشتا حکومەتی سوریا کۆنترۆڵی کردونەتەوەو ئارامن،پیموانیە ئەمە پەیوەندی بەزیادبوونی ڕۆڵی هێزە بیانیەکانەوە هەبێت،ڕوسیا باڵادەست نیە بەسەر هەمووشتێکدا کە سوریا دەیکات،کاریگەریان هەیە،بەڵام ئایا ئێرانیەکان کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووە؟من لەو بڕوایەدا نیم،ئەوەی من تێبینیم کرد بەرپرسانی سوریا توڕە بوون کاتێک عەلی ئەکبەر ویلایەتی نوێنەری تایبەتی ئایەتوڵا خامنەیی وتی ئێمە فەزڵمان هەیە لە پاراستنی سوریا بەسەر حکومەتی سوریاوە،بەرپرسێکی حکومەتی سوریا وەڵامی دایەوە و وتی قسەکانی ویلایەتی لە جێگەی خۆیدا نەبوو،هەروەها دەڵێت ئێمە هاوکاریمان لە

ئێرانەوە بەدەستگەیشتووە بەڵام ئەوە ئێران نەبوو کە ئێمەی پاراست بەڵکو ئەوە حکومەتی سوریا بوو کە خۆی رزگارکرد.
هەروەها سوریا هەوڵەکانی روسیای بۆ ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی پشتگوێخست و وە دژی نوسینەوەی دەستورێکی نوێ بوون لەگەڵ روسیا، تورکیاش کۆششێکی زۆری کرد بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە باکوری سوریا کردیان، ئەمریکیەکان بە توندی دەستیان بە هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە گرتووە، لەبەرئەوە هەڵەیە کە بەو شێوەیە حوێندنەوە بۆ ململانێکانی ناو سوریا بکەین کە شەڕی لە برێتی هێزە بریارەکانی سەر بە هێزە بیگانەکانە،گومان لەوەدا نیە کە وڵاتانی بیانی رۆڵیان هەیە،بەڵام ناوچەی تریش هەیە کە سوریەکان بریکاریان هەیە .
**پرسیار: کەواتە دواتر چی دەبێت ؟**
**رۆبەرت فۆرد:** بەبڕوای من بەشێکی سەرەکی ململانێی سوریا لە داهاتودا ئەوە دەبێت کە حکومەتی سوریا چۆن مامەڵە دەکات بۆ وەدەرنانی هێزەکانی تورکیاو ئەمریکا لە رۆژهەڵات و باکوری سوریا،گومان لەوەدا نیە کە هەوڵدەدات بەڵام نازانم بەتەواوەتی چۆن ئەو کارە دەکات نازانم رۆڵی روسیا چۆن دەبێت،بۆ نمونە روسیا چۆن دژی هەوڵەکانی ئەسەد ئەوەستێتەوە بۆ فشارخستنەسەر تورکیا لە ئیدلب،سیاسەتی دەرەوەی روسیا لەسەر سەروەری خاکی سوریا و بەگژاچونەوەی وڵاتانی رۆژئاوا داڕێژراوە،سیاسەتی روسیا ئەوەیە کە دەڵێت»رۆژئاوا لە دیمەشق ئەوەستێنین بۆ ئەوەی دواتر شەڕی روژئاوا لە مۆشکۆوە نەکەین» روسیا دەیەوێت لەهەندێ شتدا نێوەندگیری بکات بەڵام سوریا رازی نابێت بۆ نمونە لە مەسەلەی تورکیا کە باکوری سوریای داگیرکردووە یان ئەمریکا کە رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەی داگرکردووە.
**پرسیار: بە روانین لە داواکاری ئیسرائیل بۆ کشانەوەی ئێران لە سوریا و مەترسیەکانی ئەمریکا لە رۆڵی ئێران لەم وڵاتە،ئایا پێتوایە ئەمریکا دەتوانێت رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی ئێران ؟**

**رۆبەرت فۆرد:** ئێرانیەکان دەڵێن ئێمە سوریا بەجێناهێڵین،عەلی ئەکبەر ویلایەتی وا دەڵێت،من دەزانم ئیسرائیل نیگەرانە بەڵام لەو بڕوایەدام کە هێزی ئاسمانی ئیسرائیل ناتوانێت هێزە ئێرانیەکان لە سوریا وەدەربنێت بە تەواوەتی، ئێران لە ناو هێزە سەربازی و ئەمنیەکانی سوریادا رەگی داکوتاوە پێموایە ئەگەر ئیسرائیل بەردەوام بێت لە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر هێزە ئێرانیەکان ئەوا ئێران یەکەی سەربازی بچوک بچوک دروست دەکات کە ئیدی کارێکی گرانە ئیسرائیل بتوانێت بیانکاتە ئامانج،تەنها جارێک کەمن پێموابوو ئیسرائیل سوورە لەسەر لێدانی ئێرانیەکان ئەوەبوو کە هێرشی کردە سەر فڕۆکەخانەی دیمەشق،بەڵام دواتر نۆژەن کرایەوە ئەگەر لە فڕۆکەخانەی دیمەشق نەمێنن ئەوا دەیان بنکەی ئاسمانی تر هەیە کە ئێرانیەکان بەکاریبهێنن ئەگەر ئەوانەش نەبێت ئێران دەتوانێت دەروازەی سنوری ئەلبوکەمال بەکاربهێنێت ئەمە شتێک نیە بتوانیت لە رێگەی هێرشی ئاسمانیەوەی کۆنترۆڵی بکەیت لەلایەکی ترەوە ئەگەری هێرشی زەمینی لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەگەرێکی کەمە .

**پرسیار: باشە ئەم واقیعە بەمانای چی دێت؟**

**رۆبەرت فۆرد:** روسەکان دەتوانن هێڵێکی سوور بکێشن کە ئێرانیەکان نەتوانن ئەو هێڵە ببەزێنن بۆ رازیکردنی ئیسرائیل بەو مانایەی ئیسرائیل بە ئارامی لە جۆلان بمێنێتەوە،بەڵام ئێرانیەکان هاوکاریەکانیان بۆ حزبوڵا ناوەستێنن،من لە ساڵی ٢٠١٢ لە قودس چاوم بە بەرپرسانی ئیسرائیل کەوت و پرسیارم لێکردن دەربارەی ئەوەی ئایا نیگەرانن لە زیادبونی ململانێکانی سوریا،ئەوان پێیان وتم کە هێزی ئاسمانی ئیسرائیل دەتوانێت بەرپەرچی هەرجۆرە هەڕەشەیەک بداتەوە لە جۆلانەوە .

**پرسیار: چی دەبینیت لەسەر رۆڵی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی سوریا ؟ئایا دەتوانێت روبەڕوی فشاری روسیا و ئێران ببێتەوە ؟ ئایا ئەو هێزەی ئەمریکا دەبێت بە بەشێک لە کەمکردنەوەی رۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا وەک ئەوەی ئیدارەی ترەمپ باسی دەکات؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** هەندێک کەس ئەوەیان دەوێت کە بەشێک بێت لە دژی ئێران و داوا لە دۆناڵد ترەمپ دەکەن کە ئەو هێزە بمێنێتەوە بۆ دژایەتیکردنی ئێران،بەڵام من بڕوام نیە ئەوە روبدات،من بەناو ئەمریکادا زۆر گەشتم کردووە و کفتوگۆم کردووە بەڵام کەس لایەنگری جەنگ نیە لە دژی ئێران لە سوریا،رایگشتی پشتگیری جەنگ ناکات،هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا باش خۆیان پاراستوە لە سوریا لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ وە تا ئێستا ٢ سەربازی ئەمریکی کوژراون ئەگەر بارودۆخەکە بگۆڕێت ئەوا ڕۆژانە سەربازی ئەمریکی دەکوژرێن لە ستراتیژی ئەمریکادا نیە ئێران دەربکات ئەمریکا لەوەی ئێستا هەیە زیاتری پێناکرێت،ئیدارەی ترەمپ هیوادارە روسیا بتوانێت ئێرانیەکان دەربکات،بەڵام روسیا ئەو کارە ناکات.

**پرسیار: دەمانەوێت بزانین بارودۆخەکە بەرەو کوێوە دەڕوات؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** گرنگترین شتێک ئەوەیە کە تێبگەین ئەمە جەنگە سوپاش لە جەنگدا گرنگی خۆی هەیە،ئیدارەی ئۆباما دروشمێکی هەبوو کە دەڵێت «جەنگ چارەسەر نیە»بەڵام وانیە کاتێک روسیا بە توندی دەستێوەردانی کرد لەساڵی ٢٠١٥،ئەمریکا یارمەتیەکانی بۆ ئۆپۆزسیۆن کەمکردەوە و لەجیاتی تورکیا کوردەکانی بۆ شەڕی دژی داعش بەکارهێنا و هاوسەنگی هێز گۆڕا، لەساڵی ٢٠١٨ هاوسەنگی هێز بەلای سوریادا شکایەوە وردە وردە حکومەتی سوریا فشار لە تورکیاو ئەمریکا دەکات تا ناچاریان بکات بکشێنەوە،سوپای سوریا ناتونێت ئەم کارە بکات لە ناوچەی تەنف،بەڵام دەتوانێت هۆزەکانی ئەو ناوچەیە چەکداربکات و شەڕیان پێبکات لەدژی ئەمریکا وەک ئەوەی لە موسڵ و ئەنبار لە عێراق کرا.

**پرسیار: وادەردەکەوێت سوریا پلانی هەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سوریا وەک ئەوەی لە قامیشلی دەزگای هەواڵگری و رژێمی سوریا بونیان هەیە ؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** کوردەکان هەرگیز داوایان لە سوریا نەکردوە کە ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن، هەواڵگری سوریا بونیان هەیەو فڕۆکەخانەی

قامیشلی کراوەیە بە ڕووی دیمەشقدا، بەراورد بە عێراق ئێمە توانیمان دەزگای هەواڵگری سەدام هەڵبوەشێنینەوە و هۆزەکان بەکاربهێنین بۆ سەقامگیرکردنی عێراق، بەڵام لە سوریا ئێمە روبەروی چوار جۆر دەزگای نهێنی ئەبینەوە کە چالاک و زیندون لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

**پرسیار: ئایا ڕژێمی سوریا دەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** پێموانیە بارودۆخی ئابوری سوریا باشبێت،روسەکان داوایان لە ئەمریکا کردووە کە یارمەتیدەربن لە بنیاتنانەوەی سوریا،بەڵام ئەمریکا ئەمە ناکات،یەکێتی ئەوروپا ڕەنگە چەند سەد ملیۆن دولارێک تەرخان بکات،چینیەکان کەمتر هاوکاری دەنێرنەوە دەرەوە و ڕەنگە چەند پرۆژەیەک ئەنجامبدەن،بەڵام ئایا دەتوانن یەکەی نیشتەجێبون بۆ ٥ ملیۆن کەس دروست بکەن.

**سازدانی چاوپێکەوتن Seth J. Frantzman**
**( ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕاپۆرت و شیکاری ـ The Middle East Center for Reporting and Analysis )**

کەناڵە بیانییەکان باس لەوە ئەکەن، سوپای ئەمریکا لەماوەی ئەم یەک دوو ڕۆژەدا (٨٠٠) سەیارە چەک و تەقەمەنی سوک و قورسی گوێزاوەتەوە بۆ ڕۆژئاوا، پێدەچێت ئەمریکا خۆی ئامادەبکات بۆ جەولەیەکی تری بارگرژی لەسوریا. ئەم گۆرانکاریانە لەکاتێکدایە، هێزەکانی دەوڵەتی سوریا بەپشتیوانی روسیا لەپێشرەویدان و داعشیش سەر لەقێی دەست پێکردۆتەوەو تورکیاش لەهەوڵی دروستکردنی سوپایەکی ٣٥ هەزار چەکدارییە و لەملهوری گەمە کۆنەکەی خۆیی بەردەوامە....

**٢٠١٨/٨/٢٣**

## ئەمەریکا یەپەگەی لە لیستی تیرۆر دەرهێناو تورکیاش داوای ڕونکردنەوە دەکات

**٢٠-٠٩-٢٠١٨**

ویلایەتە یەکگروەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە هیچ مەترسیەکی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهان دروستناکات و ناتوانرێت وەکو لایەنێکی ترۆریستی سەیر بکرێت.

ئەمەش دوای ئەوە هات کە مەولود چاوش ئۆغلۆ وەزیری درەوە داوای لە تورکیا کرد کە کێ دۆستی ئەمەریکایەو تورکیا یان یەپەگە؟ کە ئەنقەرە بە «تیرۆریست» ناویان دەبات.

ئەم داوایـەی چاوشئۆغلۆ دوای ئەوە هات کە وەزارەتـی درەوەی ئەمەریکا ناوی یەپەگەی لە لیستی تیرۆر دەرهێناو ڕایگەیاند کە ئەمەریکا و یەپەگە هەنگاوی گەورەیان بڕیوە بۆ ڕامالینی گروپە توندڕەوەکان کە بەو هۆیەوە هێرشە تیرۆریستیەکان ٢٣٪ کەمیان کردوە لە ماوەی ٢٠١٧دا.

لە ڕاپۆرتەکەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەردوو ڕێکخراوی یەپەگەو پەیەدە، چیتر ڕێکخراوێکی تیرۆرستی نین و لە لیستی تیرۆری جیهان دەرهێنراون.

هاوکات لە بەشی (ئەو دەوڵەتانەی پاڵپشتی لە تیرۆر دەکەن)، ئێران، سوودان، سووریا و کۆریای باکوور خراونەتە لیستی «پاڵپشتانی تیرۆر».

وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمریکا لـە ڕاپـۆرتـەکـەدا ئـامـاژەی بۆ ئەوەشکردووە» سەرباری ئەوەی کۆریای باکوور بە چەکی ئەتۆمی هەڕەشە لە ناوچەکە و دراوسێیەکانی دەکات، هەروەها لە سنووری وڵاتانی دیکەیش بۆسە دەنێتەوە»

لەبارەی ئێرانیشەوە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە «ئێران کە لە ساڵی ١٩٨٤ەوە وەک پشتیوانی تیرۆر دیاریکراوە، جگە لە حزبوڵڵا لوبنان و گرووپە تیرۆریستییەکانی غەززە هەروەها بە پشتیوانیکردنی گرووپە جیاجیاکان لە سووریا و عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ش بەردەوام بووە لەو

چالاکییانەی پەیوەندیدارن بە تیرۆر».

**ئەمریکا بە چاودێری سی ئای ئەی بەشداری لە پڕ چەککردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکات**

رادیۆ سەوا:هەندێک لە ئەفسەری هەواڵگری عەرەب لە راپۆرتێک کە رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز بڵاویکردۆتەوە ئاشکرایانکردووە کە ژمارەیەکی کەم لە ئەفسەرانی ئاژانسی ناوەندی ئەمریکا سی ئای ئەی بەنهێنی لەسەر سنور لە باشوری تورکیا یارمەتی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن دەدەن و چەکیان بۆ پەیدا دەکەن بۆ شەڕکردن لەگەڵ حکومەتی سوریا.

هەربەپێی ئەو راپۆرتە چەکی ئۆتۆماتیکی وموشەک و فیشەک وچەکی دژەتانک لەرێگای تۆڕێک لە دەلاڵی نەناسراو و رێکخراوی ئیخوانی موسلمین لە سنوری تورکیاوە دەبرێت بۆ چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن کەلەلایەن تورکیاو سعودیەو قەتەریشەوە پشتیوانیان لێدەکرێت.

هەر بە پێی ئەو راپۆرتە بەرپرسانی سی ئای ئەی چەند هەفتەیەکە لە باشوری تورکیا لەسەر سنورن تا نەهێڵن ئەو چەکەی دەینێرن بکەوێتە دەست هاوپەیمانانی رێکخراوی ئەلقاعیدەو رێکخراوە تیرۆرستیەکانی دیکە.

ئەگەرچی ئیدارەی ئۆباما رایگەیاندبوو کە چەک بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا نادات بەڵام ئەو هەنگاوە نوێیەی ئەمریکا بۆ ئەوەیە فشاری زیاتر بخاتە سەر سەرۆکی سوریا کە بەمدواییە هەڵمەتە سەربازییەکانی بۆ سەر مەدەنیەکان چڕترو خوێناویتر کردۆتەوە .

کارمەندانی سی ئای ئەی ئومێدیان وایە بەهۆی یارمەتیدانی زیاتری ئۆپۆزسیۆنی سوریا زانیاری زیاتریان دەستبکەوێت،کە ئێستا پێگەیان لەناو سوریا زیاتر گەشەی کردووە .

هەروەها لە راپۆرتەکە دا هاتووە هەندێک ئەفسەری خانەنشین کراوی سی ئای ئەی تویژینەوە لەسەر یارمەتیدانی زیاتری ئۆپۆزسیۆن بدەن لە رێگای دابین کردنی وێنەی مانگە دەستکردەکان و زانیاری ورد لەبارەی شوێن وهاتوچۆی هێزەکانی حکومەتی سوریا .

هەروەها ئیدارەی سی ئای ئەی توێژینەوە لەمەڕ پێکهێنانی دەزگای هەواڵگری بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکات هەروەها ناردنی ئەفسەرانی سی ئای ئەی بۆ ناوخۆی سوریا تا راستەو خۆ بەشداربن لە ئاڕاستە کردنی ئۆپۆزسیۆن وڕووخاندنی حکومەتی بەشار ئەسەد.

**(٨) هۆکار لەپشت پشتیوانیکردنی ئەمریکا لە کوردەکانی سوریا**

**شێرکۆ کرمانج**

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و تورکیا بەدرێژایی هەشت دەیەی ڕابردو پەیوەندیی نزیکو قوڵو هەمەلایەنەیان هەبوە. پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا چەقی سیاسەتی دەرەوەی تورکیای لەڕوی سیاسەتی دەرەوەیدا پێکهێناوەو پاڵپشتی سەرکەوتنە ئابورییە درێژخایەنەکانی بوە لەگەڵ مسۆگەرکردنی یارمەتیدانی تورکیا لە بواری سەربازیی و هەواڵگریی. ئەمە لە کاتێکدا بوە کە شوێنی جوگرافی تورکیا سەرچاوەیەکی سەرەکی بوە لە پشت هەڵوێستو تێگەیشتنی سەرکردە و جەنەراڵ و دبلۆماتکارە ئەمریکیەکان لەمەڕ بەردەوامیی لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا.
پێگە گرنگە جیۆپۆلەتیکیەکەی تورکیا، وەک بەربەستێک لە دژی بڵاوبونەوەی کۆمۆنیزم لە ساڵانی جەنگی سارددا، کاریگەرییەکانی تاوەکو ئێستاش لەسەر گرنگی پێگەی ئەو وڵاتە بۆ ئەمریکا هەر ماوە. هاوکات، تورکیا لەچەندین شەڕدا هاوشانی ئەمریکا جەنگاوەو خاکەکەی بوەتە بنکەی چەندین سەربازیو موشەکی ستراتیجی کە بەسەریەکەوە بونەتە مایەی پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی ئەویش.
تورکەکان پێیانوایە کە ئەزمونی کوردەکان لە باکوری سوریا هەڕەشەیەکی جدییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. بەرپرسانی تورکیا پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) و باڵە چەکدارەکەی ئەو پارتە کە بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ناسراوە وەک تیرۆریست دەناسێنێت، هاوشێوەی داعش.

ئەو پشتیوانیانەی کە ئەمریکا پێشکەش بە هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (هەسەدە) ی دەکات - کە هێزێکی فرەپێکهاتە و فرەئاینییە و زۆرینەیان چەکدارەکانی یەپەگەن – لەکاتێکدایە کە ڕوبەڕوی ڕەخنەی نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکا، کە تورکیایە، بۆتەوە. ئەمەش پرسارێکی گرنگ دەوروژێنێت ئەویش ئەوەیە داخۆ ئەمریکا بۆچی سەرەڕای ناڕازیبونی تورکیا هێشتان سورە لەسەر پشتیوانیکردنی کوردانی سوریا.

لەژێر تیشکی دوا سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ کۆشکی سپی و داواکردنی ناوبراو لە ئەمریکییەکان بۆ ڕاگرتنی هاوکاریی سەربازیی ئەمریکا بۆ کوردەکانی سوریا وەڵامدانەوەو گفتوگۆکردنی پرسیارەکەی سەرەوە هێندەی دیکە گرنگ دەبێت.

ژمارەیەک هۆکار هەن لەپشت هاوکاری و پشتیوانییەکانی ئەمریکا بۆ کوردەکانی سوریا و هاوپەیمانەکانیان لەناو هەسەدە، لەوانە:

یەکەم، لە ئەیلولی ٢٠١٤ دا ویلایەتە یەکگرتوەکان بەڕەسمی دەستی کرد بە پڕچەککردن و مەشقپێکردنی ئەو هێزانەی کە ناوی نابون ئۆپۆزسیۆنی میانڕەو لە سوریا، کە سوپای سوریای ئازاد و لایەنگرەکانی لەخۆدەگرێت. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە حکومەتی ئەمریکا بڕی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری دابو بە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان. ماوەیەکی درێژی نەخایاند کە ئەمریکا دانی بەوەدا نا کە هەوڵەکانیان لە سوریا شکستیهێنا چونکە گروپێکی شەڕکەری بەتوانایان نەبو لە گۆڕەپانەکە کە بتوانێت جێگەی خۆیو پێگەیەک بۆ ئەمریکییەکان بکاتەوە. ئاشتن کارتەر وەزیری بەرگری ئەوکات، ڕایگەیاند کە ئەمریکا بەدوای هێزێکی بەتوانادا دەگەڕێت لەسەر گۆڕەپانەکە بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانەی کەوتونەتە دەست داعش. یەپەگە ئەو هێزە بەتوانایە بو کە ئەمریکییەکان وەک بەدیلێک بەدوایدا دەگەڕان.

دوەم، خواست و ویستی شەڕڤانانی یەپەگە بۆ شەڕکردن و هەروەها خۆڕاگرییان لە ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنێکی بەهێز، وەک داعش، لەکاتی بەرگریکردن لە کۆبانێ بۆ تەواوی دنیا دەرکەوت. هاوارو

داواکانی شەڕڤانەکانی یەپەگە یەپەگە لە کۆبانێ، هانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دا بۆ پشتیوانیکردن لە یەپەگە لەدژی هێرشەکانی داعش. پەیوەندییە سەرەتاییەکانی نێوان یەپەگە و ئەمریکییەکان لەو کاتوساتانەدا دروستبون‌و لە دەرەنجامی پشتیوانییە سەربازییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی درێژەیان کێشا. بەرپرسانی پنتاگۆن بەگشتی «یەپەگە» و دواتر «هەسەدە»یان وەک هێزگەلێکی باوەڕپێکراو و بەتوانا دەهاتەپێشچاو و ناودەبرد، کە گوایە بەباشی دەجەنگن و خۆیان بەختدەکەن بۆ سوریا. لەڕاستیدا، یەکینەکانی هەسەدە دەریانخست کە دەتوانن هەم هێرشببەن هەم ناوچەکان ئازادبکەن هەمیش بەرگرییان لێبکەن. ئەو بەهێزی و شارەزاییەی کە شەڕڤانان لە مەنبەج پیشانیاندا، هێندەی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و هەسەدەی بەهێزکرد. پەیوەندیی راستەوخۆی نێوان بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمریکا و شەڕڤانانی یەپەگە و ئەو ئەزمونە ئەرێنیانەی لەو جۆرە پەیوەندییانە هاتنەکایەوە، پەیوەندیەکانی نێوانیانی بەهێزو تۆکمەتر کرد، بەڕادەیەک کە بەرپرسە ئەمریکیەکان لۆگۆکانی یەپەگەیان لە جلوبەرگە سەربازییەکانیانەوە دەدا.

سێیەم، دوای ماوەیەک لە قەیرانی سوریا، ئەمریکییەکان بۆیان دەرکەوت کە تورکیا لەباشترین حاڵەتدا هاوپەیمانێکی خراپە. لەسەرتای ٢٠١٣ دا راپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە تورکیا چەکی دابین کردوە بۆ گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە سوریا بە لقی قاعیدەی سوریاشەوە، بەرەی نوسرە (کە دواتر لە تەموزی ٢٠١٦ ناوەکەی گۆڕا بۆ جەبهەی فەتح شام). دواتر، تێوەگلانی تورکیا لە یارمەتیدانی گروپە تیرۆریستیەکان زیاتر ئاشکرا بو، بەتایبەت کاتێک چەند توێژەرێکی سەر بە پرۆگرامی بنیاتنانی ئاشتی و مافی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا راپۆرتێکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا ئەوە خرابوەڕو کە تورکیا چەک و کەرەستەی سەربازی و پشتیوانی لۆجستیی دابینکردوە بۆ داعش و مەشق و راهێنانی سەربازیی بە چەکدارانی ئەو گروپە کردوەو هاوکار بوە لە پڕچەککردنی داعش

و ئاسانکاریی کردوه بۆ پەڕینەوەی چەکدارەکانیان لە تورکیاوە بۆ ناو سوریا. لەدوای ئەم پێشهاتانە، ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بۆیان دەرکەوت کە باشترین ڕێگا بۆ ڕێگریکردن لە پەڕینەوەی تیرۆریستان لە سنورەکانی تورکیاوە پشتیوانیکردنە لە یەپەگە و هەسەدە.
چوارەم، ئەمریکیەکان پێویستیان بە گروپێک بو کە ئەوانیش لە بەرامبەردا پێویستیان بە هاوکاریی ئەمریکا بێت، گروپێک کە بتوانێت چالاکانە شەڕبکات لە بەرەکانی شەڕ لە سوریا. کوردەکانی سوریا لەلایەن چەند دراوسێیەکی نەیارەوە دەوردراون وەک تورکیا لە باکور و خۆرئاوا، پارتی دیموکراتی کوردستان (حکومەتی هەرێم) لە خۆرهەڵات و حکومەتی سوریا و داعش لە باشور. لە حالەتێکی ئاوەهادا، کوردەکانی سوریا ناچار بەپێویستیی پشتیوانیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کرابون، هاوکات ئەوان کاریگەریی و چالاکییەکانیان وەک هێزێکی شەڕکەری خاوەن دیسپلین ماوەیەک بو سەلمێنرابو. دروستبونی پەیوەندییەکی بەهێزو هەمئاهەنگیکردنی یەکدی دەرەنجامێکی سروشتیانەی پێویستییەکانی هەردولا بەیەکدی و تایبەتمەندییەکانی هەردولا بو.
پێنجەم، پارتی دادو گەشەپێدانی ئەردۆغان، ئەکەپە، لە ٢٠٠٢ ـەوە دەسەڵاتی لە تورکیا گرتەدەست. ئەحمەد داود ئۆغلۆ کە گەورە راوێژکاری ئەردۆغان بو لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٩، کە دواتر پۆستی وەزیری دەرەوەی لە ٢٠٠٩ تا ٢٠١٤ پێسپێردرا، بڕوای بە نۆشنی «ستراتیجی قوڵ (strategic depth)» هەبو کە چوارچێوەیەکی عەقائیدی دابیندەکرد بۆ گۆڕانکاریەکی قوڵو هەمەلایەنە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا. ئەم ستراتیژیەتە تورکیای پاڵ پێوەنا بۆ روکردنە ڕۆژهەڵات. گۆڕانکاری لە خواستی تورکیا بوە هۆی هێنانەکایەی شۆک و دودڵی لەلایەن بڕیاربەدەستانی سیاسەت لە ئەمریکاوە. دڵەڕاوکێکانی ئەمریکییەکان زیاترو زیاتر بەرجەستەدەبون کاتێک تورکیا خۆی وەک پارێزەر و باوکی بەهاری عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشاندەدا. پشتیوانیەکانی تورکیا لە ئیخوان موسلمین و لایەنگرانی

ئەو گروپە لە ناوچەکە لەو ئانوساتدا چەقی دودڵیو دڵەڕاوکێکانی ئەمریکای لەو سیاسەتەی تورکیا پێکدەهێنا. جگە لەوەش، لەوەتەی ئاکپارتی لە ٢٠٠٢ ـەوە لە هەڵبژاردنەکاندا بردویەتیەوە، ڕەفتاری دەوڵەتی تورکیا زیاتر بەرگو خەسڵەتی ئیسلامیانەی گرتوەو لە زۆر کاتو شوێنیشدا شەڕانگێز بوە لەبەرامبەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکەدا. دوبارە ڕێکخستنەوەی نیازو مەرامەکانی تورکیا لەبەرامبەر خۆرئاوا بەمجۆرە، بوە یەکێک لە هۆکارەکانی پشت پشتیوانیی ئەمریکا بۆ کوردەکانی سوریا و هەسەدە.

شەشەم، لە ئازاری ٢٠١٥ دا، جۆن کێری وەزیری ئەوکاتی دەرەوەی ئەمریکا، رایگەیاند کە هیچ چارەسەرێکی سەربازی بۆ قەیرانی سوریا کەڵکی نەماوە چارەسەری سیاسی نەبێت. تەئکیدکردنەوەکەی کێری هانی روسیەکانی دا بۆ چڕکردنەوەی پشتیوانییە راستەوخۆ سەربازییەکانیان بۆ رژێمەکەی بەشار ئەسەدی سوریا. ئەو گۆڕانکارییە لە سیاسەتی ئەمریکا هەر شتێک بوبێت عەقڵانیبون نەبوە. ئەمە وای لە روسیا کرد کە بتوانێت لەوکاتەدا بەهانای سەرۆکە گەمارۆدراوەکەی سوریا بگات و پێگەیەکی بەهێزتری بۆ دابینبکات لە هەر گفتوگۆیەک کە لەسەر دواڕۆژی سوریا بکرێت.

تێوەگلان و بەشداریکردنی چڕوپڕی ڕوسیا لە شەڕ لە سوریا بازوی ئێرانی لەو وڵاتە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژترو بەهێزترکرد، لەهەمان کاتدا، بژاردەکانی بەردەستی ئەمریکییەکانی کەمکردەوە. لاربونەوەی تەرازوی هێز لە بەرژەوەندیی ئێران و روسیا و حیزبوڵا، واقیعێکی نوێی لە سوریا ڕاپێشکرد. ئەوەش هێندەی دیکە هانی ئەمریکیەکانی دا کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەسەدە بەهێزتربکەن بۆ کەمکردنەوەی هەژمونی ئێران و روسیا لە سوریا.

حەوتەم، داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا، هەروەها بەهاری عەرەبی، پشێویيو ناسەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئەفریقا بەدوای خۆیدا هێنا. گێڕانەوەی سەقامگیریی بۆ ناوچەکە

ماوەیەکە بوە بە یەکێک لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی داعش. گەڕان بەدوای ئەکتەرگەلێک کە بتوانن ئەو ئامانجە بەدیبهێنن ڕۆژبەڕۆژ لە بازنەکانی بڕیاردان و بڕیاربەدەستان لە ئەمریکا بایەخی پەیدادەکرد. کوردانی سوریا مۆدێلێکی باشیان لە سەقامگیریی هێناوەتە کایە لەناوچەیەکدا کە هەوڵەکانی بنیاتنانی دیموکراسی شکستی یەک لەدوای یەکی بەخۆیەوە بینیوە. سەرکەوتنەکانو دەسکەوتەکانی کوردەکانی سوریا لەو بواردا لەنێو ئەو دنیا ئاڵۆزەو سەرلێشێواوەی سوریا، کە زۆرجار وەک کارگەلێکی دەگمەن ناودەبران، بون بەجێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی ڕۆژئاواییەکانو ئەمریکییەکان.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پشێویی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکۆکیو ململانێ مەزهەبیو نەتەوەییەکانە. مۆدێلی فیدرالیەتی دیموکراتی لە باکوری سوریا نمونەیەکی دەگمەنو تاڕادەیەک سەرکەوتوی خستەڕو لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە پێکهاتە دینییو نەتەوەییە جیاوازەکان. هاوتەریب لەگەڵ زۆرینەی کورد، عەرەب و ئێزیدی و کرستیان و تورکمان لەو ئەزمونەو لە هێزە چەکدارەکانی هەسەدە دا بەشدارن. زیاتر لە نیوەی ٤٥ هەزار شەڕڤانەکانی هەسەدە عەرەبن.

توێژینەوەکان دەریانخستوە کە ناسەقامگیریی و جیاکاریی نەتەوەییو دینیی هۆکاری هەرە سەرەکی پشت سەرهەڵدانو تەشەنەی بیری توندڕەوین. پشتیوانیکردنی هەسەدە لەلایەن ئەمریکییەکانو ڕۆژئاواییەکان لەهەمانکاتدا پشتیوانییە لەو مۆدێلەی کە سەقامگیریی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هێناوەتەکایەوە لەو ناوچانەی کە لەژێر حوکمی هەسەدەن. بەمانایەکی تر، لەڕێی پشتیوانیکردنی هەسەدەوە، ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئامانجیانە سەقامگیریی بهێننەکایەوە بۆ ناوچەکە، لەمیانی ئەویش دژی بیری توندڕەویی بجەنگن.

هەشتەم، لەکاتێکدا کە ئەزمونی فیدرالیەتی دیموکراتی لە باکوری سوریا – کە لەلایەن یەپەگە و هەسەدەوە بنیاتنراوە – بوە بە

مۆدێلێکی نوێ لەناوچەکە کە پەیڕەو لە بنەماکانی سیکۆلاریزم و دیموکرسی جڤاتی و بەهاکانی یەکسانیی دەکات، ئەوە ئەو وڵاتانەی کە ساڵانێکە لە ناوچەکە بونیان هەیە بە پێچەوانەی سیکولاریزم‌و دیموکراسی هەنگاودەنێن. بۆنمونە تورکیا. بنیاتنانی سیکۆلاریزم و ڕێزگرتن لە یەکسانی و بەرەوپێشچون لە دابینکردنی مافەکانی ژنان، فاکتەرگەلی سەرەکین لەپشت هاوکارییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و میدیای ڕۆژئاوا بۆ ئەزمونی کوردەکانی سوریا.

بەکورتی ئـەوەی کە ئەزمونی فیدرالیەتی دیموکراتی لە باکوری سوریا لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان‌و ئەمریکییەکان بەیەکەوە گرێدەدا بەرژەوندی هاوبەش‌و ستراتیجی هاوبەش‌و ئامانجی هاوبەشە. لەنێو ئەو هاوبەشانەشدا ئەوەی بەزەقی دەبینرێت ئەمانەن؟ شەڕ دژی داعش و گروپە توندڕەوەکانی دیکە، کەمکردنەوەی هەژمونی تورکیا و ئێران و ڕوسیا لە سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەدیهێنانی سەقامگیریی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکان لەگەڵ بەرقەرارکردن و پشتیوانیکردن لە سیستەمی سیکۆلاریزم و بەها دیموکراتیەکان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

ســـەرەڕای دەستکەوتە زۆرەکـان کە تائێستا بەدیهاتون لەگەڵ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، ئەو پرسیارەی بەردەوام لەسەر زاری کوردانی سوریایە ئەوەیە داخۆ ئەمریکیەکان دەستبەرداریان دەبن یان نا؟.

**سەرچاوە: زە ناشناڵ ئینترێستلە ئینگلیزییەوە: فەلاح حەسەن**

## ئەمریکا: هەسەدە شەڕکەرێکی بەهێزن

**٢٠١٨/٠٣/٠٩**

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند، هێزەکانی سوریای دیموکرات شەڕکەرێکی بەهێزن و بەبێ ئەوان نەیاندەتوانی سەرکەوتن لە سوریا بەدەست بهێنن.

هێزەر ناورت، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی

هەواڵیدا وتی «هەسەدە هاوپەیمانێکی بەنرخی ئێمەیە و لە ڕەقە ئەمریکا و هاوپەیمانان توانییان سەرکەوتن بەدەستبهێنن».
ڕاشیگەیاند «هەندێک لە هێزەکانی هەسەدە کارەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان دژی داعش بەجێهێشتووە و چوون بۆ عەفرین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوێ. ئەوەش هەموومانی نیگەران کردووە». ئاماژەی بەوەش کرد، دەیانەوێت سەرنجەکە لەسەر شەڕی دژی داعش بێت تاوەکو بەتەواوی تێکبشکێت. ئەوەش لەکاتێکدایە دوو ڕۆژ لەمەوبەر هەسەدە ڕایگەیاند، بەهۆی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین ناچاربوون ١٧٠٠ شەڕڤان لە بەرەی شەڕی داعش بکێشننەوە و بیاننێرنە عەفرین.

## ئەمریکا پێشنیازی گۆڕینی ناوی پەکەکەی کردوە

**٢٠١٧-١١-٠٤**

**لڤین:**

فەرماندەیەکی باڵای ئەمریکا، پارتی کرێکارانی کوردستان بە هاوپەیمانی وڵاتەکەی ناودەبات و ئاماژە بۆئەوەدەکات داوامان کردوە ناوەکەی خۆیان بگۆڕن.
رایمۆند تۆماس، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا لە سوریا، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی «ئەی ئارِ دی« ئەڵمانی رایگەیاندوە، ئەمریکا باش دەزانێت یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی سوریای دیموکرات سەر بە پەکەکەن.
رایمۆند تۆماس ئاشکرایکردوە، لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای پەکەکە کۆبوەتەوەو پێشنیازی ئەوەیانکردوە کە ناوێکی نوێ هەڵبژێرن، دەشڵێت: پەکەکە مارکسی نین و دیموکراتین، لەشەڕی دژی داعشیشدا لە سوریا هاوپەیمانین. وتەی ئەم فەرماندەیە لەکاتێکدایە، لەسەرەتای شەڕی داعشەوە ئەمریکا هاوکاری سەربازی پێشکەش بە هێزەکانی یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکات لە شەڕی دژی داعشدا.

## ئەمریکا ١٢٠ زرێپۆش رادەستی یەپەگە دەکات

**٢٠١٧/١١/٢٢**

**کورد میدیا:**

میدیاکانی تورکیا رایدەگەیەنن کە ئەمریکا ١٢٠ زرێپۆشی پێشکەوتووی رادەستی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کردووە لە باکوری سوریا.

لەوبارەیەوە ئاژانسی هەواڵی تورکیا «تەرەتە» بڵاویکردەوە، کە واشنتۆن ١٢٠ زرێپۆشی رادەستی شەڕڤانانی یەپەگە کردووە لە سوریا. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ئاژانسەکەی راگەیاندووە، سوپای ئەمریکا ئەو زرێپۆشانەی لە رێی دەروازەی «پیشخاپور»ی سنوری نێوان عێراق و سوریاوە رادەستی شەڕڤانانی یەپەگە کردووە، و بە نیازن ئەو زرێپۆشانە بۆ کانتۆنی «عەفرین» بگوێزنەوە.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا لە وتارێکیدا لە پەرلەمانی وڵاتەکەی رەخنەی ئاڕاستەی ئەمریکا کردبوو سەبارەت بە بەردەوامی هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ کوردانی سوریا و نیگەرانی خۆشی لەوبارەیەوە دەربڕی، وتیشی لە ئێستادا تیرۆریستانی داعش کۆتاییان هاتووە، بەڵام هۆکاری بەردەوامی هاوکارییەکانی ئەمریکا و گەیاندنی بۆ سوریا تا ئێستا نازانین.

نورەدین جانکیلی، وەزیری بەرگری تورکیاش رایگەیاندووە، هە شوێنێک شەڕڤانانی یەپەگە و پەیەدەی لێبێت بە ئامانجی تورکیا دادەنرێت.

## پنتاگۆن بودجەی پێویست بۆ پڕچەککردنی هەسەدە زیاد دەکات

پنتاگۆن لەبودجەی ساڵی ٢٠١٩، ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ مەشقو پڕچەککردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات -هەسەدە-و ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری بۆ هێزی ئاسایشی سەر سنور کە لەشەرڤانانی هەمان هێز پێکدێن، تەرخان دەکات.

بەپێی هەواڵی ئاژانسە تورکییەکان، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا

-پنتاگۆن- پرۆژە یاسای بودجەی بەرگریی وڵاتەكەی بۆ ساڵی ٢٠١٩ پەسەندكرد.
ئەمریكا لەساڵی ٢٠١٨دا كۆی گشتی ١،٨ ملیار دۆلاری بۆ پرۆگرامی مەشقو پڕچەككردن لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەكانی دژی داعش لەعێراقو سوریا تەرخانكردبو، هاوكات بۆ ساڵی ٢٠١٩ داوای دابینكردنی ١،٤ ملیار دۆلار بۆ هەمان پرۆگرام دەكات.
پنتاگۆن لەبودجەی ساڵی ٢٠١٨، نزیكەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ هاوپەیمانانی خۆی لەسوریا تەرخانكردبو كە هێزەكانی سوریای دیموكراتیشی تێدابو، ئەم رێژەیە بۆ ساڵی ٢٠١٩ بەرزكرایەوە بۆ ٥٥٠ ملیۆن دۆلار. لەپاڵ ئەمەش بەمەبەستی هاوكاریكردنو راهێنانی سوپای عێراقو پێشمەرگە ٨٥٠ ملیۆن دۆلاری تەرخانكردووە. لەلایەكی دیكەوە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی داعش بەسەركردایەتی ئەمریكا، لەوەو پێش رایگەیاندبو كە هێزی ئاسایشی سنور كە لە ٣٠ هەزار كەس پێكدێت، دادەمەزرێنن، بەڵام دواتر ناوەكەی گۆڕرا بۆ "هێزی سەقامگیرو ئاسایشی ناوخۆ" كە ئەمانەش بەشێكی زۆری لەهێزەكانی سوریای دیموكرات پێكدێن.
هەر لەبەڵگەنامەكەدا ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ سوریاو ٢٥٠ ملیۆن دۆلاریش بۆ خەرجییەكانی ئاسایشی سنور لەئەركی روبەروبەنەوەی داعش دابینكراوە.
ئەمریكا لەبودجەی ساڵی ٢٠١٨ نزیكەی ٦٥،٨ ملیار دۆلاری بۆ بودجەی وەزارەتی بەرگریی دابینكردبو، بەڵام لەساڵی ٢٠١٩ ئەم رێژەیە بەرزكرایەوە بۆ ٨٩ ملیار دۆلار.
پنتاگۆن كاروانێكی تری هاوكاری سەربازیی رادەستی شەڕڤانان كرد وەزارەتی بەرگریی ئەمریكا كاروانێكی تری هاوكاری سەربازیی رادەستی شەڕڤانانی یەپەگە لەخۆرئاوای كوردستان دەكات. سەرەرای نیگەرانییەكانی توركیا، ئەمریكا بەردەوامە لە هاوكاریكردنی شەڕڤانانی خۆرئاوای كوردستان و بە گوێرەی ئاژانسەكانی هەواڵ، وەزارەتی بەرگریی ئەمریكا، لەڕێگەی ١٠٠ ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرەوە

چەک و کەلوپەلی سەربازیی ڕادەستی شەڕڤانان کردووە، لەناو هاوکارییەکانیشدا ژمارەیەک ئۆتۆمبیلی سەربازی جۆری هەمەرو سڵنگ هەبووە.
بەپێی ئامارەکانیش تا ئێستا، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا زیاتر لە ٨٠٠ بارهەڵگر هاوکاری سەربازیی ڕادەستی یەکینەکانی پاراستنی گەل کردووە.

**پیتەر کووک: سەرکردە باڵاکانی یەپەگە، منبج-یان چۆڵکردووە**
**٢٠١٦-١١-٢٣**

پیتەر کووک وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، ئاماژەی بەوە کرد کە سەرکردە باڵاکانی یەپەگە شارۆچکەی منبج-یان چۆڵکردووە و گوتی: «بەدڵنیاییەوە لە سەدا سەد ناتوانم بڵێم کە یەک بە یەکی کەسەکانی منبج بارودۆخیان چییە و لە کوێوە هاتوون». لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەیدا لە پنتاگۆن، کووک باسی لە دووایین دۆخی منبج و هەنگاوەکانی تورکیا کرد لە ناوچەکەدا. کووک باسی لەوە کرد کە لە نیگەرانییەکانی تورکیا تێدەگەن سەبارەت بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و، بە بەردەوامیش لەگەڵ ئەنقەرەدا لە پەیوەندیدان سەبارەت بە یەپەگە، هاوکات بە ئاماژە کردن بە باکووری سووریا گوتی: «لە ناوچەکەدا هەندێک بارگرژی هەیە و لەوانە تێدەگەین، لەو نیگەرانیانەش تێدەگەین کە تورکیا باسیان دەکات».
لە وەڵامی پرسیارێکی ئاژانسی ئانادۆڵودا کە ئایا لە ئێستادا لە منبج چەکداری یەپەگەی لێیە؟ کووک گوتی: «سەرکردەی یەپەگە پێشتر چووەتە خۆرهەڵاتی فورات. لە ئێستادا لە منبج هێزە ناوخۆییەکان هەن کە ناوچەکە لە مەترسی داعش دەپارێزن». هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بەوەی کە ئایا لەناو هێزە ناوخۆییەکاندا چەکدارانی یەپەگە هەن یان نا، کووک گوتی: «بەدڵنیاییەوە لە سەدا سەد ناتوانم بڵێم کە یەک بە یەکی کەسەکانی منبج بارودۆخیان چییە و لە کوێوە هاتوون».

هاوکات کووک باسی لەو هەنگاوانە کرد کە تورکیا بەرامبەر مەترسی داعش گرتوویەتەبەر و گوتی: «نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا بەهۆی مەترسی داعش شەرعییە و، ئێمەش لەگەڵ تورکیادا لە نزیکەوە بەردەوامین لەکارکردن».
یەپەگە، بەشێکی زۆری هێزەکانی سووریای دیموکرات پێکدەهێنێت کە ئەمریکا پشتیوانیان دەکات.

**مەکگۆرک: بارودۆخی باکووری خۆرئاوای سوریا زۆر ئاڵۆزە**

برێت مەککگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژ بە داعش ڕایگەیاند، شەڕی دژ بە داعش هێشتا تەواو نەبووە. ڕاشیگەیاند، بارودۆخی عەفرین و باکووری خۆرئاوای سوریا زۆر ئاڵۆزە. ئەوەش بە خراپترین بابەت دەزانن، کە هەوڵبدرێت شەڕی دژ بە داعش بچوک بکرێتەوە.
برێت مەککگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژ بە داعش لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ سکای نیوز ڕایگەیاند، بارودۆخی ئێستای عەفرین چەندین قەیرانی دروستکردووە و یەکێک لەو قەیرانانە ئەوەیە، کە شەڕی دژ بە داعش لە سوریا لە چڕبوونەوە و بەرەو پرژوبڵاوی دەبات، چونکە هێشتا شەڕی دژ بە داعش کۆتایی پێنەهاتووە و ئەو شەڕەش بژاردەی یەکەمی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە بۆ دۆخی ئێستا.
ڕاشیگەیاند «ئەوەی لە عەفرین و دەرووبەری ڕوویداوە کێشە و نارەحەتیی نوێی دەرخستووە. هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی چەندینجار ڕایگەیاندووە، شەڕی دژ بە داعش تەواو نەبووە». ئەوەشی وت «بارودۆخی باکووری ڕۆژئاوای سوریا زۆر ئاڵۆزە، چونکە ئێمە وەک هاوپەیمانیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەوێ نین. ئەو باردۆخە سەربازییە نوێیەی لە عەفرین و دەرووبەری ڕوویداوە چەند کێشەیەک دەخوڵقێنێت. ئێمە چەندینجار وتومانە، شەڕی دژ بە داعش تەواو نەبووە و خراپترین کار کە مرۆڤ بیکات ئەوەیە، کە شەڕی دژ

بە داعش پەرت و پارچە بکات». باسی ئەوەشی کرد «لە پەیوەندیدان لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بۆئەوەی قەیرانەکە گەورەتر نەبێت، چونکە ئاسایشی هاوپەیمانەکانمان بە تورکیاشەوە گرنگە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە شەڕی دژ بە داعش پلانی سەرەکی و قورسترین کاری ئێمەیە».

بەرپرسانی یەپەگە ڕایانگەیاندبوو، بەشێک لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین شوێنی مەدەنی و ماڵی هاووڵاتیانی کردووەتە ئامانج، کە تەنها لە گوندی جلبەری شێراوای عەفرین ٧ ئەندامی یەک خێزان شەهیدبوون.

هەروەها فەرماندەیی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (هەسەدە) لە هەرێمی عەفرین، ئەو هەواڵەی میدیاکانی تورکیای ڕەتکردەوە، کە سوپای تورکیا گوندەکانی ئەدامە و شەنگالی لە ناوچەی بلبلێ داگیرکردبێت. هەسەدە، ڕاشیگەیاندووە، ئەو گوندانە لەلایەن هێزەکانیان پارێزگارییان لێدەکرێت و لە کۆنتڕۆڵی شەڕڤانەکانیاندایە.

کوردانی ئەمریکا و ئەوروپا لە کاردانەوەیاندا بەرامبەر بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە ١٢ وڵات و زیاتر لە ٣٠ شاردا خۆپیشاندانیان بۆ پشتیوانیکردن لە عەفرین بەڕێوەبرد و هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر عەفرین ئیدانەکرد.

### هەسەدە داوای لە ئەمریکا کرد بەرپرسیارێتی خۆی لەئەستۆ بگرێت سەبارەت بە هێرشەکانی تورکیا

هێزەکانی سوریای دیموکرات داوای لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کرد، بەرپرسیارێتی خۆی لەئەستۆ بگرێت، سەبارەت بە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان.

کینۆ گابرییل وتەبێژی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری عەین عیسا ڕایگەیاند، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاوبەشن لە شەڕی دژی تیرۆر، کە پێکەوە شەڕی هاوبەشمان

کردووە بۆ تێکشکاندنی تیرۆر و سەرپەرشتی ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەو شەڕەشی کردووە، دەشزانێت کە دەستوەردانی تورکیا بۆ خاڵیکردنەوەی ناوەرۆکی ئەو سەرکەوتنەیە. جەختیشی کردەوە هاوپەیمانان لەبەردەم بەرپرسیاریتییەکدان لە بەرامبە هێزەکانیان و هاوولاتیان لە عەفرین.

ئەوە لە کاتێکدایە هێزەکانی سوریای دیموکرات هێرشەکەی تورکیای بۆسەر کانتۆنی عەفرین بە دڕندانە ناوبرد و ئاماژەی بەوە کرد، هێرشەکە پشتیوانی ئاشکرای ڕێکخراوی داعشە و هەلێکە بۆئەوەی داعش زیندووبکاتەوە و هێزەکانیان بە شەڕی عەفرینەوە سەرقاڵ بکات.

سوپای تورکیا لە دوای ٩ ڕۆژ لە تۆپبارانکردنی سنوورەکانی شەهبا و عەفرین لە هەرێمی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژی ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ هێرشی ئاسمانییان بە ٧٢ فڕۆکە بۆ سەر ١٠٨ شوێن لەو هەرێمەدا دەستپێکرد.

هێرشەکانی تورکیا لە عەفرین شەهیدبوونی ١١ هاوولاتی و بریندار بوونی ٢٦ هاوولاتیی تری لێکەوتوەتەوە. هەروەها ٣ شەڕڤان شەهیدبوون. لە بەرامبەریشدا ١٣ سەربازی تورکیا و ١٠ چەکداری سەربە تورکیا کوژراون و ٢٠ چەکداری تریش برینداربوون و ٧ تانکی تورکیاش تەقێنراونەتەوە.

**ڕوسیا تودەی: ئەمریکا هاوکاری سەربازی دەگەیەنێتە شەرڤانانی عەفرین**

کەناڵی "روسیا تودەی" رایدەگەیەنێت ئەمریکا هاوکاری سەربازی دەگەیەنێتە شەرڤانانی عەفرین، لەلایەکی دیکەوە وتەبێژی وەزراەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانە لە کشانەوەی بەشێکی هێزەکانی سوریای دیموکرات لەهاوپەیمانی دژی داعش.

کەناڵی "روسیا تودەی" ئاشکرایدەکات ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە دو ئۆتومبێلی سەربازی چەندین پارچە چەکو تەقەمەنی گەیاندوەتە شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە"و یەکینەکانی

پاراستنی ژنان ”یەپەژە“، لەلایەکی دیکەوە لەمیانی کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هێزەر ناورت رایگەیاند وڵاتەکەی نیگەرانە لەکشانەوەی بەشێکی هێزەکانی سوریای دیموکرات.

بەمەبەستی پاراستنی عەفرینو روبەروبونەوەی هێرشەکانی سوپای تورکیاو گروپو تاقمە توندرەوەکانی نزیک لەو وڵاتە ١٧٠٠ شەرڤانی نێو هێزەکانی سوریای دیموکرات ”هەسەدە“ کشانەوەی خۆیان لە هاوپەیمانی شەری دژی داعش راگەیاندو چونەتە عەفرین. هەروەها بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی یەکێتی دیموکرات ”پەیەدە“ لە هەرێمی کوردستان بە ئاوێنەی راگەیاندوە بۆ بەرگریکردن لەکانتۆنی عەفرین پۆل پۆل خۆبەخشانی ناوچەکانی تری خۆرئاوای کوردستانو باشوری کوردستان دەچنە عەفرین، پێشی وایە عەفرین بەسەر داگیرکەراندا سەر دەکەوێت.

**سەرەڕای بەردەوامی هەڕەشەکانی تورکیا**
**ئەمریکا سیستەمی موشەکی «هیمارس» رادەستی یەپەگە دەکات**

**شارپرێس:**

سەرەڕای بەردەوامی هەڕەشەکانی تورکیا، ئەمریکا سیستەمی موشەکی «هیمارس» رادەستی یەکینەکانی پاراستنی گەلە یەپەگە دەکات. پێگەی xeber٢٤ بڵاویکردەوە، کە سەرەڕای هەڕەشەکانی تورکیاو کۆکردنەوەی هێز بۆ هێرشکردنە سەر کانتۆنی عفرین لەرۆژئاوای کوردستان، ئەمریکا جۆرێکی تری چەکی رەوانەی ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان کردووە. پێگەکە بڵاویشیکردەوە، کە ئەو جۆرە چەکە رەوانەی سنوورەکانی رۆژئاوای کوردستان کردووەو بڕیارە رادەستی شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەی بکات، ئەوەش بۆ شەڕی داعش.

ئەو پێگەیە، کە نزیکە لەدەسەڵاتی یەپەگەو چەند وێنەیەکیشی لەو بارەوە بڵاوکردووەتەوە، چەکە نوێیەکە سیستەمی موشەکی جۆری

هیمارس " HIMARS، کە سیستەمێکی موشەکی تۆپهاویشی بەهێزی ئەمریکییەو توانایەکی بەهێزی هەیە.
ئەم هەنگاوەی ئەمریکا لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتو بڕیارەدایە، کە ئەمریکا چەند مانگێکە دەستیپێکردووە بۆ پڕچەکردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل، کە ئەمە نیگەرانی تورکیای لێکەوتووەتەوە.
سیستەمی موشەکی هیمارس لەرێگەی ئۆتۆمبیلی تایبەتەوە ئاراستە دەکرێت، کە ئەمریکا ئۆتۆمبیلو سەربازی تایبەتی شارەزای ئەمریکیشی لەگەڵ رەوانە کردووەو لەماوەی ١٦ چرکەدا موشەکێکی جۆری راجیمە ئاراستەی ئامانجەکەی دەکات.

## شاندێکی باڵای ئەمەریکا گەیشتە رۆژئاوای کوردستان

١٧/٠٨/٢٠١٧

لەسەر داوای ئەنجوومەنی مەددەنی ڕەقە برێت مەکورگ نێردەی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ شەڕی داعش بە هاوڕێیەتی ڕۆبێرت جۆنز، جێگری فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانانی دژبە داعش، گەیشتنە رۆژئاوایی کوردستان و پاشان سەردانی ئەنجومەنی مەدەنی ڕەقەیان کرد. شاندی باڵای ئەمەریکا لە شاری رەقە لەگەڵ لەیلا مستەفا و عومەر ئەلوش، هاوسەرۆکانی ئەنجومەنی مەدەنی کۆبوونەوە لە کۆبوونەوەکەدا دووایین دۆخ و پێشکەوتنەکانی ئەنجومەنی مەدەنی ڕەقە و ئامادەیی ئەو ئەنجومەنە بۆ بەڕێوەبردنی ڕەقە پاش ڕزگارکردنی قسەوباسیان لەبارەیەوە کرا.

## شاندێکی ئەمریکا سەردانی شەڕڤانانی شەنگالیان کرد

١٥-١٢-٢٠١٦

**ڕۆژنیوز**

فەرماندارییی گشتی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (یەبەشە) و یەکینەکانی ژنانی شەنگال (یەژەشە) ڕایگەیاند، کە شاندێکی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر، سەردانی شەڕڤانانیان کردوە لە

چیای شەنگال.
لە ڕاگەیەنراوێکدا فەرمانداریی گشتی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال و یەکینەکانی ژنانی شەنگال ڕایگەیاند، کە ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە شاندێکی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی شەڕڤانانیان کردوە لە چیای شەنگال و کۆبوونەوەیەکی دوو کاتژمێریان ئەنجامداوە.
لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەماژە بۆ ئەوە کراوە، کە شاندەکەی کونسوڵخانەی ئەمریکا بە سەرپەرشتی کین گرۆس، کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر بووە و شاندی شانگالیش بە سەرپەرشتی فەرماندەکانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال و یەکینەکانی ژنانی شەنگال و هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی شەنگال بووە و کۆبوونەوەکە دوو کاتژمێری خایاندووە.
بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، لە کۆبوونەوەکەدا باسی کێشەکانی شەنگال و بابەتی پاراستنی شەنگال و چۆنێتی ئاوەدانکردنەوەی کراوە. باس لەوەش کراوە، لە کۆبوونەوەکەدا ئەوەیە خرایەڕوو، کە شەڕڤانانی شەنگال هێزێکی سەربەخۆن و ئامانجیان پاراستنی ئێزدییەکانە و گرێدراوی پەکەکە نین و ئەو پڕوپاگەندانە ڕەتکرانەوە، کە بە ئامانجی ڕێگرتن لە پێشکەوتنی شەڕڤانان بڵاودەکرێنەوە.
هەر بەپێی ڕاگەیەنراوەکە شاندەکەی ئەمریکا خۆشحاڵی خۆیان نیشانداوە و باسیان لەوە کردوە، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بەردەوام بن.
یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (یەبەشە) و یەکینەکانی ژنانی شەنگال (یەژەشە) لەو کچ و کوڕە شەڕڤانە ئێزدیانە پێکهاتوون، کە دوای ئەوەی ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر ناوچەکەیان، سەدان هاوڵاتی ئێزدی کۆمەڵکوژ کرد و سەدان ژن و کچی ئێزدی بە دیل گیران لەلایەن داعشەوە و تا ئێستاش بەشێکی زۆریان لە دەستی داعشدان، شەڕڤانانی یەبەشە و یەژەشە دەڵێن ڕێگە نادەین جارێکی تر گەلی ئێزدی کۆمەڵکوژ بکرێنەوە.

## ئەمریکا لە هەولێرەوە کاروانێکی هاوکاری سەربازی گەیاندۆتە ڕۆژئاوای کوردستان

ئەمریکا لە هەولێرەوە کاروانێکی هاوکاری سەربازی چەک و تەقەمەنی گەیاندۆتە هێزەکانی سوریای دیموکرات، لە شاری حەسەکە-ی رۆژئاوای کوردستان، ئەوەش بەپێی ئاژانسی ئانادۆڵی تورکی. بەپێی ئەنادۆڵ، کە ئاژانسێکی هەواڵی سەربە حکومەتی تورکیایە، ئەمریکا لە ڕێگای زەمینی و ئاسمانیەوە چەکی ناردوە بۆ شاری حەسەکە، لە رۆژئاوای کوردستان کە لە ژێر کۆنترۆڵی شەرڤانانی هێزەکانی سوریایی دیموکرات(هەسەدە)دایە.

ئەمریکا هاوکاری سەربازی گەیاندوەتە پەیەدە، لە رۆژئاوای کوردستان و گەورەترین بڕی هاوکاریش لەچەک و تەقەمەنی گەیەندراوەتە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەیەدە.

هاوکاریە سەربازیەکانی ئەمریکا، بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە، بەشێکی لە ڕێگای فڕۆکە بارهەڵگرەکانی ئەو وڵاتەوە لە فرۆکەخانەی ڕمێلان-ە وەدەگاتە رۆژئاوای کوردستان و لە لایەکی ترەوە لە ریگای زەمینی لە هەولێرەوە «بە دەیان» بارهەڵگری چەک و تەقەمەنی و لە سنوری هەرێمی کوردستانەوە گەیشتونەتە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەیەدە.

بەپێی سەرچاوەیەکی تر کە قسەی بۆ ئەنادۆڵ کردووە، بەشێک لە بارهەڵگرەکان کە چەکی ئەمریکیان بارکردوە لە شاری قامیشلۆوە دەربازبوون بو حەسەکە.

http://www.xendan.org

## تورکیا نیگەرانە لە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ یەپەگە

sharpress.net

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ یەپەگەو سوپای سوریای دیموکراتیک لە رۆژئاوای کوردستان چڕ دەکاتەوە، ئەوەش تورکیای نیگەران کردوە.

ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی لە راپۆرتێکدا باسی لە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ یەپەگە لە رۆژئاوای کوردستان کردوەو رایگەیاندوە، ئەمریکا هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل « یەپەگە» ی سەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردی سوریا « پەیەدە»چڕکردۆتەوە. هەرچەندە «جۆن باس» بالیۆزی ئەمریکا لە ئەنکەرە، رەوانەکردنی راستەوخۆی هەر جۆرە هاوکارییەکی سەربازی بۆ یەپەگە رەتکردۆتەوە، بەڵام بە پێی زانیارییەکانی ئەنادۆل، ٣ کاروانی چەک و کەلوپەلی سەربازی لەرێی ئاسمان و زەمینەوە رەوانەی ریفی حەسەکە کردوە.

ئاژانسەکە ئاماژەی بەوەشکردوە، لە هەمان ئەو رۆژەی بالیۆزی ئەمریکا لێدوانەکەی داوە، فرۆکەیەکی ئەمریکا کە چەک و تەقەمەنی پێبوە لە فرۆکەخانەی رمێلان نیشتۆتەوەو دواتر لە رێگەی هەلیکۆپتەری هێزەکانی ئەمریکاوە بەسەر هێزە کوردییەکاندا دابەشکراوە.

ئەنادۆڵ باسی لەوەشکردوە، کاروانێکی گەورەی چەک و تەقەمەنی کە لە ١٠ بارهەڵگر پێکهاتوە لە هەولێرەوە گەیشتۆتە ناوچەکانی ژێر دەستی یەپەگەو بەشێک لە بارهەگرەکانیش بە ریفی قامیشلۆدا تێپەڕبوون. ئەوەش لەکاتێکدایە ٢٠١٦/١٢/٢٧ رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تۆمەتبار کرد هاوکاریکردنی داعش و یەپەگە، بەڵام کۆشکی سپی تۆمەتەکانی ئەردۆغانی رەتکردەوەو بەبێ بنەما ناوی بردن.

**شەڕڤانێکی ئەمریکی: شۆڕشی ڕۆژئاوا بۆ هەموو گەلانی جیهانە نەک تەنها بۆ گەلی کورد و سوریا**

لوکس چاپمەن شەڕڤانێکی ئەمریکی ڕایگەیاند، ماوەی شەش مانگ لەناو یەپەگەدا بووە لە ڕۆژئاوای کوردستان و شەڕی لە دژی داعش کردووە و بە باشی فێری زمانی کوردی بووە. ئەو شەڕڤانە ئەمریکییە ڕاشیگەیاند، شۆڕشی ڕۆژئاوا بۆ هەموو گەلانی جیهانە نەک تەنها بۆ گەلی سوریا.

لوکس چاپمەن کە لەناو شەڕڤانانی یەپەگەدا ناوی (ئارمانج باوەڕ) بووە، لەدوای گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا دەستیکردووە بە چالاکیی مەدەنی بۆ پشتیوانیکردن لە کورد و لە چاوپێکەوتنێکیدا لە بەرنامەی (KURDVIZYON)ی دەنگی ئەمریکادا لەبارەی هۆکاری چوونە ناو یەپەگە ڕایگەیاندووە «من بۆ ئەوە بەشداریی ڕیزەکانی یەپەگە بووم، چونکە لەو بڕوایەدام هەموو کەس پرسیاری لەسەر ئەو کۆمەڵکوژییانە (کۆمەڵکوژییەکانی داعش و گروپە چەکدارەکان) بۆ دروستبووە، کە لەوێ ڕوودەدەن. هەروەها لەو بڕوایەشدام کە شۆڕشی ڕۆژئاوا تەنها بۆ گەلی کورد، یان بۆ گەلی ڕۆژئاوا و سوریا نییە، بەڵکو شۆڕشێکە بۆ هەموو گەلانی جیهان».

لوکس چاپمەن (ئارمانج باوەڕ) لەبارەی ئەوەی، کە دوای بەشداربوونی بۆ ناو ڕیزەکانی یەپەگە، گەلی کوردی بەلاوە چۆنە؟ وتی «کورد میللەتێکی زۆر باشن».

هەروەها ئەو هاووڵاتییە ئەمریکییە و شەڕڤانی پێشووی یەپەگە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دوو شەڕڤانی ئەمریکی و شەڕڤانێکی بەریتانی ژیانیان لەدەستداوە، ئایا ئەو شەڕڤانانە دەناسێت؟ وتی «من ئەو سێ شەڕڤانەم دەناسی و زۆر خەمبارم بۆ گیان لەدەستدانیان و هەرگیز ئەوان لەبیر ناکەم».

ئارمانج باوەڕ لەدوای ئەوەی لە ڕۆژئاوا گەڕاوەتەوە بۆ ئەمریکا، دەستیکردووە بە چالاکیی مەدەنی بۆ پشتیوانیکردن لە کوردان و لەو بارەیەوە وتوویەتی «ئەو چالاکیانەی کە ئێمە لە بەردەم کۆشکی سپی ئەنجامانداون، بۆ ئەو ئامانجە بووە کە تورکیا لە عەفرین بکشێتەوە. چالاکییەکانیشمان بەردەوام دەبن تاوەکو ئەوکاتەی تورکیا لە عەفرین دەکشێتەوە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە لە ئەمریکا چ چالاکییەک بۆ کورد و یەپەگە ئەنجام دەدەن، ئەوەی خستەڕوو «ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر کار و چالاکیی خۆمان، تاوەکو ئەمریکا ئەو شۆڕشە قبوڵ بکات، کە کورد بەڕێوەی دەبات».

لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی دژ بە داعش، چەندین کەسی بیانی چوونەتە ڕیزەکانی یەپەگە و یەپەژەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، تا ئێستاش چەند کەسێکیان شەهیدبوون، کە هاووڵاتیانی ئەمریکی، بەریتانی، ئەڵمانی، ئوستورالی، کەنەدی، تورک و فارس-یان لەناودا بووە.
یەپەگە بۆ شەڕڤانە بیانییەکان یەکەیەکی تایبەتی بە ناوی بەتالیۆنی شەڕڤانانی ئینتەرناسیۆنالیست دروستکردووە و ئەو شەڕڤانە بیانیانەی کە دەڕۆنە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ شەڕ لە دژی داعش لەدوای پەروەردەکردنیان بۆ ناسینی مێژوو و زمانی کورد و ئامانجی شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕاهێنانی سەربازییان پێدەکرێت و دواتر لەگەڵ شەڕڤاناندا بەشداریی بەرەکانی شەڕ دەکەن.
تا ئێستا شەڕڤانە بیانییەکانی ناو یەپەگە لە شەڕەکانی کۆبانێ، حەسەکە، گرێ سپی (تەل ئەبیەز)، هول، شەدادی، سڕین، منبج و ڕەقەدا بەشدارییان کردووە.

**گوێ بەنیگەرانییەکانی تورکیا نادات**
**ئەمریکا ڕێگری لەبەشداری پەکەکە لەشەڕی موسڵ ناکات**

**شارپرێس:**
ئەمریکا ڕێگری لەبەشداری گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لەشەڕی موسڵ ناکاتو گوێش بەنیگەرانییەکانی تورکیا لەو بارەوە نادات. ڕۆژنامەی یەنی شەفەقی تورکی لەراپۆرتێکدا ئاشکرایکردووە، حکومەتی ئەمریکا ئاگاداری جوموجوڵەکانی گەریلاکانی پەکەکە لەناو خاکی عێراقو هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەو جموجوڵانەی دژی چەکدارانی داعش لەنزیک موسڵ ئەنجامی دەدەن.
ڕۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکرایکردووە، هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان پەکەکەو ئەمریکا نییە بۆ شەڕی داعش لەعێراق، بەڵام ئەو وڵاتە ڕێگریش لەبەشداری گەریلاکانی پەکەکە لەشەڕی موسڵ ناکات،

بەتایبەتی ئەو گەریلایانەی لەنزیک شنگال شەڕی چەکدارانی داعش دەکەن.
لەراپۆرتەکەدا ئەوەش باسکراوە، کە تورکیا لەو هەوڵێستەی ئەمریکا زۆر نیگەرانە، بەڵام ئەمریکا گوێ بەنیگەرانییەکان نادات و ئەگەریش هەیە، هاوکاری سەربازی پەکەکە بکات و بۆ شەڕی موسڵ.
هەموو ئامادەکارییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شەڕی موسڵ تەواو بووەو ئاماژەکانیش بۆ ئەوەن، لەم مانگەدا شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکە دەستپێبکرێت، کە ماوەی دوو ساڵە لەدەست چەکدارانی داعشە.
ئێستا پرسی بەشداری هێزەکان لەشەڕی موسڵ پرسێکی گەرمی نێودەوڵەتییەو تورکیا دەیەوێت بەشداری ئەو شەڕە بکات و رێگریش لەبەشداری پەکەکە لەشەڕی موسڵ بکات، بەڵام حکومەتی عێراق لەو هەڵوێستەی تورکیا نیگەرانەو بەشدارییان رەتدەکاتەوە.

## کۆشکی سپی پرسی پڕچەککردنی یەپەگە تاوتوێ دەکات

**رووداو - واشنتن**

کۆشکی سپی تاوتوێی ئەوە دەکات گۆڕانکارییەکی گەورە لە ستراتیژیەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد بکات و، کورد لە رۆژئاوای کوردستان پڕچەک بکات. ئەم گۆڕانکارییە نوێیە لە میدیاکانی ئەمریکا بڵاوبووەتەوە و باس لەوە دەکات واشنتن بەمنزیکانە راستەوخۆ چەک بۆ شەڕڤانانی یەپەگە لە رۆژئاوای کوردستان دابین دەکات، ئامانج لەمکارەش «گرتنەوەی رەققەی پایتەختی داعشە لە سووریا پێش ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتی ئۆباما کۆتایی پێبێت».
رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، بەناوبانگترین رۆژنامەی ئەمریکی بابەتەکەی بڵاوکردووەتەوە و دەڵێ «چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەنگاوە گرژی زیاتر بخاتە نێوان ئەمریکا و تورکیا، چونکە تورکیا دەڵێ: یەپەگە و پەکەکە یەکسانن و هەموویان تیرۆرستن «.

## گوێ بەنیگەرانیو هەڕەشەکانی تورکیا نادات
## ئەمریکا یەپەگەو شەرڤانانی سوپای سوریا پڕچەک دەکات

**شارپرێس:**

ئەمریکا بڕیاریداوە یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەو شەڕڤانانی سوپای سوریای دیموکرات پڕچەک بکاتو لەو بارەشەوە گوێ بەنیگەرانیو هەڕەشەکانی تورکیا نادات.

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی لەراپۆرتێکدا ئاشکرایکردووە، کە ئەمریکا بەپێی ستراتیژە نوێیەکەی بۆ شەڕی دژی داعش بڕیاریداوە یەکینەکانی یەپەگەو شەرڤانانی سوپای سوریای دیموکرات پڕچەک بکات، ئەوەش بۆ ئامادەکردنیان بۆ شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە. رۆژنامەکە ئاشکراشیکردووە، ئەمریکا گوێ بەو نیگەرانیو هەڕەشانەی تورکیا نادات، کە لەماوەی رابردوو کردوویەتی بۆ هەوڵەکانی واشنتۆن بۆ پڕچەکردنی شەرڤانانی یەپەگەو سوپای سوریای دیموکرات.

لەماوەی رابردوو بە بەردەوامی تورکیا نیگەرانی لەبەرانبەر ئەمریکا دەربڕیوە بەوەی نابێت یەپەگە پڕچەک بکات، ئەوەش بەبیانووی ئەوەی ئەو هێزە سەر بەگەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەن.

لەدوا لێدوانیش مارک تۆنەر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، ئێمە لەو بارەوە لەنیگەرانییەکانی تورکیا تێدەگەین، بەڵام لەوە دڵنیاین، یەپەگە پەیوەندی بەپەکەکەوە نییە، بۆیە لەپڕچەکردنی ئەو هێزە بەردەوامدەبین، بۆ شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە.

یەپەگەو شەرڤانانی سوپای سوریای دیموکرات دەستیان بەئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە کردووەو ئۆپەراسیۆنەکەش بەردەوامی هەیە، کە ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش هاوکاری ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن.

رۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئەوەشی ئاشکراکردووە، کە ئەمریکا تائێستا چەند کاروانێک چەکو تەقەمەنیو هاوکاری سەربازی

داوەتە یەپەگەو شەرڤانان بڕیارە لەماوەی داهاتووش هاوکارییەکان بەردەوامی هەبێتو زیاتریشیان بکات.

## لێکۆڵەرێکی ئەمریکی داوای دەرکردنی تورکیا لە ناتۆ دەکات
## ٢٠١٨/٠٢/٠٣

**ژیان:**

لێکۆڵەرێکی ئەمریکی داوای دەرکردنی تورکیا دەکات لە ناتۆ و رایدەگەیەنێت تورکیا هاوکاری ئێرانی کردووە لە گواستنەوەی چەک بۆ حزبوڵا لە سوریا.

لێکۆڵەرێکی ئەمریکی لە وتارێکیدا بۆ رۆژنامەی (وۆلرد ئافڤارس ژۆرناڵ) بەناوی مایکڵ گ. تۆتۆن لە وتارێکیدا لەژێر ناونیشانی ئیتر کاتی دەرکردنی تورکیا لە ناتۆ هاتووە باس لە هاوکاریەکانی تورکیا دەکات بۆ داعش و ئێران و هێرشەکانی بۆ سەر شاری عەفرین.

لەو وتارەکەیدا ئەو لێکۆڵەرەوە باسی لەوە کردووە کە ئەوکاتەی تورکیا بەشداری ناتۆ بوو بویە هێزێکی سەرەکی بەڵام ئێستا سیاسەتی گۆڕاوە و پێچوانەی پرەنسیپەکانی ناتۆ کار دەکات و بەندەکانی بوون بەئەندامبونی ناتۆ یپێشێل کردووە. ئەو پشتیوانی قسەکانی خۆی بەوە دەکات کە تورکیا هاوکاری رێکخراوە تیرۆریستیەکان دەکات و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێی دەکات و دەستریژی ئەم دواییەی ئەو وڵاتەشی بۆسەر عەفرین وەک بەڵگەیەکی بەهێز بۆ قسەکانی هیناوەتەوە لەو وتارەکەدا باس لە رۆڵی هێزەکانی سوریای دیموکراتی و یەکینەکانی پاراستنی رۆژئاوای کوردستان دەکات کە چۆن رووبەروی گروپە تیرۆریستیەکان بوونەتەوە.

ئەو نوسەرە ئەمریکیە باسی لەوەش کردووە کە ئەو داواکاریانەی ئەردۆغان لە ئەمریکای دەکات داخوازیەک نیە کە ئەندامێکی ناتۆ بیکات باسی ئەوەشی کردووە کە تورکیا هاوکاری ئێرانی کردووە لە گواستنەوەی چەک بۆ حزبوڵا و پشتیوانی داعشیشی کردووە و ئێتاش بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێزەکانی سوریای دیموکراتی لەناو دەبات.

### مەکگۆرک پشتیوانی لە پەکەکە و یەپەگە دەکات

وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاماژە بەوە دەکات؛ مەکگۆرک پشتیوانی لە پەکەکە و یەپەگە دەکات، بۆیە پێشنیاری لادانی دەکەن لە پۆستی نێردەی ئەمەریکا لە هاوپەیمانی دژی داعش. مەولود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (ئێن تی ڤی) تورکی، وتی:»برێت مەکگۆرک کەسێکە بە ئاشکرا پشتیوانی لە پەکەکە و یەپەگە دەکات و کاتێک ئەم ئیدارە نوێیەی ئەمەریکا دەسەڵاتی گرتەدەست و کاتێک مەکگۆرک لەگەڵ تیلەرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی ئەنکەرەیان کرد، ئێمە دۆستانە ئاگادارمان کردەوە کە ئیدارەی نوێی ئەمەریکا تێک نەدەن». وتیشی بەڵام لەماوەی رابردودا مەکگۆرک بەئاشکرا پشتیوانی لە یەپەگە و پەکەکە کردوە، بۆیە باشترە ئەو کەسە بگۆڕدرێت و تورکیا داوای لادانی دەکات.

http://www.sbeiy.com

### نیو یۆرک تایمز: ئۆباما داوای پڕچەککردنی کوردی کردووە

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی بڵاویکردۆتەوە کە ئیدارەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا پلانێکی سەربازی نوێی داناوە بۆ پڕچەککردنی شەڕڤانە کوردەکانی سوریا لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە سیاسەتی ئەو ئیدارەیەدا و لەوانە تورەبوونی تورکیای لێ بکەوێتەوە.

بەگوێرەی هەواڵەکە، پلانەکە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانییەوە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و بەگوێرەی زانیارییەکان، ئۆباما دەیەوێت پێش کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، شاری رەقەی سوریا و پایتەختی دەوڵەتی داعش لەدەست ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەدا دەربهێنێت. ڕۆژنامەکە دەڵێت ‹› ئۆباما دەیەوێت لەرێگای پڕچەککردنی شەڕڤانە کوردەکانەوە خەونی خۆی بهێنێتە دی، بەڵام ئەمەش بڕیارێکی تا رادەیەک زەحمەت دەبێت بۆ ئۆباما چونکە تا ئێستا باڵانسی لە نیوان تورکیا و هێزە کوردییەکانی سوریادا پاراستووە››.

## نیویۆرک تایمز: ڕەنگە بەهۆی پڕچەککردنی کوردی سوریاوە ئەردۆغان هێرش بکاتە سەر پەکەکە لە عێراق

**٢٠١٧/٠٥/١١**

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕایگەیاند، ئەردۆغان یەکەمین جەنگی بەرامبەر ترەمپ دۆڕاند بە بڕیاری پڕچەککردنی کوردانی سووریا، بەڵام ئەمە پێدەچێت کاردانەوەی قورس و دەستێوەردانی تورکیا لە باکوری عێراق بەدوای خۆیدا بهێنێت.

سەرەڕای هۆشداری بەرپرسانی تورکیا، ترەمپ دواجار بڕیاری پڕ چەککردنی کوردانی سووریای دا، بەڵام ڕۆژنامەکە ڕایگەیاند، ئەمە پێدەچێت ئەگەری لەشکرکێشی تورکیای بۆ باکوری عێراق لێبکەوێتەوە و ڕۆژنامەکە هۆشداریدا لەوەی دەبێت ووتەکانی بەرپرسانی تورکیا بۆ دەستێوەردان لە کاروباری عێراق بەهەند وەربگیرێت.

بۆ ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا و ڕێگریکردن لە ئەگەری یەککگرتنی لەگەڵ شانەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە باکوری عێراق، ڕۆژنامەکە بە دووری نازانێت تورکیا لەشکرکێشی سەربازی بۆ باکوری عێراق بکات و ئاماژە بەوە دەکات لەئێستادا بەرپرسانی تورک سەرقاڵی ڕازیکردنی بەرپرسانی ئەمریکان و لەسەردانی ئەمجارەی ئەردۆغان بۆ ئەمریکا، پرسی دەستێوەردان و لەشکرکێشی بە جددی لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ باسدەکرێت. لەدوای بڕیاری پڕچەککردنی کوردەکانی سوریاوە، حکومەتی تورکیا داوای لە ئەمەریکا کردبوو بە زوترین کات لە وەها بڕیارێک بکشێتەوە چونکە «نابێت چەک بکەوێتە دەست یەپەگە کە لە پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە پێکهاتووە».

لەگەڵ هەموو ئەم فشارانەدا ئەمەریکا سورە لەسەر پێدانی چەکی قورس بە یەپەگە لە چوار چێوەی سوپای سوریای دیموکراتیدا.

کاتژمێر ٢ی بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی نیسانی ٢٠١٧ و بە وتەی فەرماندەی شەڕڤانان لە شنگال، ٢٦ فڕۆکەی جەنگیی تورکیا بۆرمانی ژمارەیەک لە بنکە و بارەگاکانیان لە چیای شنگال کردووە.

فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە هێرشەکەیاندا بۆسەر شنگال سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان کردە ئامانج و بەو هۆیەشەوە ٥ پێشمەرگە شەهیدبوون و ٩ پێشمەرگەی تریش بریندار‌بوون، دواتریش تورکیا ڕایگەیاند کە بە هێرشەکەیان بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە هەڵە بووە. هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشەی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆسەر شنگال، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگای شەڕڤانان لە چیای قەرەچۆغ لە نزیک شارۆچکەی دێرک لە کانتۆنی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستان.

http://www.nrttv.com

**هاوپەیمانی نێودەوڵەتی: واشنتۆن بەخێرایی یەپەگە پڕچەک دەکات**

**٢٠١٧/٠٥/١١**

وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایگەیاند، واشنتۆن بەخێرایی دەستدەکات بە پرۆسەی پڕچەککردنی یەپەگە لە ڕۆژئاوای کوردستان.

جۆن دۆریان، وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ئاماژەی بەوەشکرد، پرۆسەی دابەشکردنی چەک و پێداویستی سەربازی بۆ شەڕڤانانی یەپەگە لە رۆژئـاوای کوردستان بەپێی پێویست دەبێت و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەکرێت. وتیشی، بەشێک لە چەک و پێداویستییە سەربازییەکان لە ئێستادا لە ڕۆژئـاوا هەن و دەکرێت زۆر بەخێرایی دەستبکرێت بە دابەشکردنییان. جۆن دۆریان باسی لەوەشکرد، ئەو چەکانەی دەدرێنە یەپەگە لە شەڕی دژی چەکدارانی داعشدا بەکاردەهێندرێت.

ڕۆژی ٩ی ئەم مانگە، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاند، کۆشکی سپی ڕەزامەندیی نیشاندا چەک و تەقەمەنی بداتە یەپەگە. پنتاگۆن ڕاشیگەیاند، پێدانی چەک و تەقەمەنی بە یەپەگە بۆ پشتگیری کردنییەتی لە ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی شاری ڕەقەدا.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری

تورکیا ڕایگەیاند، نیگەرانییان لەبارەی بڕیاری پڕچەککردنی یەپەگە لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکادا باس دەکات. ئەردۆغان لە کۆنفراسنێکی هەواڵیدا وتیشی «هەر پێشهاتێک لە سوریا و عێراق پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاسایشی نیشتمانی ئێمەوە هەیە. ئەم هەڵوێست و نیگەرانییەی ئێمە لەبارەی بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ پڕچەککردنی یەپەگە لە کۆبوونەوەکەم لەگەڵ ترەمپ ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە باسدەکەم».

دواتر ڕێدوور خەلیل، وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل بڕیارەکەی بە بڕیارێکی مێژووی ناوبرد و وتیشی «هەرچەندە بڕیاری ناردنی چەک درەنگ بوو، بەڵام ئەوە نیشانی دەدات کە یەپەگە لە شوێنی جیهان شەڕی تیرۆر دەکات».

**یەپەگە: بڕیاری ناردنی چەک لەلایەن ئەمەریکاوە بڕیارێکی مێژووییە**

**٢٠١٧/٠٥/١٠**

وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە ڕایگەیاند، بڕیاری ناردنی چەک لەلایەن ئەمەریکاوە بڕیارێکی مێژووییە و لە شەڕی تیرۆردا کاریگەری خێرای دەبێت.

ڕێدوور خەلیل، وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل ڕایگەیاند «هەرچەندە بڕیاری ناردنی چەک درەنگ بوو، بەڵام ئەوە نیشانی دەدات کە یەپەگە لە شوێنی جیهان شەڕی تیرۆر دەکات».

وتەبێژی یەپەگە ڕاشیگەیاند «ئێمە ٥ ساڵ و نیووە شەڕی تیرۆر دەکەین و لەهەموو بەرەکان سەرکەوتنی باش بەدەستهێندراوە، لەبەر ئەمەش ئاشکرابوو بۆ جیهان کە یەپەگە لەبەری پێشەوەیە لە شەڕی دژی تیرۆر و کارکردن بۆ درووستکردنی سوریایەک کە هەموو پێکهاتەکان پێکەوە تێیدا بژین».

ڕۆژی ٩ی ئایاری ٢٠١٧ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاند، کۆشکی سپی ڕەزامەندیی نیشاندا چەک و تەقەمەنی بداتە یەپەگە. پنتاگۆن ڕاشیگەیاند، پێدانی چەک و تەقەمەنی بە

یەپەگە بۆ پشتگیری کردنییەتی لە ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی شاری ڕەقەدا. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئاماژەی بەوەشدا پێدانی چەک و تەقەمەنی بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکاندایە بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری ڕەقە.

## تورکیا: پڕچەککردنی هێزە کوردییەکان لەلایەن ئەمریکاوە جێگای قبوڵکردن نییە

**٢٠١٧/٠٥/١٠**

جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند، پڕچەککردنی هێزە کوردییەکان لەلایەن ئەمریکاوە جێگای قبوڵکردن نییە. نورەدین چانکلی، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەیەکەم کاردانەوەی دژی پرچەککردنی یەپەگە لەلایەن ئەمریکاوە، وتی «ئەو سیاسەتەی ئەمریکا خزمەت بە هیچ لایەنێک ناکات». لەلایەن خۆشیەوە یەپەگە ڕایگەیاند «بڕیاری پڕچەککردنی ڕاستەوخۆی ئێمە لەلایەن ئەمریکاوە پڕۆسەی تێکشکاندنی تیرۆر خێراتر دەکات».
ئەوەش لەکاتێکدایە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاند، کۆشکی سپی ڕەزامەندیی نیشاندا چەک و تەقەمەنی بداتە یەپەگە. پنتاگۆن ڕایگەیاندووە، پێدانی چەک و تەقەمەنی بە یەپەگە بۆ پشتگیری کردنییەتی لە ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی شاری ڕەقەدا.
وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئاماژەی بەوەشدا پێدانی چەک و تەقەمەنی بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکاندایە بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری ڕەقە، بەڵام وەزارەتەکە خشتەیەکی بۆ کاتی ناردنی ئەو چەک و تەقەمەنییانە ئاشکرا نەکردووە. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئاماژەی بەوەشکردووە، کە واشنتۆن هەوڵ دەدات دڵنیایی بداتە تورکیا و دەشڵێت، هاوپەیمانەکەی لە ناتۆ دەپارێزێت.
نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەر پێدانی چەک و تەقەمەنی بە یەپەگە لەلایەن کۆشکی سپییەوە لە کاتێکدایە کە بڕیارە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی

تورکیا سەردانی واشنتۆن بکات و لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکادا کۆببێتەوە.

## یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بناسە؟

لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ لە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد یەکینەی پاراستنی گەل (یەپەگە)، کە باڵی سەربازیی پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)یە دامەزرا. ژنانی ناو یەپەگە لە ٤ی نیسانی ٢٠١٣دا یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە)یان دامەزراند. یەپەگە و یەپەژە لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و جەنگ لە دژی گروپە چەکدارەکانی وەک بەرەی نوسرە و داعش، کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە گروپی تیرۆریستی دەناسرێن، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو.

لە دوای تێکشکاندنی داعش لە کۆبانێ و کۆبوونەوەی چەند دەستەیەک لە هێزە جۆراجۆرەکانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سوپای ئازادی سوریا، لە ڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ بە بەشداریی ١٣ هێزی جۆراجۆر لە کانتۆنی جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستان هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (هەسەدە) دامەزرا.

هەسەدە لەلایەن دەستەیەکی بەڕێوەبەریی ٩ کەسی و ئەنجوومەنێکی ٣٥ کەسی لە هێزە بەشداربووەکان بەڕێوە دەبرێت.

هەسەدە بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیی لێدەکرێت و لە شەڕی کۆبانێ تاوەکو ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی ئاسمان و هەروەها ڕاوێژی سەربازی و ڕەوانەکردنی هەندێک چەک و تەقەنی پشتیوانیی لە یەپەگە و هەسەدە کردووە.

زۆرینەی هێزەکانی هەسەدە لە یەپەگە و یەپەژە پێکهاتووە و ژمارەی هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە بە زیاتر لە ٧٠ هەزار شەڕڤانان مەزەندە دەکرێن و لە ئێستادا بە پشتیوانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش سەرقاڵی شەڕن لە دژی چەکدارەکانی داعش بۆ کۆنترۆڵکردنی بەنداوی فورات و ڕەقە، کە چەکدارەکانی داعش بە پایتەختی خۆیانی دەزانن.

## هاوپەیمانان بۆ ڕووداو: تا داعش بمێنێ یارمەتی هەسەدە دەدەین

**ڕووداو – هەولێر**

سپێنسەر گاریسن، جێگری گوتەبێژی هاوپەیمانی دژی داعش لە عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) کە لە ڕێگەی ئیمەیلەوە لەگەڵی کراوە، دەڵێت تاوەکو چەکدارانی داعش بمێنن، لە هاوکارییەکانیان بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات لە سووریا بەردەوام دەبن. سەبارەت بە بەردامبوونی هاوکارییەکانیشیان بۆ پێشمەرگە، دەڵێت تاوەکو ئێستاش لە مەشقدانی پێشمەرگە بەردەوامن، بەڵام سەبارەت بە چەک و مەشقی پێشمەرگە لە داهاتوودا هیچ بڕیارێکی درێژخایەن نەدراوە.

**ڕووداو: داعش لە ناوچە شارییەکانی سووریا دەرکراوە، پەیوەندی ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە داهاتوودا چۆن دەبێت، لە کاتێکدا گومان هەیە ئەمریکا دوای تێکشاکانی داعش پشتگوێیان بخات؟**

**سپێنسەر گاریسن:** هێزەکانی هاوپەیمانان پابەندن بە هێزەکانی سووریای دیموکرات کە هاوپەیمانی ئێمەن لە سووریا. ئەوان ئازایانە شەڕیان کردووە و قوربانییەکی زۆریشیان داوە، ئەو هێزانە چوار ملیۆن کەسیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش ڕزگارکردووە. هەڵبەت تاوەکو ئێستاش شەڕ ماوە بۆ ئەوەی داعش بە تەواوەتی لەو ناوچەیە پاک بکرێتەوە. چەکدارانی داعش هێشتا لە ناو دۆڵەکانی نزیک ڕووباری فورات خۆیان حەشارداوە و شەڕ دەکەن. ئامانجی سەرەکی ئێمەش ئەوەیە لە هەموو ئەو ناوچانە داعش تێک بشکێنین.

**ڕووداو: ئێران و ڕژێمی سووریا پلانی ئەوەیان هەیە لە ڕەققە و دێرەزۆر شەڕی هەسەدە بکەن، ئەگەر ئەم سیناریۆیە ڕووبدات ئایا ئەمریکا پشتگیری هەسەدە دەکات؟**

**سپێنسەر گاریسن:** ناتوانین پێشبینی بۆ سیناریۆکانی داهاتوو بکەین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە پابەندین بە پشتگیری کردنی هەسەدە لەو شەڕەی بۆ تێکشکاندنی داعش دەیکەن. هاوپەیمانان هەوڵی

خۆدوورگرتن لە پێکدادان لەگەڵ ڕووسیا دەدەن، کە پشتگیری لە ڕژێمی سووریا دەکات، لەسەر ئەمەش بەردەوام دەبین و فۆکەسمان لەسەر تێکشکاندنی داعش دەبێت.

**ڕووداو: هەڵوێستی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی کەرکووک چییە، ئایا ئەمریکا هۆشداری داوەتە بەغدا بۆ ئەوەی هێرشەکانی بوەستێنێت؟**

**سپێنسەر گاریسن:** ئەمریکا چاودێری ڕەوشەکە دەکات و هانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە دەدات ڕێگەی گفتوگۆ بگرنەبەر .

**ڕووداو: ئەمریکا جگە لە ئیدانەکردنی هێرشەکانی بەغدا هیچ هێڵێکی سووری بۆ هێرشەکان داناوە؟ ئایا هەولێر هێڵی سووری ئەمریکایە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** داهاتووی عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، هاوپەیمانان بڕوایان وایە دیالۆگەکانی ئێستا باشترین ڕێگەن بۆ ئەوەی هەموو عێراقییەک لە داهاتووی وڵاتەکەیدا دەنگی خۆی هەبێت. داعش گەورەترین بەربەستە کە ڕێگە لە ڕوودانی ئەو دیالۆگە دەگرێ، چونکە ستراتیژی ئەو ڕێکخراوە ئەوە لەخۆدەگرێت کە تۆوی ناکۆکی لە نێوان گروپە جیاوازەکانی عێراقدا بچێنن. هەر بۆیەش پێمانوایە گەورەترین بەشداری ئێمە لە داهاتووی عێراقدا بریتی دەبێت لەوەی داعش تێک بشکێنین. حەز دەکەین باسی ئەوەش بکەین کە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی عێراق پیشانیان داوە کە کاتێک پێکەوە کاریان کردووە بەسەر داعشدا زاڵ بوون، وەکوو چۆن لە مووسڵ و ئازادکردنی خێرای تەلەعفەر و حەویجەش بینیمان. ئێستا ئەولەویەتی هاوپەیمانان لە عێراق ئەوەیە پشتگیری لە هاوپەیمانەکانمان بکەین داعش لەدوایین شوێنەکان لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار تێکبشکێنن.

**ڕووداو: ئەمریکا لەسەر پشتگیری پێشمەرگە لەڕووی تەقەمەنی و ڕاهێنانەوە بەردەوام دەبێت؟**

**سپێنسەر گاریسن:** لە ساڵی ٢٠١٤ەوە هاوپەیمانان مەشق و چەکیان پێشکەش بە ٢٢ هەزار پێشمەرگە کردووە. هاوپەیمانان تاوەکو

ئێستاش مەشق بە هێزی کوردی دەکەن. سەبارەت بە چەک و مەشقی پێشمەرگە لە داهاتوودا هیچ بڕیارێکی درێژخایەن نەدراوە.

**رووداو: حکومەتی عێراق چاوی لەسەر فیشخابوورە. حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، رایگەیاندووە کە ئەمریکا پشک و بەرژەوەندی لەو خاڵە سنوورییەدا هەیە. هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر ئەو خاڵە سنوورییە چییە و ئایا ئەمریکا هیچ بەرژەوەندییەکی تێیدا هەیە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** خاڵە سنوورییەکانی عێراق پرسێکی نیشتمانین کە دەبێ لە رێگەی پرۆسەی سیاسی گونجاوەوە بڕیاریان لەسەر بدرێت. فۆکەسی هاوپەیمانان لەسەر تێکشکاندنی داعش و زەمانکردنی ئارامی و ئاسایشی درێژخایەنی خەڵکی عێراق دەبێت.

**رووداو: میلیشیاکانی نزیک لە ئێران بەشێکی سەرەکی لە هێرشەکانی سەر کەرکووک بوون، ئەمریکا چۆن لە نفووزی تاران لەو ناوچایە دەڕوانێت و پلانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی ئێران چییە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** ئێمە بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە هەموو هێزە چەکدارییەکانی عێراق دەبێت لەژێر فەرمانی سەرۆکوەزیرانی عێراقدا بن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراق کار بکەن.

**رووداو: کورد کە سەردەمانێک بە هاوپەیمانی متمانەپێکراوی ئەمریکا دەزانرا، هەست دەکات ئەمریکا جارێکی دیکە خیانەتی لێکردووە. ئەمریکا هیچ پلانێکی هەیە بۆ رەواندنەوەی ئەو هەستە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** ئێمە بەشداری ئازایانەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرز دەنرخێنین، چونکە ئەوان بوێرانە بۆ بەرگری لە عێراق و جیهان لەدژی تیرۆریستانی داعش شەڕیان کرد. ئێمە پشتگیریمان لە پێشمەرگە کردووە وەکوو بەشێکی سەرەکی لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق. هانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق دەدەین پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکەن، بۆ ئەوەی هەموومان بتوانین تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنین و فۆکەسمان لەسەر ئاسایشی درێژخایەنی هەموو عێراق بێت.

## هەسەدە: ئەمریکا کاروانێکی تر چەک و زرێپۆشی سەربازیی بۆ ناردین

**٢٠١٧/١١/٢٨**

بەرپرسی پەیوەندییەکانی کاروباری دەرەوەی هەسەدە ڕایگەیاند، ئەمریکا ناردنی چەک و زرێپۆش و کەرەستەی سەربازیی بۆ هێزەکانیان ڕانەگرتووە و کاروانێکی تری چەک و کەرەستەی سەربازیی بۆ ناردوون.

عەبدولعەزیز یونس بەرپرسی پەیوەندییەکانی کاروباری دەرەوەی هەسەدە بە ئاژانسی هەواڵی سپوتنیکی ڕاگەیاندووە «ئەمریکا ناردنی چەکی بۆ ئێمە ڕانەگرتووە و بەردەوامە لە ناردنی چەکی قورس و کەرەستەی سەربازی و زرێپۆشی سەربازی بۆ هێزەکانمان و تا ئێستاش هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئەمریکا بۆ هێزەکانمان بەردەوامە». ڕاشیگەیاند «ئەوەی کە تورکیا دەڵێت ئەمریکا لەمەودا چەک نادات بە هەسەدە ڕاست نییە. هەر دوێنێ ئەمریکا سەدان ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری پڕ لە چەکی گەیاندە قامیشلۆ و لەوێشەوە نێردران بۆ دێرەزۆر بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانمان لەشەڕی دژ بە داعشدا لە دێرەزۆر».

ئەوەشی وت «ئەمریکا لەبارەی نەناردنی چەکەوە هیچی پێنەوتوین، بەڵکو کار بۆ ئەوە دەکات کە پەیوەندیی ستراتیژیی نێوان ئێمە و خۆی بەهێزتر بکات، چونکە ئەوە بۆ ئەمریکا کارێکی ستراتیژییە و ئومێدیش دەکەین چەکی باشتر و زیاترمان بۆ بنێرن».

بەپێی بەشێک لەسەرچاوە میدیاییەکان ئەو کاروانە پڕ لە چەک و تەقەمەنییەی ئەمریکا بۆ شەڕڤانان لە خۆرئاوای کوردستان بە ١٠٠ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر گواستراوەتەوە بۆ شەڕڤانان. باسی ئەوەش دەکرێت ئەمریکا تا ئێستا زیاتر لە ٢ هەزار و ١٠٠ تۆتۆمبێلی بارهەڵگری پڕ لە چەک و تەقەمەنی بۆ شەڕڤانان ناردووە.

## تورکیا بۆ ئەمریکا: بەردەوامبن لە یارمەتیدانی یەپەگە مووشەکی ئێس ٤٠٠ لە ڕووسیا دەکڕین

سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند، ئەگەر ئەمریکا خۆی بە ناچار دەزانێت بۆ یارمەتیدانی یەپەگە، ئەوا تورکیاش ناچارە سیستمی مووشەکیی ئێس ٤٠٠ لە ڕووسیا بکڕێت.

ئاژانسی هەواڵی سپوتنیک بڵاویکردەوە، بینالی یەڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و لە پەیمانگەی نێودەوڵەتیی توێژینەوە ستراتیژییەکان (IISS) بەشداریی لە دانیشتنێکدا کرد بەناوی «ڕوانینی تورکیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا کۆتایی تونێلەکە ڕووناکە؟» کرد.

سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەو دانیشتنەدا ڕایگەیاند، لەبەر هەندێک پاساو یارمەتیدانی هەسەدە – یەپەگە بەردەوامیی هەیە «بەڵام کاتێک ئێمە بە ئەمریکا دەڵێین یارمەتیی پەیەدە و یەپەگە نەدەن بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەوان دەڵێن، ناچارن ئەو کارە بکەن. لەبەر ئەوەش ئێمە دەڵێین، کڕینی سیستمی مووشەکیی ئێس ٤٠٠ بۆ ئێمە تاکە بژاردە نییە، بەڵام ناچارین بیکڕین و ناچاریشین خاکەکەمان بپارێزین».

بەرپرسانی تورکیا ڕایانگەیاندبوو، سیستمی بەرگریی مووشەکیی ئێس ٤٠٠ لە ڕووسیا دەکڕن و بۆ ئەوەش پوتین و ئەردۆغان ڕێککەوتنێکیان واژۆکردووە. بەرپرسانی ناتۆش لە کاردانەوەدا ڕایانگەیاندووە، ئەگەر تورکیا ئێس ٤٠٠ بکڕێت ئەوا ناتوانێت تەکنەلۆژیای سەربازیی ناتۆ بەکاربهێنێت.

## هەشت کۆنگرێسمانی ئەمریکا نامەیەک لەبارەی عەفرینەوە ئاڕاستەی تیلەرسن دەکەن

هەشت کۆنگرێسمانی ئەمریکا داوا لە تیلەرسن دەکەن نیگەرانی توندی ئەمریکا لەبارەی دۆخی عەفرینەوە بگەیەنێت بە حکومەتی تورکیا.

لە نامەیەکدا کە ئاڕاستەی ڕێکس تیلەرسن وەزیـری دەرەوەی

ئەمریکا کراوە پێش سەردانەکەی بۆ ئەنقەرە، هەشت کۆنگرێسمان نیگەرانی خۆیان لەبارەی دۆخی مرۆیی عەفرینەوە دەردەبڕن و داوا لە تیلەرسنیش دەکەن کە نیگەرانی توندی ئەمریکا لە بەرزترین ئاستدا بگەیەنێت بە بەرپرسانی تورکیا.
هاوکات داواش لە تیلەرسن دەکەن کە هانی حکومەتی تورکیا بدات هەنگاوی جدی بنێت لەبارەی دۆخی مرۆییە و ئاگربەست ڕابگەیەنێت، هەروەها وابەستەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت بۆ ڕێزگرتن لە ئاوارە و پەنابەرەکان.
لە نامەکەی ئەو کۆنگرێسمانانەدا کە سەربە دیموکراتەکانن هاتووە «ئێمە ڕێز لە مافی تورکیا کە هاوپەیمانێکی ناتۆیە دەگرین بۆ پاراستنی ئاسایشی سنورەکانی، بەڵام لەژێر یاسای نێودەوڵەتیدا دەبێت تورکیا ژیانی هاوڵاتیانی مەدەنی بپارێزێت و ڕێگە بە ڕێکخراوەکان بدات پێداویستی پزیشکی و مرۆیی بگەیەننە عەفرین و هەروەها ڕێزیش لە مافی ئاوارە و پەنابەرەکان بگرێت.»
ئەوەش لەکاتێکدایە کە بڕیارە ڕێکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەمیانی گەشتەکەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی تورکیا بکات و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا کۆببێتەوە.

## هەنگاو بۆ سەربەخۆیی کوردستان

## ئەمریکا کار بۆ گواستنەوەی یەکە سەربازییەکانی لەئەنجەرلیکی تورکیاوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەکات

توێژینەوەیەک لەناوەندی «یروشلمی» بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی ئاشکرایکرد، کە ئەمریکا بەرنامەیەکی هەیەو ئەو بەرنامەیەش دەچێتە چوارچێوەی خزمەتی سەربەخۆیی ڕۆژئاوای کوردستان. بەپێی توێژینەوەکە ئەمریکا کار بۆ ئەوە دەکات، یەکە سەربازییەکانی لەبنکەی ئەنجەرلیکی تورکیاوە بگوازێتەوە بۆ بنکە سەربازییەکانی لەرۆژئاوای کوردستانو بەشێکیشی بۆ هەرێمی کوردستان.
هەر بەپێی توێژینەوەکە ئەمریکا بە وردی کار لەسەر گواستنەوەی

یەکە سەربازییەکانی لەئەنجەریلکەوە بۆ رۆژئـاوای کوردستان‌و باشووری کوردستان، کە پرۆسەکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. هـەروەهـا تویژینەوەکە باسی لـەوە کـردووە، کە ئـەم هەنگاوە بۆ کاڵکردنەوەی سنوورەکانی رێککەوتنی سایکس بیکۆیە، کە لەسەدەی رابردوو کێشراون‌و کوردستانی دابەشکردووە.
ئەمریکا لەساڵی ٢٠١٤وە چەند بنکەیەکی سەربازی لـەرۆژئـاوای کوردستان بەتایبەتی لەشاری کۆبانی دروستکردووە، کە زۆرینەی سـەرچـاوەکان بـاس لـەوە دەکـەن، ئـەو بنکانە دەبنە جێگیرەوەی ئەنجەلیک بۆ ئەمریکا.

### وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا: یەپەگە پەیوەندی بە پەکەکەوە نییە

**رووداو**

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت، یەپەگە پەیوەندی بە پەکەکەوە نییە و هێزێکی کاریگەرە دژی داعش.ئەمریکا لە بارەی بوونی پەیوەندی نێوان پەکەکە و یەپەگە لەگەڵ تورکیا هاوڕانییە و بۆچوونی وایە ئەو دوو هێزە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. مارک تۆنـەر، گوتەبێژی وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند «ئێمە لە چوارچێوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات، ماوەیەکی زۆرە هاوکاری هێزەکانی یەپەگە دەکەین و لەبارەی ئـەوەش کە تورکیا دەڵێت، یەپەگە و پەکەکە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا هاوڕانین». تۆنـەر راشیگەیاند، یەپەگە و هێزەکانی سووریای دیموکرات، هێزێکی کاریگەربوونە لە سووریا لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ەوە تاوەکو ئێستا ٦٠٠٠ کیلۆمەتر و ١٠٠ گوندیان لە دەورەبەری رەققە کۆنترۆڵکردووەتەوە. پێشتریش فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا رایگەیاندبوو، هێزەکانی سووریای دیموکرات هیچ پەیوەندییەکی بە پەکەکەوە نییە.
لە وەڵامی لێدوانەکەی فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا، ئیبراهیم کالن، گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا گوتی «ئەو قسەیە

یان گاڵتەجارییە، یان فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا عەقڵی لەدەستداوە. پێتانوایە کەس ئەو قسەیە دەکرێت. پێویستە ئەمریکا واز لە یاساییکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان بهێنێت».

## وەزیری بەرگری ئەمریکا: لەنیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا تێدەگەین و ناشتوانین هەسەدە پشتگوێ بخەین

وەزیری بەرگری ئەمریکا، جیمس ماتیس رایگەیاند تورکیا نوێنەرایەتی بەرەی پێشەوەی هاوپەیمانی ناتۆ دەکات لەکارەساتی سوریادا بۆیە دەبێت بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگرن و هەروەها هەسەدەش تاکە هێزە لە گۆڕەپانە توانیویەتی بەر لە داعش بگرێت و تێکی بشکێنێت بۆیە ناتواتن پشتگوێی بخەن.

جیمس ماتیس، بەرلەسواربونی فرۆکەکەی بەرەو برۆکسل بۆ بەشداری لەکۆبونەوەی وەزیرانی وڵاتانی ناتۆ، رایگەیاند"ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەمریکاو تورکیا کار دەکەن لەسەر ئەو رێگایانەی بەرژەوەندییە رەواکانی تورکیا لەبەرچاودەگرن."

لەبارەی ئەوەی ئایا رێککەوتنی نێوان تورکیاو وڵاتەکەی لەسەر منبج کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئۆپەراسیۆنانەی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە رۆژهەڵاتی فورات بەهاوکاری ئەمریکا ئەنجامی دەدەن، ئەو وتی"تورکیا بەرەی پێشوەی هاوپەیمانی ناتۆیە، تورکیا دەوڵەتێکە لەبەرەی پێشەوەی ئەو کارەساتەیە کە بەشار ئەسەد بەسەر گەلەکەیدا هێناوە بە پشتیوانی ئێرانییەاکن و روسەکان، پێویستمان بەوەیە رێگەیەک بۆ کارکردن بدۆزینەوە بۆ بەرژەوەندییە رەواکانی تورکیا."و جەختیشی کردەوە کە لە نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا تێدەگەن.

وتیشی"لەهەمان کاتیشدا هێزەکانی سوریای دیموکرات تاکە رێکخراوە توانیویەتی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەر لە پێشڕەوی داعش بگرێت و تێکی بشکێنێت، بۆیە ناتوانین ئەم رێکخراوە پشتگوێ بخەین چونکە خاوەنی بایەخێکی سەرەکییە بۆ وەستاندنی داعش کە هێشتا

بەتەواوی شکستی نەهێناوە."لەبارەی ئەوەی ئایا وڵاتەکەی دەتوانێت لە یەک کاتدا هاوکار بێت لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات، ماتیس ئەو پرسەی بە پرسێکی "زۆر ئاڵۆز" ناوبردو وتیشی"ئەم گۆڕەپانی جەنگە ئاڵۆزترین گۆڕەپان بوە لە ژیانمدا بینیبێتم...بەڵام کاردەکەین بۆ چارەسەری کێشەکە، ئەوەشی دەیکەین دژی تورکیا نییە."

**وەفدێکی باڵای هەرێمی فیدراڵی باکوری سوریا-رۆژئاڤا، لە واشنتۆنن**

ڕۆژنامەی «الحیاە» لەندەنی لە شرۆڤەهەواڵێکیدا، ئاشکرایکرد کە وەفدێکی باڵای هەرێمی فیدراڵی باکوری سوریا- ڕۆژئاڤا سەردانی واشنتۆن دەکـەن و لـەوێدا نوێنەرایەتی ئـەم هەرێمە بە ڕەسمی دەکرێتەوە. وەفدەکە پێکهاتووە لە ئیلهام ئەحمەد و بەسام ئیسحاق. وابڕیارە ئەم وەفـدە، دیـداری گرنگ لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکی و نوێنەری سەرۆک ئۆباما لە شەری داعش(برێت مـاکگۆرک)، و چەندەها کەسایەتی نزیک لە سـەرۆکی ئەمەریکا تازە(ترامپ)، ئەنجام بدەن. گرنگی ئەم سەردانە لەوەدایە، کە گفتوگۆ دەکرێت لە مەڕ پشتیوانی ئەمەریکا لە بواری سیاسیی و قسەکردن لەسەر ئایندەیی سوریا و چارەسەریی سیستەمی حوکمڕانی سوریا. ئەمە و دیـارە وێـرای پشتیوانی سەربازی بۆ هێزەکانی سوریای دیموکراسی بۆ شەرکردن دژی تیرۆریستانی داعش، لە بەرنامەی دیدارەکانە. جێگای باسە وەک، ڕۆژنامەی «الحیاە» نوسیویەتی تورکیا زۆر دڵگران بووە و تەواو کۆنترۆڵی خۆی لە دەستداوە. ئەردۆگان دەڵێت: ئەوانە تیرۆریستن بەڵام کەس باوەڕمان پێناکات !. باسێکی دیکەی گرنگ کە دەبێ بوترێت، ئەویش ئەوەیە لە ماڵپەڕی ڕەسمی پینتاگۆن، بەیاننامەی هێزەکانی سوریای دیموکراسی بڵاوکراوەتەوە، ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی ئەمەریکا، بەیانی ڕێکخراوێکی نا دەوڵەتی لەسەر لاپەڕەی ڕەسمی پینتاگۆن بڵاوبێتەوە.هەر ئەوەشە تورکیا تووشی شۆک کردووە و، ئەردۆگان بێچارە ماوەتەوە.

**یاریدەدەرێکی جۆرج بوشی باوک: هێرشەکەی تورکیا دژی کورد دەریدەخات کە ئەو وڵاتە دۆستی ئەمریکا نییە**

ڕیچارد ناسان هاس یاریدەدەری تایبەتی جۆرج بوشی باوک سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەوە هێرشە سەربازییەی تورکیا دژی کورد لە سوریا ئەنجامیدا، ئەوە دەردەخات تورکیا لەوانەیە هاوپەیمان بێت بەڵام دۆستی ئەمریکا نییە.

ڕیچارد هاس لە هەژماری خۆی لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە، هێرشە سەربازییەکەی سوپای تورکیا دژی کورد لە سوریا ئەوە دەردەخات کە تورکیا لەوانەیە هاوپەیمان بێت بەڵام دۆست نییە و وتیشی کاتی چاوخشاندنەوەیەکی ستراتیژیانەیە بە سیاسەتی ئەمریکادا. ناوبراو لە تویتێکی دیکەدا نووسیویەتی «ئەردۆغان تەلەفۆنی پیرۆزباییەکی ترەمپی وەک هێڵی سەوز وەرگرتووە بۆ هێرشکردنە سەر یەپەگە لە سوریا، ئەمەش زیانی بۆ هەڵمەتی دژی داعش دەبێت». هاوکات هێمای بۆ ئەوەش کردووە، نابێت ئەردۆغان لە مانگی ئایاردا سەردانی ئەمریکا بکات هەتا لەم هێرشانە نەوەستێت.

ڕیچارد ناسان هاس کە دیبلۆماتکارێکی ئەمریکییە، پێشتر سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەڕێوەبەری سیاسەتی پلاندانان بووە لە وەزارەتی دەرەوە، هاوکات ڕاوێژکارێکی نزیکی کۆلن پاول وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بووە.

فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بۆردومانی پێگەکانی پەکەکەیان لە چیای شنگال لە باکووری عێراق و چیای قەرەچۆغ لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا کرد و ٣٩ پێگەیان خاپوورکرد، کە پێکهاتبوون لە شوێنی حەوانەوە، سەکۆی چەک، ناوەندی فەرماندەیی و پەیوەندیکردن».

ئەو شوێنانەی بۆردومان کراون، ٢٠ دانەیان لە چیای قەرچۆغ و ١٩ ی دیکەشیان لە چیای شنگال بوون و بەهۆیەوە پێنج پێشمەرگە شەهیدبوون و ٩ پێشمەرگەی دیکەش برینداربوون، شەڕڤانێکی یەبەشە شەهید بوو شەڕڤانێکی دیکەش برینداربوو، هەروەها لە

ڕۆژئاواش ٢٠ شەڕڤان شەهید بوون و ١٨ی دیکەش برینداربوون. ڕووداوەکەش کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا و ئیدانە کرا، هاوکات نووسینگەی رۆژنامەوانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پنتاگۆن لە وەڵامی بەدواداچونێکی ئێن ئاڕ تیدا ڕایگەیاند، چاودێری دۆخەکە دەکەن و ئاگاداری ڕاپۆرتەکانن لەسەر بۆردوومانەکانی شەنگال و دێرک.

دوای چەند کاتژمێرێک لە بۆدومانەکە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، پێش ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانییەکان هەریەکە لە ئەمریکا و ڕوسیا و هەرێمی کوردستانیان ئاگادارکردووەتەوە.

http://www.nrttv.com

## ئەمەریکا: پشتگیری لە فیدراڵی رۆژئاوا ناکەین

**(سبەی):**

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، دژایەتی خۆی بەرامبەر سیستمی فیدراڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەردەبڕێت و رایدەگەیەنێت: ئەوان پشتگیری لە یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکەن.

مارک تونەر، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی و لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی هەوڵی پێکهێنانی سیستمی فیدراڵی رۆژئاوای کوردستان، رایگەیاند: دوارۆژی سوریا دەبێت لەلایەن گەلی سوریاوە دیاری بکرێت و ئەوان پشتگیریی لە یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکەن.

وتیشی :»پشتگیری لەوە ناکەن، کە لایەنێک لە سوریا، سیستمێکی ئیداری و سنوری خۆی دیاری بکات، بەهۆی ئەوەی لە چوارچێوەی بڕیاری (٢٢٤٥)ی نەتەوەیەکگرتوەکاندا، پێویستە گەلی سوریا خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات و وەک ئەمەریکاش، پشتگیری لە پێکهێنانی سیستمێکی دیموکراتی لە سوریا دەکەن، کە هەمو پێکهاتەکان تێیدا جێیان ببێتەوە.

**ئەمریکا ڕاستیەک ئاشکرادەکات..»تاکە هێزن ئەو توانایەیان هەبێت»**

بەرپرسێکی باڵای سەربازیی ئەمریکا ئاشکرایدەکات، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بەشداریی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ڕەققەی سوریا دەکات و ڕۆڵی گرنگیش لەو ئۆپەراسیۆنەدا دەگێڕێت، دەشڵێت:»یەپەگە تاکە هێزە توانای ئەو ئۆپەراسیۆنەی هەبێت».

ژەنراڵ ستیڤن تاوندسێند ئەفسەری باڵا لەسوپای ئەمریکا ئاشکرایکرد، بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ڕەققەی پایتەختی داعش لەسوریا، شەڕڤانانی یەپەگە بەشداریی دەکەن و تاکە هێزیشن کە ئەو توانایەیان هەبێت.

ئەوەشی وت:»ئەمریکا لەشەڕی دژی داعش وەک هاوپەیمانێکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ یەپەگە دەکات، بەڵام تورکیا کە هاوپەیمانی ئەمریکایە بەبیانوی بونی پەیوەندیی لەنێوان یەپەگەو پەکەکە، یەپەگەش وەک گروپێکی تیرۆریستی دەناسێت و هەوڵدەدات دوری بخاتەوە لەو ئۆپەراسیۆنە».

زیاتر لەوبارەیەوە وتی:»یەپەگە هاوپەیمانی ئەمریکایە لەشەڕی دژی داعش و لەلایەن واشنتۆنیشەوە یارمەتی سەربازیی و لۆجستی و ڕاهێنانیان پێکراوە».

وتیشی:»تورکیا نایەوێت لەهیچ شوێنێک ئۆپەراسیۆنی ئێمە لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات ببینێت، بەتایبەتی لەڕەققە، بەڵام لەگەڵ تورکیا قسە دەکەین و هەنگاو بۆ بەشداریکردنی ئەم هێزە دەگرینەبەر».

**ئەمریکا پشت لە هەسەدە دەکات؟**

**رووداو**

دوو رۆژ دوای ئازادکردنی رەقـقـە، پایتەختی دیفاکتۆی داعش، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) رایگەیاند کە ئیدارەیەکی نوێ بۆ شارەکە دادەنێ، بەڵام ئەوەی لە کۆنفرانسە رۆژنامەڤانییەکەی

هەسەدەدا سەرنجی میدیاکانی ڕاکێشا، وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پەکەکە بوو، ئەوە لە کاتێکدا کە هیچ ئاڵا یان سیمبولێکی تایبەت بە هێزە عەرەبەکانی بەشدار لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی ڕەققە بەرچاو نەدەکەوت.

خەڵکی ڕەققە کە ماوەیەکی درێژیان لەسایەی خەلافەتەکەی داعشدا گوزەراند، ئێستا نیگەرانن لەوەی هێزێکی کوردی دەست بەسەر ناوچەکەیاندا بگرێ. محەممەد ئەلموساری، دامەزرێنەر و چالاکڤانی گرووپی (ڕەققە دەکوژرێ)، بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند «وێنەکان بە ئاشکرا دەریدەخەن کێ کۆنترۆڵی ڕەققە دەکات».

بەڵام نیگەرانییەکان سەبارەت بە دەسەڵاتی (هەسەدە) لە ڕەققە تەنیا لە سووریادا کورت نابێتەوە، بەڵکو لێکەوتەی ناوچەیی گەورەشی دەبێت. هێزەکانی سووریای دیموکرات لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ بە بڕیاری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزرا. ئەو هێزە ڕۆڵی چەتر بۆ هەموو ئەو هێزانە دەگێڕێ کە بە هاوکاریی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعشدا بەشدارن. تورکیا ئەو هێزانە بە بەشێک لە پڕۆژەی پەکەکە بۆ فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی لە باکوور و ناوەڕاستی سووریا دەزانێت، بۆ ئەوەی قووڵاییەکی ستراتیژی لەناو خاکی سووریا بەدەستبهێنن.

وێنەکانی ئۆجەلان دەکرێت پەیوەندیی ئەمریکا و تورکیا ئاڵۆزتر بکات، بن عەلی یلدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند کە هەڵواسینی وێنەکانی سەرۆکی پەکەکە لە ڕەققە «زیانی جدی بە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا دەگەیەنێ». بەبۆچوونی یلدرم هاوکارییەکانی واشنتن بۆ هەسەدە و یەپەگە تەنیا هاوکاریی لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵکو «داهاتووی سووریاش دەخاتە مەترسییەوە».

پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە، حکومەتی تورکیا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی لەو هەڵمەتەدا یەپەگە و هەسەدە بەشداری نەکەن، بەڵام ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەیویست هەرچی

زووترە مەترسیی چەکدارانی داعش لەسەر ناوچەکە لابدات، بۆیەش گوێی لە داواکارییەکانی ئەنقەرە نەگرت.
داعش ئێستا تەنیا ٣٪ی خاکی عێراقی لەدەستە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە سووریاش یەکجار بچووک بووەتەوە، بەڵام وەکوو پێشتریش چاوەڕێ دەکرا، شکستی داعش بە مانای زیندووبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. نموونەی ئەمە لە هێرشەکانی سەر کەرکووکدا بینرا، کاتێک سوپای عێراق، حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدراڵی بە هاوکاریی سوپای قودسی ئێران هێرشیان کردە سەر ئەو ناوچانەی لە کاتی هێرشەکانی ٢٠١٤ی داعش، چۆڵیان کردبوون.
فەرماندەکانی یەپەگە دەڵێن خەڵکی ناوچەکە نابێت بەهۆی دانانی ئەو وێنانەوە نیگەران بن. میرڤان رۆژئاڤا، فەرماندەی یەپەگە لەمبارەیەوە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی راگەیاند «لای ئێمە ئۆجالان بیریارە. ئێمە وەکوو فەیلەسووفێک سەیری ئۆجەلان دەکەین کە دیموکراسی بڵاودەکاتەوە، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە پارتە سیاسییەکەی ئۆجەلان و هێزە چەکدارەکانی سەر بە پارتەکەی ئەوەوە نییە».
یەکێک لەو پرسیارانەی دوای تێکشاندنی داعش لە رەققە زەق بووەتەوە، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی واشنتن و هێزەکانی رۆژئاڤای کوردستان چی بەسەر دێت؟ رووداوەکانی کەرکووک و بێدەنگیی ئەمریکا لە ئاست هێرشی هێزە عێراقییەکان بە هاوکاریی سوپای قودسی ئێران زیاتر ئەو پرسیارەیان تۆخ کردووەتەوە کە ئایا ئەمریکا دوای تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش، پشت لە کوردی رۆژئاوا دەکات یان نا؟
ئێستا حکومەتی سووریا زۆربەی سووریای کۆنترۆڵکردووەتەوە. بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، بەڵێنی داوە بەهاوکاریی رووسیا و بەتایبەتیش ئێران هەموو ناوچەکانی دیکەی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە، لەوانەش رەققە و ئەو ناوچانەی دەکەونە نێو

هەرێمی ڕۆژئاڤا. تاوەکوو ئێستا دیار نییە ئەمریکا تا چەندە ئامادەیە بەرەنگاریی ئەو نیازەی حکومەتی سووریا ببێتەوە.

بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا بە ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پاراستنی ئەو ناوچانەی هێزەکانی سووریا دیموکرات ڕزگاری کردوون. ئەمریکا دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سووری خستەخوارەوە کە بەنیاز بوون لە هێزەکانی سووریای دیموکرات بدەن.

شارەزایان پێیانوایە پشتگیری ئەمریکا لە هەسەدە و یەپەگە بۆ ماوەی چەند مانگی دیکە بەردەوام دەبن، بەڵام دوای ئەوە دیار نییە ئەمریکا چی دەکات. ئەندرو تەبلەر، شارەزای کاروباری سووریا لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە «سیاسەتی بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکان تاوەکوو کۆتایی هاتنی شەڕی دژی داعش بەردەوام دەبێت. بەڵام دیار نییە دوای ئەمە پرۆسە سیاسییەکە چی بەسەر دێ».

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ دانیان بەوەدا ناوە کە لە قەیرانی سووریادا قورسایی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر هەنگاوی سەربازی بووە و هەنگاوە دیپلۆماتیکەکانی پشتگوێ خستووە. بۆیەش ئێریک ڕۆبینسن، شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەزگای (RAND)، بۆچوونی وایە کە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی بەسەرکردایەتی ئەمریکا «ئامادەگی پێویستی بۆ قۆناغی پاش تێکشاندنی داعش نییە».

ئەندامانی ئەنجوومەنی ئیداریی ڕەققە سوورن لەسەر ئەوەی پاش ڕزگارکردنی ڕەققە ئامادە نین ئیدارەی ئەو شارە ڕادەستی هیچ لایەنێک، لەوانەش حکومەتی سووریا، بکەن. نەزمی محەممەد، ئەندامی ئەنجوومەنەکە، بە (تایمز)ی ئەمریکی گوتووە «پلانی لەو جۆرەمان نییە. ئێمە لە ڕژێم ناترسین، خۆ ڕژێمی سووریا لە داعش بەهێزتر نییە». بەڵام لە دوای تێکشاندنی داعش ژمارەیەک هاوکێشەی نوێ دێنە ئاراوە کە دەکرێت کاریگەریی گەورە لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر هێزەکانی سووریای دیموکرات و چارەنووسی حکومەتی

سووریا دابنێن، لەوانەش پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا، هەنگاوە هاوبەشەکانی ئەمریکا و رووسیا بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ رووسیا، ئێران و سووریا.

**ئەمریکا لە پڕچەککردنی هەسەدە بەردەوام دەبێت**

ئەمریکا ئاشکرایکرد، پڕچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات HSD بۆ ساڵی ٢٠١٨ بەردەوام دەبێت. دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ ستراتیژییەتی نوێی ئیدارەکەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راگەیاند، و رەزامەندی دەربڕی بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی هەسەدە کە بەدۆستەکانی ئەمریکا دەناسرێت لە سووریا و پێنتاگۆنیش بەکردار فەرمانەکەی ترەمپ بەجێ دەگەیێنێت.

ئەمریکا ئاشکرایکرد، پڕچەککردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات بۆ ساڵی ٢٠١٨ بەردەوام دەبێت، تورکیاش لەمبارەیەوە زۆر نیگەرانە و پێیوایە ئەم چەکانە هەڕەشەی راستەوخۆن، چونکە لە رێگەی پەیەدە/یەپەگە-وە رادەستی پەکەکە دەکرێت و لە بەرامبەر سوپاکەیدا بەکاردەهێنرێت.

دۆناڵد ترەمپ ستراتیژییەتی نوێی ئیدارەکەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راگەیاند، ئەو رەزامەندی دەربڕی بە پشتیوانیکردنی هێزەکانی هەسەدە کە بەدۆستەکانی ئەمریکا دەناسرێت لە سووریا و پێنتاگۆنیش بەکردار فەرمانەکەی ترەمپ بەجێ دەگەیێنێت.

هاوکارییەکە بریتییە لە ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی و لە پارەیەشدا ٣٩٣ ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی چەکە، ١٠٧ ملیۆن دۆلاریش بۆ خەرجییەکانی مەشق و راهێنان بۆ ٣٠ هەزار شەڕڤان تەرخانکراوە.

میدیاکانی تورکیا، لیستی کڕینی چەکیان لەلایەن پێنتاگۆنەوە بڵاوکردەوە و راشیانگەیاند، لە لیستەکەدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە چەکەکان رادەستی «هەسەدە» یان «یەپەگە» دەکرێن، بەڵکو نووسراوە راستەوخۆ بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەدرێت، کە ئەمریکا پشتیوانیانە و لە لیستەکەدا هاتووە:

بەبڕی ٦,٣ ملیۆن دۆلار ١٢ هەزار کلاشینکۆف
بەبڕی ٢٠,٣ ملیۆن دۆلار ٦ هەزار چەکی ئۆتۆماتیکی
بەبڕی ٤٢٠ هەزار دۆلار ٦٠ هەزار پارچەی یەدەگی کلاشینکۆف

بەردەوامبوون لە پڕچەککردنی هەسەدە، دوای ١٨ڕۆژ دێت لە پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان ترەمپ و ئەردۆغان کە مەولوود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، ترەمپ بەڵێنی بە ئەردۆغان داوە پڕچەککردنی هەسەدە ڕابگرێت.
دەزگای هەواڵگری نیشتمانی تورکیا «میت» لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێکی بۆ بڕیاربەدەستانی تورکیا بەرزکردەوە و ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش لە چەندین بۆنە و ڕوونکردنەوەی جیاوازدا ئاشکرایکرد، ئەمریکا بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە ڕەققە و ناوچەکانی دیکەش، زیاتر لە چوار هەزار بارهەڵگر چەکی جۆراوجۆری ڕادەستی هەسەدە کردووە.
لە بەرامبەر نیگەرانییەکانی تورکیا، پێنتاگۆن ڕایگەیاند، ئەو چەکە قورسانەی کە تورکیا بە هەڕەشەی دەزانێت بۆ سەر سوپاکەی، لە هەسەدە دەسەنێتەوە. تورکیاش داوایکردووە سەرجەم چەکەکانیان لێ وەربگیرێتەوە.
**داڕشتنەوە؛ ڕاوچی حەسەن..ڕوداو**

## ئەمریکا لە دێرەزۆر بنکەی سەربازی دەکاتەوە

بەرپرسێکی هەسەدە ڕایگەیاندووە، ئەمریکا لە چوارچێوەی جەنگی دژ بە تیرۆر لە دێرەزۆر بنکەی سەربازی دەکاتەوە. ڕاشیگەیاندووە، بنکە سەربازییەکەی ئەمریکا دەکەوێتە نزیک کێڵگە نەوتی و غازییەکانی دێرەزۆر کە ماوەیەکە لەلایەن شەڕڤانانەوە کۆنترۆڵکراون.
ئاژانسی هەواڵی سپوتنیک بڵاویکردەوە، بەرپرسێکی باڵای هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (هەسەدە) ڕایگەیاندوە، ئەمریکا لە چوارچێوەی شەڕی دژ بە داعش و تیرۆردا لە باکووری سوریا و ڕۆژئاوای

کوردستان بنکە سەربازییەکانی زیاد دەکات و هەر لەو چوارچێوەیەشدا بنکەی سەربازی لەو شوێنانەدا دروست دەکات کە شەڕڤانان لە شەڕی دژ بە داعشدا ڕزگاریان کردوون. ڕاشیگەیاند، ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ لە باکووری سوریا و ڕۆژئـاوای کوردستان دەمێنێتەوە و دروستکردن و کردنەوەی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکاش بە کارێکی باش دەزانن.

ئەوەشی خستووەتەڕوو، ئەمریکا لە نزیک ناوچە نەوتی و غازییەکانی کۆنیکۆ، تەنەک و عومەر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و پارێزگای دێـرەزۆر، کە ماوەیەک لەوە پێش لەلایەن شەڕڤانانەوە لە دەست چەکدارانی داعـش ڕزگـار کـران، دەستیکردووە بە کـردنـەوەی و دروستکردنی بنکەی سەربازی و بنکە سەربازییەکانیش هاوشێوەی بنکە سەربازییەکانی کۆبانێ و حەسەکە گـەورەن و لە ماوەیەکی کورتیشدا کارەکانی دروستکردنی ئەو بنکە سەربازییە تەواو دەبێت.

بەپێی سەرچاوە میدیاییەکان ئەمریکا لە دێرک، تەبقە، ڕمێلان، هۆل، شـەدادی، کۆبانێ، عەین عیسا، منبج، ڕەقە، حەسەکە و گرێ سپی بنکەی سەربازیی هەیە و لە نزیک گوندیی خەرەبشک لە باشووری کۆبانێ بنکەی تری سەربازیی گەورەی هەیە.

**٢٠١٧/١٢/٥**

## ئەمریکا هێزێکی ئەمنی بۆ کورد دروست دەکات

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکراتدا، هێزێکی ئەمنی دروسـت دەکات کە ئەرکیان پاراستنی سنوورەکانە.

هـاوپـەیـمـانـی نـێـودەولـەتـی دژی داعـش کـە لـەلایـەن ئـەمـریـکـاوە سەرپەرشتی دەکرێت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هێزەکە ٣٠ هەزار شەڕڤان لەخۆدەگرێت و لەژێر فەرمانی هێزەکانی سوریای دیموکراتدا کاردەکات.

زۆربـەی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە شەڕڤانانی یەکینەکانی

پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژن پێکهاتوون. هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕوونیشیکردەوە ئێستا سەرقاڵی مەشقکردنن بە نزیکەی ٢٣٠ شەڕڤان، بەڵام ئامانجی کۆتاییان بریتییە لە پێکهێنانی هێزێکی ٣٠ هەزار کەسی.
ئاماژەشیدا بەوەی ئەو هێزانە لە ناوچە سنوورییەکانی سوریایە لەگەڵ تورکیا و عێراق، هەروەها لە نزیک دۆڵی ڕوویاری فورات و بەدرێژایی ئەو ناوچانەی ڕۆژئاوای سوریا جێگیر دەکرێن کە ئێستا لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە کۆنترۆڵ کراوە.
ئەم هەنگاوەی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هاوکات لەگەڵ نیگەرانی و هەڕەشەکانی تورکیا و لەدوایین لێدوانیشیدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیاش هەڕەشەی داگیرکردنی شاری عەفرین دەکات و ڕایگەیاندووە «لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئۆپەراسیۆنی عەفرین دەستپێدەکەین».

## ئەمریکا : هیچ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ تورکیا نییە بۆ کشانەوەی یەپەگە لە منبج

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەتی کردەوە کە هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان واشنتۆن و ئەنکەرەدا هەبێت بۆکشانەوەی یەپەگە لە مەنبج و فەرماندەیەکی سەربازیش لە شارەکە دەڵێت دەنگۆی کشانەوەی یەپەگە لە شارەکە ڕاست نییە.
هێزەر ناورت وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند «ئێمە هێشتا نەگەیشتوین بە هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی تورکیا.»
وتیشی، تائێستا ئەمریکا لە گفتوگۆکانی بەردەوامە دەربارەی سوریا و کێشەکانی تر کە پەیوەندیان بە هێزەکانی یەپەگەوە هەیە لە سوریا. ڕاشیگەیاند، بەرپرسەکانی ئەمریکا و تورکیا کۆبونەوەیان ئەنجامداوە لە ئەنکەرە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە.
هاوکات محەمەد ئەبوعادل فەرماندەی گشتی ئەنجومەنی سەربازی منبج بە ئاژانسی سپۆتنیک نیوزی ڕاگەیاند: هێزەکانی یەپەگە لە

شارەکە نەکشاونەتەوەو تەواوی ئەو دەنگۆیانەی باس لە کشانەوەی یەپەگە دەکەن دوورن لە ڕاستییەوە.
ڕاشیگەیاند، "هێزی کوردی لە شارەکە بەتەنها نییە، ئێمە خەڵکی ناوچەکەین و کە (منبج)مان پاراست".
ئاشکراشیکرد، هێزەکانی سوریای دیموکرات(هەسەدە) پاش ئەوەی داعشیان لەشارەکە دەرکرد پاش چوارمانگ مانەوە کشانەوە.
ئەو فەرماندە سەربازییە سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەمریکا و تورکیا لەسەر منبج وتی، "ئەو قسانەی باس لە ڕێککەوتنی ئەمریکا و تورکیا دەکەن لەسەر منبج تەنها قسەی ڕاگەیاندنەکانی تورکیایەو ئێمە لەشارەکەین هیچ باسێکی ئەوتۆ نییە".
جەختیشی کردەوە، پێش دوو ڕۆژ لەگەڵ نوێنەرێکی ئەمریکی کۆبووەتەوە لە منبج و باسی ڕادەستکردنی شارەکە بە تورکیا نەکراوە.
پێشتر مەولود چاوش ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاندبوو، لەگەڵ ئەمریکا لەسەر نەخشە ڕێگایەک ڕێککەوتون و یەپەگەو پەیەدەش لە شارەکە دەردەکەن.
شاری منبج دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای حەڵەب لە باکوری سوریا و نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر لە خۆرئاوای ڕوباری فوڕاتەوە دوورە و ٨٠ کیلۆمەتریش لە شاری حەڵەبەوە دوورە، دانیشتوانەکەی پێکهاتوون لە عەرەب و کورد.

### ئەمریکا: لە پاڵپشتیکردنی شەڕڤانان بەردەوام دەبین

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ستایشی ڕۆڵی شەرڤانان دەکات لەروبەڕوبونەوەی چەکدارانی داعش‌و دوپاتیدەکاتەوە کە هێزەکانی سوریای دیموکرات کاریگەرترین هێزن کە بەشداری ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری رەققە دەکەن.
هێزەر نۆرێت، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، شەرڤانان ڕوبەرێکی فراوانیان لەدەستی داعش رزگاکردووە، هەربۆیە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لەپاڵپشتیکردنیان.

وتیشی، شەرڤانان توانیویانە ٥٠٪ ئەوخاکەی کۆنترۆڵکردۆتەوە کە داعش لەسوریا داگیری کردبو. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەشی خستۆتەڕو کە ئەمریکا متمانەی بەشەڕڤانان هەیەو هەماهەنگییان لەگەڵ دەکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داعش لەسوریا.
بەوتەی هێزەر نۆرێت، هێزەکانی سوریای دیموکرات، لەپاراستنی ئاسایشی ناوچەکە ڕولێکی کاریگەریان گێڕاوەو بەئەرکی خۆیان هەستاون.
لەلایەکی دیکەوە برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لەهاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش، لەشاری هێرتزلیای ئیسرائیل ڕایگەیاند، "هێزەکانی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش لێکۆڵینەوە دەکەن‌و هەمو زانیارییەکان کۆدەکەنەوە سەبارەت بەوردەکارییەکانی تێپەڕبونی تیرۆریستە بیانییەکان بۆ ناو خاکی سوریاو عێراق".
مەکگورک وتیشی، "پاش ئەوەی زانرا کە تیرۆریستە بیانییەکان لەڕێگای تورکیاوە بەرەو سوریا تێپەڕ دەبن هێزەکانی هاوپەیمانان ڕێگریان لێکردن، بۆیە لەئێستا ژمارەی ئەو تیرۆریستە بیانییەی لەخاکی تورکیاوە دەچنە سوریا زۆر کەمبۆتەوە، لە کاتێکدا پێشتر لە ماوەی هەفتەیەکدا سەدان تیرۆریستی بیانی لەڕێگای تورکیاوە دەچونە سوریا".

**ئەمەریکا بە توندی رەخنە لە بۆردومانەکانی تورکیا دەگرێت**

ئیدارەی ترامپ بەتوندی ڕەخنە لە تورکیا دەگرێت لەسەر بۆردمانکردنی هێزە کوردییەکان لەلایەن فرۆکە جەنگییەکانی ئەو وڵاتەوە لە عێراق‌و سوریاو تۆمەتباری دەکات بەوەی لە هێرشە ئاسمانییەکەدا هاوئاهەنگیی لەگەڵ هاوپەیمانی دژی داعش نەکردوە.
پێنتاگۆن‌و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا "نیگەرانی قوڵ"ی خۆیان بەرامبەر هێرشە ئاسمانییەکەی تورکیا ڕاگەیاندو ئاشکرایان کرد ناڕەزایەتی خۆیان ڕاسەوخۆ بە حکومەتی تورکیا ڕاگەیاندوە. هۆشداریشیان داوە کە بە ئامانج گرتنی گروپە کوردیەکان دەشێت تەرکیز لەسەر هەڵمەتی هاوبەش دژی داعش لاببات.

مارک تۆنەر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە رایگەیاند: "ئێمە زۆر نیگەرانین، بە قوڵی نیگەرانین لەوەی تورکیا لە باکوری سوریاو باکوری عێراق هێرشی ئاسمانی ئەنجامداوە بەبێ ئەوەی هاوئاهەنگی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکان یان هاوپەیمانی بەرفراونی دژی داعش بکات... هاوپەیمانان پشتیوانی لەم هێرشە ئاسمانییە ناکەن کە بوە هۆی گیان لەدەستدانی هێزە شەریکەکانمان لە شەڕی داعشدا، لەوانەش ژمارەیەک پێشمەرگەی کورد".

تۆنەر ئاماژەی بە ناڕەزایی عێراق کردو وتی دەبێ هەمو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی "رێز لە سەروەری خاکی عێراق بگرێ".

لەلایەکی ترەوە وتەبێژی پێنتاگۆن رایگەیاند "دەبێ شەڕی داعش ئامانجی لەپێشینەی تورکیا بێت". جەختیشی کردەوە "ئێمە ئەو هەڕەشانە دەزانین کە پەکەکە بۆ تورکیا هەیەتی، بەڵام ئەم شەڕەی تورکیا نابێ لەسەر حسابی شەڕی دژی داعش بێت کە هەڕەشەیە لەسەر هەمومان".

**٢٠١٧/٤/٢٥**

## ئەمەریکا بەرگری لە رۆژئاوا دەکات و پەکەکەی رادەستی تورکیا کرد

لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆک کۆماری تورکیا، ترامپ بەرگری لە رۆژئاوای کوردستان دەکات، بەڵام دەستی تورکیای وڵا کرد کە هێرش بکاتە سەر پەکەکە.

لەو کۆنگرە رۆژنامەگەرییەدا کە لە کۆشکیی سپی لە واشنتۆن سازکرا، ترامپ وتی « پشتیوانی لە تورکیا لە بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک پەکەکە و داعش دەکەین و متمانە دەدەین لەبارەی نەهێشتنی شوێنێکی ئارام بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان».

هەروەها لەو کۆنگرەیەدا ترامپ وتیشی « دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند: «بە ستایشەوە پێشوازی لە هەوڵەکانی رێبەرایەتی تورکیا بۆ وەستاندنی کۆمەڵکوژییە دڕندەییەکانی سووریا دەکەین. شەڕی ناوخۆی سووریا گشت جیهانی شۆک کردووە. بۆ بینی ئەمە تاکە شتێک کە پێویستە بیکەین ئەوەیە، سەیری لاپەرەی

یەکەمی ڕۆژنامەکان بکەین. پشتیوانی لە هەموو هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی سووریا و دەستەبەرکردنی دەرفەتێک بۆ چارەسەر».
هەرچی ئۆردوغانە لەو کۆنگرەیەدا وتی» «لە ئایندەی ناوچەکەماندا شوێنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان نییە. بەتایبەتی بەهەند وەرگرتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی یەپەگە/پەیەدە جا لەلایەن هەر وڵاتێکەوە بێت، لەوبارەیەوە بێگومان ڕێککەوتن لەسەر ئاستی جیهانی گونجاو نییە».
هەروەها وتیشی» سەرکۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕاشیگەیاند: «بە ڕوونی چاوەڕوانییەکانی خۆمان دەگەیەنمە بەرێز سەرۆک ترەمپ لەبارەی ڕێکخراوی تیرۆریستی فەتۆی ئەنجامدەری هەوڵی کودەتاکەی ١٥ی تەمووز». چاودێرانی سیاسی پێیانوایە دوای کۆبوونەوەکانی ئۆردوغان لەگەڵ ترامپ، تورکیا دەستکراوە تر دەبێت لە لێدانی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە عێراق، بەڵام ئەمەریکا ڕێگا نادات هێرشبکرێتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان. دەربارەی دۆسیەی گولەنی سەرۆکی خزمەت، ئۆردوغان بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە تورکیا، چونکە ئەوان وەک دۆسیەیەکی یاسایی تەماشای دەکەن.
http://speemedia.com

**ئەمەریکا بەرگری لە هاوپەیمانە کوردەکانی لە سوریا دەکات**

وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند» هێزەکانیان بەرگری لەهاوپەیمانەکانیان و هاوبەشەکانیان لەسوریا دەکـەن لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی هەر هێرشێکدا».
هیزەر ناوێرت، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند « لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژ بە داعش و شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتدا دەستیان کردۆتەوە بە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی دوایین مۆڵگەکەکانی داعش لەو وڵاتە».
لەو ڕاگەیاندراوەدا هیزەر ناوێرت، ئاماژەی بەوەشداوە کە شەڕەکەیان لەگەڵ داعش قورس دەبێت، بەڵام لەگەڵ هاوبەشەکانیان لەسوریا سەردەکەون.

ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژ بە داعش لە سوریا پشتیوانی لە شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکەن کە یەپەگە پێکهێنەری سەرەکی ئەو هێزانەن و ئەمریکا هەسەدە وەک هاوبەش ناودەبات.

هێزەر ناوێرت ئاماژەی بەوەشداوە کە ئەوان بەرگری لە هاوبەشەکانیان لەسوریا دەکەن ئەگەر روبەڕوی هەر هێرشێک ببنەوە.

هێزەر ناوێرت لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوەداوە کە لەگەڵ تورکیا، ئیسرائیل، ئوردن، عێراق و لوبنان کاردەکەن بۆ پاراستنی سنورەکانی ئەو وڵاتانە لەداعش.

## ئەمەریکا پێداچوونەوە بە مانەوە یان دەرهێنانی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا دەکات

دوو هێز، بەهەمان ئامانج و ئایدۆلۆجیاوە، یەکێکیان هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمەریکا و ئەویتریان لە لیستی تیرۆرەکەیدایە. ئەمەریکا تا ئێستا دوو جار پێداچوونەوەی کردووە بەناوی پەکەکەدا بۆ هێنانەدەرەوە یان مانەوەی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا و بڕیاریشە ساڵی ٢٠١٨ ئەمەریکا جارێکیتر پێداچوونەوە بە ناوی پەکەکەدا بکات لەو لیستەدا.

پەکەکە و پەیەدە، دوو پارت، کە لەگەڵ چەندین پارت و ڕێکخراوی تردا، سەر بە سیستمی بەڕێوە بەرایەتی کەجەکەن و کۆنگرەی گەل هاوشێوەی پەرلەمانی ناوخۆییانە، بەدەر لە پێگە جوگرافیەکەیان، کە پەکەکە لە باکوری کوردستانە و پەیەدە لە ڕۆژئاوادایە، هیچ جیاوازییەکیان لەڕووی ئامانج و ئایدۆلۆجیا و سیستم و شێوازی چالاکییەوە نییە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە کەلە لیستەکەدا، لەپاڵ ناوی پەکەکەدا ناوی کۆنگرەی گەلیش هاتوە. بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لەبەرواری ١٠ ی ئابی ١٩٩٧ەوە، ناوی پەکەکەی خستووەتە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستە بیانیەکانەوە.

ئەم لیستە کەلەئێستادا ٦١ ڕێکخراو لەخۆدەگرێت و تائێستا ١٢ ڕێکخراو توانیویانە ناویانی تێدا بسڕنەوە، بەپێی بەپێی ماددەی ٢١٩ لە یاسای پەناهەندەیی و هاوڵاتیبوونی هەمواركراوی ئەمەریکا کە بە INA ناسراوە، دروستکراوە.

ئەوپێوەرە یاساییانەی INA دایناوە بۆ ناوزەندکردنی هەرڕێکخراوێک بریتین لە:

١ - دەبێت ڕێکخراوێکی بیانی بێت.

٢ - ڕێکخراوەکە دەبێت لە کاری تیرۆریستییەوە تێوەگلابێت. یان توانا و نیەتی تێوەگلانی هەبێت لە کاری تیرۆریستیی یاخود لە تیرۆریزم دا.

٣ - کارە تیرۆریستیەکان، یاخود تیرۆریزمی ڕێکخراوەکە، دەبێت هەڕەشەبن بۆ ئاسایشی هاوڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، یان ئاسایشی نیشتیمانیی ئەمەریکا وەک (بەرگری نیشتیمانی، پەیوەندییە بیانیەکان، یاخود بەرژەوەندییە ئابووریەکان)ی ویلایەتە یەکگرتوەکان.

ئەو ڕێکخراوەی ناوزەند دەکرێت، دەتوانێت لەماوەیەکدا کە لە ٣٠ ڕۆژ، تێپەڕنەکات، لەدادگای تێهەڵچوونەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە بازنەی هەرێمی کۆلۆمبیا تانە لە بڕیارەکە بدات.

بەپێی یاسای (ریفۆرمی هەواڵگری و خۆپاراستن لە تیرۆر)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەموو ناوزەندکراوێک دەتوانێت دوای ٢ ساڵ لە بەرواری ناوزەندکردنیەوە، یاخود لەبەرواری دواهەمین داواکارییەوە، داوای پێداچونەوە و ناو سڕینەوە پێشکەش بکات.

ئەگەر لەماوەی ٥ ساڵدا پێداچوونەوەی لەوشێوەیە ڕوویندا، ئەوا وەزیری بەرگری داواکراوە کە کە پێداچوونەوە بە ناوزەندکردنەکەدا بکات تابزانێت کە ئایا گونجاوە ناوەی ڕێکخراوەکە بسڕدرێتەوە یان نا.

لەبەدواداچونێکی تایبەتی NRT دا لەسەر ئەم دوو بڕگە یاساییە، سەرحەد حەسۆ، وتەبێژی فەرمیی کەجەکە بە ئێن ئاڕ تی ی ڕاگەیاند «تا ئێستا پەکەکە هیچ داواکارییەکی لەوجۆرەی پێشکەش نەکردووە، لەبەرئەوەی ناوەکە لەسەر بنەمای سیاسی دانـراوە نەک لەسەر

بنەمای یاسایی و ئەورپاش هەمان شتی کردووە لەبەر بەرژەوەندیی ئابووریی و سیاسیی خۆیان لەگەڵ تورکیا دا، بۆیە ئەو لیستانە هەر لەبنەماوە ڕەوانین».
وتەبێژی فەرمیی کەجەکە ئەوەشی بە ئێن ئاڕ تیی ڕاگەیاند «گەلی کورد لە چوارچێوەی مافی سیاسی و یاسایی خۆیدا لەسەر بنەمای بەڵگەنامە گەردونییەکان تێکۆشانی چەکداریی دەکات بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی، بۆیە ئێمە دەڵێین ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییە و بێڕێزیە بۆ مافی مرۆڤ و مافی گەلی و کورد و داوادەکەین کە ئەوهێزانە هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن».
سەرحەد حەسۆ ئەوەشی خستەڕوو «ئەمڕۆ لەدژی تیرۆریزمی داعش و بەرەی فەتحی شام و ئەلقاعیدە، ئەو هێزەی تێکۆشان دەکات پەکەکە و هێزی کوردی و گەلی کوردە، بۆیە دەبێت دونیا ئەوڕاستیە ببینێت».
هەر لەو بارەیەشەوە، بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە ئێن ئاڕ تیی ڕاگەیاند، دوو جار لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پێداچوونەوەی بەکەیسی پەکەکە دا کردووە و دوبارە ناوزەندی کردووەتەوە و لە ساڵی ٢٠١٨دا دووبارە پێداچونەوەی پێدادەکرێت.

**ئەمەریکا دان بە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستاندا دەنێت**

ئەمەریکا دان بەو ناوچە کوردی و عەرەبیانەی سوریادا دەنێت کە بەرۆژهەڵاتی روباری فورات ناسراوەو لەژێر دەستی هێزەکانی سوریای دیموکراتیدایە.
رۆژنامەی «شەرقولئەوسەت»، لە راپۆرتێکدا بڵاویکردۆتەوە کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، لە داهاتوودا، ١٠ هەنگاوی سەربازی و سیاسی و دیپلۆماسی بەرامبەر بە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی رووباری فورات ( رۆژئاوای کوردستان)دەگرێتەبەر و وەک هەرێمێکی لامەرکەزی لە چوارچێوەی سووریا دانی پێدادەنێت.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ کردووە، ڕووبەری ئەو ناوچانە ٢٨ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، واتا ٣ هێندەی ڕووبەری لوبنان دەبێت.
واشنتن و مۆسکۆ لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سوریا و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکراتی ڕێککەوتوون کە ڕووباری فورات هێڵی جیاکەرەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فوراتە کە هەسەدە کۆنترۆڵی کردووە، لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژئاوای فورات، کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سووریایە و لەگەڵ ڕووسیا کۆنترۆڵییان کردووە.

**ئەو هەنگاوانەی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەو ناوچانەدا دەیگرنەبەر:**

**یەکەم**: زیادکردنی هاوکارییە سەربازییەکان، بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو، بڕیاری بەردەوامی پڕچەککردنی ئەو هێزانە لەلایەن دۆناڵد ترەمپ، واژوو کرا.

**دووەم**: ڕاهێنانی زیاتر بە هێزەکانی سووریا دیموکرات و گۆڕانکاری لە ڕۆڵیان، بۆ ئەوەی ببنە هێزیکی نیزامی و لە دوای داعش پارێزگاری لە سەقامگیری ناوچەکان بکەن، لەگەڵ مەشق و ڕاهێنان بە پۆلیس و گرتنەدەستی دۆسیەی ئەمنی.

**سێیەم**: بەهێزکردنی ئەنجوومەنە ناوچەییەکان کە حوکمی ناوچە ئازادکراوەکان دەکەن، وەکو ئەنجوومەنەکانی ڕەققە و تەبقە، کە پێدەچێت لە داهاتوودا بخرێنە سەر هەرێمی ڕۆژهەڵاتی فورات.

**چوارەم**: دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان لە ڕێگەی هاندانی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بۆ دابینکردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان.

**پێنجەم**: بەهێزکردنی خزمەتگوزاریی و ژێرخان، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە سەرچاوە سرووشتییەکان کە لەناوچەکە هەن، بەتایبەتیش نەوت و گاز و کشتوکاڵ و ئاو، ئێستاش هەسەدە گرنگترین گێلگەی گاز و نەوت و بەنداوی سووریای لەژێر کۆنترۆڵدایە.

**شەشەم**: ڕاهێنانی دام و دەزگاکانی حکوومەت و دادوەری،

**حەوتەم**: دانپێدانانی دیپلۆماسی بەو ناوچانە، وەک ڕۆژنامەکە

ئاماژەی بۆ کردووە، پسپۆڕان کار لەسەر پەرەپێدانی فڕۆکەخانەی ڕمێلان و چەند بنکەیەکی دیکەی سەربازی دەکەن بۆ پێشوازیکردن لە دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکان لە چەند هەفتەی داهاتوو. هەروەها دابینکردنی پاراستنی ئاسمانی ئەو ناوچانە و هێشتنەوەی پێنج بنکەی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی فورات، کە ئێستا نزیکەی دوو هەزار شارەزا و سەربازی ئەمەریکا تێیدا جێگیربوونە و لەگەڵ هەسەدە ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان پێکهێناوە.

**هەشتەم**: واشنتن گوشارەکانی چڕدەکاتەوە بۆ بەشداریکردنی نوێنەرانی هەسەدە و باڵی سیاسییەکەی لە پرۆسەی سیاسی جنێف لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**نۆیەم**: هاوکاریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ناوچەکانی فیدرالی باکوور، کە بڕیار بوو ١٩ی ئەم مانگە ئەنجام بدرێت، بەڵام بەرپرسێکی کورد ڕایگەیاند، پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ کاتێکی دیکە دواخراوە و ئێستا گفتوگۆ بۆ دامەزراندنی حکوومەت و وەزارەتەکان دەکرێت.

**دەیەم**: دەستەبەرکردنی هاوکاری سەربازی و سیاسی و دیپلۆماسی بۆ هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و دابینکردنی پارێزگاری بۆ هەریمی عفرین و مونبج، کە هەسەدەی تێدا جێگیر بووە و ڕووسیاش بنکەی سەربازی و ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی دامەزراندووە. لەگەڵ بەستنەوەی واشنتن بۆ هاوکاریکردن لە نێوان هەرێمی ڕۆژهەڵاتی فورات و دیمەشق و هێنانە ئارای پرۆسەی ڕاگوزەری سیاسی و لامەرکەزی.

**٢٠١٨/٠١/٠٧**

### ئەمەریکا لەسەر منبەج: هیچ ڕێککەوتنێکمان لەگەڵ تورکیادا نییە

هەرچەندە تورکیا پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئەمەریکا گەیشتۆتە ڕێککەوتن کە هێزەکانی سوریای دیموکراتی لە شاری منبەج بکشێنەوە، بەڵام ئەمەریکا بەراشکاوی ڕای خۆی لەو بارەیەوەی ئاشکرا کردو جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ جۆرە

ڕێککەوتنێکیان لەبارەیەوە لەگەڵ تورکیادا نییە.
مارک تونر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند» هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە لەگەڵ تورکیادا نییە، بۆ یەکەمجارە بابەتێکی لەو شێوەیە دەبیستم کە ڕێککەوتن هەبێت لەنێوان ئەمەریکاو تورکیا لەسەر شاری منبەج کە هێزە کوردیەکان لەو شارە دەربکرێن».
بەرپرسانی حکومەتی تورکیا باس لە ڕێککەوتنێک دەکەن لە نێوان ئەمەریکاو تورکیا لە ئارادایە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەبێت هێزە کوردیەکان و هێزەکانی سوریای دیموکراتی لە شاری منبەج و ڕۆژهەڵاتی فورات دەربکرێن، بەڵام وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەرسوڕمانی خۆی لەبوونی جۆرە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە راگەیاند.
تونەر وتیشی» هێزە یەپەگە لە شاری منبەج پاشەکشەی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرفراوان و چڕ مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزەدا دەکەین و، بە بەهێزترین و فراوانترین هێزی دەزانین لە باکوری سوریاو بە بەشێکی بەرفراوانی دادەنێین لە هاوپەیمانێتی دژی داعش، ئێمە تێدەگەین کە پرسەکە پەیوەندی بەهەندێک کەسایەتی ناو یەپەگەوە هەیەو بەڵێنمان لێ وەرگرتن و ئەوانیش پابەندبن بەڵێنەکانیانەوە».

### ئەمەریکا: پێویستە پەیەدە بەشداربێت

وەزارەتــی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، پێویستە پارتی یەکێتی دیموکرات پەیەدە لە دانوستانەکانی ئاشتی سوریادا بەشدار بێت.
مارک تۆنەر وتەبێژی وەزارەتــی دەرەوەی ئەمەریکا ڕۆژی ١٠ی کانونی دووەمــی ٢٠١٧ ڕایگەیاند «پـرۆسـەی ئاشتی لـە سوریا پێویستی بە هەموو سورییەکانە و دەبێت پەیەدە و کورد وەکو هەموو سورییەکان لە دانوستانەکانی ئاشتی ئەو وڵاتەدا بەشدار بن».
هەروەها وتیشی «پێویستە دەنگی پەیەدە لە هەر دانسوتانێکدا بۆ چارەسەری درێژخایەنی دۆخی سوریا ببیسترێت، هەر بۆیە دەڵێین ئەگەر پرۆسەیەکی ئاشتی بۆ گواستنەوەی سیاسیی بێتە کایەوە و دیموکراسی بێت، دەبێت لەلایەن هەموو سورییەکانەوە پەسەندکراو

بێت».
ئەمەش لەکاتێکدایە ئەمەریکا لە سەرەتای شەڕی داعشەوە پشتگیری هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی دەکات و ئەوەش بووەتە جێگەی ڕەخەن لەلایەن تورکیاوە، چونکە ئەو وڵاتە پەیەدە و یەپەگە بە درێژراوەکی پەکەکە لە قەڵەم دەدات.
هاوکات ڕوسیا و تورکیا کۆتایی مانگی ڕابردوو لەسەر ئاگربەستی سەرتاسەری سوریا ڕێککەوتن و بڕیاریشە دانوستانەکانی ئاشتی ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگە لە کازاخستان دەستپێبکەنەوە.

## "لەنیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا تێدەگەین"
## ئەمریکا: یەپەگە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناناسین

٢٠١٨/١١/٧

نوێنەری تایبەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سوریا ڕایگەیاند کە یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ناناسین و هەرگیز ئەمەمان نەکردوە.
جەیمس جیفری، نوێنەری تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سوریا ڕایگەیاند کە یەکینەکانی پاراستنی گەل"یەپەگە" بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناناسن و لەداهاتوشدا ئەو کارە ناکەن.
جەیمس جیفری لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەوەڵامی پرسیانی "دانانی خەڵات بۆ ئاشکراکردنی شوێنی سەرکردەکانی پەکەکە و پشتگیریکردنی یەپەگە لەهەمان کاتدا لەلایەن ئەمریکاوە، پێچەوانەی یەکتر نین؟"، ڕایگەیاند"هەڵوێستمان بەرانبەر پەکەکە رونە."
ئەوەشی خستەڕو"بەپێچەوانەی پەکەکەوە یەپەگە هێزێکی چالاکە لەسەر زەوی و بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناناسین. هەرگیز ئەمەمان نەکردوەو ناشیکەین."
وتیشی"لە نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەردوکیان تێدەگەین. لەبەرئەوە زۆر زۆر بەوریاییەوە مامەڵە دەکەین. پێش هەمو شتێک زانیاری بە تورکیا دەدەین لەبارەی ئەوەی

چیمان کردوە و بۆچی ئەنجامانداوە.“
جەختیشیکردەوە“هەمو شتێک ئەنجامدەدەین لەپێناو ئەوەی هەڕەشەیەکی جددی لەسەر تورکیا دروستنەبێت لەباکوری سوریاوە. ئێستا پڕۆگرامی منبج پەیڕەو دەکەین.“
جەیمس جیفری وتیشی“بەهۆی نیگەرانییەکانی تورکیاوە، ئەو چەکانەی بە هەسەدە دراون، زۆر زۆر بەوریاییەوە دوریدەخەینەوە لێیان. بە تورکەکان دەڵێین، تەنها چەکی سوک دەدەین بەم مرۆڤانە. ئەمەش یەکێکە لەهۆکارەکانی سەرنەکەوتنیان بەسەر داعشدا لەم دواییەدا.“
ئاماژەی بەوەشداوە کە هێرشەکانی ئەم دواییەی تورکیا بۆ سەر باکوری سوریا یەکێک دیکەیە لەو هۆکارانەی کە سەکەوتنی شەڕڤانانی بەسەر دوایین پێگەی داعشدا دواخستوە.
ئەمریکا بڕی ١٢ ملیۆن دۆلاری وەک پاداشت تەرخان کرد بۆ ئاشکراکردنی شوێنی سێ سەرکردەی باڵای پەکەکە کە پێکهاتون لە هەریەکە لە موراد قەرەیلان، جەمیل بایک و دۆران کاڵکان.
وەزیری بەرگری تورکیا داوای لەئەمریکا کردبو کە هەمان هەڵوێستی لەبارەی یەپەگەشەوە هەبێت.

# بەشی چوارەم: روسیاو رۆژئاوای کوردستان

ڕووسیا: دەبێت کورد بەشداریی دانوستانەکانی ئاشتیی سوریا بێت
میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند، دەبێت شاندی کورد بەشداریی دانوستانەکانی ئاشتیی سوریا بێت.
٢٧ی شوباتی ٢٠١٧ ئاژانسی هەواڵی سپوتنیک بڵاویکردەوە، میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە شاری مۆسکۆ ڕایگەیاندووە «دەبێت نوێنەرانی کورد لە دانوستانی ئاشتیی سوریادا بەشدار بن». جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ئەوەشی وتووە «ئێمە هیوادارین ئۆپۆزسیۆنی سوریا بتوانن بۆ گفتوگۆکانی ئاشتیی جنێڤ لە سویسرا، شاندێکی هاوبەش دروست بکەن». ئەوەش لە کاتێکدایە لە ڕۆژی ٢٣ی شوباتی ٢٠١٧ەوە چوارەمین دانیشتنی ئاشتیی جنێڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سوریا دەستپێکردووە و نوێنەرانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئەو دانیشتنە بانگهێشت نەکراون.

پێشتریش دانیشتنەکانی جنێڤی یەک و دوو و سێ بە بێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، بەڕێوە چووبوون و ئەو دانیشتنانە نەیتوانیبوو بگەنە ئەنجام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سوریا.

بۆگدانۆڤ: ڕاوێژ بۆبەشداریی کوردلەکۆنگرەی سوچیدا بەردەوامە

میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند، ڕاوێژ بۆبەشداری کردنی کورد لە کۆنگرەی سوچیدا بەردەوامە. ڕاشیگەیاند، بەهۆی ڕاوێژەکانەوە بۆ بەشداریکردنی کورد لەو کۆنگرەیەدا تائێستا کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە دیارینەکراوە. کۆنگرەی دیالۆگی نیشتمانیی سوریا کە بڕیارە لەشاری سوچی ڕووسیا بەڕێوەبچێت بەدەستپێشخەریی ڤلادمیرپوتین سەرۆکی ڕووسیا کاربۆ بەڕێوەبردنی دەکرێت. بەپێی ئەو زانیاریانەی لەمیدیاکانی ڕووسیاوە بڵاوکراونەتەوە، چاوەڕێ دەکرێت لەکۆنگرەی سوچیدا کۆمسیۆنێک بۆ نووسینی دەستووری نوێی سوریا دابمەزرێت وئەو دەستوورەش دواتر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ داهاتووی سوریا.

ئاماژە بەوەشکراوە، بۆ کۆنگرەکەی نوێنەری هەموو گروپە ئیتنی ونەتەوەیی وئاینییەکانی سوریا، نوێنەرانی حکومەتی سوریاو نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆن لە ناوخۆو دەرەوەی سوریا بانگهێشتکراون وهەریەک لە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، نوێنەری خاچی سوری نێودەوڵەتی، نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیش بەشداردەبن بۆچاودێری کردنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە.

دیمیتری پسکۆڤو تەبێژی کۆشکی کرملین دوێنێ ڕایگەیاندبوو، کۆنگرەی دیالۆگی نیشتمانیی سوریا بەمنزیکانە بەڕێوەدەچێت ولە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٢یتشرینی دووەمی ٢٠١٧ی سەرۆکەکانی ڕووسیاوتورکیاوئێراندا باسی بەشداریکردنی کورد لەوکۆنگرەیەدا تاوتوێکراوە. قەیرانی سوریا ماوەی ٦ ساڵە بەردەوامەو تائێستا هەمووهەوڵە نێودەوڵەتییەکان لەجنێڤ، ئاستانە وڕیاز بۆچارەسەرکردنی قەیرانی سوریا ئەنجامی نەبووە.

حزبەکانی ڕۆژئاوا بو ڕووسیا: کورد سوریای فیدڕاڵی و دیموکراتی و دەستووری نوێی دەوێت

حزبەکانی ڕۆژئـاوای کوردستان نەخشەڕێیەکیان بۆ حکومەتی ڕووسیان ناردووە و بەپێی نەخشەڕێیەکە پێویستە، سوریا بکرێتە فیدڕاڵی و دەستووری نویَ بنووسرێتەوە و ناوی سوریا بگۆڕێت و ئەو ڕێککەوتننامانە هەڵبوەشێنرێنەوە کە لە دژی کوردن.

١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ئاژانسی هەواڵی سپوتنیک بڵاویکردەوە، بەرپرسانی حزبەکانی ڕۆژئـاوای کوردستان لەسەر بانگهێشتی ڕووسیا ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ لە بنکەی سەربازیی ڕووسیا حمەیمیم کۆبوونەوەیەکان ئەنجامداوەو حزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر ناوی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئـاوای کوردستان پرۆژەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سوریا و داهاتووی کورد لەو وڵاتەدا ڕادەستی بەرپرسانی ڕووسیا کردووە.

فۆزا یوسف ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزرێنەی سیستمی فیدڕاڵیی دیموکراتیکی باکووری سوریا کە لەو شاندەی ڕۆژئاوای کوردستاندا بووە و لەبارەی ناوەرۆکی پرۆژە و نەخشەڕێی حزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕایگەیاندووە، ئەو حزبانەی کە لەلایەن ڕووسیاوە بانگهێشتکرابوون داوایانکرد شاندەکەیان وەک شاندی خۆبەڕێوەبەری قبوڵ بکرێن و پێشوازییان لێ بکرێت و لە دوای ئەوە ئەو داوایە قبوڵ کرا، شاندێک دامەزرێندرا و ڕەوانەی کۆبوونەکە کرا. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی دامەزرێنەری سیستمی فیدڕاڵیی دیموکراتیکی باکوری سوریا ئەوەشی خستبووە ڕوو، پێشتریش لیژنەیەکی تر دروستکرابوو و کۆبوونەوەیەکی تر بەڕێوە چوو بوو، بەڵام ئەنجامی نەبوو بوو و ئەوەی ئێستا کۆبوونەوەی دووەم بووە و کۆبوونەوەکەش بۆ ئەوە بووە لیژنەیەکی هاوبەشی کورد و حزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکرێت.

فۆزا یوسف ئاماژەی بەوەشکرد، لە دوای کۆبوونەوەکەوە و تا ئێستا بەرپرسانی ڕووسیا پەیوەندییان پێوە نەکردوونەتەوە و

پێشتریش ڕایانگەیاندبوو، لە دوای ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ کاتی چاوپێکەوتنەکان دیاری دەکرێن، بەڵام لەو ماوەیەدا شاندەکە نەخشەڕێییەکی ئامادەکردووە و نەخشە ڕێکەیان بۆ بەرپرسانی ڕووسیا ناردووە.

**بەپێی قسەکانی فۆزا یوسف لە نەخشە ڕێگاکەدا هاتووە:**

**خاڵی یەکەم:** تاوەکو ئێستا کێشەکانی سوریا بە شێوەیەکی ڕیشەیی قسەیان لەسەر نەکراوە. هەموو کات هەوڵی ئەوە دراوە کە چاکسازی، یان نۆژەکردنەوەیەک ئەنجام بدرێت، بەڵام ڕاستییەک بە ناوی دەوڵەت – نەتەوە لە گۆڕێدایە و دەوڵەتی ناوەندی لەسەر بنەمای یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک دین قبوڵ ناکرێت و ناشبێتە چارەسەر بۆ کێشەکانی سوریا. بۆ ئەوەش ئێمە بە پێویستی دەزانین گۆڕانکاریی ڕیشەی ئەنجام بدرێن. ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەیەش لە سیستمی دەوڵەتدا بکرێت. بۆ ئەوەش پێشنیاز دەکەین دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتیک لە سوریا دابمەزرێت. لەسەر ئەو بنەمایە ئێمەش بەپێی پێوەرەکانی نەتەوەی دیموکراتیک، کار بۆ ئەوە دەکەین کە هەموو پێکهاتەکان و هەموو گەلان بە ناسنامەی خۆیانەوە بە ئازادی بژین.

**خاڵی دووەم:** دەستوورێکی دیموکراتیک بۆ سوریا بنووسرێت. ئەو دەستوورە کە لە ساڵی ٢٠١٢دا پەسەند کراوە دەستوورێکی دیموکراتیک نییە. پێوستە سەرلەنوێ دەستوورێکی تر ئامادە بکرێت. هەروەها دەبێت ناوی وڵاتەکەش بگۆڕێت، چونکە کۆماری سوریای عەرەبی هێمای ناسنامەی هەموو پێکهاتە و گەلانی سوریا نییە. لەبەر ئەوەش دەبێت هەموو ئەوانە لە دەستووردا بگۆڕدرێن و بۆ ئەوەش ڕێککەوتن بۆ گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت.

**خاڵی سێیەم:** بڕگەی یەکەم: پێویستە بۆ هەندێک کاری هاوبەش لەبارەی کێشە گشتییەکانی سوریاوە لێکتێگەیشتن و دانوستان ئەنجام بدرێت. بۆ نمونە لە بەرامبەر هێزە داگیرکەرەکانی وەک تورکیا و هێزەکانی تر ڕێوشوێنی هاوبەش و گشتی بگیرێتە بەر. **بڕگەی دووەم:** بۆ ئەوەی دەستوورێکی دیموکراتیک بنووسرێتەوە

ئەوا پێویستە لیژنەیەکی هاوبەش دروست بکرێت. بڕگەی سێیەم: ئەو ڕێککەوتننانەی کە تا ئێستا لە دژی گەلان و بە تایبەتی لە دژی گەلی کورد واژۆ کراون هەڵبوەشێنرێنەوە.

ئەو ئەندامەی دەستەی دامەزرێنەری سیستمی فیدڕاڵی دیموکراتیکی باکووری سوریا باسی ئەوەشیکردووە، لە ئەگەری بەرەو پێشچوونەکاندا ئەو لیژنەیە ئامادە دەبێت دانوستانیش لەگەڵ ڕژێمی سوریادا ئەنجام بدات و ئەوەش لەلایەن هەموو حزبە بەشداربووەکانی ئەو کۆبوونەوەیەوە پەسەند کراوە.

فۆزا یوسف لەبارەی ئەوەی کە ئایا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سوریا دروستکراوە و حکومەتی سوریا هەڵوێستی لەبارەی ئەو خاڵانەوە چی بووە؟ وتی «تاوەکو ئێستا هیچ پەیوەندییەک دروست نەکراوە و ئەوەی لەو دانیشتنەدا لایەنی ڕووسی وتیان لە ئێستادا سوریا بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەی ئامادە نییە. لەبەر ئەوەش لە هەنگاوی بچووکەوە بەرەو هەنگاوی گەورە دەڕوات، بەو پێیە بێت لایەنی ڕژێم زیاتر لە بابەتی گۆڕانکاری، دەیەوێت دەستووری ساڵی ٢٠١٢ بە هەندێک دەستکاریەوە بخاتەوە بەر باس و ئەوەی ئێمە لەو دانیشتنەدا لێی تێگەیشتن ئەوەیە کە ڕژێمی سوریا پلانێکی لەو ڕەنگەی هەیە».

لەبارەی ئەوەی کە ئایا بانگهێشت کراون بۆ دانیشتنی ئاستانە وتی، بۆ ئەو دانیشتنەی ئاستانە کە بڕیارە ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ بەڕێوە بچێت، هیچ پەیوەندییەکیان پێوە نەکراوە و بۆ ئەوەش «ناتوانێت چارەسەرێکی دیموکراتیک و ڕیشەیی بۆ گەلان تێدا بێت و هەر ئەنجامەکانی وەک ئەنجامی دانیشتنەکانی جنێڤ دەبێت».

حکومەتی ڕووسیا بۆ ئەو دانیشتنە حزبەکانی ناو تەڤدەم و حزبەکانی ئەنەکەسە و حزبەکانی دەرەوەی ئەو دوو لایەنەی بانگهێشتکردبوو و جگە لە حەوت حزبە ئەندامەکەی ناو ئەنەکەسە حزبەکانی تری بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کردبوو. ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ئاژانسی هەواڵی سپوتنیک بڵاویکردەوە، ڕووسیا ٢٤ حزبی لە ڕۆژئاوای کوردستان بانگهێشتی کۆبوونەوەکە کردووە، بەڵام

حزبەکانی ئەندام لە ئەنەکەسە بەشدارییان نەکردووە و ١٧ حزبەکەی تر چوون و بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کردووە.

http://www.nrttv.com

**خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا: بڕیارەکانی «سۆچی» هیچ بایەخیان لای ئێمە نییە**

کۆردیناسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی دیمۆکراتیی باکووری سووریا ڕایگەیاند، ئەو بڕیارانەی کە لە «کۆنگرەی سۆچی» لە ڕووسیا دەردەچن، لە لای ئێمە هیچ بایەخێکیان نییە.

**پێنجشەممە، ١ Feb ٢٠١٨، ١٠:٥٠**

کۆردیناسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی دیمۆکراتیی باکووری سووریا دەربارەی «کۆنگرەی سۆچی» کە ڕۆژانی ٢٩-٣٠ی ژانوویە بە سەرۆکایەتی ڕووسیا و سەرکێشی ئێران و تورکیا بەڕێوەچوو، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و هەڵوێستی خۆبەڕێوەبەریی باکووری سووریای دەربارەی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاند.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کۆنگرەکە لە جێگەی ئەوەی کە چارەسەری سیاسی بدۆزێتەوە، ڕێگەی بۆ شەڕێکی دیکە خۆش کردووە. لە کاتێکدا کۆنگرەی سۆچی بەڕێوە دەچێت وەڵاتە بەشداربووەکان بۆ داگیرکردنی سووریا ڕێکەوتوون. ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەو وەڵاتانەی کە باس لە چارەسەرکردنی سیاسییانەی ئاڵۆزییەکانی سووریا دەکەن، ئاڵۆزییەکان قوڵتر دەکەن و ڕێگە بۆ شەڕێکی دیکە لە سووریا خۆش دەکەن. هەموو ئەو بەڵێنانەیان کە بۆ چارەسەری ئاڵۆزییەکانی سووریا دابوویان، درۆ دەرچوو.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا خۆبەڕێوەبەریی دیمۆکراتیی باکووری سووریا، ڕەخنەی توند ئاراستەی ڕووسیا دەکات و ڕایگەیاندووە: بەردەوام ڕووسیا باسی لەوە دەکرد کە پێویستە کورد بەشێک بێت لە دانیشتنەکان، بەڵام ئێمە بینیمان کە ڕووسیا بەردەوامە لە سیاسەتە هەڵەکانیی خۆیدا و خۆبەڕێوەبەریی سیاسیی باکووری سووریای پشتگوێ خستووە و پێکهاتەکانی باکووری سووریایان خستۆتە

بەردەم دوو بژاردە: یان واز لە بڕیاری فیدراڵی باکووری سووریا بێنن، یانیش رێگە بۆ تورکیا خۆش بکەن کە هەرێمی عەفرین داگیر بکات.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا، کۆردیناسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی دیمۆکراتیی باکووری سووریا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە: ئەو کەسانەی کە لە باکووری سووریا بەشداری کۆبوونەوەی سۆچی بوون، وەک تاک بەشدارییان کردووە و هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لە هەرێمەکانی باکووری سووریادا نییە تا بتوانن بڕیارەکانی کۆنگرەی سۆچی لە باکووری سووریا بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

خۆبەڕێوەبەریی باکووری سووریا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، لە کۆنگرەی سۆچی هیچ ئاماژەیەک بە کۆمەڵکوژی و هێرشەکانی سوپای داگیرکەری تورکیا بۆ سەر هەرێمی عەفرین نەکرا، ئەمە دەری دەخات کە ئەم کۆبوونەوەیەش وەک کۆبوونەوەکانی پێشتر بێ ئەنجام دەبێت و بەرژەوەندی سیاسیی وەڵاتانی دەرەکی دابین دەکات. هەر بۆیە ئێمە دەڵێین کۆبوونەوەی سۆچی پێش ئەوەی کە ببێتە جێگای چارەسەری، بووەتە ناوەندێکی بەرژەوەندیی سیاسی.

کۆردیناسیۆنی خۆبەڕێوەبەریی دیمۆکراتیی باکووری سووریا، دووپاتی کردۆتەوە؛ بەشداری نەکردنی ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتییەکی سیاسی، بە واتای قبوڵ نەکردنی ئەنجامەکانیەتی. جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە ئەگەر کۆبونەوەکە بە ئاراستەی هێڵێکی راست و دیمۆکراتدا نەڕوات، بە دڵنیاییەوە بێ ئەنجام دەبێت.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا، خۆبەڕێوەبەریی دیمۆکراتیی باکووری سووریا، داوای لە تەواوی ئەو هێز و لایەنانەی کە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئاڵۆزییەکانی سووریا دەدەن، هەڵوێستێکی کارا پیشان بدەن بۆ وەستاندنی هێرشی سوپای تورکیای بۆسەر گەلی عەفرین.

## وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا: پێویستە کورد لە سوریا ببێتە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی

ماریا زاخارۆڤ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند، پێویستە کورد وەک هێزێکی ئەمری واقع، کە لەسەر عەرزدا شەڕی تیرۆر دەکات بەشداری لە گفتوگۆکان و پرۆسەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا بکات. زاخارۆڤ ڕاشیگەیاندووە، بەشداری پێنەکردنی کورد لە گفتوگۆکاندا بووەتە هۆی ئەوەی گفتوگۆکان بە بنبەست بگات.

ماریا زاخارۆڤ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ لە وەڵامی پرسیاری «ئایا قسەکانی گەنادی گاتیلۆڤ بە مانای ئەوەیە کە کورد لە سوریای داهاتوودا ببێتە خاوەنی پێگەیەکی سیاسی؟ بە ئاژانسی هەواڵی سپوتنیکی ڕاگەیاندووە «ئێمە وەک پرەنسیب دەڵێین، کورد هێزێکی ئەمری واقعە و پێویستە بەشداری لە پرۆسەی گفتوگۆ سیاسییەکاندا لەبارەی سوریاوە بکات، بەڵام هاوکارەکانمان لە گروپی نێودەوڵەتیدا، کە پشتیوانی لە سوریا دەکەن بە هەموو شێوەیەک ڕەتیانکردووەتەوە کورد بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکات و ئەوەش بووە هۆی داخستن و نەمانی پرۆسەکە».

وتەبێژەکەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا وتوشێتی «ئێمە هەموو شتێکمان کرد، کە کورد وەک هێزێک لە ئەمری واقعدا و لەسەر عەرزدا شەڕ لە دژی تیرۆریزم دەکات، پێویستە بەشداری پرۆسەی سیاسی ببن. ئێمە لەسەر ئەوەش لەگەڵ دیمستورادا قسەمان کرد، لاڤرۆڤیش لەگەڵ جۆن کیریدا قسەی کرد. هەروەها ئەوەش بە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕاگەیاندرا».

ماریا زاخارۆڤ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا باسی ئەوەشیکردووە «ئەمڕۆ بە هەموو لایەکەوە پێویستی بە ژیاندنەوەی ئەو گفتوگۆیانە و ئەو پرۆسەیە هەیە. ئەوەتا لە ئەمەریکا هەڵبژاردن کۆتایی پێهاتووە، کە بە داخەوە پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی سوریاوە هەبوو، چونکە تیایدا (لە هەڵبژاردنەکەدا) کارتی سوریا زۆر بە باشی

بەکارهێنرا و هەروەها کارتی عێراقیش بە هەمان شێوە».
ماریا زاخارۆڤ ئەوەشی خستووەتەڕوو «لە ئێستا بە دواوە پێویستە واشنتۆن گفتوگۆ لەبارەی دۆخەوکەوە بە باشی هەڵسەنگێنێت و دەشکرێت دوو پرۆسە لە یەک کاتدا پیکەوە بەڕیوە ببرێن، یەکەم: پرۆسەی سیاسی لە نێوان حکومەتی دیمەشق و ئۆپۆزسیۆندا، کە دەبێت کورد جێی تێدا بگرێت. دووەم: پێویستە جوڵەی دژە تیرۆر دەستپێبکات، کە هێزی ئاسمانیی ڕووسیا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا هاوکاریی یەکتر بکەن».
ئەوەش لە کاتێکدایە گەنادی گاتیلۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕۆژی ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ ڕایگەیاندبوو، کێشەی سوریا بە بێ کورد چارەسەر نابێت و پێویستیشە پرۆسەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا دەستپێبکاتەوە. ڕاشیگەیاند، کورد لە سوریا هێزێکی سیاسی و سەربازییە و بە بێ کورد ناتوانرێت بڕیار لە سەر پێشەڕۆژی سوریا بدرێت.

## پێگەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا

کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان سێ کانتۆنی جزیرە و کۆبانێ و عفرین لە ناو پارێزگاکانی حەسەکە، ڕەقە، دێرزور و حەلەبدا هەیە.
کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان نزیکەی ٤٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە خاکی لە کۆنترۆڵدایە کە ئەوەش نزیکەی چوار هێندەی ڕووبەڕووی خاکی وڵاتێکی وەک لوبنانە.
کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە و ئاسایشی هەیە و پێکهێنەری سەرەکی هیزەکانی سوریای دیموکراتی (هەسەدە)شە.
کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەشێوەی سیستمی هاوسەرۆکایەتی کانتۆنەکان بەڕێوە دەبات و هەر کانتۆنێکیش ٢٢ دەستەی بەڕێوەبەری (وەزارەتی) بۆ بەڕیوەبردنی کاروبارەکانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی هەیە، کە بە شێوەی ئاسایی تەنها کێڵگە نەوتییەکانی ڕمێلان

لە کانتۆنی جزیرە توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێکدا هەیە.
جگە لەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەشێک لە گرنگترین کێڵگەکانی نەوت و گازی هەموو سوریای لە کۆنترۆڵدایە، هەر دوو ڕووباری دیجلە و فوراتیش بە ناو ڕۆژئاوای کوردستاندا بەرەو ناوچە عەرەبییەکانی سوریا و عێراق دەڕۆن.
نزیکەی ٦٠٪ کشتوکاڵی سوریا لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی زەیتون، گەنم، لۆکە و دانەوێڵە جۆراجۆرەکانی تێدا بەرهەم دەهێنرێت.
داهاتی ڕۆژئاوای کوردستان لە دۆخی ئاسایدا نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا دەبێت و دانیشتوانەکەشی نزیکەی ١٥٪ سوریا و زیاتر لە سێ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس دەبێت.

### سێ دانیشتنی جنێڤ بە بێ کورد و بێ ئەنجام بوونیان

کۆنگرەی جنێڤی یەک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا ساڵی ٢٠١٣ و کۆنگرەی جنێڤی دووش لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ لە سویسرا بەڕێوە چوو.
بڕیاربوو کۆنگرەی جنێڤی سێ بۆ چارەسەکردنی کێشەی سوریا، لە ڕۆژی ٤ی ئایاری ٢٠١٥ لە جنێڤی سویسرا بەڕێوە بچێت، بەڵام کۆبوونەوەی جنێڤی سێ لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ کارەکانی لە جنێڤ دەستپێکرد و ڕۆژی ٣ی شوباتی ٢٠١٦ ستیڤان دیمستۆرا نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سوریا و ڕێکخەری دانیشتنەکانی جنێڤ ڕایگەیاند، کۆبوونەوەی جنێڤی سێ بۆ ٢٥ی شوباتی ٢٠١٦ دواخراوە. ئەو ڕێککەوتەش دواخراوە بۆ ١٤ی ئازاری ٢٠١٦.

### جنێڤی سێ لە دوای زنجیرەیەک دانیشتن بە بێ ئەنجامێکی ڕوون کۆتایی پێهات.

تاوەکو ئێستا ڕێگا نەدراوە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و پەیەدە و یەپەگە و یەپەژە و تەڤدەم بەشداری لە دانیشتەکانی جنێڤدا

بکەن. ئەوەش کاردانەوەی کوردی لێکەوتەوە و ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦، ١٨ی حزبی ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاندبوو بەهۆی بێبەشکردنی کورد لەو دانیشتنانەدا پابەند نابن بە بڕیارەکانی جنێڤەوە.
http://www.nrttv.com

**ڕۆژئاوای کوردستان: روسیا پیلاندارێژەی هێرشەکانی تورکیایە**

نوێنەری هاوپەیمانی دیموکراسی سوریی لە هەرێمی کوردستان، هـۆزان عەفرینی رایدەگەیەنێت روسیا پیلاندارێژەی هێرشەکانی تورکیایە بۆ ئـەوەی تۆڵە لەئەمریکاو کـورد بکاتەوە کە پێکەوە پرۆژەیەکیان بۆ ناوچەکە هەیە. هۆزان عەفرینی بە ئاوێنەی راگەیاندوە روسیا دەیەوێت دەسەڵاتی رژێمی بەشار ئەسەد باڵ بکێشێت بەسەر کۆبانیو جزیرەدا لـەرۆژئـاوای کوردستان، پێشی وایـە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا رێگە بە کارێکی لەو جۆرە نـادات، رێگەش نادات تورکیا دەربازی رۆژهەڵاتی روباری فورات ببێت.
باس لـەوەش دەکـات ئێستا دەورییـەی هێزی هاوبەشی یەپەگەو هەسەدەو ئەمریکا لەسەرسنوری کۆبانێ لەگەڵ باکوری کوردستان بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەو وتی "هەمو لایەک دەزانێت کۆبانێ گرێ سپی شوێنی ستراتژی سوپای ئەمریکایە، روسیا دەیەوێت تورکیا بخاتە نێو دەریایەکی بێ سنور کە دواتر زیانی گەورە دەکات".
www.awene.com

**وەزیری دەرەوەی روسیا لەگەڵ نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی سوری لەمۆسکۆکۆبوونەوەیەک دەکات**

**کانونی دووەم ٢٧، ٢٠١٧**

بڕیارە هەینی ٢٠١٧/١/٢٧ وەزیری دەرەوەی روسیا لەگەڵ نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی سوری لەمۆسکۆی پایتەختی وڵاتەکەی کۆبوونەوەیەک دەکـات، کە نوێنەری کـوردانـی رۆژئــاوای کـوردسـتان بـەشداری لەکۆبوونەوەکە دەکەن. بەپێی میدیاکانی روسیا لەوانە، کەناڵی روسیا

یەوم، کە کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێکردن‌و گەیشتنە ڕێککەوتنی هەردوو لایەنی سوری‌و ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەیە لەسەر کێشەکانی سوریا.
عەبدولسەلام عەلی نوێنەری پارتی یەکێتی دیموکرات پەیەدە لەمۆسکۆ رایگەیاند نوێنەری حیزبەکەیان بەشداری کۆبوونەوەی سێرگی لاوروفی وەزیری دەرەوەی روسیاو ئۆپۆزسیۆنی سوری دەکەن.
عەبدولسەلام عەلی لەمیانی لێدوانێکی، راشیگەیاند "خۆی نوێنەری پەیەدە لەفەرنسا بەشداری کۆبوونەوەکە دەکەن، کە داواکاری بەشداریکردنەکە گەیشتووەتە نوێنەرایەتییەکەیان".
کەناڵەکە ئەوەشی نووسیوە، کە پارتی یەکێتی دیموکرات بەهێزترین حیزبی کوردی رۆژئاوای کوردستانەو لەو ناوچانەی باکووری سوریا دەسەڵاتی ئیداری‌و سەربازییان هەیە.
http://www.hivaykurd.com

**ئەستانە؛ گفتوگۆکانی چارەسەری دۆخی سوریا دەستپێدەکاتەوە**

**٢٠١٧/٣/٥**

کۆبوونەوەکانی ئەستانەی پایتەخت-ی کازاخستان چوارشەممە بۆ چارەسەری دۆخی سوریا دەستپێدەکات لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی ئەو وڵاتە. سەرچاوەیەک لەوەزارەتی دەرەوەی کازاخستان رایگەیاندووە، هەموو شاندەکانی کۆبوونەوەکان گەیشتوونەتە ئەستانەو ستیڤان دیمستۆرا نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سوریا ئامادەدەبێت. لەکۆبوونەوەکانی ئەستانە، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی دوور، ستیوارت جۆنز وەک و چاودێر بەشدار دەبێت.
گفوگۆکان بە نێوەندگیری روسیاو نەتەوەیەکگرتووەکان بەرێوەدەچێت و کرملن پرۆژەیەکی پێشکەشکردووە بۆئەوەی هێزەکانی جێگیر بکات لەنێوان هێزەکانی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، ئەوەش بەوتەی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بەهۆ پاراستنی ئاگربەستە.
شاندی سەربازی حکومەتی سوریا و ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە

لەئەستانەی پایتەختی کازاخستان گەڕێگی دیکەی دانوستانیان ئەنجامدا بەسەرپەرستی ئێران و روسیاو تورکیا. سەرۆکی شاندی دانوستانکاری ئێران پێشتر ڕایگەیاندبوو، گفتوگۆکان ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک بووەتەوە هۆکارەکەشی بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا و پشتیوانەکانی گەڕاندبووەوە.

٢٤ی کانوونی دووەمی ڕابردوو، خێرات عەبد رەحمەنوف، وەزیری دەرەوەی کازاخستان بەیاننامەی کۆتایی گەری یەکەمی دانوستانەکانی پایتەختی وڵاتەکەی خوێندەوە کە ماووەی دوورۆژ بەردەوامبوو لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی سوریا.

یەکەم کۆبونەوەی لایەنە ناکۆکەکانی سوریا گرژی بەخۆوە بینی و هەردولایەنی شەڕ تۆمەتیان ئاڕاستەی یەکتردەکرد.

لەبەیاننامەی کۆتاییداهاتبوو، میکانیزمێکی سێ قۆڵی روسی و تورکی و ئیرانی هاوبەش دانراوە، بۆ چاودێریکردنی ئاگربەست لەسوریا کەلەکانونی یەکەمی ساڵی رابردوو دەستپێکربوو.

هەروەها جەخت لەوەکراوەبووەوە، کەچارەسەری سەربازی بۆ قەیرانی سوریا مەحاڵەو دەبێت لەڕێی پرۆسەی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت، پێشنیاریشکرابوو گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی سوریاو ئۆپۆزسیۆن لەجنێڤ دەستپێبکات لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

دانوستانەکان–ی ئەستانە کە لەلایەن روسیاو تورکیاو ئێرانەوە سەرپەرشتی دەکران، یەکەم دانوستان بوو کە تێیدا وەفدی ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی سوریا لەسەر یەک مێز کۆبونەوە، بەبێ کشانەوەی هیچ یەکێکیان لەکۆبونەوەکە، هەروەها یەکەم جاربوو وەفدی ئۆپۆزسیۆن بەیەک وەفد بەشداری دانوستان بکەن.

شەڕی چەکداری ناوخۆی سوریا کە زیاتر لە شەش ساڵە بەردەوامە، بووەتە هۆی کوژرانی ٣٠٠ هەزار کەس و ئاوارەبوونی ١١ ملیۆنی دیکە، لەو کاتەوە کە خۆپیشاندانی میلی دژی بەشار ئەسەدو ڕژێمەکەی لە ئازاری ٢٠١١ دەستپێکرد.

دانوستانەکانی یەکەمی ئەستانە لە هۆتێلێک بەڕێوەچوو، وەفدی ئۆپۆزسیۆن و حکومەت لەسەر مێزێکی گەورەی بازنەیی بەرانبەر یەکتر دانیشتبوون.
هەروەها نوێنەرانی روسیاو ئێران و تورکیاو ستیڤان دیمستۆرا نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان و باڵیۆزی ئەمریکا لە کازاخستان بەشداربوون.

**باڵیۆزخانەی روسیا: پێویستە ئەمەریکا هەوڵەکانی روسیا و تورکیا و ئێران لە سوریا پشتگوێ نەخات**

**٢٠١٨/٢٦/٢**

باڵیۆزخانەی روسیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند، پێویستە ئەمەریکا «هەوڵە کۆڵنەدەرانەکانی» روسیاو تورکیا و ئێران پشتگوێ نەخات لە پێکهێنانەوەی سوریادا.
بەیاننامەیەکەی باڵیۆزخانەی روسیا دوای ئاماژەکانی هێزەر ناوێرت، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هات، سەبارەت بە «شکستی پرۆسەی ئاستانا» پەیوەندیدار بە بارودۆخی غوتەی رۆژهەڵات. باڵیۆزخانەی روسیا ئەوەشی خستووەتەڕوو، «ئەمەریکا پشتگیری تێپەڕاندنی ئەو خاڵانەی پرۆژەیاسای ئاگربەستی کرد لە سوریا، کە ئاماژەن بە هەوڵەکانی روسیا، تورکیا و ئێران، تێبینیمان لەسەر ئەو ئاماژانەی هێزەر ناوێرت هەیە کە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بە شکست لە پرۆسەی ئەستانادا-دا کرد».
لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا باڵیۆزخانەی روسیا داوادەکات ئەمەریکا هەوڵی بەردوامی روسیا، تورکیا و ئێران پشتگوێ نەخات.
دوای چەند جار دواخستن بەهۆی ڕازی نەبوونی روسیا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دەنگیدا لەسەر پرۆژەی «ئاگربەست بەزووترین کات»لە سوریادا.

## یەپەگە: ڕوسیا خیانەتی لێکردین

فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل -یەپەگە- ئاشکرای دەکات کە مۆسکۆ خیانەتی لێکردون‌و ستەمی لەکوردانی سوریا کردووە. هاوکات ڕێگەشی گرتووە لەیارمەتییە سەربازیەکانی دیمەش بۆ شەرڤانان.

سیپان حەمۆ، فەرماندەی گشتی یەپەگە، بەرۆژنامەی (الشرق الاوسگ) ڕاگەیاندووە، "ڕوسیا ڕێگەیدا تورکیا هێرشی سەربازی بکاتە سەر عەفرین، بەوەش مۆسکۆ خیانەتی لێکردین‌و ستەمی لەکوردانی سوریا کرد".

وتیشی، "حکومەتی سوریا پێی ڕاگەیاندین کە ڕوسیا ڕێگەی پێ نەداون هاوکاریمان بکات‌و ڕوبەڕوی هێرشەکانی تورکیا ببێتەوە".

سیپان حەمۆ ئەوەشی ڕونیکردۆتەوە کە سەردانی مۆسکۆی کردوەو چاوی کەوتووە بەسەرۆک ئەرکانی سوپای ڕوسیاو بەرپرسانی هەواڵگری ڕوسی، لەو دیدارەدا بەرپرسانی ڕوسیا ئاگاداریان کردۆتەوە کە تورکیا مافی خۆیەتی پارێزگاری لەئەمنیەتی سنورەکانی بکات.

فەرماندەی گشتی یەپەگە ئەوەشی خستۆتەرو کە بەرپرسانی سەربازی‌و هەواڵگری ڕوسیا ئەوەشیان پێ ڕاگەیاندووە کە ئەوان هێزە سەربازییەکانیان لەعەفرین دەکشێننەوەو ڕێگریی لەکردە سەربازییەکانی تورکیا ناکەن.

## پەیەدەو ڕوسیا لەیەکتر نزیک دەبنەوە

**٢٦ – تشرینی دووهەم ٢٠١٥**

پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)و ڕوسیا لەیەکتر نزیک دەبنەو پەیوەندی نوێ لەبارەی ڕەوشی سوریاوە دەبەستن.

بەپێی هەواڵێکی میدیکانی نزیک لە پەیەدە ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد (پەیەدە) ڕایگەیاندوە کە دەیانەوێت پەیوەندیان لەگەڵ ڕوسیا بەهێز بکەن‌و ئامادەشن کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ڕوسیا هاوپەیمانیەتیەکی نوێ ببەستن بۆ لەناوبردنی تیرۆریستانی داعش .

هەروەها ئاماژەیان بەوەشكردوە كە موسلیم ئەوەی خستوەتەڕوو لەگەڵ رووسیا چەند هەنگاوێكیان ناوە بۆ نزیكبوونەوەو ئەگەری هەیە لەسەر چەند پرسێك بگەنە رێككەوتن. هاوسەرۆكی پەیەدە رونیكردوەتەوە كە رێكەوتنیان لەگەڵ هەر لایەنێك لەسەر بنەمای لەوباردنی داعشەو نەك دژایەتی كردنی هیچ وەڵاتێك یان لایەنێكی ناو سوریا جگە لە رێكخراوە تیرۆرستییەكان.

ئەم لێدوانەی ساڵح موسلیم لەكاتێكدایە كە پەیوەندییەكانی روسیاو توركیا بەهۆی خستنە خوارەوەی فرۆكەیەكی رووسی بەتەواوەتی رووی لە ئاڵۆزی كردوەو چاودێران پێشبینی ئەوە دەكەن رووسیا پەیوەندی بەهێز لەگەڵ كوردەكانی رۆژئاوای كوردستان ببەستن.

http://chawigal.com

**نوێنەری سەرۆكی روسیا: پێداگری دەكەین لەسەر كشانەوەی توركیا لەسوریا**

**٢٠١٨/٨/٢**

نوێنەری سەرۆكی روسیا لە سوریا دەڵێت: پێداگری لەسەر كشانەوەی توركیا دەكەن لە سوریا و دەبێت كاتی خۆی هات بكشێنەوە.

ئەلیكساندەر لاڤرەنتیڤ، نوێنەری ڤلادیمێر پۆتین، بۆ كاروباری سوریا، لە لێدوانێكیدا بۆ ئاژانسی روسیا، رایگەیاند: ئەو شوێنانەی توركیا لە سوریا كۆنترۆڵی كردوون ناوچەیەكی بەرفراوانن ئەوەش بۆ ئەوەیە سیستەمێك لە ئیدلیب بونیاد بنرێت بەوەش توركیا خۆی خستوەتە ژێر بەرپرسیارییەتییەك. وتیشی، ئەوان هەمیشە وتویانە لە دوای كۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنەكانیان و ئەركەكانیان، دەبێت سەربازانی توركیا لەو ناوچانە بچنە دەرەوە.

راشیگەیاند: كاتێك هاوڵاتیانی مەدەنی ئەوناوچانە توانیان بە شێوەیەكی پارێزراو بژین ئەوان پێداگری دەكەن لەسەر ئەوەی سەربازانی توركیا لەو شوێنانە بكشێنەوە و دواتریش یەكخستنەوەی ئەو هەرێمانە بەردەوام دەبێت.

www.knnc.net

**هیچ ڕێککەوتنێک سەبارەت بە کوردەکانی سوریا لە نێوان تورکیاو روسیا نییە**

**١٥- تشرینی یەکەم ٢٠١٦**

وتەبێژی رۆژنامەوانی کرملین ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە باس لە هەبوونی رێککەوتنێک لە نێوان روسیاو تورکیا دەکات لەسەر کوردەکانی سوریا.

ئاژانسەکانی راگەیاندنی تورکیا باسیان لەوە کرد، لە کۆبوونەوەی لوتکەی ئەم دواییەی نێوان روسیاو تورکیا رێککەوتنێک کراوە بەپێی ئەو رێککەوتنە پێویستە مۆسکۆ رێگە لە رووبەڕووبوونەوەی ئەنقەرەو کوردەکان نەگرێت.

دیمتری بیسکۆڤ وتەبێژی رۆژنامەوانی کرملین رایگەیاند، هیچ رێککەوتنێک سەبارەت بە کوردەکانی سوریا لە نێوان تورکیاو روسیا نییەو شتی وا رووی نەداوە.

بەبڕوای تورکیا پەیەدە و باڵی سەربازی هەپەگە درێژکراوەی پەکەکەیە کە بە رێکخراوی تیرۆرستی لەقەڵەمی دەدات.

http://www.hivaykurd.com

**روسیا: ئەمەریکا لە سوریا پشتگیری تیرۆر دەکات**

**٣٠-ئەیلول ٢٠١٦**

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی روسیا ڕایگەیاند، ئەمەریکییەکان لە سوریا پشتگیری تیرۆر دەکەن.

سێرگی ریابکۆڤ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی رووسیا، لە وەڵامی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە رایگەیاندبوو لەکاتی بەردەوامبوونی جەنگی سوریادا، ئەگەر هەیە شارەکانی روسیا رووبەڕووی هێرش ببنەوە و ئەو گوتانەی بە پشتگیریکردنی تیرۆر ناوزەد کرد.

ریابکۆڤ ئاماژەی بەوەدا کە رەتکردنەوەی هاریکاریکردنی روسیا دژبە داعش لەلایەن ئەمەریکاوە، هەوڵێکی روونە بۆ پشتگیریکردنی تیرۆریزم و وتوویەتی "لەم لێدوانەوە دەردەکەوێت کە ئیدارەی ئەمەریکا و

سیاسەتی بەرامبەر بە سوریای بۆ چ ئاستێک دابەزیوە. چارەسەری سوریا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نییە جگە لەو ڕێککەوتنەی روسیا و ئەمەریکا نووسیویانەتەوە. بۆ ئەمەریکا باشترە لە بری هەڕەشە و هەوڵدان بۆ فشار، ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات". ریابکۆڤ ئاماژەی بەوەدا کە بەمەبەستی گەیاندنی یارمەتی مرۆیی داوایان کردووە ٤٨ کاتژمێر پێکدادان بوەستێت، بەڵام ئەمەریکیەکان تەنها بەهۆکارێک کە خۆیان دەیزانن داوای ٧ ڕۆژیان دەکرد کە ئەمەش قبووڵ نەکراوە.
پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، جۆن کیربی رایگەیاندبوو، کە ئەگەر جەنگی ناوخۆی سوریا بەردەوام بێت، ئەوا گرووپە توندڕەوەکان دەشێت دۆخی بەکاربهێنن و چالاکییەکانیان فراوان بکەن. هیچ گومان نییە کە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی روسیاش یەک ناگرێتەوە و رووبەڕووی شەڕ ببێتەوە و شارەکانی روسیاش بگرێتەوە.

## روسیا کۆنفرانسێکی جیهانی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان سازدەکات

**٢١- ئەیلول ٢٠١٦**

لەشاری مۆسکۆی پایتەختی روسیا کۆبوونەوەیەک لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بەڕێوەدەچێت، کە نوێنەری کوردو هەرێمی کوردستانی تێدا نییە. ئاژانسی ڕیا نۆڤۆستی ڕوسیی بڵاویکردەوە، ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە لەمۆسکۆ کۆنفرانسێکی جیهانی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بەڕێوە دەچێت.
بەپێی ئاژانسەکە نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆری گەلانو هەرێمەکانی جیهان بەشداریی تێدا دەکەن، وەک هەرێمی کەتەلۆنیاو کۆسۆڤۆو قرمو چەندین شوێنی دیکە. هەروەها نوێنەرانی ژمارەیەک لەویلایەتەکانی ئەمریکاش بەشداریی تێدا دەکەن، کە تائێستا هۆکاری بانگهێشتنەکردنی گەلی کوردو هەرێمی کوردستان نەزانراوەو ئاژانسەکەش هیچ زانیارییەکی لەو بارەوە رووننەکردووەتەوە.
http://www.hivaykurd.com

## سێرگی لاڤرۆڤ: مۆسکۆ یارمەتی سەربازیی پێشکەش بە کورد دەکات

**١-حوزەیران، ٢٠١٦**

وەزیری دەرەوەی روسیا داوا لە تورکیا دەکات هێزەکانی لەعیراق بکشێنێتەوە، جەختیشدەکاتەوە کە مۆسکۆ یارمەتی سەربازیی پێشکەش بە کورد دەکات.

لەمیانەی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا-ی روسی، سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی روسیا داوای لەحکومەتی تورکیا کردووە کە هێزەکانی لەعێراق بکشێنێتەوە.

تورکیا هێزێکی لەسەربازگەی زیلکان لەمیحوەری باشیک لە نزیک موسڵ جێگیرکردووەو سەرگەرمی مەشقو راهێنانە بەهێزەکانی حەشدی نیشتمانی کە چەکداری سوننەی عێراقین.

بوونی ئەو هێزە کێشەو ئاڵۆزیی لەنێوان عیراقو تورکیادا دروستکرد، ئەوەش دوای ئەوەی بەغدا داوای کشانەوەی ئەو هێزەی دەکردو ئەنکەرەش داواکەی رەتدەکردەوە. لەبەشێکی تری ئەو چاوپێکەوتنەیدا لاڤرۆڤ داوای لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە بایەخی زیاتر بە پرسی کوردانی تورکیا(باکووری کوردستان) بدات.

تەئکیدیشی کردووەتەوە کە روسیا چەک بۆ کوردستانو عێراقیش دەنێرێت، ئەوەش وەک پشتیوانییەک بۆ هەوڵەکانی بەگژداچوونەوەی تیرۆر، دووپاتیشیکردەوە کە ناردنی چەک بۆ کوردستانی عێراق بەڕەزامەندی بەغدا ئەنجامدەدرێت. ئەوەشی خستەڕوو کە کوردانی سوریاش یارمەتی سەربازیی لەڕوسیاوە وەردەگرنو لەڕێی فڕۆکەوە بۆیان دەخرێتەخوارەوە.

ئەو لێدوانەی لاڤرۆڤ لەچوارچێوەی جەنگی ساردی نێوان وڵاتەکەیو تورکیادایە کە لەدوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی روسیی لەلایەن تورکیاوە لەمانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ درووستبوو، تائێستاش درێژەی هەیە.

رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا، روسیای تۆمەتبارکرد بەپێدانی موشەکی دژە فڕۆکە بە گەریلاکانی پارتی

کرێکارانی کوردستان(پەکەکە) بەرپرسانی روسیاش لەوەڵامدا داوایان لە ئەردۆغان کرد تۆمەتەکانی بسەلمێنێت.

**روسیا پێداگیری لەسەر بەشداری کورد لە کۆنگرەی جنێف دەکات**

**٢٦-ئایار ٢٠١٦**

وەزیری دەرەوەی روسیا ئاشکرای کرد وڵاتەکەی پشتیوانی تەواوی کورد دەکات لە سوریاو جەختیش دەکاتەوە کە بەبێ ئامادەیی کورد قەیرانی سوریا چارەسەر نابێت.
لەمیانی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەرانی پەیەدە لە روسیا سێرگی لاڤرۆڤ رایگەیاند کە وڵاتەکەی پشتیوانی تەواوی کورد دەکات لە سوریاو بە پێکهاتەیەکی گرنگی دەزانێت لەو وڵاتەدا. وەزیری دەرەوە رونیکردەوە کە روسیا پێداگیری لەسەر بەشداری کورد دەکات لە کۆنگرەی جنێف، جەختیشکردەوە بەبێ کورد قەیرانی سوریا چارەسەر نابێتو تاکە هێزی کاریگەرن لە سوریادا.
لەلایەکی ترەوە ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پەیەدە رایگەیاند روسیا و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگی نێودەوڵەتی بۆیان دەرکەوتووە کە بەبێ کوردو رەچاوکردنی مافەکانی قەیرانی سوریا چارەسەر نابێت.
موسلیم رونیکردوەتەوە کە ئەوانەی دەیانەوێت کورد بەشداری کۆنگرەی جنێف نەکات هەر ئەوانەشن نایانەوێت قەیرانی سوریا چارەسەر بکرێت.

**روسیا داوای داخستنی سنورەکانی نێوان تورکیا و سوریا دەکات**

**٢- نیسان ٢٠١٦**

سێرگی لاورۆف وەزیری دەرەوەی روسیا گەلاڵەی داخستنی سنوورەکانی تورکیا بەڕووی سوریای بۆ ڕێگری لەهاتووچۆی چەکدارانی بۆ خاکی سوریا خستەڕوو.
سێرگی لاورۆف لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ جۆن کیری وەزیرە دەرەوەی ئەمریکا گەلاڵەی داخستنی سنوورەکانی تورکیا بەڕووی

سوریا خستووەتەڕوو، ناوەڕۆكی پرۆژەكەشی ئاشكرایكردووە.
بەپێی سەرچاوەكان، وەزیری دەرەوەی روسیا لەپەیوەندییە تەلەفۆنییەكەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریكا، ئاشكرایكردووە بەگوێرەی زانیارییەكانی مۆسكۆ، سنوورەكانی توركیاو سوریا بۆشایی هەیە بۆ هاتوچۆكردنی چەكدارانی داعش لەتوركیاوە بۆ سوریا، بۆیە دەبێت ئەو سنوورانە دابخرێت. هەروەها لاورۆف جەختی لەوەش كردووەتەوە، كە دەبێت ئەو سنورانە لەڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە دابخرێت.

## روسیا: هەرچییەک پێویست بکات بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کوردانی رۆژئاوا دەیکەین

**١٧-شوبات ٢٠١٦**

لەبەیاننامەیەكدا وەزارەتی دەرەوەی روسیا پشتیوانی خۆی بۆ كوردەكانی سوریا دووپاتكردوەتەوەو راشیانگەیاند، هاوكارو هەماهەنگی لەگەڵ كوردەكان دەكەن لەشەڕی دژ بەداعشداو هاوكاریان دەبن.
لەبەیاننامەكەی وەزارەتی دەرەوەی روسیادا هاتووە، ئامانجی سەرەكی روسیا لە سوریا، پشتیوانیكردنە لە سوپای سوریا و دواتر ئۆپۆزسیۆنی میللی و كوردەكان. وەزارەتی دەرەوەی روسیا ئاماژەی بەوەداوە، لەشەڕی دژ بەداعشدا هەرچییەك پێویست بكات هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ كوردەكان دەكەن .
لەلایەكی دیكەشەوە، ماریا زاخارۆف وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا ئاشكرایكردوە، وڵاتانی رۆژئاوا داوامان لێدەكەن كە سنورەكانی توركیا و سوریا بۆردومان نەكەین،بۆ ئەوەی رێگەی هاوكاری گەیشتن بەتیرۆرستان نەبڕێت .
وەزارەتی بەرگری روسیاش ئاماری یەك هەفتەی هێرشكردنە سەر تیرۆرستانی ئاشكراكردوە، كە ٤٤٤ هێرشی ئاسمانیان بۆ سەرداعش و گروپە تیرۆرستیەكانی تر لەناو خاكی سوریا ئەنجامداوەو هەزار و ٦٠٠ مۆڵگە و خاڵی ستراتیژیان كردوەتە ئامانج و دەیان تیرۆرست كوژراون .

## ڕوسیا لەسەر بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی سوریا داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەکات

**١٦-شوبات ٢٠١٦**

ڕوسیا لەسەر بۆردومانەکانی تورکیا بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات.

میدیاکانی ڕوسیا بڵاویانکردەوە، کە دەسەڵاتدارانی ڕوسیا داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەڵەتیان کردووە، ئەوەش بۆ تاوتوێکردنی پرسی بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان.

هەر بەپێی میدیاکانی ڕوسیا، دوای ئەوەی تورکیا ئامادەنەبووە ئەو بۆردومانانە ڕابگرێت، کە چەند ڕۆژێکە لەڕۆژئاوای کوردستان دەستیپێکردووە، ڕوسیا داواکەی خۆشتووەتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی چاوەڕێی وەڵامدەکات.

تورکیا لەرێگەی تۆپخانەکانییەوە دەستی بە بۆردومانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانو چەند ناوچەیەکی تری سوریا کردووە، کە هاوسنووورە لەگەڵ ئەو وڵاتە، ئەوەش بەهۆی پێشڕەوییەکانی هێزەکانی پاراستنی گەل یەپەگە لەناوچەکە.

بەپێی میدیاکانی ڕوسیا، ئەو وڵاتە دەیەوێت لەرێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە تورکیا ناچاربکات بەراگرتنی تۆپبارانەکانی بۆ سەر خاکی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان.

## مۆسکۆ دەیەوێت ئۆپۆزسیۆنی سوریا و کوردەکان لەگفتوگۆکان لەگەڵ ئەسەد بەشداری بکەن

**٣١- تشرینی یەکەم ٢٠١٥**

ئاژانسی ئەنتەرفاکسی ڕوسی بڵاوی کردەوە کە میخائیل بوغدانۆف جێگری وەزیری دەرەوەی ڕوسیا ڕایگەیاندوە "کرملین دەیەوێت ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێکبکەونو

وەفدێک بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی سوریا پێکبهێنن".
میخائیل بوغدانۆف جێگری وەزیری دەرەوەی روسیا رایگەیاند "روسیاو سعودیە لیستێک بەناوی ئەو کەسایەتیە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنانەی سوریا ئامادەدەکەن کە دەکرێ لەگفتوگۆکان بەشداری بکەن".
جێگری وەزیری دەرەوەی روسیا راشیگەیاند "مۆسکۆ دەیەوێ سوپای ئازادو کوردەکان لەگفتوگۆکان بەشداری پێ بکات".

# بەشی پێنجەم: ئەوروپاو رۆژئاوای کوردستان

**یەکێتی ئەوروپا: لەئۆپۆاسیۆنەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین زۆر نیگەرانین**

بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین نیشان دەدات و ڕایدەگەیەنێت کە ئالۆزییەکان زیان بەدانوستانەکانی جنێڤ دەگەیەنێت. لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا فیدریکا مۆگرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا، لەبارەی هێرشەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین رایگەیاند، "زۆر نیگەرانین لەئۆپراسیۆنەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین".

وتیشی، ئۆپراسیۆنەکەی تورکیا زیانی گەورە بەدانوستانی ئاشتی جنێڤ دەگەیەنێت، کە بۆ چارەسەری قەیرانی سوریا بەڕێوەدەچن.

بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا نیگەرانی خۆشی خستەڕو بەرامبەر خراپی بارودۆخی مرۆیی عەفرین و بەپێویستیزانی کە هاوکاریی مرۆیی بەئاسانی بگەیەنرێتە ئەو ناوچانەی کە

ئۆپراسیۆنی سەربازییان تێدا ئەنجام دەدەرێت و نابێت ئۆپراسیۆنە سەربازییەکەش کاریگەری لەسەر هاوڵاتیان دروست بکات.

### شاندێکی ئەڵمانیا سەردانی ڕۆژئاوای کوردستانی کرد

شاندێکی ئەڵمانیا سەردانی ڕۆژئـاوای کوردستانی کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کانتۆنی جزیرە کۆبووەوە.
ماڵپەڕی هاوار نیوز بڵاویکردووەتەوە، بە مەبەستی تاوتوێکردنی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان، شاندێکی ئەڵمانیا گەیشتووەتە کانتۆنی جزیرە و لەلایەن فەنەر گێت، جێگری سەرۆکی دەستەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئامینە عومەر، سەرۆکی دەستەی ژنانی کانتۆنی جزیرەوە پێشوازی لێکراوە.
ئاماژەی بەوەش کردووە، شاندەکە پێکهاتووە لە ژمارەیەک ئاکادیمست و پەرلەمانتاری پارتی چەپی ئەڵمانیا و ئامانجیش لەو سەردانە، لەنزیکەوە ئاگاداربوونە لە دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان.
ئەوەشی خستووەتەڕوو، شاندەکە ئامادەیی دەربڕیوە دژی ئەو سیاسەتانە بوەستێتەوە کە بۆ «داگیرکردنی» کانتۆنی عەفرین گیراونەتەبەر.
هاوار نیوز ئاشکراشیکردووە، هەر ئەمڕۆ شاندەکە سەردانی ناوەندی دەستەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کانتۆنی جزیرەی لە شاری قامیشلو کردووە و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو ناوچەیە کۆبووەتەوە.
ئەوەش لە کاتێکدایە هەفتەی ڕابردوو شاندێکی ئیتاڵیا کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەک سیاسەتمەدار و ڕۆژنامە نوس سەردانی ڕۆژئـاوای کوردستانی کرد.

### فەڕەنسا: واشنتۆن رۆژئاوای کوردستان بەجێناهێڵێت

**٦-٩-٢٠١٨**

بەرپرسێکی باڵای سەربازی فەڕەنسا، رایگەیاند، هێزەکانیان ئامادەن بۆ هێرشکردنە سەر سوریا ئەگەر حکومەتی سوریا لە هێرشی

چاوەڕوانکراوی کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگای ئیدلیبی باکوری سوریا چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت.
روسیا کە هاوپەیمانی بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریایە، هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر پارێزگای ئیدلیبی ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەستپێکردەوە، ئەوەش دوای چەندین هەفتە لە بۆردومان و هێرشی ئاسمانی هێزەکانی سەر بەحکومەتی سوریا بۆسەر ئیدلیب، وەکو دەستپێکێک بۆ هێرشێکی فراوان بۆسەر ئەو پارێزگایە.
لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان، فرانکۆس لۆکۆینتری، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی فەڕەنسا وتی، «ئێمە ئامادەین بۆ هێرشکردن ئەگەر دووبارە چەکی کیمیایی بەکاربهێنرێت». لۆکۆینتری ئاماژەی بەوەشکرد، «دەکرێت فەڕەنسا بە تەنیا هێرشەکان ئەنجام بدات، بەڵام لە بەرژەوەندی ئێمەدایە لەگەڵ زۆرترین لەهاوبەشەکانماندا ئەنجامی بدەین».
فەڕەنسا و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا زیاتر لە ١٠٠ موشەکی تۆماهۆکیان ئاڕاستەی ئامانجەکانی حکومەتی سوریاکرد لە تۆڵەی هێرشێکی گومانلێکراوی گازی ژەهراویدا لەلایەن هێزەکانی حکومەتی سوریاوە.
پارێزگای ئیدلیب ٣ ملیۆن دانیشتوانی هەیە، ئاژانسە مرۆییەکان هۆشداریانداوە لە بارەی هێرشی چاوەڕوانکراوی سەر ئیدلیب و، نەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاندووە، تا ئێستا نزیکەی نیوەی دانیشتوانی پارێزگاکە ئاوارەبوون، رێکخراوەکە مەزەندە دەکات ١٠ هەزار چەکداری جیهادی لە پارێزگاکەدا بوونیان هەبێت.
لۆکۆینتری وتیشی، پێشبینی دەکات چەکدارانی داعش لە سوریا و عێراق بەتەواوی تێکبشکێنرێن.
پێدەچێت چارەنوسی ئیدلیب لە کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان سەرکردەکانی روسیا و تورکیا و ئێران، کە لە تاران بەڕێوەدەچێت دیاری بکرێت، لەوبارەیەوە، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی

روسیا رایگەیاند، کۆبوونەوەکە دۆخەکە «رونتر» دەکات.
لەکاتێکدا کە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هۆشداریانداوە لە خوێن ڕشتن بەروونی رایانگەیاندووە، ئەوان تەنیا ئەو کاتە دەستوەردان دەکەن کە چەکی کیمیایی بەکاربهێنرێت.
سەرچاوەیەکی سەربازی فەڕەنسی بە ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرزی راگەیاندووە، ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە روسیا و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێت تا کۆتایی ئەمساڵ هێرشی سەر ئیدلیب تەواو بکەن.
سەرچاوەکە هەروەها رایگەیاندووە، پاریس لەو باوەڕەدایە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوونی سەربازی خۆی لە رۆژئاوای کوردستان بپارێزێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە واشنۆن دەیەوێت هەژموونی ئێران لە سوریا سنووردار بکات.

**مۆسکۆ و بەرلین و پاریس و ئەنقەرە بەرژەوەندیی تایبەتیان لەسوریا هەیە**
**٢٠١٨/١٠/٢٩**

کۆبونەوەی چوار قۆڵیی سەرانی تورکیاو روسیاو فەرەنساو ئەڵمانیا رۆژی ٢٧ی ئەم مانگە لەشاری ئیستەنبوڵ لەبارەی دۆخی سوریاوە. ئەگەر چی لەدروشمدا لەبارەی دۆخ و دوایین گۆڕانکارییەکانی سوریاوە بوو. بەڵام لەناوەڕۆک و مەبەستدا بەو ئاراستەیە نەبوو. چاودێران پێیان وایە بەرژەوەندخوازیی و بەرکەوتەیان لەکێکەکەی سوریاو چەند دۆسەیەکی دیکە ئامانجی پشت پەردەی کۆبونەوەکە بووە.
کۆبونەوەی چوار قۆڵیی ئیستەنبوڵ لەنێوان رەجەب تەیب ئەردۆغان و ڤلادیمێر پوتین و ئیمانوێل ماکرۆن و ئەنگێلا مێرکڵ. خوێندنەوەو قسەی جیاوازی لەسەر دەکرێت.
چاودێرانی سیاسی پێیان وایە لەکاتێکدا هێزەکانی سوریای دیموکرات پێشترو ئێستاش کە شەڕی تیرۆری کردوەو دەکات. کە بەشێکی سەرەکیە لەواقیعی نەخشەی سیاسی و سەربازیی سوریاو هاوکێشەی ئاڵۆزی ئەو وڵاتەدا. کەچی پێگەی پشتگوێخراوەو بانگهێشت نەکرا بۆ

کۆبونەوەکە.
هەروەها هیچ کام لەلایەنە سەرەکیە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریاش کەپێگەیان هەیە بەشدارنەبون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی تورکیاو چاوتێبڕینی لەخاکی سوریاو هەوڵی بەدەستهێنانی خاکی زیاتری سوریاو دژایەتیکردنی کوردو چەند لایەنێکی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەسەر لایەنگیریی لەهاوکێشە سەختەکەی سوریاو قەیرانی ئەو وڵاتە. وڵاتانی بەشدارییش کە روسیاو ئەڵمانیاو فەرەنسایە بۆ رازیکردنی دڵی ئەردۆغان و بۆ بەرژەوەندیەکانیان بەوە رازی بوون. روسیا وەک هێزێکی کاریگەریی قەیرانی سوریا کە بون و پێگەی لەو وڵاتە هەیە. بەشدارییکردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەیەوێت بەپشتیوانی و گەلە کۆمەی ئەنقەرەو پاریس و بەرلین. رۆڵ و پێگەی ئەمریکا کەیاریزانی سەرەکیی هاوکێشەکەیە لەسوریا لاواز بکات و لەداڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی ئەو وڵاتەدا پێگەی خۆی بەهێزتر بێت.
هەر چەندە هەر چوار وڵات بەرژەوەندی هاوبەشیان لە ململانێی سوریا هەیە. بەڵام هەروەک چاودێران دەڵێن هەر وڵاتەو یاریی بۆ بەرژەوەندی خۆی دەکات.
فەرەنسا کەهێزی لەپاڵ ئەمریکا لەمنبجە لەگەڵ ئەڵمانیا بەرژەوەندییان لەسوریاو کۆبونەوە چوار قۆڵیەکە. دۆسیەی کۆچبەران و ئەو سوریانەی پەنایان بۆ ئەوروپا بردوە. هەر هیچ نەبێت بتوانرێت بەر بگیرێت لەکۆچی بەلێشاو و بەردەوامیی ئاوارە سوریەکان بۆ ئەوروپاو بەتایبەتییش بۆ ئەڵمانیاو فەرەنسا. دواتریش ئەگەر بۆیان چوە سەر ئاوارەکانیش لەئەوروپا بگەڕێننەوە.
تورکیای ئەردۆغانیش بەرژەوەندی زیاتری لەکۆبونەوەکە ئەوەیە کە پێگەی کوردو هێزەکانی سوریای دیموکرات لاواز بکات و خاکی زیاتر و بەرکەوتەی زیاتری لەکێکەی سوریا هەبێت.
هەر چەندە کۆبونەوە چوار قۆڵیەکە هیچ بڕیارو راسپاردەو دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێ دەرنەچوو. بەڵام ئامادەنەبونی ئەمریکا

کەیاریزانی سەرەکیی سوریاو هاوکێشە سیاسی و سەربازیەکەی ئەو وڵاتەیە. ئەوە دەخاتەڕوو کەناکۆکیی و جیاوازیی زۆر لەنێوان وڵاتانی کۆبونەوە چوارقۆڵیەکەو ئەمریکا لەبارەی سوریاو داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی و ئایندەی ئەو وڵاتە هەیە. بۆ ئەوەش زۆرێک لەچاودێران پێیان وایە نەبونی واشنتۆن لەکۆبونەوەکە بەمانای بێ دەرەنجام بون و سەرنەکەوتنی دەخوێننەوە.
ڕۆژانی داهاتوو ئامانج و بەرژەوەندخوازیی زیاتری هەریەک لەبەشداربوانی کۆبونەوە چوار قۆڵیەکە بۆ هاوکێشەی سیاسی سوریاو ناوچەکەو ڕۆڵی کورد لەسوریای ئێستاو ئایندەو لایەنەکانی دیکە دەردەخات.

**بێرنارد کۆشنەر: ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگی کورد بگیرێت**

بێرنارد کۆشنەر وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا رایدەگەیەنێت، پێویستە سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەندرێت لەم ناوچە پڕ ئێستا ئەو ساتەیە کە سنوورەکان لاببرێن.
لە میانی بەشداریکردنی لە پانێلی یەکەمی کۆنفرانسی «سەربەخۆیی کوردستان ڕووبەڕبوونەوە و دەرفەت» زانکۆی ئەمریکی کوردستان – دهۆک، بێرنارد کۆشنەر وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا گوتی: «پێویستە سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەندرێت لەم ناوچە پڕ کێشەیەدا، ئێستا ئەو ساتەیە کە سنوورەکان لاببرێن و دەتوانن پشت بە زۆر کەسانی خۆبەخش ببەستن».
ڕۆژی پێنجشەممە ١٥-١٢-٢٠١٦ کۆنفرانسی «سەربەخۆیی کوردستان: تەحەدیی و دەرفەتەکان» لە زانکۆی ئەمریکی- دهۆک بەڕێوەچوو.
بێرنارد کۆشنەر، وەزیری پێشووتری دەرەوەی فەرەنسا (٢٠٠٧-٢٠١٠) بەشداری پانێلێکی کۆنفرانسەکەی کرد و بە گرنگییەوە باسی لە ڕۆڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچەکە کرد.
کۆشنەر گوتی «کێشەکان دەبینین و ئاستەنگی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست هەن، دەبێت بە جددی قسەیان لەبارەوە بکرێت. کێشەکان لەوە دەستیان پێکرد کە نەخشەی سنوورەکان لەلایەن سایکس – پیکۆ کێشران».
وەزیری پێشووتری دەرەوەی فەرەنسا دەڵێت «کێشانی نەخشەی سنوورەکان لەلایەن سایکس – پیکۆ بۆ ئێستا هیچ بایەخێکی نەماوە و بەسەرچووە، چونکە گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکەدا روویان داوە. ئێستا دۆخەکە تەواو گۆڕاوە، سەردەمی زۆرەملێ و داگیرکاری بەسەرچووە». بێرنارد کۆشنەر ئاماژەی بەوەشکرد، لەدوای شەڕ و قەیرانەکانی سووریا دۆخەکە گۆڕاوە، بۆیە دەبێت گوێ لە دەنگی خەڵک بگیرێت.
لەبارەی رۆڵی کورد لە ناوچەکەدا، کۆشنەر گوتی «کورد دەنگێکی باشی هەیە لە ناوچەکەدا، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگی کورد بگیرێت. ئێوەی کورد دیموکراسیتان هەیە، شەڕی داعش دەکەن و سەرکەوتنیشتان بەدەستهێناوە».

**پڕۆژەی بەفیدراڵیکردنی رۆژئاوای کوردستان دەخرێتە بەردەم یەکێتی ئەوروپا**

پەیەدە پرۆژەی جێبەجێکردنی سیستمی فیدراڵی لەسوریا، کە بە تاکە سیستمی دەزانێت بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی ئەو وڵاتە، دەخاتە بەردەم یەکێتی ئەوروپا.
بەپێی قسەی شاهۆز حەسەن، هاوسەرۆکی گشتی پارتی یەکێتی دیموکرات(پەیەدە) لەمیانی سەردانی وەفدی باڵای پارتەکەیاندا بۆ ئەوروپا ئەو پرۆژەیەیان خستۆتە بەردەم وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەوەی لەڕێگەی پەرلەمانی ئەورووپاوە کۆدەنگییەک بۆ جێبەجێکردنی لەسوریا دروستببێت.
شاهۆز لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا وتویەتی"تاکە بژاردە لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرێکی ریشەیی و گشتگیر لەبارەی قەیرانی سوریاوە، پشتیوانی و جێبەجێکردنی سیستمی فیدڕاڵییە لەو وڵاتە."

## ١٠٠پەرلەمانتاری یەکێتی ئەوروپا داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەرعەفرین دەکەن

١٠٠پەرلەمانتاری پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا داوایانکرد، حکومەتی تورکیا دەستبەجێ هێرشەکانی بۆسەرعەفرین ڕابگرێت. داواشدەکەن کورد بەشداریی دانوستانەکانب ۆچارەسەری سیاسی قەیرانی سوریا بێت.

ئاژانسی هەواڵی میزۆتۆمیا بڵاویکردەوە، ١٠٠ پەرلەمانتاری پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا داوایەکیان بەناوی «لەپێناوی ئاشتی ودیالۆگدا هێرشی تورکیا بۆسەرعەفرین ڕابگرن» بەناوو ئیمزای خۆیانەوە بڵاوکردەوەو ڕایانگەیاند، عەفرین تەنها نییە.

## پەرلەمانی نەمسا: تورکیا مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و نابێت چەکی بۆ ڕەوانە بکرێت

٢٥-١١-٢٠١٦

پەرلەمانی نەمسا پێشنیاری پرۆژەیاسای ڕێگەگرتن لە هەناردەکردنی پێداویستییە سەربازییەکان و پڕچەککردنی تورکیا پەسەند کرد.

بەپێی ڕاگەیەنراوی پەرلەمانی نەمسا، پێشنیاری پرۆژەیاساکە لەلایەن پەرلەمانتارانی شەش پارتی سیاسییەوە پێشکەش کراوە و بە تێکڕای دەنگی پەرلەمانتاران پەسەند کراوە.

پێشنیاری پرۆژەیاساکە داوای کردووە لەمیانی یاسای پێداویستی جەنگی و بازرگانی دەرەوە مۆڵەت نەدرێت بە ڕەوانەکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو وڵاتانەی جەنگیان لەناودایە یاخود ئەگەری ئەوە هەیە جەنگ تیایاندا هەڵبگیرسێت. پێشنیاری پرۆژەیاساکە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە تورکیا مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردووە، بانگەشەی ئەوەیشی کردووە کە تورکیا ئەم چەکانە لە دژی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەکار دەهێنێت.

پیتەر پیلز پارلەمانتاری پارتی سەوز، لە لێدوانێکیدا وتی: «با جارێکی دیکە هەرگیز چەکی نیشانشکێن لە نەمساوە بۆ هێزە تایبەتییەکانی

تورکیا نەنێردرێت». ناوبراو ئاماژەی بەوە دا کە نەمسا یەکەم وڵاتی یەکێتیی ئەورووپایە بڕیارێکی بەم جۆرە بدات، داوایشی لە وڵاتانی دیکەی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا کرد کە بڕیاری لەم جۆرە بدەن.

**ئەڵمانیا لەبارەی عەفرین: دوایین شت کە سووریا پێویستیەتی شەڕی زیاترە**

**رووداو - بەرلین**

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا رایگەیاند، بە نیگەرانییەوە دەڕواننە دۆخی باکووری سووریا و داواش دەکات شەڕ و پێکدادانەکان لە عەفرین رابگیرێن. لە راگەیێندراوێکدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا دەڵێت «بە نیگەرانیەوە دەڕوانینە دۆخی باکووری سووریا. پێکدادانە سەربازییەکانی نێوان تورکیا و یەکینەکانی کورد ریسکی حیساب بۆ نەکراوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت».

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا روونیکردووەتەوە «تورکیا و یەکینەکانی کورد کە ئێستا لە شەڕدان، پێشتر لەبەرامبەر شەڕی تیرۆر قوربانی گەورەیان داوە». بەپێی راگەیێندراوەکەی ئەڵمانیا، دوای سەرکەوتن بەسەر داعشدا، سووریا پێویستی بە سەقامگیری و ئاشتی هەیە. «دوایین شت کە سووریا پێویستی پێیەتی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی زیاترە». لەبارەی هەوڵەکانی چارەسەری قەیرانی سووریا، ئەڵمانیا ئاماژە بەوە دەکات، هەوڵدانی هەموو لایەک دەبێ لە کۆتاییدا بە ئامانجی ئەوە بێت لە ئاستی سیاسیدا بەرەوپێشچوون هەبێت، بۆ ئەوەش گەڕێکی دیکەی دانوستاندنەکانی جنێڤ لە ڤیەننا دەرفەتێکی دیکەیە.

ئێوارەی رۆژی شەممە ٢٠-١-٢٠١٨ سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنی «چڵە زەیتوون»ی راگەیاند، کە لەڕێگەیەوە هێرش دەکاتە سەر عەفرینی رۆژئاوای کوردستان.

سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا دەڵێت، لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەدا ١٥٣ ئامانجیان پێکاون، کە بریتیبوون لە «بنکە و بارەگا، سەربازگە، جبەخانە، حەشارگە، ئەشکەوت، تونێل و شوێنی حەوانەوە، کە لەلایەن یەپەگە و پێشتریش لەلایەن داعشەوە بەکارهێندرابوون».

## ساڵح موسلیم: ئێمە بەرگری لە ئابڕووی مرۆڤایەتی دەکەین

**١٥-١٢-٢٠١٦**

ڕۆژنیوز - ناوەندی هەواڵەکان

ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پەیەدە ڕایدەگەیەنێت، کە گەلی کورد نەک تەنیا بۆ چارەنوسی خۆی بەڵکو بۆ چارەنوسی هەموو گەلانی ناوچەکە تێدەکۆشێت و بەرگری لە ئابڕووی مرۆڤایەتی دەکات.

ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)، لەسەر بانگهێشتی پەرلەمانی سکۆتلەندا سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و لە پانێلێکدا لە زانکۆی ئەدینبورگ بەشداربوو، موسلیم لە پانێلەکەدا باسی لە گرنگی شۆڕشی ڕۆژئاوا بۆ هەموو مرۆڤایەتی کرد.

موسلیم، لە قسەکانیدا وتی:» بەرخۆدانی گەلی ڕۆژئاوا دژی هەوڵدانی داگیرکەران و هێرشەکانیان بەردەوامە، تەنیا شوێنی پارێزراو بۆ هەموو گەلانی کورد، عەرەب، تورکمان، عەلەوی، کریستیانی و گەلانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژئاوایە». وتیشی:» پێویستە مرۆڤایەتی لە دەوری شۆڕشی ڕۆژئاوا کۆببێتەوە، تا کاتێک بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەرییەکی دادوەرانە نەدۆزرێتەوە، ئەو ناوچەیە ئارام نابێتەوە، گەلانی ناوچەکە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان تێدەکۆشن، ئێمە نامانەوێت ئەو شتانەی هێزە باڵادەستەکان بەسەرماندا دەیسەپێنن، قبوڵیان بکەین».

موسلیم، ڕایگەیاند:» کوردەکان چارەنوسێکی خراپیان پێچەوانە کردەوە و شۆڕشی ڕۆژئاوایان پێکهێنا، بەڵام گەلی کورد نەک تەنیا بۆ چارەنوسی خۆی بەڵکو بۆ چارەنوسی هەموو گەلانی ناوچەکە تێدەکۆشێت، هاوکات دژی هێزە دڕندە تیرۆریستیەکان وەکو داعش شەڕ دەکات، ئێمە بەم شێوەیە بەرگری لە ئابڕووی مرۆڤایەتی دەکەین».

موسلیم لەکۆتایی پانێلەکەدا بەبیری هێنایەوە، کە چەندین ساڵە ئەوان بانگەوازی دەکەن بۆ یەکێتی گەلی کورد، یەکێتی گەلی کورد ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەکان خۆشدەکات.

## سەرۆک کۆماری فەرەنسا پێشوازی لە هاوسەرۆکی پەیەدە کرد

**٢٠١٧/٥/٩**

**هەڵگورد سەمەد – پاریس**

لە دوایین هەفتەی سەرۆکایەتییەکەیدا، فرۆنسوا ئۆلاند لەگەڵ هاوسەرۆکی پەیەدە و نوێنەری رۆژئاوا لە پاریس کۆبۆوە.

خالید عیسا، نوێنەری خۆبەڕێوەبەری رۆژئاوای کوردستان لە پاریس رایگەیاند کە لەگەڵ ساڵح موسلیم لە کۆشکی کۆماری فەرەنسادا لەلایەن فرۆنسوا ئۆلاند، سەرۆک کۆماری فەرەنسا پێشوازییان لێ کراوە و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام داوە.

نوێنەری رۆژئاوا لە پاریس ئاشکرای کرد کە لە کۆبوونەوەکەیاندا لەگەڵ ئۆلاند تاوتویی رەوشی رۆژئاوا و سوریایان کردووە و سوپاسی پشتیوانی بەردەوامی فەرەنسایان بۆ رۆژئاوا کردووە و هیوایان خواستووە کە پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و رۆژئاوا بەردەوام بن و پتەوتر بکرێن.

لەبەرامبەریشدا فرۆنسوا ئۆلاند بە گرینگییەوە باسی لە خەباتی کورد کردووە دژ بە تیرۆر و بۆ چەسپاندنی دیموکراسیی و برایەتی گەلان لە ناوچەکەدا.

هەروەها نوێنەری رۆژئاوا وتیشی»ئۆلاند جەختی لەسەر دۆستایەتی فەرەنسا و گەلی کورد کردەوە و بەڵێنی دا هەموو هەوڵێک بدات بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لە رۆژئاوا و لە سوریادا».

پێشتریش چەند جار لە کۆشکی ئێلیزێ لەلایەن فرۆنسوا ئۆلاندەوە پێشوازی لە نوێنەران و سەرکردەکانی رۆژئاوای کوردستان کراوە. لە ٨ ی شوباتی ساڵی ٢٠١٥، سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی لە نەسرین عەبدوڵا، هاوسەرۆکی یەکینەکانی پاراستنی ژن لە رۆژئاو و خالید عیسا نوێنەری رۆژئاوا لە پاریس کرد.

فرۆنسوا ئۆلاند، ئەندامی پارتی سۆسیالیستە، ئەو پارتە مێژوویکی دۆستایەتی دوور و درێژی لەگەڵ کوردانی هەر چوار پارچەی

کوردستان هەیە. لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردووشدا بەردەوام پشتگیری کوردی کردووە.
فرۆنسوا ئۆلاند تەنیا پێنج رۆژی لە کۆشکی ئێلیزێ ماوە و چاوەڕێ دەکرێت رۆژی یەکشەممە ١٤ی ئایار کورسی سەرۆکایەتیی و دەسەڵاتەکانی رادەستی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی هەڵبژێردراوی فەرەنسا بکات.
فرۆنسوا ئۆلاند دووجار بە فەرمی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و بەردەوام پشتیوانی خۆی بۆ کورد دەربڕیوە.

**عەفرین پەیامێک بۆ ئەمەریکا**...

**زیگمار گابریل، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەڵمانی**

**لە ئەڵمانییەوە:هەڵۆ بەرزنجی**

هێرشە سەربازییەکانی تورکیا لە عەفرین، پەیامێکی ڕوونە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا: نابێت هیچ بڕیارێک لەسەر ڕێکخستنەوەی ناوچەکان، پاش تەواوبوونی شەڕی سوریا، بەبێ تورکیا جێبەجێ بکرێ و هەروەهاش وەک هەمیشە،تورکیا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ناوچەیی لەژێر کۆنترۆڵی کورد دا پەسەند ناکات. بۆئەوەی ئەم پەیامە ڕوون و ئاشکرا بێت،کۆماری تورکیا هێزە زەمینییەکانی لە سوریا خستۆتە جوڵە و گەورەترین شاڵاو و هێرشی ئاسمانی لە مێژووی خۆیدا بەرپا کردووە،بەردەوام نیوەی زیاتری هێزە ئاسمانییەکانی لە هێرش و پەلاماردان.
ئەمەش لە دەڤەرێکدا ساز دەبێ کە سەروەریی ئاسمانەکەی، وا لەژێر دەسەڵاتی ڕووسیادا، بەڵام ڕووسیا ڕێگەی داوە بە هێرشە ئاسمانییەکان بۆسەر عەفرین، لەبەر ئەوەی ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکەی دەکات: تەڵزم و دەلاقەیەک بخاتە نێوان پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیاوە. پێشتر چەند گفتوگۆیەکی توند لە نێوان و ئەمەریکا دەربازی رۆڵی هێزە کوردییەکان لە باکووری سووریا کراوە.ئەمەریکا دەستی بەوە کردووە لە نێوان هێزە

چەکدارەکانی YPG دا و کوردانی سووریا پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD هەروەها PKK دا جیاوازی بکات. پێی وایە یەپەگە و پەیەدە جیاوازن لە پ ک ک،نە لە ئەمەریکا و ئەوروپا، یاخود ئەڵمانیادا قەدەغەکراو نین.

بۆ تورکیا و زۆربەی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان، ئەم جیاکارییە دەستکردە. پەیوەندی نێوان پ ک ک و یەپەگە و نەک هەر لە لایەنی سیمبۆلی و ئایدۆلۆژییەوە زۆر توندە،پیاو دەتوانێ بەئاسانی بڵێ،کە یەپەگە و پەیەدە لەژێر ستراتیژی سەرکردایەتی پ ک ک دان. بێگومان ڕێژەیەکی زۆری ئازادی جموجوڵ و چالاکی خۆیان هەیە، بەڵام زۆرینەی هێزەکانی ئەمەریکا، دەیانەوێ سوود وەرگرن لە توانا و لێهاتوویی یەپەگە لەشەڕی دژە داعش دا. سەرباری هۆشداری دانی تورکیا، ئەمەریکا هەر بەردەوام چەک،لەپێناوی ئەو مەبەستەی سەرێدا، بۆ چەکدارەکانی کوردانی سووریا ڕەوانە دەکات. زۆرینەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەمەریکا ئامادەبوون، لەپێناوی ئەم کارەدا نرخ بدەن: دروستکردنی ناوچەیەکی ئازادی بەرگریکردن لە باکووری سووریا، لەسەر سنووری تورکیا لەژێر کۆنترۆڵی کوردان.

بەهەند وەرنەگرتن و زیاتر ورووژاندن بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا،بەزەحمەت ڕامان دەکرێت. هەردوولا - تورکیا و پ ک ک و هاوگرێدراوەکانیان - دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆکانی ئاشتی ناوخۆی تورکیا، لۆژیکی بەنێونەتەوەییکردنی بەدوادا دێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتێکی کوردی هەرێمی لە عێراق و یەکێکی هاوشێوەی لە سووریا، وە هەروەها خەباتی خۆسەری سەربەخۆ لەسەر زەمینی تورکیا دەبێت ئەنجام بدرێن، ئەمە بۆ پ ک ک شتێکی بێگومان و چەندوچوونە. بۆ تورکیا گەورەترین هەڕەشەیە. لەبەرئەوە خەبات بۆ ئەمە یان دژی ئەمە، هەر بەردەوام بە ڕێگای سەربازی بەڕێوەدەچێت. کارە زەبروزەنگەکان ئەشکەنجە و کوێرەوەریەکان، ئەوەی خەڵکی سڤیلی کورد دەیان ساڵە پێویستە بیچێژن بە کۆتایی ناگات. بێتاوانەکان دەکوژرێن لە پێناوی کێشەیەکی سیاسی ڕەگوڕیشە

قووڵ لەناوچەکەدا. لێرەوەدا ئەم سەرۆک کۆماری تورکیایەی ئێستا بوو،لەکاتی خۆیدا وەک سەرەک وەزیران زۆر زۆر ئازایەتییەکی گەورەی نیشان دا، هەوڵی دا لە پێناوی ئاشتی نیشتمانیدا. سەرنەگرتنی ئەم گفتوگۆیانە لە ساڵی ٢٠١٥ دا، ئەمڕۆ وەک ئاکامێکی درێژبووەوە لەمەودای درێژەکێشانی شەڕوهەرای سەربازی بۆ سووریا و ڕەنگە لەوە زیاتریش کاریگەری هەیە. لەهەلومەرجی ئێستادا مەسەلەکە ناواقیعیی دەبێت، هەر تەنیا بە گەڕانەوە بۆ گفتوگۆکانی ئاشتی ناوخۆی تورکیادا،بمانەوێ ڕووبەڕووی بەرفراوانبوونی شەڕوهەرای سەربازیی بینەوە و بۆ هەمیشە ڕاگرین. هەوڵێکی یەکجار گەورەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەرەکە، بۆ سەرلەنوێ کردنەوەی پەنجەرەیەکی وا بۆ لێک تێگەیشتن،کە لە ئێستادا، بەتەواوی قەپات کراوە.
لەبری ئەوە هەروەها شەڕ دژی گرووپە کوردییەکان لە ناوچەکانی کشانەوە و دەرەوەی تورکیاش زاڵە بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا. ئەم پێشڕەویکردنە نیشانی دەدات: هەروەها تورکیاش ئامادەیە لەم پێناوەدا نرخێکی گران بدات. ئەم نرخە لەناو ئەو چارەسەرەدایە کەوا بۆ ٦٠ ساڵ دەبێت هەیە و گرێدراوە بە رۆژئاواوە. تورکیا ترس لە ئاکامەکانی جیۆپۆلەتیکی شەڕ لەگەڵ ئەمەریکادا نییە، یاخود بەلانی کەمەوە بە کەمی دەگرێ. لە بەرامبەر ئەو باڵادەستییە هەرێمییە کورد لە سنوورەکانیدا. هەمان کات ئەمەش بۆ ئەمەریکا وا بە دیار دەردەکەوێ لەبەردەم هەڵسەنگاندنی شەڕیکدایە لەگەڵ تورکیادا، کە شیاوی بەڕێوەبردنە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، یاخود دەبێت ڕۆڵی جیوستراتیژی تورکیا نادیدە بگرێت. دەشێ هەڵسەنگاندنی یەکەم بێتە هەڵە، دووەمیان ئاکامی کارەساتاوی بەر لەهەر لایەک، بۆ ئێمەی ئەوروپایی لێ بکەوێتەوە.
تورکیا وەک یەکێک لە ڕۆژئاوا،لە ناتۆ و لەدواجاردا لەسەر ئاڕاستەی ڕووەو ئەوروپا، وازی لێ بێنین بۆ ئەوروپا مانای سەرکێشییەکی نوێ و یەکجار ترسناکە. نەک هەر تەنها بە بادانەوەی بۆ لای رووسیادا هێزوتوانای پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ناتۆ بەتەواوی دەگۆڕێ، ئێمە

لە دەرەوەی سنووری ئەورووپا هیچ هاوپەیمانی ترمان نابێت، بەڵکو نەیاری بەتوانا و هێزدار. بەڵام بەرەو پێشچوونی تریش شیاوی بیر لێکردنەوەیە: گەڕانەوەی بەهێزی تورکیا، لە ستراکچەری دەوڵەتێکی لایستییەوە بۆ توانا و هێزێکی ئامادەگی بزاڤی ئیسلامی. جیا لەمانەش نموونەی خۆچەکدارکردنی ئەتۆمی وەک ئەوەی کۆریای باکوور، لە ئێستادا پێدەچێ وڵاتی وەک عەرەبی سعودی بیەوێ هاوشێوەی بکات. دەشێ زۆر بەخێرایی و ڕاستەوخۆ لەسەر سنوورەکانمان دووبارە بێتەوە. هەموو ئەمە واقیعەکە نییە،و پێویستیش ناکات وای لێ بێت. بەڵام بۆ ڕێگریکردن لەمە، پێویست بە ستراتیژێکی نوێ تەواوی ئەورووپایە، لەگەڵ تورکیا بەو دۆخەی ئێستاشەوە کە تێیدایەتی.
ئەوە ڕاستە ڕەخنە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کەماسی لەئازادی چاپەمەنیدا و پەلاماری سەربازی تورکیا لەعەفرین بگرین. لێ ئەوە بەتەنیا بەس نییە. ئەوە ئاسانە بەدەربڕینی ڕەخنە خۆت ئاسوودە بکەیت، بەئاشکرا ڕەخنە دەردەبڕین. لەبەرئەوەی پیاو لەتەک ڕووسیادا هێزی دووەمی خراپەکاری ناسیوە، کە پیاو دەتوانێ ڕۆژانە بەهاکانی خۆی بپارێزێ. دۆخی هەڕەشەکان، کەم نابنەوە.هەروەها ئەزموون لەگەڵ گەمارۆدان لەسەر روسیا،هیوادارین فێری کردبین کە ئەمەش ناتوانێ هیچ ڕێگاچارە بێت. هەڵبەتە تورکیاش بە دڵنیاییەوە، نایەڵێ لەم ڕێگایەوە بکەوێتە ژێر کاریگەرێتییەوە. بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانمان بەجێ بهێنین، هەوڵی زیاترمان گەرەکە.
هەروەها ئەم بەرژەوەندییەش فرەلایەنە: لە پێشی پێشەوە ئاگربەست دێ، ڕاگرتنی یاسای نێودەوڵەتی و یارمەتی بۆ خەڵکی سڤیل لە سووریا، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی باشووری تورکیا، لە ناوچە کوردییەکان. ئەمەش بەوە دەست پێ دەکات، کە ئیمە ڕاستگۆبین، نە زەبروزەنگ و بارودۆخی ژیان لە ڕۆژهەلاتی تورکیا بەشێوەیەک لە شێوەکان جێی قبوڵکردنە،نەخەمی تورکیا لەبەرامبەر پ ک ک و هاوگرێدراوەکانیدا ناهەقییە. هەر خودی کێشەی کورد وەرگرین ڕێزگرتن، لە داوای مافەمرۆییەکان بگرین و بۆ ئازادی و هەلومەرجێکی باشتری ژیان

دەرکەوین، ئەمە نابێ مانای ئەوە بێ، وێنەیەکی فۆلکلۆری پ ک ک و دەستە و دائیرەکانییان نیشان بدەین. ئێ خۆ پ ک ک لەئەڵمانیاش قەدەغەیە، لەبەرئەوەی ڕێکخراوێکی کرمینالەو بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان، بازرگانی چەک و مرۆڤەوە و مرۆڤەوە دەبات بەڕێوە و بەزۆر پارە لەخەڵک دەسێنێ. با خۆمان هەڵنەفریوێنین، تورکیا دەوڵەتێکی هەرێمی هەژمووندار، لەژێر دەسەڵاتی (پەیەدە) و (پ ک ک) دا قبوڵ ناکات و لە پێویستیشدا، بەرەزامەندی ڕووس و ئێران و سووریا دژی دەوەستێتەوە. براوەکەش مۆسکۆ و دیمەشقە.

لەبەرئەوە پێویستە بەرژەوەندیەکانی خۆمان، بەر لەهەر شتێکەوە بێت، تورکیا لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە هەر بە خۆمانەوە" وابەستە بکەین" - هەروەها پیاو دەتوانی بڵێ "شوورەگرین " بۆ ئەوەی نەکا بۆ هەمیشە بترنجێتە ڕۆڵێکی تایبەتەوە، ئاکامەکەی بۆ ئێمە سەرەرۆییەکی نادیار لەخۆبگرێ. لە ئێستادا ئێمەی ئەڵمان بەتایبەت دەبێ بزانین، چەند ترسناکە، ڕێگایەکی تایبەتی هێزی سەربازی بۆ هەموو ئەوانی تر. ئەم هەوڵە سەختە نائاسییە پێویستە بگرینە ئەستۆ، لەلایەک بێدەنگ نەبین لەڕەخنەگرتن، لەلایەکی دیکەوە، هەموو بژاردەکانی تر بۆ پێکەوە کارکردن بخەینە گەڕ. تورکیا پێویستە هەست بکات کەلای ئێمە شتێک دەباتەوە/ دەست دەکەوێت و بێ ئێمەش زۆرشت دەدۆڕێنێ.

هەر لە یەکێتی گومرگەوە تا هاوکاری پێکەوە کارکردن لە سیاسەتی پەنابەران دا، لە پشتیوانی ئابوورییەوە تا هاوکاریکردن لەبواری خوێندن و زانستیشدا. بەڵێ ئێمە دەبێت چالاکانە بەرەو لای تورک بڕۆین. نەک بۆئەوەی هەر دیالۆگی دەوڵەتی یاسای بخەینە بەردەست و پێشکەش بکەین، بەڵکو ئامادەش بین لە بیناکردنەوەی دادگای تورکیادا، دوای کاریگەرییەکانی هەوڵی کودەتاکەوە، بەشداری بکەین و کاریگەرییەکمان هەبێت. ئەوە تەنها هەڵەیەکی سیاسەتی کۆنزەڤاتیڤکارەکان بوو، بەدیاریکراوی پێش ساڵانێک سەرمایەی دەوڵەتی یاسا، باس لەگفتوگۆکانی بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا/ EU نەیکردەوە. ئەمەش بێتە هۆی کۆتاییهاتنی کردەوە

سەربازییەکانی تورکیا لە باکووری سووریا، پەیوەندی بەو بژارانەوەی ئێمەوەیە، هەروەها دەستپێکێکی توندوتۆڵی هاوکاری و ناردنی چەک و تەقەمەنییە، لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا ـ ناتۆدا.

ئەوەی حکومەتی ئەڵمانیا، دوای پەلامارەکانی تورکیا بۆ باکووری سووریا، هیچ چەکێک بۆ تورکیا ڕەوانە ناکات، بڕیارێکی ڕاست بوو. تورکیا بیری لەوە کردەوە لەگەڵ رووسیادا ئەم کارە بکات، بەڵام پێویستە ئێمە بێ خەم نەبین، هەموو ئەمانە گەنگەشەی سیاسی ئێمە لە ئەڵمانیا دەخاتە ژێر سترێس و ناڕەحەتییەوە. هەموو نائاسوودەیەکە دژوار و ڕەنگە بەتاڵیش نەبێت لە بەرپەرچدانەوە و دژوەستانەوە. هەروەها دوودڵ بوونی مۆڕاڵی و پێوەریی، کە هەرکەسێ دەتوانی دژی قسە بکات. ئەوە نابێت وەڵام بدرێتەوە بەڵام بەرژەوەندییەکان ئەمە نییە، ئەوە رێگایەکە کە هیچ گەرەنتی سەرکەوتنی و سەرکێشی لەخۆنەگرتووە. بەڵام تورکیایەکی ریزپەڕی ڕێگای تایبەت، تورکیا وەرچەرخاوە لە رۆژئاواوە، لە ئەوروپا و لە ناتۆ، بۆ ئێمە و هاوڵاتی تورک سەرەرۆییەکی زۆر گەورەیە.

**سەرچاوە:**

**دێر تاگە شپیگل ژمارە ٢٣٤٢٢،رۆژی ٢٠١٨/٣/٢٥**

**وتارێکی تایبەتە تەنیا بۆ رۆژنامەی ناوبراو نووسراوە.**

**https://causa.tagesspiegel.de/politik/nach-afrin-welches-verhaeltnis-hat-der-westen-zur-tuerkei/afrin-ist-eine-botschaft-an-die-usa.html**

**نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئۆسلۆ کرایەوە**

نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج، بە بەشداریی هەردوو هاوسەرۆکی پەیەدە و سەرۆکی شارەوانیی ئەو شارە، کرایەوە.

ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە کردنەوەی نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان، لە هۆڵی شارەوانیی ئۆسلۆ، بەڕێوەچوو، لەسەرەتاشدا سەرۆکی شارەوانیی ئۆسلۆ وتارێکی پێشکەش کرد.

لە ڕێوڕەسمەکەدا، چەندین میوانی بیانی و ساڵح موسلیمو ئاسیا عەبدولا، هاوسەرۆکانی پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) و سینەم محەمەد، نوێنەری ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات و چەندین بەرپرسی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بەشدار بوون.

بڕیارە لە درێژەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئۆسلۆ، چەند وتارێک لەبارەی مێژووی شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان، کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی، شۆڕشی چەکداری لە ڕۆژئاوا و چەند بابەتێکی تر پێشکەش بکرێن. کردنەوەی ئەو نوێنەرایەتییە لە نەرویج، لەکاتێکدایە بۆ یەکەمجار نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان لە سلێمانی و دواتر لە مۆسکۆ، بەرلین، پاریس و ستۆکهۆڵم کرایەوە.

**دەقی بەیاننامەکەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا**

**لە لایەن بەرێز خالد سلێمان کراوەتە کوردی**

**کوشتارگەی عەفرین: کوشتارگەیەکی ڕێکخراو، شەڕێکی تۆتاڵ دژی کورد.**

لەم کاتەدا کە لە ئاسمانی عەفریندا سوپای تورکیا خەڵک بومباران دەکات، گروپەکانی داعش لەگەڵ گروپە تورکەکاندا لەسەر زەوی هێرش دەکەن. لەم ساتەدا لە سەنتەری عەفرین نزیک دەبنەوە. ئەمە کوشتارگەیەکی ڕێکخراوە، شەڕێکی تۆتاڵە دژی گەلی کورد. بەم شێوەیە ئەردۆگان لەناو خوێندا هەژمونی هەرێمایەتی خۆی بنیاد دەنێت، کە دەرەنجامە جیۆ-سیاسییەکانی تا بڵێی مەترسیدارن بۆ سەر ناوچەکە، بەڵام بۆ سەر هەمو دنیاش کە مۆڵەت دەداتە داعش

خۆی بنیاد بنێتەوە.
بەرامبەر ئەم کوشتارگەیە، ئەم مەترسییە، ناتوانین بێدەنگ ڕاوەستین و ئەم شەو پەیوەندیم کرد بە کۆشکی ئێلیزێ-وە. ئەندام پەرلەمان ژان پۆل لۆکۆک، سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری دەرەوەی لە پەرلەمانی فەرەنسا ئاگادار کردەوە. ئێمە داوای تەدەخولی فەرەنسا، یەکێتی ئەورووپاو نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین بۆ وەستاندنی ئەم پرۆژە شێتانەی ئەردۆگان بەهەر شێوازێک بێت.
داوا لە پێشکەوتنخوازان، هێزە دیموکراتخوازەکان، نوێنەرەکان، تێکۆشەران لە پێناو ئاشتیدا دەکەم، ئەمڕۆ خۆیان ڕێکبخەن بۆ ڕۆژانی داهاتو. من لە خۆپیشاندانی پاریسدا لە کاتژمێر (٢:٣٠)ی دوای نیوەڕۆ لە مەیدانی کۆماریی تا شاتۆلێ ئامادە دەبم و بانگی هەمو ئەوانە دەکەم کە خوازیاری ئاشتن بەشداری بکەن.
کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا بەشداری دەکەن و لە پێناو ئاشتی و پاڵپشتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان کە ئازارێکی زۆری چەشتوە، لەهەمو شوێنێک دەسپێشخەری یەکگرتو دەبن بۆ یارمەتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان. تاکید دەکەمەوە بۆ هاوڕێ کوردەکانمان لە سور بونمان لەسەر ڕاگرتنی ئەم کوشتارگەیەو دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی ئەم جینۆسایدە.

**پییر لۆران، سکرتێری نیشتمانیی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا**

### هاوسەرۆکی پارتیی چەپ بۆ مێرکڵ: بێدەنگبوون بە واتای چۆکدادانە بۆ ئەردۆغان

دانیشتنی پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا دەربارەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا لەسەر عەفرین بەڕێوەچوو. هاوسەرۆکی پارتیی چەپ، کاتیا کیپینگ داوای لە مێرکڵ کرد بێدەنگ نەبێت و هەڵوێستی هەبێت.

**ANF**

**پێنجشەممە Feb ٢٠١٨،**

لەسەر داوای فراکسیۆنی پارتیی چەپ، هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا لە دژی عەفرین، لەنێو پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا تاووتوێ دەکرێت.

لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا، باس لە هێرشەکانی تورکیا لە دژی عەفرین، بەکارهێنانی تانکەکانی ئەڵمانیا لە هێرشەکاندا و هەڵوێستی حکوومەتی فیدڕاڵی ئەڵمانیا کرا.
لە دانیشتنەکەدا، ژنەپارلەمانتارەکانی پارتیی چەپ، بۆ پشتیوانی لە بەرخۆدانی عەفرین و ئیدانەکردنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا، کەفیی «سەوز و سوور و زەرد»یان لە ملی خۆیان پێچابوو.
لە سەرەتای دانیشتنەکەدا، کاتیا کیپینگ، هاوسەرۆکی پارتیی چەپ قسەی کرد و وتی: عەفرین، ئەمڕۆ تەنها شارێکی کوردان نییە، لە هەمان کاتدا دەیان هەزار پەنابەری شەڕ لەوێ دەژین. بەڵام ئێستا بۆمبە بەسەر عەفریندا دەبارێت.
کیپینگ ڕەخنەی لە بێ دەنگی حکوومەتی ئەڵمانیا گرت و ڕایگەیاند: مێرکڵ و وەزیری دەرەوە بێ دەنگن. بێدەنگبوون بە واتای چۆکدادانە لە بەرانبەر ئەردۆغان. تورکیا لە عەفرین بەرهەمە مێژووییەکانی هەزاران ساڵە لەنێو دەبات، سوپای تورکیا بە بەکارهێنانی تانکەکانی ئەڵمانیا هێرش دەکاتە سەر خەڵکی سیڤیل.
هاوسەرۆکی پارتیی چەپ کە کەفییەکی سەوز و سوور و زەردی لە ملییەوە پێچابوو ڕەخنەی توندی لە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوە گرت و وتی:
«من بانگ لە مێرکڵ و گابریل دەکەم، با سەربازەکانیان لە کۆنیا بکشێننەوە. بۆ ئەمەریکا، ڕووسیا و ئەورووپا شەرمەزارییەکی گەورەیە کە لە سووریا کوردان دەکەنە قوربانی ئەردۆغان. بێدەنگ مەبن و ئیدی بە هیچی شێوەیەک چەک بە تورکیا مەفرۆشن.»

**وتاری پارتی چەپ لە پەرلەمانی ئەلمانیا تایبەت بە عەفرین**

پێش هەموو شتێک دەزانین کە قوربانی یەکەم لە شەرەکانی سوریا بە گشتی خەڵکە سیڤیلە بی تاوانەکەیتی لەم هێرشەی ئۆردوغانیش بۆ سەر عەفرین یەکەمین قوربانیەکان خێزانێکی ئاوارەی سوری عەرەب بوو کە پێش جەند مانگێک لە شاری ئەدلبەوە لە دەستی تیرۆری

ڕەشی ئیسلامیەکانی ئەوێ هەڵهاتبون ٧ سەرخێزان و لە ناویاندا کوڕێکی بچووک لەشەوی ١٩ /٢٠ یانوەر بە هۆی تۆپبارانکردنەکانی ئۆردوگانەوە لەناوجوون.
بەناوی چەپەکانەوە ئێمە زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم هێرشانەی ئۆردوگان دەکەین.
بەهۆی ئەو شەڕانەی کە لە نێوان زلهێزەکان و ناتۆو گروپە چەتەو میلیشیاکانی ئەسەدو جەیشی ئەسەدەوە لە سوریا خەڵکی سیڤیل هیچ شانسێکی نەماوە بۆ ژیانێکی ئاسوودەو دیموکراتی.
لە عەفرین نزیکەی ملیۆنیک مرۆڤ دەژی ولەم ژمارەی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئاوارەی ناوچەکانی تری تیایە کە عەفرینیان وەکو شوێنێکی ئارام بۆ خۆیان هەڵبژاردووەو بۆیە عەفرین تەنها شارێکی کوردی نییە بە ڵکو شوێنی ئارامی چەندین ئاوارەی تری ناوچەکانی ترە بۆیە ئەم تاوانانەی ئۆردوگان دەرهەق بە عەفرین ئەوەندەی تر قێزەونتردەکات.
ئەوەی من زیاتر تووڕە دەکات بێ دەنگی حوکمەتەکەمانە لەوێ ئۆردوگان خەڵکی سیڤیل دەکوژێت و لێرە خاتوو مێرکل بێ دەنگە،ئۆردۆگان کەس نەهێڵێت وهەمووان هەڵواسێ Sigmar Gabriel کە وەزیری خارجیەیە هیچ ناڵێت و ئۆردگان بە بۆردومانی فرۆکەکانی شوێنێکی دێرینی ٣٠٠ ساڵەی مرۆڤایەتی تەخت ئەکات بە زەوی Ursula von der Layen دیسانەوە بێ دەنگە هیچ ناڵێت
ڕووی دەمی دەکاتە حوکمەتەکەیان واتە حوکمەتی مێرکل وئەو دوو زاتەی تر وپێیان دەلێت : بەرامبەر بەم هەموو تاوانەی ئۆردوگان عەزێتی ئەوەتان نەکێشا دانەکانتان لەیەک جیابکەنەوە وەکو نیشانەیەک بۆ قسەکردن و تەنها بێ دەنگیتان هەڵبژارد بۆیە من ئەو بێ دەنگیەی ئێوە وەکو (نووشتانەوەی ئەژنۆکان کە لە مەجلیسە بەرزەکانی ئەوروپادا نیشانی ڕەزامەندی وملکەچی نیشان دەدات ئەو حەرەکەیەی کە لە کۆندا وەزیرو شتەکان بۆ سەرکردەکانیان دەکرد،ئەمیش بە میرکل دەلێت تۆ بە بێ دەنگیەکەت وەکو ئەوە وایە

ئەو حەرەکەیەت بۆ کردبێت واتە تابعی ئۆردوگانی ).
بۆیە ئێمە واتە چەپەکان داوای هەلپەساردنی هەموو ڕێککەوتن و هاوکاریەکی عەسکەری لەگەڵ ئۆردوگان دەکەین یان لەگەڵ تورکیا. چونکە بەڕاستی ئەوە سەرکێشیەکی ئەمنی وسیاسیە ئەگەر لەسەری بەردەوام بین.
وەزیری دەرەوەمان لەم ماوەیەی ڕابردوودا بۆ چاخواردنەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبۆوە نازانم پێی ووتبوو کە سوپای تورکی بوە بە حەرەسی ئیسلامی و ئێمە بەڵگەی تەواومان لایە کە سوپای تورکیا هاوشان لەگەڵ تیرۆریستە ئیسلامیەکاندا سنوورەکانی سوریا دەبەزێنن و دڵخۆشی خۆیان نیشان ئەدەن کە بتوانن هەموو کوردەکان لەناوبەرن لەبەر ئەوەی ئەوانە بێ ئیمانن و لەگەڵیشیاندا دوو دەبابە دەپەڕێتەوە کە لە ئەڵمانیا دروستکراون .
پرسیارم لە بەڕێز Gabriel ئەوەی کە ئەمە ئاسایشی ناتۆیە کە باسی دەکەن دەست لەناو دەست لەگەڵ ئیسلامیەکان (مەبەست لە چەکدارە ئیسلامیەکانە نەک موسڵمانان) ئەمە بەڕێستی من تورە دەکات.
بێ دەنگی حوکمەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بە کوشتاری کوردان وبەتایبەتی بەرامبەر بە YPG لە کاتێکدا ئەو کەسانە بوون کە بەرامبەر بە تیرۆری ئیسلامیستەکان وەستانەوەو یەزیدیەکانیان ڕزگارکرد لە دەستی داعش بەڵێم ئەمڕۆ شەرمە بۆ هەموو زلهێزەکان ناتۆ روسیا ئەمریکا و تورکیا دەیانەوێ کوردەکان بکەن بە قوربانی و هەمووشی لە ڕێێ ڕژێمی تورکیاوە . ئەمە چ بێ ئابڕووییەکە بۆ هەموو زلهێزەکانی جیهان.
بەڵی ئەمڕۆ ئۆردوگان دەیەوێ هەمو کوردانی عەفرین لەناوبەرێت و شەڕی ناوخۆییان بۆ دروست بکات لە کاتێکدا ئەوان واتە YPG شەڕی ئازادی ومافی تاک بە ژن وپیاوە و ئازادی بیروباوەر و ژیانێکی یەکسان بۆ هەموان دەکەن بەڵی من وای ئەبینم لای کوردانی عەفرین ئازادی ویەکسانی زۆر باشترە لە لای ئۆردوگان و زیاتر لەگەڵ یاسا بنەرەتیەکانماندا دێتەوە هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە کە

ئەمڕۆ هەموو ئەم دەسماڵەی ئەوانمان کردۆتە ملمان.
لە کۆتاییدا جارێکی تر لە دەرگای حوکمەتەکەمان دەدەمەوەو دووبارە دەڵێم کە بێ دەنگیتان بەرامبەر ئۆردوگان نووشتانەوەی قبوڵکردنە بۆیە دەڵێم بەسە بێ دەنگی و نیشانی بدەن کە ئێوە لەگەڵ دیمکراتیو ئاشتیدان .

## ناڕەزایی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا لەبارەی بێدەنگی جیهان لەسەر عفرین

**٢٠١٨/٠٣/٢٨**

نکلۆدیا ڕوت، سیاسەتمەدەری پارتی سەوزی ئەڵمانی ناڕەزایی لەبەرانبەر بێدەنگی جیهان لەسەر هێرشەکانی تورکیا بۆ عفرینی رۆژئاوای کوردستان دەربڕی.
نکلۆدیا ڕوت لەمیانی بەرنامەیەکی رادیۆیی وتی: «من تێناگەم بۆچی ئاوەها زوو ئەو تێکەڵییە گەرمە لەنێوان یەکێتی ئەورووپاو تورکیا دەستی پێکرد»، وەک ئاماژەیەک بۆ کۆبوونەوەی رەجەبت تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیاو یەکێتی ئەورووپا.
ناوبراو ناڕەزایەتی خۆی لەبەرانبەر ڕێککەوتنی تورکیاو یەکێتی ئەورووپا لەبارەی پەنابەران نیشانداو رایگەیاند لەتورکیا سیستەمێکی دژە دیموکراتی هەیەو ئەوان عەفرینیان داگیرکردووەو جەختیکردەوە، کە ئیمزاکردنی ڕێکەوتن نامەی پەنابەران لەگەڵ حکومەتێکی وەک تورکیا زیانی زۆر دەگەیێنێت بەیەکێتی ئەورووپا.
روت، کە هاوکات یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجوومەنی فیدراڵی ئەڵمانیایە (پەرلەمانی فیدراڵی)، داوای ڕاگرتنی ئەو هاووکارییە مادییانەی کرد، یەکێتی ئەورووپا دەیداتە تورکیاو راشیگەیاند ئایا بەڕاستی سیاسەتی داگیرکارانەی تورکیا لەهەرێمە نابینڕێت؟ تورکیا پەرە بەداگیرکاری خۆی دەداتو بەرەو حەلەب دەچێت.
هەروەها ڕوت ئاماژەی بە بێدەنگی دەوڵەتی ئەڵمانیا کرد، و ئەو پرسیارەی ئاراستەی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ کرد،

یەکێتی ئەوروپا هۆکاری ئەو بێدەنگییەت چییە؟ بێدەنگی ناتۆ لەهەمبەر هێرشی سەربازی بۆ سەر عەفرین بۆ چییە؟»
لەو بارەوە رایگەیاند «من تێناگەم حکومەتی ئەڵمانیا سەرەڕای ئەوەی، کە بەیاننامەی داوە کە هەرێمی عەفرین داگیر کراوە، بۆچی ئەوەندی بێدەنگە، کە تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بۆچی ناتۆ ئەندامانی خۆی کۆناکاتەوە و بڕیارێک نادات لەو بارەیەوە؟.
سوپای تورکیا دوو مانگە دەستی بەهەوڵی داگیرکاری عفرینی رۆژئاوای کوردستان کردووە، کە ئەو ناوچەیە بەدەست یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەوە بوو.

### کانتۆنەکانی رۆژئاوا: ئەو چەتانەی لە دەستی ئێمەدان پێویستە لە وڵاتی خۆیان دادگایی بکرێن

**٢٠١٨/١١/١**

**ژیان:**

لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە هۆڵی رۆژنامەوانی یەکێتی ئەوروپا ئیدارەی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان داوایان کرد ئەو وڵاتانەی هاوڵاتیاینیان چونەتە ناوداعش و لە ئێستادا لەلایەن شەرڤانانەوە دەستگیر کراون وەریان بگرنەوە و لە وڵاتەکانی خۆیان دادگاییان بکەن.
کۆنفڕانسەکە لە لایەن ئەنستیتوی کورد لە بڕۆکسل ساز کرا عەبدولکەریم عومەر، هاوسەرۆکی دەستەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کانتۆنی جزیرە، گەریت لۆتس، مامۆستای زانکۆی ئازادی بڕۆکسل، فیلیپە ڤانستێنکیستە، پڕۆفیسۆر و سەرۆکی کۆمەڵەی پاراستنی قوربانیانی تێرۆر لە بەلجیکا بەشداریان تێدا کرد.
هاوسەرۆکی دەستەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کانتۆنی جزیرە، لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانیەکەدا وتیشی «هەتا ئێستا ٧٩٠ئەندامی داعش، ٥٨٤ژن و هەزار و ٢٤٨ منداڵیان لە دەستی ئێمە دان. منداڵ و ژنەکان لە کەمپەکانی پەنابەران لە هۆل، ڕۆژ و عەینا جێگیر کراون. بەهۆی

هەڵمەتی دێرەزۆر ژمارەی تێرۆریستە بەندکراوەکان بەرز دەبێتەوە، پێشبینی دەکەین ژمارەی ئەو چەتانەی لە ناوچەی هەجین نزیکەی ٥ هەزار چەتە بن».

ئەو بەرپرسەی کانتۆنەکان وتیشی ئەو چەکدارانەی دەستگیر کراون لە ٤٦ وڵاتی جیاوازەوە هاتون بە مەترسی زانی بۆ سەر کانتۆنەکان و پێی وابوو ئەگەر بە هۆی هێرشەکانی تورکیاوە بۆسەر کانتۆنەکان بۆشاییەک دروست ببێت ئەوانە دەتوانن هەڵبێن ئەوەش مەترسیەکان گەورەتر دەکات.

ڕاشیگەیاند، بۆ پەروەردەکردنی خێزان و منداڵی چەتەکانی داعش، پێویستە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە بەرپرسایەتیی خۆی هەستێت. ئەمە بۆ ئێمە بارێکی قورسە. ئەو چەتانەی لە دەستی ئێمەدان پێویستە لە وڵاتی خۆیان دادگایی بکرێن و سزا بدرێن.

ئەو بەرپرسەی ڕۆژئاوای کوردستان باسی لەوەش کرد، ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانەتیی نێونەتەوەیی لە گفتوگۆدان، بەڵام لەم بابەتەدا هێشتا نەگەیشتووینەتە هیچ ئەنجامێک. داواشی لە میدیای ئەورووپا کرد ئەم کێشەیە بکاتە ڕۆژەڤی خۆی و زەخت لە حکوومەتەکان بکەن.

عەبدولکەریم عومەر ڕایگەیاند: هێزەکانی قەسەدە بە پشتیوانی هاوپەیمانێتی نێونەتەوەیی هەڵمەت دەکەن. لە سایەی ئەو هەڵمەتانە بەشێکی بەرفراوانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕزگار کرا، ٣٠٪ی خاکی سوریا لە دەست چەکدارانی داعش دەرهێنراون. ناوبراو نەیشاردەوە کە تا ئێستاش داعش هەڕەشەیە بۆسەر ئەوناوچانە، باسی لەوەش کرد تا ئێستا لە» تێکۆشینی دژ بە تیرۆری داعش هەشت هەزار ژن و پیاو ژیانیان لەدەستداوە و نزیکەی پێنج هەزار کەسیش کەم ئەندام بوون.

# بەشی شەشەم: دیمەنی دیکەی بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان

## توندڕەوان باجی زیاتر دەسەپێنن لە باکوری سوریا

**١٣-١١-٢٠١٨**

ماسیگرانی سوری لە دەوروبەری پارێزگای حەما ماوەیەکە سکاڵا دەکەن لە باجێکی نوێی سەخت کە بەسەریاندا سەپێنراوە لەلایەن گروپێکی سەر بە قاعیدەوە کە ناوچە سەرەکییەکانی ماسیگریی کۆنترۆڵکردووە، چالاکوانێکی ناوچەکە وتی.

چالاکوانێکی ئیدلیب، موسعەب عەساف، وتی لەکاتێکدا چەکدارە بیانیەکانی پارتی ئیسلامی تورکستان لە سوریا باجی نوێیان بەسەر ماسیگرییدا سەپاندووە، تەحریر شام دەستیگرتووە بەسەر بازرگانییدا بە چەند شمەکێکی سەرەتاییەوە، لەنێویاندا ئارد و سوتەمەنی نەوت. عەساف بە دیارونای وت هەنگاوەکەی تەحریر شام نرخی ئارد و سوتەمەنیی بەرزکردۆتەوە و بارێکی زیادەی خستۆتە سەرشانی دانیشتوان کە خۆیان لەڕووی داراییەوە دۆخیان خراپە. عەساف وتی

باجی نوێ سەپێندراوە بەسەر ئەو ماسیگرانەدا کە لە بەنداوی قەرقور کاردەکەن لە ناوچەی خۆرئاوای حەما، کە لەلایەن پارتی ئیسلامی تورکستانەوە لە سوریا کۆنترۆڵکراوە، بە هەماهەنگیی تەحریر شام.
وتی: «ماسیگرتن لەو ناوچەیە پێویستی بە کردنەوەی دەرگاکانی بەنداوەکە هەیە، هەربۆیە پارتی ئیسلامی تورکستان لە سوریا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەیانکاتەوە، لە بەرامبەر بڕی ١٥٠ دۆلار بە دراوی سوری.»
وتیشی: «ئەوانەی رەتیدەکەنەوە پارەبدەن چونکە پێیان نادرێت دەبێت نیوەی دەسکەوتەکەیان بدەن بە گروپەکە.» عەساف وتی پارتی ئیسلامی تورکستان لە سوریا لە چەند رۆژێکیشدا ماسیگریی قەدەغەکردووە، کە تیایاندا ماسیگری لە خزمەتی خۆی قۆستۆتەوە. وتی ئەم باجانە وایانکردووە نرخی ماسی تاڕادەیەکی زۆر بەرزببێتەوە لە پارێزگاکانی حەما و ئیدلیب و ئاماژەیکرد بەوەی پێشتر نرخی ماسی بە هەمووان دابیندەکرا، چونکە وادادەنرا ماسی «خواردنی هەژارانە».

## چاندنی ترس لەنێو مەدەنیەکاندا

پارتی ئیسلامی تورکستان لە سوریا کە پەیوەندی بە قاعیدەوە هەیە و هاوپەیمانی تەحریر شامە، زۆرینەی پێکهاتووە لە ئویگورەکان، کە کەمینەیەکی ئێتنی موسڵمانی پارێزگای شینیانی چینن.
ئەو دوو گروپە هەینی (٩ تشرینی دووەم) نمایشێکی سەربازیی گەورەیان ئەنجامدا لە دەوروبەری پایتەختی ئیدلیب. بە دەیان ئۆتۆمبیلی سەربازی و تانک و چەکی قورس نمایشکران لە جسر شوغور بەرەو ئەو هێڵەی ناوچەکە جیادەکاتەوە لە ناوچەی هێزەکانی ژێردەستی رژێمی سویرا، هەرچەندە ئەو ناوچەیە بەشێکە لەوناوچە ئارامەی تازە دامەزراوە. .
عەساف وتی ئەو نمایشە سەربازییە دووبارە ترسی لەنێو مەدەنیەکاندا بڵاوکردەوە، کە دەبینرا وەک پشتڕاستکردنەوەی پەیوەندیی بەهێزی

تەحریر شام لەگەڵ پارتی ئیسلامی تورکستان لە سوریا و داننان بە کۆنترۆڵی پارتەکە بەسەر ناوچەکەدا. وتی هاوکات تەحریر شام باجی هاوشێوەی سەپاندووە: دەستگرتن بەسەر توانای مامەڵەکردن بە دانەوێڵەوە و سەپاندنی ئەوەی هەموو جۆرە بازرگانیەک دەبێت لەڕێگەی هاوپەیمانێتیەکەوە بکرێت، بەتایبەتی بازرگانیی ئارد.

وتی ئەمە وایکردووە ئەو هاوپەیمانێتیە توندڕەوە کۆنترۆڵی نرخەکان بکات و بەرزیانبکاتەوە و ئاماژەیکرد بەوەی هەمان شتی کردووە بۆ سوتەمەنی گازوایل، کە بەکاردێت بۆ گەرمکردنەوە، بەهۆی خواستی زۆرەوە بۆی لە وەرزی زستاندا. عەساف وتی تەحریر شام لەڕێی کۆمپانیایەکی خۆیەوە بەناوی وەتەد فرۆشی سوتەمەنی پاوانکردووە، دوای کڕینەوەی بڕێکی زۆر لە سوتەمەنی گازوایل لە چەندین فرۆشیار لە بازاڕ بە نرخێکی کەم.

وتیشی بەرزبوونەوەی نرخی شمەکە سەرەتاییەکان نرخی هەموو شتێکی دیکەی بەرزکردۆتەوە، کە وایکردووە دۆخی سەختی دانیشتوان خراپتربێت بەهۆی نەبوونی دەرفەتی کار و وەستانی شەپۆلی کۆمەکی مرۆییەوە.

http://diyaruna.com

### سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرێکی نوێ دیاریدەکات بۆ سوریا

**٢٠١٨-١٠-٣١**

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتێرێس دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونی نەرویجی دیاریکرد وەک نوێنەری تایبەتی داهاتوو بۆ سوریا، ئاژانسی فرانس پرێس چوارشەممە (٣١ تشرینی یەکەم) ڕایەگەیاند.

لە نامەیەکدا کە سێشەممە لەلایەن ئاژانسی فرانس پرێسەوە بینرا، گوتێرێس بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی وت کە هیوادەخوازێت ئەم ئەرکە بدات بە گێیر ئۆ پێدەرسن.

پێدەرسن دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونە، کە لە ساڵی ١٩٩٣ ئەندامی

تیمی نەرویجی بوو بۆ دانوستانە نهێنییەکان کە بووە هۆی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا. ئەو چەندین پۆستی هەبووە لە ناوچەکە، لەوانە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە باشوری لوبنان لە ٢٠٠٥ و دواتریش وەکو یاریدەدەری تایبەتیی لوبنان لە ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨. پێدەرسن چەندین ساڵیشی وەک نوێنەری نەرویج لای دەسەڵاتی فەلەستینی کاریکردووە و ئێستا نوێنەری نەرویجە لە چین و پێشتر وەک نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ کاریکردووە.

گوتێریس وتی لە گەیشتن بەم بڕیارەدا راوێژێکی زۆری کردووە. وتیشی: «پێدەرسن پشتگیریی لایەنە سورییەکان دەکات بە هێنانەدیی چارەسەرێکی سیاسیی گشتگیر و سەرکەوتوو کە لە ئاستی چاوەڕوانیی ویستی دیموکراسیدایە لەلای خەڵکی سوریا.» ناوبراو سوپاسی ستافان دی میستوراشی کرد، نوێنەری ماوەبەسەرچوو، «بۆ هەوڵ و بەشدارییە سەرەکییەکانی لە گەڕان بەدوای ئاشتیدا لە سوریا».

## گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا لەگەڵ بەرەی نوسرە یەکدەگرن

**٣٠-٠١-٢٠١٧**

چەند باڵێکی ئۆپۆزسیۆنی سوریا شەممە (٢٨ کانونی دووەم) رایانگەیاند کە یەکیانگرتووە لەگەڵ بەرەی نوسرەدا، کە ئێستا بە بەرەی فەتح ئەلشام ناسراوە، دوای چەند رۆژێک لە پێکدادان لەگەڵ گروپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان و بەرەی نوسرە، ئاژانسی فرانس پریس رایگەیاند.

بەرەی نوسرە و چوار باڵی ئۆپۆزسیۆن - نورەدین زینکی، لیوای حەق، بەرەی ئەنسار ئەلدین و جەیش ئەلسونە - جاڕنامەیەکیان مۆرکرد و رایانگەیاند کە هاوپەیمانێتیەکی نوێیان پێکهێناوە بەناوی تەحریر ئەلشام (رزگارکردنی سوریا).

گروپەکان لە راگەیەندراوێکدا بڵاویانکردەوە کە «لە روانگەی ئەو پیلانگێڕیانەوە کە شۆڕشی سوریا دەهەژێنن.. ئێمە هەڵوەشانەوەی

هەموو ئەو گروپانە رادەگەیەنین کە لە خـوارەوە ناویانهاتووە و تێکەڵکردنیان لەناو قەوارەیەکی نوێ بەناوی ‹تەحریر ئەلشام››». ئەم هاوپەیمانێتیە نوێیە دوای چەند رۆژێک لەوە دێت کە باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن پەیوەدییانکرد بە گروپی ئەحرار ئەلشامەوە. بەرەی نوسرە و ئەحرار ئەلشام بۆ چەندین ساڵ هاوشانی یەکتر جەنگاون دژی هێزەکانی رژێم لە ئیدلیب، بەڵام بەرەی نوسرە لەمدواییانەدا توشی پێکدادان بوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی پێشوی لە ئیدلیب و حەلەبدا.

روانگەی سوری بۆ مافی مرۆڤ رایگەیاند کە شەڕ بـەردەوام بوو رۆژی شەممە و بەرەی نوسرەش ناوچەی ئیحسیم و گوندی داناى لەدەست باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ئیدلیب دەرهێنا. بـەرەی نوسرە خراوەتە دەرەوەی هەردوو ئاگربەستی هەستیاری سەرتاسەریەوە کە کارییێدەکرێت لە ٣٠ کانونی یەکەمەوە لەگەڵ وتوێژی ئاشتی ئەمدواییەشدا لە ئەستانە. گروپەکە ئۆپۆزسیۆنی بەوە تۆمەتبارکردووە کە هەوڵی پەراوێزخستنی دەدات دوای ئـەوەی بووەتە ئامانجی هێرشە ئاسمانیە کوشندەکان، کە زۆربـەیان لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە ئەنجامدەدرێن.

## گفتوگۆکانی ئاستانە بە رێککەوتن لەسەر ئاگربەست کۆتاییان هات

**٢٤-٠١-٢٠١٧**

**ئاژانسی فرانس پرێس**

گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان رژێمی سوریا و گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ئاستانەی پایتەختی کازاخستان، سێشەممە (٢٤ کانونی دووەم)، «میکانیزم»ێکی هاوبەشی لێکەوتەوە بۆ چاودێریکردنی ئاگربەستە لاوازەکەی سوریا، ئاژانسی فرانس پرێس رایگەیاند.

بـەڵام چـارەسـەرێکی سیاسیی هەمیشـەیی بۆ شـەڕەکـە هێشتا دوورەدەستە، ئەمەش دوای ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان دوو رۆژ لە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆدا بوون.

تورکیا، روسیا و ئێران، سێ سەرپەرشتیاری سەرەکیی دانوسانەکانی ئاستانە، دروستکردنی «میکانیزمی سێ قۆڵیی بۆ چاودێرییکردن و دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ئاگربەست»ەکەی کۆتایی کانونی یەکەمیان ڕاگەیاند.
سێ سەرپەرشتیارەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان دەبێت بەشداربن لە خولێکی نوێی گفتوگۆی ئاشتی کە بڕیارە نەتەوە یەکگرتووەکان مانگی داهاتوو لە جنێڤ ڕێکیبخات.
دوایین بەیاننامەی روسیا، ئێران و تورکیا، کە لەلایەن وەزیری دەرەوەی کازاخستان قەیرەت عەبدڕەخمانۆڤەوە خوێندرایەوە، ڕایگەیاند: «هیچ چارەسەرێکی سەربازیی بۆ شەڕی سوریا نیە و.. تەنیا دەتوانرێت لەڕێی پرۆسەی سیاسییەوە چارەسەربکرێت.»

**‹نەبوونی بەرەوپێشچوونی بەرچاو›**

وابڕیاربوو لە کۆبوونەوەکەدا بۆ یەکەم جار دانوسانی ڕووبەڕوو لەنێوان ڕژێم و ئۆپۆزسیۆنی چەکدار ڕووبدات لەو کاتەوەی شەڕی سوریا هەڵگیرسا لە ٢٠١١دا، بەڵام ئۆپۆزسیۆن کشایەوە و میانگیرەکانیش ناچاربوون لەنێوان دوو لایەنەکەدا هاتووچۆ بکەن.
دانوسانکاری ئۆپۆزسیۆن محەمەد عەلوش بە ئاژانسی فرانس پرێسی وت «کەللەڕەقی ئێران و ڕژێم» بەرپرسیاربوون لەوەی «بەرەوپێشچوونی بەرچاو» لە دانوسانەکاندا ڕوونەدات.
دوایین دەستپێشخەریی دبلۆماسیی بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕژان دوای مانگێک هات لەوەی هێزەکانی ڕژێم بەتەواوی دەستیانگرت بەسەر شاری حەلەبدا. ئاگربەستێک، کە لەلایەن روسیا و تورکیاوە سازکرا، لە کانونی یەکەمەوە لەگۆڕێیە، بەڵام هەردوولا، ئۆپۆزسیۆن و ڕژێم، سکاڵایان لەدەست پێشێلکاریی چەندجارە کردووە.
ئۆپۆزسیۆن -- کە سووربوو لەسەرئەوەی گفتوگۆی ئاستانە بەکاردەهێنێت تا فشار بخاتە سەر ڕژێم بۆ ڕێزگرتن لە ئاگربەستەکە -- دووشەممە ڕەتیکردەوە بەشداریی لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا بکات

لەگەڵ ڕژێم، چونکە [ڕژێم] بەردەوامبوو لەسەر هێرشەکانی بۆ سەر وادی بەرەدا لە دەرەوەی دیمەشق.

**‹یەک ئامانج›**

دانوسانکاری ڕژێم بەشار جەعفەری دوای کۆتایی گفتوگۆکان وتی کۆبوونەوەکە «سەرکەوتووبووە لە دەستڕاگەیشتن بە ئامانجی پتەوکردنی دەستبەردان لە دوژمنکاریی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ گفتوگۆ لەنێوان سورياييەکاندا».
بەڵام لەوکاتەدا هیچ وردەکارییەکی تەواو نەدرا دەربارەی میکانیزمە سێ قۆڵییەکە بۆ بەهێزکردنی ئاگربەست و چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزترەکان. نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوریا ستیفن دی میستورا وتی ڕێکخراوەکەی ئامادەیە بۆ هاریکاریی بۆ گەشەپێدانی میکانیزمەکە و «دڵنیابوون لەوەی [ئاگربەستەکە] یارمەتی پتەوکردنی جۆرێتیی ئاگربەستەکە دەدات».
ئۆپۆزسیۆن داوای وەستاندنی هێرشەکانی ڕژێمی بۆ سەر وادی بەرەدا کردووە، کە ناوچەیەکی ١٥ کیلۆمەتری باکوری-خۆرئاوای دیمەشقە، بەڵام جەعفەری سووربوو لەسەر ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکان لەوێ بەردەوامیان دەبێت.
لەوێ قسەی توند و جوێنی زۆر لەنێوان دوو شاندەکەدا دەبیسترا.
هەروەها هێشتا نازانرێت سێ ڕێکخەرەکە، ڕوسیا، تورکیا و ئێران، چۆن جیاوازییەکانی نێوانیان دەربارەی ڕۆڵی گفتوگۆکان پینەکردووە.
ئەندامێکی شاندی ئۆپۆزسیۆن بە ئاژانسی فرانس پرێسی وت کە گروپەکەی قایلە بەوەی ڕوسیا وەک لایەنی دڵنیاکەرەوە لە ئاگربەستی ئێستا ڕۆڵ ببینێت، بەڵام نەک ئێران، کە کۆنترۆڵی ئەو هێزە سەربازییە دەکات کە بۆ ڕژێمی سوریا شەڕدەکات.
هاوکات ڕژێمی سوریا ڕایگەیاند ڕەتیدەکاتەوە گفتوگۆ لە ئاستی حکومەتدا بکات لەگەڵ تورکیا یان هەر بەڵگەنامەیەک واژۆ بکات کە واژۆی بەرپرسێکی تورکی پێوەبێت.

لە دەستپێکی شەڕی سوریاوە کە لە ٢٠١١دا هەڵگیرسا، زیاد لە ٣١٠،٠٠٠ کوژراون و زیاد لە نیوەی خەڵکی وڵاتەکە ئاوارەبوون. بەردەوامیش ئەم ئامارانە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، چونکە رۆژانە کوشتنو بریندار بونو بێ سەروشوێن بونو ئاوارەبوون بەردەوامی هەیە، بۆیە هەر جارەی باسی سوریا دەکرێت ئامارەکانیش جیاواز دەردەکەون.

## نەتەوە یەکگرتووەکان :وێرانکردنی تەدموری سوریا لەلایەن داعشەوە تاوانی جەنگە

**٢٠-٠١-٢٠١٧**

نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی هەینی (٢٠ کانونی دووەم) ئیدانەی هێرشەکانی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام» (داعش)ی کرد بۆ سەر دوو ناوچەی شاری کۆنی تەدموری سوریا، بە «تاوانی جەنگ» و «پاکتاوی کلتوریی» ناوزەدیکردن، ئاژانسی فرانس پرێس رایگەیاند .بەڕێوەبەری گشتی یونسکۆ ئیرینا بۆکۆڤا وێرانکارییەکەی بە «تاوانێکی نوێی جەنگ و زیانێکی مەزن بۆ گەلی سوریا و مرۆڤایەتی» لەقەڵەمدا.

بۆکۆڤا وتی: «ئەم لێدانە نوێیە لە میراتی کلتوریی .. ئەوە نیشاندەدات ئەو پاکتاوە کلتورییەی لەلایەن توندڕەوە توندوتیژەکانەوە رێبەری دەکرێت هەوڵ بۆ تێکشکاندنی هەردوو ژیانی مرۆڤ و مۆنۆمێنتی مێژوویی دەدەن تا گەلی سوریا لە رابوردوو و داهاتووی بێبەشبکەن.»

لە ١١ کانونی یەکەمدا داعش تەدموری لە هێزەکانی رژێم گرتەوە کە پێگەیەکی مێژوویی یونسکۆیە، دەوترێت پێشتر و لەم مانگەشدا وێرانکاریی نوێ روویداوە. بەڕێوەبەری کەلەپوری سوریا مەئمون عەبدولکەریم وتی سەرچاوە خۆجێییەکان دەڵێن داعش مۆنۆمێنتی تاقی چوار-دەرگای تەدموری رووخاندووە، لەکاتێکدا وێنەی مانگە ئاسمانییەکان ئەو زیانە نیشاندەدەن کە بەر رووکاری شانۆیی رۆمانی شارەکە کەوتووە.

داعش لە ماوەی ئەو نۆ مانگەی شارەکەی لەژێر دەستدا بوو، شارەکەی وێرانکردبوو پێش ئەوەی مانگی ئازاری پێشوو لە تەدمور دەربکرێت.
یونسکۆ ڕایگەیاند کە چەندین ساڵی شەڕ لە سوریا ٣٠٪ی کۆنە-شاری حەلەبی «بەتەواوی تێکشکاندووە» -- کە لە ١٩٨٦دا بە شوێنەواری کەلەپوری جیهانیی دانرا -- و نزیکەی ٦٠٪ی گەڕەکەکە «بەتەواوی ڕووخابوو». یونسکۆ ڕایگەیاند «زیانی گەورە» بەر قەڵاکە کەوتووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین و مزگەوتی گەورەی حەلەب، گەورەترین مزگەوتی شارەکە کە یەکێکیشە لە کۆنترین مزگەوتەکانی.

**سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان: دەرەنجامەکانی شەڕی سوریا ‹زۆر مەترسیدارن›**
**١٨-٠١-٢٠١٧**
سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان چوارشەممە (١٨ کانونی دووەم) ڕایگەیاند ئەو هەڕەشە جیهانیانەی لە شەڕی ناوخۆی سوریا کەوتوونەتەوە «زۆر لەوە مەترسیدارترن» کە هەروا بە چارەسەرنەکراوی بهێڵرێنەوە و سەرنجی ڕاکێشا بۆ پێویستیی بەرەوپێشچوون لە گفتوگۆکانی ئاشتییدا، ئاژانسی فرانس پرێس ڕایگەیاند.
سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنتۆنیۆ گوتێریس، کە ١ کانونی دووەم پۆستەکەی گرتەدەست، ئاماژەی بەوەکرد کە جەنگەکە ناسەقامگیریی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروستکردووە و هێرشی تیرۆرستی لە جیهاندا بڵاوکردووەتەوە.
گوتێریس وتی: «دەرەنجامەکانی ئەم جەنگە زۆر مەترسیدارن بۆ هەمووان.» وا بڕیارە ئەو گفتوگۆیانەی ئاشتی کە لەلایەن ڕوسیا و تورکیاوە، نەک نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕێکخراون لەنێوان لایەنە ڕکابەرەکاندا دووشەممە لە ئاستانەی پایتەختی کازاخستان دەستپێبکات، بەڵام گوتێریس هیوای خواست دانوسانەکان «سەربکێشن

بۆ پتەوکردنی ئاگربەست و وەستاندنی شەڕەکە».
وتیشی سەرکەوتن لە ئەستانە «دەتوانێت ببێتە دروستکەری دۆخێک بۆ پرۆسەی سیاسیی کە پێویستە لە جنێڤ دەستپێبکاتەوە لە شوباتدا کە دەکرێت سەربکێشێت بۆ ئەنجامی بەرجەستە».
پرۆسەی ئاشتی جنێڤ لەلایەن نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە سوریا ستیفن دی میستوراوە بەڕێوەدەبرێت، کە وتی دەیەوێت گفتوگۆکان دەستپێبکەنەوە.

## خێڵەکانی سوریا پەیوەندی دەکەن بە هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە لە شەڕی داعش دا

٢٣-٠٢-٢٠١٧

سەنادید، یەکێک لە گەورەترین خێڵەکانی باکوری سوریا، لەم دواییانەدا پەیوەندیکردووە بە هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە لە شەڕیاندا دژی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام» (داعش).
بەرپرسانی سەربازیی وتیان بە پەیوەندیکردن بە ریزەکانی ئەو هاوپەیمانێتییە عەرەبی-کوردییەوە، خەڵک و خێڵە گەورەکانی باکوری سوریا پیشانیدەدەن کە یەکگرتوون لەدژی داعش.
فەرماندەی سەربازیی سەنادید بەندەر حەمیدی دەهام وتی: «هێزەکانی سەنادید چەند هێزێکی سەربازیین و پێکهاتوون لە کەسانی خێڵەکی، بەتایبەت لە خێڵی شەممەر، کە ژمارەیان ٤،٥٠٠ چەکداری هەمیشەییە و ژمارەیەکی هاوشێوەش لە مەدەنییەکانن کە هەرکات پێویستی کرد دەکرێت بانگهێشتبکرێن.»
بە دیارونای وت: «لە ٢٠١٣دا دامەزرێنران بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆ و ئەو هەڕەشەیەی لە تەشەنەکردنی داعشدا بەدیدەکرا.» دەهام وتی ئەم هێزانە کۆنترۆڵی ناوچەکانی تەل کۆچەر، تەل حەمیس و ژمارەیەک ناوچەی دیکە دەکەن لە پارێزگای حەسەکە.
وتیشی: «لەئێستادا لەژێر چەتری هێزەکانی سوریای دیموکراتدا کاردەکەن، کە گرنگە بۆ یەکخستنی هەوڵ و هێزەکان بە مەبەستی

لەناوبردنی گروپەکە.» وتی گروپەکە پەیوەندییەکی «نایاب»ی هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناو هاوپەیمانێتییەکەدا، لەناویاندا هێزە کوردی و ئاشورییەکان.

## یەکگرتوو دژی داعش

واحید خەڵەف کە خەڵکی گوندی خەڵەف بەگی تازە ڕزگارکراوی ڕەققەیە و بەشداری ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات دەکات وتی: «پەیوەندیکردنی سەنادید بە هاوپەیمانێتییەکەوە پێشهاتێکی زۆر گرنگە و خاڵی وەرچەرخانە لە شەڕی دژی داعشدا.»
بە دیارونای وت ئەوە گرنگە چونکە ڕاستەوخۆ بانگەشەی داعش بۆ بوونی ناکۆکی لەنێوان عەرەب و کورد ڕەتدەکاتەوە، بە ئاماژەکردن بەوەی گروپەکە ویستوویەتی خێڵە عەرەبەکان لە خۆی نزیکبکاتەوە بە پاساوی پاراستنیان لە کوردەکان. وتیشی خێڵەکان شانبەشانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەوەستن، بە هەموو پێکهاتە ئێتنیەکانەوە، کە «لێدانێکی گورچکبڕە بۆ ئەو گروپە» و لە بایەخی هەوڵەکانی کەمدەکاتەوە بۆ چاندنی دووبەرەکیی.
خەڵەف وتی: «یەکخستنی هێزەکان کە شەڕی دژی داعش دەکەن لەژێر چەتری ژوورێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا پێویستە و گرنگە بۆ هەماهەنگیی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ناوچەی ڕەققە.»
وتیشی: «ناوچەکە فراوانە و وا دەخوازێت گشت خەڵکی ناوچەکە کاربکەن تا بەتەواوی رووماڵی بکەن و بیپارێزن.» خەڵەف وتی ئەو خێڵانەی پەیوەندی بە هاوپەیمانێتییەکەوە دەکەن و پاڵپشتی سەرکردە خێڵەکییەکان بۆ ئەم هێزانە دەبێت «پێکهاتەی عەرەبی ناوچەکە دڵنیابکاتەوە»، چونکە ئەمە پشتڕاستیدەکاتەوە کە عەرەب هەڵنەوێردراوە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا و «لە داهاتووشدا هەڵناوێردرێت».
وتی ئەم پاڵپشتییە ڕاگواستنی هاوڵاتیان ئاسانتر و خێراتر دەکات لەو ناوچانەی دەشێت ببنە ناوچەی شەڕ لەکاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردندا.
کە دەچنە ناو ناوچەکانی ژێردەستی داعشەوە چەکدارانی هێزەکانی

سوریای دیموکرات زۆربەی مەدەنییەکان دەگوازنەوە تا دڵنیابن لە سەلامەتییان و شوێنی داڵدانی کاتییان دامەزراندووە تا کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکە دێت و ناوچەکە لە مین و بۆمب پاکدەکرێتەوە.

## زۆر خێڵ پەیوەندیی بە هاوپەیمانێتییەکەوە دەکەن

محەمەد عەبدوڵا کە رۆژنامەنووسێکی سوورییە و لە قاهیرە دەژی وتی زۆرێک لە خێڵەکانی ناوچەکە شوێنپێی شەممەریان هەڵگرتووە و رایدەگەیەنن لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکراتدان، لەنێویاندا خێڵەکانی نێو هێزی تایبەتی سوریا، باڵی سەربازیی غەد سوری (داهاتووی سوریا).

خێڵەکانی رەققە پاڵپشتیی تەواوی خۆیان بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات راگەیاندووە و داوایان لە گەنجانی ناوچەکە کردووە پەیوەندی بکەن بە ریزەکانیانەوە بۆ شەڕکردن دژی داعش.

ئەمەش دوای کۆبوونەوەیەکی ١٦ کانوونی دووەم هات کە لەلایەن سەرکردەی خێڵی وەلدا شێخ سەعید مەحمود دەبساوە بەڕێوەبرا. وەلدا یەکێکە لە گەورەترین خێڵەکانی رەققە.

وتی: «پاڵپشتیی خێڵەکان لە شەڕی دژی داعشدا زۆر گرنگە، چونکە ئەم خێڵانە بوونیان هەیە لە زۆربەی ناوچەکانی ژێردەستی داعشدا.» وتی لەگەڵ ئەوەشدا، بوونیان تەنیا لە سوریادا نیە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ عێراق و بەتایبەت موسڵ، بەهەمان شێوەی خێڵی دەهام.

عەبدوڵا وتی کۆبوونەوەی خەڵکی باکوری سوریا لە دەوری هێزەکانی سوریای دیموکرات لەژێر «چەترێکی سەربازیی یەکگرتوودا پشیتوانیی بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات زیاددەکات بە ئامانجی لەناوبردنی داعش».

## لایەنە ناکۆکانی سوریا گەیشتنە جنێڤ بۆ وتووێژ

**٢٢-٠٢-٢٠١٧**

لایەنە ناکۆکەکانی سوریا گەیشتنە جنێڤ چوارشەممە (٢٢ شوبات)

بۆ وتووێژی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە شەڕی شەش ساڵەی سوریا، ئاژانسی فرانس پرێس رایگەیاند. چاوەڕواندەکرا کە دانوسانکارانی رژێم و شاندەکانی ئۆپۆزسیۆن بگەنە ئەو شارەی سویسرا رۆژێک پێش دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان دوای وەستانێکی ١٠ مانگی. ئۆپۆزسیۆن لە دواین گەڕی وتووێژەکان کشایەوە وەک ناڕەزایی دژی زیادبوونی خوێنڕشتن و سێشەممە هۆشداریدا کە پێشێلکاریەکانی ئاگربەستەکە بۆ جارێکی تر بوونەتە کۆسپی سەرەکی.
راوێژکاری لیژنەی باڵای دانوسانی ئۆپۆزسیۆن، یەحیا ئەریدی، وتی: «کۆسپەکان رونن و یەکێک لەوانە ئەوەیە کە هیچ بەرەوپێشچونێک نیە لە بەهێزکردنی ئاگربەستەکەدا.»
نوسینگەی ناوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ستیڤن دی میستورە، سێشەممە رایگەیاند کە وتووێژەکە بەردەوام دەبێت لە تەرکیزکردنەسەر «گواستنەوەی سیاسی.»
٤٠ رێکخراوی مافی مرۆڤ داوایانکردووە کە وتووێژەکان تەرکیزبکەنە سەر کۆتایهێنان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کە خاسیەتی شەڕەکەیە.
لاما فاکی لە رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە راگەیەندراوێکی هاوبەشدا وتی: «یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی وتووێژی جنێڤ دەبێت بۆ کۆتایهێنان بێت بە پێشێلکاریەکان دژی سوریەکان کە روبەڕوی بۆردومانکردن، هێرشی کیمیایی، برسێتی، گرتنی نایاسایی و تۆقاندن بوونەتەوە.»

## یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٥ نیساندا کۆنفرانسی سوریا ئەنجامدەدەن

**٠٧-٠٣-٢٠١٧**

یەکێتی ئەوروپا کۆنفرانسێک دەربارەی قۆناغی دوای شەڕ و داهاتووی سوریا لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان لە بروکسل لە ٥ نیساندا ئەنجامدەدات، ئاژانسی فرانس پرێس دووشەممە (٦ ئازار) رایگەیاند.

بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکان فیدێریکا مۆگێرینی وتی کۆنفرانسەکە، کە دوای کۆبوونەوەیەکی هاوشێوە دێت لە سەرەتای ئەمساڵدا و لە لەندەن، «دۆخی هەرێمی و ئەو دۆخانە تاوتوێ دەکات کە بە گوێرەی ئەوە هاریکاری قۆناغی دوای شەڕ دابینبکرێت کەی قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسیی ڕاستەقینە هاتەئاراوە».

یەکێتی ئەوروپا هەمیشە پشتگیری هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی کردووە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە سوریا، کە لە سەرەتای ٢٠١١وە بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی ٣١٠،٠٠٠ کەس و ئاوارەبوونی ملیۆنەها. بەگوێرەی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان ستیفن دی میستورا، لە دوایین گەڕی گفتوگۆکانی جنێف کە هەینی بوو، کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، دیمەشق و ئۆپۆزسیۆن ڕێککەوتن لەسەر «بەرنامەیەکی ڕوون» بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ.

وتی پێشڕەوی بەدەستهاتووە و هیوای خواستووە بتوانێت هەردوولا بانگهێشت بکاتەوە بۆ جنێف بۆ گەڕێکی نوێی گفتوگۆکان.

گفتوگۆکانی ئاشتی جنێف هاوکاتن لەگەڵ دانوسانەکانی ئەستانە لە کازاخستان، کە ڕوسیا و تورکیا سازیاندا و ئامانجی هێشتنەوەی ئەو ئاگربەستە لاوازەیە کە لە کانونی یەکەمدا بەدەستهات دوای ئەوەی هێزەکانی ڕژێم حەلەبیان گرتەوە.

وا چاوەڕواندەکرێت کۆبوونەوەیەکی نوێ لە ئەستانە ئەنجامبدرێت پێش گفتوگۆی داهاتوی جنێف.

بەرپرسانی ئەوروپا وتیان یەکێتی ئەوروپا پێشبینی دەکات سەرۆکی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنتۆنیۆ گوتێرۆ بەشداری گفتوگۆکانی بروکسل بکات لە نیساندا، لەگەڵ بەرپرسانی باڵا لە زۆرینەی ئەو وڵاتانەی بەشداری کۆنفرانسەکەی لەندەنیان کرد لە شوباتی ٢٠١٦دا.

## ڕێکخراوێکی کۆمەکبەخش: منداڵانی قوربانیی جەنگی سوریا ڕەنگە «نوقمی ناسۆری دەروونی» بن

٠٧-٠٣-٢٠١٧

ڕێکخراوی منداڵپارێزیی خێرخوازی نێودەوڵەتی هۆشداریدا کە ئەو منداڵە سوریانەی تۆقیون بەهۆی بۆردومان و هێرشی ئاسمانییەوە نیشانەی گوشاری دەروونـی توند پیشاندەدەن و لەوانەیە وەک نەوەیەک گـەورە ببن کە «نوقمی ناسۆری دەروونـین»، ئاژانسی فرانس پرێس رایگەیاند.

بەگوێرەی راپۆرتی «برینە نەبینراوەکان» سەبارەت بە کاریگەریەکانی جەنگ لەسەر تەندروستی مێشکی منداڵان، چاوپێکەوتن لەگەڵ زیاتر لە ٤٥٠ منداڵ و مێرمنداڵ ئاستێکی بەرزی گوشاری دەرونی پیشاندا لەنێو منداڵەکاندا، کە زۆربەیان دەناڵێنن بەدەست میزکردن لەناو جێدا و تەگەرە لە قسەکردندا.

لانیکەم سێ ملیۆن منداڵ لە ناوچەی شەڕەکاندا دەژین لە سوریا و روبەڕوی بۆردومان و تۆپباران دەبنەوە لەکاتێکدا شەڕەکە پێدەنێتە حەوتەمساڵییەوە. دوو لەسەر سێی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە لەلایەن ڕێکخراوەکە ئازیزێکیان لەدەستداوە یان ماڵەکانیان بۆردومان و تۆپبارانکراوە، یان زیانی تری پەیوەست بە جەنگیان بەرکەوتووە.

راپۆرتەکە رایگەیاند کە «دوای شەش ساڵ لە جەنگ، ئێمە لە بەردەم خاڵی وەرچەرخاندان. مەترسی نەوەیەکی تێکشکاو کە نوقمی ناسۆری دەرونی و گوشاری دەروونی توند بووە قەت ئەوەندە گەورە نەبووە.»

سەرجەمی ٨٤٪ی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە باسی بۆمباران و تۆپبارانیان کردووە وەک هۆکاری سەرەکی گوشاری دەرونی لە ژیانی رۆژانەی منداڵاندا.

نزیکەی ٤٨٪ گەورەکانیش رایانگەیاند کە منداڵان توانای قسەکردنیان لەدەستداوە یان توشی کێشەی گەشەی قسەکردن بوون لە دەستپێکی شەڕەکەوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە نزیکەی ٨١٪ منداڵانیش زیاتر شەڕانی بوون،

لەکاتێکدا ٪٧١ دەناڵێنن بەدەست میزکردن لە جێدا.
نیوەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵکراوە وتیان کە بەدمامەڵەکردنی ناو خێزان زیادیکردووە و لە چوار منداڵ یەکێکیان وتی کە شوێنێک نیە بۆی بڕۆن یان کەسێک نییە قسەی لەگەڵ بکەن کاتێک کە دەترسن.
بەرپرسی ڕێکخراوی منداڵپارێزی سوریا، سۆنیا خوش، باسی نمونەکانی هەوڵی خۆکوشتن و خۆئازاردانیشی کرد.
http://diyaruna.com

**بوونی نەوت و غاز لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهێزترین کارتی فشارە بۆ دروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکانی ڕۆژئاوا**

٢٣-٠٨-٢٠١٣

شارەزایەکی بواری جیۆلیۆجی دەڵێت، حکومەتی تورکیا بەهۆی نەوتەوە پشتیوانیی لە دروستبوونی حکومەتێکی خۆبەڕێوەبەری دەکات لە ڕۆژئاوای کوردستان.
د.بێوار خنسی، شارەزا لە بواری جیۆلۆجی بەشداریی بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆی)ی تەلەفیزیۆنی ڕووداوی کرد و ڕایگەیاند: "بوونی نەوت و غاز لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهێزترین کارتی فشارە بۆ دروستبوونی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکانی ڕۆژئاوا".
گوتیشی: "هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ڕۆژئاوا دەتوانن بەو هۆیەوە پارێزگاریی لەو هەرێمە بکەن و سیستەمی سووریا بگۆڕن بۆ سیستەمی فیدراڵی".بە گوتەی ئەو شارەزایە ڕۆژئاوای کوردستان لەچاو پارچەکانی دیکەی کوردستان دەوڵەمەندترین ناوچەی کوردستانە لە ڕووی سامانی ئاژەڵ، ئاو، نەوت و غازەوە.
دەوڵەمەندترین ناوچەش: ڕەقە، حەسەکە و دێرەزوور-ن.
د.بێوار خنسی ئاماژەی بەوەکرد، کە لە ساڵی ١٩٤٠ تاوەکو ئێستا نەوتی یەدەگ لەو ناوچانە بە ٦ ملیار و ٧٠٠ ملیۆن بەرمیل خەمڵێنراوە، کە نزیکەی ٣ ملیار بەرمیل لەو ماوەیەدا دەرهێنراوە و ٣ ملیار بەرمیلی دیکەش وەک نەوتی یەدەگی دەرنەهێنراو خەمڵێنراوە.

هەلر بەپێی زانیارییەکانی ئەو پسپۆڕەی بواری جیۆلۆجی، حکومەتی سووریا ٦٨٪ی داهاتی نەوت و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان بەدەستدەهێنێت، بە جۆرێک لە ساڵی ١٩٩٥ نزیکەی ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی دەردەهێنا، هاوکات نزیکەی ٨٠٠ ملیۆن مەتر سێجا لە غازی سرووشتی دەردەهێنا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١١ ڕێژەی دەرهێنانی نەوت کەمبووەتەوە بۆ ٣٠٠ هەزار بەرمیل.

دوای ئەوەی یەکێتی ئەورووپا بڕیاریدا نەوت لە ڕژێمی سووریا نەکڕێت، هاوکات دروستبوونی حکومەتێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی و دوای ئەوەی کێڵگە نەوتییەکان کەوتنە دەستی کورد، بڕیاری ئەوە درا کە نەوتی ناوچە کوردییەکان نەفرۆشرێ تاوەکو سیستمێکی بەڕێوەبەری دادەمەزرێ.

لەو بارەیەوە خنسی گوتی: "نەفرۆشتنی نەوتی ڕۆژئاوای کوردستان وایکرد فشارێکی زۆر لە سەر دیمەشق و ئەورووپا درووست ببێت، هەر ئەمەش وایکرد تورکیا بێتە پێشەوە و خۆی بە نزیکترین کڕیاری نەوتی ڕۆژئاوای کوردستان بزانێت، هەر ئەمەش بوو وایکرد پشتیوانی لە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی بکات".

سەبارەت بە سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری کەرتی نەوت و کاریگەری لەسەر سیاسەتی وڵاتانی دەرەکی بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان، د.بێوار خنسی گوتی: "لەسەرەتای دامەزراندنی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە دەبینین کە ئەو سیاسەتە بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گۆڕینی سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و دەرگای زۆری بەڕووی کوردستاندا کردۆتەوە".

د.بێوار خنسی، شارەزا لەبواری جیۆلۆجی لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە پێشنیازی بۆ بەشداربووانی کۆنگرەی نەتەوەیی کرد "لیژنەیەکی تایبەت دابنێن بۆ سامانە سرووشتییەکان و سامانە سرووشتییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان ببێتە پایەیەکی بەهێز بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگیرێ سامانە

سروشتییەکانی نێو خاکی کوردستان لەلایەن ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە بەکار نەهێنرێ تاوەکو کێشەی کورد لە وڵاتەکایان چارەسەر نەکەن".

## بۆچی سعودیە پشتیوانی کوردانی سوریا دەکات ؟

**گۆران قادر احمد**

**٢٠١٨،٠٩،٠٥**

عەرەبستانی سعودیە هەنگاوی بۆ ستراتیژێکی نوێ لە سوریا هەویشتووە، ئەویش هاوکاری کردنی سیاسی و دارایی هێزەکانی سوریای دیموکراتە (هەسەدە)یە لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵی کردووە، هاوکاریەکانی سعودیە بە ناوی ئاوەدان کردنەوە و هاریکاری مرۆییە. ئەم هەنگاوە کە وڵاتی ئیماراتیش پشتگیری دەکات( بە وتەی چاودێران)،بۆ چەند ئامانجێکە لەوانە: بۆ لێدان لە تورکیایە، کە هەسەدە مەترسی بۆ دروستکردووە و هەوڵی کیانێکی سەربەخۆ دەدات،هەروەها بۆ هێنانەدی ئامانجی ئەمریکیا و وەستاندنی هاوکارییەکانی ئەو وڵاتایە، کە لە گەنجینەی ئەمریکا دەڕوات،هەروەها پابەند بوونی سعودیەو وڵاتانی هاوپەیمانیشە بە پاراستنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، هەر وەک چۆن دۆناڵد ترامپ چەندین جار ئاماژەی بەم خاڵە کردووە، بەڵام ئەم دەستوەردانەی سعودیە بۆ کوێ دەڕوات؟

سعودیە بەرەو هاوکاری جۆری و ئاشکرای کوردانی سوریا:

مانگی ڕابردوو، سامر سەبهان( عین عیسی) وەزیری دەوڵەتی سعودیە بۆ کاروباری کەنداوی عەرەبی، سەردانی شاری ڕەقەی کرد، کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ( هەسەدە)دایە، لەوێ لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکادا کۆبووەوە، بەو پێی سەرچاوە سعودیەکان ئامانجی سەردانەکە بۆ ئەوەبووە، کە سعودیە شانبەشانی ئەمریکا کار بۆ دووبارە بیناتنانەوەی ئەو ناوچانە دەکات.

ئەم هەنگاوە جۆرییە، بە دانپێدانانی سعودیە بە شەرعیەت بوونی

هەسەدە هەژمار دەکرێت،هەروەها بە چەند هەنگاوێکی سعودیە هەژمار دەکرێت،کە جەخت لە هاوکاریکردنی سعودیە بۆ کوردان دەکاتەوە.

لە مانگی ئایاری ڕابروو، لە بنکەی (خراب عشک)ی ئەمریکی لە نزیک کۆبانێ،کۆبوونەوەیەک لە نێوان ئەفسەرانی سعودیە و ئیمارات و ئوردن و فەرماندە عەرەبیەکانی ناو هێزەکانی سوریای دیموکرات بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێ کردنی گۆڕانکاریەکانی ئەم دوایانە و پێکهێنانی هێزێکی عەرەبی بووە، کە لەسەر سنوری تورکیا – سوریا جێگیر بکرێن، هەروەها بۆ ئەوە بووە کە نفوزی ئیمارات و سعودیە لەو ناوچانە زیاد بکرێت و هێزەکەش بچێتە پاڵ (هەسەدە) و هەر چەکدارێکیش مانگی (٢٠٠) دۆلاری ئەمریکی پێبدرێت.

دواین هەنگاوی سعودیە بۆ هاوکاری کردنی ( هەسەدە)، بڕیارێکی ریاز بوو لە رۆژی ٢٠١٨/٨/١٧ کە بەخشینی (١٠٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بوو، بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری ڕەقە کە دەکەوێتە ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا و لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوریای دیموکراتدایە،ریاز ئەم برە هاوکارییەی بەبەشداریەکی گەورە ناوزەند کرد بۆ( پڕۆژەی دووبارە گەڕانەوەی ژیان و دابین کردنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان) کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی ئەم پڕۆژەیە دەکات.

سەبارەت بە هاوکاریەکانی سعودیە، ئاژانسی هەواڵەکانی سعودیە (واس) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە: ( هاوتەریب لەگەڵ هاوکارییەکانی سعودیە،بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری تر بۆ هاوکاری کردن زیاد دەکرێت، کە هاوکار دەبێت بۆ ڕزگارکردنی گیانی هەزاران هاوڵاتی،هەروەها ئەم هاوکاریە ئاسانکاری دەکات بۆ گەڕانەوەی ئاوارە سورییەکان،گەرەنتی نەگەڕانەوەی (داعش)یش دەکات، کە هەڕەشە لە سوریا یان دراوسێکانی دەکات،یان ڕێگری دەکات لە دانانی پلان و بەرنامەی داعش بۆ هێرش کردنە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی)

دەربارەی ئەم هەنگاوانەی سعودیە، کیرێل سیمیونۆف سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە پەیمانگای گەشەپێدانی داهێنان دەڵێت: دەتوانرێت ئەم کارانە بە هەنگاوێکی سعودیە سەیر بکرێت، بۆ بەستنی پەیوەندیەکی گەرم لەگەڵ کوردەکان، کەئێستا نزیک بوونەوەیەک لە نێوان پارتی یەکێتی دیموکرات ( کە زۆرترین جەماوەری لە باکوری سوریا) هەیە لەگەڵ لایەنگرانی مەسعود بارزانی لە عێراق.

سعودیە توشی( کێشەیەک) ی نوێی واشنتۆن بووە و چارەی دەکات: دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەردەوامە لە بڕیارەکانی بۆ کەمکردنەوەی هاوکاریەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی، بەتایبەت ئەو هاوکاریانەی پەیوەستن بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و فەلەستینیەکان، یان ئەو ناوچانەی سوریا کە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی سوریادا هاوپەیمانی واشنتن. ئەمریکا دەیەوێت هاوپەیمانەکانی لەبری خۆی، خەرجیە دەرەکیەکانی دابین بکەن، سعودیەش یەکەم وڵات بوو، کە دابین کردنی خەرجیەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای لەدەرەوە لە ئەستۆ گرت، ئەمیش ئەو کاتە ڕوویدا کە ریاز وەڵامی داواکارییەکی دۆناڵد ترامپ دایەوە کە هاوکاری بکرێت، ئەگینا ئەمریکا لە سوریا دەکشێتەوە، چونکە ئەمریکا ساڵانە ٧ تریلیۆن دۆلار لە سوریادا خەرج دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک هاتبێتەدی، هەروەها لە ڕۆژی ٢٠١٨/٨/١٨ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بڕی ٢٣٠ ملیۆن دۆلار هاوکاری خۆی بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی باکوری ڕۆژهەلاتی سوریا( ڕۆژئاوا) بڕی.

دوای ئەوەی واشنتن ئەو بڕە پارەیەی نەهێشت، بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز لەو ناوچایە، هەوڵی دانانی نێردەی نوێی دا، بۆیە سعودیە بە خێرایی بریاری دابین کردنی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری دا، هەروەها ئیماراتیش بەڵێنی دابین کردنی ٥٠ ملیۆن دۆلاری دا، بەمەش سعودیە و ئیمارات قەرەبووی نیوەی ئەو پارەیەیان کردەوە کە واشنتن بڕی بوو، هەروەها وڵاتانی تریش بەڵێنیان دا کە ١٥٠

ملیۆن دۆلاری تر دابین بکەن، کۆی هەموو هاوکارییەکان گەیشتە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ هاریکاریکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی هەسەدە.

پشتگیری سعودیە بۆ کوردان.. بۆ شکاندنی تورکیایە

سعودیە جەخت دەکاتەوە، کە هەنگاوەکانی بۆ ڕێگری کردنە لە زیادبوونی نفوزی ئێران لە سوریا و عێراق و لوبنان، بەڵام چاودێران جەخت دەکەنەوە، کە ئەم هەنگاوانەی سعودیە لە ڕقی تورکیا و بۆ شکاندنی ئەو وڵاتەیە،چونکە تورکیا لە قەیرانی کەنداو لەگەڵ قەتەردا،لە دژی سعودیە هاوکاری قەتەری کردو ڕەتی کردەوە کە سزای ئابووری قەتەر بدات و داییبڕێت.

بۆ گەیشتن بە تۆڵەکردنەوە لە تورکیا، حکومەتی ریاز لە ماوەکانی ڕابردوودا زیاتر لەو بەرپرسە کوردانە نزیک بۆتەوە کە دژایەتی تورکیا دەکەن، لە دیارترین کەسیان ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکرات ( پەیەدە) بوو، کە ئەنقەرە بە ( تیرۆست) ناوزەندی دەکات، لە چاوپێکەوتنێکیدا ساڵح موسلیم لەگەڵ رۆژنامەی ( ریاز) ی سعودی، لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی (هاوپەیمانێتی ئێران-تورکیا- قەتەر) وتی: ( ئەو هاوپەیمانێتیەی کە بەستراوە، بەدەستیاوە زۆر ناڵاندوومانە، ئێستاش بەدەست دوو کارەوە دەناڵێنین، دژایەتیمان کردووە و بەرپەرچی دەدەینەوە، ئەو هاوپەیمانێتیە لەماڵی خۆمان شەڕی لەگەڵ کردین، بووە هۆی شەهید بوونی هەزاران کەس، لە ٢٠١٢وە تاکو ئێستا گورزی گورچک بڕمان لێدەدات،ئێمە زیاتر لە هەموو کەس بە دەست سیاسەتی کۆمەڵکوژی و ئینکاری کردن لە بوونمان لەلایەن ئەوانەوە ناڵاندوومانە.)

دەربارەی ڕۆڵی تورکیا و قەتەر لە ناوچەکە ساڵح موسلیم دەڵێت: (یەکەمیان دەروازەیە، دووەمیشیان پارە دەدات، هەڵدەستن بە گەرمکردنی ئامرازە دەرەکیەکانیان، نرخی مرۆڤ و پێوەرەکان نازانن، وشک و تەڕ پێکەوە دەسوتێنن، هەوڵدەدەن کە تاریکی و ستەم بەسەر هەموو ئاو ناوچانەدا بسەپێنن کە دەستیان پێی دەگات، ئەو هاوپەیمانێتیان مەترسیە لەسەر هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

و تەواوی بەشەریەت.)
تورکیا باش دەزانێت کە بوونی هێزی عەرەبی لە باکوری سوریا، مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکات، هەر پاڵپشتیەکی واشنتن- ئەبوزەبی- ریاز بۆ هێزە کوردییەکان، ڕێگری لە هێزی سەربازی تورکیا دەکات، کە بیەوێت دژی کوردانی جودا خواز بەکاری بهێنێت.
درێژە کێشانی گرژی نێوان تورکیا و هێزە کوردییەکان لە بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکدایە، لەوانە ئەمریکا، فەرەنسا، سعودیە، ئیمارات، چونکە ئەم ململانێیە سیاسەتی تورکیا و هێزی ئابووری و لایەنی ئاسایش و سەربازی کۆت و بەند دەکات.
ئایا سعودیە بە پاڵپشتی کردنی کوردانی ڕۆژئاوا بە ئامانجەکانی دەگات ؟
چاودێران لەو باوەڕەدان کە پاڵپشتی سعودیە بۆ کوردانی سوریا کە ناوچەکەیان دەوڵەمەندە بە نەوت و شوێنێکی ستراتیژیە، ئامانجەکانی سعودیە ناهێنێتە دی، لەو بارەیەوە هۆشەنگ ئاوسی نوسەری کوردی سوریا دەڵێت: بیانووی سعودیە بۆ پاڵپشتی کوردان، ئەوەیە کە دەیەوێت بەشدار بێت لە ئاوەدانکردنەوەی ڕەقەدا، پاشانیش هاوکاری ناوچەکانی تری سوریاش دەکات، هەروەها جەنگی ساردی نێوان سعودیەو تورکیا ناشارێتەوە،هەر نزیک بوونەوەیەکی سعودیەو شەڕڤانان، ئەنکەرە زیاتر لەوە دەگات کە ئەمە کارێکی دوژمنکارانەی سعودیە دژ بە تورکیا.
هۆشەنگ لە بەشێکی تری وتەکانیدا بۆ کەناڵی DW دەڵێت: (سعودیە لەو هەنگاوەی سەرکەوتوو نابێت کە تورکیا ناچار بکات لە هەڵوێستەکانی پاشەکشە بکات و هاوکاری ئیخوان و قەتەر نەکات، چونکە تورکیا لایەنگیری بۆ ئەوان هەیە و هەرگیز دەست لە پاڵپشتیان هەڵناگرێت، لەم حاڵەتەدا سعودیە سەرکەوتوو نابێت بەڵکو کەمتر لەوە بەدەست دەهێنێت کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی سوریا خەرجی کردووە، هەروەها دەرگایەکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سوریا دەکاتەوە،

ئەگەر ئەو ڕژێمە لەسەر حوکم مایەوە و بۆچوونی ئێستای ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت).

هەرچی دەربارەی پێکهێنانی هێزێکی عەرەبیە، ئەوا چاودێران لەو باوەڕەدان لەمەشدا سعودیە سەرکەوتوو نەبێت و ئامانجەکانی ناپێکێت، چونکە سعودیەو هاوپەیمانەکانی ( ئیمارات، میسر) بە چەندین قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکیدا تێدەپەڕن، لەوانە سعودیە خۆی کێشەی دەستوەردانی لە یەمەندا هەیە، هەروەها کوردانیش زۆر متمانەیان بە لایەنی سعودی نیە، چونکە سعودیە لە ڕووداوەکانی کەرکوکدا پشتی کوردی بەردا و بەرامبەر بوونیی ئێرانی لەو شارەدا نەوەستایەوە، هەروەها هیچ هەنگاوێکیشی بۆ بەرژەوەندی کوردان نەنا، بۆیە کورد هەڵوێستی سعودیە وەک هەڵوێستی ئەمریکا دەبینێت، کە هەڵوێستێکی تاکتیکی کورت مەودا بووەوە و ستراتیژی نەبوو، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی واشنتن لە ڕووداوەکانی کەرکوک چاوی نوقاند، هەرچەندە هاوکاری کوردانی ڕۆژئاوای دەکرد،

هەروەها کشانەوەی ئەمریکا لە هاوکاری کردنی ناوچەکانی باکوری سوریا بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و جەخت کردنەوەی واشنتن لەوەی کە زۆر وڵاتان حەز بە پێشکەشکردنی هاریکاری ناکەن، ئەگەر ڕژێمی سوریا ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبرێت، ئەمە وایکرد کە سعودیە هەوڵی دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سوریا بدات، هەروەها پارتی یەکێتی دیموکرات، لەسەر بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدان، لەگەڵ ڕژێمی سوریادا دانوستان بکات، بۆیە زەحمەتە سعودیە بتوانێت شتێکی نوێی دەست بکەوێت.

**گۆران قادر احمد**

**بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی عەرەبی**

**ئەزمونی پێنج ساڵ کاری ڕۆژنامەوانی و وەرگێڕان**

## بۆچی ئیمارات پشتیوانی کورد دەکات لە سوریا؟
## ئیمارات، تاکە دەوڵەتی عەرەبیی لە سەنگەری کوردەکانی سوریادا بەرامبەر تورکیا

**دیپلۆماتیک مەگەزین**

**٢٠١٨،٠٩،١٨**

/http://diplomaticmagazine.net

**و: عەلی شێخ وەهاب**

تورکەکان کاتێک سەیری عەدەن و حەلەب و بەسرە و غەززە و غوتە و موسڵ و گەمارۆی قەتەر دەکەن، ئەو ستەم و نارەحەتییە زۆرە دەبینن کە خەڵکی بەدەستییانەوە دەناڵێنن لەو زەویە عەرەبییانەی، کە رۆژگارێگ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی فەرمانڕەوایی دەکرد، تێڕوانینی لەم شێوەیە لە گێڕانەوەیەکی تورکیی میلیی سەرچاوەی گرتووە، کە پێیان وایە ئەگەر تا ئێستا ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بوونی بمایە، جیهانی عەرەبی ئاشتی و دادگەریی کۆمەڵایەتی زیاتری تێدا دەبوو.

بێگومان ئەم باوەڕە بەڵگەیەکی سەد دەرسەد نییە لەسەر ئەوەی سەرکردەکانی تورک دەیانەوێت ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی سەر لەنوێ زیندوو بکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، لە شەقامی عەرەبی و ژمارەیەک لە ناوەندە رۆژئاواییەکاندا ئەو وێنایە بڵاوە، کە سیاسەتی دەرەوەی ئەنکەرە لە ئێستادا عوسمانیەتی نوێیە.

سەرەڕای ئەمە، دەستێوەردانی سەربازیی تورکیا لە سێ دەوڵەتی ئەندام لە کۆمەڵەی کۆمکاری عەرەبی، کە ئەوانیش قەتەر و سۆماڵ و سودانن، هاوشان لەگەڵ دەستێوەردانی یەک لایەنەی لە دوو دەوڵەتی تردا – سوریا و عێراق، وای کردووە ژمارەیەک لە بەرپرسانی عەرەب بە هەمان تێڕوانین تەماشای سیاسەتی دەرەوەی رەجەب تەییب ئەردۆغان بکەن.

بە چاوپۆشی لەوەی ئایا «عوسمانیی نوێ» وەسفێکی گونجاوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەنکەرە لە ئێستادا یاخود نا ؟ بەڵام گومانی تێدا نییە تورکیا سیاسەتێکی دەرەوەی پەیڕەو دەکات لە رۆژهەڵاتدا، لە

ژێر سایەی حوکمی پارتی داد و گەشەپێداندا. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت لە سوریادا دەردەکەوێت، ئەنکەرە هاوشان لەگەڵ مۆسکۆ و تاران کار لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا دەکات، بە شێوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیادا بگونجێت.

لەگەڵ ئەمەدا، جیهانی عەرەبی پێشوازی لەم ڕۆڵە زۆرەی تورکیا ناکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، ئەو دەوڵەتە عەرەبییە پێشڕەویی بەرهەڵستکاری سیاسەتی بەهێزی تورکیا دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفەریقادا.

لەو چوارچێوەیەدا مەرجێک لە مەرجەکانی وڵاتانی گەمارۆ (وەک قەتەر ناویان دەهێنێت) بەحرێن و میسر و شانشینی عەرەبیی سعودی و ئیمارات، بۆ هەڵگرتنی گەمارۆی سەر دۆحە، لابردنی بنکەی سەربازیی تورکیە لە قەتەر، ئەبوزەبی بە توندی دژایەتی هەموو بونێکی سەربازیی تورکیی دەکات لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا.

لە تێڕوانینی ئیماراتدا، هاوکاری تورکیا بۆ بزوتنەوە ئیسلامییەکان و بە دیاریکراوی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین، عەرشی دەسەڵاتی وڵاتانی عەرەبی خستۆتە لەرزە. لەم ساڵانەی دواییدا، ئیمارات گوتاری دوژمنکارانەی خۆی بۆ تورکیا بە ئەمەریکا ڕاگەیاندووە، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧دا، باڵوێزی ئیمارات لە ویلایەتە یەکگرتووەکان «یوسف عوتەیبە»، راشکاوانە رایگەیاند: زۆربەی هاوڵاتیانی ئەمەریکا شکستیان هێناوە لە تێگەیشتن لە تورکیا و ئەو هەڕەشە درێژخایەنەی هەیەتی بۆ سەر هەموومان.

میسر و سعودیە داویانەتە پاڵ ئیماراتی لە دژایەتی کردنی ئەجێنداکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەت بەهۆی هەڵوێستەکانی ئەنکەرە دەربارەی دەستبەسەرداگرتنی سوپای میسری بەسەر دەسەڵاتدا لە ساڵی ٢٠١٣، شەڕی ناوخۆیی لیبیا، دۆخی سیاسیی غەززە، قەیرانی قەتەر.

## عەفرین، شوێنی ململانێ

کاتێک سوپای تورکیا چووە نێو ناوچەی عەفرینی سوریا لە کانونی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئیمارِاتی زۆر بە توندی ئیدانەی تورکیایان کرد.
ئیمارِات پێی وایە ئۆپەراسیۆنی «چڵە زەیتون»ی تورکیا لە عەفرین تەنها هەڕەشە نیە بۆ سەر سوریا، بەڵکو هەڕەشەشە بۆ ئیمارِات و قوڵاییە عەرەبییەکەی، وەزیری دەوڵەتی ئیمارِات بۆ کاروباری دەرەوە وەڵامی دەستێوەردانی تورکیای لە عەفرین بەوە داوەتەوە، کە پێویستە وڵاتانی عەرەبی دووبارە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی دابرێژنەوە لەسەر بنەمایەکی واقعی و سەردەمیانە.
شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل ـ یەپەگە ـ خۆرئاوای کوردستان لە ماوەی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنی «چڵە زەیتون»دا، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیمارِاتی چەندین ڕاپۆرتیان لەسەر پێشێلکاریی و کردەکانی فڕاندن و ڕاوڕوت لە عەفریندا بڵاوکردەوە، کە سوپای تورکیا ئەنجامیداون، لەگەڵ تۆمەتبارکردنی تورکیا بە چەندین تاوان و پێشێلکاری تر کە لەو ناوچەیەدا ئەنجامیداون پێشتر کورد تێیدا باڵادەست بووە.
لە ١٠ی ئازاردا، وەزیری دەرەوەی ئیمارِات «ئەنوەر قرقاش» لە لێدوانێکدا وتی: «شاراوە نییە لای کەس پەیوەندیی عەرەبیی – تورکیی لە باشترین حاڵەتیدا نییە، بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندیە هاوسەنگی وەربگرێتەوە، پێویستە ئەنکەرە ڕێز لە سەروەری عەرەبیی بگرێت لە مامەڵە کردن لەگەڵ دراوسێکانیدا».
هەر لەم مانگەدا، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا وەڵامی دایەوە و گەورە دیپلۆماتکارەکانی ئەبوزەبی بەوە تۆمەتبار کرد، کە هەڵمەتێکی هێرش و شێواندنیان دژی تورکیا دەست پێکردووە، جەختی لە «پەیوەندیی بەهێزی مێژوویی تورکیا کردۆتەوە لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا»، بەتایبەت لەسەر قودس.
لە کاتێکدا سوپای تورکیا دەستی گرتبوو بەسەر عەفریندا لە مانگی

ئازاردا، وەزیری دەرەوەی ئیمارات سەردانی سەرۆک عەبدولفەتاح سیسی و وەزیری دەرەوەی میسری کرد.
لە پایتەختی میسر، عەبدولاّ بن زاید ئاماژەی بە تورکیا و ئێران و ئیسرائیل کرد، وەک سێ دەوڵەتی نا عەرەبی، کە کار لەسەر لەناوبردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی دەکەن.
بەدیاریکراوی ئاماژەی بە سوریا کردووە وەک خاڵی تەقینەوەی بورکانەکە، بۆیە پێویستە ئیمارات لەگەڵ میسر و سعودیە هەماهەنگیی تەواویان هەبێت، هەروەها شازادەی سعودیە «محەممەد بن سەلمان» لە هەمان مانگدا لێدوانێکی هاوشێوەی داوە، کاتێک لە میسر ڕایگەیاند: تورکیا و ئێران و گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان سێگۆشەی شەڕن، ئەردۆغانی بە هەوڵدان بۆ زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تۆمەتبار کردووە.
لە بەرانبەردا، ڕاگەیاندنی تورکیی ئیماراتی بە پشتگیریکردنی تیرۆری کوردی لە باکوری سوریا تۆمەتبار کرد.
ڕۆژنامەی «یەنی شەفەق»، کە ڕۆژنامەیەکی تورکی پارێزگارە و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەردۆغاندا هەیە، بڵاویکردۆتەوە: ئەبوزەبی هاوکاریی و پشتگیریی یەکینەکانی پاراستنی گەلی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانی کردووە، کە تورکیا لە ئۆپەراسیۆنەکانیدا بۆ سەر عەفرین بە ئامانجی گرتبوو.
ئەم تۆمەتانە پاش ئەو دەنگۆ بەربڵاوانەی نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیی دێت، کە ئیمارات دەستی هەبووە لە کۆدەتا شکستخواردووەکەی ١٥ی تەموزی ٢٠١٦دا.
«یەنی شەفەق» جەختی لەوە کردۆتەوە، کە ئیمارات و ڕژێمی سوریا هەماهەنگییان لە نێواندا هەبووە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥دا، لەگەڵ ئەوەی ئەبوزەبی چەندین زانیاری هەواڵگریی داوەتە دیمەشق لە بارەی جێگەی سەرکردە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە، کە ئەمەش «ڕێگەی بۆ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی – داعش– و کوردەکان خۆشکرد تا لە ناوچەکانی ژێر دەستی ئۆپۆزسیۆندا

پێشڕەویی بکەن».
لە ٢٩ی ئایاردا، بەرپرسانی ئیماڕاتی، هاوشان لەگەڵ هاوتا سعودیی و ئوردنییەکانیان، سەردانی ناوچە کوردییەکانی سوریایان کرد، کە لە ژێر دەستی هێزەکانی سوریای دیموکراتدایە (هاوپەیمانی چەند گروپێکی چەکدارییە و یەکینەکانی پاراستنی گەلی کوردیی دیارترینیانە)، لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەلدا کۆبونەتەوە لە «قامیشلۆ»، ئەم سەردانە گومانەکانی ئەنکەرەی سەبارەت بە هاوپەیمانی ئیماڕات لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەلدا بە مەبەستی لاوازکردنی ڕۆڵی تورکیا، بەهێزتر کرد.

### ململانێی ئیماڕاتی – تورکی لە سوریا

ئەمڕۆ لە عەفریندا، هەرچەند پاش شەش مانگ لە شکستهێنانی یەکینەکانی پاراستنی گەل بەڵام زامنی ئاشتیی لە شارەکەدا نییە، تورکەکان لە دۆخێکی قورسدان.
ئەنکەرە لە ئێستادا دەیەوێت خۆی لە نێوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و روسیادا بهێڵێتەوە، تاکو بتوانێت نفوزێکی گەورەتری هەبێت بۆ کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکانی سوریا.
بەرپرسانی تورکیا پێیانوایە، هەر ڕێکەوتنێک لە بارەی سوریاوە لە نێوان واشنتۆن و مۆسکۆدا دەبێتە هۆی لە ناوبردنی هەموو ئەم گریمانانە بە توندی.
هەروەها هیچ یەک لە روسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چاوی حکومەتی تورکیاوە ناڕواننە یەکینەکانی پاراستنی گەلی کوردی، بۆیە ئەنکەرە ترسی لەوە هەیە مۆسکۆ و واشنتۆن، تورکیا ناچار بکەن تا لەو ناوچانەی باکوری سوریا بکشێتەوە، کە پێشتر و لەمساڵدا دەستی بەسەردا گرتوون.
ئەوەی نیگەرانی بەرپرسانی تورکیی زیاتر کردووە، ئەو ڕاپۆرتانەیە لە بارەی ئەگەری ڕێککەوتنی ڕژێمی ئەسەد و یەکینە کوردییەکان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بڵاودەکرێنەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەری دانەپاڵ سوپای رژێمی سوریا لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە، لە هێرشکردن بۆ وەرگرتنەوەی پارێزگای «ئیدلب» لە هێزە ئیسلامییە سوننیەکان کە تورکیا پشتیوانیان دەکات، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەنکەرە.
لەم گۆڕانکارییانەی دواییدا، یەکینەکانی پاراستنی گەل رۆڵی سەرەکی دەبینن لە دۆخی ئەمنیی شێواوی سوریادا، لەگەڵ ئەو کاریگەرە دوورانەی لەسەر ئاسایشی سنوورەکانی باشووری تورکیا دروستی دەکات
.

**عەفرین دوای داگیرکردنی لە لایەن تورکیا و گروپە چەکدارە سوریە هاوپەیمانەکانیەوە**

لە کۆتایی رێگەکەدا، عەفرین رۆڵی بەرەی پێشەوەی جەنگی ئیماڕات دەبینێت، بۆ کەمکردنەوەی نفوزی تورکیا.
بەرپرسان و دەزگا راگەیاندنەکانی ئیماڕات، دژایەتی خۆیان بۆ هەڵمەتی ئەنکەرە دژی کوردەکان چەند هێندە کردووەتەوە، ئەمەش وایکردووە ئیماڕاتییەکان رویەکی گەشیان هەبێت لە ناو کوردەکاندا، هەرچەندە ئەوە لەسەر حسابی پەیوەندییەکانی ئیماڕات بێت لەگەڵ ئەنکەرەدا. هەروەک چۆن ئیماڕات وەبەرهێنانی کردووە لە کوردستانی عێراقدا لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردووشدا پاش روخانی سەدام، بەهەمان شێوە پێیوایە یەکینەکانی پاراستنی گەل لە داهاتووی سوریادا بەشێکی هەمیشەیی دەبن لە پرۆسەی سیاسیی وڵات، ئەمەش هاوکاری ستراتیژێتی ئەمنی ئیماڕات دەبێت.
هەروەها گروپە چەکدارە ئیسلامییەکانی ناو عەفرین، کە تورکیا پشتیوانیان دەکات، هەڕەشەن بۆ سەر ئەو نمونە عەلمانییەی ئیمارات دەیەوێت لە سوریا و وڵاتانی تری عەرەبیدا بڵاوببێتەوە، لە هەمان کاتدا گروپە چەکدارەکان کار لەسەر زیادکردن و قوڵکردنەوەی نفوزی قەتەر دەکەن لە وڵاتی شامدا.
تورەیی ئیمارات لە تورکیا، بەهۆی ڕۆڵیی لە هاوکاریکردنی قەتەردا

تاکو ئەو گەمارۆیەی سعودیە و ئیمارات پێشڕەوییان دەکرد تێپەڕێنێت، نیگەرانیی ئیمارات لە دەستکەوتە جیپۆلۆتیک و ئابورییەکانی تورکیا لە باکوری ئەفەریقا و دەریای سووردا، وا دەکات ئیمارات پێشوازیی لە رێکەوتنێکی ئەمهریکیی – روسیی بکات، بۆ فشار خستنە سەر تورکیا تاکو لە باکوری سوریا بکشێتەوە، ئەمەش بەکارهێنانی یەکینەکانی پاراستنی گەلە، کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێران نییە، دژی پاوانخوازیی تورکیی.

لەم چوارچێوەیەدا، ژێرانەیە ئیمارات بەڵگە بەمە بێننەوە بۆ پشتگیریی تەواویان لە هەماهەنگیی نێوان هەردوو زلهێزەکە، ئەمەش وای لە ئیماراتییەکان کرد لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٧دا و لە «سیشیل»، بە ماوەیەکی زۆر کەم لە گەیشتنی ئیدارەی ترەمپ بە دەسەڵات کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن، کە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ قەیرانی سوریا، کە نفوزی ئێرانی کەمبکاتەوە و رێگە لە تورکیا بگرێت، کە ببێتە خاوەن بەرژەوەندیی درێژخایەن لە سوریادا.

پێویستە ململانێی ئیماراتیی – تورکیی لە چوارچێوەی خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبیی ساڵی ٢٠١١دا تەماشا بکرێت، هاوشان لەگەڵ دابەزینی هەژمونی ئەمەریکیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاڵۆزدا.

ئیمارات و تورکیا پاش ئەوەی بە درێژایی شەڕی سارد لە سەنگەری بەرەی دژ بە شوعیەت بوون بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام پاش سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٢ وەک دوو رکابەری سەرسەخت دەردەکەون لەسەر نفوز و پێگەیان لە جیهانی عەرەبیدا.

بەرپرسانی ئەنکەرە کرانەوەی سیاسیی لە ناوچەکە لە ساڵی ٢٠١١دا، وەک هەلێکی بە نرخ قۆستەوە بۆ بڵاوکردنەوەی نفوزی تورکیا لە رێگەی ئیسلامییەکانەوە، لە وێنەی ئیخوان موسلمینی سوریا، پارتی ئازادی و دادپەروەریی میسری، پارتی دادپەروەریی و بونیادنانی لیبیا، پارتی راپەڕینی تونسی - نەهزە-، بزوتنەوەی حەماسی

فەلەستینی، پارتی چاکسازیی یەمەنی. لە بەرانبەردا، سەرکردایەتی ئەبوزەبی هەستی بە مەترسی دەکرد، ئەمەش وایکرد تەواوی گروپە ئیسلامییەکان بخاتە لیستی تیرۆرەوە.
ئەمڕۆ لە تەواوی ناوچەکانی مەغریب، نیمچە دورگەی عەرەبی، رۆژئاوای عەرەبیی، هەریەک لە تورکیا و ئیمارات کار لەسەر بەهێزکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەن، کە وەک دەردەکەوێت گێرمە و کێشەی زۆرتر بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەم ململانێیە لە ئێستادا لە جەنگی هەمەچەشنەی هەردوولا لەسەر ئایندەی عەفرین خۆی دەبینێتەوە، کە ئاشکرایە عەفرین کۆتا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، کە رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر و پشێویی زیاتر تێدەکەوێت.

**ن: جۆرجیۆ کافییرۆ ـ الخلیج الجدید**

## دانوستانەکانی ئاستانە لەبارەی دۆخی سوریا کۆتایی هات

**٣٠:١١:٢٠١٨**

یازدەهەمین گەڕی دانوستانەکانی ئاستانە لە پایتەختی کازاخستان لەبارەی دۆخی سوریاوە کۆتاییهات و وڵاتانی بەشداریش لە کۆبوونەوەکان بڕیاریاندا لەسەر کاری هاوبەش بەردەوام بن بە مەبەستی چاودێریکردنی ئاگربەستی ئیدلب.
لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، شاندی هەریەک لە وڵاتانی تورکیا و ڕوسیا و ئێران و ڕژێمی سوریا و ئۆپۆزسیۆن جەختیان لەسەر پابەندییان بە یەکپارچەیی خاکی سوریا و سەربەخۆیی و سەروەریی وڵاتەکە کردووەتەوە.
هەروەها ئاماژەیان بەوەشکردووە، بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەرەی نوسرە و سەرجەم ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە لیستی تیرۆری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە هەیە درێژەی پێدەدرێت.
لە راگەیەندراوەکەدا باس لەوەشکراوە، تورکیا و ڕوسیا و ئێران

کاری هاوبەش دەکەن بە مەبەستی رێگرییکردن لە پێشێلکارییەکانی ئاگربەست لە ئیدلب.
لایەنەکان بە توندی ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان کرد لەسوریا و ئاماژەیان بەپێویستی لێکۆڵینەوەکرد لەو راپۆرتانەی لەو بارەیەوە هەن.
هاوکات بڕیاریشدراوە گەڕی داهاتووی دانوستانەکانی ئاستانە لەمانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٩دا بەڕێوەبچێت.

## دیداری ئەردۆگان- پۆتین و ئایندەی پەیوەندییەکانیان و رەنگدانەوەی لەسەر رۆژئاوای کوردستان

**٢٠١٦/٨/٩**

**تایبەت بەناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە**

**د.سەلام عەبدولکەریم، مامۆستای زانکۆ و توێژەر**

**دەروازە**

رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک کۆماری تورکیا رۆژی ٩ی ئەم مانگە گەیشتە شاری سانپترسپۆرگی روسیا بۆ بینینی فلادمێر پۆتینی هاوتا روسیەکەی، پاش هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.(١) ئەم سەردانە ئەگەرچی پێشتر بڕیاری لێدرابوو پێش هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی رۆژی ١٥ی تەممووز، بەڵام بەردەوامبوونی لەسەر ئەنجامدانی سەردانەکەی، لەلایەن ئۆردوگانەوە زۆر شیکردنەوە لەخۆدەگرێت، بەتایبەت کەئێستا قۆناغێکی نوێ لەتورکیا هاتۆتە ئاراوە، کەدەشێ ناوی بنێین قۆناغی پۆست- کەمالیزم، بەجۆرێک دوای هەوڵی کودەتاکە زۆربەی بوارەکان لەگۆڕانو دەستکاریکردنێکی خێرادان، کەئاکپارتیو لەسەرەوەش خودی ئۆردوگان خۆی رەنگڕێژی تورکیایەکی نوێ دەکەن لەسەر هەموو ئاستەکانی ناوخۆیو دەرەوەی تورکیا.

## سروشتی پەیوەندییە سیاسییەکانی تورکیاو ڕوسیا

ئەگەرچی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیو پاش چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ نێو بلۆکی سەرمایەداری ڕۆژئاوا، هەمیشە وەک بەربەستێک مامەڵە لەگەڵ تورکیا کراوە لەبەردەم فراوانخوازییو تەشەسەندنی بیری کۆمۆنیستی سۆڤییەت، پاش ساڵی ١٩٧٩ بەرامبەر ئێرانو دواجاریش پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی شورەوی لەبەرامبەر ڕوسیا تائێستا، بەڵام تورکیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسییو ئابوورییو ئاسایشییەکانی خۆی مامەڵەی کردووە. هەروەک بۆیە تێبینی دەکەین چەند مەلەفێک ڕۆڵیان لەپەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیادا هەبووەو هەیە، کە ئەوانیش (کێشەکانی ئاسیای ناوەڕاست تایبەت ناکۆکییەکانی نێوان ئازەربایجان کەتورکیا پشتیوانی دەکاتو ئەرمینیا کەهاوپەیمانی ڕوسیایە لەسەر ناوچەی نیکۆرنۆ کاراباخ، ئابوورییو کێشەی کورد، ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپاو ناتۆ)یە.(٢) پێگەی جیۆ-ستراتیژی تورکیاو ئەو مقەوماتانەی لەبواری جوگرافیو مرۆیی هەیەتی وایکردووە تو ەرکیا لەیەک کاتدا لەسەر چەند ئاستێک ڕۆڵ بگێڕێت، هەروەک بەهاتنی ئاکەپەو بەدیاریکراوی بەخستنەگەڕی تیۆرو تێزە سیاسییو ئاسایشییو ئابوورییەکانی ئەحمەد داود ئۆغلو، کە لەکتێبی (قوڵایی ستراتیژی)دا بەرجەستە بووە، بەکرداری ئیش لەسەر بەخشینی ئەو ڕۆڵە جیهانیو ناوچەییەی تورکیا کرا. بۆیە زۆرجار هەست بەنزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوە لەپەیوەندییەکانی تورکیاو ڕوسیا دەکەین.

پاش هاتنەئارای جەنگی سوریا جارێکیتر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ڕوسیا ساردی تێکەوت، بەهۆی بوونی دوو دیدگای جیاواز لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو وڵاتە، بەجۆرێک تورکیا لەبەرەی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بۆ ڕووخانی ئەسەد بوو، ڕوسیاش لەگەڵ ئێرانو چینو کۆریای باکوور دژی کەوتنی ڕژێمی ئێستای سوریا بوون. دوایین جار خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕووسی لەلایەن تورکیاوە بەبیانووی بەزاندنی سنووری هەوایی ئەو وڵاتە پەیوەندییەکانی

ئەو دوو وڵاتـەی گەیاندە ئاستێکی مەترسیدارو پچڕاندنو سزای ئابووریی‌و بەریەککەوتن.(٣) بەم بۆنەیەوە رۆژی (٩ی ئاب) ئۆردوگان سەردانی مۆسکۆی کردو چاوی بەپۆتین کەوت، ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە، ئەو مەلەفـو بابەتانەیە چین، کە لەو دیدارەدا باسیان لێوە دەکرێت بەتایبەت پاش هەوڵی کودەتاکەی ١٥ی تەمموز؟ ئایا تورکیا پشت لەئەمریکاو رۆژئاوا دەکات، بەتایبەت پاش ئەوەی تورکیا ئەمریکاو هەندێ وڵاتی ئەورووپی ناڕاستەوخۆ تۆمەتبار کرد بەبوونی دەستو پشتیوانی لەهەوڵی کودەتا؟ بەنزیکبوونەوەی تورکیا لەروسیا چ کاریگەرییەک دەکاتە سەر مەلەفی ئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتی ئـەوروپا؟ هـەروەک پێگەی تورکیا لەناتۆی نەیاری سەرسەختی فراوانخوازییەکانی روسیا چی بەسەر دێت بەنزیکبوونەوەی لەروسیا؟ دیارترین دۆسیە ئابوورییەکانی پشت ئەو چاوپێکەوتنە کامانەن؟ دواجـار رای روسیا بەرامبەر کێشەی کورد لەباکوورو رۆژئـاوای کوردستان پاش ئەو دیدارە چی بەسەر دێتو چۆن مامەڵە دەکات؟.

## سەردانەکەی ئەردۆگان بۆچی‌و لە پێناوی چیدا؟

بەشدارینەکردنی تورکیا لەبەرەی ئەمەریکاو هاوپەیمانی لەجەنگی دژی داعش‌و بوونی پەیوەندی‌و تێوەگلانە تەمومژاوییەکانی لەگەڵ داعش‌و سەرهەڵدانی ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکاو رۆژئاوا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئاسایشی بەبیانووی بەرپاکردنی ناوچەی ئارام لەسوریا بۆ پاراستنی ئاوارەکان، پەیوەندی تورکیای بەئەمریکاو ئەورووپاوە تاڕادەیەک گرژ کرد، تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل‌و ساردی لەگەڵ ئێران‌و عێراق، هەروەها دووایینجار لەگەڵ روسیاو سزادانی ئابووریی‌و بازرگانی لەلایەن روسیاوە، جگە لەوەی زیانێکی گـەورەی گەیاندە ئابووری تورکیا، هاوکات ئەو وڵاتەشی تووشی جۆرێک لەگۆشەگیریی‌و لاوازبوونی پەیوەندییە دەرەکییەکانی کرد، هۆکاری ئەوەش وازهێنان‌و دوورکەوتنەوەی سیاسییەکی بزێوی وەک ئەحمەد داود ئۆغلو بوو، کەپێشتر خۆی پیوەندییەکانی دەرەوەو

سیاسەی دەرەوەی تورکیای وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە داڕشتبوو پاش سەرهەڵدانی ناکۆکیو جیاوازی بیروڕا لەگەڵ ئەردۆگان.بۆیە هەرزوو دەسەڵاتدارانی تورکیا وەهۆش خۆ هاتنەوەو کەوتنەوە چاکردنی ئەو پەیوەندییانە، کە دەسپێکەکەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیلو ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامە بوو، هەروەها دانیشتن لەگەڵ رژێمی سوریا تایبەت بەپەرەسەندنی سیاسیی لەباکووری ئەو وڵاتەو بەرەو پێشچوونەکانی پەیەدەو نزیکبوونەوەی راگەیاندنو جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی لەرۆژئاوای کوردستان، دواجار هێورکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییو ئابوورییەکان لەگەڵ روسیا پاش لێبوردنی ئۆردوگان بۆ پۆتین.
ئەگەرچی پێش هەوڵە شکستخواردووەکەی کودەتا بڕیار لەسەر ئەم دیدارەی ئەردۆگانو پۆتین درابوو، بەڵام هەڵوێستی دژی روسیا بۆ کودەتاو پشتیوانی لەحکومەتی هەڵبژێردراوی تورکیا زەمینەسازیی باشتری کردووە بۆ ئەم دیدارە، کەدەشێ زووتر لەوەی پێشبینی دەکرا پەیوەندییە سیاسییو ئابوورییەکان باشتر ببنەوە، چونکە تورکیا هەڵوێستی هەموو وڵاتانی بەلاوە گرنگ بوو لەئاست هەوڵی کودەتاکەدا، روسیاش راستەوخۆ هاتە سەر هێڵو ئیدانەی کرد،(٤) پاڵی بەتورکیاوە ناو پێشبینی دەکرێت لەم دیدارەدا دەستو دەمکراوەتر سەرباری پێویستی بەپەیوەندی سیاسییو ئابووریی لەگەڵ روسیا مامەڵە بکات.

**ئابوورییو سوریا..دیارترین دۆسییەکانی پشت سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ روسیا**

ئەم دیدارە دووەمین دیدارە پاش یەکتربینیان لەتشرینی دووەمی ساڵی رابردوو لەئەنتالیا لەمیانەی کۆبوونەوەی لوتکەی ٢٠. ئەم سەردانە لەکاتێکدا دێت، کەبەهۆی کودەتا شکستخواردووەکەو بوونی فەتحوڵا گویلەنی رێبەری بزوتنەوەی خزمەت لەویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکاو تۆمەتبارکردنی بەتێوەگلانی لەهەوڵی کودەتاکە جۆرێک لەساردیو گرژی لەپەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا لەئارادایە،(٥)

بەتایبەت پاشئەوەی پێشترو دوای کودەتاکەش چەند جارێک داوای رادەستکردنەوەی گویلەن کراوە بەتورکیاو بەمنزیکانەش بەپرسیانی پایەبەرزی سیاسییو دادوەری هەردوو وڵات چاویان بەیەک دەکەوێتو وتووێژ لەوبارەوە دەکەن، دوای رادەستکردنی مەلەفی یاسایی دژی گویلەن بەئەمریکا لەلایەن تورکیاوە. بۆیە پێشبینی دەکرێ دیارترین دۆسییەکانی ئەو دیدارە بریتی بن لە:(دۆسیەی سوریاو لەچوارچێوەشیدا رۆژئاوای کوردستانو پێشکەوتنەکانی پەیەدە، بەتایبەت پاش کۆنترۆڵکردنی شاری مەنبەج، هەروەها دەستپێکردنەوەی پرۆسەی تیریک- ستریمی تایبەت بەهەناردەکردنی غازی سروشتی لەروسیاوە بۆ تورکیاو بیرکردنەوەی گۆڕینی ناردەنی غازی سروشتی روسیا لەرێگەی ئۆکرانیاوە بۆ ئەوروپا بەهۆی کێشەی ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتەوە روسیا پێویستی بەهێڵێکی نوێی گواستنەوەی غاز هەیە لەرێگەی تورکیاوە، پێشبینی دەکرێت رێژەی غازی سروشتی روسیا لەم هێڵە نوێیەدا بگاتە ٦٣ ملیار مەتر چوارگۆشە ساڵانە، کە٤٧ ملیاری بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا بچێتو ١٦ ملیاریشی بۆ بەکاربەری تورکیی،(٦)پرۆژەی وزەی ئەتۆمی، دەستپێکردنەوەی گەشتی فرۆکەی چارتر، هەروەها پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریی پاش راوەستانیو داکشانی رێژەی سەردانی گەشتیارانی روس بۆ تورکیا بە رێژەی ٨٧٪و زیانکەوتن لەئابووری تورکیا).(٧)

### دۆسیەی سوریاو کورد لەسەردانەکەی ئەردۆگاندا

سەبارەت بەدۆسیەی سوریا، ئیبراهیم کالن وتەبێژ بەناوی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ ئاژانیس تاسی روسیی وتی:»دەربارەی هاریکاری لەگەڵ روسیا تایبەت بەسوریا، دەمانەوێت بەزووترین کات گواستنەوەی سیاسیی رووبدات ئەگەر بکرێت». بێگومان پێشبینی دەکرێت لەسەر دۆسیەی سوریا هەروا بەسانایی نەگەنە رێکەوتن، لەبەر دووری تێگەیشتنو روانینی هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بەرای شارەزایانی ئەکادیمی روس لەو دیدارەدا ئەگەر

روسیا چاوەڕێی گرتنەبەری هەندێ رێوشوێن بێت لەتورکیا سەبارەت بەدۆسیەی سوریا، ئەوا تورکیاش چاوەڕێیە روسیا دەستبەرداری هاریکاریی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ببێتو هەڵوێستی روونتریشی سەبارەت بەسیستەمی فیدراڵی رۆژئاوا بخاتەڕوو، وەک چۆن لەگەڵ مانەوەی سوریاو یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتەدایە.هەروەک بەشداری روسیا لەدۆسیەی سوریاو ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازیی دژی ئۆپۆزیسیۆنی سوریی، کەتورکیا کۆمەکیان دەکات، ئەنکەرەی نیگەران کرد. لەبەرئەوەی ئەمانجی روسیا لەو بەشدارییە راستەوخۆیە، تەوقدانی تورکیاو کەمکردنەوەی کارتی گوشاری تەنگە ئاوییەکانی وەک بۆسفۆرو دەردەنیل بوو، کەتورکیا لەزۆر قۆناغی مێژووییدا بەرووی روسیادا بەکاریهێنا. بەتایبەتیش مەسەلەی بڵاوکردنەوەی موشەکی بەرگری هەوایی (S٤٠٠) لەلایەن روسیاوە لەناو خاکی سوریا مایەی نیگەرانی تورکیا بوو، چونکە تورکیا رایگەیاند ئەگەر ئامانجی روسیا داعشە، خۆ داعش ئەو جۆرە فڕۆکانەی نییە، تاپێویست بەو جۆرە موشەکانە بکات. بۆیە تورکیا تێگەیشت کە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە موشەکانە لەبنەڕەتا دژی چەکی هەواییانە، بەتایبەت پاش کشانەوەی موشەکی پاتریۆت لەتورکیا.(٨)

هەروەک پێشکەوتنەکانی کورد لەسوریاو رۆژئاوای کوردستان، بەتایبەت پاش تێپەڕاندنی هێڵی سورو کۆنترۆڵکردنی مەنبەجو دەستکراوەبوون بەرەو رەقەی پایتەختی داعشو دروستکردنی مەترسی راستەقینە لەسەر ئاسایشی تورکیا، تەواو ئەو وڵاتەی نیگەران کردووە، چونکە تورکیا ئاگادارە بەزاندنی ئەو هێڵە سوورە لەلایەن سوپای سوریای دیموکرات، کەیەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی باڵی سەربازی پەیەدە زیاتر لە٧٠٪ی پێکهێناوە بەئاگاییو هاریکاریی ئەمریکا بووە، سەرباری ئەوەی بەئیعازی ئەمریکا ئەڵمانیاو کەنەدا سەربازیان بۆ هاریکاری کورد لەسوریا ناردو کارەکە بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکو ئەو سەربازانە بەجلو بەرگی

یەکینەکانی پاراستنی گەل جەنگان.(٩) بەدیاریکراویش نزیکبوونەوەی کورد لەجێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی لەو ڕۆژئاوای کوردستان‌و باکووری سوریا گەورەترین کێشەیە بۆ تورکیا، کە لەئێستادا بیری لێدەکاتەوە، بۆیە پێشبینی دەکرێت لەو دیدارەدا زۆر بەجدی تورکیا قسەی لەسەر بکات‌و روسیا ناچار بکات لانیکەم پەشیمان نەبێتەوە لەمەسەلەی ڕۆیشتنی ئەسەد، بەڵام هەڵوێستێکی جیاوازتری بەرامبەر بەکورد لەسوریا هەبێت، چونکە لەڕوانگەی روانینە ئاسایشییەکانی تورکیاوە بەرەو پێشچوونەکانی ئەمدواییەی کورد لەسوریا کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەی‌و کێشەی کورد بەتایبەت کە تورکیا پەیەدە بە دیوێکی تری فیکری‌و چەکداریی‌و ڕێکخستنی پەکەکەیە هەژمار دەکات. جگە لەوەی بەشێکیتری وتوێژەکان لەدۆسیەی سوریا داواکاری تورکیا دەبێت لەمەڕ بەئامانج نەگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی سوری سوننی چەکدار لەلایەن روسیاوە لەڕێگەی هێرشە ئاسمانییەکانەوە، کە لەماوەی ڕابردوودا زیانی زۆری پێگەیاندن. لەم نێوەندەدا روسیا تاکە وڵاتە کەتورکیا پاش کودەتا بتوانێ سودی لێببینێت، چونکە لەدیدی تورکیادا ئەمریکا گویلەن دەکات، هەروەک دەیەوێت جۆرێک لەتۆڵەش لەئەوروپا بکاتەوە بەنزیکبوونەوە لەروسیا بەتایبەت بەکاری وزەی ئەتۆمی‌و غازی سروشتی روسیا لەبری ئەوەی بەئەوروپادا ڕاستەوخۆ پێیان بگات، بەڵکو لەڕێی تورکیاوە ئەمجارەیان دەگات. بێگومان روسیاش پێویستی بەم نزیکبوونەوەی لەتورکیا هەیە، لەلایەک بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لەئەمریکاو ڕۆژئاوا، لەلایەکیترەوە بۆ لاوازکردنی رایەڵەکانی یەکێتی وڵاتانی نێو ناتۆو لەولاشەوە بەهێزکردنی کەرتی ئابووری وڵاتەکەی لەبواری غازی سروشتی‌و گەشتیاریی‌و بازرگانی‌و وزەی ئەتۆمیدا. هەروەک دەشێ مەسەلەی کردنەوەی نوسینگەی پەیەدە لەروسیا بابەتێکی دیکە بێت، کەتورکیا داوای داخستنی لەروسیا بکات، بەڵام ئەمەیان وەک مەسەلەی مامەڵەکردنی روسیا لەمەلەفی سوریاو لەئاست بەرەو پێشچوونەکانی ڕۆژئاوای کوردستان‌و پەیەدە نییە،

لەبەرئەوەی بەبەراورد بەمە بابەتێکی لاوەکییە، جگە لەوەی پێشتر روسیا مامەڵەی لەگەڵ پەکەکەشدا کردووەو نەیهێشتووە بگاتە ئاستێک، کە زیان بەبەرژەوەندییە سیاسییو ئابووریی‌و بازرگانییەکانی لەگەڵ تورکیادا بهێنێت‌و تەنها وەک کارتی گوشارو بازاڕی ساغکردنەوەی چەک مامەڵەی کردووە. هەروەک دەشێ نزیکبوونەوەی تورکیاو روسیا بەمایەی مەترسی دابنێین لەسەر ئایندەی ئەزمونی رۆژئاوایی کوردستان، چونکە بەپێی پێشبینیو زانیارییە میدیاییە سەرەتاییەکان هەردوولا هاوڕان، کە لەسەر مەسەلەکانی ئابووریی‌و کێشەی سوریا بەهاوبەشی کار بکەن، بەجۆرێک بەرژەوەندی هەردوولا پارێزراو بێت‌و رەچاوی بکەن، هەروەها شارەزایانی بواری سوریاناسیش بۆچوونیان وایە سەردان‌و نزیکبوونەوەی تورکیاو روسیا پێدەچێت سنوورێک بۆ خواستەکانی پەیەدەو ئەزمونی رۆژئاوای کوردستان‌و بەرەو پێشچوونەکانی کورد لەسوریا دابنێت بەتایبەت کە ئەم بابەتە تورکیای هەراسان کردووە.

ئەوەی پەیوەندی بەئەمریکاو ئەوروپاوە هەیە لەم مەسەلەیەدا، ئەوەیە کە واشنتۆن بەوردی چاودێری ئەو سەردانەو کۆی دۆسیە وتوێژکراوەکانی دیدارەکەی ئەردۆگان‌و پۆتین دەکات،(١٠) سەبارەت بەئەوروپاش ئەو نزیکبوونەوەیە بەمەترسی دادەنێت‌و نیگەرانە لێی‌و زیاتر پەیوەندی بەبواری ئابووری‌و مەسەلەی غازی سروشتییەوە هەیە. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ هەڵوێستی ئەمریکا پاش ئەم نزیکبوونەوەیەی تورکیا لەروسیا چی دەبێت بەرامبەر تورکیای هاوپەیمانی؟ ئایا پەیوەندییەکانی تورکیاو روسیا دەگەنە ئاستی پەیوەندی ستراتیژی دوورمەودا، کە ئەمریکا نیگەران بکەن؟ هەروەک ئایا تورکیا نزیکبوونەوە لەروسیا وەک کارتی گوشار لەسەر ئەمریکا لەدۆسیەی سوریاو کۆمەکی پەیەدە بەکارناهێنێت، کە چەند جارێک داوای کرد وەک پەکەکە بەتیرۆریست بیانناسێنێت؟

**دەرئەنجام:**

ئەوەندەی لەڕووداوەکان دەخوێنرێتەوە هەم تورکیا ئەو هەڵەیە ناکات کە لەسەر حسابی ئەمریکاو ئەوروپا ببێتە هاوپەیمانی ستراتیژی روسیا، هەم ئەمەریکاش دەستبەرداری نەخشەی سیاسی جەنگی دژی تیرۆرو داعش نابێت لەسوریا بەتایبەتو پشت لەپەیەدەو ڕۆژئاوای کوردستان ناکات، چونکە لەبنەڕەتدا ئەزمونی ڕۆژئاوای کوردستان بەشێکە لەنێو پـرۆژەی نوێی ئەمریکا لـەرۆژهـەلاتـی نـاوەڕاسـت لەچوارچێوەی جەنگ دژی داعش، هەر بۆیە جگە لەئەمەریکا بەشێک لەوڵاتانی ئەوروپاش سەرپەرشتیو چاودێریو کۆمەکی سەربازی کورد لەسوریا دەکەن.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1.https://www.alaraby.co.uk/politics/2016/7/26
2.http://www.huffpostarabi.com/2016/08/07/story_n_11371128.html.
3.http://rassd.com/190928.htm.
4.http://www.sns.sy/home/view_news/93580.
5.http://www.huffpostarabi.com/2016/08/07/story_n_11371128.html.
6.http://aa.com.tr/ar/%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D8%A9/.
7.http://alghad.tv/%D9%84%D9%82%D8%A7%D8%A.
8.http://rassd.com/190928.htm.
9.http://www.sns.sy/home/view_news/93580.
10.http://www.huffpostarabi.com/2016/08/07/story_n_11371128.html.

## دوای کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا، بژاردەکانی بەردەم کورد چین؟

**٢٠١٨/١٢/٢٣**

**ژیان:کونای یەڵدز bbc و: مەعاز فەرحان**

بریاری دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆتایهێنان بەپرۆسەی سەربازی دژی داعش لە سوریا، کۆمەڵێک پرسیاری لەدوای خۆی جێهێشت، لەنمونەی ئەوەی ئایا چی بەسەر کوردەکان دێت، کە هاوبەشی سەرەکی واشنتۆن بوون لەسەر زەوی سوریا، پرسیاری ئەوەش هەیە کە ئایا تورکیا لەبەرامبەر کشانەوەدا چی بە ترەمپ بەخشیوە.

راگەیاندنی کشانەوەی دوو هەزار سەربازی ئەمریکی لە باکوری رۆژهەڵاتی سوریا لە ١٩ی دیسەمبەر، لەلایەن ترەمیەوە، وەک دیارییەک وابوو بۆ تورکیا و بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا.

ئەمریکا، لەچوارچێوەی پشتیوانیکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات، بەشێوەی ناراستەوخۆ دەستی بەسەر سامانی ستراتیژی سوریادا گرتبوو، لەنێویاندا ژمارەیەک بەنداو لەگەڵ کێڵگە نەوتیەکان و سەرجەم زەوییە کشتوکاڵیە بە پیتەکان، سەرباری هەژمون و رۆڵی بەهێزی لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ حکومەتی ئەسەدو هاوپەیمانەکانی روسیاو ئێران، لەسەر داهاتووی سوریا.

حاڵی حازر، هێزەکانی سوریای دیموکرات «هەسەدە» و یەکینەکانی پاراستنی گەل «یەپەگە»، لە بەردەم دوو بژاردەدان، ئەنقەرە دەڵێت، یەکینەکانی پاراستنی گەل درێژکراوەی پەکەکەیە، کە لە تورکیا قەدەغەیەو لەساڵی ١٩٨٤ەوە لە ململانێیەکی چەکدارییدان و بە رێکخراوێکی «تیرۆریستی» ناوی دەبات.

هەفتەیەک پێش ئەوەی ترەمپ بریاری کشانەوە رابگەیەنێت، ئەردۆغان سەرۆکی کۆماری تورکیا رایگەیاند کە سوپای وڵاتەکەی ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە رۆژهەڵاتی رووباری فورات کە لە ژێر دەستی هێزەکانی سوریای دیموکراتدان.

پنتاگۆن وەڵامی ئەردۆغانی دایەوەو هۆشداری پێداو گرتنەبەری هەر هەنگاوێکی تاک لایەنەی رەتکردەوە، دواتر ئەردۆغان رایگەیاند: کە

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا قسەی لەگەڵ ترەمپ کردوەو وەڵامێکی ئیجابی وەرگرتووە. کاتێک سەرەتای ئەمساڵ، تورکیاو چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا هێرشیان کردە سەر شاری عەفرین لە باکوری حەلەب، یەکینەکانی پاراستنی گەل بۆ ماوەی دوو مانگ جەنگان، دوای ئەوە بڕیاریاندا بکشێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە هێزەکانی ئەمریکای تێدا جێگیرن، بەڵام ئەمجارە هیچ جێگەیەک نیە کوردەکانی سوریا پەنای بۆ بەرن.
هەسەدە، دەستی بەسەر لەسەدا ٣٠ی خاکی سوریادا گرتووەو زیاتر لە ٦٠ هەزار جەنگاوەری هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕەوانەوەی هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەنقەرە، متمانەی ئەردۆغان بەخۆی زیاتر بوو. بۆ جەنگان لە دژی هەسەدەو دوورخستنەوەیان لەسەر سنور.
هێزی ئاسمانی، بەردەستی تورکیا ڕەنگە خاڵی سەرکەوتن بێت بەسەر کوردەکان وەک ئەوەی لە عەفرین ڕوویدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەلایەنی کەمەوە ١٥ هەزار چەکداری ئۆپۆزسیۆنی سوری لەبەردەستدایە کە لە ڕۆژهەڵاتی فورات و ناوچە سنورییەکان جێگیرکراون. تورکیا پێیوایە دەتوانێت قەناعەت بەو چەکدارە عەرەبانە بکات کە لەریزی هەسەدەدان، بەوەی تێکەڵی دۆزی کورد_تورکیا نەبن و دەستبەرداری کورد بن.
سیناریۆییەکی تر، لەبەردەم هێزەکانی سوریای دیموکراتدا رێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی دیمەشق، کە دەگونجێت لە کۆتاییدا ئەسەد ئەو بریارە بدات کە هەماهەنگی لەگەڵ هەسەدە مەترسی کەمترە لە بونی تورکیا بەدرێژایی سنوری وڵاتەکەی، چونکە سەربازی پێویستی لەبەردەستدانیەو توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی نیە کە حاڵی حازر لەژێر دەستی هێزەکانی سوریای دیموکراتدان.
هەسەدە هەمیشە ئامادەبووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی سوریا، ئەمساڵ نوێنەرانی ئیدارەی خۆجێی و دیمەشق دووجار یەکتریان بینیوە، هەرچەندە گفتوگۆکان بە ئەنجام نەگەیشتن.
پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاری لە هەڵوێستی دیمەشقدا ڕووبدات، بەهۆی

ئاڵۆزیی پەیوەندی نێوان ڕوسیاو ئێران و تورکیا، کە پێکەوە هەوڵی سەقامگیری لە سوریاو دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی و کۆتایی هێنان بە شەڕ دەدەن-ئەم مانگە لەسەر لیژنەی دەستوری سوریا ڕێککنەکەوتن- کشانەوەی ئەمریکا، پنتاگۆن وەڵامی ئەردۆغانی دایەوەو هۆشداری پێداو گرتنەبەری هەر هەنگاوێکی تاک لایەنەی ڕەتکردەوە.

روسیا کە پشتیوانی تورکیاو دژی کوردەکانە، هەڵوێستەکانی پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە دابرانی ئەمریکا لە هاوبەشە لۆکاڵیەکانی_کورد_ و لەتکردنی هێزەکانی ناتۆ بەچاندنی جۆرێک لە ناکۆکی لەنێوانیاندا.

مانگی دیسەمبەری ٢٠١٧، واشنتۆن دامەزراندنی هێزێکی پاسەوانی سنوری کە لە ٣٠ هەزار چەکدار پێکهاتووە ڕاگەیاند، لەمەدا بەتەواوەتی پشتی بەهێزەکانی سوریای دیموکرات بەستووە، ئەمەش پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین. لەمدواییانەدا، لێدوانەکانی بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ لەبارەی مانەوەی ئەمریکا لە سوریا تا کاتی مانەوەی هێزەکانی ئێران، لێدوانەکەی سێرگی لاڤرۆڤی بەدوای خۆیدا هێنا کە کوردەکانی بە «جوداخواز» تۆمەتبار کرد.

بەڵام حاڵی حازر پێناچێت مۆسکۆ پێویستی بەوەبێت کار بۆ لاوازکردنی هەژمونی کورد بکات لە ڕۆژهەڵاتی سوریا، لەکاتێکدا ئەگەر ئەمریکا لە دەرەوەی وێنەکە بێت... بەتایبەت ئەگەر تورکیا لەبەرامبەر کشانەوەی ئەمریکادا شتێکی بەخشی بێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەڵوێستی روسیا دەبێت لە داهاتوودا.

بریاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ فرۆشتنی موشەکی پاتریۆت بە تورکیا لە هەمان ڕۆژدا بوو، کە بریاری کشانەوە ڕاگەیەندرا، ئەگەر هەیە جۆرێک لە هەماهەنگی هەبێت لەنێوان واشنتۆن و ئەنقەرەدا.

لە هەموو حاڵەتەکاندا بەدووردەزانرێت ئەردۆغان لە ئایندەیەکی نزیکدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ روسیا بپچڕێنێت و هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتە دوژمنکارییەکانی ترەمپ بێت لە دژی ئێران.

## ڤادیم ماکارینکۆ: کوردی سووریا دەبێ ڕێگەی شام بگرنەوەبەر

### د. ڤادیم ماکارینکۆ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی مۆسکۆ بۆ (ڕووداو):

### ئەمریکا دەیتوانی ڕێگە لە کەوتنی عەفرین بگرێت

تەمەنی قەیرانی سووریا لە هەشت ساڵ نزیک دەبێتەوە، بەڵام هێشتا ئاسۆیەکی روون بەدی ناکرێ بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە، د.ڤادیم ماکارینکۆ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی مۆسکۆ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ڕێگەی هەرە باش و مەنتیقی بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا دەکات.

د.ڤادیم پێیوایە هۆکاری درێژەکێشانی قەیرانی سووریا ئەوەیە کە «وڵاتانی زلهێز بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، واتە لە ڕێگەی وەکیلەکانیان هاتوونەتە نێو قەیرانەکە، بۆیە پەلەیان نییە لە چارەسەرکردنی».

لە شەڕی حەوت ساڵەی سووریادا نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس بوونەتە قوربانی، بەڵام شەڕەکە هێشتا بەردەوامە، پێشبینی دەکرێ بەهۆی شەڕی رژێمی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن لە ئیدلیبەوە کە مەزەندە دەکرێ ٦٠ هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی تێدابێ، ژمارەی قوربانیانی شەڕ زۆر بەرزتربێتەوە.

رژێمی سووریا لە لێواری مەرگدابوو، کاتێک لە ٢٠١٥ رووسیا فریای کەوت، هەر بەهۆی هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی رووسیا و هەروەها میلیشیاکانی سەر بە ئێرانەوە، توانی زۆربەی خاکەکەی لە گرووپە توندڕەوەکان، لەوانەش داعش، وەربگرێتەوە.

د.ڤادیم ماکارینکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رووسیا دەیەوێت ئەو قەیرانەی ئێستا لە سووریا هەیە، کۆتایی پێ بهێنێ، لەمەشدا چەند ئامانجێکی هەیە، یەکەم: «بەلای رووسیاوە، سووریا بناغەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و نایەوێ ئەو بناغەیە تێکبچێ«. ئامانجی دووەمی رووسیا وەک ڤادیم ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەیە کە «بە هەموو جیهان بڵێت وەکو پێشتر هێشتا وڵاتێکی زلهێزە، کە هیچ کەس ناتوانێت بەبێ ئەو کێشەکان چارەسەر بکات، بۆ هەموو جیهانیشی نیشاندا کە ئەو خاوەنی هەموو دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بتوانێت قەیرانی

سووریا چارەسەر بکات».
د.ڤادیم پێیوایە هەڵەی لایەنەکانی دیکە، لەوانەش ئەمریکا، ئەوە بوو کە دەیانویست ئەسەد لە کورسی دەسەڵات دووربخەنەوە، بەبڕوای ئەو، ئەگەر ئەمە روویدابایە، ئێستا لە سووریا داعش دەسەڵاتدار دەبوو.
سەبارەت بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵات د.ڤادیم دەڵێت «رووسیا وای نابینێت کەوتنی بەشار ئەسەد هەنگاوێکی باش بێت بۆ سووریا. رووسیا لە دژی گۆڕینی رژێم نییە، رووسیا بە مافی خۆی دەزانێت چونکە یەکەم وڵات بوو کەوا بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی یاسایی سووریاوە میوانداری کرا».
لە قەیرانی سووریادا رووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیایە، چونکە قەیرانی سووریا رووسیا و ئێران و تورکیای لە یەکدی نزیک کردەوە، هەندێک لە شرۆڤەکاران ئەم نزیکبوونەوەیە بە تەکتیک و هەندێکیشیان بە ستراتیژیی دەزانن. بەڵام د.ڤادیم دەڵێت: «لێرەدا هەردوو بابەتەکە هەن، چونکە رووسیا نەیدەتوانی بچێتە نێو خاکی سووریاوە ئەگەر هێزەکانی ئێران و تورکیای لەبەرچاونەگرتایە، چونکە لایەنی جوگرافیاکەی وەهایە بۆ ئەوەی سەربازەکانمان بتوانن بچنە نێو خاکی سووریاوە، یان دەبوو لەڕێگەی خاکی ئێران و عێراق، یان لە رێگەی تورکیاوە خۆیان بگەیەننە سووریا».
قەیرانی سووریا لەنێو زلهێزاندا خەریکە لە بەرژەوەندیی رووسیا یەکلادەبێتەوە، هەرچەندە دۆناڵد ترەمپ چەند جارێک رایگەیاندووە کە هێزەکانیان لە سووریا دەکشێننەوە، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن تا میلیشیاکانی ئێران لە سووریا بمێننەوە، مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە سووریا درێژەدەکێشێت.
لە ماوەی رابردوودا وەزیری دەرەوەی رووسیا گوتبووی پێویستە ئەمریکا لە سووریا بچێتە دەرەوە. ئەمریکاش دەڵێت تاوەکو ئێران و تیرۆر لە سووریا نەچنە دەرەوە ئێمەش لە سووریا ناچینە دەرەوە.
سەبارەت بە هەڵوێستی رووسیا لەبارەی مانەوەی هێزەکانی سەر

بە ئێران، د.ڤادیم دەڵێت: «هۆی ئەوەی ئێران لە سووریایە پەیوەندی بە دۆخی حکومەتی بەشار ئەسەدەوە هەیە، رووسیا وای دەبینێت، هەرکات دۆخی سووریا ئاسایی بووەوە، با هێزەکانی ئێران لەنێو خاکی سووریا بچنە دەرەوە».
داواکاریی رووسیا بۆچوونە دەرەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا لە کاتێکدایە کە تورکیاش لە سووریا هێزی هەیە و تەنانەت ناوچەیەکی ستراتیژی وەکو عەفرینی داگیرکردووە، کوردیش رووسیا بەوە تۆمەتبار دەکات کە پشتی تێکرد و عەفرینی فرۆشت.
بەڵام د.ڤادیم رەتیدەکاتەوە کە رووسیا هۆکاری کەوتنی عەفرین بووبێ و دەڵێت: «لە عەفرین رووسیا پێشنیازی بۆ کورد کرد بەفەرمی بڵێن دەسەڵاتی بەشار ئەسەد قەبووڵ دەکەین. لەڕاستیدا بەشار ئەسەد هیچ هێزێکی نەبوو بچێت لە عەفرین بمێنێتەوە. لە وەها دۆخێکدا، ئەو دەڤەرە ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەشار ئەسەد بووایە، دەرفەتێک بۆ رووسیا دروست دەبوو بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە بپارێزێت. دەیتوانی بە تورکیاش بڵێت ئێوە ناتوانن بێنە ئەو ناوچەیەوە».
ڤادیم پێیوایە ئەوە ئەمریکا بوو کە عەفرینی رادەست کرد نەک رووسیا «ئەمەریکا دەیتوانی لەوێ هەر کارێک بکات کە رێگری لە هێزەکانی تورکیا بکات بۆ ئەوەی نەچنە نێو عەفرینەوە، چونکە هاوپەیمانی ناتۆن، هێزی ئاسمانییان هەیە، هەموو دەرفەتێکیان هەبوو، بەڵام رووسیا نەیدەتوانی ئەمە بکات، ئەگەر رووسیا رێی لە تورکیا گرتبا پێویست بوو لەگەڵی بەشەڕبێ، لە کاتێکدا لەهەموو روویەکەوە رووسیا پێویستی بە تورکیایە».
د.ڤادیم ئامۆژگاری کورد دەکات لە رژێمی بەشار ئەسەد نزیک ببنەوە و دەڵێت:»بە بڕوای من پارتەکەی ساڵح موسلیم دەبێت ئەو هێزە لەخۆیدا ببینێت کە خاڵی هاوبەشی پێکهاتن لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد بدۆزێتەوە. دەبێت ئەوان بەشێوەیەکی فەرمی دان بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەددا بنێن کە لەنێو خاکی کوردستانی سووریادا

بێت، بەڵام دەبێت داوای مافی ئۆتۆنۆمی بکەن و مافەکانیان بپارێزن و رووسیاش بە داواکارییەکی گەورەوە هاوکارییان بکات».
بە بڕوای د.ڤادیم ماکارینکۆ، هێشتا زۆر دەرفەت لەبەردەم کوردی سووریا هەن، بەڵام دەبێت کوردی سووریا لەوە تێبگەن کە ئەوە یارییەکی دوو لایەنە نییە. چونکە قەیرانی سووریا فرەلایەنە، ئەوانیش بەشێکی ئەو قەیرانەن، بۆیە پێیوایە باشترین چارەسەر ئەوەیە رێگەی شام بگرنە بەر و دانوستاندن لەگەڵ بەشار ئەسەد بکەن «ئەگەر یارییەکی زۆر ورد نەکەن ئەوا کورد ئەو یارییە دەدۆڕێنێ. لە دۆخێکی وەهادا نابێت داوای یان هەموو یان هیچ بکرێت».

**ساڵح موسلیم: هەوڵدەدەین پارێزگاری لە تەواوی دەستکەوتەکانمان بکەین**
**٢٠١٨/٨/١٠**
**ساڵح موسلیم: سوریا ناگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی لە رابردوودا تێیدابوو**
هاوسەرۆکی پێشووی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) رایگەیاند، کە سوریا ناگەڕێتەوە ئەو دۆخەی لە رابردوودا تێیدا بووە و هەوڵ دەدەن کە پارێزگاری لە تەواوی دەستکەوتەکانیان بکەن.
ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) لە بارەی دانوستانەکانیان لەگەڵ دیمەشق بە ئاژانسی هەوالی فرانس پرێسی راگەیاند، کە ئەوان هەوڵ دەدەن تەواوی ئەو دەستکەوتانە بپارێزن کە لە ماوەی رابردوودا لە سوریا بنیاتیانناوە وەک سیستەمی ئۆتۆنۆمی، دامەزراوەکان و دیموکراسی ناوچەکان.
وتیشی، بەڵام ئەقڵیەتێک هەیە کە ئەم داوایانەیان راستەوخۆ پەسەند ناکات، هەربۆیە پێویستە هەنگاو بە هەنگاو رووبدات. لە درێژەی قسەکانیدا ساڵح موسلیم وتی، سوریا ناگەڕێتەوە بۆ رابردوو و وڵاتەکە پێویستی بە دیموکراسیەتێکی لامەرکەزی هەیە. هاوکات ئاماژەشیکرد بەوەی کە لە رابردوودا هیچ کات لە هاوکێشەکاندا نەبوون، بەڵام ئێستا هەموو شتێک گۆڕاوە و پارێزگاری لەوە دەکەن کە بنیاتیانناوە. وەفدێکی کوردانی رۆژئاوا چوونە دیمەشق و لەگەڵ بەرپرسانی

ڕژێمەکەی ئەسەد کۆبوونەوە و بڕیاریاندا لیژنەی هاوبەش پێکبهێنن بۆ تاووتوێکردنی پرسە ئابوری، سیاسی و سەربازییەکانی هەردوولا لە داهاتوودا.

**بایک: ئەوروپا، ئەمریکا و ڕوسیا کورد دەکەنە قوربانی ئامانجەکانی خۆیان**

**٢٠١٨-٢-٣**

**ڕۆژنیوز - ناوەندی هەواڵەکان**

جەمیل بایک ڕایدەگەیەنێت، سیاسەتەکانی ئەوروپا، ئەمریکا و ڕوسیا هیچ خزمەتێک بە ئازادی و دیموکراسی ناکەن، ئەوان کورد دەکەنە قوربانی بۆ ئامانجەکانی خۆیان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خەڵکی عەفرین بەرخۆدان دەکەن و سەردەکەون.

بایک جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆنسەی بەڕێوبەری کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، شەوی ڕابردوو بەشداری بەرنامەی نێرینا ئازادی تەلەفیزیۆنی ڕۆناهی تیڤی بوو، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەو کەناڵە پرسی عەفرینی نرخاند.

بایک، وتی: لە ئێستادا حکومەتی تورک لە عەفرین کۆمەڵکوژی پێک دێنێت، بەنیازی لە ناوبردنی گەلی کورد دوژمنایەتی دەکات و سیاسەتی گۆشەگیریشی بە سەر ڕێبەر ئاپۆدا سەپاندووە، گەلی کورد لە سەر بنەمای پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ هەستاوەتە سەر پێیتان و تێدەکۆشێت، ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر عەفرین هاوشێوەی هەمان سیاسەتە کە بە سەر ڕێبەر ئاپۆ دا سەپێدنراوە.

هاوسەرۆکی کەجەکە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: لەو کاتەوەی حکومەتی عوسمانی لەناوچوو، دەوڵەتی تورک هەموو هەوڵێکی داوە بۆ ئەوەی ئەو ئیمپراتورییەتە پێکبێنێتەوە، بۆ ئەوەش دژی هەموو گەلانی ناوچەکە کۆمەڵکوژییان پێکهێناوە، حکومەتی تورک ئەرمەنییەکان، کوردەکان، ڕۆمییەکان و سوریانییەکانی کۆمەڵکوژکردووە، ئەوان دەیانویست تەنیا تورک بمێنێتەوە، ئێستاش بەردەوامن لەو سیاسەتانەیان و دژی عەفرین کۆمەڵکوژی پێکدێنن،

حکومەتی تورک بە ئاشکرا دەڵێت، کە دەیەوێت گەلی کورد لە ناو ببات.
لە بەردەوامیشدا وتی: ئەردۆغان ساڵی ٢٠٠٥ لە سەردانیدا بۆ ئامەد وتی ژن و منداڵ و پیر بکوژن، ئەردۆغان هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، ئەو ئیسلام وەک پەردەیەک بە کار دێنێت، ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بۆ کۆمەڵکوژی نەچوون و دەیانەوێت ئارامی ناوچەکە بپارێزن، لە هیچ شوێنێ سوریا ئارامی نییە جگە لە عەفرین، بۆیە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین نەک بۆ پاراستنی ئارامی بەڵکو بۆ تێکدانی ئارامییە، دەڵێن دەیانەوێت خەڵک لە چنگی ستەم ڕزگاربکەن، لە کاتێکدا سەدان هاوڵاتیان شەهید و بریندارکردووە، بە ناوی شەڕ لەگەڵ هێزە سەربازییەکان خەڵکی مەدەنی دەکوژن، بەڵام بە ئاشکرا نیازیان ئەوەیە، کە خاکی سوریا داگیربکەن، ئەو چەکانەی لە دژی خەڵکی عەفرین بەکاردەهێنرێن، هەموو چەکی ناتۆن، بە تانکی ئەلمانی کورد و عەرەبەکانی عەفرین کۆمەڵکوژ دەکەن، چیدی هیچ مەجالێک بۆ ئەردۆغان نەماوە کە خەڵک بخەڵەتێنێت، ئیتر ڕاستییەکانی بۆ هەمووان ئاشکرا بووە، ئەوان دەڵێن کە سێ ملیۆن ئاوارەی سوری لە عەفرین جێگردەکەن، بۆ ئەوانە خەڵکی عەفرینن کە بگەڕێنەوە عەفرین؟، ئەوروپا لە ئاوارە سورییەکان دەترسێت، تورکیاش بەو بەهانەیەی کە دەیەوێت ئاوارە سوورییەکان بباتە عەفرین هەمووان دەخەڵەتێنێت.
وتیشی: ئاکەپە و مەهەپە بە پێشخستنی فاشیزم دەیانەوێت کە هەڵبژاردندا سەربکەون، بەم کارە فاشیستەکان وە نەژادپەرەستەکان ڕادەکێشن بۆ لای خۆیان، هەموو مەبەستی ئەوان لە ڕێگای دژایەتی گەلی کوردەوە پێکدێت، گەلی کورد باش لەوە تێگەیشتووە، ئەردۆغان تەنیا بە دوژمنایەتیکردنی گەلی کورد بووە سەرۆک کۆمار.
جەمیل بایک لە کۆتاییشدا وتی: هێرشەکە بە پەسندکردنی ڕوسیا کرایە سەر عەفرین، ئەمریکاش ڕایگەیاند، کە ئەوان بەرگری لەو ناوچەیە ناکەن، وتیان ئێمە لەو ناوچەیە ئۆپەراسیۆن ناکەین، ئەوەش بەو واتایە

دێت، کە ئێوە ئازادن هێرش بکەن، دەوڵەتانی ئەوروپاییش دووڕوویی دەکەن، دەیانەوێت ناکۆکییەکانیان لە سەر گەلی کورد چارەسەربکەن، لە بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەتاندا گەلانی دیموکراسیخواز دەبێت چارەنووسی عەفرین بە چارەنووسی خۆیان بزانن، پێموایە چۆن لە بارەی کۆبانێوە سۆسیالیزمی جیهانی پشتگیری کرد، لە بارەی عەفرینیشەوە ئەوە رووبدات و پشتی فاشیزم لە ئەرز بکەوێت، سیاسەتەکانی ئەوروپا، ئەمریکا و ڕوسیا هیچ خزمەتێک بە ئازادی و دیموکراسی ناکەن، ئەوان کورد دەکەنە قوربانی و دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە ئامانجەکانی خۆیان بپێکن.

# کتێبی سێیەم

# لەساتەوەختی خۆی

سەرەتا: سەرەتای روداوەکانی سوریا لە ساڵی ٢٠١١، بەگرنگیەوە چاودێری دۆخەکەم کردووەو بەردەوام بابەتی جیاوازو زانیاری هەمەلایەنەم لەسەر دۆخەکە خوێندۆتەوە، ئەم بەشە بەناوی کتێبی سێیەم، خوێندنەوەی ساتەوەختی روداوەکانی ناو سوریاو رۆژئاوای کوردستانن. رەهەندی ناوخۆیی، رەهەندی سوریو رەهەندی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی لەخۆی دەگرێت، بابەتەکان هەمویان دەچنەوە ناو سوریاو رۆژئاوای کوردستان. بەڵام بە رێگاو بۆچونی جوداو شیکردنەوەی جۆراوجۆر. سوریا کاریگەری لەسەر سیاسەتی هەمووان هەیەو هەموانیش کاریگەرییان لەسەر سوریا هەیە. ئومێد دەکەم ئەم بەشەش لە کتێبەکەمان سودی خۆی هەبێت.

## ئەمریکا هەم ڕوخانی ئەسەدی دەوێت هەم شتی تریش!

گومانی تێدا نیە، لەیەکەم ساتەوەختی دەستپێکردنی شۆڕش لەسوریا، ئەمریکا هیوای خواست بەشار ئەسەد بڕوخێت وهەموو هاوکاریەکی خۆی دەربڕی بۆ پشتیوانیکردنی شۆڕشگێڕانی سوریا، تەنانەت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەڵوێستی ئەمریکا توندتر دەبێت بەرامبەر بەشار ئەسەد ودارو دەستەکەی. ئەمریکا نەیشاردۆتەوە هیچ جۆرە خۆشیەکی لە بەشار ئەسەد نایەت، ئەمەش پەیوەندی بە ساتەوەختی ڕودانی شۆڕشەوە نیە لەسوریا، بەڵکو خراپی وکینەی ئەمریکیەکان وسورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕوداوەکانی سەرهەڵدانی شۆرش.. دەوڵەتی سوریا یەکێکە لەهاوپەیمانە شیعەکانی ئێران، ڕوسیا، حزب الله، بەکورتی بەرەی دژە ئەمریکا، بۆیە هەمیشە ئەمریکیەکان هیوای ئەوەیان خواستووە ڕژێم وسیستەمی سیاسی سوریا بگۆڕێت. ئێستاش خەریکە هیوایەکانیان دێتەدی وشۆڕش لەسوریا هەڵگیرساوە.

ئەمریکا حەز ناکات ڕۆژانە بەم شێوەیە سەیری ڕووداوەکانی ناو سوریا بکات، بەدوای دەرفەتی شەرعی ونێودەوڵەتی وئیقلیمی گرنگدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بێتە ناو ڕوداوەکان وبەشداری شۆڕش بکات، ڕاستە ئەمریکا ئەزمونی سەربازی عێراق وئەفغانستان دووبارە ناکاتەوە، بەڵام دەیەوێت لەڕێگای ناتۆوە ئەزمونی لیبیا دووبارە بکاتەوە. هەوڵی بۆ دەدات، دنەی ئۆپۆزسیۆن وشۆڕشگێڕانیش دەدات بۆ ئەوەی بیانوی باش وزیندوو بدۆزنەوە، تاوەکو بێت وکاری خۆی بکات. ئەمریکا ئەوەندەی بۆ داهاتووی دوایی بەشار ئەسەد ئیش دەکات وپەرۆشە، ئەوەندە بۆ ئێستاو کاتەکانی ئێستا پەرۆش نیە. ئەمریکا نایەوێت ڕژێمێکی نەیار بە نەیارێکی دیکە ئاڵوگۆڕی پێبکرێت، دەیەوێت سیستەمی سیاسی داهاتووی سوریا دۆستی ئێران و ڕوسیا نەبێت، دوژمنی ئەمریکاو ئەوروپیەکان نەبێت، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دوای بەشار ئەسەد چڕکردۆتەوە. ئەمریکا دەیەوێت چاکەی زۆری بەسەر شۆڕشگێڕانی سوریاوە هەبێت، بەردەوام هانی تورکیا دەدات ئامێزی ئاوەڵا بێت بۆ سیاسیەکان و چالاکوانەکانی شۆڕشگێڕان.

دەگەڕێت بۆ ئەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی زیاتر بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەناو ڕوداوەکانی سوریادا بەزەقی جێگیر بکات. ئێستا ئەمریکا لەبڕینی قۆناغی یەکەم نزیک بۆتەوە، کە ڕۆیشتن ونەمانی بەشار ئەسەدە لە ناو حکومەتی سوریا، بەلام چاوەڕێی قۆناغی دووەمە کە بریتی یە لە بەدیلی بەشار ئەسەدو فەرمانڕەوای تازە. ئەمریکا دەیەوێت نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر مێرگی دیموکراسی وئابوری ئازادو لیبڕال ومۆدێلێکی ڕۆژئاوایی دروست بکاتەوەو دایبڕێژێت، بەلام ئیسلامی سیاسی بەهەموو باڵەکانیەوە، ئاستی وشیاری سیاسی وئابوری و کۆمەلایەتی وفەرهەنگی ودینی گەلانی ناوچەکە، هیچ کۆمەکی ئەم پڕۆژەیەی ناو کەللەی ئەمریکیەکان ناکات، تەنانەت سالانێکی زۆرە خەڵکی ئەم ناوچەیە لەسەر ڕق لێبونەوەی ئەمریکا گۆش دەکرێن وپەروەردە دەکرێن. لێرەدا قسە لەسەر هەڵوێستی یەکێک لەسیاسیەکانی سوریا دەکەم کە لایەنگری بەشار ئەسەدە، کاتێک پرسیاریان لێکرد بۆچی ئەمریکا نەیاری سەرسەختی ڕژێمی بەشار ئەسەدە، لەوەلامدا گوتی بەشار ئەسەد ورژێمی بەعسی سوریا کۆسپی سەر ڕێگای پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی تازەی ئەمریکاو ئیسرائیل وبەرژەوەندیەکان وهەیمەنەی ئەمریکایە لەناوچەکە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت بەهەر نرخێک بووە بەشار ئەسەد بڕوات. بەڵێ ئەمە جۆرێکە لەشیکردنەوەو لێکدانەوەیەک دەشێ بڕێک ڕاستی بەرچاوی تێدا بێت، بەلام دیوە ڕاستەقینەکە بریتی یە لە تەقینەوەی گەلانی ناوخۆی سوریا بەعەرەب و کوردو مەسیحی وهەموو پێکهاتەکانیەوە. ئەوە شۆڕشی ئەمریکیەکان نیە دژی بەشار ئەسەد بەڵکو شۆڕشی خودی گەلانی ناو سوریایە کە دەیانەوێت دنیایەکی تازەیان بۆ ژیان وئازادی ودیموکراسی هەبێت، بۆیە سەرکەوتن وشکستەکان هی گەلانی سوریان، نەوەکو هی ئەمریکا. ئەوەی دەبێت بڕیار بدات لەسەر فۆرمی سیاسی دەسەلاتی دوای بەشار ئەسەد نەتەوەو پێکهاتەکانی ناو سوریایە بە پلەی یەکەم. ئینجا خەڵکی دیکە دێت وهەوڵ دەدات جێگای پێیەکانی خۆی بکاتەوە!.

ئەمریکا گوێ لەبەشار ئەسەد ناگرێت وخواستی خۆی هەیە، پێویستە شۆڕشگێڕانی سوریا بە کوردو عەرەبەوە، بەهەموو باڵە جیاوازەکانەوە، خوێندنەوەی ورد بۆ حساباتی ئەمریکا بکەن، چونکە ئەمریکا بەئاشکرا دیارە چۆن رەفتار دەکات. ئەمەش نیشانەیەکی زۆر روونە بۆ ئەوەی سوریەکان تێبگەن، چۆن نەخشەی سوریای داهاتوو دادەڕێژنەوە! چونکە بەبێ ئەمریکا توشی دەردەسەری زۆر دەبن بەتایبەت لەئاستی نێودەوڵەتی وئیقلیمی، ناڵێین تەسلیم بەئەمریکا ببن، بەڵام حەقی خۆشیەتی ئەم پرسیارە بکرێت ئایا دوژمنایەتی ئەمریکا هیچ جۆرە قازانجێکی هەیە بۆ گەلانی سوریا؟ ئەگەر قازانجیش لەئەمریکا نەکرێت، بۆچی بەهۆی ئەوەوە زیان بەر نەخشەی تازە بکەوێت. بەشار ئەسەد دەڕوات، پێویستە بۆ دوای ئەوە بزانرێت چۆن مامەڵەی راست ودروست دەکرێت.

## دیمەشق دڵی عروبەیە

بەمێگەلکردنی کۆمەڵگا، دروشمی نەتەوەیی توندوحەماسی، بەشەیتانیکردنی ئەویدی، شەرعیەتدان بە کوشتنی ئەوانەی لەچوارچێوەی عروبەو پڕۆژەکانیدا بیرناکەنەوەو کاری بۆ ناکەن... ئەمانە ودەیان جۆر لەشێوەی ئیشکردنی بەعسیەکانمان لەبەردەستەو هێشتاش زۆر زیندوون و کاری جدی خۆیان دەکەن، بەعسیەکانی عێراق وسوریا یەکتری تەواو دەکەن لەچەمکی عروبەیی، بەجۆرێک ناکۆکی مێژوییان هەبوو لەسەر نوێنەرایەتیکردنی ئەم چەمکەو خۆکردنە پاڵەوانی ئومەی عەرەبی. لەئێستاشدا باڵۆرەی عروبەیی لەناو ناخیاندا هێجگار زیندووە، دەیانەوێت لەهەموو ئاستەکاندا بۆ دەسەڵاتداریەتی وچەوسانەوەی ئەوانی دی بەکاریبهێنن.

ئێمە لێرەدا زیاتر لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستە ناکەین، بەڵکو مەبەستی ئێمە زیاتر قسەکردنە لەسەر شۆڕشی سوریاو رەفتارو بیرکردنەوەی بەعسیەکان وسیاسیەکانیان..رۆژانە رژێمی بەشارئەسەد سەدان هاوڵاتی سوریا دەکوژێت، دەست لەژن ومنداڵ وپیرو گەنج ناپارێزێت،

كەچی خۆشی بە پاڵەوانی عەرەب و پارێزەری كەرامەتی عەرەبەكان دەزانێت، شەرم ناكاتو راشكاوانە بەدوای مانەوەی دیكتاتۆریەتی خوێناوی خۆیدا هەموو توندوتیژیەك وهەڵسوكەوتێكی دڕاندنە تاقیدەكاتەوە. لێرەدا دەمەوێت قسە لەسەر وتارێكی بەعسیەیەكی سوری بكەم كە نوسیوتی: ئەوەی لەسوریا روودەدات پیلانی داگیركەرانی ئیسرائیل وئەمریكاو ئەوروپایە، بۆ ئەوەی دەست بەسەر سوریابگرن وپارچە پارچەی بكەن، لەجێگایەكی دیكە دەڵێ ئەمریكا وئیسرائیل بۆ دوو مەبەست دێنە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی، یەكەم بۆ نەوت، دووەم بۆ هەڵوەشانی چەمكی عروبە. ئەم برادەرە عروبە وەكو مەترسی زۆر گەورە بۆ ئەمریكاو ئیسرائیل وەسف دەكات وپێی وایە تەنها یەكگرتن ویەكبونی ئومەی عەرەبی دەتوانێت دەوڵەتانی عەرەب رزگار بكات، ئەمەش وا دەكات ئیسرائیل بەهەموو شێوەیەك دژی سوریا بوەستێتەوە وبەهاوكاری ئەمریكا وئەوروپا پیلانی ژەهراوی دژی سوریا بگرنە بەر بۆ ئەوەی عروبە و ئومەی عەرەبی پارچە پارچە بكەن، چونكە دیمەشق دڵی عروبەیە ویەكگرتن ویەكپارچەیی عەرەب بەرامبەر ئیسرائیل وئەمریكا لەدیمەشقەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئینجا بۆ روبەروبونەوەی ئەم مەترسیە ئەم برادەرە سێ شت پێشنیار دەكات، یەكەم هێزە نیشتمانپەروەرەكان..دووەم هێزە نەتەوەییەكان.. سێیەم هێزەكانی عروبە لەدنیای عەرەبی. بەرای ئەم بەعسیە بۆ روبەروبونەوەی مەترسیەكانی سەر سوریاو تیرۆرستەكانی ئێستا وپاراستنی بەشارئەسەدو دەسەڵاتەكەی، پێویستە ئەم سێ هێزو لایەنە بێنە مەیدان وبەسەركردەی بەتواناو بازووی عروبە سوریا بپارێزن.

لەراستیدا ئەگەر قوڵ بۆ هۆكارەكانی شۆڕشەكانی دەوڵەتانی عەرەبی شۆڕببینەوەو سەیری تابلۆی سەرەكی بەهاری عەرەبی بكەین، بۆمان دەردەكەوێت یەكێك لەهۆیە سەرەكیەكان فەشەلی دروشمی عروبەیەیی وقەومچیەتی ووەتەنیەكانە. ئەم دەوڵەتە عەرەبیانە بەناوی عروبەو

قەومچەتیو وەتەنیەت، دنیایەکیان دروست کردووە رۆژانە خەون وئازادی وکەرامەت وهەبوونی هاولاَتی عەرەب دەهاڕێت، ئینسانی عەرەبی بەهۆی ئەم سیستەمە سیاسی وئەدەبیاتە نەک هەر نەیتوانی بگاتە کاروانی شارستانی و دنیای مۆدێرن، بەڵکو رۆژ بەرۆژ دەیەها گرێوگۆڵ وکارەساتی سیاسی و کۆمەلاَیەتی وعەقلاَنی ورشنبیری وئابوری بەرۆکی گرتون ودەگرێت. ئەوەی ئێستا روودەدات هاواری هاولاَتی عەرەبە بۆ ئەوەی چیتر وەکو مێگەل لەژێر سایەی ئەم رژێمانە نەچەوسێتەوەو نەژیت، ئێستا شۆرشی دەوڵەتانی عەرەب بۆ یەکگرتنی نیشتمانی عەرەبی نیە، بەڵکو بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم ئەدەبیاتەیە. چونکە ئەم جۆرە ئەدەبیاتە فیرعەونی گەورەی لەناو کۆمەڵگای عەرەبی دروست کرد کە بینیمان چۆن دنیای ژیان وئازادیەکانی عەرەبیان کاول کرد. عروبە چوارچێوەیەکی راستی سیاسی ورۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی نەبوو بۆ دەوڵەتانی عەرەبی. بەڵکو بوو بەدەمامک بۆ دروست کردنی نزیکەی دەرزنێک سەرکردەی دیکتاتۆرو چەوسێنەر. ئەم ئەدەبیاتە وایکرد عەرەب وەکو یەکێک لەگەلە زۆر خراپەکان بناسرێت لەگەڵ ئەم گەلانەی لەگەڵ عەرەب دەژین، بۆ نمونە گەلی کورد..لەسایەی عەقڵی عروبەییدا ملیۆن کورد لەناو سوریا تەنانەت مافی رەگەزنامەشیان نەبوو..لەعێراقیش بەر ئەنفال وکیمیابارانکردن کەوتین. بۆیە خەیاڵی عروبەیی فریای پاراستنی دەسەلاَت وکورسی وگیانی ئەم سەرکردە دیکتاتۆریانە ناکەوێت، ئەوان دەبێت بڕۆن. ئەگەر شۆڕشگێرانی ناو بەهاری عەرەبیش جارێکی دیکە بیانەوێت ئالاَی عروبەیی ونەتەوەیی خۆیان بەرزبکەنەوەو لەنوێوە نەخشەو بەرنامەی تازەی بۆ دابنێن، ئەوا گومانی تێدا نیە دەبێت زۆر بەوردی عروبەیەکی دیموکراسی بن. تەنها دیموکراسی وپێکەوەژیان وفیدڕاڵی راستەقینە دەتوانێت گەلانی عەرەب بحەسێنێتەوەو گرێکوێرەکان بکاتەوە. ئێستا زەمانی بالۆرەی دروشمە قەبەکانی دوێنێ نیە. بەڵکو دیموکراسی وئازادی و نانی سەربەرزی و کاری گونجاو دەبێت نەخشەی دەوڵەت وفەرمانڕەوایی وحکومەتداری بن. بەهاری عەرەبی

ئەم مۆدێلە لەحوکمرانی لەگەڵ خۆی رادەماڵێت، راستە نایکوژێت ونامرێت، بەڵام ئەم فۆڕمەی لەدەستدا کە ئێستا هەیەتی. لەوانەشە داهاتوو جۆری دیکەی عەرەبچیەتی وقەومچیەتی بێتە ناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتانەی عەرەب زۆرینەیەتی. بەڵام لەئێستادا ناتوانێت بێتە مەیدانەکەوەو دەبێت بڕوات. ئێستا هێزە ئیسلامیە شیعی وسونیەکان، سەلەفی وئوسوڵی وئیسلامی سیاسی وئیخوان مەیدانەکەیان گرتووە، فەشەلی عروبەچیەتی وقەومچیەتی، ئـەم رەوتـە دینیانەی زۆر پێشخست وفراوانکرد. ئەم هێزە دینیانە لەسەر کولتوری بەعسیەکان دەتوانن هەمیشە هەزارەها کەس بەرووی خۆیاندا رابکێشن، خوێن وتوندوتیژی ویەک رەهەندی وپەرستنی دەسەڵات وکورسی لەلایەن ئەم قەومی وعەرەبانەوە، وایکردووە رەوتە دینیەکان زۆر بەخێرایی گەشە بکەن.

ئێمە دەبێت کار بۆ ئازادی، دیموکراسی، کەرامەت، نان، دادپەروەری بکەین. ئاشتیەوایی کۆمەڵایەتی وئاڵوگۆڕی ئاشتیانە دەسەڵات ببێتە فۆرمی ژیانی سیاسی ودەوڵەتداری وکۆمەڵایەتی وپێکەوەژیان. ئەگینا جارێکی دیکە دۆزەخی لە چەشنەی ئێستا لە بەرگی دیکەو دەموچاوی دیکەدا چاوەڕێی داهاتووی گەلانی سوریاوو وڵاتە عەرەبیەکان دەکات.

## داواکاریەکەی ئێران و گەمەکانی!

لەپەراوێزی بەستنی کۆنگرەی وڵاتانی بێلایەن لەتاران، عەلی خامنەئی رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، داوا لەنەتەوەیەکگرتوەکان دەکات هەوڵی جددی بدات بۆ ئەوەی فشاری زۆر بکات لەسەر ئەم دەوڵەت وهێزو لایەنانەی چەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەناردە دەکەن، ئەم داواکاریەی ئێران لەکاتێکدایە دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان، دەوڵەتی ئێران تۆمەتباردەکەن بەوەی هێزو چەکی جۆراوجۆر رەوانەی سوریا دەکات وبەهەموو شێوەیەک بەرگری لە رژێمەکەی بەشارئەسەد دەکات، نەوەکو دەوڵەتانی جیهان بێن وچەک رەوانەی سوریا بکەن، بەلام ئێران وا خۆی نیشاندەدات کە هیچ جۆرە دەستتێوەردانێکی

نیە لەکاروباری سوریا. ئەم داواکاریەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕوبەڕوی ڕەخنەی زۆربۆتەوە، بەوپێیەی ئەم دەوڵەتە یەکێکە لەهاوپەیمانیە ستراتیژەکانی سوریاو ڕژێمەکەی ونایەوێت شۆڕشی گەلانی سوریا سەرکەوێت. لەهەمانکاتدا بەهێزو چەک وپارە هاوکاری زۆری ڕژێمەکەی سوریا دەکات.
چاودێرە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان وشارەزایانی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماژە بەوە دەدەن، دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی بەشار ئەسەد لەسوریا ڕاستەوخۆ شۆڕش لەئێران ڕوودەدات، واتە دوای سوریا نۆرەی ئێرانە. هەر ئەمەشە وایکردووە ئێران بێئەندازە لە هەوڵی سەرکەوتنی بەشارئەسەد ورژێمەکەیدایە. بەڵام ڕای جیاوازتر لەم بابەتە هەندێ لایەنی دیکەش ڕون دەکەنەوەو پێیان وایە تەنها ئەم هۆکارە نیە ترسی خستۆتە دڵی ئێرانەوە، بەڵکو مەسەلەی شیعەگەرایەتی نێوان ئێران وعەلەویەکانی دەسەڵاتداری سوریا یەکێکە لەهۆیە زۆر ستراتیژەکان وگرنگەکان، چونکە ڕوخانی بەشار ئەسەد مانای ڕوخانی دەسەڵاتداریەتێکی بەهێزی شیعەیە لەناوچەکەو ئەمەش گورزێکی کەمەر شکێنە بۆ ڕەوتی شیعەگەرایی ناوچەکەو دەوڵەتی ئێران. هۆیەکی دیکە پەیوەندی بە بەرەی دژە ئەمریکایی وئەوروپاییەوە هەیە، چونکە ئێستا بەشار ئەسەد لەبازنەی ئێران وچین وروسیایەو دۆستی ستراتیژی ئەم بەرە دژە ئەمریکاییەیە. بۆیە کاتێک ڕژێمی بەعسی سوریا نەما، مانای وایە بەرەی ئەمریکاو ڕۆژئاوا سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر بەرەی ئێران وروسیاو چیندا بەدەستهێناوە. ئێران هەم شین بۆ خۆی دەکات هەمیش بۆ ستراتیژێکی قوڵی لە جوگرافیای خۆی گەورەتر. لەخۆڕا نیە سیاسی وشارەزایە گەورەکانی دنیا ئاماژە بەوە دەدەن کە جەنگی جیهانی ڕوو دەدات ئەگەر هاوکێشەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، لێدانی ئێران وەکو سەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی سێیەم لێکدەدرێتەوە. بەتایبەت لەناو هاوکێشەکەی سوریاو ئێران وگروپەکانی هاوڕێیان، ئیسرائیل هەیەو زۆریش بە پەلەیە بۆ ئەوەی گورز لەئێران بوەشێنرێت.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا دوای نەمانی رژێمی ئەسەد لەسوریاو کەوتنی بەعس، ئێران وەکو ئەم دەوڵەتانە لەناوخۆوە دەستدەکات بەگۆڕانکاری، یاخود بەگورزی دەرەکی روبەروی روخان وجەنگ دەبێتەوە؟ ئەمە یەکێکە لە مشتومڕە زۆر گەرم و سەرەکی وئاڵۆزەکانی ئێستا، کە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.
ئێران بەئاشکرا رایدەگەیەنێت ئەوەی ئێستا لەسوریا هەیە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە بەهاری عەرەبییەوە نیەو بەشێک نیە لەو گۆڕانکاریانەی دنیای عەرەبی گرتۆتەوە. بەڵکو ئەوەی لەسوریا روودەدات پڕۆژەیەکی ئەمریکی ورۆژئاواییە بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان زیاتر لەناوچەکە قایم بکەن. ئەمەش زیاتر گەلانی سوریاو دژەبەرانی رژێمی بەشار ئەسەد لەئێران دوور دەخاتەوە. لەهەمانکاتیشدا ئێران زیاتر دەخاتە ناو بازنەی نارەزایەتی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکاو ئیسرائیل وئەوروپا.
ئێستا خەریکە روداوەکانی سوریا ئاقاری دیکەو تازە بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوەتا فەرەنسا داوا لەئۆپۆزسیۆنی ئەم وڵاتە دەکات حکومەتی کاتی پێکبهێنێت وئامادەیی فەرەنسای دەربڕی بەهەموو شێوەیەک هاوکاری ئەم حکومەتە کاتیە بکات. لەلایەکی دیکەوە ئۆپۆزسیۆنی سوریاو تورکیاو هەندێ لایەنی دیکە سورن لەسەر ئەوەی ناوچەی ئارام لەناو خاکی سوریا بۆ پەنابەران وهاوڵاتیانی سوریا دروست بکرێت. ئەمانەش هیچیان لەگەڵ ستراتیژی ئێران و سوریاو روسیا کۆک نین، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە هەموو توانایان بۆ ئەوەیە تەمەنی رژێمی بەعسی سوریا درێژ بکەنەوە. بەهەمان شێوە ئێران پشتگیری سیناریۆی ئەوەش دەکات ئەگەر هاتوو بەشارئەسەد روخا، ئەوا مەسەلەی فەلەستین بێتە گۆڕێ، ئەوکاتە ململانێی عەرەب وئیسرائیل، بەتەواوی گۆڕانکاریەکان لەئێران دوور دەخاتەوە، واتە مۆرکی ئاینی ونەتەوەیی گەورە دەبەخشێتە کێشەی فەلەستین وبەم شێوەیە خۆشی دەبێتە یەکێک لەکارەکتەرەکانی ناو ململانێیەکە. بۆیە بۆچونی ئەوەش هەیە دوای سوریا نۆرەی ئێران نیە، بەڵکو

نۆرەی فەلەستینە. بەڵام تۆبڵێی هیچیان نەبێت وبەڵکو تا ماوەیەکی زۆر دوور رەوشی سوریا بەخۆیەوە سەرقاڵمان نەکات، نیشانەکان بەم جۆرەن کە دوای نەمانی ئەسەدیش ئەستەمە سوریا زۆر زوو بتوانێت ئارام بێتەوەو بێتەوە ناو دۆخە سروشتیەکە، بەتایبەت رێکخستنەوەی متمانەی سیاسی وپرۆسەی سیاسی وجومگەکانی دەوڵەت وپێکهاتەکان زۆر قورس دەبێت، وەکو میصرو تونس نابێت، نیشانەکانی زۆر رون دیارن.

بەهەرحاڵ ئێران گەمەکەرێکی سەرەکیەو رۆژانە بەردی خۆی دەهاوێت، داهاتوش شتی چاوەڕواننەکراوی پێیە، رەوشەکە چۆن دەبێت، با پەلە نەکەین وچاوەڕێ بین.

## گواستنەوەی توندوتیژی

ئەوەی سەیری روداوەکانی ناو سوریا بکات، دیقەت بدات لەهەڵسوکەوتی دەوڵەت وشۆڕشگێڕان وئەم هەموو کوشتنەی رۆژانە هەیەو دووبارە دەبێتەوە، ئەو راستیەی بۆ دەردەکەوێت توندوتیژیەکی زۆر لەناو هەناوی دەوڵەت وکۆمەڵگای سوریادا بوونی هەیە. کولتوری توندوتیژی ریشەی لەناو بیرکردنەوە، سوپا، رێساو یاساکانی دەوڵەت، کۆمەلایەتی، خێڵ وتایەفەو مەزهەب... هتد، هەیە. لەروی چاندنی رق وکینەو توندوتیژیش بەعسی سوریا هەمان بەعسیەکەی عێراقە، هەردووکیان رەگیان یەکەو ئاویان لەیەک جۆگا خواردووەتەوە. هەبوونی توندوتیژی لەسوریا تەنیا دەرخەری یەک دیو نیە کەبریتی یە لەتوندوتیژی وەک خۆی، بەڵکو دەرخەری ئەوەشە کە کولتوری پێکەوەژیان ویەکتر قبوڵکردن لەبنەڕەتدا لەسەر ترس ودیکتاتۆریەت وجەبر دروست بووە، نەوەکو بەشێوەیەکی راستەقینەو دیموکراسیانە بوونی هەبێت، بۆیە هەموو پێکهاتەکانی ناو سوریا هێندەی لەرژێمەکەی بەشارئەسەد دەترسن، زیاتریش لەوە لە داهاتوویان دەترسن ونازانن چۆن لەداهاتووی سوریا ژیان بەسەرن وچی دەقەومێت وئەم پێکهاتانە چۆن پێکەوە دەمێننەوە.

شۆڕشگێڕەکانی سوریاش هەوڵی سەرەکیان بریتی یە لەهێشتنەوەی یەکپارچەیی سوریا وهەڵنەوەشانەوەی، بەلام ئەوەیان لەبیرکردووە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن هەمان مۆدێلی بەعس دووبارە دەکەنەوە کە پێکهاتەکان پێکەوە دەهێڵێتەوەو دەوڵەت هەڵناوەشێتەوە، بەڵام لەراستیدا پێکهاتەکان هیچیان متمانەیان بەوی دیکەی بەرامبەریان نیە. لێرەشدا قسەکردن لەدیالۆگ ودیموکراسی وئاشتی کۆمەڵایەتی تەنها درۆیەکە وبەس..!

ئێستا کۆمەڵگای سوریا نوقمی توندوتیژیە، پڕپڕە لە تەرم وکوشتنی بەکۆمەڵ و ئەتککردنی مافی مرۆڤ وکەرامەتی مرۆڤی سوری، ئایا بەم جۆرە واقیعەوە ئەم کۆمەڵگایە یەکسەر جێگای بەشار ئەسەد بگرێتەوەو حوکم بگرێتە دەست، چۆن دەتوانێت گیانی تۆڵەو خوێن رشتن لەخۆیدا بکوژێت ودیموکراسی وئازادی وئاشتی قبوڵ دەکات. بۆ سوریەکان لەسەرکەوتنی شۆڕشەکەیان گرنگتر ئەوەیە دوای شۆڕش چۆن پێکەوە دەژین ومتمانەی نێوانیان چۆنە، راستە کەوتنی بەشار ئەسەد خەونی یەکەم وکاری یەکەم وهیوای یەکەمی سوریەکانە، بەڵام کۆتایی کارەکان وخەونەکان وهیواکان نیە. کاروخەون وهیوای دیکە زۆر زۆرن کە دوای بەشار ئەسەد یەک بە یەکە یەخەی دەوڵەوت وکۆمەڵگای سوری دەگرن. شۆڕشگێران پلانی دوای ئەسەدیان هەم لەناوخۆی سوریاو هەمیش بۆ دەرەوە زۆر فەرامۆش کردووە، لەئێستادا تەنها دەیانەوێت بەشار ئەسەد بڕوات ونەمێنێت. بەڵام بۆمبی دیکەی ئامادەیان لەیادنیە کە دوایی دەتەقنەوە. بەرای من ئەزموونی کەوتنی بەعسی عێراق وصەدام حسێن، بۆ سوریایەکان هێجگار گرنگە، چونکە بینیمان دوای نەمانی بەعس لەعێراق، چۆن دەیان کێشەی گەورەی نەتەوەیی، تایەفی، ئاینی، خێڵ وحیزبی و ناوچەگەری و شەخسی تەقینەوەو عێراقیان کردۆتە گۆمی خوێن. سوریاش پڕە لەناکۆکی لەم جۆرە، هەمان کولتوری بەعسی عێراق لەرەفتاری بەعسیەکانی سوریادا هەیە. ئەوانیش کۆمەڵگایەکی پڕ توندوتیژی جێدەهێڵن. بۆیە سوریایەکان قازانج

دەکەن واقیعی عێراقی دوای صەدام حسێن لەوڵاتەکەیان دووبارە نەکەنەوە. کە بەبۆچونی من پێویستە چەند هەنگاوێک بنێن، لەوانە: یەکەم: دەستورێکی دیموکراسی وهاوچەرخ ومۆدێرن دابڕێژن وهەموو پێکهاتەکان رازی بکات ولەوەش گرنگتر پابەندی دەستوربن وبڕگەکانی جێبەجێ بکەن، هەموو پێکهاتەکان و لایەنەکانی سوریاش بەشداری پێبکەن لە نوسینی ئەم دەستورەو رێزی ئیرادەی هەموو سوریەکان بگرن. دووەم: رێگابگرن لەبلاوبوونەوەی چەک وتەقەمەنی وهەرزوو گروپە چەکدارەکان چەک بکەن، سوپای نیشتمانی سوریا چەکداربێت وهی هەموو پێکهاتەکانی سوریاش بێت. هەموو جۆرە چالاکیەکی چەکداری قەدەغەبکەن. سێیەم: کۆمەڵی مەدەنی سوری بێئەندازە پشتگیری بکرێت وماددی ومەعنەوی هەموو هاوکاریەکی بکرێت بۆ ئەوەی کولتوری دیموکراسی ومەدەنی وپێکەوەژیان جێگای رق وکینەو توندوتیژی بگرێتەوە. چوارەم: ئیشکردن لەسەر هەڵبژاردن وقبولکردنی جیاوازیەکان وئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ئەزمونی لەتەوافوقی پێکهاتەکانی عێراق وەربگرن ودیموکراسی نەکەنە قوربانی هیچ شتێک. گرەنتی مانەوەی سوریای یەکگرتوو بەهۆی دیموکراسی وپێکەوەژیان ویەکتر قبولکردنەوە دەبێت، نەوەکو سوپاو هەڕەشەو تانک وفڕۆکە. پێویستە بەوردی بیر لەم کولتوری خوێنرشتن وتوندوتیژیە بکرێتەوەو لەئاستی سیاسی وفەرهەنگی وتایەفی ودەوڵەتی وسوپا وکۆمەڵایەتیدا رێگای لێبگیردرێت بۆ ئەوەی دوای نەمانی بەشار ئەسەد نەبێتە مۆتەکەی گەلانی سوریا. ئەگینا دوای نەمانی بەشارئەسەد هەناسەی ئازادی لەسوریا ژەهراوی دەبێت!.

## تورکیا کراسەکەی ئەسەدی پۆشیوە

ئەو وەختەی یەکەم هەنگاوی شۆڕش لەسوریا نرا، راگەیاندنەکان هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە، رژێمی سوریا رایگەیاند شتێکی ئەوتۆ نیە.. کوردو عەرەب وئەوانی دیکەی سوریا کەوتنە جموجۆڵ. دەوڵەتان بەوردی هاتنەپێش بۆ ئەوەی بزانن رۆژانی داهاتوو چی دەبێت.

ئەوەبوو دواجار شۆڕش ڕوویدا.! خوێن ڕژا، تفەنگەکان تەقەیان کرد، تانکەکان جوڵان، فڕۆکەکان بۆمبیان بەردایەوە. نوێژی هەینی شۆڕشگێڕانە و خۆپیشاندانی جەماوەری بەردەوام ڕێچکەی خۆی گرت. لەم سەرو وەختەدا گەلی کوردی بەشمەینەتی سوریا هاتە مەیدان وهێزەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ ئەوەی پارچەیەکی دیکەی کوردستان ڕزگاربکەن وئیدی هەناسەیەک هەڵمژین بۆنی ئازادی لێ بێت. بەڵام لەیەکەم هەنگاوی گەلی کوردەوە تورکیا بۆتە دیوارێکی سەخت وسەرئێشەیەکی بەردەوام ودوژمنێکی زۆر ئاشکرای کورد لەسوریا. بێ ئەوەی سڵ لەهیچ بکاتەوە هەموو ڕێگاکان تاقیدەکاتەوە. ئامێز بۆ هەموو گەلانی سوریا دەکاتەوە، تەنها کورد نەبێت. پێتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم کورد لەسوریا لەئێستادا ئەوەندەی تواناو ووزە وکاتی بەرامبەر تورکیا بەکاردەهێنێت ودەڕوات، ئەوەندە بەرامبەر بەشار ئەسەد نیە. وا هەست دەکەی کورد شەڕی لەگەڵ بەشار ئەسەد ورژێمی سوریا نیە، بەڵکو هەست دەکەی کورد لەگەڵ تورکیا لەشۆڕشدایە. تورکیا چەندە لە دیاربەکر دەترسێ هێندەش لە قامشلو. هەموو دەستکەوتێکی کورد لەسوریا بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی خۆی دەزانێت.

کورد لەسوریا هێندەی سەرقاڵی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی تورکیایە، ئەوەندە سەرقاڵی شۆڕش نیە دژی بەشار ئەسەد. ڕاستە کورد بەخوێن ودڵ وگیانی لەسوریا چاوەڕێی سەرکەوتنی شۆڕشی سوریا وئازادبوونیەتی لەدەست دیکتاتۆر. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە دوای نەمانی بەشارئەسەدیش شۆڕشی کورد بەردەوام دەبێت بەتایبەت بەرامبەر تورکیا. تەنانەت تورکیا دوو هەنگاوی زۆر مەترسیدار لەدژی کورد دەنێت: یەکەم دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بووە هێزە کاریگەرە کوردەکانی سوریا بخاتە لیستی تیرۆرەوە بۆ ئەوەی هەموو چالاکیە نەتەوەیی وسیاسی و کوردایەتیەکانیان لێ قەدەغەبکات وگەمارۆیان بدات وکۆمەکی نێودەوڵەتی وسیاسی لایەنەکانی دنیایان لەسەر ببڕێت. دووەم هەوڵ دەدات ئەو دەستورەی دوای نەمانی بەشار

ئەسەد دەنوسرێتەوە هیچی ئەوتۆی بۆ کورد تێدا نەبێت. بەڵکو تەنها وەکو هاوڵاتیەکی سادەی سوریا وهەندێ وردە شتی دیکە دانبنێت بە کورد، نەوەکو وەکو نەتەوەیەکی بنەڕەتی ناو دەوڵەت ونیشتمانی راستەقینەی خۆی کە کوردستانە.

تورکیا لەهەموو پێشڤەچونێکی کورد ترسی هەیە، بۆ نمونە ئەو چەند شارەی رۆژئاوای کوردستان کە ئازادبوونە، یەکسەر رایگەیاند ئەم شارانە بەشارئەسەد ورژێمەکەی بۆ کوردیان چۆڵ کردووە، بۆ ئەوەی هەم لەئاستی نێودەوڵەتی کورد ئیتهام بکات، هەمیش لەناوخۆی سوریا درز بخاتە ناو کوردو عەرەبی شۆڕشگێرو هاوپەیمانی لەئەنجومەنی نیشتمانی و سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت. بەڵام تورکیا دەبێ ئەو راستیە بزانێت ناتوانێت لەیەککاتدا لەدوو بەرەی جیاوازەوە شەڕی کورد بکات، بەرەی ناوخۆی تورکیا بەرامبەر پەکەکەو بەرەی ناوخۆی سوریا، بۆیە لەبری ئەوە پێویستە گرێی کورد بکاتەوە، رێککەوتن بکات، هەوڵ بدات راستی کێشەکەو قەبارەکەی وەکو خۆی نیشان بدات، ئەمڕۆ ناتوانرێت کێشەی کورد لەسوریا بە بچوک نیشانبدرێت، مافەکانی کورد وەکو دوێنێ نکۆڵیان لێبکرێت، ئەم هەنگاوانەی نراون بۆ پێشەوە، گەڕانەوەیان بۆ دواوە زۆر سەخت ودژوارە. بۆیە تورکیا لەهەموو بەرەکان شەڕی کوردی پێناکرێت، ئەگەر سەیری تابلۆکەش بکەین زۆر راستی بەرووونی دیارن بۆ نمونە چەندەی تورکیا دەستوەردەداتە کاروباری کوردان لەسوریا، هێندەی ئەوە پەکەکەش لەناوخۆی تورکیا چالاکی دەکات، کاتێک تورکیا هێزی سەربازی دەجوڵێنێ لەسەر سنوری سوریاو تورکیا واتە بەشە کوردستانەکەی، ئەوا پەکەکەش لەشەمزینان وقوڵاییی خاکی باکوری کوردستان وتورکیا چالاکی ئەنجام دەدات. هەتا زیاتر تورکیا بێتە پێشەوە، کورد زیاتر گورز لەهێزەکانی سوپای تورکیا دەوەشێنێت. ئەم شەڕەی ئێستا لەنێوان پەکەکەو تورکیا لەناو خاکی تورکیا بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی وستراتیژی لەسەر پرسی کوردە لەسوریا، نەوەکو پەیوەندی بەناوەخۆی تورکیاوە هەبێت. تورکیا دەیەوێت رۆژئاوای

کوردستان هەناسەی ئازادی هەڵنەمژێت، کوردیش ئەوە قبوڵ ناکات وئەم زەمەنە بەسەرچوو. ڕۆژگار بەخێرایی دەگۆڕێت وروداو لەدوای روداو دێنە پێشەوە. کەچی عەقڵی تورکی دەیەوێت پێش بەم روداوانە بگرێت وکراسەکەی ئەسەد بپۆشێت!.

## شەڕە هێلکە نیە!

ڕۆژانە منداڵ، ژن، پیرو گەنج، لەسوریا دەکوژرێن. بەپۆل ودەستە دەستە تەرم لەتەلەفزیۆنەکانەوە نیشان دەدرێن. گۆمی خوێن قوڵترو بەرینتر دەبێت، دیمەنێکی دیکە ئەوەیە خێزانە سوریەکان کۆڵیان لەپشتەو وڵات بەوڵات بۆ پەناگەیەک دەگەڕێن وئاوارە دەبن. ئەمە شانۆی راستەقینەی ژیانی ڕۆژانـەی هاوڵاتی سوریایە. کەس نیە ئەمانەی من باسم کرد ئاگای لێی نەبێت وزانیاری لەسەر نەبێت. بەڵام دیمەنە سەرەکیەکە ئەوەیە دەوڵەتان وهێزو لایەنەکانی ناوخۆی سوریاو دەرەوەی سوریا، تەنها بریتی یە لە تـەرم ژماردن،قسە فڕێدان، ناکۆکی ناو تیڤیەکان ومێزگردەکان، بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان لەروپەڕی رۆژنامەکان. بەداخەوە کاتێک رەوشـی سوریا تەماشا دەکەیت وهەستی ساردی دنیا دەبینی بەرامبەر قەسابخانەی ڕۆژانە، هەست دەکـەی بـەرامـبـەر یاریەکی کولتوری دانیشتوی نەوەکو تراژیدیایەکی گـەورەی خوێناوی، هەست دەکـەی سـەیری دیمەنی شـەڕە هێلکەیەک دەکەی..!

ئۆپۆزسیۆنـی سـوریـا زۆر زۆر خـۆی بـڵاوکـردووە، ئەجێنداو بەرنامەو کاری خۆی پەرش وبڵاوکردووە، بۆیەش ناتوانێت بگاتە بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە، ڕۆژێک لەتورکیایە، ڕۆژێک لە قاهیرەیە، وەختێک دەچێتە ئەمریکاو وەختێک فەرەنسا، لەلایەکی دیکەوە دێت دەچێتە قەتەرو سعودیەو هەرێمی کوردستان و...هتد، ئیدی ئەوانە خەریکی شۆڕش نین، بەڵکو خەریکی گەمەی سیاسی نێودەوڵەتی وئیقلیمین. ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئەوە نازانێت دەبێ ئەمریکاو ئەوروپا وقەتەروسعودیەوتورکیاومیصرو کوردستان و.....هتد، کار بۆ پشتیوانی

وسەرکەوتن ورازیکردنی ئەوان بکات، نەوەکو بەپێچەوانەوە، بۆ نمونە سەیربکە ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت دڵی ئەمریکیەکان وئەورووپیەکان وعەرەب وتورک وکورد رازی بکات. ئەمەش دۆخە زۆر خراپەکەی شۆڕشە لەسوریا.

رۆژانە خوێن دەڕژێت، کۆمەڵکوژی دەکرێت، ئەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رازی بن وگەمەکانیان بەردەوام بێت. ئەرێ ئەمە هەستی ئەخلاقی وویژدانی وسیاسیە، یان دیمەنی شەڕە هێلکەی؟ گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەو سەرکەوتنی شۆڕش دیمەشقە؟؟ نەوەکو ئەستەنبول وئەنکەرە. نەوەکو هەولێر.. شەڕی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دیمەشقەو دەبێت ئەوێ بگرێت وحکومەت رابگەیەنێت وجاڕی سەرکەوتن بدات، نەوەکو قاهیرەولەندەن وواشنتۆن. دەبێت ئاماژەکان بۆ ئەوە بن چۆن دیمەشق دەخەیتە دەست، نەوەکو برۆیتە مۆسکۆو دنیایەک تەنازوول پێشکەشی دۆستانی بەشار ئەسەد بکەیت. بردنەوە لەناوخۆی سوریایە، بەهیچ شێوەیەک لەدەرەوە نیە تەنها لەیەک کاتدا نەبێت، ئەوکاتەی هێزی ئۆپۆزسیۆن وشۆڕش دەگاتە قەناعەتی ئەوەی ناتوانێت بەتەنیا دیکتاتۆر بروخێنێت وپێویستی بە دانانی ناوچەی دژەفڕین وناوچەی ئارام وپشتیوانی نێودەوڵەتی دەبێت، ئەوکاتیش دەبێ ئۆپۆزسیۆن بزانێت چۆن داوای ئەم پشتیوانیە دەکات وچی دەوێت وچۆن رێکیدەخات، نەوەکو بەتەنازوول وپاڕانەوەو سەرکزی بێت ولەدەرگای هاوکاریەکان بدات. رژێمی بەشار ئەسەد باش دەزانێت لەناو شەڕو جەنگ ومان ونەمان دایە، بۆیە هەموو هەوڵ وتواناو هێزی خۆی تاقیدەکاتەوە، بەڵام پێدەچێت خەڵکی دیکە وا بزانێت شەڕە هێلکەیە لەسوریا..! دیارە من لەپەرۆشیەکی قوڵەوە دەڕوانمە قوربانیەکان وشۆڕش وئاواتەکانی، بۆیە بەم زمانە هێرش دەکەمە سەر هەڵگرانی ئالآی شۆڕش وئۆپۆزسیۆنی سوریا، مرۆڤ ویژدانی هەلا هەلا دەبێت، کاتێک رۆژانە ئەم هەموو گەنجە جوانە لەناو خوێنی خۆیدا دەبینێت وپۆل پۆل منداڵ وژن وپیرو گەنج دەبنە قوربانی. بۆیە

مانای نیە کەسمان لەم دۆزەخە بێ دەنگ بین وهەر کەسەو پێویستە قسەی خۆی بکات.
یەکێکی دیکە لە نەهامەتیەکانی شۆڕشی گەلانی سوریا ئەوەیە جۆرێک لە بێ ئومێدی لەناو کەسە باڵاکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی وشۆڕش دا هەیە، تەنانەت ئەم بێ ئومێدیە گەیشتۆتە رادەی دەست لەکارکێشانەوە. ئەمە کەمەرشکێنە. لەراستیدا پێویستە بابەتەکە پێچەوانە بێت، دۆخی نائومێدی دەبێ بەشار ئەسەدو دەستەودایەرەکەی ورژێمەکەی بگرێتەوە، هەرچەندە لەناو رژێمدا بەئاشکرا جۆرێک لە نائومێدی هەیە، بەڵام ئەمە خاڵە جەوهەریەکە نیە، بەڵکو دەبێت نائومێدیەکە روبەرێکی زۆر گەورە داگیربکات. بە راشکاوانە کەسە باڵاکانی ناو شۆڕش وئەنجومەنی نیشتمانی سوریا رایدەگەیەنن کە ناتوانن ئەوەی گەلانی سوریا داوای دەکەن بیگەیەننە کەناری سەرکەوتن، قسەی جیاوازو توند لەدژی یەکترو رای سیاسی وتێکۆشانی یەکتر دەکەن. دواجار ئەوەی قازانج دەکات رژێمی بەعسی سوریایەو کاتەکانی تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە نەخشەی شۆڕش بگۆڕدرێت، بەم جۆرەو بەم نەخشەیە ناتوانرێت بەشار ئەسەد کۆتایی پێبهێنرێت، دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە نەخشەی تازە دابنرێت، بەبۆچونی من یەکێک لە نەخشەتازەکان وگۆڕانکاریەکان ئەوەیە کە ووزەی دەرەوەو ناوەوەی شۆڕش وئەنجومەنەکان وهێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا رێکبخرێت وئەم پەرتەوازەییە کۆتایی پێبهێنرێت. یەکێکی دیکە بریتی یە لە پەیداکردن ودابینکردنی پشتیوانی سەربازی، بەهەر شێوەیەک بووە پێویستە زیاترو گرنگترو وچالاکتر هێزەکانی ناوەوەی سوریا ئاراستە بکرێن. رێکخستنەوەی گوتاری شۆڕش وئاراستە وەرگرتنێکی راستەرێی شەفاف بەجۆرێک بوار نەدات هەر کەسەو بەلایخۆیدا رایبکێشێت وبەرژەوەندی خۆی لەسەر بنیات بنێت. چڕکردنەوەی سزاکانی سەر سوریا بە کردەوە، نەوەکو بەقسەو لێدوانی رۆژنامەوانی. فشار خستنە سەر دەوڵەتانی پشتیوان وهاوکارانی شۆڕش بۆ ئەوەی راشکاوانەترو ئازایانەترو بوێرانە بێنە

مەیدان وقسەی کردەوەی خۆیان بکەن، نەوەکو قسەی رووت وبەس. دەشێ بیر لەزۆر چارەسەرو هەنگاوی تازەتر بکرێتەوە، کات زۆر رۆیشت و درەنگە..!.

## فیدراڵی بۆ رۆژئاوا

کوردانی رۆژئاوای کوردستان، داوای فیدراڵی دەکەن، ئەم قسەیە خۆی لەخۆیدا گۆڕانێکی گەورەیە لە بزوتنەوەی کورد لەم پارچەیە، چونکە لەداواکردنی مافی پێدانی تەنها رەگەزنامە، بۆ پێدانی فیدراڵیەت. تەکانێکی گەورەی کێشەی کوردە لە سوریا. لەراستیدا پارچەی باشوری کوردستان وفیدراڵیەکەی ئاوێنەیەکی زۆر باش ورۆشنەو بەهادارە بۆ کوردانی رۆژئاوا، چونکە کورد لەعێراق لەگەڵ عەرەب دەژیت، لەرۆژئاواش بەهەمان شێوە، کورد لەعێراق لەگەڵ بەعس ئەزمونێکی هێجگار خوێناوی و دژواری هەیە، کوردانی سوریاش بەهەمان شێوە لەگەڵ بەعسی سوریا بەهەمان شێوە. بۆیە هەنگاوەکانی فیدراڵی کوردی لەعێراق، جێگای وردبونەوەو بایەخن بۆ کوردانی رۆژئاوای کوردستان لەسوریا. پێویستە کورد لەم پارچەیەی بەردەست سوریا، زۆر بەزوویی شەڕی دەستوری خۆی بکات، پێش ئەوەی دەستور بنوسرێتەوەوشتەکە کۆتایی پێبێت، واتە ئەگەر رژێمی ئەسەد روخا، دەستوری تازە نوسرا،دوای ئەوە زۆر قورسە داواکاری کوردی جێگای بکرێتەوە لە چوارچێوەی سوریای دوای ئەسەد، کوردیش نابێت بیری بچێت ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وکۆمکاری عەرەبی زۆر دژی رژێمی سوریان، بەڵام کاتێک ئەسەد نامێنێت، بابەتەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وکۆمکاری عەرەبی زۆر هاوکاری وهەماهەنگی سیستەمی سیاسی تازە دەبن لەسوریا. کورد ئەگەر داوای فیدراڵی دەکات، نابێت تەنها لەدروشم وکارتی سیاسیدا بیهێڵێتەوە، بەڵکو دەبێت بیکاتە چوارچێوەی فەرمی سیاسەت کردن لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی سوریا. بیکاتە نەخشەرێگای چارەسەری پرسی کورد. دەبێت کورد زوو فریای خۆی بکەوێت پێش ئەوەی

دەرفەتەکان لەدەست دەربچن. دەبێت دانیش بەم ڕاستیەدا بنێین کە کورد لەسوریا پەرتەوازەن، بەسەر چەند ئەجێندایەکدا دابەش بونەو ئیلهام لەشوێنی دیکە وەردەگرن، ئەمە کاتی کوردو دەرفەتی دەستەبەرکردنی مافەکان لەکورد دەکوژێت. بۆیە هەنگاوی هەرە بەرپرسیارانەو زانایانە ئەوەیە یەکریزی کورد زوو جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی کەلێنی نێوان هێزە کوردیەکان هێز نەبەخشێت بە بەرامبەر. کێشەی کورد لە سوریا تەنها لەخاڵێکدا، یان وێستگەیەکدا ناوەستێ، دەبێت لە زۆر گۆشە نیگای جودا جوداوە لای لێبکەینەوە، ئەمەش وامان لێدەکات زیاتر لەسەر دوو هێڵ بۆچونمان ڕێکبخەین، ئاستی ناوخۆو ئاستی دەرەکی، خۆشبەختانە لەسەر هەردوو ئاستەکە بەهاری کوردان لەسوریا زۆر باش چۆتە پێشەوەو باڵای زراڤ دەبێت، بەڵام دەبێت هەموو هەوڵو خەبات وفرمێسک وخوێنمان بۆ ئەوە بێت، بەرەکەی تاڵ نەبێت. لەیەکێک لەنوێژەکانی هەینیدا لەتەواوی سوریا، ناوی وەفا بۆ ڕاپەڕینی کوردی لێنرا. وەفا بۆ فرمێسک وخوێنی کورد لەسوریاو یادکردنەوەی قوربانی کورد. ماناکانی زیاترە لەوەی لەتەوەرێکدا لەسەری بوەستین، بایەخی سیاسی ونەتەوەیی زۆری هەیە، هەرچەندە ئەمە خێرێک نیە بە کورد بکرێت، بەڵام دەشێ بڵێین گۆڕانێکە لەسوریا بەرامبەر بە شوناسی کورد، چونکە بیرمان نەچێت ئێمە نکۆڵی دەکراین لەسوریاو مافی ڕەگەزنامەمان نەبوو، ئێستا نوێژی هەینی بەناوی ڕاپەڕینی تووە بکرێت، گۆڕانەو جێگای بایەخە. ڕۆژنامەی ڕوداو لەژمارە (٢٠١) دا سەبارەت بە کۆبونەوەکەی لیبیا لەسەر ڕەوشی سوریا، بەم شێوەیە لەسەر کوردو هەڵوێستی ئەمریکیەکان پەرەگرافێکی نوسیوە:» دوای کۆبوونەوەکەی نێوانیان، هیلاری کلنتۆن و بورهان غەلیۆن و عەبدولحەکیم بەشار، پێکەوە وێنەیان گرت. کە ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە هیلاری پشتیکردووەتە غەلیۆن، عەبدولحەکیم بەشار سەبارەت بەو وێنەیە بە پێکەنینەوە گوتی: کە وێنەکەمان دەگرت، هیلاری کلنتۆن ڕوی لەمن کردو پشتیکردە غەلیۆن و گوتی دەمەوێ لەسەر مەسەلەی

سوریاو مافەکانی کورد لەسوریا پێتبڵێم کە ئەمریکا پشتگیری لەمافی کورد دەکات لەسوریا». ئەمریکیەکان داواشیان کردوە هەر دوو ئەنجومەنەکە یەکبگرن، واتە ئەنجومەنی نیشتمانی سوریاو ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لەسوریا. بەریتانیەکانیش لەسەر زاری ولیام هیگ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا هەمان هەڵوێستی ئەمریکایان دەربارەی مافی کورد لەسوریا دووبارە کردۆتەوەو پشتگیری خۆیان بۆ کورد دەربڕیوە. بەڵام دواجار کورد خۆی گرنگە چۆن هەنگاوەکانی دەهاوێت وبەرەوکوێ رێدەکات، چونکە قسە شتێکەو گۆڕانە راستەقینەکە لەسوریا شتێکی دیکەیە. لەگەڵ هەموو ئەم قسانەی دەیکەین راستیەک هەیە پێویستە لەبەرچاومان بێت، ئەویش مەترسی سەر کورد کۆتایی پێنەهاتووە، هەتا زیاتر کێشەی کورد لەسوریا بچێتە پێش مەترسیەکانیش دێنە پێش. کورد لەسوریا دوای نەمانی بەشار ئەسەد مانای وانیە لە دۆزەخەوە دەپەڕێتەوە بۆ بەهەشت. وەک گوتمان شەڕی دەستوری وململانێی سەخت چاوەڕێی کورد دەکات، هەر بۆ نمونە با لەقسەکەی بورهان غەلیۆن سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریاوە دەستپێبکەین، کاتێک گوتی کوردستانێک لەسوریا بوونی نیە..ئۆتۆنۆمیش بۆ کورد نیە. شتێک ناوی کوردستان وفیدراڵی وئۆتۆنۆمی کورد لەسوریا هەبوونی نیە. ئەمە دوای بەشار ئەسەد دێتە سەرحوکم، ئەرێ دەپرسم چ فەرقێکی هەیە لەگەڵ ئەسەد؟ ئەو دەڕوات، ئەوەی دیکە دێت، بەڵام عەقڵەکە هەروەک خۆیەتی. بۆیە کورد نابێت بێ مەترسی لەروداوەکان بڕوانێت. هەرچەندە هەوڵی باش هەن بۆ رێکخستن ویەکگرتوویی گوتاری کوردی، بەڵام هەوڵەکان بەتەنها هیچ شتێک ناگۆڕن ئەگەر نەچێتە بواری پراکتیکیەوە. ئەوەی راستی بێت من بۆ خۆم زۆر لەسەر ئەم هەڵوێستە پشتگیری دەکەم، پێم وایە یەکێکە لە سیاسەت وستراتیژو مافێکی نەتەوەیی ویاسایش، ئەگەر بێت وکورد دوای نەمانی بەشارئەسەد لەکوردستانی سوریا، ریفراندۆم بکات، کە ئایا لەچوارچێوەی سوریا چۆن دەژی وچی دەوێت، یان چۆن دەکرێت کوردستان نەچێتەوە باوەشی سوریاو

پارچەیەک بێت لەم دەوڵەتە، لێرەدا جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر پرسی کورد لەعێراق وراپەڕینی بەهاری ١٩٩١، ئەزمونی کوردی عێراق لەماوەی بیست ساڵی رابردوو تاوەکو ئێستا، ئاوێنەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی کوردانی سوریا ئەزمونی خۆیانی لێوەفێربن، بزانن چۆن ریفراندۆم دەکەن، داوای چی دەکەن، ژیانی کورد لەوێ بەرەو کوێ وکام جێگاو رێگا دەبەن. ئەگەر بێت وسوود لە بەهاری عەرەبی وگۆڕانکاریەکانی ناوچەکەش وەرنەگرن، هەر زیانی خۆی هەیە. بەتایبەت مەلەفی سوریا لەهەموو مەلەفەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی وبەهاری عەرەبی جیاوازی هەیە، چونکە تەواو مەلەفێکی نێودەوڵەتی وئیقلیمیە. بۆیەش تاوەکو ئێستا دەبینین چ دژواریەک وئاڵۆزیەک هەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی بارودۆخەکە.

روداوەکانی سوریا زۆر سەرنج راکێشن، بۆ وێنە دەست لەکارکێشانەوەی بورهان غەلیۆن، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا، ئەو پیاوە لەراگەیاندنێکدا راشکاوانە گوتی لەبەر ناکۆکی عەلمانی وئیسلامیەکان دەستم لەکار کێشایەوەو ئەنجومەنەکە لەئاستی خواستەکانی گەلی سوریادا نیە. غەلیۆن سەبارەت بە بەشداریکردنی بڕیاردانیش لەناو ئەنجومەنەکە گوتی بوار نیە بۆ ئەندامان بۆ ئەوەی رای خۆیان بڵێن، ئەنجومەن دابەش بووەو قوربانی دانی گەلی سوریای لەبەرچاو نیە. لێرەدا زۆر راستی هەن وەکو رۆژی روناک دەردەکەون، بۆ نمونە هێشتا بستێک حوکم و پارەو دەسەڵات وپۆلیس ودەوڵەوتیان بەدەست نیە! کەچی عەلمانیەکان وئیسلامیەکان شەڕی یەکتر دەکەن. رۆژانە منداڵ وژن وپیرو گەنج دەکوژرێن، خوێن لەسەر جاددە دەڕژێت! کەچی ئەوانەی لەناو ئەنجومەنن شۆڕشگێڕن، خەریکی ململانێی دەسەڵاتن. ئێستا ئەوان بەچاوی خۆیان خوێنی سوری هاوڵاتیان دەبینن وحیسابی بۆ ناکەن ئەدی ئەگەر بەشار ئەسەد نەماو وڵات کەوتە دەسیتان، چۆن وبەچ شێوەیەک دەڕواننە هاوڵاتیان؟ . لەئێستادا پەرلەمان وحکومەت ووەزارەتو ناوەندەکانی دیکەی بەڕێوەبردن و بڕیاریان بەدەستەوە نیە! کەچی سەیر بکە

چۆن زۆر بەتوندی ڕێگرن لە بەشداریکردنی بڕیاری سیاسی وبەڕێوەبردن. ئەمانە بەیانی چۆن وبەچ شێوەیەک ڕێگا دەدەن خەڵک بەشداری بڕیاربێت؟. دیموکراسی وئازادی وپێکەوەژیان لەناو گەلی سوریا هێجگار زەحمەت بووە، چونکە دوای نەمانی بەشار ئەسەد گریمانەی ئەوە زۆرە خەڵک بەدوای تۆڵەدا بگەڕێت، چونکە ڕۆژانە بەدەیان کەس دەکوژرێن، سوپاو لایەنگرانی ڕژێم دەست لەکەس ناپارێزن. ڕۆژ نیە بەکۆمەڵ خەڵک نەکوژرێت، بۆیە زۆر زەحمەتە بەئاسانی کولتوری پێکەوەژیان وئارامی لەناو سوریا سەربگرێت، هەرچەندە وەک کوردێک حەز ناکەم کوردو گەلانی سوریا تۆڵەو خوێن وکوشتن شوناسیان بێت، بەڵام مرۆڤ لەهەموو خوێڕشتنە بێ باک و زۆردارانەو دڕندانەی سوریا سام دەیگرێت، شەرم لەهیچ هەستێکی مرۆڤایەتی وئەخلاقی ونیشتمانی ونەتەوەیی ناکرێت، سوریا بۆتە قەسابخانە. بۆیە ئەم ڕاستیانە وانەی زۆر گرنگ وهەستیارو چارەنوسسازن بۆ گەلی کورد لەسوریا. کورد نابێت خوێن بەخوێن ودیکتاتۆر بە دیکتاتۆر بگۆڕێتەوە. هەر وەک لەسەرەوەش باسمان کرد پێویستە کورد ئاسان تەسلیم بە سوریای دوای بەشار ئەسەد نەبێت، زوو مافە دەستوری ویاسایی وسیاسی ونەتەوەییەکانی خۆی بچەسپێنێت. کە ئەمە بۆ کورد گرنگترین وپڕ بایەخترین سیاسەت وهەنگاوە. ڕاستە خەونی ڕاستەقینەی ئێمە کوردستانێکی ئازادو دەوڵەتی سەربەخۆیە. بەڵام واقیعی سوریا هێندە ئاڵۆزو خوێناوی و پڕ ڕوداوو دیکتاتۆری ناوخۆییە لە عەلمانی وقەومی وئیسلامی، بوار نادەن تەنانەت کورد بیر لە فیدڕاڵیش بکاتەوە، چ جای دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. بەڵام دواجار کورد نابێت خۆی بەقوربانی عەرەب وئەوانی دی بکات، چونکە هەر ئێمە خۆمان دەبێت، بەدەستی خۆمان بناغەی دەوڵەت دروست بکەین وبونیادی بنێین.

ئێمە باسی ئەوەمان کرد مەسەلەی کورد لەعێراق بۆ کوردی سوریا ئاوێنەیەکی ڕۆشن وپڕ وانەیە. ئەم قسەیە بۆ عەرەبەکانیش لەسوریا ڕاستە. عەرەبەکانیش پێویستە مێژوی هەشتا ساڵەی دەوڵەتی عێراق

باش بخوێننەوەو شۆڕش وروداوەکانی ناو عێراق سەبارەت بەگەلی کورد باش دیراسە بکەن، چونکە ئەگەر مافی گەلی کورد نەدەن لەسوریا، یان دان بەهەبون وداخوازی کورد نەنێن؟ ئەوا عەرەبەکانی سوریاش هەمان هەڵەی عەرەبی سەردەستی عێراق دووبارە دەکەنەوە. ئەوکاتە ئەوەی خوێنی سوریا وشک دەکات، شۆڕشی بەردەوامی گەلی کورد دەبێت لەسوریا، لەبەرئەوە سوریا بەرگەی فشارەکانی شۆڕشی گەلێک بۆ زەمەنێکی زۆرو دوور ناگرێت، بۆیە وردە وردە خوێن لەدەمارەکانی وشک دەبێت وباجی خۆی دەدات بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت، تاوانباریش دەردەچێت. بەڵام هەر زوو گەڕانەوە بۆ مافەکانی گەلی کوردو دانپێدانانی، نیشانەیەکی عەقڵانی ودووربینانەیەو سوریا لە زۆر جەنگی راستەوخۆ دوور دەخاتەوەو دەیخاتەوە سەرپێ. وانەکانی کێشەی کوردیش لەتورکیا بەهەمان شێوە بۆ سورییەکان زۆر جێگای بایەخە. رۆژانە دەبینن تورکیا چۆن بەتوندوتیژی روبەروی گەلی کورد دەبێتەوە، بەڵام گەلی کورد وشۆڕشەکەی بەهێزتر دەبێت. رای گشتی جیهانی زیاتر فشار دەخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکات. بۆیە بۆ سورییەکان زۆر راستە ئەگەر بیر لەنکۆڵی کردنی کێشەی کورد نەکەنەوە لەسوریاو بوێر بن وبڵێن کێشەی کورد هەیە وبەماف وداواکاریەکانی گەلی کورد رازین.

مەلەفی سوریا هێندە رۆچوەتە ناو وردە داوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئاسان نیە بتوانین بێ سەرئێشە بگەینە هەندێ دەستکەوت، لەوانەیە سوریای داهاتوو کێکی تەنها سوریەکان نەبێت، زۆر دەوڵەت وهێزو لایەن دێن وراستەوخۆ بەشدار دەبن لە کێکی دەسەڵات وسیاسەت وئاراستەی فەرمانڕەوایی سوریا. کوردیش بەدەر نیە لەم هاوکێشەیە. بەلام گرنگ ئەوەیە ئەزمونی تاڵی نکۆڵی کردن جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، ئەوەی دیکە شتێکە هەر دەبێت، بەفرو کرێوە کە دەبارێت، حەتمەن سەرماوسۆڵەشی لەگەڵە، بۆیە سەرئێشەی بونیادنانەوەی دوای رژێم دەبێت پێشوازی لێبکەین. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست

کەیسی سوریاوە زۆر ماندووە، بڕواناکەم هیچ یەکێک لەدەوڵەتەکان پێشبینی ئەوەی کردبێت، رەوشی سوریا بەم جۆرەی لێدێت، تەنانەت خودی شۆڕشگێرو ئۆپۆزسیۆنی سوریش چاوەڕێی ئەم هەموو گرێ وکات بەسەربردن و کوشتارەی نەدەکرد. دوای بەهاری عەرەبی چەند رژێمێک زۆریان پێ نەچوو کەوتن وگەل سەرکەوت، بۆیە بۆ سوریاش کەمتر لەساڵێک و چەند مانگێک دیاریکرابوو. بەڵام بینمان شتێکی دیکە دەرچوو. سوپای سوریاو لایەنگرانی رژێم رۆژانە بەگوڕوتینێکی تازەوە کوشتار دەکەن و ماندوو نابن لە کوشتن. بەلام خەڵک ودەوڵەتان ولایەنەکان تەواو هیلاکن بە کەیسی سوریاوە. ئەنجومەنی ئاسایش ونەتەوەیەکگرتوەکان، کۆمکاری عەرەبی، وڵاتانی ناوچەکە، یەکیەتی ئەوروپا، چاوەڕوانی سەعات ورۆژیان هەیە لە زوو کۆتایی پێ هێنانی دۆخی سوریا، بەڵام رەوشەکە پێچەوانەی خواستی ئەوانە، هەندێ پڕۆژەی جیاواز تاقی کرانەوە، بۆ نمونە وەکو پڕۆژەکەی کوفی ئەنانی سکرتێری پێشوی نەتەوەیەکگرتوەکان، بەلام سوریا ئەمەشی زۆر بەتوندی ئاستەنگ کرد. چاودێرەکان کاتێک چونە ناو سوریاوە بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا توشی لابەلایی سەخت بوونەوە لەئیشکردن. بۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەواو هەراسان وپڕ کێشەو مشتومڕە سەبارەت بە رەوشی سوریاو دۆخی بەردەوامی کوشتن وتوندوتیژی وڵاتەکە. کات هاتۆتە سەر ئەوەی چاوەڕێ بکەن رژێمەکەی ئەسەد بەقودرەتی قادر بڕوخێت، بۆ نمونە ئەمریکا لەراگەیەنراوێکدا بڵاوی کردەوە ساڵی داهاتوو بەهۆی گرفتی داراییەوە رژێمی بەشار ئەسەد دەڕوخێت، ئەمە دڵدانەوەیەکی خۆییانەیەو هیچی تر. چونکە کۆمەکی تەواوی رژێمی سوریا دەکرێت وکێشەی دارایش بەم دەستبەجێیە نابێتە هۆی روخانی رژێمەکە، چەندین ساڵ گەمارۆی سەخت خرایە سەر عێراق ورژێمی صەدام، کەچی بەزیان بۆ ناوبانگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەڕایەوە، چونکە رۆژانە لەتیڤیەکانەوە منداڵی برسی ونەخۆشی عێراقی بەهۆی گەمارۆکەوە نیشانی دنیا دەدراو رژێ دەیگوت ببینن چۆن گەلی ئێمەیان برسی

کردووە؟ بۆیە لێدوانی لەم چەشنە پێمان وایە جۆرێکە لە نائومێدی. لەشاری حمص قەسابخانەیەکی گەورەی کوشتنی هاوڵاتیان ئەنجام درا، زیاتر لە ٣٣ منداڵی تێدا کوژرا، ژن وپیریشی تێدا بوو، ١٠٠ کەس لەم قەسابخانەیە کوژران، بە بەرچاوی دنیاوە رژێم تاوانی لەم چەشنە دەکات، کەچی دەبینین لەسەر دەسەڵات وعەلمانی وئیسلامی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی رابەری شۆڕش یەخەی یەکیان گرتووە؟ ئەمەیە نائومێدی گەورە دروست دەکات لەسەر پاشەڕۆژی سوریاو دەسەڵاتەکەی.

**روسیا تەلە دڕکاویەکە**

لەوەتەی شۆڕش لە سوریا دەستیپێکردووە، روسیا بۆتە کارەکتەرێکی کاریگەری رۆژانەی روداوەکان. ئەگەر بتەوێت قاوە خواردنەوەیەکی ئەمریکیەکان وئەوروپیەکان تێکبدەیت، ئەوا برۆ لەئەنجومەنی ئاسایش لەخۆتەوە بڵێ روسیا! حەتمەن مەزاجیان تێکدەچێت..هەرزوو مەلەفی سوریا دۆخێکی نێودەوڵەتی گەرمی بەخۆیەوە گرت. وەکو لیبیاو میصرو تونس ویەمەن نەبوو کە هاوکێشەی سەرکەوتوو، سیاسەتی ئاشکرا، لێدان وبڕیاری جێگر، جێبەجێ بکرێن وشوێنی خۆیان بگرن. سوریا هاوسەنگی وململانێی سەختی دوو بەرەی زۆر ناکۆکی لەئاستی نێودەوڵەتی بەخۆیەوە گرت، تەنانەت عەرەبیش لەناوخۆیاندا دوو بەرەیان لێدروست بوو، ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی سوریاش بەهەمان شێوە ناکۆکی ورای جودایان تێکەوت. بەرەی یەکەم ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپاو تورکیاو هەندێ دەوڵەتی عەرەبی...هتد، بەرەی دووەم روسیا وچین وئێران وگروپی وەکو حزب الله و...هتد، بەڵام سەری رمی هەردوو بەرەکە ئەمریکاو روسیایە. ئەگەر سەیری رەوشی رۆژانەی سوریاو مەلەفەکەی بکەیت لەئەنجومەنی ئاسایش، ئەوا جەنگی سەختی روسیاو ئەمریکا زۆر روون وئامادەیە. دوای ئەوەی دەنگۆی بەکارهێنان وگواستنەوەی چەکە کیمیایەکانی سوریا بڵاوبۆوە کە رژێمی ئەسەد بەنیازە ئەنجامی بدات، کاردانەوەی توندی

لای ئەمریکا لێکەوتەوە، باراک ئۆباما رایگەیاند ئەمە هێڵی سورەو ئێمە بەکردەوەی سەربازی روبەروی سوریا دەبینەوە ئەگەر دەست بۆ چەکە کیمیاویەکانی بەرێت. دوای ئەم لێدوانەی ئۆباما روسەکانیش کاردانەوەی توندیان وەرگرت ورایانگەیاند کەس مافی ئەوەی نیە باسی کردەوەی سەربازی بکات لەسوریا، بەڵکو ئەمە بڕیارێکە دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش بیدات. ئیدی لەجۆرە لێدوان وراگەیاندنێکی لەم چەشنە قوڵی ناکۆکی نێودەوڵەتیت بۆ دەردەکەوێت.
لەئێستادا بۆچونی هەندێ چاودێری سیاسی وایە کە رژێمی سوریا یاری بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات ولەسەر تێکدانی میزاجی سیاسەتی نێودەوڵەتی کاردەکات، بۆ ئەوەی زیاتر تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، هەر بۆنمونە وروژاندنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی یاریکردنێکی ترسناکی سوریایە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەڵام بێگومان بە هاوکاری یاریزانێکی بەهێز کە روسیایە. بەتایبەت لەناو ئەنجومەنی ئاسایش سوریا باش گەمەی درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی دەکات، رۆژانە ئەم ئەنجومەنە لەسەر پرسی سوریا پڕ دەبێت لەناکۆکی وهەڵکشان وداکشانی سیاسی وهەڵوێستی جیاواز جیاواز.
هەموو ئەم بارودۆخەش رۆژانی تەمەنی رژێمی بەعسی سوریا درێژ دەکەنەوە. یەکێک لەهۆیەکانی مەسەلەی سوریا ئەوەیە کە هەست ناکەی بەرەیەکی بەهێز لەبەرامبەر بەرەیەکی لاواز لەجەنگدایە، هەرچەندە بەگوێرەی سەرۆک وەزیرانی هەڵاتوی سوریا، رژێمەکەی ئەسەد تەنها لەسەدا سی خاکی وڵاتی لەدەستە، بەڵام هەست ناکەی دۆخەکە یەکلایی بۆتەوە. ناکۆکی سوریا لەئاستی ئیقلیمیش زۆر بەگەرمی رەنگی داوەتەوەو بەهەمان شێوە جۆرێک هێزی دروست کردووە لەنێوان دووبەرەدا بۆ نمونە ئێران و بەغداد وحزب الله و..هتد ئومێدی مانەوەی رژێمی ئەسەدن. بەڵام هەرچەندی تورکیاو هەرێمی کوردستان ووڵاتانی وەکو قەتەرو سعودیە...هتد ئومێدی ئۆپۆزسیۆنن بەهەموو باڵە جیاوازەکانەوە. بۆیە لەم بوارەشدا هەست ناکەی هاوکێشەکە بەلایەکدا یەکلایی بووبێتەوە..؟

ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا داواکاری دانانی ناوچەیەکی دژە فڕینی زۆر پێ باشەو تەنانەت لەئاستی نێودەوڵەتیش پێشوازی هەبوو لێی، بەڵام بینیمان چۆن روسیا بەتوندی رەتیکردەوەو ئامادە نیە پشتگیری دانانی ناوچەی دژە فڕین بکات لەسوریا، لەتەلەفزیۆنیش دەبینین لایەنگرانی بەشار ئەسەد کۆدەبنەوەو ئاڵای روسیاو چین بەرز دەکەنەوە. ئۆپۆزسیۆنیش ئاڵای دیکەو دروشمی دیکەیان هەیەو بەرزی دەکەنەوە. سیناریۆکانی دیکەی بەلایەکداخستنی کێشەی سوریا هاتن ورۆیشتن ونەیانتوانی شتێکی ئەوتۆ بگۆڕن بۆ نمونە هاتنی تیمی چاودێرەکان، کۆفی عەنان ونوێنەرایەتیەکەی بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان وکۆمکاری عەرەبی. هەرچەندی سیناریۆی دیکەش بەڕێوەن، بەڵام پایەکانی رژێمی ئەسەد ماون وهێشتا بەپێوەیە. لەگەڵ توندبوونەوەی ناکۆکیەکانیش بەرپرسێکی رژێمی سوریا لەروسیا گوتی ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە بەهێزی سەربازی تەداخولی ناوخۆی سوریا بکرێت، ئەوا شەڕێک هەڵدەگیرسێت کە دەرەوەی سوریاش دەگرێتەوە. ئەمە ئەگەر قسەیەکی هەڕەشە ئامێزی بن لێوی روسەکانیش نەبێت، بەدڵنیاییەوە دەستێکی ئەوانی هەر تێدایە. روسیا نایەوێت هەروا بەئاسانی دەستبەرداری یەکێک لەدۆستە ستراتیژیەکانی خۆی بێت، بەتایبەت دەوڵەتێکی وەکو سوریا لەروی سیاسی وجیۆپۆلەتیکی وناوچەیی بۆ روسیا هێجگار گرنگە، لەهەمان کاتدا روخانی ئەسەد روخانی نەیارێکی ئەمریکاو ئەوروپای رۆژئاوایە، بۆیە روسیا بیر لەوە دەکاتەوە دوای روخانی بەشار ئەسەد نەک هەر دۆستێک وپایەکی گرنگی لەدەست دەچێت، بەڵکو مەترسی گەورەشی ئەوەیە لەسوریا رژێمێک دێتە سەرکار کە دۆستی ئەمریکیەکان وئەوانی دیکەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە روسیا لەسوریا جێگای نەبێتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە روسەکان بەهەموو شێوەیەک دڕکی بەرپێی هەنگاوەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وئۆپۆزسیۆن ونەیارانی رژێمی بەعسی سوریا بن. بەڵام ئەگەر هەستی روسەکان تەماشا بکەین وبەرژەوەندی ئەوان بخوێنینەوە، بێگومان ئەوان پێیان وایە دوای روخانی بەشار ئەسەد سوریا دەبێتە دڕکی بەر پێی ئەوان. نەوەکو ئێستا ئەوان دڕک بن.

## گۆڕان لەسوریاو داهاتووی کورد

گەلی سوریا تەنیاو دوور لە کۆمەکی عەرەبی‌و نێو دەوڵەتی شەو رۆژ لەبەردەم تانک‌و تفەنگی سەربازانی دەوڵەتی سوریا، روبەروی مردن‌و ئەتک کردن‌و قڕکردن دەبـۆوە. هەم خەڵکی شۆڕشگێڕی وڵاتانی تری عەرەبی‌و هەمیش چاودێرە سیاسیەکان، بەلایانەوە سەیر بوو، بۆچی لەئاستی وڵاتانی عەرەبی‌و نێو دەوڵەتی کەسێک ئاوڕ لە مەرگەساتی سوریا ناداتەوە. هەر بۆیە گەلی سوریا ئارامی نەماو لەهەینیەکی دیاریکراودا بە لافیتەی گەورەو دەنگی بەرز هاواری کرد( بێ دەنگیتان دەمانکوژێت). لەبەرامبەر ئەمەدا رژێمی دیکتاتۆری بەعسی سوری رۆژانە پەلامارو خوێنرێژیەکانی زیاتر دەبون، رۆژانە دەیان هاوڵاتی کە منالیشی تێدا بون دڕندانە دەکوژران. دواجار ئارامی دنیاش بەرامبەر دڕندەیی سوریا نەما، هەر زوو نەتەوەیەکگرتوەکان رایگەیاند: کردەوەکانی بەشار ئەسەد دەچنە خانەی تـاوان دژی مرۆڤایەتی..وەک چۆن خەریکی ئەوەن دۆسیەی تاوانەکانی سوریا پێشکەش بەدادگای نێودەوڵەتی بکەن. دواجار ئەمریکاو ئەوروپاش داوایان کرد بەشار ئەسەد دەسەڵات جێبهێڵێت. لەهەمان کاتدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هۆشداری دا سەبارەت بە راگرتنی گشت پەیوەندیە بازرگانیەکان لەگەڵ رژێمی سوریا، وەک چۆن ئەوروپا هاوردەکردنی نەوتی سوریای راگرت. کاترین شتۆن بەرپرسی سیاسەتی درەوەی یەکیەتی ئەوروپا رایگەیاند: یەکیەتی ئەوروپا باش ئاگادارە رژێمی بەشار ئەسەد شەرعیەتی لەدەست داوە.

نیشانەکانی یان هۆکارەکانی کەوتنی دیکتاتۆری سوریا جێگای گومان نەماون، چونکە بەهەزاران کەسی وڵاتی کوشتووە، بەهەزاران کەسیشی دەستگیرو ئەشکەنجەو ئاوارەو دەربەدەر کردووە، ئیدی لەناوخۆی بۆش بووەو لـەدەرەوەش مەگەر ئێران ئەگینا دۆستێکی نەماوە ئومێدی پێیبێت. روسیاش برینی خۆی هەیە ئەگەر نا لەبەر خاتری چاوی گەشی بەشار ئەسەد نیە ئەم لێدوانانەی دەیدا. یەکێک لەو نیشانانەی کەوتنی بەشار ئەسەد ئەوەیە کە درز کەوتۆتە ناو سوپاو

چەکدارو لایەنگرانی، ئەمەش جێگای ئەوەیە گەلی شۆڕشگێڕی سوریا زێدەتر گرنگی پێبدەن‌و هەوڵ بدەن زیاتر خەڵک لە ڕژێم بکەنەوە. نیشانەیەکی دیکە ئەوەیە ڕژێم خوێن ڕێژو دڕندە هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام گەل هەمیشە هاواری ئازادی‌و سوریایەکی باشتر دەکات، ئەمە خاڵی بەهێزی گەلی سوریایە لە ئاستی نێودەوڵەتی. یەکێک لە نیشانەو ئومێدە هەرە گرنگەکان وە دەنگهاتنی دنیاو وڵاتانی زلهێزە بەرامبەر ڕژێمی سوریاو داوا دەکەن کۆتایی پێبێت، هەر بۆیە لە لایەن گەلی سوریا هەینی( موژدەی سەرکەوتن) بەڕێوەچوو. چاوەڕێ دەکرێت ڕۆژانی داهاتوو یەکێکی تر لەگەلانی ناوچەکە لەم ڕۆژهەڵاتە، ئاهەنگی ئازادی بگێڕێت‌و دنیای دیکتاتۆرێکی دیکە کۆتایی پێبێت. بۆ گەلی کوردیش لە سوریا ژیانێکی تازەو دنیایەکی دیکەیە، کە پێمان وایە چیتر بواری ئەوە نەماوە ڕابردوو دەرهەق بەکورد دووبارە بکرێتەوە، ئەوەتا دەبینین لەناو سوریا لەکاتی خۆپیشاندانەکان کوردێک هاوار دەکات، پێویستە بەشار ئەسەد دادگایی بکرێت! ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە. وەکو چۆن جارێکی تریش سوریەکان لەهەینیی ئەم جارەدا ڕایانگەیاند: مردن یان سەرشۆڕی قبوڵ ناکەین. کۆتایی دیکتاتۆریەت هیچ گومانێک هەڵناگرێ!.

گۆڕانکاری لەسوریا بۆ کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە، یەکێک لەو تایبەتمەندیانە ئەوەیە نابێت خۆشبین‌و بێ گرفت سەیری داهاتووی بکات، مانای نیە لە دیکتاتۆرێک دەربازت بێت بەڵام بەسەر کەلاوەیەکی تایەفی‌و عروبەیی‌و نادیموکراسیدا بکەویت، بەجۆرێک ئەوکاتە لەئاستی نێودەوڵەتیش زۆر زەحمەتە گوێت لێبگرن. کورد پێویستە بەزوویی حسابی خۆی بکات. بۆ عەرەبێک بەناسنامەی سوری تەنها ئەوەندە بەسە لەکۆڵ دیکتاتۆریەت ببێتەوە. بەڵام بۆ کوردێک دوو شتی دیکە هەیە یەکەم نەمانی دیکتاتۆریەت، دووەم کوردبونی لە سیستەمی نوێوە دەکەوێتە کوێوە. ئەگەر بڵێین سێیەمیش هەیە ئەویش شوناسی کوردستانبونی بەشەکەی سوریا، چونکە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان، کەوتۆتە ناو نەخشەی ئەم سوریایەی هەنوکە.

هەندێ نیشانە هەن بۆ کورد جێگای دڵخۆشی نین. وەکو ئەو رۆڵەی تورکیا دەیگێڕێ دەربارەی ئۆپۆزسیۆنی سوریاو ئەو هەیمەنەیەی کردوویەتی لەناو ئۆپۆزسیۆن. کۆنگرەو کۆبوونەوەو گردبونەوەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناو خاکی تورکیاو بەچاودێری تورکیا بەڕێوەدەچن. دڵنیاشین تورکیا خۆشی لەکورد نایەت‌و نایەوێت داهاتووی سوریا ئەزمونێک بێت پێگەی کورد بەرزبکاتەوە. کوردەکانی سوریا لەم رۆژانە وردبین بون کاتێک پرسیاریان کرد دەربارەی ئەو رۆڵەی تورکیا هەیەتی لە شۆڕشی ئێستای سوریەکان. بەئاشکرا بێزاری خۆیان لە هەیمەنەی تورکیاو ئەو هاتن‌وچونەی ئۆپۆزسیۆنی سوری گرت لەناو خاکی تورکیاو لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا. بەهەمان شێوە یەکێک لە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنیەکانی کورد داوای کرد جارێکی تر سەرجەم هێزە بەرهەڵستکارەکانی سوریا بەخۆیاندا بچنەوە دەربارەی چونیان بۆ تورکیاو ئەو تەسلیم بوونەی دەرهەق بەتورکیا لەگۆڕێیە. بەرامبەر ئەوە ئێمە رۆژ نیە لێدوانی تورکەکان گوێبیست نەبین سەبارەت بە خراپی رژێمی ئەسەدو داوا دەکەن دەست لەکاربکێشێتەوەو رژێمەکە نەمێنێت. تورکیا هەروا بێ وردبونەوەو بێ دیقەتدان لە داهاتووی خۆی بەخۆڕایی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بەشارئەسەد ناپچڕێنێت، بێگومان ئەجێندایەکی گرنگی هەیە بۆیە پشت لە دەسەڵاتی سوریا دەکات‌و روو لە ئۆپۆزسیۆن‌و هێزە بەرهەڵەستکارەکان دەکات. کوردەکان مافی خۆیانە رەخنە لەم پەرتبوونەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بگرن‌و پێویستیشە کورد چاوەڕێی کەس نەکات بەرنامەی بۆ دابنێت، سوریەکان بەم جۆرە لە تەسلیم بوون بەدەوروبەرو سیاسەتی نێودەوڵەتی دواجار زۆر شت لەدەستدەدەن، پێویستە بەرنامەیەکی نیشتمانی هەمەلایەنە هەبێت‌و کۆی بەرهەڵستکارەکانی سوریا کۆبکاتەوە، لانی کەم بتوانێت شتێک دروست بکات داهاتوو سوریا رووبەروی قەیران نەکاتەوە. واتە ئێمە کەدەڵێین ئۆپۆزسیۆنی سوریا زۆر لەتورکیاو هەندێ ناوچەی دیکە تەسلیم بە واقیعی نەخوازراو بۆتەوە. مەبەستی سەرەکی ئەوەیە

پەرتبوونێک لە ڕوانینو تێگەیشتنو خەباتی ئەو هێزانەوە دیارە. بۆیە سیاسیەکی کورد ڕووی دەمی لە تەواوی هێزە ئیسلامیو ئیخوانو نەتەوەییو عەلمانیەکان دەکاتو ڕایدەگەیەنێت پێویستە ئۆپۆزسیۆنو هێزەکان خۆیان ڕێکبخەنو ئاگایان لەو بەرنامانە بێت ئەمڕۆ بۆ داهاتووی سوریا بەڕێوەن. با گەلی سوریا سەیری هیچ شتێک نەکات، تەنها با ئەزموونی عێراق لەبەرچاو بگرن، گەلی عێراق تەنها بیری لەڕووخانی دیکتاتۆریەت دەکردەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، بەڵام دەرکەوت بۆ دوای دیکتاتۆریەتو نەمانی صەددام هیچ بەرنامەیەکی گرنگو ڕاستەقینەو نیشتمانی نەبوو. ئیدی بینیمان هەرزوو کێشەی کوردو شیعەو سوننە بەجۆرێک تەقیەوە ئێستاش سەدان مەترسی گەورەی دروست کردووە. ئەگەر سوریەکان خۆیان ڕێکنەخەنو بەرنامەی دوای ئەسەدو ڕژێمەکەی دیارینەکەنو ڕاستگۆنەبن لەگەڵ یەکتری، ئەوا گومانی تێدانیە ناکۆکی تایەفی عەلەوی، کوردی، سونی، شیعی لەسوریاش دەتەقێتەوەو کۆمەڵگای سوری دۆخێکی مەترسیدار بەخۆیەوە دەبینێ. بەتایبەت بۆ گەلی کورد چەندە گرنگە ئەم ڕژێمە دیکتاتۆریەی بەشارئەسەد بڕووخێ، دوو ئەوەندە گرنگە کورد بیر لە خۆیو داهاتووی بکاتەوە بۆ دوای ڕووخانی ڕژێم.

### ئاوازێکی کۆنی ناخۆش

کاتێک سەیری لاپەڕەو نوسراوو لێدوانی بەرپرسانی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکەیت و دەیخوێنیتەوە، زۆر بەباشی کرۆکی بیرکردنەوەی کۆن وترسناک وداخراوی ئەوانت بۆ دەردەکەوێت، ئەدەبیاتی سیاسی ئەم ڕژێمەت لەبەرچاو ڕۆشن دەبێتەوە. ئەم ئەدەبیاتەی پێویستی بە شرۆڤەکردن وتوێژینەوەی زانستی و ورد هەیە، ئەدەبیاتێکی سیاسی هێندە ترسناک کە هەمیشە کار لەسەر گەمژەکردن وبەمێگەلکردن وتوندوتیژی ناو کۆمەڵگا دەکات و هەموو کونوکەلەبەرێکی ژیان دەگرێتەوە. یەکێک لە نیشانەکانی ئەم ئەدەبیاتە سیاسی ونیزامیە ئەوەیە کۆسپی زۆر گەورە لەسەر گەشەی دیموکراسی وپێکەوەژیان

دادەنێ و نایەڵێت دیموکراسی چرۆ بکا. چونکە هەمیشە هەموو گۆڕانێک وکرانەوەیەک و پرسیارێکی جیاواز بە پیلانگێڕان ودەستی ناحەزو دوژمن وەسف دەکات. هەر کاتێک لەناوخۆ گەل داوای ئازادی وژیان ودیموکراسی بکات، ئەو دوژمنی ئامادەی حازرەو پێت دەڵێت ئەمە نەخشەی دوژمنە دەیەوێت نیزام تێکبدات. نوێترین بابەتی لەم چەشنە نوسەرێکی سیاسی رژێمی بەشار ئەسەدە، ئەم پیاوە دەنوسێ: بەدڵنیاییەوە ئێمە سەردەکەوین واتە بەعسیەکان وبەشار ئەسەد، پیلانی ئیسرائیل پوچەڵ دەکەینەوە. چونکە بە بۆچونی ئەم برادەرە ئەوەی ئێستا لەسوریا روودەدات پیلانی ئیسرائیلەو لەئاستی ئیقلیمی نەخشەی بۆ دانراوە، بەم مانایە ئەوەی لەناو سوریا روودەدات هیچ پەیوەندی بەناوخۆی کۆمەڵگای سوری و نیزام وسیستەمی سیاسیەوە نیە، بەڵکو کۆمەڵێک خەڵک وچەکدارن بە پیلانێکی ئیقلیمی وئیسرائیلی رەوشی سوریایان بەم چەشنە لێکردووە.

لەراستیدا ئەم جۆرە قسەکردنە بێ ئەندازە بێ مانایە، رادەی وشیاری مرۆڤی سوری وعەرەبی گەیشتۆتە ئەم رادەیە کە چیدیکە بە بالۆرەی ئیسرائیل هەڵنەخەڵەتێت، چونکە هەموو رژێمە ستەمکارەکانی عەرەب بەناوی مەترسی ئیسرائیل گەلەکانی خۆیان دەچەوساندەوەو هەموو گۆڕان وئاڵوگۆڕی سیاسی و نیزامیان بە دەستی ئیسرائیل دەزانی. بەڵام بەهاری عەرەبی ئەم ئیشکردن وئەم وەهمەی کۆتایی پێهێنا. راستە ململانێی عەرەب وئیسرائیل هەر ماوە، تاکی راپەڕیوی ناو وڵاتە عەرەبیەکانیش خۆشیان لەئیسرائیل نایەت وتەسلیم بە ئیسرائیل نەبوونە، بەڵام چیتریش نایانەوێت بەهۆی رژێمە دیکتاتۆرە سیاسیەکانیان وسەرکردە تاکرەو توندوتیژیەکانیان بچەوسێنەوە.

ئەوەی دواجار لەسوریا سەردەکەوێت گەل وشۆڕش وتێکۆشانەکەیەتی. گرەنتیش بۆ مانەوەی سوریا ودروست کردنی دنیایەکی باشتر لەدوای بەشار ئەسەد دیموکراسی وئازادیە.. ئەگینا سوریەکان دێنەوە خاڵی سفر.

ئەگەر دیکتاتۆرەکان بیانەوێت دەرباز بن لە چارەنوسی قەزافی، ئەوا

پێویستە بگەڕێنەوە بۆ میللەتەکەیان، چونکە گەل دەتوانێت زەمانەتی مانەوەی رژێم و دەسەڵات وسەرکردە بێت، نەوەکو دروستکردنی وەهمی جولەکەو پیلانی دەوڵەتان وشتی دیکە. ئەگەر بمانەوێت رۆژهەڵاتی ناوەراست لە فەوزا وشۆڕش ومالّ وێرانی بەردەوام دەربازی بێت، ئەوا بە نەفەسی دیکتاتۆرەکان وسیستەمە رزیوەکانیان هیچمان پێ ناکرێت، بەڵکو خوێندنەوەی تازە بۆ سیاسەت، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئاین، پێکەوەژیان، دنیای تازەو زۆر شتی دیکە، کۆمەکی گەورەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. تاوەکو بالۆرەی کۆنی سیستەمە دیکتاتۆرەکان لەناو مێشکی گەلانی ناوچەکە بمێنێت، ئەوا مومکین نیە حەسانەوەو پێشکەوتن وئازادی ببنە روخساری تازەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە. ئەگەر رەوشەکەش پێچەوانە بڕوات، ئەوا وەکو چاودێرە نێودەوڵەتیەکان وسیاسی یە ناسراوەکانی دنیا دەڵێن بەرەو جەنگی جیهانی سێیەم دەڕۆین. ئەوەش زانراوە ئەگەر جەنگی جیهانی سێیەم روبدات لەسەر جەستەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدات وگەرمترین گۆڕەپانی جەنگەکە رۆژهەلاتە. ئەم کاتەش گەلانی ناوچەکە روباری خوێن ومالّوێرانی وسەرگەردانی گەورە بەرۆکیان دەگرێت، جەستەی هەلا هەلابووی دەست چەکە هەرە پێشکەوتوەکان لەناو گۆڕی بەکۆمەڵ دەنێژرێن...کە من هیوادارم هەڵەبم لەم بۆچونەو هەرگیز بۆچونی من نەیەتەدی. بەڵام نیشانەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ومانەوەی خوێنڕێژو تاکڕەوەکان ئەمەمان پێدەڵێت. داواکارین ئەدەبیاتی کۆنی نەخۆشی بێزارکەری ئەم دیکتاتۆرانە وسیستەمە توندڕۆیانە کۆتایی پێبێت، پێش ئەوەی لەدەرگای دۆزەخ بدەین..!

## پاپا راست دەکات

پاپای ڤاتیکان لەسەردانەکەی بۆ لوبنان، سڵاوی بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕی سوریا ناردو سەرسامی خۆی بەئازایەتی وخۆڕاگری گەلی سوریا دەربڕی..ئەم سەرسامیەی پاپا تەواو لەجێگای خۆیەتی. مرۆڤ

لەبەرامبەر ئەم خۆڕاگری وسوربون لەسەر سەرکەوتن وئامانجەکانی شۆڕش، سەرسام دەبێت بە خەڵکی سوریا. رۆژ نیە سەدان کەسیان نەکوژرێت، ماڵ وحاڵیان خاپوور نەبێت، رژێمی سوریا بەهەموو جۆرە چەکێک وشێوازێک کوشتوبڕی گەلەکەی دەکات، کەچی ئەم گەلە کاتێک پۆل پۆل تەرمی شەهیدەکانیان لەگۆڕستان بەخاک دەسپێرن، هەر لەوێش پڕ بەدڵ هاواری سەرکەوتن و ئازادی دەکەن.
بێگومان بەردەوامی ئەم رۆحی ئازایەتی وشۆڕشگێڕیە لەلایەن گەلانی سوریا، کلیلی سەرکەوتنە، حەتمەن دەگەنە ئامانجی خۆیان، گەلێک منداڵ وژن وپیرو گەنجی رۆژانە لەخوێنی خۆیاندا بگەوزن، جێگای سەرسامیە چونکە ئازاو بەهێزو خۆڕاگرن. بەڵام چەندە لەئێستا سەرسامین بەم وزە گەورەیەی شۆڕشگێڕی وئازایەتی وخۆڕاگری، هێندەش دەبێت مەترسیمان هەبێت لەم ئازایەتی ووزەو خۆڕاگریە، چونکە زۆر ترسناکە ئەگەر هاتوو دوای نەمانی رژێمی سوریا وسەرکەوتنی شۆڕش، ئەم ئازایەتی ووزەو خۆڕاگریە خۆی بخواتەوەو هەناوی شۆڕش بگرێتەوە. ئەوکاتە جەنگێکی تۆڵە ستێن ووێرانکارو ناوخۆیی بەرۆکی گەلانی سوریا دەگرێت. بۆیە پێویستە بەوردی وئەخلاقی وئازادی و کەرامەتەوە بیر لەوە بکرێتەوە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەموو ئازایەتی ووزەو شۆڕشگێڕی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات وبونیادنانی دیموکراسی وپێکەوەژیان ومەدەنیەت تەرجەمە بکرێت. گەلانی سوریا وەک چۆن ئەرکی شۆڕشگێڕییانە رژێمی خوێنڕێژی دیکتاتۆری کۆتایی پێبهێنن، بەهەمان شێوە ئەرکیانە لە دروشم وهەناسەو ئامانجەکانی شۆڕش بەئاگابن وهەڵنەگەڕێنەوە. بونیادنانەوەی وڵات لە سەرکەوتنی شۆڕشەکە ئەستەمترو سەختترە..بەتایبەت لەسوریا کە فرە پێکهاتەیە، شیعەو سونەو کوردو مەسیحی وئەوانی دیکە زۆرن کە هەمویان گرفتی مەزهەبی ونەتەوەیی وکولتوری گەورەیان لەگەڵ رژێمی بەعسی سوریا هەیە. بۆیە دەبێت ئەم گرفتانە چارەسەری گونجاوی مەدەنی ودیموکراسی ویاساییان بۆ بکرێت، واتە پەیامی سەرکەوتنی سوریا

لەدەستوری داهاتووی وڵاتەکەدایە. دەستورێک چەتری پێکەوەژیان بێت.
ئەمرۆ پاپای ڤاتیکان سەرسامە بەئازایەتی وخۆڕاگری وگیانی شۆڕشگێڕی سورییەکان، پێویستە وابکەن لەداهاتووش هەمان پاپا وکەسایەتی گەورەکانی جیهان سەرسام بن بە پێکەوەژیان ودیموکراسی و ئازادی ومەدەنیەتی سوریا. سوریا مەکەنە عێراقی دوای بەعس، کە بۆتە گۆڕەپانی فکری توندوتیژی وتوندڕەوی وتەقینەوەو تەسفیەی حسابات. بۆیە ئەزمونی روخانی بەعسی عێراق وقەزافی لیبیاو موبارەکی میصرو بن عەلی تونس وصالحی یەمەن، هەمویان ئەزمونی جیاجیای پڕ وردەکاری وپەندن بۆ ئەوانەی دوای بەشار ئەسەد لەسوریا فەرمانڕەوایی دەکەن. با ئەم سەرسامیە بمێنێتەوە، نەوەکو شۆڕش بکەوێتە خواردنەوەی هەناوی خۆی.
ئەمرۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوسۆزیەکی گەورەی بۆ بێنازی وئاوارەیی ونیگای منداڵە شەهیدبوەکان هەیە، بۆ مانەوەی ئەم هاوسۆزی وپشتیوانیە، دیموکراسی وئازادی ومەدەنیەت وقبوڵکردنی جیاوازی یەکتر، گرەنتیە. چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایەوێت نمونەی چەشنی بەشار ئەسەد لەسوریا دووبارە ببێتەوە. واتە سوریایەکی دڕندە کە گیانی خەڵکی خۆی بخوات وبیکرۆژێت وبوکە شوشەی منداڵەکانیشی خەڵتانی خوێن بکات. سوریایەک رێز لەهیچ بنەمایەکی مافی مرۆڤ نەگرێت. بۆیە گەلانی ناو سوریا پێویستە رێز لەم هەموو هاوسۆزیە نێودەوڵەتیە بگرن ودەستی پێوەبگرن.

## چۆنە ئێستا ئاوا باسی دەکەن!

نوسەرێک وسیاسیەکی باڵای فکری بەعسیەکانی سوریاو پیاوی رژێم، لە وتارێکیدا بێ ئەندازەو پڕ بەهێزی خۆیەوە هێرشی کردۆتە سەر تورکیاو حکومەتی ئەردۆگان..تەنانەت لە ئەدەبی نوسین دەرچووەو چی جنێوێکی سوکی بەدەمدا هاتبێت بە دەوڵەتی تورکیاو حکومەتی دادوگەشەپێدانی گوتوە، من ئەدەبی نوسین دەپارێزم وجنێوەکانی

ناگێڕمەوە. بەڵام تەنها هەندێ وشەی بۆ ڕای ئێوە دەخەمە ڕوو، وەکو: ترسنۆک..دووڕوو، بێوەفا..درۆزن..بێرەوشت...هتد، ئەم پیاوە جنێو بە دەوڵەت، حکومەت، میللەتی تورکیا دەڵێت. هەموو سیفەتێکی خراپ دەخاتە پاڵیان.

بێگومان ئێمە دەزانین دەسەڵاتداریەتی بەشار ئەسەد کوێی دێشێ وبەکام هۆکارەو ئاوازە پەلاماری تورکیا دەدات. ئەگەر ئێستا شۆڕشی گەلانی سوریا نەبوایە یان بڵێم بەهاری عەرەبی نەبوایە.. گومانی تێدا نیە ئەم دوو دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان موو بە نێوانیاندا نەدەچوو. لێرەدا ڕووداوێکتان بۆ دەگێڕمەوە. لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەو حکومەت و دەوڵەتدا تورکیا وسوریا سنوریان بەرووی یەکتردا ئاوەڵا کردبێت، بەجۆرێک بەبێ پەساپۆرت وڤیزاو ڕۆتیناتی دیکە هاوڵاتی هەردوو لا دەتوانن بێنە ناوخاکی یەکترەوە. بیرمە لەسەر سنوری هەردوو وڵات وەزیرانی تورکیاو سوریا قردێلەیان بڕی وهێندە وەسفی برایەتی ویەکبوونی یەکتریان کرد دوو برای یەک دایک وباوکیش ئەوا نانوسێن بەیەکەوە.

بەڵام کە بەهاری عەرەبی گەیشتە سوریاو ئاسۆی ئازادی دەرکەوت، ڕەفتارو سیاسەت وهەڵوێستی تورکیا هەزار پلە بەرامبەر سوریا هەڵگەڕایەوەو زۆر بەدوژمنانەو ناحەزانەو توندڕەوی کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکترو تاوانبارکردنی یەکتری..تاوەکو ئێستاش دۆخەکە بەردەوامە. تەنانەت تورکیا گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی بەهێزی سەربازی حساباتی خۆی یەکلایی بکاتەوە. بەڵام تورکیاش دیارە کوێی دێشێ مەسەلەکە بۆ دژایەتی بەشار ئەسەد نیە بەڵکو لێدانە لە ئازادی کوردو ڕزگاری ڕۆژئاوای کوردستان. ئێستا هەرچی خراپە بەیەکتری دەڵێن. بەڵام بەرامبەر کورد وەکو دوو دڕندە بەیەکەوە برابوون وهاوئاهەنگ بون ودەستیان دەخستە ناو دەستی یەکتر. لەسوریا کورد مافی ڕەگەزنامەی نەبوو، لەتورکیاش زمان وبون وهەناسەشی قەدەغەیە. هەردوولا کورد وەکو کارت بەکاردەهێنن وبەهاوبەشیش کورد دەکوژن. بەڵام ئیدی شوکر هۆشیارە کوردو

خەریکە وشیاری نەتەوەیی وسیاسی کوردی لەتورکیاو سوریا بەتەواوی دەگاتە پرۆسەیەک کە قەوارەی کوردی دروست ببێت. کە هیوادارم براکوژی وناکۆکی وحزبایەتی بەرتەسک دەرفەتی مێژوویی لەدەست کورد نەدات وکورد نەکاتە دۆڕاوێکی بەهاری عەرەبی. باسوریاو تورکیاش جنێو بەیەک بدەن چونکە رەوشی داگیرکەر هەمیشە مەیلی بەلای جنێوو جەنگ وتوندوتیژدایە..؟ با کەوڵی یەکتر بدڕن وچیدیکە کەوڵی کورد هەلا هەلا نەکەن، کوردێک کە تەنها تاوانی ئەوەیە بە کوردی لەدایک بووەو تورک وعەرەب وفارس نیە..؟ با کوردیش ئاگای لەکەوڵی خۆی بێت وکارتی دۆڕاو تاقی نەکاتەوە.

**نیگەرانی نەیارەکانی ئەسەد**

بان کی مۆن سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، کوفی ئەنان وهەندێ گەورە لێپرسراوی نێودەوڵەتی ونەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ چەندەمین جارە لەسەر رەوشی سوریا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە پێویستە توندوتیژیەکانی سوریا رابگیرێن وئەم دۆخە خوێناویە بوەستێ. لەدواجاردا شۆڕشگێڕە سوریەکان هاتنە دەنگ ورەخنەی توندیان ئاراستەی ئەم شێوازە دەربڕینە کرد، چونکە پێیان وایە کاتێک دەگوترێت دەبێت هەردوو لا توندوتیژیەکان رابگرن، ئەمە مانای وایە جەلادو قوربانی وەکو یەک هەژمار دەکەن..؟ کاتێک دەڵێن دەبێت خوێنڕشتن وکوشتن دەستبەجێ لەنێوان هەردوو لا بوەستێ، مانای وایە شۆڕشگێڕان ورژێم لەیەک تای تەرازوودان. بۆیە نیگەرانی نەیارەکانی ئەسەد(شۆڕشگێڕان!!!) لەسەر چەندین ئاست دەوەستێ وەکو: ئەوان پێیان وایە رژێمی بەعسی سوریا توندوتیژی وخوێنڕشتنی کردۆتە پیشەی هەموو کاتژمێرو رۆژێک وشەوێک، چونکە ئەوەی فڕۆکەی جەنگی ودەبابەو بۆمباران ووێرانکردنی شارەکان وناوچەکان وچەکی قورسی هەیەو بەکاریدەهێنێت، رژێمی سوریایە، نەوەکو شۆڕشگێڕان. گەلانی سوریا دێنە سەرجاددەو خۆپیشاندانی ئاشتی وجەماوەری وداواکاری سیاسی رەوایان هەیە.

بەڵام ئەوە رژێمە بەئاگروئاسن وەڵامی خەڵک دەداتـەوەو فڕۆکەو سوپاو تانک وچەکی قورس بەکاردەهێنێت ودەست لە پیرو گەنج وژن ومنداڵ ناپارێزێت ورۆژانە کۆمەڵ کوژی دەکات.
شۆڕشگێڕان لەشێوە قسەکردنی ئاوا نیگەرانن وداواکارن قوربانی وجـەلاد پێکەوە ئەژمار نەکرێن. بێگومان ئەگەر دیقەت لەقسەی گـەورە بەرپرسانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەیت، هەمیشە ئەم جۆرە قسەکردنە بۆ هەردوولا بەکاردەهێنن. بەڵام لێرەدا پرسیارێک لەئارادایە، ئایا شۆڕشگێڕان پەکیان لەسەر ئەمە کەوتووە، یان ئەرکی قوڵ وهەستیارو یەکلاکەرەوەیان لەپێشەو پێویستە لەسەر شتی دیکە نیگەران بن، نەوەکو لەسەر لێدوانە بێچارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان، چونکە نەتەوەیەکگرتوەکان بەهۆی دابەشبونی ئەنجومەنی ئاسایش روبەروی دوو بەرەو بۆچون وناکۆکی جیاواز بۆتەوە، هەربۆیەشە ئەم هەموو پڕۆژە یاسایەو پڕۆژە بڕیارە یەک لەدوای یەک لەناو ئەنجومەنی ئاسایش ونەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بەسوریا شکست دەهێنن.
شۆرشگێڕان داواکـارن کۆمکاری عەرەبی ونەتەوەیەکگرتوەکان هەموو جۆرە شەرعیەتێک لە رژێمی سوریا وەربگرنەوەو تەنانەت لەسەر کۆبوونەوەو گوێلێگرتن وکۆنگرەکانیش هیچ جۆرە ئیعتبارێک بۆ رژێمی بەشار ئەسەد دانەنێن و، لەبەرامبەر ئەوەش زیاتر گرنگی بە شۆڕشگێڕان وخوێنی پاکی منداڵەکان بدەن کە لەناو داروپەردوی ماڵە روخاوەکانیان گیانیان سپاردووەو خەڵتانی خوێنبوونە.
راسـتـیـەکـەی نـاکـرێ پـێـمـان وابـێـت لـەئـاسـتـی نـێـودەوڵـەتـی ونەتەوەیەکگرتوەکان گوشارو سزای زۆرو توند روبەروی رژێمی بەشار ئەسەد نـەکراوەتـەوە، بـەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەم گوشارو سزایانە نەیانتوانیوە ئامانجی خۆیان بپێکن وخوێنرشتن ودۆخی سیاسی ئێستا یەکلایی بکەنەوەو بگەنە رێگاچارەیەک.
شۆڕشگێڕان نیگەرانیشن لەوەی لەناو کۆنگرەو کۆبونەوەو پڕۆژە بڕیارەکاندا ئەنجومەنی نیشتمانی وەکو پێویست پێشوازی لێناکرێت،

بۆیە داواکارن هەوڵێکی نێودەوڵەتی بدرێت، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا بەفەرمی لەهەموو دنیا بناسرێت ووەکو نوێنەری شەرعی گەلانی سوریا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت وکۆمەکی زیاتری دبلۆماسی وسیاسی بکرێت. شۆڕشگێڕان نیگەرانیان رەوایە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە دەبێت پشتی خۆیان هەر بەدەستی خۆیان بخورێنن وهەموو شتێک نەسپێرن بەماڵە دراوسێ، چونکە پێشینان دەمێکە قسەی لەم جۆرەیان کردووە، ناشبێت ئەوە لەبیربکەن چەندە دۆست ودەوڵەت وکەسایەتی گەورەی نێودەوڵەتیان هەیەو هاوکاریان دەکات، ئەوە نزیکەی ئەوەندەش دۆست ودەوڵەت وکەسایەتی نەیاریان هەیەو بوونەتە هۆی مانەوەی رژێمی بەشار ئەسەد.

## دیمەنەکانی سوریا

هێزەکانی بەشار ئەسەد خێزانێکی هەشت کەسیان لەبەرچاوی خەڵک سەربڕی، چەندین ماڵ بەهۆی فڕۆکەکانی سوریاوە خاپوور بوون، نان نیەو ئەزمەیەکی هێجگار گەورەیە، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وخۆراکی جیهانی بەردەوام تراژیدیای ژیانی رۆژانەی خەڵکی سوریا بڵاودەکەنەوە..کارەباو ئاوو خوێندن و نەخۆشخانەو رێگاوبان وخانوو شوقەو فەرمانگەکان وێران و بێنازو نەبوون، کەمترین دیمەنی دڵخۆشکەر لەرۆژانەی سوریا نابینین، نابیستین..یەکێکی دیکە لەدیمەکانی رۆژانەی سوریا ئاوارەبوونی خەڵکەکەیەتی بە بەردەوامی وبەرەو هەرێمی کوردستان وتورکیاو ئوردن ولوبنان وهەر شوێنێک لەسوریا دوور بێت.

دیمەنێکی دیکە شکستی هەموو هەوڵەکانی چارەسەری دۆخی سوریایە، پڕۆژەی ئەمریکی-سوری شکستی خواردووە، ئەوروپی-سوری نەیتوانیوە کوشتن رابگرێت، تورکی-سوری هەر مەپرسە.. ئێرانی-سوری دەبێ بڵێی خوا لەوە خراپتری نەکات، عەرەبی-سوری وێرانەیە، بۆیە ئەگەر بڵێین دەبێ چاوەڕێی جەنگی گەورە بکەین بۆ یەکلاکردنەوە شتێکی نالۆژیکی نالێین. سوریا گرێکوێرەی بەهاری

عەرەبی وئازادی گەلانی ناو دەوڵەتانی عەرەبیە، پڕۆژە گەورەکەی گۆڕانکاری لەجوگرافیای ناوچەکەی ئێمەی توشی وەستان وخوێناوی وجەنگێکی رۆژانە کردووە، بەعسی سوریا بەهەموو توانایەوە بۆ مانەوەی درو سەخت وشێت بووە. پڕۆژەی سوری-سوریش بەهەمان شێوە نەیتوانیوە شتێک بکات.
کاتێک وەزیرەکانی تورکیاو ئێران ومیصروسعودیەو هەندێ وڵاتی دیکە،پێشنیاری چارەسەریان بەگەرمی خستە روو، بەڵام دەرکەوت ئەویش شکستی هێنا، محمد مورسی پڕۆژەکەی بەهەرایەکی باش دەسپێکرد بەڵام خراپ شکایەوە، عێراقیش بەهەمان شێوە پێشنیارو بیرۆکەی خۆی خستۆتە گەڕ، بەڵام ئەویش دیارە هیچ بەرهەمی نەبوو. بۆیە دیمەنەکانی سوریا بێ ئەندازە شتی خراپ نیشان دەدەن. فەرەنسا هەندێ هەوڵی جیاوازی هەیە بۆ نمونە رایگەیاند پێویستە حکومەتی سوریا لەلایەن ئۆپۆزسیۆن وئەنجومەنی نیشتمانی سوریا دروست بکرێت وئێمەش بەهەموو شێوەیەک هاوکاری دەکەین، هەست دەکرێ بەهۆی ئەوەی سوریا فەزایەکی فەرەنسی بەسەریەوەیەو ئەو خۆی بەجۆرێک لەجۆرەکان لەهەموان لەپێشتر دەزانێت، بۆیە غیرەتی زیاتری پێوە دیارە لەرۆیشتنی رژێمی بەعس وسەرکەوتنی شۆڕش. ئەخزەر ئیبراهیمی نوێنەری کۆمکاری عەرەب و نەتەوەیەکگرتوەکان خراپ دیمەنەکانی سوریای نیشانداو وەکو کێشەیەکی زۆر قوڵ ئەم بابەتەی نیشاندا. کوفی ئەنانیش زوو عەقڵی نەگرت وبەجێیهێشت، ئیدی دیمەنەکانی سوریا نا مرۆڤانەو نا رۆشنن وئەگەر پلان وهێزو تواناکان نەگۆڕێن، ئەوا ئەم قورە زۆر خەستتر دەبێتەوەو ماوەیەکی زۆر دەبێ چاوەڕێی کەوتنی بەشار ئەسەد بکەین. دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانیش لەناو دیمەنەکانی ژیانی رۆژانەی گەلانی سوریا بۆ بەرژەوەندی ویەکلاییکردنەوەی حساباتی خۆیان دەگەڕێن. بۆیە هەم دیموکراسی وهەم کێشەی کورد وشیعەو سونەو پێکهاتەی دیکە لەداهاتووی سوریاش، پێناچێت دیمەنی باش ودڵخۆشکەرمان نیشان بدەن، بەڵام ئەوەی لەهەموی گرنگترە پێویستە بەشار ئەسەد کۆتایی

پێبێت. قۆناغی دوای ئەویش هێجگار ناسک وگرنگ وسەخت ودژوارە، بۆیە پێناچێت دوای نەمانی بەشار ئەسەدیش دیمەنەکانی سوریا ئارام بەخش ودیموکراسی وئازادی خواز بن. ئەمەش خەباتێکی گرنگی دیکەو دژوارە.

## پێیەکانی ئێران لەسوریا درێژن

حکومەتی تورکیا گەلی سوریای هەڵبژاردووەو لەگەڵ نەمانی ڕژێمە، حکومەتی ئێران ڕژێمی هەڵبژاردووەو لەگەڵ مانەوەیەتی. لەئاستی دوور مەودادا سیاسەتی تورکیا سەردەکەوێت، گرفتە سەرەکیەکە لێرەدا نیە، بەڵکو لەم ئامادەبوونە سەختەی هەردوو دەوڵەتە لەناو شۆڕش وململانێ وجەنگی ڕۆژانەی سوریا. چاوەڕێ نەدەکرا ئێران بەم ئاشکرایی وبەم زەقیە بچێتە ناو مەلەفی سوریاوە، ڕاستە هەموو لایەک دەیزانی ئێران هاوپەیمانی بەشار ئەسەدە، بەڵام ڕاستیەکەی لەهاوپەیمانی تێپەڕیووەو ئێرانیەکان ڕاستەوخۆی دەڵێن ڕوخانی بەشار ئەسەد واتای ڕوخانی ئێرانە. بۆ تورکیاش ڕاستە، چاوەڕێ نەدەکرا تورکیا بەم گەرموگوڕی وهێزەوە ئامادەی ناو ڕوداوەکانی سوریا بێت، ئێستا تورکیا هێندە چۆتە ناو ڕوداوەکانەوە کە بۆتە تەرەفێکی زۆر بەرچاوی زەقی ناو مەلەفی سوریا. لێرەدا بەهۆی ئەم واقیعەوە ئێران وتورکیای دۆست ولەیەک نزیک؟؟ توشی ململانێیەکی زۆر سەخت بوونە، لەسەر مەلەفی سوریا زۆر زۆر ناکۆکن. عوسمانیەکان وسەفەویەکان دەیانەوێت پەلوپۆی خۆیان لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بهاوێژن وبڵاوببنەوە. بەڵام چاوەڕێ نەدەکرا ئاستی کێبەرکێ وململانێیان بەم جۆرە لەناو سوریا بتەقێتەوە. لەئێستادا ئێران هەوڵی نزیک بوونەوە دەدات لەتورکیا، ناوەندە سیاسیەکانی ئێران لەم ڕۆژانە گەڕاونەتەوە سەر هەندێ بابەتی رابردوو، واتە پێش دەستپێکردنی شۆڕش لەسوریا. باسی ئەوە دەکەن کە تورکیا وئێران خاڵی هاوبەشیان زۆرەو دەشێ لەسەر مەلەفی سوریا هێندە لەیەک جیاواز نەبن وبگەنە ڕێککەوتنێک. ئێران

باش دەزانێت دەیەوێت چ پەیامێک بداتە تورکەکان، بەڵام پێدەچێت تورکەکان چاوەڕێی قسەی لەم جۆرە نەبووبن لەم کاتەدا، بەتایبەت لەناو گەرمەی تەق وهۆڕی تفەنگەکانی شۆڕشگێڕان وسەربازانی ڕژێمـەدا. ئێرانیەکان لـەبـەردەم فشارێکی زۆردان سـەبـارەت بە هەبوونیان لـەنـاو سـوریـا، بۆیە هـەوڵ دەدەن بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانیان هەندێ کارت تاقیبکەنەوە. یەکێک لەم کارتانە نزیک بوونەوەیانە لەتورکیا. بە بۆچونی من پێویستە کورد چاودێری ئەم قسانەی ئێران بکات وئەگەر شتێک ڕوویدا لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا زوو خۆی بۆ ئامادە بکات. چونکە ئێران ئامادەیە گرفت بۆ کورد دروست بکات لەناو سوریا بەهەر ڕێگایەک بێت، یاخود یەخەی پەکەکە بگرێت لەشاخەکانی کوردستان وگرفت دروسـت بکات بۆ ئەوەی ئامادەیی پەکەکە لەناو ڕۆژئاوای کوردستان لەسوریا توشی دابڕان وشپرەزەیی بکات. لەلایەکی دیکە جۆرێک شازشە لەسەر هەستی ئیسلامی یاخود بەناوی هێزی ئیسلامی ناوچەکە، چونکە ئێرانیەکان نایانەوێت ڕژێمێکی عەلمانی ودیموکراسی لەناو سوریا بێتە سەر تەخت، بەڵکو دەیانەوێت ئەگەر بەشار ئەسەدیش نەما، ئەم گروپە ئیسلامیانە بێنە سەر حوکم، کە بتوانرێ بۆ دژایەتی ئیسرائیل ونزیکی لەپڕۆژە ئیسلامیەکەی ئێران سودی گەورەیان هەبێت، تورکیاش حزبێکی ئیسلامی لە حوکمڕانە، بۆیە ئێران لەڕێگای کارتی ئاینی، دەیەوێت تورکیا بخاتە ناو بەرەیەکی تازە. بەرەیەک ئێران بەهەردوو قاچی وەک چۆن ئێستا لەناو سوریایە، بەهەمان شێوە داهاتوش دوای ئەوەی بەشار ئەسەد نەما، قاچەکانی کورت نەبێتەوە، بۆ بابەتی لەم جۆرەش دەزانێت بەتەنیا سەرکەوتوو نابێت، بۆیە لەدەرگای هەموو گروپ ودەوڵەت وهێزو لایەنەکانی ناوچەکە دەدات، کار دەکات بۆ ئەوەی لانی کەمی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکات.

بەڵام پرسیارەکە کۆتایی نەهاتووە؟ ئایا ئێران تەمەنی خۆی بۆ ئەبەد هەڵگرتووە؟ ئایا نازانێت بەهاری عەرەبی دوای ڕوخانی بەشار ئەسەد کۆتایی نایەت ولەوانەیە نەک هەر قاچی زۆر ڕژێم ببڕێتەوەو

کورتیان بکاتەوە، بەڵکو سەری زۆری دیکەش بە پەتەوە بکات.؟!. ئایا ئێران ئاگای لەوە نیە بەهۆی قەیرانی داراییەکانیەوە ونزمبونەوەی بەهاری دراوەکەی شەقامی ئێران خەریکە خراپ دەتەقێتەوە. لەئێران هەر خۆپیشاندانێک ڕوودەدات، یان هەر تەقینەوەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەری دروست بێت، ئەوا سیاسی دەبێت. ئامانجی سیاسی ڕوو لەرژێمی دەبێت..! ئەوانەی حوکمی ئێران دەکەن زۆر باش ئەم ڕاستیە دەزانن، بۆیە خەریکی پاساودانەوەن و دەیانەوێت کێشەکە فڕێبدەنە دەرەوەی ئێران وناڕەزایەتی خەڵک هێور بکەنەوە، بۆ وێنە یەکێک لە شارەزایانی بواری ئابوری لەئێران گوتی: ئەم وەزعەی ئێستا خەتای ئەحمدی نەژادو حکومەتەکەی نیە، بەڵکو ماوەیەکی قوڵ و زۆری هەیەو پەیوەندی بەگەمارۆ ئابوریەکانی سەر ئێرانەوە هەیە، سیاسەتی ئەحمدی نەژادی ڕاست وەسف کردو وەزعەکەی خستە ئەستۆی گەمارۆ ئابوریەکان وئەمریکاو ئەوروپا بە پلەی یەکەم. بۆیە ئێران لەچەندین سیناریۆ دەترسێت، دەیەوێت بەهەموو شێوەیەک بەهاری عەرەبی لەسوریا قەتیس ببێت وهەر لەوێ بخنکێ ولەوە زیاتر پەل نەهاوێت. کارتی سوریا بە دەیان ڕەنگ تاقیدەکاتەوە، یەکێک لەم ڕەنگ وروخسارانە تورکیایە، ئێران داواکارە لەتورکیا سنورەکانی خۆی لەگەڵ سوریا باش پتەو بکات ونەهێڵێت کەسی نەیاری بەشار ئەسەد لە سنورەکانیەوە دزە بکەن بۆ ناو گەرمەی جەنگ وروداوەکانی ناو سوریا.

عبدالباست سەیدا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری ئەستەمبوڵی تورکیا ڕایگەیاند: لە ئێستادا سوریا بیر لەوە دەکاتەوە، کێشەکانی هەناردەی دەرەوە بکات، بۆ ئەوەی تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوەو جەنگێکی هەرێمی دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دوو وڵاتی هەڵبژاردووە تورکیاو لوبنان. سەیدا هۆی بۆردومانی سوریای بۆ تورکیا، بۆ ئەم مەبەستە گەڕاندەوە، سیناریۆی دیکە لوبنانە، کە دەیەوێت گرفتێکی گەورە دروست بکات وبەم جۆرە پاڵەپەستۆی سەر خۆی کەم بکاتەوەو

بەرەکان زۆر فراوان ببن. گومانی تێدا نیە ئێران نەک هەر هاوکاری دەکات، بەڵکو لەوانەیە خودی ئەم جۆرە بیرۆکانە نەخشەی ئێران خۆی بن، چونکە ئەم دەوڵەتە زۆر زیرەکە لەهەناردەکردنی کێشە بۆ دەرەوەی خۆی، بەتایبەت رژێمی ئیسلامی ئێران لەرێگای مەزهەبی دەتوانێت زۆر تەڵەی ترسناک بتەقێنێت، بۆ نمونە سەیری رەوشی وڵاتی بەحرەین وبەشێکی وڵاتی سعودیە بکەن، کە چۆن ئێران دەیان سیناریۆی جیاواز جیاواز تاقیدەکاتەوە، بۆیە ئێران لە بڵاوکردنەوەی کێشەکەی سوریا بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە، کۆمەکی زۆری سوریا دەکات، ئێرانیەکان زۆریان کەوتونەتە دەست سوپای ئازادی سوریاو لەتیڤیەوە نیشان دەدرێن ووێنەکانیان بڵاودەکرێتەوە کە لەسوریا شەڕ بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد دەکەن. ئێران بەدوای چارەنوسی خۆیەتی، نەوەکو کەسی دیکە؟. بۆ ئەم مەبەستەش دەست وقاچی بۆ هەموو شوێنێک درێژ دەکات. سێبەری خۆی بۆ هەموو لایەک پەخش دەکاتەوە.

رۆژنامەی(لۆمۆند)ی فەرەنسی توێژینەوەیەکی لەسەر رۆڵی ئێران لەپشتیوانی کردنی رژێمی بەشار ئەسەد بڵاوکردەوە، لەم توێژینەوەیەدا لەسەر درکاندنی چەندین زانیاری دەوەستێت، بۆ نمونە باس لەوە دەکات کاتێک سەعد جلیلی بەنوێنەرایەتی خامنەئی سەردانی دیمەشق دەکات، بە بەشار ئەسەد رادەگەیەنێت کە ئێران دەیەوێت رێککەوتنێک لەگەڵ سوریا ئیمزا بکەن بەناونیشانی( رێککەوتننامەی بەرگری هاوبەش)، دەسەڵاتدارانی سوریا زۆر بەم رێککەوتنە دڵ خۆش دەبن وبەشار ئەسەد دەڵێت هاوکاری سوریا بۆ ئێران بێ سنورەو ئێمە هەموو هاوکاریەکی ئێران دەکەین، لەبەرامبەر ئەوەدا ئێرانیش بەهەموو شێوەیەک بەرگری لەمانەوەی رژێمی بەعسی سوریاو بەشار ئەسەدی سەرۆک دەکات، ئێرانیەکانیش داوا دەکەن ئەگەر ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ئێران، سوریا هەموو دەروازەکانی خۆی بۆ ئێران بکاتەوەو بەهێزو دەسەلاتەکەی یارمەتی سەرکەوتنی ئێران بدات، بەتایبەت لەناو سوریاو سنوری ئیسرائیل، دەوڵەتی سوریا بەرەیەکی

جەنگ دژی ئیسرائیل بکاتەوەو لە سوریاوە پەلاماری ئیسرائیل بدرێت. ئەم رێککەوتنە بەگوێرەی زانیاریەکانی لۆمۆند دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ بەتەواوی خرایە ناو پرۆتۆکۆڵی فەرمی نێوان هەردوو وڵات. ئێستا ئێران ئەم رێککەوتنامە جێبەجێ دەکات، ئەگەر ئیسرائیلیش هێرش بکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران وجەنگ بەرپا ببێت، ئەوا هەموو سنورەکانی سوریا بۆ ئێران کراوەن وئەم دوو دەوڵەتە پێکەوە دژی ئیسرائیل دەجەنگن.

**مەگەر ناتۆ بێت!**

ماوەیەکی زۆرە بە جموجۆڵە سەربازیەکانی تورکیاوە سەرقاڵین، وەک بڵێی چاوەڕوانی ئەوەبین سوپای تورکیا بەشار ئەسەد بڕوخێنێت وکۆتایی بەم وەزعـەی سوریا بهێنێت. لەراستیدا هەڵەین. چونکە سوپاکەی تورکیا هیچی پێناکرێت، بۆ حاڵی خۆی زۆری پێکراوە، تاوەکو بتوانێت رژێمی وڵاتێک بگۆڕێت.! وانەکانی جەنگی پەکەکە پێمان دەڵێت تورکیا ناتوانێت جەنگی سوریا بباتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشا بکەین روسیا بەتوندی وبەزەقی وروونی بەتورکیای گوتوە جەنگت لەگەڵ دەکەین ئەگەر جەنگ لەگەڵ سوریا بەرپابکەی. مانای وایە لە جەنگی راگەیاندن بەولاوە تورکیا پێیەکانی درێژ ناکات وهەر ئەوەندەی لەدەست دێت.

بارودۆخی سوریا لەروی سەربازیەوە تەنها بە ناتۆ یەکلایی دەبێتەوە، ئەگەر ناتۆ پەلاماری سەربازی بدات وناوچەی ئارام دروست بکات، ئەوا رژێم دەکەوێت. بۆ نمونە ئەزمونی لیبیا...! بەڵام بیرمان نەچێ دواجار لەناوخۆی سوریا رژێم هەر دەکەوێت ئەگەر بەمشێوەیە بـەردەوام بێت، لانی کەم وزەوتـوانـای دادەشـۆرێت. ئەمەش دوای ئەوەی وڵات بۆنی خوێن بەتەواوی کاسی دەکات!

جەنگ دەبێت حساباتی ناو دیمەشق یەکلایی بکاتەوە، نەوەکو سوپا بێنیتە سـەر سنورو لەسنورەوە هاشوهوشی ئـەوە بکەیت رژێم دەڕوخێنی. ناتۆ دەیـەوێت سیناریۆیەک بە تورکیا بکات، ئەگەر

سەریگرت ناتۆ براوەیە، ئەگەر زیانیش بوو بۆ تورکەکان دەمێنێتەوە. پێش ئێستاش هەندێ نیشانەی دڵخۆشکەر هەبوون، وەکو ئەوەی گواستنەوەی دەسەڵات لەسوریا ئەنجام بدرێت، تورکەکان لەمەش خۆیان تێهەڵقورتاندو پێشنیاریان کرد فاروق شەرع ببێتە جێگرەوەی ئەسەد. سیناریۆی دیکەی بەجێهێشتنی دەسەڵات هەبوون لە سوریا، بەڵام دوای ئەوەی روسەکان گوتویان بەهیچ شێوەیەک بەشار ئەسەد ناڕوات ولەجێگەی خۆی دەمێنێتەوە، ئیدی کۆتایی بەم ئومێدو هەولانە هات ولەجێگای خۆی چەقی. ناتۆ چیتر ناتوانێت خۆی لەبەکۆمەڵکوشتنی رۆژانەی خەڵکی سوریا بدزێتەوە، هەڵوێستی ناتۆ پینەو پەڕۆیە. ناتۆ یان دەبێت دەستەکانی لەناو ئۆپۆزسیۆن ورەوشی سوریا وناوچەکە کورت بکاتەوەو بکێشێتەوەو پاشەکشە بکات، یان دەبێت خۆی یەکلایی بکاتەوەو بێتە مەیدانەکەو بەجۆرێک لەجۆرەکان وەزعەکە بەلایەکدا بخات. نە لوبنان نە ئێران نە تورکیا نە سعودیە نە قەتەر، هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ توانای روخانی بەشار ئەسەدی نیە، ئەوەی گورز لە هەناوی ئەم رژێمە دەدات موشەکەکانی ناتۆن. کەمن هیوادارم رژێم بکەوێت وچیتر گوێمان لەدەنگی موشەک وتفەنگ وکوشتن نەبێت، ئایا دەگەینە ئەم خاڵە کۆتاییە؟.

ئەوروپییەکانیش هێشتا هەر خەریکی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای سزاکانن، لەنوێترین لێدوانی بەرپرسانی یەکیەتی ئەوروپا ئەوەیە هاوتای ئێران چەندین سزای تازە لەسوریا بسەپێنرێت. سزاکانیش تاوەکو هەنوکە نەیتوانی کورسیەکەی ژێر ئەسەد لەق بکات، راستە ماندووی کردووە، بەڵام کورسیەکەشی ماوە.!

پریشکی خوێنی ناو سوریا خەریکە بە دەوروبەری سوریادا پەرش دەبێت، ئەوەتا نمونەکەی لوبنانە، تێکچونی بارودۆخی لوبنان، بەرەی جەنگەکەی سوریا بڵاودەکات، ئەمەش گرفتی تازە بۆ ئەمریکاو ئەوروپاو ناتۆ دروست دەکات، لەجیاتی ئەوەی خەریکی پلانێکی یەکلایی کەرەوە بن بۆ دۆخی سوریا، ئەوا دەبێت خەریکی ئەوەبن بەرە فراوانەکە کۆبکەنەوەو بەری پێبگرن ونەهێڵن زیاتر بڵاوبێت.

ئەگەر جەنگ تورکیای تێوەبگلێت، لوبنان تێکبچێت، ئێران پاسدارانی زیاتر رەوانەی سوریا بکات، عێراق بڵێ نایەمە ناو بەرنامەی روخانی ئەسەدو بێلایەنم! مانای وایە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو جەنگێکدا دەژی، نەوەکو تەنها سوریا. ئەم کاتەش روسیا بەدیار ئەم وەزعەوە دانانیشێت. روسیاش دەجوڵێ، جوڵەی ئەویش ئەمریکاو ئەوروپییەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئیدی نازانین دەکەوینە کام چاڵی جەنگەوە، جەنگێک بۆنی دێت، لەوانەیە جەنگێکی جیهانی بێت، ئەوەی ئێمە دەیخوازین ئەوەیە ئەمڕۆژە نەبینین، زلهێزەکان وا نەکەن، چونکە دەیان رێگەچارەی دیکە هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆخی سوریا، بەتایبەت زلهێزەکان مامۆستای سیناریۆکانن، دەتوانن سیناریۆی وا دابڕێژن، ئێمە هەر بیریشمان لێنەکردۆتەوە. شەرت نیە سیناریۆکان لەمستی ناتۆدا بن، بەڵکو دەزگاو دامەزراوەو خەڵکی دیکە گەلێک زۆرە بۆ ئەوەی سیناریۆ جێبەجێ بکات. گرنگ ئەوەیە هەموان خواستمانە بەکەمترین خوێنی دیکە لە وەزعەکە دەرچین.

### شۆڕشی سوریا دزراوە

کاتێک سەرۆکە ئیخوانیەکەی میصر پشتگیری ئۆپۆزسیۆن ونەیارانی رژێمی بەشار ئەسەدی کرد، کاتێک داوای نەمان ولەناوچونی رژێمی بەعسی سوریای کرد. هەرایەکی گەورە لە لایەن سوریاو دۆستەکانیەوە رویدا. تەنانەت ئێران وحزب اللهو زۆری دیکە کەوتنە حالەتێکی وەلامدانەوەو بێزاری بەرامبەر سیاسەتی میسری. هێشتا هەرای محمد مورسی سەرۆکی میسر نەبڕابۆوە ئەردۆغانە سونەکەی تورکیاش بەهەمان نەفەس داوای نەمانی بەشار ئەسەدو رژێمەکەی کرد. ئیدی زیاتر ئاگری لێدوانەکان گڕەکەیان بەرزبۆوە. بەکورتی ئەگەر سەیری تابلۆی سیاسی وشەڕو کوشتاری رۆژانەی سوریا بکەین، لەدەرەوەی هەبونی ئەمریکاو ئەوروپاو روسیا، لەدەرەوەی ئامادەبونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، جەنگی گەورەی بەرەی سونەو شیعە لەگۆڕێیە. شەڕی سوریا شەڕێکی ئاشکرای زەقی

سونەوشیعەیە. ئەگەر ئەمریکاو ئیسرائیل وروسیاو فلان وفیساریش نەمێنن وبکشێنەوە، ئەوا شەڕەکە لەنێوان شیعەوسونە درێژەی هەیە. هەولێ عەلەویەکانی سوریا ئەوەیە لەناو ماڵی ئەواندا جەنگەکە چڕ نەبێتەوە، هەربۆیە لەرێگای شیعەکانی لوبنان هەولێ زۆر هەیە بۆئەوەی لوبنان ببێتە گۆڕەپانێکی دیکەی جەنگ، ئەوکاتەش پاڵەپەستۆی سەر دیمەشق کەم دەبێتەوە.

سەیر ئەوەیە هەزاران گەنج وخەڵکی ئازادیخواز دێتە مەیدانەکەو لەپێناو ئازادی خوێنی دەڕێژێت، کەچی تایەفەگەری ومەزهەب وگروپەکان بەرۆکی بەرنادەن، واتە شەڕی سوریا بۆ دیموکراسی وئازادی وژیانێکی سەربەرزانەیە، بۆ ئەوەیە خەڵک لەدەستی بت پەرستی سەرۆک ودیکتاتۆر رزگاری بێت، کەچی لەملاوە دەیان تۆڕ هەڵدەدەن بۆ ئەوەی شۆڕش وداهاتوو خەونە جوانەکان پێوەبکەن. ئەمەش وامان لێدەکات بەتەواوی بەرامبەر شۆڕشێکی وەکو سوریا رەش بین بین، هێشتا هیچ نەبووە، دیموکراسی وکێشەی نەتەوەیەکی بەشمەینەتی وەکو کورد دژایەتی دەکرێن، هێشتا هیچ نەبووە کۆمەڵێ گروپی داخراوی توندوتیژ دەیانەوێت کۆی فەزای گشتی سوریا داگیربکەن ودەست بەسەر کۆمەڵگا وخەون وداهاتووی دا بگرن. شۆڕشی سوریا زۆر بەزوویی دزرا، کەم شۆرش هەیە هێندە بەم زوویە بابەتەکانی خۆی لێ تێکەڵ بێت ونەوەکانی خۆی نەناسێتەوە، شۆڕش زوو کەوتە دەست ئەوانەی هەر لەسەرەتاوە ئامانجیان شۆڕش نەبووە. شۆڕش لەسوریا چی لەدەسەڵات دەکات، کاتێک سەردەکەوێت ودەسەڵات لە بەعس وبەشار ئەسەد وەردەگرێتەوە تەسلیم بەکوێی بکات؟ راستە ئۆپۆزسیۆن هەیەو بەرنامەی راگەیاندنی حکومەتی کاتیشی هەیە، بەڵام شۆڕش دەسەڵات بداتە دەست ئۆپۆزسیۆنێک کە بەشێکی دەموچاوی تورکیە، لایەکی دیکەی سعودیە، هەندێکی دیکەی قەتەریە، سوچێکی میسری وقاعیدەو ئیخوانە، بەشێکی دیکەی صەدام حسێنەکەی عێراقە! کام ئۆپۆزسیۆن بەرهەمی شۆڕش دەچنێتەوە. بێگومان ئێمە بانگەشەیەک

ناکەین بۆ بەرژەوەندی بەشار ئەسەدو لەچرکەی یەکەمەوە نەیارانی بەشار ئەسەد وەکو شۆڕشگێر پێناسە دەکەین. بەلام دوای چەندین مانگ کاتی ئەوە هاتووە روو هەر لە رژێمی سوریا نەکەین، رومان بـەرەو ئۆپۆزسیۆنیش وەربگێڕین وگرنگە بزانین کێن ئەوانەی جڵەوی شۆڕشیان گرتۆتە دەست وتاوانی پێدەکەن. هێشتا بەشار ئەسەد لەسەر کورسی دیمەشقە، کەچی شەڕی کوردو عەرەب لە شارەکانی سوریا دروست دەبێت، ئایا ئەگەر تەواوی سوریا ئازاد بوو، چ گرەنتیەک هەیە کۆی وڵات نەبێتە گۆڕەپانی جەنگێکی دیکە. من خۆش بروایەکی سادە نیم بڵێم نەمانی بەشار ئەسەد یەکسانە بە هاتنەدی راستەوخۆی ئارامی ودیموکراسی وهاوڵاتی بون. هیچ نەبێت ئەزمونی عێراق ودوای نەمانی صەدام حوسێن شتێکی فێر کردین، دیموکراسی یەکسەر نایەتە سوریا، بەڵام ئایا دەشکرێت شۆڕش بەم جۆرە بدزرێت. گەنجی سوریا بۆ ئازادی ودیموکراسی وکارو نان وهاوڵاتی بوون شۆڕش دەکات، بۆ تورکیاو سعودیەو قاعیدەو ئیخوان وئەمریکاو روسیاو چین ویەکیەتی ئەوروپا وبەریتانیاو....هتد، شۆڕش ناکات، بەڵکو لەناو نیشتمانی خۆی بۆ خۆی شۆڕش دەکات. بۆیە ئەگەر سەرکەوت ئینجا بیر لە دراوسێ ووڵاتان ودنیا دەکاتەوەو بەرژەوەندی وپێکەوەژیان ونوێنەرایەتی خۆی رێکدەخاتەوەو کاری لەسەر دەکات. بەڵام هێشتا شۆڕش سەرنەکەوتووە کەچی مامەڵەی بەخوێنی گەنجەکانی دەکرێت، ئەمەش ناوی دەنێم دزینی شۆڕش.

## زیاتر لەبیست دەوڵەتی عەرەبی ؟

بۆ ئەوانەی چاودێری سیاسین، لەناو هاوکێشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدوای شیکردنەوەی روداوەکاندا وێڵن. ئەزمونی سوریا هێجگار دەوڵەمەندە بۆ ناسینی جەوهەری دەوڵەتانی ناوچەکە..ئەوانەی لەسوریا رۆژانە دەکەونە ژێر داروپەردوی بۆردومانی فڕۆکەکانی رژێم بەرەگەز عەرەبن؟ ئەم منداڵانە عەرەبن، ژنەکان وپیرەکان و گەنجەکان هەمویان عەرەبن، راستە کوردو ئەوانی دیکەش شەهید

دەبن، بەڵام نامەی من لێرە بۆ خودی عەرەبەکانە، بۆیە زیاتر لەسەر کوژرانی بەکۆمەڵی عەرەبەکان قسە دەکەم، بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبی ئاڵایان هەیە لە بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان، ئایا هەمویان پێکەوە ناتوانن دۆخی سوریا لەئاستی نێودەوڵەتی بە ئاقاری دیکەدا بەرن؟ ئایا چ هەست وبۆچونێکیان هەیە سەبارەت بەم دۆزەخەی لەسوریا هەیە..؟ رەوشی سوریا سەربەخۆیی ئەم دەوڵەتانەی تەواو خستە ژێر پرسیارەوەو زیاتر دەرکەوت هەر یەکێکیان پیاوی بەرەیەکی نێودەوڵەتی و زلهێزەکانە. گەلی عەرەب دەبوو نەهێڵن رۆژی سوریا بەم شێوەیە بەردەوام بێت، دەبوو نەهێڵن ئەم هەموو خوێنە بڕژێت، ئاخر ئەگەر لەناو هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان رای گشتی بێتە سەرجاددە ئەوا وەزعی سوریا تەواو یەکلایی دەبێتەوە، تەنانەت بە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی نەیانتوانی رۆژانی جەژنی قوربان شەڕ لە سوریا بوەستێنن. ئایا کۆمەڵگای مەدەنی عەرەبی ئەوەی کە زۆر ئیدیعای بۆ دەکەن لەناو هەندێ لایەندا هیچ بوونی هەیە؟ بێگومان کۆمەڵگای عەرەبی لەبەردەم مەسئولیەتی هاو نەتەوەیی وئەخلاقی و مێژویی خۆی نیە بەرامبەر گەلی سوریا.

لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتە عەرەبییەکان رۆژانە وخەڵکی عەرەبیش لەسەر جاددەکاندا داوا دەکەن یەکپارچەیی خاکی سوریا پارێزراو بێت، ئەی ئەگەر ئەوەندە خەمی سوریاتانە، بۆچی نایەنە سەر خەت وبەکردەوە شتێک بۆ سوریا ناکەن؟ بەهەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان نەیانتوانیوە بەقەدەر تورکیا گوشار بێننە سەر سوریا، راستە تورکیا لە بەرچاوی گەشی منداڵەکانی سوریای نیەو رۆڵی خراپ وازی دەکات، بەڵام دواجار گوشاری خۆی هەیە! رۆژانی جەژنی قوربان هەندێ دەوڵەتی عەرەبی کەیف وسەفای خۆی هەر تێک نەدا، ئەگەر عەرەبەکان سۆزی نەتەوەییان بۆیەکتر هەیە، دەبوو لەهیچ وڵاتێکی عەرەبیدا رۆژانی جەژن بەڕێوە نەچووبایەو هەمویان پارەی جلوبەرگ ونوقڵی جەژنیان کۆ بکردایەوەو وەکو کۆمەک بۆ ئاوارە سوریایەکانیان لەدەوڵەتانی ناوچەکە رەوانە بکردبوایە؟ بەڵام لەجیاتی

ئەوە ئێستا پیاوانی خەلیج وناوچەکانی دیکەی عەرەبی خەریکی راوە کچی سورین؟ چونکە بێ دەرەتان وئاوارەو بێنان وبێجێگان بۆیە بوونەتە نێچیری پیاوانی وڵاتە عەرەبیەکان؟ ئەمەیە هاوکاری گەلی سوریای براکەیان؟ دنیای عەرەب بێ ئەندازە بەرامبەر سوریا تاوانبارەو هیچ سیاسەتێکی ئەخلاقی راستەقینە نابینم. سروشتی هاوکاری دەوڵەتە عەرەبیەکان لەگەڵ یەکتر ئاوایە بۆیە ئەوە نزیکەی یەک سەدەیە نەیانتوانیوە کێشەی فەلەستین چارەسەر بکەن، بەراستی هەر وەکو خۆیان دەڵێن رێککەوتون هەرگیز رێکنەکەون.

پیاوە سەرمایەدارە زۆر دەوڵەمەندەکانی جیهانی عەرەبی هیچ جۆرە کۆمەکێکی بەرچاویان نەبەخشیوەتە ئاوارەکانی سوریا، نەمبیستوە دەوڵەمەندێکی گەورەی عەرەبی بێتە ناو ئاوارەکان وچەند ملیۆن دۆلارێک ببەخشێتە خەڵکی هاوخوێنی خۆی. بەهەموو دەوڵەمەندو سەرمایەدارانی عەرەبی بەقەدەر ئەنجیلینا جولی خاوەن هەست نەبون ونین؟ ئێمەی کورد بەشێکمان لە سوریایە لەگەڵ عەرەب قەدەرمان یەکە، بۆیە منیش بەم رەوشە بریندارم وپێم وایە وانەکانی رابردووی مێژووی ناوچەکە شتێکی ئەوتۆی فێری کۆمەڵگای عەرەبی نەکردووە. راستە هەر ئەم گەلەیە ئەمڕۆ لەچەندین دەوڵەتی خۆیدا شۆڕش دەکات وقارەمانانە سنگی داوەتە بەرگوللە، بەڵام کامڵ بونی نەتەوەیی وهاوڵاتی بون ونیشتمانی بوون لای کۆمەڵگای عەرەبی هێشتا پڕ پڕە لە ئیشکالیەت.

رۆژانە سوریەکان بە پۆل دەمرن و وڵاتانی دیکەی عەرەبیش سەرقاڵی سەیرکردنی دراما تورکیەکانن.

### دیموکراسی وخوێن کامیان؟

من هیچ ناڵێم تەنها داوا دەکەم بەوردی بیر لە هەڵبژاردنی ئەمریکا بکەنەوە، ئینجا بەراوردێک بکەن؟ هەڵبژاردن یان گۆڕینی سەرۆک، یان دانانی سەرۆکی نوێی وڵات، بینیتان چەندە جوان وبێ خوێن ڕشتن وبێ رق وجەنگ و کاولکاری بەڕێوەچوو؟ بینیتان چۆن ئەوەی

شکستی هێنا پیرۆزبایی لە سەرکەوتوو کرد لەوەش زیاتر بەڵێنی دا خۆی ولایەنگرانی هاوکاری بکەن بۆ سەرخستنی ئەمریکا..ئەمەیە بەرهەمی سیستەمی دیموکراسی؟

بەڵام سەیری سوریا بکەن رۆژ نیە بە کۆمەڵ خەڵک نەکوژرێت، وڵات بۆتە وێرانەو سەدەها ملیار دۆلاریش ناتوانێت ژێرخانی ئەم وڵاتە بیناد بنێتەوە، گەلانی سوریا ورژێم دەستیان ناوەتە خوێنی یەکتر، ئەمە بۆچی؟ تەنها بۆ گۆڕینی سەرۆک ودانانی سیستەمێکی تازەی سیاسی لەولات؟ ئەمە بەرهەمی دیکتاتۆریەتە.. ؟ سەیر بکەن بەبۆنەی سەرۆکی نوێی ئەمریکا ئاهەنگە، لەسوریاش بەبۆنەی دانانی سەرۆکێکی تازە بۆ وڵات خوێن وشینە؟ بۆیە خەڵکینە با بیربکەینەوە وهەمومان هەموو وزەی ژیانمان بۆ ئەوە تەرخان بکەین سیستەمی وڵاتمان ببێتە دیموکراسی وبە راستەقینەیی دیموکراسی ببێتە کولتوری سیاسیمان..چونکە لەیەک کاتدا نمونەی سوریاو ئەمریکا دیارن؟ دەمانەوێت لە سوریا بچین، یان لەئەمریکا؟.

لەئەمریکا بەهەزاران کەس لەبەردەم کۆشکی سپی وەستاون بەم سەرمایە بۆ ئەوەی تەنها چاویان بە سەرۆکی تازە هەڵبژێردراویان بکەوێتەوەو قسەیان بۆ بکات ووێنەی یادگاریان لەگەڵ بگرێت، بەڵام لەسوریا بەهەزاران کەس ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەری بوونەو لەترسی سەرۆک ماڵ وحاڵ وژیانیان جێهێشتووەو لەژێر خێمەی وڵاتە دراوسێیەکان لەگەڵ دۆزەخ دەست لەملانن و دەستیان لەسەر دڵیانە نەوەکو منداڵەکانیان لەبرسان یان لەبەر خراپی باری تەندروستی یان لەسەرمان بمرن؟ ئەرێ توخوا لەدیموکراسی بچین؟ یان لەسوریا وعێراق وئێران وتورکیا...کە هەموو جەستەیان پڕ پڕ لە چیرۆکی ستەمکاری سیاسی وکۆمەڵایەتی وئاینی وتایفەی وتوندوتیژی..؟

یەکیەتی ئەوروپا بڵاوی کردەوە تاوەکو ئێستا لەناو سنوری یەکیەتیەکەیان تەنها لەماوەی ئەم ساڵەدا (٣٨١٠) کەسی سوری داوای پەنابەریان کردووەو ئەوروپاش تەنها توانیویەتی کەیسی ٣٣٪ ی ئەم خەڵکە وەکو پەنابەر قبوڵ بکات..هەر لە راگەیەنراوەکەی یەکیەتی

ئەورووپادا هاتووە کەداواکاری سوریەکان بۆ پەنابەری ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات. ئەمانە لەترسی دەسەڵات و سەرۆکایەتی وڵاتەکەیان بوونەتە پەنابەر. بەڵام لەئەمریکا هـەزاران کەس لەناو هۆڵ کۆبوونەتەوەو هاواری خۆشی بۆ سەرۆکەکەیان دەکەن و ئەویش بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە دەستی داوەتـە مایکەکە و بەگەلەکەی دەڵێت بەڵێن بێت کار بکەم بۆ ئەوەی بێکار نەبن، باری تەندروستیتان باش بێت، منداڵەکانتان خۆش و سەلامەت بژین، ئەمریکا دەپارێزم و ئەوەی پێم بکرێت پێشکەشی ئێوەو ئەمریکای دەکەم. سەرۆکی دیموکراسی چەپڵەی بۆ لێدەدرێت وپر بەدڵ گەلەکەی لەگەڵی پێدەکەنن. سەرۆکی دیکتاتۆریش بەفڕۆکەکانی شارەکانی وڵاتـی بۆردومان کـردووەو تـەرمـی ژن ومـنـداڵـەکان کەوتونەتە ژێـر داروپـــەردوی روخـاوی ماڵەکانیان بەهۆی بۆمبەکانەوەو تیمەکان خەریکی ئەوەن بەزوویی دەریان بهێنن؟ کەواتە با دووبارەی بکەینەوە پێویستە لە دیموکراسی بچین؟ یان لەسوریاو وێنەکانی وەکو بەشار ئەسەد؟.

## بۆچونەکەی ئۆپۆزسیۆن

ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا پەلاماری عێراقی داو ڕژێمە سیاسیەکەی گۆڕی. صەدام حوسێن لەدەسەڵات نەماو سیستەمی فەرمانڕەوایی بەعسیەکان لەعێراق کۆتایی پێهات، ئەوکاتە بانگەشەی عێراقی نوێ، یەکێک لە زیندووترین و بەرەواجترین دروشمی گۆڕانکاریەکە بوو. لەو کاتەدا یەکێک لە ئۆزپۆسیۆنەکانی سوریا لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ داواکارم ئەمریکا هەمان سیناریۆی عێراق لەسوریا دووبارە بکاتەوە، وا داواش دەکات هەموو لایەک هاوکاری ئەمریکا بکەن، بۆ ئەوەی ڕژێمە بەعسیەکەی سوریاش بڕوخێنێت. ئەم ئۆپۆزسیۆنە بۆچونی وایە کە سوریای نوێ دروست نابێت ئەگەر هێزی دەرەکی کۆمەکی نەیارانی بەشار ئەسەد نەکات لە روخاندنی ڕژێمەکەی. ئەوکاتە ئەم بۆچونە هەم لەناو ئۆپۆزسیۆن وهەمیش لەناو رای گشتی عەرەبی زۆر بەتوندی ڕەتکرایەوەو هێرشی توندکرایە سەر خاوەنەکەی.

تەنانەت بە بەکرێگیراو نا نیشتمانپەروەر وێنا کرا.
دوای ئەوەی روداوەکانی قامشلۆ رویاندا، کورد راپەڕینی دژی بەشار ئەسەد کرد، جارێکی دیکە هەمان ئەو رایە دووبارە بوویەوە، تەنانەت پڕۆژەکە ئەوەبووە کە مەسەلەی کوردەکان بکرێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قەناعەت پێبهێنن وهەمان سیناریۆی ١٩٩١ ی کوردستانی عێراق دووبارە بکەنەوەو ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردەکان وئۆپۆزسیۆنی سوریا دروست بکەن. ئەم کاتەش بەتوندی بەناوی یەکپارچەیی سوریاو عروبەیەتی ونەیاری ئەمریکا ئەم پڕۆژەیە رەتکرایەوە. ئەوکاتە تەواوی بەرنامەکان لەوە نزیک بوون کە روخانی بەشار ئەسەد دەشێ لەناوخۆو بەهێزی ئۆپۆزسیۆن بێت، واتە چاکسازی و ریفۆرم وگۆڕانکاری لەناو سوریا ئەنجام بدرێت، بەم جۆرە سوریای نوێ دروست دەبێت.
بەڵام ئێستا باش دەرکەوت چاکسازی وگۆڕانکاری هەرگیز لەسەر دەستی بەشار ئەسەد ورژێمە بەعسیەکەی دروست نابێت، ئازادی ودیموکراسی لای بەعس کوجا مەرجەبا! بۆیە زۆرێک لەوانەی کاتی خۆی لەساڵی ٢٠٠٣ دژایەتی ئەم بۆچونەیان کرد ئێستا هاوبۆچونن وپێیان وایە ئەگەر هێزی دەرەکی بەشداری جەنگی ئازادی سوریای بکردبایە دەمێک بوو بەشار ئەسەد روخابوو، واتە هێزە ناوخۆییەکانی سوریا سەرکەوتوو نەبون لەوەی بە ماوەیەکی دیاریکراو بەزیانێکی کەم رژێمی بەشار ئەسەد بڕوخێنن، ئێستاش دیارە قوربانی زۆر دراوەو هەستی هێزەکان بۆ ئەوەی کۆمەکی دەرەوەیان بۆ بێت زۆر روونە..تەنانەت هێزەکانی وەکو ئەمریکاش نایشارنەوە کە پێویستە لەروی مادی وچەکدارکردنەوە هاوکاری نەیارانی بەشار ئەسەد بکرێت. ئێستا ئەگەر باشتر دیراسەی ئەم بابەتە بکرێت هەر سودێکی دەبێت، لانی کەم دەتوانرێ زۆر لایەنی پێویستی شۆڕش لەسوریای پێ چارەسەر بکرێت، بەکورتی بەبێ بەشداری راستەوخۆی هێزی دەرەکی مومکین نیە بەشار ئەسەد وا بەئاسانی بڕوات وبڕوخێت.
لەئێستاشدا هەندێ چاودێری سیاسی ورۆشنبیری عەرەبی هەر دژی

ئەم بۆچونەن پێیان وایە زۆر قورسە بیر لەهێزی داگیرکەری بێگانە بکرێتەوە بۆ ئەوەی بێت وسەربازو چەکەکانی بێنێتە ناو سوریا. واتە بۆچونی ئەوان وایە نمونەیەکی وەکو عێراق بۆ سوریا گونجاو نیەو هەریەکەیان تایبەتمەندی وجیاوازی خۆی هەیە. بەڵام ئەوەی گرنگە بەشێکی زۆر لەو رۆشنبیرانەو چاودێرانە کۆکن لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ناشێ پشتگیری دیکتاتۆریەتی خوێنڕێژی بەعسیەکانی سوریا بکرێت. واتە هەموان دژی دیکتاتۆرن بەڵام بە بۆچون وسیناریۆی جیاواز جیاواز.

## ئاخیری خێر بێت

هەندێ ئەفسەری باڵای سوپای ئازادی سوریا، راشکاوانە رایانگەیاند ئەمریکاو ئەوروپا کە راستەوخۆ هاوکاری چەکدارکردن وچەکی بەهێزو تازەمان ناکەن، لەسەر هەقن. ئەمەش چەندین لێدوانی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە هەمیشە ئەمریکاو ئەوروپا لەلایەن گەلانی سوریا بڕێکی زۆر گلەییان لەسەر هەیە بەرامبەر کەمتەرخەمیان لە یەکلاییکردنەوەی دۆزەخەکەی بەشار ئەسەد. بەڵام بەرپرسە سەربازیەکانی سوپای سوریای ئازاد ئاماژەیان بەوەدا کە ریزەکانی ئەم سوپایە زۆر بێسەرەو بەرەیەو نا رێکخراوە، زۆر بە زیندوویی وئاشکرا چەندین گروپ وباڵی توندڕەوی سەلەفی وقاعیدە لەریزەکانی ئەم سوپایەن ولەناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە. بۆیە ئەگەر ئەمریکاو ئەوروپا چەک بدەنە سوپای سوریای ئازاد ئەوا راستەوخۆ هێزەکانی قاعیدە سودی گەورە دەکەن ودەبنە خاوەنی چەکە تازەکانی ئەمریکا. ئەمەش وایکردووە بەتەواوی ئەمریکا دووربکەوێتەوە لەبیرۆکەی چەکدارکردنی سوپای سوریای ئازاد. تەنانەت ئەمریکیەکان گوتویانە ئێمە چەکی خۆمان نادەینە دەست کەسانێک هەر بەو چەکە تەقەمان لێبکەنەوەو دژایەتی ئەمریکای پێبکەن.

ئەگەر سەیری توندوتیژی وکوتلەگەری ناو ئۆپۆزسیۆن وسوپای سوریای ئازاد بکەین، دەبینین بۆچونی ئەمریکیەکان راستە. ئەوان ئەگەر تەواو دڵنیا نەبن ئامادە نین بەدەستی خۆیان هەڵەی ستراتیژی

بکەن ودوارۆژ زیانمەندی گەورەبن. چاودێرە ڕوسیەکان نکۆڵی لـەوە ناکـەن چەکی دەسـت بـەشـار ئـەسـەد ورژێـمـەکـەی ڕوسین. بەلام دەڵێن ئەم چەکانە تازە نین وڕوسیا لەکاتی جەنگی سارددا کۆمەکی بەسوریاکردوەو ئەم چەکانەی پێداون، یان ڕاستر بڵێین پێی فرۆشتون. ئێستاش بەم چەکانە ڕۆژانە ڕژێمی سوریا گەلانی سوریای پێ قەتلوعام دەکات. بەرامبەر بەمەش نەیارانی بەشار ئەسەد کە خاوەنی چەک وچۆڵی بەهێز نین وناتوانن بەرگەی ئەم چەکە قورسانەی ڕوسیای سوریا بگرن، فشار دەخەنە سەر ئەوروپاو ئەمریکا بۆ ئەوەی کۆمەکی سەربازیان بکات وبەهانایانەوە بچن. بەڵام بەبیانوی هەبونی قاعیدەو گروپە نەیارە ئیسلامیە توندڕەوەکانی ئەمریکاو ئەوروپا..ناتوانن فشارەکەیان ئەنجامێکی لێوە بەدەستبهێنن. تا دوێنێ بوو خودی ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکرا کە هەموو ئەم گروپانە دەستکردی خۆیەتی بۆ دژایەتی هەیمەنەی ڕوسیا لەناوچەکە، ئێستاش دەبینین چۆن قاچی ئەمریکایان گرتووە!.

لێرەدا لەناو ئەم ڕاستیە ستراتیژی وسیاسیانە، ئەوەی زەرەر دەکات ودوا دەکەوێت پرۆسەی گۆڕان ویەکلایی بوونەوەی دۆزەخەکەی سوریایە، وە ڕژانی زیاتری خوێنە لەناو ئەم وڵاتە. ئەمەش زیاترو تەنگترو دژوارتر پرۆسەکە ئاڵۆزو سەخت دەکات.

لەکۆتایی هەموو باسەکانیشدا ناونیشانێکی دیکە دێتەوە گۆڕێ ئەویش ئیسرائیلە. سەبارەت بە چەکدارکردنی گروپەکانی نەیاری بەشار ئەسەد لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاوە، بۆچونی ئەوەش هەیە کە بۆ ئیسرائیل هێجگار مەترسیدارە، چونکە سوریا هاوسنوری ئیسرائیلەو ئەم گروپانە بەم چەکانە دەتوانن ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل بخەنە مەترسیەوە، بۆیە مومکین نیە ئیسرائیل ڕێگا بدات چەکی پێشکەوتوی ئەمریکی وئەوروپی بە ئاسانی بکەوێتە دەست ئەم گروپانەو قاعیدە. لەلایەکی دیکەوە دەشێ زوو بەزوویی جۆری ئەم چەکانە بگاتە دەست حزب اللەو ئێرانیش، ئیدی تاوەکو دێت بابەتەکە پەلوپۆی لێ دەبنەوەو دەبێت بڵێین ئاخیری گەلانی سوریا خێر بێت.

## بۆ ئەمریکا؟

لەراستیدا قسەگووتن بە ئەمریکا زیاد لە رەهەندێکی هەیە، هەر کاتێک قسە لەسەر رۆڵی جیهانی ئەمریکا دەکرێت، دەبێت ئاماژە بۆ زیاد لە جەمسەرو سیاسەت وئاراستەیەکی جیاواز جیاواز بکەی. رۆڵی ئەمریکیەکان هەمیشە جێگای بایەخ بووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وئیقلیمی، بەتایبەت لەدۆخی ئێستادا دوای روداوەکانی بەهاری عەرەبی، ناوهێنانی ئەمریکا چەندین ناونیشانی بەخۆیەوە گرتووە. بۆ نمونە ئەگەر سەیری رەوشی سوریا بکەین، بەرونی قسەکردن لەسەر رۆڵی ئەمریکا دەبینین، تەنانەت دەگوترێت روسیاو چین وئێران و ئەوانی دیکەی نزیک لەمانە، بۆیە ناهێڵن بەشار ئەسەد بڕوخێت، چونکە نەیاری ئەمریکایەو لەبەرەی دژی ئەمریکایەو ناشێ سوریا ببێتە پێگەی داهاتووی ئەمریکا. کەواتە شۆڕشی گەلانی سوریا دژی رژێمی بەشار ئەسەد بۆیە ناگاتە مەنزڵی سەرکەوتنی خۆی، چونکە ئەمریکا لەهاوکێشەکەدایە..کاتێکیش قسە لەسەر رەهەندی بڕیاری سیاسی نێودەوڵەتی دەکرێت، دیسانەکە هەر پەنجەی تۆمەت بۆ ئەمریکا رادەکێشرێت، بۆ نمونە دەگوترێت ئەمریکا هەیمەنەی تەواوی بەسەر بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە هەیە، ئەمریکا کۆنترۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی کردووە، ئەمریکا هەموو ئاراستە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەی بەرژەوەندی خۆی دادەڕێژێتەوە. ئەمریکا هۆکاری دروستبوونی گۆڕانکاری گەورەی لەچەشنی بەهاری عەرەبیە. بەکورتی بەتەواوی هەست دەکەی لەهەموو هاوکێشە گەورەکانی سیاسەت لەدنیادا، ناوی ئەمریکا بە باش یان خراپ دەهێنرێت. بۆیە گرنگە بپرسین بۆچی ئەمریکا؟

ئایا کە شۆڕشی سوریا ناگاتە سەرکەوتن ورۆژانە بەشار ئەسەد منداڵ وژن وگەنج وپیر دەکوژێت، خەتای ئەمریکایە، یان بونیادی فکری سیاسی ئەم رژێمە خۆی هەر وایەو ئەمەیە سروشتی شۆڤێنی بەعسی عەرەبی..ئایا دەشێت لە شوێنێک ئازادی چەقی بەست یەکسەر هاوار بەسەر ئەمریکیەکاندا بەرز بکەینەوەو بڵێین باجی ئێوە دەدەین

وخەتای ئێوەیە؟
بە بۆچونی من ئەم شێوە روانینە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ ئەمریکاو رۆڵ وزلهێزیەکەی بێ ئەندازە پڕ ئەشکالیەت ومانای جیاواز جیاوازە. ئەمریکا لەناو خودی یەک دەوڵەت لەناو هێزە جیاکانی ئەم دەوڵەتەدا خوێندنەوەی جودای بۆ دەکرێت، کەواتە چۆن دەکرێت لەئاستی ناوچەیی وهەرێمی ونێودەوڵەتی یەک جۆرە روانین وشێوەی تێگەیشتن بۆ ئەمریکا باسی لێوەبکرێت. راستیەکەی گروپی توندڕەوو رژێمی دیکتاتۆری وداخراو خۆراکی سیاسی وپێگەی جەماوەری خۆیان لەوە وەردەگرن کە دروشمەکانیان ئاراستەی ئەمریکاو رۆژئاوا بێت، بەتایبەت لەناوچەکە ئیسرائیل هەیە کە هەمیشە تۆمەتێکی ئامادەیە بۆ ناشیرین کردن وتاوانبارکردنی ئەمریکا، تەنانەت ئیسرائیل هەر جموجۆڵێک بکات، هاوار دەکەنە ئەمریکاو پێیان وایە ئەمریکا هاوکاری دەکات.
کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی دیکە قسە لەسەر ئەمریکا بکرێت وچیتر گرفتەکانی ناوچەکە نەخرێنە ئەستۆی ئەمریکا، بەڵکو دەشێت لەئاستی رابردوو، ئێستاش رەخنەی توندی ئەمریکاو زلهێزەکان بکرێت، ئێستاش هەر رەخنەیان لێبگیردرێت، بەڵام بۆ دروست کردنی سبەی، داهاتووی نەوەکانمان ناکرێت بەرامبەر ئەمریکا دانیشین وقسەی پێ بڵێین وئەگەر شکستمان هێنا، بڵێین خەتای بەرژەوەندی ستراتیژی زلهێزەکان بوو، یان بڵێین ئەوان ئێمەیان هەڵخەڵەتاند، بۆیە ئیدی پێویستە گەلانی ناوچەکە نەخشەی دیموکراسی وئازادی وپێکەوەژیانی خۆیان بدۆزنەوەو قوربانی بۆ داهاتوویەکی جوان بدەن. نەوەکو هەر خەریکی ژماردنی جەنگ ودوژمنی ئامادەکراو بین. بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان وشاردنەوەی تاوانەکانیان ودواجار فریدانی قەیرانەکانیان بۆ دەرەوەی خۆیان، ئەمریکا دوو رۆڵ دەبینێت، یەکێکیان باش وفریشتە ئاسایە، ئەوەی دیکەیان شەیتان ونەفرەت لێکراوە. کاتێک مەسەلەیەکی وەکو ئیسرائیل دێتە گۆڕێ هەموان ئەمریکا دەکەنە نیشانەو دەوڵەتە عەرەبی وئیسلامیەکان

هاواریان لێ هەڵدەستێ..بەڵام دواتر هەر خۆیان دەڕۆنە ئەمریکاو لە کۆشکی سپی تەوقە لەگەڵ ئەمریکیەکان دەکەن وخۆشحاڵن بەهەبونی ئەمریکا لە پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست..با نمونەیەکی دیکە باس بکەین کاتێک لە ئەنجومەنی ئاسایش روسیاو چین پرۆژەی هاوکاری وپڕ چەککردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریایان ڤیتۆ کرد، ئەمریکاو بەریتانیاش پشتگیری روخانی بەشار ئەسەدیان کرد، ئەوا ئاڵای روسیاو چینیان سوتاند، بەڵام ئاڵای ئەمریکایان بەرزدەکردەوە، دەچونە ناو باوەشی ئەمریکاو بەتوندی یەکتریان دەگوشی وسوپاسی هاوکاری ئەمریکا دەکەن کە ئاوا بە گەرمی تەوقە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەکات..بەڵام ئەگەر ئەم ئۆپۆزسیۆنە بێتە سەر کورسی دەسەڵات ئەوا شتەکان پێچەوانە دەبنەوەو ئەو کاتە ئەمریکا دەبێتەوە شەیتان ودژی ئیسلام وپشتگیری ئیسرائیل. وەکو ئەوەی لە عێراق بینیمان کاتێک ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا هاتە بەغدا وپەیکەری صەدام حوسێنی روخاند، عێراقیەکان ئاڵای ئەمریکایان ماچ دەکرد، هەڵدەپەڕین، هەر کە صەدام نەما، کەوتنە کوشتن وراوەدوونان وبەشەیتانیکردنی ئەمریکا...بەراستی نمونەی دیکە زۆر زۆرن.

بۆیە دەپرسین بۆچی ئەمریکا؟ بەهەموو روخسارەکانیەوە؟ هەنگاوەکانیەوە، زۆر زۆر گرنگە بپرسین لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ ئەمریکا؟ بۆ وەڵامیش گومانم نیە توێژینەوەو باسی زانستی وسیاسی ودبلۆماسی وهەرێمی ونێودەوڵەتی تەنانەت فکری زۆریشمان پێویستە.

## بۆ قوڵایی

لەسەر ئاستی دەرەوەی سوریاو لەسەر ئاستی ناوەوە، گلەیی ورەخنەی توند ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن وهێزو نەیارەکانی بەشار ئەسەد دەکرا بەوەی ناکۆکن وپەرتەوازەن ودژی یەکترن وپەرش وبلاون. بەڵام پێکهێنانی ئیتیلافی ئۆپۆزسیۆن لەدەوحەی پایتەختی قەتەر، هەرایەکی گەورەی نایەوەو هەنگاوێکی گەورەبوو بەنسبەت

چارەنوسی سوریاو یەکلایکردنەوەی بابەتی ڕوبەڕوبونەوەی بەشار ئەسەد، واتە ئۆپۆزسیۆن وکەسایەتی وهێزەکان لە دەوحەی قەتەر هاوپەیمانی تازەیان ڕاگەیاند وبڕیار وایە لەژێر ئەم چەترە بەرامبەر بەشار ئەسەد بوەستن. تا ئێرە دۆخەکە وەک خۆیەتی وئاساییەو دەشێ بڵێین لەئاستی دەرەوە شتێکی خراپ نەبوو. بەلام جەوهەری مەسەلەکە لەدەوحە نیەو لەوڵاتانی ناوچەکە نیە، بەڵکو لەناو سوریایەو بۆ سوریایەو دەبێ روی لەسوریا بێت، ئەگەر ئەم هاوپەیمانیەتە دۆخی ناوەوەی ئێستای سوریا نەبینێت، خوێندنەوەی وردی بۆ نەکات، خۆی ڕێکنەخات، لەهەمووشی گرنگتر متمانە دروست نەکات، ئەوا بەمردوویی لەدایک بووە، چونکە گرنگترین شت ئەوەیە هێزەکانی ناوخۆی سوریا بەهەموو باڵە جیاوازەکانیەوە ڕێکبخرێن وئەم هاوپەیمانیە بتوانێت نوێنەرایەتیان بکات، ئەگەر لەسەرئاستی دەرەوەی سوریا هەنگاوێکی سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێویستە بۆ ناوەوەی سوریاش هەنگاوی دیکە بنرێت. کە پێم وایە یەکێک لەمیکانیزمەکانی چارەسەری ناوەوەی سوریا وگەیشتن بەقولایی مەبەست مەسەلەی کوردە، نابێت کوردەکانی سوریا بەمجۆرە نا مەسئولانەیە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، هاوپەیمانی نیشتمانی سوریاو هێزەکان پێویستە هێزی کوردی سوریا وەکو خۆی تەماشا بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم هاوپەیمانیەتە پێویستە سنورێک بۆ دڕندەیی و توندوتیژی گروپە توندڕەوەکان دابنێت وڕێکیان بخات وگفتوگۆیان لەگەڵ بکات ولەزۆر بابەت ڕێگایان لێبگرێت، چونکە ئەم گروپانە چەکدارن وپەلاماری زۆر شت دەدەن کە نابێت بیکەن. بەکورتی لە شۆڕشگێر ناچن و دەڵێی شەبیحەکانی بەشار ئەسەدن. ئەم گروپانە ئەجێندای سەیر سەیر جێبەجێ دەکەن وهەر جارەی قسەیەک دەکەن وهەر جارەی بەشتێکەوە دەیگرن. بۆیە ئەرکی ئەم هاوپەیمانیەتە زۆر زۆر قورسە بۆ ئاستی دەرەوە سەرکەوتوو نەبووە لە ئیعترافی دەولی وتاوەکو ئێستا نەیتوانیوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەجۆرێک ڕازی بکات شایستەی قوربانیەکانی گەل بێت لەناوەوە. لەهەمانکاتیشدا پەرتەوازەیی وبێ

متمانەیی وخراپی ناوەوەی سوریاش شکستێکی دیکەیە. هەم بۆ کاری سەربازی وچەک وچۆل..هەم بۆ گوتاری دیموکراسی وپێکەوەژیان.. هەم بۆ متمانەدروست کردن...هەم بۆ گوتارێکی تازەی ڕێکخراوی خاوەن بەرنامەی جوان وجێگای لۆژیک...ئەم هاوپەیمانیەتە زۆر کاری جددی وقورسی لەپێشە.
ئەگەر دۆخەکە هەر بەمجۆرە بێت، ئەوا قسەکەی ئەخزەر ئیبراهیمی ڕاستە کاتێک دەڵێت سوریا دەبێتە سۆمال وبەجۆرێک وێران دەبێت دوای نەمانی بەشار ئەسەدیش خوێنی سور شەقامەکان جێناهێڵێت. دەبێت ئەم هاوپەیمانیە بۆ قوڵایی هەنگاو بنێت وبگاتە مەبەستە سەرەکیەکە کە دیمەشقەو کۆتایی پێبهێنێت. قوڵایی ستراتیژی خۆی باش ببینێت وتەسلیم بە ئەجێندای هیچ لایەک نەبێت، کە کات دەکوژن، بۆ گەیشتن بە قوڵاییش بەفیڕۆدانی کات لەبەرژەوەندی ئەم هاوپەیمانیە نیەو تەمەنی ڕژێم زیاتر درێژ دەکاتەوە. گرفتەکان زۆرن. بەڵام ئیرادەی ڕابەرایەتیکردنی گۆڕانکاریش زەحمەتی وقوربانی گەورەشی دەوێت.

### کوشتن بۆ هەموانە

بەشار ئەسەد لە کوشتنی هاوڵاتیانی سوریا ماوەی بیست مانگە درێغی نەکردووەو نایکات..هەموان پێکەوە دەکوژێت، کە فەرمان دەکات وسەربازەکانی تەقە دەکەن سوریەکان پێکەوە دەکوژن. بەشار ئەسەد بەیەک سیاسەت ویەک دەست ویەک سەنگەر ڕوبەڕوی نەیاران وهێزو لایەن و دژەکانی دەبێتەوە. ناڵێ ئەمە مەکوژن خەڵکی حەلەبەو مەسیحیە، یان ئەمە خەڵکی دیمەشقەو کوردە، یان ئەمە هاوڵاتیەکی پیرەو عەرەبەو...هتد ئیدی بەم شێوەیە هەموان پێکەوە دەکوژێت. بەلام نەیاران وئۆپۆزسیۆن لەسوریا دابەش بوونە بەسەر چەندین بەرنامەو ئەجێنداو سەنگەرو دەوڵەت ولایەنی جیاواز جیاوازەوە، ئەمەش تەمەنی بەشار ئەسەد زۆر درێژتر دەکاتەوە. ئاخر سەیر بکە هێزەکانی سوریای ئازاد لەجیاتی ئەوەی پەلاماری هێزەکانی بەشار

ئەسەد بدەن، دەچن لە ناوچەی سەرێکانی پەلاماری کورد دەدەن، هەندێکیان دێن بەرنامەیەکی تورکی جێبەجێ دەکەن، وهەندێ ناوی کەتیبەکانیان دێنن صەدام حوسێن. بەم جۆرە نەخشەی شۆڕشێکی یەکگرتوو لەسوریا نیە. ئەمەش وایکرد زۆرێک لەدەوڵەتانی ناوچەکەو فەرەنساو بەریتانیاو تەنانەت ئەمریکاش لەدەوحە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆن ونەیارانی سوریایان ڕێکخست وئیتیلافێکیان بۆ دروست کردن. ئێستا خەریکی ئەوەشن حکومەتی کاتی سوریاش دروست بکەن. بەڵام سەنگەری بەشار ئەسەد هەر یەک سەنگەرەو نەیارانیشی سەدان سەنگەر؟.

ئێستا وێنەی بەشار ئەسەد وەک سەرۆکی سوریا تاوانێکە دەرهەق بەگەلی سوریا دەکرێت، چونکە ئەم پیاوە هەزاران کەسی کوشتووەو بەردەوامە لەکوشتن، وڵاتی کردە وێرانە، بۆیە ئەم پیاوە سەرۆک نیە بەڵکو داگیرکەری سوریایەو خاوەنی ئەم دۆزەخەیە کە دروستیکردووە. نەک هەر وەک تاوانبار بەڵکو پێویستە لەسەر کوشتنی ئەم هەموو منداڵە! دەیان ناوی دیکە بۆی زیاد بکرێت.

ئەمە وێنە راستەقینەکەی سەرۆکی بەشار ئەسەدە. بەڵام سەرباری ئەوەی ئیدعای سوریایەکی نوێ بەردەوامە، کەچی هێشتا سوریا ئازاد نەبووە، سیناریۆی زۆر ترسناک ئاشکرا دەبن، وەک ئەوەی چەکدارانی پەکەکە تەسلیم بەتورکیا بکرێنەوە، جارێ شتێک نیە ناوی پەکەکە لەناو سوریا بەڵکو پەیەدەیە. وە دواتر بۆچی جارێکی دیکە گەلی کورد دەکرێتە پاروی بەرژەوەندی ئیقلیمی ونێودەوڵەتی. ئایا هیچ شەرافەتمەندیەک لەوەدا هەیە گەلێک بەملیۆن کەس لەناو خاکی خۆی بێبەش بکەی لەئازادی ودیموکراسی وزمان وشوناسی خۆی، کەچی پێشت وابێت نوێنەرایەتی ئازادی ودیموکراسی دەکەی. ئەمە کەلێنی گەورەی نێوان ئۆپۆزسیۆن ونەیارانی بەشار ئەسەدە لەجیاتی ئەوەی سەنگەری خۆیان پتەو بکەن، دەکەونە ناو تەڵەی بەرژەوەندی ئیقلیمی ونێودەوڵەتی وئەجێندای نائەخلاقی خەڵکی دیکە جێبەجێ دەکەن.

لەسوریا رژێم وسەرۆکەکەی جیاواز ناکەن لەکوشتن، کوشتن بۆ هەموانە، دەبێت شۆڕشیش بۆ هەموان بێت، ئازادی ودیموکراسیش بۆ هەموان بێت، ژیان وسوریاش بۆ هەموان بێت. ئەمە شەرافەتمەندی راستەقینەیەو ئەمە راستگۆییە لەخەبات وهەوڵی هەموو لایەک. سوریا بەرگەی پلانی گەورە ناگرێت لەوە زیاتر...دوای نەمانی بەشار ئەسەد وڵاتێکی پڕ تەرم وخوێن، شەقام وشۆستە وێران..ماڵ روخاو قوتابخانە کاول بوو. گەلێکی ماندوو شەکەت وئاوارەبوو..دەمێننەوە.. بۆیە پلانیان لەدژ مەکەن وتەڵەی شەڕی ناوخۆی وئەهلی دامەڕێژن. پلانی ئاوەدانی وئەخلاقی مرۆیی بخەنە ناو رێککەوتننامەکانتانەوە. نەوەکو هێشتا هیچ نەبووە بازرگانی بەخوێن وئازادی ودیموکراسی وسوریاوە دەکەن. لەجیاتی ئەوەی خەڵکی سوریا خۆی نەخشە رێی خۆی دابنێت، تورکیا وئەمریکاو قەتەرو فلان و فلان دێن نەخشەی بۆ دادەنێن. ئەمە هەڵەیەکی زۆر کوشتندەیە ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەیکات، دەبێت ئیتلاف وئۆپۆزسیۆن سەربەخۆیی خۆی باش بپارێزێت، ئەگینا دەبێتە دەسکەلاو ناتوانێت لەبەرێوەبردنی وڵات سەرکەوتوو بێت ئەگەر هەموو وڵاتیشی بکەوێتە دەست وبەشار ئەسەدیش نەمێنێت. ئەوکاتە جەولەیەکی دیکەی ناجێگیری وجەنگی ناوخۆو یەکتر قبول نەکردن بەرۆکی سوریا دەگرێت ودەبێتە گۆمێکی شێلو. وەک چۆن ئێستا سورە بەخوێن.

## پرسی کەمایەتیەکان

هێشتا بەشار ئەسەد لەدیمەشق حوکم دەکات، زۆر بابەت وکێشە بەرۆکی سوریای دوای بەشار ئەسەدیان گرتووە، رەنگ بێت یەکێک لە بۆمبە تەوقیتکراوەکان مەسەلەی پێکهاتەکانی سوریابێت. هەندێ لایەن وسیاسی بەردەوام وشەی کەمینەکانی سوریا دووبارە دەکەنەوە، بۆچی ئەم چەمکە هێندە دەجونەوە؟ وەلامی ئەم بۆچیە زۆر شتە..کە یەکێک لەوانە مانەوەی عەقلیەتی بەعسیە لەناو بیرکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێستاو دەیانەوێت دوای بەشار ئەسەدیش بەناوی نەتەوەی زۆرینە

پێکهاتە نەتەوەیی وئاینی ومەزهەبیەکانی سوریا سەرکوت بکەن وتەنها هەندێ مافی کەمی سیاسی وئابوری ورۆشنبیری وکولتوریان پێبدەن. ماناکانی کەمینە ئەوەیە تۆ کەمیت ودەبێت کەم داوا بکەی، واتە لەدەستوری تازەی دوای بەشار ئەسەد دەبێت هەر کەمت بەرکەوێت، چەندە دەستکەوتەکانی شۆڕش زۆربن، گەورە بن، تۆ مادام کەمینەی هەر دەبێت کەمی بەریت. عەقلّیەتی زۆرینەو کەمینە دەبێت لەسەر سندوقی هەڵبژاردن دروست ببێت، بەڵام نەک بۆ نەتەوەو پێکهاتەکان، بەڵکو بۆ هێزەکان. واتە دەبێت مامەڵەی کەمینەو زۆرینە بۆ لیست وقەوارەی هەڵبژاردن بەکاربهینرێت نەوەکو بۆ نەتەوەو پێکهاتە ئاینی ومەزهەبیەکانی ناو سوریا. پێویستە ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئەوانەی خۆیان ئامادەکردووە دوای نەمانی بەشار ئەسەد لەسەر کورسی حوکمی دیمەشق دابنیشن، باش لەوە تێبگەن کە بیرکردنەوەی لەم جۆرە ناتوانێت دۆخی سوریا لە پەشێوی دووربخاتەوە تەنانەت ئەگەر لەبر یەک جار دەجار بەشار ئەسەد بڕوات. لەبەرامبەر دیکتاتۆریەت چەرکەس وکوردو سونەو مەسیحی وئەرمەنی وهەموو ئەوانی دی خەباتیان کردووەو بەردەوامن لەقوربانیدان. بۆیە سوریای داهاتوو بەیەکسانی دەبێت بۆ هەموان بێت، نەوەکو بەناوی زۆرینە بۆ نمونە سونەکان بەرببنە گیانی عەلەویەکان وبونیادی دەوڵەتەکە لەسەر تۆڵەکردنەوە دروست بکەنەوە.

ئەزمونی عێراق دوای نەمانی صەدام حوسێن، ئەزمونێکی باشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت رەوشی سوریا بەرەو باشی بڕوات، ئێمە خواستمان ئەوەیە نەک سوریا بەڵکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کراسی دیموکراسی بپۆشیێت، بەمجۆرە نەبێت مەحاڵە ئەم گەلانەی لەناوچەکە دەژین، ئارام وئاسودەبن. لەپشتی بەکارهێنانی چەمکی کەمینە بەم فۆرمە دیکتاتۆریەت خۆی حەشارداوە، بۆیە لەئێستاوە گرنگە لەسەر دەستوری داهاتووی سوریا کاری ورد بکرێت، بۆ ئەوەی دەستور رێگری یەکەم بێت لەسوریای داهاتوو. چەمکی هاوڵاتی جێگای چەمکە تایەفەگەری ومەزهەب گەری وقەومچیەتی بەرتەسک بگرێتەوە،

ئەمە تەنها بۆ عەلەویەکان وسونەکان وشیعەکان نیە، بەڵکو روم لە نەتەوەکەشمە کە کوردە، پێویستە هەموان بەرەو دیموکراسی بڕۆن. دۆخی سوریا بەرگەی ئەم هەموو توندوتیژیە ناگرێت لەوە زیاتر، بەڵکو کاروانی ئاوەدانی دەوێت بۆ ئەوەی ملیۆن ئاوارەکەی هەوڵ بدەن بگەڕێنەوەوماڵیان ئاوەدان بکەنەوە. راستە عەقڵیەتی نیو سەدە زیاتری بەعس بە هەفتەیەک ودوان ناسرێتەوە، بەڵام ناکرێت دووبارە ببێتەوە. جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان دووبارەکردنەوەی عەقڵیەتەکەو کۆتایی پێهێنان ورێگریکردنی..ئێمە دەزانین بەعس چ تۆوێکی چاندووە لە عروبەچیەتی ورەدکردنەوەی بەرامبەر، بەڵام پێویستە هەوڵی وشککردنی ئەم رەگە بدرێت وجارێکی دیکە لەبەرگێکی دیکەدا نەیەتەوە سەر شانۆی سیاسی وحوکمی دەوڵەتی سوریا. بەراستی کارەساتە بەیانی خەڵک وای لێبێت پەشیمان بێتەوە یان دوو دڵ بێت لەوەی شۆڕشی کردووە، نابێت هەڵگەڕانەوە لە دروشمە دیموکراسی و ئازادیەکانی سوریا دروست ببێت، پێویستە دەوڵەت بپارێزرێت بەڵام دەوڵەتێک بۆ هەموان وەکو یەک بێت ومافی هاوڵاتی بونی هەموان لەبەرچاو بگرێت. ئەگەرنا بۆچی رێگری دەکەن بەیانی گەلێکی وەکو کورد بگەڕێتەوە باوەشی کوردستانە گەورەکەی وداوای ریفراندۆم بکات وبڵێت دەمەوێت لەکوردستانەکەم بەئازادی بژیم؟. پێویستە چەمکی دیموکراسی وهاوڵاتی بون وقبوڵکردنی ئەویدی جێگای ئەم چەمکەی کەمایەتی وزۆرینەیە بگرێتەوەو سوریا بەکردەوە بۆ هەموان بێت. وە پێویستە ئەوانەی کراسی شۆڕشگێریان لەبەرکردووە ئەو راستیە بزانن شۆرشی سوریا بە کۆتایی بەشار ئەسەد کۆتایی نایەت، بەڵکو دیوی دیکەی شۆڕش دێنە دەرەوە کە زۆر قورسن وئەرکیان هێجگار زەحمەتە. لەهەمانکاتدا شۆڕش لە چەمکی الله اکبری رۆژانەی سەر شەقامەکانی سوریا دەگۆڕێت بۆ گوتارێکی دیکەو دنیایەکی دیکە. شۆڕش بریتی نیە لە یەک ساتە وەختی دیاریکراوبەس، بەڵکو شۆڕش لە ساتەوەختێکی دیاریکراو سەرهەڵدەدات بەڵام ئەستەمە کاریگەری وبەردەوامی وکۆتاییەکەی بزانیت وزوو بۆت روون بێتەوە، راستە

هەندێ روخساری شۆڕش زوو دەردەکەون، بەڵام ئەمە هەموی نیە، شۆڕش نابێت توشی دزین بێت، دەبێت شۆڕشگێڕان زەحمەتی زۆر بکێشن بۆ ئەوەی شۆڕش بدۆزنەوە. ئەم شۆڕشەش پێش ئەوەی لەسەر شەقامەکانی حەلەب وریفی دیمەشق ودیمەشق وحمص ودرعا بێت، لەناو دڵی هاوڵاتیەکانیایەتی. بۆیە گرنگە لەپەیامی شۆڕش قوڵ ببینەوەو تێبیگەین، نەوەکو هێشتا هیچ نەبووە کێشەی کەمینەو زۆرینەو سیستەمێکی داخراوو دیکتاتۆریەتێکی مۆدێرن ببێتە تایتلی ناونیشانەکانی رۆژانـەی شۆڕش، ئەو شۆڕشەی کون وکەلەبەری گەورە لەجەستەیدا هەن.

## وتەبێژەکانی ئەسەد

لەو رۆژەی گەلانی سوریا هاتنە سەرشەقام وهاواریان کرد ارحل.. روسیاو ئێران وحزب الله بونەتە وتەبێژی فەرمی رژێمەکەی بەشار ئەسـەد. هەفتە نیە روسیا بە رۆشنی لێدوان نـەدات ولەهەموو کردەوەیەک، بەرنامەیەک، کۆبوونەوەیەک، پڕۆژە بڕیارێک، روسیا لەبری بەشار ئەسەد لێدوان دەدات و ئەگەر لەبەرژەوەندی رژێمی سوریا نەبێت رەتی دەکاتەوە، روسیا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بێ ئـەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەسـەڵاتدارانـی سوریا هەموو ئـەم پڕۆژە یاساو بەرنامانە رەت بکاتەوە کە لەبەرژەوەندی بەشار ئەسەد نەبن. بێگومان ئێران وحزب اللەش بەردەوامن لە پشتگیری تەواوی بەشار.. لەم رۆژانە و لەماوەی هەفتەیەکی دیاریکراودا روسیا گوتی: بەشار ئەسەد لە حوکم دەمێنێتەوەو ناڕوات. دوای ئەو سەرۆکی حزب اللەی لوبنان گوتی: رۆیشتنی بەشار ئەسەد خەیاڵە. دوای ئەوانیش ئێران گوتی: بەشار ئەسەد ناڕوخێت.

ئەم بەرەیە زۆرترین لێدوان، زۆرترین پشتگیری قسەیان بۆ بەشار ئەسەد کردووە، هەندێ جار سنوری سوریا دەبەزێنن بەجۆرێک کە بۆنی جەنگێکی ترسناک بلاودەکەنەوە، بۆ نمونە دوای ئەوەی ئەمریکا لە تورکیا پاتریۆتی دانا، گوایە بۆ روبەروبوونەوەی سوریایە، ئێران

ڕایگەیاند ئەم هەوڵەی تورکیاو ئەمریکا ڕێکخستنی جەنگی جیهانیە. لەراستیدا ئەمریکاش بەرامبەر دۆسیەی تورکیا کارێکی ئەخلاقی ناکات، ئەم هەوڵەی بۆ بەرژەوەندی دیموکراسی وئاشتی سوریاو گەلانی ناوچەکە نیە، لەپشتیەوە تاقیکردنەوەی هێزو بەرژەوەندی ناتۆو خۆیەتی. بۆیە لێرەدا لەچەندین لاوە ململانێی ناوچەکە تۆخ تر دەبێتەوە. دۆخی سوریاش هەوێنی تۆخ بوونەوەکەیە. ئەگەر زوو مەسەلەی سوریا چارەسەر بکرابوایە. لەوانەبوو زۆرێک هەنگاو هەیە نەنرابان. بۆ نمونە ئەوەی ئەمریکاو تورکیا. وتەبێژەکانی بەشار ئەسەد نیگەرانی زۆریان لە لاوازبونی بەرەکەیان هەیە، بۆیە هەمیشە بەهەموو توانایانەوە پشتگیری رژێمی سوریا دەکەن، بەڵام بەرامبەر ئەوە رۆڵیان نیە لەخزمەتکردن بەگەلانی سوریا، واتە دەتوانن لە هەندێ کەناڵەوە کۆمەکی سیاسی وئەمنی وپاراستنی هاوڵاتیان بکەن، بەڵام نایکەن. ئەمەش وایکردووە نوسەرێک بنوسێت ئێران وروسیاو حزب الله وەکو بەشار ئەسەد تاوانبارن لە وێرانکردنی دەوڵەتی سوریاو خاک ونەتەوەکەی؟ ئیدی شریتەکە بەمجۆرە درێژبۆتەوەو ئاوازی خوێناوی وردە وردە زیاتر گڕ دەبێت و هەڵدەکشێ.

مەترسی ئەم وتە بێژانەی رژێمی بەعسی سوریا، وا زوو تەواو نابێت، بەگوێرەی زانیاریەک کە هەندێ میدیا بڵاویان کردەوە، لە کۆبونەوەیەکی نهێنی حزب اللەو سەرۆکی پاسدارانی ئێران، باس لەوەکراوە ئەگەر لەبەشار ئەسەد بێ ئومێد بوون وروخا، ئەوا هەوڵ بدەن بە هەموو توانای چەکداری وسیاسی ومرۆیی وتوندوتیژی و هۆکارەکانی بەردەست رەوشی دوای بەشار ئەسەد تێبکدەن، وەک ئەوەی لەعێراق کردیان. واتە هەوڵ بدەن سوریا ئارام نەبێتەوە دوای بەشار ئەسەدو هەمیشە فەوزای ئەمنی وسیاسی ودەسەڵاتداریەتی بەرۆکی سوریا بگرێت، ڕێک وەکو ئەوەی عێراق. پلانێکی دیکە ئەوەیە هەوڵ بدەن رژێمی دوای بەشار ئەسەد ئەگەر دۆست وهاوپەیمانی ستراتیژیان نەبێت، ئەوا لانی کەم مەترسی گەورە دروست نەکات لەسەر ئەجێنداو کارو چالاکی وئاسایشی دەوڵەتیان. وە حەزی

ئەوەشیان نەشاردۆتەوە هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی حکومەتێکی ئەڵقە لەگوێ دروست بکەن. بەکورتی هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بخرێتە گەڕ سوریای دوای بەشار ئەسەد لاوازو بێ ئیرادەو پارچە پارچە بێت لەروی سیاسی وهەڵوێست ودەسەڵاتداریەوە.
لێرەدا پێویستە کورد بیرێک لەحاڵی خۆی بکاتەوەو بەوردی خۆی بۆ دوای بەشار ئەسەد ئامادە بکات، چونکە ئەگەر سوریا نەگەڕێتەوە جێگای خۆی، فەوزا، کوشتن، نائارامی، وێرانی، تەقەو توندوتیژی، بەردەوام بوون. ئەوا پێویستە کورد ئەزمونی کوردی عێراق دووبارە نەکاتەوەو خۆی بەیەکپارچەیی سوریا هەڵنەواسێ ویەکێک بێت لەو هێزو پێکهاتانەی مەیلی بەلای پارچە پارچەبوونی سوریا بچێت، بۆ ئەمەش بەرنامەو سیاسەتی خۆی هەبێت، نە بترسێ، نەشەرم بکات، نەموجامەلەی کەسیش بکات لەسەر حسابی مافەکانی خۆی. با ئیدی وەهمی یەکپارچەیی سوریا نەبێتە سیاسەتی کوردی. سوریا پێویستە ئارام ودیموکراس وخاوەن دەستورێکی شارستانی وکراوەو هەمەلایەنە بێت، ئەگینا سوریاش مەکەنە عێراق، وەک ئەوەی ئێستا دەتانەوێت دوای بەشار ئەسەد سوریا بکەنە عێراقێکی دیکە، عێراق رۆژ نیە دەنگی تەقینەوەو بۆمب وکاولکاری گوێمان پڕ نەکات. رۆژ نیە لەعێراق پرسە نەبێت بەهۆی کوشتن وتەقینەوەو تیرۆرو نائارامی.

## سوریا ئاشێکە هەر لایەو باراشی خۆی لێدەکات

لەسەر کەوتنی ئەسەدو کۆتایی پێهێنانی ئەم رەوشەی سوریا، رۆژ نیە دەیان بەرنامەو قسەو کۆبوونەوەو پێکدادانی سەربازی بەدەوری ئەم ئامانجەدا نەخولێنەوە. کەوتنی ئەسەد ئامانجی ستراتیژیە. بەرەی لایەنگری ئەسەد ستراتیژیان نەکەوتنی ئەسەدە، بەرەی دژیش پێچەوانەکەیان دەوێت. لێرەدا دەکرێت قسەیەکی دیکە لەسەر ئەم بارودۆخە بکەین، ئەگەر بێت وبەشار ئەسەد بەتەنیا بهێڵینەوە، روسیا،ئێران،چین، حزب الله....هتد، هەموو ئەوانە پشت بکەنە ئەسەد ولەمەیدان بەتەنیا خۆی دەرکەوێت، ئایا گروپ وهێزو ئۆپۆزسیۆن

ودژەکانی ئەسەد توانای سیاسی، سەربازی، مەعنەوی، متمانەی ئەوەیان هەیە ئەسەد بخەن. ماوەی ئەم دوو ساڵەی بەردەوامی جەنگ لەسوریا زۆر لایەنی دەرخست، بۆ نمونە کەم ئەزموونی هێزە نەیارەکانی ئەسەد لە ململانێ وروبەروبونەوەو چەکداری، دابەش بوونیان بەسەر ئەجێندای سەیر سەیر. زوو تەسلیم بوون بە پرۆژەی خەڵکی دیکە، هەموو ئەوانە لاوازی نەیارەکانی ئەسەد دەردەخات، واتە ئەگەر بەتەنیا بەشار ئەسەد لاواز بێت، ئەوا ئۆپۆزسیۆن ونەیارەکانیشی بەتەنیا لاوازن. ئەمەش ئەستەم دروست دەکات بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆخەکە، ئەگەر سعودیەو قەتەرو تورکیاو ئەوروپاو ئەمریکا نەیارەکانی ئەسەد بەتەنیا بهێڵنەوە، ئەوا ئەسەد توانای هێندەی ئەم هێزانەیەو لەوانەیە زیرەکترو بەئەزمونتریش بێت لە ململانێیەکەدا. بۆیە شەڕی سوریا بەهۆی هاوسەنگی لاوازیەکان وپەرتەوازەییەکانی نێوان رژێم ونەیارەکانی بەم رۆژە گەیشتووە. بەشار ئەسەد کۆمەکی ئێران وروسیاو دۆستانی خۆی بەئاشکرا پێدەگات وئێران گوتی: هێرشکردنە سەر سوریا راستەوخۆ هێرش کردنە سەرئێرانە. ئەمەش شانسی مانەوەی زیاتری ئەسەدە. یان لانی کەم کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم روخانی ئەسەد.

لەم ناوەدا ئەمریکاو ئەوروپاو هاوکارەکانیان بۆ وەڵامی روسیاو ئێران لەدەمی ئەمریکاوە بڵاویان کردەوە کە خەریکی تاوتوێی بیرۆکەی هێرشن بۆ سەر ئەسەدو رژێمەکەی. وە ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا دووپاتی کردەوە کە پێویستە ئەسەد دەسەڵات بەجێبهێڵێت.. ئیسرائیلیش لە روانگەی ئەمنی خۆیەوە بڵاوی کردەوە ئەگەر چەکی کیمیاوی رژێمەکەی ئەسەد دەست گروپە چەکدارە توندڕەوەکانی ناوسوریاو حزب اللەو هێزی لەم بابەتە بکەوێت، ئەوا بێ هەڵوێست نابن. ئیدی سوریا ئاشێکەو هەر لایە باراشی خۆی لێدەکات. ئەوەی دەشهاڕدرێت تەنها گەلانی ناو سوریایە. ژمارەی کوژراوانی سوریا، ئاوارە، بێ نان وبرسی، بریندارو بێ دەرمان....هتد رۆژ بەرۆژ زیاد دەکات، بەرامبەر ئەوەش رۆژ بەرۆژ بەرژەوەندی وگەڕان بۆ

دەستکەوتی سیاسی لایەنەکان زیاد دەکات. ئەوانەی پشتگیری شۆڕش دەکەن دژی ئەسەد شۆڕشگێرنین، ئەوانەی لەمەیدانەکەش خەریکی شۆڕشکردنن، دەمێکە شۆڕشیان داوەتە دەست خەڵکی دیکەو بونەتە ئامێری جێبەجێکردنی ئەجێندای ئەوانی دی.

## سوریا..وانەیەکی ئەبەدی

خۆتان وەکو من ئاماری کوژران وبرینداروئاوارەی خەڵکی سوریا دەبینن، بۆیە پێویست ناکات لیستی وێرانکاری وکوژراو بریندارەکان بخەمەڕوو. ئەوەی من بەلامەوە گرنگە ئەوەیە لە سوریا تێبگەین، رەوشی سوریا زۆر شتی فێرکردین. ئەگەر تاوەکو دوێنێ گومانێکمان هەبووبێت، ئەوا ئێستا شورەییە بیر لە هەر گومانێک بکەینەوە، کاتێک هاوارمان کرد عەقڵی شۆڤێنی، دیکتاتۆری،تۆتالیتاری،مەزهەبی، نادیموکرت ونا لیبرال...هتد، کۆمەڵگا وێران دەکات وپارچە پارچەی دەکات، دەرەنجامەکانی دۆزەخە. دەیانگوت وا نیە چونکە داگیرکەر ئەمەی دروست کردووە. کە بەعسی عێراق رووخاو سەری مەنجەڵەکە هەڵدرایەوەو کێشەکان هاتنە دەر، گوتیان ئەمە دەرەنجامی دیکتاتۆریەت نیە، بەڵکو هەر وڵاتێک لەلایەن هێزی بێگانەوە داگیربکرێت وای بەسەر دێت، بەڵام ئەی بۆ سوریا دەڵێن چی؟ خۆ ئەوەی لەسوریا هەیە ناوخۆییە(دیارە بێ ئاگانین لەوەی لەروی نێودەوڵەتیەوە چ گۆڕەپانێکە! مەبەست جەنگەکە وکلاشینکۆف بەدەستەکانە کە بەناوی خەڵکی سوریاوە دەکوژن ودەبڕن ودەگرن؟؟).
ئیدی هیچ بیانویەک نەماوەتەوە بۆ ئەوەی دژی سیستەمی دیموکراتی وکرانەوەو پێکەوەژیان بین. ئەوەی دەتوانێت ئەم دۆزەخە کۆتایی پێبهێنێت سیستەمێکی کراوەی دیموکراسییە. نەوەکو مەزهەبی، قەومی، تایەفی، ئاینی، شۆڤێنی. سوریا ئەگەر سیستەمێکی دیموکراتی بوایە، ئەوا ئێستا نەدەبوو بەم دۆزەخە. با هەموو هێزە سیاسیەکان، بەتایبەتی تریش گەلانی ناوچەکە بۆ ئەبەد وانە لەسوریا وەربگرن وباوەش بۆ هیچ بیرکردنەوەیەکی تاک رەهەندوقەومچیەتی شۆڤێنی

وناديموكرات نەكەنەوەو باوەش لە ئازادی وپێكەوەژیان ودیموكراتی بدەن. سوریا ئەوەی فێركردین كە هەر گەلێك تەسلیم بە گروپێك بێت وخۆی تەسلیم بە ئایدۆلۆژیا وشێوەیەكی دیاریكراوی بیركردنەوە بكات، ئەوا وەكو ئێستای سوریای لێدێت. سوریا وانەیەكی گرنگە بۆ ئەوەی دواهەمین پەردەی دیكتاتۆریەت دابدەینەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی بەحساب شۆڕشگێرن ودژی دیكتاتۆر خەبات دەكەن، دەیانەوێت هەمان دیكتاتۆریەت دووبارە بكەنەوە، واتە بە گوێرەی بەرنامەوتێگەیشتن وهەڵسوكەوتیان بێت، ئەوا دیكتاتۆر ناگۆڕنەوە بە دیموكرات، بەڵكو دیكتاتۆر دەگۆڕنەوە بە دیكتاتۆرێكی دیكە.

سوریا وانەیەكی گرنگە بۆ نەتەوەكانی ناوچەكە، كە هەمیشە چاكسازی لەژیانی سیاسی ودەسەڵاتداریەتی ودەستوردا بكەن، ئەوەی وانە لەسوریا وەرنەگرێت گومانم نیە لەوەی وەكو سوریای لێدێت، ئەگەر دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، هەموو ئەوانەی هەناسەی دیكتاتۆریەت هەڵدەمژن، واز لەخەونی ترسناكی خۆیان نەهێنن ئەوا گومانی تێدا نیە خوێن لەسەر شەقام وشۆستەكان فوارە دەكات، سوریا ئاوێنەی مێژووە، وانەیە، واقعە..ئەوانەی دەیانەوێت ژیان لەناو كۆمەڵگاكانیان تێكنەچێت، ئەوا لەناوخۆی وڵاتەكەیان پێویستی گەورەیان بەوەیە لەریشەوە سیاسەت ودنیا بینی ودەستورو دامەزراوەكانیان بگۆڕن وچاكسازی تێدابكەن. لەگەڵ رێزم بۆ هەموو قوربانی دان وخوێن وویرانكاریەكی كە گەلانی سوریا پێشكەشیان كرد، بەڵام دەڵێم سوپاس بۆ سوریەكان بە دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن وهەموو خەڵكەكەیەوە، روی راستەقینەی سیستەمی تۆتالیتاری ودیكتاتۆری و شۆڤێنی ومەزهەبی و نادیموكراتتان بۆ هەموو ئەوانە دەرخست تاوەكو ئێستا بەجۆرێك لەجۆرەكان بەرگری لەم شێوە عەقلیەتەو شێوە دەسەڵاتە دەكەن.

### هەنگاوەكان لەخزمەت ئەسەدن

تاوەكو ئێستا رۆژانی ئەسەد لەسوریا جێگیرن، هەواڵەكان بەجۆرێكن وەک بڵێیت روخانی ئەسەد بابەتێكی دیكە بێت، ئەو رایدەگەیەنێت

ئەگەر خۆی هەڵنەبژێرێتەوە ئەوا کاری پزیشکی دەکات. دیارە ئێمە خراپ تێگەیشتوین، چونکە بەگوێرەی قسەکەی سەرۆکی سوریا بێت ئەو لەسوریای وێران وتۆتالیتارو خوێن وکوشتن ناژی، بەڵکو لە سویدو سویسرا دەژی، بۆیە زۆر بە هێمنیەوە دەڵێ کاری پزیشکی دەکەم دوای ئەوەی سەرۆک نەمام!

لەراستیدا حەقی خۆیەتی ئاوا بەم جۆرە گاڵتە بەقوربانی وخەباتی سوریەکان بکات، چونکە ئەوەی ڕێزی شۆڕشی سوریای نەگرت، شۆڕشگێران خۆیان بون. ئەوەی ماناکانی شۆڕشی لە شۆڕشی سوریا بەتاڵ کردەوە، شۆڕشگێران خۆیان بوون. هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕەکان هەمومانی نائومێد کرد. ڕێزنەگرتن لەیەکتری، بڵاوبوونەوە بە سەر دەوڵەت وهێزو ئەجێندای جوداجودا، چەندین شێوە ئیشکردنی سەقەتی دیکە، وایکرد هەرزوو شەبەقی گەورە بکەوێتە ناو شۆڕشی سوریاوە. بۆیە دەبینین دەستپێشخەریەکان یەک لەدوای یەک هەڵدەوەرن ورژێمی سوریاش وەکو تیرۆریست بەوپەڕی دەنگی بەرزەوە دەڕوانێتە نەیارەکانی. لەجیاتی ئەوەی تەنازوول بکات وپاشەکشە بکات، کەچی ئەو داوای زۆر لەنەیارەکانی دەکات ودەڵێ دەبێت چەک دابنێن، وا بکەن ووا بکەن. شۆڕشگێڕەکان لەئاست خوێنی رژاوی ڕۆژانەی خەڵکی سوریا نین. ئەو سەرکردانە جێگای متمانەی ئەوە نین، چارەنوسی شۆڕشێکیان بکەوێتە دەست کە دەریایەک خوێنی رشتووە. ئاستی قوربانیدان وخەباتی سەر شەقام وچاوی هیوای گەنجانی سوریا، زۆر لە قەبارەو هێزو توانای ئۆپۆزسیۆن وگروپ وتاقمی توندڕەوی ناو سوریا گەورەترو زیاترو جوامێرانەترە!. ئەم هێزو گروپ وتاقمانە لەجیاتی ئەوەی بچن بەشار ئەسەد بڕوخێنن، دێن لە سەرێکانی شەڕی گەلی کورد دەکەن، کە هیچ جۆرە ڕێگریەکی لەم هێزانە نەکردووە جگەلەوەی لەناو خاکی خۆی دەیەوێت بژیت..هیوای سوریەکان بەم هێزانە لەق بووە، بەڵام چارەچیە؟ تازە ریشی خۆیان داوەتە دەست کەسانێک کە شایستەی ئەو ئەمانەتە نین. بۆیە پێم وایە لەناو سوریا دەبێت شۆڕش لەناو

شۆڕش بکرێت. چەندە تواناو خەبات پێویستە بۆ ئەوەی بەشار ئەسەد بڕوخێت، هێندەش تواناو هێز پێویستە بۆ ئەوەی شۆڕش نەبێتە پارووی هەندێ هێزی کریگرتەی دەرودراوسێ، هێزی بێ بەرنامە، هێزی توندڕەو..هێزی تاریک وبازرگان بە خوێن وجەنگ وتوندوتیژی. ئەرکی سوریەکان دوو سەرەیە، سەرێکیان ئەوەیە بەشار ئەسەد بڕوات، سەرەکەی دیکە ئەوەیە دوای بەشار ئەسەد نەهێڵن دنیایەکی تاریک وتوندڕەو نادیموکراسی ونامەدەنی ببێتە سیستەمی دەسەڵات وسیاسەت لەسوریا. راستە ئاسان نیە ئەم گواستنەوەیە، ئەم قۆناغە، بەڵام چارەنیە هەر دەبێت لەپاڵ خەبات بۆ کەوتنی دیکتاتۆر دەبێت خەبات بۆ زراقبوونی دیموکراسیش بکرێت. گرفتی گەورە لەناو سوریا هەن، بەلام هێزی زۆریش هەن توانای روبەرووبونەوەی گرفتەکانیان هەیە، بەتایبەت لەئێستادا خۆیان درک بەم گرفتانە دەکەن، مادام هەستی دۆزینەوەوبینینی گرفتەکان هەیە، ئەمە جێگای ئومێدەو دڵخۆشیە.
هەندێ جار گوێبیستی ئەوە دەبین، کە هێزە نەیارەکانی رژێم دەڵێن توانای ئەوان لە روسیاو چین وئەم بەرە نێودەوڵەتیە گەورەترنیە کە پشتیوانی ئەسەد دەکەن..ئەمە راستە بەڵام نابێت بونی بەرەیەکی پشتیوانی لەئەسەد وابکات ئەوانیش بکەونە ناو تۆڕی بەرەیەکی دیکەی نێودەوڵەتیەوە بەجۆرێک دەرفەت وکاتی زیاتر بە ئەسەدو رژێمەکەی بدات. رژێمەکەی سوریا خۆی هەوڵی ئەوە دەدات دۆسیەی سوریا بڵاو بێت و هەمە لایەنە بێت، ببێتە بابەتێکی ئاڵۆزو پڕ سەوداو مامەڵە، بەلام نابێت ئۆپۆزسیۆن بێت هەمان شتی رژێم دوبارە بکاتەوە. بەڵکو دەبێت هەوڵ بدات هەموو رێگاکان بکاتە یەک تیرو ئاراستەی نێوچەوانی دیمەشقی بکات، تاوەکو شۆڕش سەرکەوتوو بێت، دەبێ شۆڕشگێران بزانن تیرهاوێژ هەر دەبێت لەخۆیان بێت، تیرهاوێژی خەڵکی بەدوای نێچیری خۆیدا دەگەڕێت.

## گەڕان بەدوای شوناسدا

یەکێک لە دەزگاکانی توێژینەوەی عەرەبی، لە توێژینەوەیەکدا باس لەوە دەکات عەرەبەکانی سوریا دەبێت زۆر باش لەپاڵپشتی یەکتر بن، بۆ ئەوەی ناسنامەی عروبەی سوریا بپارێزن. مەبەستی ئەوەیە ئەگەر عەرەبەکانی سوریا واز لە عروبەیەتی بێنن، ئەوا توشی دابەشکاری دەبن، لەسەر چەندین گروپی مەزهەبی وئاینی وئایدۆلۆژی جیاواز جیاواز پەرش وبلاودەبنەوەو ئەوکاتەش هەویەی عەرەبی لەسوریا توشی لاوازی ومەترسی گەورە دەبێتەوە. لەراستیدا ئەم عەقلیەتە هێشتنەوەی دیکتاتۆریەتە وەک خۆی. لەهەمان کاتداخۆنەبان کردنە لەوەی کە شەڕی سوریا ئێستا شەری شیعەوسونەیەومەزهەبگەری لافیتەی سەرەکی سەر دیوارەکانە. ناسنامەی عروبەیەتی سوریای بەم رۆژە گەیاند بەجۆرێک کردی بە دۆزەخ، ئەوەی هەویەی سوریا دەپارێزێت وعەرەب بەهێز دەکات ناسنامەی دیموکراسی وئازادی وکرانەوەیە بەروی ئەوانی دیکەدا، نەوەکو فکری عروبەیەتی وشۆڤێنی. دیموکراسی دەتوانێت سیستەمی سیاسی داهاتووی سوریا رێکبخاتەوەو پرۆسەی ئاشتیەوایی نیشتمانی بەرجەستە بکات، بەڵام ئەگەر عەرەبەکان لەبەرگی بەعسی نەیەنە دەرەوە داهاتوویەکی باش چاوەڕێی سوریا ناکات..من گومانم نیە لەوەی بەشەوورۆژێک وچەند سالێک فکری بەعسی لەناو دەماری سوریا بنەبڕ نابێت، ماوەیەکی زۆر خۆی دەگرێت ودەرەنجامەکانیشی بەردەوام دەبن. بەلام ناکرێت شێوەی دارشتنەوەی سیستەمی حوکمڕانی لەسوریا بەعسیانە وبەهەمان هەناسە خۆی نوێبکاتەوەو رێکبخات. دەبێت هەوڵی نەتەوەگەرایی بەم کولتورە لەناو سوریا تێکبشکێنرێت، بۆ ئەوەی کوردو مەسیحی وتورکمان وچەرکەس و...هتد، بتوانن لەگەڵ عەرەب بژین. فکری بەعسی وێنەی عەرەبی لای ئەم پێکهاتەو گەلانە ناشیرین کردووە، عەرەبەکانی سوریا دەبێت هەوڵی راستکردنەوەی وێنەکەیان بدەن،نەوەکو هەمان شت دووبارە بکەنەوە. ئەوەی ئێستا منداڵ وژن وپیرو گەنجی سوریا دەکوژێت، بەرهەمی فکری عروبچیەتیە، نەوەکو

بەرهەمی فکری دیموکراسی. لای من ئەوەی زیاتر نیگەرانی دروست کردووە ئەوەیە ناوەندێکی ئەکادیمی وخوێندەوار دێت ئەم جۆرە پرۆژەیە دەخاتەروو، لەجیاتی ئەوەی ئەم ناوەندە راستیە فکری وسیاسی ونەتەوەییەکان بڵێت،کەچی دێت داوای دووبارەکردنەوەی سیستەمێکی دۆزەخی دەکات وەک خۆی. ئەگەر گروپێک، سەرۆک خێڵێک، نەخوێندەوارێک،یان بەعسیەک ئەم جۆرە قسەیە بکات، زۆر جێگای هەڵوەستە نیە..بەڵام ناکرێت ناوەندی توێژینەوە بەمجۆرە بیربکاتەوە. فکری شۆڤێنی ناتوانێت شوناسی عەرەب لە قەیرانی گەورە بپارێزێت، بەلام شوناسی دیموکراسی وئازادی وناساندنی شوناسەکانی دیکە وەکو مافەکانی خۆت سەیریان بکەیت وریزیان بگری کۆمەکی گەورە دەکات بە داهاتووی عەرەب لەسوریا. بەڵام مانەوەی ئەم عەقڵیەتە دەرگاکانی پێکەوەژیان کڵۆم دەدات. دەست وپێی سوریا دەگرێت لەوەی ببێتە وڵاتێکی خاوەن سیاسەتێکی راست ودروست. دەبێت عەرەبەکانی وانە لەرابردوو وئێستای بەعسیەکان وەربگرن، بۆ ئەوەی بزانن دوای نەمانی رژێمی هەنوکە چۆن بەدوای شوناسە تازەکەیاندا دەگەڕێن.

## خولانەوە بەدەوری ئێراندا

ئیسرائیل، ئێران وسوریای وەکو دوو دەوڵەتی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی خۆی ناساند، ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکاش گوتی ساڵێکی دیکە ئێران دەبێتە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی. جاران کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدەست پرسی ئەتۆمی ئێران گیرۆدەبوو بوو، ئێستا سوریاشی بۆ زیاد بوو..؟ یەکێک لەئاستەنگە هەرە گەورەکانی یەکلایی بوونەوەی رەوشی سوریا ئێرانە. بەچەک وچۆڵەوە بە سەربازو یارمەتی زۆرەوە ئێران لەسوریا بۆ بەشار ئەسەد دەجەنگێت، واتە لەسەر پرسی ئەتۆمی وپرسی سوریا وچەندین پرسی دیکە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گیرۆدەی دەست سیاسەتی ئێرانە. بەڵام ئەوەی من تێبینی دۆسیەی ئێران دەکەم ئەوەیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیتوانیوە

راستەوخۆ روبەروی ئێران ببێتەوە. ئێران کێشەیەکە ناراستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ناتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر دۆسیەی ئێران بەلایەکدا بخەن. ئەوەی هەیە خولانەوەیە بەدەوری ئێراندا. هۆکار چیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێندە بەترس ولەرزەوە لەگەڵ ئێران روبەرو دەبێتەوە؟ ئەمریکا یەکێکە لەم دەوڵەتانەی راستەوخۆ سزای دارایی ئێران دەدات، بەڵام لەروی سیاسی وچالاکیە گەورەکانی ئێران راستەوخۆ خۆی لەقەرەی نەداوە. ئایا ئێران هێندە دەوڵەتێکی بەهێزە.. یان هەندێ شت هەن پێویستە لای لێ بکەینەوە. بۆ نمونە ئێستا ئێران وئەمریکا لەسەر دۆسیەی سوریا دوژمنی سەرسەختی یەکترن. بەڵام ئەگەر دوای بەشار ئەسەد گروپە ئیسلامیە سونەکان بێنە حوکم و قاعیدەی سونە!! لە سوریا هەبوونی بەرچاو بێت، ئەوکاتە ئێران وئەمریکا دەبنە هاو ستراتیژ چونکە دوژمنی هاوبەشیان بۆ دروست دەبێت، سونەکانی سوریا نە دۆستی ئێرانی شیعەن، نەئەمریکای داگیرکەر(لەسەر زاری ئەوانەوە)..چەندە مەلەفی ئێستای سوریا بۆ ئێران وئەمریکا گرنگی هەیە، مەلەفی دوای نەمانی بەشار ئەسەد لەوە گرنگترە..چونکە هیچ یەکێک لە ئێران وئەمریکا دەسەڵاتی سونەی ئیسلامی سەلەفی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان نایەتەوە. سیاسەتی داهاتووی ئەمریکاو ئێران لەدوژمنەوە دەگۆڕێت بۆ دوو دەوڵەتی نزیک لەیەکتر لەبواری بەرژەوەندیەوە.

لەم هاوکێشە هەرێمی ونێودەوڵەتیدا پریشکی زۆر بەر کێشەی کورد دەکەوێت، چونکە تورکیا ملۆزمێکی هەڵتۆقیوە بۆ مافەکانی کورد لە سوریا، رێگری گەورەی بوون بە هەرێم وئۆتۆنۆم وخۆ رێبەری کوردە لەسوریا، تورکیا ئۆپۆزسیۆنی نەیاری بەشارئەسەدو ئێران دەلاوێنێتەوەو لە تورکیا نەخشەی حکومەتی تاراوگەو روخانی بەشار ئەسەد دادەنرێت، بۆیە کورد لەم هاوکێشەیەدا لەداهاتوو لەئێران نزیک دەبێتەوە نەوەکو لە تورکیا. کورد لەسوریا چەندە پێویستی بە دەستوری ناوخۆی سوریا هەیە بۆ ناساندنی مافەکانی، هێندەش دەبێت ئاگای لە هاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئێران وتورکیا

بێت، ئێستا تورکیاو ئەمریکا کۆکن لەسەر مەلەفی سوریا، بەڵام داهاتووی سوریا ئەگەر ئەم گروپانەی دۆستی تورکیا بێنە حوکم، ئەوا ئیسرائیل وئەمریکا لەشانیان خۆش نیە، ئەوکاتە ئێران وئەمریکا لەستراتیژی یەکتر نزیک دەبنەوە. گروپە ئیسلامیە دۆستەکانی تورکیا ئەمریکا بەنیازە بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بنکەو بارەگایان لەناوبەرێت، بۆیە پێویستە کورد سود لەم کەلێنە وەربگرێت وئاسابییە هەوڵی نزیک بوونەوە لە ئەمریکاو ئەوروپا بدات، گرنگە کورد لەبازنەی تەسکدا سیاسەت نەکات، گرێی سیاسی بۆخۆی دروست نەکات، پێویستە سەرمێزی سیاسەتی کوردی کراوە بێت.؟

ئێران وبەریتانیاش لەدورەوە دەستیان کردوە بەچاوبازی لەگەڵ یەکتر، هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە بەریتانیا بەنیازە جەژنی نەورۆز وەکودەرفەتێک بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێران ئاشت بێتەوە. ئەم نیشانانە لەعێراق وسوریا بۆ گەلی کورد جێگای تێبینی تازەن.؟ مەلەفی ئێران هەستیارەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەوریدا دەخولێتەوە. نەوەکو روبەروی ببێتەوە..پێویستە کورد بۆ روبەروبونەوەش هەم لەعێراق، هەم لەسوریا نەخشەی سیاسی خۆی دابڕێژێت. کورد لەعێراق وسوریا تارمایی کاریگەری ئێرانی بەسەر کێشەکەیەوە دیارە..دەبێت لە مامەڵەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وئێران خوێندنەوەی ژیرانەی هەبێت.

## حکومەتی کاتی سوریا

ماوەیەکی زۆربوو لایەنە ئۆپۆزسیۆن ونەیارەکانی رژێمی سوریا، لەهەوڵی دروست کردنی حکومەتێکی کاتیدا بوون. سەرئەنجام توانیان بگەنە بریارێک وسەرۆکێکیشی بۆ دەست نیشان بکەن. کە بەرەگەز کوردە. لەراستیدا چەندە دروست کردنی حکومەتە کاتیەکە زەحمەت بوو، هێندەی ئەوەش ساغبوونەوە لەسەر دانانی کەسێک بۆ سەرۆکایەتی ئەم حکومەتە زەحمەت بوو. دواجار توانرا ناکۆکەکانی ناو ئیتیلافی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی سوریا لەسەرکەسێک رێکبکەون

وشتێک ڕابگەیەنن بەناوی حکومەتی کاتی. بەڵام ئەم حکومەتە کاتیە تەنها یەک نەیارو یەک بەرەی نیە بۆ ڕووبەڕوبوونەوە، چەندە لەلایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە دەکرێتە ئامانجی هێرش، هێندەش لەلایەن ئێران وروسیاو حزب اللەو عێراق وهاوسۆزانی بەشار ئەسەدەوە دەکرێتە ئامانج. ئەوەیان لەلایەک..لەلایەکی دیکەشەوە لەناوخۆی ئیتیلافی ئۆپۆزسیۆنی سوریاش دەکرێتە ئامانج، چونکە زۆر لایەن هەن حەز بەسەرکەوتنی حکومەتە کاتیەکە ناکەن بۆ ئەوەی خۆیان دەستی بەسەردا بگرن. واتە کوتلەی زۆر هەیە لەناو سوریاو شۆڕشەکەی کە خوازیاری هەیمەنەو دەستکەوتی سیاسی خۆیانن، نەوەکو خوازیاری سەرکەوتنی حکومەتە کاتیەکە؟ بەرەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا گیرۆدەی تەیاری توندی ئیسلامی، قەومی، سونی و گروپە بێ بەرنامەکانە، هەموو ئەمانە پشکی خۆیان لەحکومەتی کاتی دەوێت، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکاو ئەوروپاو قەتەرو تورکیاو هەندێ لایەنی دیکەش هەن خواستی ئەوەیان هەیە ئەجێنداکانیان بۆ سوریا لەسەر باڵی ئەم حکومەتە ڕەوانەی ناوەوەی سوریا بکەن..گرفتی ڕۆژانەیماڵوێرانی وئاوارەیی وکوشتن و بێ نانی وئاوخەو خۆراکیش گەورەترین کێشەی سەرەکی بەردەم هەر ئیدارەو حکومەت وهەنگاوێکە کە ئۆپۆزسیۆن ونەیارانی بەشار ئەسەد دەینێن..ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان، بەرژەوەندیە ئیقلیمیەکان، تەقینەوە ناوخۆیە سیاسیەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا ڕاستەوخۆ کار لەهێزو تواناو هەنگاوەکانی حکومەتی کاتی دەکەن. بەلام سەرباری هەموو ئەم دۆسیەیانەی بەردەم ئەم حکومەتە لایەنی دیکەش هەیە بۆ قسەکردن، ئەویش چۆنیەتی ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئۆپۆزسیۆنە لەناو حکومەتدا..واتە دروستکردنی ئەم حکومەتە هەنگاوێکی گرنگ بوو، گواستنەوەی تواناو وزەو گروپەکانە لەپەرتەوازەییەوە بۆ ناو چوارچێوەو سیستەمێک..لەلایەکی دیکەوە لەڕووی موخاتەبەکردنی دنیا بەرامبەر نەهامەتیەکانی گەلی سوریا دەتوانێت ڕۆڵی باش بگێڕێت..دەتوانێت زۆر شت بۆئاوارەکانی سوریا بکات.دروستکردنی حکومەتی کاتی لەئێستاوە پڕکردنەوەی بۆشاییەکە

ئەگەر هاتوو بەشار ئەسەد ڕوخا یەکسەر نەکەونە ناو بۆشایی وبێ سیستەمیەوە، دەتوانرێت ئەم حکومەتە ببێتە بناغەیەک لەدوای نەمانی ڕژێمی بەعسی سوریا، یەکسەر کەلێنەکان وئیدارەی وڵات پڕبکاتەوە. لەهەندێک ڕووشدا ئەم حکومەتە کەسانێک ئامادە دەکات بۆئەوەی بتوانن گرفتی بەڕێوەبردن چارەسەر بکەن کاتێک دەگەنە دیمەشق ورژێم دەکەوێت. دەتوانێت هەنگاوی سەرەتایی وباش بنێت بۆ دانانی بناغەی دەستورێکی تازە بۆ سوریا کە هەر لەئێستاوە ئیجماعێکی نیشتمانی لەسەر دروست بکات. دەکرێت هەندێ ئەرک لەئێستاوە بەرنامەی کاریان بۆ دابنێت بۆ ئەوەی لەکاتی سەرکەوتن وگەیشتنە کورسی دیمەشق کاتی زۆر لەکیس گەلی سوریا نەچێت، یان سوریا توشی قەیرانی لابەلاو تەنگەژەی توند نەکاتەوە.

# سەرچاوەکان:

لەم کتێبەدا ناوەڕۆکەکەیم دابەش کردووە، بەسەر سێ بەش و ناومناون کتێبی یەکەمو کتێبی دووەمو کتێبی سێیەم، ئەم سەرچاوانە زیاتر لە کتێبی یەکەمو دووەم سودم لێوەرگرتون، وتارو بۆچونەکانی کتێبی سێیەم زیاتر نوسینو شیکردنەوەو بۆچونی ساتەوەختی خۆیانن، هەرچەندە ئەمانیش ماندووبونی خۆیان هەبووە کە بەردەوام لەکەناڵە جیاوازەکانەوە زانیاریم لەسەر تەواوی دۆخی سوریا کۆکردۆتەوە.

١- مێژووی کوردستان، لازاریف.ن، وەرگێڕانی وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چاپی پێنجەم، ٢٠١٢ لاپەڕە (٥٥١).

٢- کورد لەسوریا، گەلێکی لەبیرکراو، نوسینی: کەریم یەڵدز، وەرگێڕانی شاهۆ قادر خانزادە، سلێمانی ٢٠٠٩ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

٣- مقتطفات حول الوضع في كوردستان سوريا، الموضوع : انتفاضة القامشلي بداية عهد جديد لاكراد سوريا؟.

كرد ووتش هو احد مشاريع» المركز الاوروبي للدراسات الكردية» كانون الاول،٢٠٠٩ kurd watch

٤- کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا، پرۆژەی وەرگێڕانی بەڵگەنامە ئینگلیزیەکانە لەلایەن دەزگای دوارۆژ، کە چەندین کتێبیان لەم بارەیەوە وەرگێڕاوە، وەرگێڕەکان وەک: محمد مستەفا قەرەداغی، بروسکە عەبدول، پاسار شێرکۆ، دیار ئەکرەم) ...بۆ بەشی چوارەمی کتێبی یەکەم دەقی ڕاپۆرتی : (بیستەم ساڵیادی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و یەکەم ڕۆژی ساڵی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ)م وەگرتووە.

٥Syrian Kurdish Leader Asks U.S. to Save Her People From-'Catastrophe'https://foreignpolicy.com

-6Syrian Kurds، Excluded from Peace Talks، Take Future into Their Own Hands، https://fanack.com/kurds/syrian-kurds.

-7The Kurds and Trump's Syria withdrawal
Readers respond to the US president's decision to bring the troop.
www.theguardian.com

-8Syria (Rojava or Western Kurdistan)
Rojava Cantons Syrian Kurdistan. https://thekurdishproject.org

-9Kurds Laud US Decision to Keep Some Troops in Syria
February 22، 2019 8:25 PM
Sirwan Kajjo www.voanews.com.

-10Syrian Kurds Demand Autonomy Before Merger With Assad's Army

By Henry Meyer and Stepan Kravchenko
March 26، 2019، www.bloomberg.com
–11Syrian Kurds resume push to rid ISIS from last pockets of Syria
By Gabriel Chaim، Nick Paton Walsh، Salma Abdelaziz and Waffa Munayyer، CNN. edition.cnn.com
12– ةيروسو «عيبرلا يبرعلا»: ريكفت يف ةرورضلا ناكملإاو، يديسف رخف نيدلا، /www.alsouria.net
13– ar.wikipedia.org
١٤–قصة الأكراد في سوريا.. تهميش وانتفاضة وإدارة ذاتية . العربية.نت – جوان سوز. www.alarabiya.net
١٥– مسائية : DW منطقة آمنة بين الأتراک والأكراد بسوريا..حل وسط؟ www.dw.com
١٦–تقارير: تركيا تستعد لاجتياح شمالي سوريا . www.skynewsarabia.com
١٧–اتفاق روسي–كردي.. في سوريا. www.skynewsarabia.com
١٨– سوريا.. التنسيق ترفض «الحكومة الكردية». www.skynewsarabia.com
١٩– أردوغان: لن نسمح بدولة كردية في سوريا. «. www.skynewsarabia.com
٢٠– محلل سياسي: الأكراد يريدون أن يكونوا جزءا من «سوريا المستقبل». arabic.sputniknews.com
٢١– نائب عن الرقة: هذا مصير الأكراد في سوريا . arabic.sputniknews.com
٢٢– توافق روسي – تركي حول إدلب والحل السياسي وتباينات حول شرق الفرات. www.alhayat.com
٢٣– الدعم الأميركي للأكراد متواصل بعد الانسحاب من سوريا. alarab.co.uk
٢٤– قلق بين أعضاء الكونغرس إزاء نقص الالتزام الأميركي في سوريا. alarab.co.uk
٢٥– عضو الكونغرس الأمركي: أقدر عاليا التجربة الرائدة في شمال شرق سوريا. ٢٦–www.nrttv.com
27– www.sharpress.net
28– www.awene.com
29–www.hawarnews.com
30– www.kurdistan24
31–www.xendan.org
32–www.speemedia.com
33–www.rudaw.net
34–www. Westganews.net
35–www.hawlati.co
36–www.zhyan.co

37-www.diplomaticmagazine.net

38-www.lvinpress.com

93-کورد میدیا

40-www.rojnews.news

41-www.sbeiy.com

42-www.hivaykurd.com

43-www.chawigal.com

44-www.anfsorani.com

45-www.milletpress.com

46-www.knnc.net

47-www.diyaruna.com

**کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر:**

١- سیحر لە پیاوەتیمان کرا ٢٠٠٤
٢- داهاتووی عێراق ٢٠٠٨
٣- کوردو ئەمریکا ٢٠١٥
٤- کوردو داعش ٢٠١٧
٥- عێڕاق دەوڵەتی فیشەک ٢٠١٨
٦- رۆژئاوای کوردستان، بەرگی یەکەم ٢٠١٩